



Scanned with CamScanner

ڕۆمان

# تاریکییەکانی شار

م. موئەدەب پوور
وەرگێڕانی: مەستورە

Scanned with CamScanner


به ناوی خوای تاک و تەنیا

ناوی کتێب: تاریکییەکانی شار
نووسەر: م. موئەدەب پور
وەرگێڕ: مەستورە
پێداچونەوە: هەرێم یاسین- کامیل محەمەد
تایپ: کوێستان
دیزاین: هەرێم عوسمان
شوێنی چاپ: چوارچرا
نۆبەتی چاپ: چاپی دووەم ٢٠٢١
تیراژ: ١٠٠٠دانە

ژمارەی سپاردن: (١٤٤٦) ساڵی ٢٠٠٨

تێبینی: ئەم ڕۆمانە بەفارسی ناو (گەنمە)
ئێمە وامان بەباش زانی ناوەکەی بگۆڕین بۆ (تاریکییەکانی شار)

Scanned with CamScanner




**Description**

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و فلیم و بابەتی جیاواز🤍

Queen city
شاری شاژن
شارێک تایبەت بە کۆمەڵگایەکی جوان

بۆ ڕاوبۆچون و پسیارەکانتان ↓
@tanyahaji22

چەناڵی سینەمای فارس ↓
https://t.me/tanyamovie22

Scanned with CamScanner

## بەشی یەکەم

کۆتایی مانگی نەورۆز بوو، ڕۆژێکی هەینی لەژوورەکەمدا کە پەنجەرەکەی ڕوو لەباخەکە دەکرایەوە لەسەر تەختەخەوەکەم ڕاکشابووم و خەریکی بیرکردنەوە بووم. دەنگی جیکە جیکی چۆلەکەکان لەخەو ڕایچڵەکاندم. حەوت هەشت چۆلەکە لەسەر لقەکان بەیەکەوە شەڕیان بوو و جیکەجیکیان دەگەیشتە ئاسمان. لەم چڵ ئەفڕین بۆ ئەو چڵ و شەڕیان دەکرد منیش ڕاکشابووم و سەیرم دەکردن.

ماڵی ئێمە، ماڵێکی کۆنی خشتی دوو قات کە لەسووچی باخێکی زۆرگەورەدا بوو. باخێک نزیکەی بیست هەزار مەتر. لەسووچێکیدا ماڵی ئێمە بوو و ئەو سێ سووچەکەی تر، ماڵی مامم و دوو پوورەکانم بوو. لەناوەڕاستی ئەم باخە گەورەیەشدا، خانوویەکی کۆنتریش هەبوو کە لەخانوەکانیتر گەورەتر بوو و باوەگەورەم لەوێ دەژیا. باوەگەورەیەکی پیر و مڕ و مۆچ و بەڵام خاوەن دڵێکی بەسۆز و میهرەبان! باوەگەورەیەکی بەسام کە هەموان لەماڵەوە گوێ لەمستی بوون و هەر کە ناوی باوەگەورە دەهات، هەناسە لەسنگیاندا سوار دەبوو!

ژوورەکەی من لەقاتی خوارەوە و لەئاست باخەکەدا بوو، پەنجەرەیەکی چوارتاکی گەورەی هەبوو. گشت ئەم باخە پڕ بوو لەدرەخت و گوڵ و گیا و سەوزە و چیمەن. سەیری هەر کوێت دەکرد یان بنێ نەستەرەن بوو یا گوڵەباخ یان درەختی مێو!

دەوران دەوری شمشاد! درەختەکانی چنار و سنۆبەر و سەرویی کۆن و گەورە! دیوارەکانی بەرز بوو، کە خشتی سێ سوچی بە پێوە ڕاوەستاویان لەسەر دانرابوو کە جاران پێیان دەوت قەلفڕ. کە لەدەرگاوە دەهاتیتە ژووری سەرەتا هەشتییەک هەبوو کە هەموو دیوارەکانی بە بەرد هەڵچنرابوو. ئەویش بەردی کۆن. کاتێ لەهەشتییەکەوە دەهاتیتە نێو باخەکە، دەتگوت دێیتە نێو دنیایەکیتر! دنیایەکی زۆرکۆن کە لەگەڵ دنیای دەرەوەدا سەد ساڵ جیاوازی هەبوو!

گشت خانووەکان و باخەکە، بە شێوەیەکی زۆر کۆن پارێزرا بوو و باوەگەورەم بە پێداگرییەوە ڕێگەی بە ڕووخاندنی نەدابوو.

ئەم باخە و خانووەکان، لەباوکیەوە بە میرات پێی گەیشتبوو، ئەویش هەر بەو شێوەیە پاراستبووی.

لەم باخە گەورەیەدا، تەنیا سێ کەس هەبوون حەزیان دەکرد ئەم تاقمە بەم شێوەیە بمێنێتەوە و دەستی لێنەدرێ. یەکەمیان باوەگەورەم بوو و ئەو دوانەیتریش من و کامیار.

کامیار کوڕی مامم بوو، لەمن گەورەتر بوو. من کوڕە تاقانەی ماڵەوەمان بووم، بەڵام کامیار دوو خوشکی بچووکتر لەخۆشی هەبوو. یەکیان تازە ڕۆشتبووە زانکۆ و ئەوی تریش پۆلی یەکەمی سەرەتایی بوو. ناوی یەکێکیان کەتایون و ئەویتریش کاملیا بوو.

پوورەکانم لەباوکم و مامم، یەک دوو ساڵێک بچووکتر بوون، یەکێکیان کچێکی هەبوو ئەوی تریشیان دووان. مێردی پوورەکانم هەر دووکیان کارمەندی خانەنشین کراو بوون، بەیانیان کە چاویان دەکردەوە، دەکەوتنە وێزەی باخەکە و زەوییەکەیان دەپێوا و بۆ دابەشکردن نەخشەیان دادەڕشت و لەپەسا پەسا بە گوێی باوکم و مامماندا دەیانچرپاند کە دەبێ زووتر ئەم باخە بەش بەش بکەن و بیکەنەوە!

بە کورتی هەموو یەکیان گرتبوو دژی ئەم باخەگەورە و جوانە.

هەروەها ژن و کچەکانی بنەماڵەکەش، هەموویان بۆڵەیان دەکرد کە ئەم باخ و خانووە کۆنانە بۆچی باشن و بنیادەم لەبەرامبەر هاوڕێکانی شەرم دەکات و ناوێرێ یەکێ بۆ ئێرە بانگهێشت بکات و ئا لەم جۆرە قسانە! ئەگەرچی ئەم قسانە تەنیا لەنێوان خۆیاندا بوو و لەکاتێکدا کە باوەگەورە لەکۆڕەکانیاندا نەبوو! بەڵام هەر کە باوەگەورە دەهات وەک ماستی مەییویان لێدەهات و لەڕوویدا فزەیان نەدەکرد.

باوەگەورە زۆر دەوڵەمەند بوو. دوو کارخانە و بازاڕێک و چەند خانوی کۆنیتر لەچەند شوێنێکی تری شاردا و حەوت هەشت باخی گەورەی لەباکوور کە لەیەکێکیاندا ڤیلایەکی گەورەی دروست کردبوو.

ئەم خزمانە، هەموو هەوڵیان دەدا هەر چۆنێک هەیە جێی خۆیان لەدڵی باوەگەورەمدا بکەنەوە چونکە هەموو ئەم ملک و ماڵ و سامانە، تەنیا لەسەر ناوی خۆی تاپۆ کرابوو! خۆیان بە هەموو لایەکدا دەکوتا بەڵکو بتوانن لەم نەوکە کڵاوێک بۆ خۆیان بە یەکەوە بنێن. بەڵام باوەگەورەم وریاتر لەم قسانە بوو.



Scanned with CamScanner

لەنێوان ئەم چەند بنەماڵەیەدا، تەنیا عاشقی من و کامیار بوو. یانی سەرەتا کامیار پاشان من. بۆ هەر کام لەئێمەش ئۆتۆمبێلێکی کڕیبوو کە نرخی هەر کامیان پەنجا شەست ملیۆن بوو! زۆریش پێداگری دەکرد، من و کامیار کچە پوورەکانمان بخوازین.

سێ چوار ساڵێک دەبوو زانکۆمان تەواو کردبوو و بە ڕواڵەت هەر کامێکمان لەیەکێ لەکارخانەکانی باوەگەورەماندا لەلای باوکمان ئیشمان دەکرد. هەڵبەت ئەگەر بمەوێ ڕێک بیڵێم ئەگەر ئیشمان بکردایە، لەهەفتەیەکدا دوو سێ ڕۆژ زیاتر نەبوو! لەبەر ئەوە کە کامیار هەر چۆنێک بوایەت خۆی لەئیش دەدزییەوە و منیش بەدووی دەکەوتم. لەنێوان ئەم خزمانەدا هەموویان ڕایان وابوو کە باوەگەورە گیانی بە سەروەت و سامانەکەیەوە بەستراوە، بەلام وا نەبوو. بە ڕاستی دەستی بەخشندەیی هەبوو، ئەو یارمەتیانەی دەیدا هەموو کات لەڕێگەی من و کامیارەوە بوو ، ئێمە ئاگامان لێ بوو! بەلام پێی وتبووین بە کەس نەڵێین. نەریتێکی تایبەتی خۆی هەبوو. بە کەمی لەماڵەوە دەهاتە دەر، کاتێکیش دەهات تەنیا لەباخەکەدا بوو، لەگەڵ باخەوانەکاندا خەریکی باخەکە دەبوو. کەسیش حەقی نەبوو لەخۆوە بچێتە ماڵەکەی. تەنیا من و کامیار بووین ڕێمان پێدرا بوو کە هەر کات بمانەوێ بڕۆین بۆ ماڵەکەی! ئەوانیتر دەبوا تەقەیان لەدەرگا بدایە. ئەگەر وەلامی بدایەتەوە دەیانتوانی بچنە ژوورەوە، ئەگەر نا دەبوایە بگەڕانایەتەوە و کاتێکی تر بهاتنایە. بەکورتی ئەو بەیانیە، لەجێگەدا ڕاکشابووم و خەریکبووم سەیری چۆلەکەکانم دەکرد کە لەپشت پەنجەرەکەوە دەنگی کامیار هات.

بەیانی هەتاوی زوخێز هاتە ژوور سەرم و وتی:

- هەستە، ئەو خەسرەوی شیرینە هات.

خێرا چاوەکانم نووقاند یانی نووستووم! هەستم کرد هاتوەتە بەر پەنجەرەکە ڕاوەستاوە و خەریکە سەیرم دەکات! ماوەیەک ڕاوەستا پاشان وتی:

- وەیش! وەکو فریشتە پاکەکان نووستووە! دڵم نایەت خەبەری بکەمەوە ئەگینا پێم دەوت ئەوا من ڕۆشتم بۆ باکوور خوات لەگەڵ!

خێرا ڕاپەڕیم و وتم:

- واهاتم!

کامیار خەوتبووی، ها؟ !

- وەنەوزێکم دا!

کامیار توو گیانی پوورت!



Scanned with CamScanner

- بەڕاست دەتەوێ بڕۆی بۆ باکوور؟ !
کامیار- نا!
- خۆ ئێستا هەر بارانە.... ها!
کامیار باشتر!
- هەر ئێستا دەتەوێ بڕۆین؟
کامیار هاتم بزانم ئەگەر دێی، بڕۆم جانتایەکە هەڵگرم و بڕۆین!
- من هێشتا نانی بەیانیم نەخواردووە!
کامیار پەلەمەکە. من سەرەتا دەبێ بڕۆم بۆلای خاڵۆ گیان ناپلیۆن!
- کێ؟ !
کامیار باوەگەورە!
- ئای ئەگەر باوەگەورە بزانێ پێی دەڵێی خاڵۆگیان (ناپلیۆن)!
کامیار هەستە ڕێکەوە.
- نانم نەخواردووە خۆ!
کامیار ڕاکە پاروویەک بابۆڵەکە و وەرە.
هەر ویستم شتێک بڵێم دەنگی قیژەیەک لەو سەری باخەکەوە بەرز بویەوە!
- ئەوە کێ بوو؟
کامیار ئەو دەنگە، دەنگی «ئافەرین» بوو! وادیارە باوک حیزێ بۆقێکی خستۆتە ژوورەکەی و ترساندوویەتی!
- بۆقت خستۆتە ژوورەکەی؟
کامیار جا بۆ من؟!
- ئاخر لێرە کاتێ کچێ بە زەردەخەنە و نازێکەوە دەڵێ باوک حیز مەبەستی تۆیە!
کامیار دەستت خۆش. لەدوای تەمەنێک ئامۆزایی ئێستا من بوومەتە باوک حیز؟
- دەی ئا .....!
کامیار هەستە ئیشەکانت بکە با بڕۆین و ئەوەندەش بوختانی ناڕەوا بۆ خەڵک هەڵمەبەستە.
کتوپڕ دەنگی قیژەیەک لەلایەکیتری باخەکەوە هات.
- ئەوە کێ بوو؟
- تۆ چۆن دەنگەکان لەیەک جیا ناکەیتەوە؟ ئەوە دەنگی دڵئارام بوو! لەوانەیە باوک

حیزێکیتر بۆقێکیتری خستوتە ناو جێگەکەیەوە!
- تۆ ئەو هەموو بۆقە لەکوێ دەدۆزیتەوە؟
کامیار دیسان دەڵێی تۆ؟ هەستە ڕێکەوە دەی!
هەستام و ڕۆشتمە بەر پەنجەرەکە و پێم وت:
- بۆچی ئەڕۆی بۆ لای باوەگەورە؟
کامیار هەواڵێکم بۆی هەیە!
- هەواڵی چی؟
کامیار دوێنێ شەو سەعات دوو دوو نیو بوو کە ڕۆشتم لەپشت دەرگای ژووری باوکم و ئەوان ڕاوەستام بزانم چ باسە؟
- بۆچی تۆ دەڕۆی بۆ پشت دەرگای ژووری ئەوان و گوێ قولاخ دەبێ؟
کامیار ئادەی! بۆچی تۆ ناڕۆی؟
- دەی دیارە کە ناڕۆم! ئەوە ئیشێکی زۆر نەشیاوە!
کامیار بە پێچەوانەوە زۆریش باشە! تۆ جارێ بڕۆ بزانە چەند خۆشە! من هەر کات خەوم دەزڕێ دەڕۆمە پشت دەرگای ژوورەکەیان و گوێ قولاخ دەوەستم! شانۆیەکە کە هەر لەباس نایە؟
- بە ڕاستی دوورە لەشارستانیەت!
کامیار بە پێچەوانەوە شانۆکە هی ئابووری، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و ڕامیاری و هونەرییە. سەرەتا باوکم دەست پێدەکا و دەڵێ سوری گیان، بە گیانی خۆت باری ئابووری خەڵکی زۆر نا لەبارە ها! هەندێ لەم خەڵکە هەن کە پێویستیان بە نانی شەویشە!
ئەمە لەکۆمەلایەتی و ئابوورییەکەی! جا دایکم دەڵێ لەخوا بە زیاد بێ کە ئێمە دەستمان دەگاتە دەممان!
جا باوکم دەڵێ دەزانی سوورەیا، خەتای فەرهەنگەکەمانە! هەتاکوو فەرهەنگەکەمان چاک نەبێ ناتوانرێ هیچ شتێ بکرێ!
جا دایکم دەڵێ ئاخر فەرهەنگی خەڵک چۆن دەکرێ چاک بکرێ حەسەن عەلی خان؟
باوکم دەڵێ دەبێ هەولی لەسەر بدرێ! واتە حکومەت دەبێ سیاسەتی خۆی بگۆڕێت هەتاکوو فەرهەنگی خەڵکی جێگیر ببێت! بە گیانی تۆ ئەگەر ئەم ولاتە بۆ شەوێک بدەن بە دەستی منەوە، بۆ سبەینێ ولاتێکیان پێدەدەمەوە وێنەی نەبێ. دەبێ لەبناغەوە چاک



Scanned with CamScanner

بکریت و بنیات بنریتەوە!

ئەمەش لەسیاسییەکەی! جا لەو ماوەیەدا باوکم خەریکە لەسەر تەوەرەی ئابووری و کومەلایەتی و فەرهەنگی و ڕامیاری قسە دەکات. دەنگێکیش دێت! ئەڵێی خەریکن جلەکانیان دادەکەن کە بنون! جا گڵۆپەکە دەکوژێننەوە و باوکم دەڵێ: بەگیانی تۆ سوورەیا، ئەگەر میکلانژ زیندوو دەبوو و چاوی بە تۆ دەکەوت، پەیکەرێ لەبەردی مەڕمەڕی دەتاشی کە...

دەستم خستبووە سەر دلم و پێدەکەنیم و هەروا کە فرمێسک لەچاوانم دەهاتەخوار وتم:

- دەی باشە! بەسە ئیتر! نامەوێ ئەو شتانەم گوێ لێبێ!

کامیار ئیتر هیچ نەماوە کە ببیسی! هەموویت بیست خۆ! دەی ئەمەیش لەبەشی هونەری کۆبونەوەکە!

- نەتوت بۆچی دەچی بۆ لای باوەگەورە؟

کامیار- ئاخر دوێشەو خەوم لێ زڕابوو. هەستام هاتم بۆئێرە، سەیرم کرد گڵۆپەکەت کوژاندووەتەوە و نووستووی؟ یەک دوو جارێ بە ئەسپایی بانگم کردی زانیم بە ڕاستی خەوتوی. ڕۆشتم بۆ بەر دەرگای پوری و ئەوانتا بزانم ئافەرین یا دلئارام بە خەبەرن یان نە؟ ئەوانیش نووستبون. هاتمەوە بۆ مال و ڕۆشتم بۆ پشت دەرگای ژووری باوکم و ئەوان.

- دەی!

کامیار سەرەتا وەک هەموو جارێکی تر بە باسی ئابووری دەست پێکرا و جا کومەلایەتی، باوکم بە دوو دەقەیەک لەفەرهەنگی تێپەڕی و دانیشتنێکی نیو دەقەیی لەکۆبونەوەی ڕامیاریدا هەبوو و هەروا کە خەریکبوو دەڕۆشت لەسەر کێشەی هونەری بدوێ، بە دایکمی وت کە سبەی شەو، واتە ئەمشەو، بێ ئەوەی باوەگەورە بزانێ، هەموو خزمان کۆبکاتەوە لەماڵی خۆمان هەتا سەبارەت بە فرۆشتنی باخەکە قسە بکەن!

- دەی! دوایی؟

کامیار هەر ئەوە ئیتر!

- ئیتر چی قەوما؟ واتە دوایی چی قەوما؟

کامیار دوایی ئیتر زەهری ماربوو! گیان بە ژانۆ بوو خۆ تۆ دەتوت ئەم ئیشانە خراپ و ناشیرینە!

ـ نێ...! خوا بتبڕێ! بڵێ دەی!

کامیار دوایی باوکم کەوتە سەر شێوەی میکلانژ و لیئۆناردۆ داڤینشی و لەم لاوە ڕێک ڕۆشت بۆ سەر پیکاسۆ! ئاخرەکەیشی خەریکبوو سەبارەت بە شێوەی کمال الملک توێژینەوەی دەکرد کە من ئیتر خەوم دەهات و ڕۆشتم بۆ ژوورەکەم و نەمزانی باسەکە گەشتە کوێ.

ـ تۆ گیانی من جارێکیش من ببە با گوێ لەو باسانە بگرم!

کامیار قوڕ بە سەر دەی بڕۆ گوێ لەکۆبونەوەکانی دایک و باوکی خۆت بگرە! ئەوانیش هەر لەم شێوە دانیشتنانەیان هەیە! دەتەوێ ئەم هەموو ڕێگە ببڕی بۆئەوەی گوێ لەوتاری باوکی من بگری؟ دەی دوو هەنگاو بڕۆو گوێ بۆ وتاری باوکی خۆت ڕاگرە!

هەردووکمان خەریکبووین پێدەکەنین کە لەپشت کامیارەوە دەنگی ئافەرین، کچی پوورم هات.

ـ کامیار!

ـ سەلام ئافەرین خان! تەندروستیت چۆنە؟

ئافەرین سوپاس، باشم.

کامیار چۆنە وا بەم بەیانی زووە هاتویتە ئێرە؟ ئیشت بە سامان هەیە؟

ئافەرین سەیرێکی منی کرد و سەلامی کرد کە وەلامم دایەوە و وتی:

ـ نە، ئیشم بە تۆ هەیە.

کامیار گیان بڵێ!

ئافەرین هاتووم بۆقەکەت پێبدەمەوە!

کامیار کام بۆقە؟

ئافەرین ئەوەی کە خستتە ژوورەکەم! گاڵتەیەکی خۆش نەبوو! زۆرترسام!

کامیار تۆ لەدێوی سێ سەریش ناترسی، چ بگا بە بۆق! دوای ئەوەیش من وام نەکردووە.

ئافەرین ئەی کێ وای کردووە؟

کامیار دەی دیارە! بۆقەکە خۆی!

ئافەرین ئاخر بۆقەکە خۆی هەروا لەخۆیەوە لەپەنجەرەکە باز ئەیات و دێتە ژوورەوە بۆ ناو جێگەی من؟

کامیار ئەی من هەروا لەپەنجەرەوە باز ئەیەم و دێمە ناو جێگەکەی تۆ؟ دەی بۆقەکەش باز ئەیا؟ ئێستا ئەو بەستەزمانەت چی لێکرد؟

ئافەرین باوکم گرتی و کردیە ناو شوشەیەک!

کامیار ئێ...! گوناهە بەستەزمانە!

ئافەرین کە پێدەکەنی و وتی:

ـ حەقیەتی! تا ئەو بێت و ئیتر بێ پرس نەیەتە ژووری کچانەوە!

کامیار هەر کەسێک بێ پرس بێتە ژووری ئێوە، دەیگرن و دەیکەنە نێو شوشەوە؟

ئافەرین کە لەگەڵ ڕۆشتنیدا پێدەکەنیء وتی:

ـ دەی هەر کەسێکیش نە! ئەگەر بۆقەکەت ویست، وەرە بیبەرەوە!

کامیار من تاقەتی نێو شوشە دانیشتنم نییە! زۆر سوپاس!

ئافەرین هەر لەو دوورەوە وتی:

ـ شوشەی بەقەد تۆم نییە، مەترسە!

کامیار وەی! خوانەکا! یاخوا من بمرم کە وا شوشەم بۆ پەیدا نابێ! خێر لەخۆیان نەبینن ئەو وەستای شووشانە کە شوشەی بە قەدەر من دروست ناکەن!

ئەمانەی دەوت و سەیری ئافەرینی دەکرد، خەریکبوو بە دەم پێکەنینەوە دەڕۆشت! منیش پێی پێدەکەنیم. لەنێو ئەم خزمانەدا هەمووان لەزمانی کامیار دەترسان و دەرەقەتی نەدەهاتن!

کامیار شێوی شێویان نەبێ ئەم شوشە برانە کە شوشەی پڕ بە منیان نیە! ڕۆحی سەگی هەیە ... ئەگەر کەسێ بێتە ژوورەکەی تۆ بە دوای بۆقدا، تۆیش بە ناز و عیشوەوە، بیکەیتە نێو شوشەوە!

باشان ڕوویکردە من و سەیرێکی کردم و وتی:

ـ بەچی پێدەکەنی؟

ـ بە تۆ!

کامیار کورە دەبڕۆ ئیشەکانت بکە و با بڕۆین تا ئەوی تریان نەهاتووە بڵێ مارمیلکەیەکت خستۆتە نێو جێگەکەم!

ـ تۆ ئەم هەموو جڕ و جانەوەرانە لەکوێ دەدۆزیتەوە و دەیکەیتە گیانی ئەمانە؟

کامیار بە ڕاستی بڕوات کرد ئیشی منە؟

ـ ئەی ئیشی منە؟

کامیار نە! من خۆم لەڕووی تۆدا سوێند دەخۆم، ئەم ئیشانە ئیشی تۆ نیە! تۆ ئەگەر غیرەتی ئاوەهات بوایە دڵم نەدەسوتا! بەڵام ئیشی منیش نیە!

ـ ئەی ئەم بۆق و مارمێلکانە خۆیان باز ئەیەنە ناو جێگەی ئەمانە؟

کامیار وەڵڵا ئەگەر دوو ناز ئا لەمانەی ئەوان دەیکەن، منیش بیکەم، لەسبەینێوە هەرچی پشیلەو مشک و قالۆنچە و سیسرکە پێمدا هەڵدەزنێن و دێنە نێو جێگەکەم! بڕۆ ئیشەکانت بکە وا نیوەڕۆیە!

***

خێرا، جلەکانم لەبەر کرد و ڕۆشتم بۆ چێشتخانەکە و سەلامێکم لەدایک و باوکم کە خەریکبوون نانی بەیانیان دەخوارد، کرد. پاروویەکم خستە دەمم و خواحافیزیم لێکردن و وتم: دەڕۆم بۆ باکوور. باوکم کەمێ بۆڵاندی و منیش خێرا لەماڵ ڕۆشتمە دەرەوە و لەگەڵ کامیاردا ڕۆشتین بۆ ناوەڕاستی باخەکە کە خانووەکەی باوەگەورەم بوو.

خانووەکەی باوەگەورە کە هەموومان جگە لەکامیار پێمان دەوت باوەگەورەکە، خانوەیەکی کۆنی دووقات بوو لەناوەڕاستی باخەکەدا و لەبەردەمیدا حەوزێکی کۆن و گەورە وەکو مەلەوانگەی تێدابوو، نانی نیوەڕۆو ئێوارە و پاک و خاوێنی ئەم خانووە لەئەستۆی ژنەکەی مەش سەفەر، باخەوانەکەماندا بوو، لەو کاتەوە چاومان بەدونیا هەڵهێنا بوو بینیبومان.

لەخانوودکەی باوەگەورەدا تەنیا شتی کۆن و کتێبی تێدابوو! ماڵەکە بروخایە بە کتێب دەگیرسایەوە! خۆی لەیەکێ لەژوورەکاندا کە بە سەر هەموو باخەکەدا زاڵبوو، دادەنیشت و کتێبی دەخوێندەوە. دەوران دەوریشی کتێب و دەفتەر و قەڵەمی تێدابوو. خەتێکی خۆشی هەبوو! سەماوەرێکی کۆنیش لەپاڵ دەستیدا، لەبەیانیەوە تا شەو قوڵتە قوڵتی دەکرد و قۆرییەکی ناسرەدین شایشی بە باشترین چاوە لەسەر بوو، هەموو خزمەکان ئاواتی خواردنەوەی تەنها پیاڵەیەکیان بوو! ئاخر ئاشکرا نەبوو چ بۆنی دەکاتە چاکەی کە ئەوەندە بە تامە! خولکی هیچ کەسی بۆ چا نەدەکرد جیا لەمن و کامیار! تەنیا کاتێ ئێمە دەچووین بۆ ئەوێ، چای پێدەداین! یانی کامیار هەرکە دەگەیشت دەڕۆشتە لای سەماوەرەکە و چای بۆ خۆی تێدەکرد!

بە کورتی هەردووکمان ڕۆشتین بۆ ماڵی باوەگەورەکە کە لەماڵی ئێمەوە تا ناوەڕاستی باخەکە کە ماڵی باوەگەورە بوو نزیک حەفتا تا هەشتا هەنگاو دەبوو! هەموویشی درەخت و گوڵ و گیا! کاتێکیش کە مەش سەفەر ئاودێری باخەکەی دەکرد



Scanned with CamScanner

که ئیتر وەسفی ناکرێ! بۆنێکی لێوە دەهات پیاوی مەست دەکرد! بۆنی خاکی تەڕ و بۆنی گوڵ و سەوزە و چیمەن هەوای پڕ دەکرد. من و کامیار عاشقی ئەم باخە بووین بۆیە ڕۆشتبووینە ڕیزی باوەگەورەکە و نەماندەهێشت باخەکە هیچی لێبێت. بە تایبەت کاتێ درەختە میوەکان کاتێ گوڵیان دەگرت لەبۆنیان پیاو مەست دەبوو، کاتێ سەمەری دەدا ئیتر هەر باس ناکرێ!

پاش چەند دەقیقە گەشتینە بەر ماڵەکەی، لەقادرمەکان سەرکەوتینە سەرەوە بۆ هەیوان و لەوێ کامیار قیڕاندی و خێرا باوەگەورەکەی بانگ کرد، هەروا ڕاهاتبوو.

کامیار حاجی مەمسادق! حاجی مەمسادق!

پاشان دەرگاکەی کردەوە و ڕۆشتینە ژوورەوە. هەر کە باوەگەورەکە چاوی پێمان کەوت، بە کامیاری وت:

- کورە تۆ هەر فێر نەبووی تەقە لەدەرگا بدەی جا بێیتە ژوورەوە! لەوانەیە من ڕوتبم؟

کامیار دەی باشتر! من لەناو ئەم خزمانەدا هەمووم بە ڕوتی چاو پێکەوتوە جگە لەئێوە!

باوەگەورە کە خەریکبوو پێدەکەنی وتی:

- زەهری مار! دیسان هەردووکتان بۆ کوێ ڕێکەوتون؟

کامیار خەریکین دەڕۆین بۆ زانکۆ.

باوەگەورە ئافەرم! ئافەرم! لەخوێندن دوور مەکەونەوە کە...

کتوپڕ بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو پاشان وتی:

- ئەمڕۆ خۆ جوومعەیە! جگە لەوە، بەچکە کەرانە ئێوە خۆ سێ چوار ساڵە زانکۆتان تەواو کردووە!

هەر سێکمان دەستمانکرد بە پێکەنین . کامیار ڕۆشت بۆلای سەماوەرەکە. باوەگەورەکە لەسەر جێگەکەی جارانی خۆی دانیشتبوو و کتێبێکی دڕاو و کۆن، کە پەڕەکانی زەرد ببوو بە دەستیەوە بوو، خەریکبوو دەی خوێندەوە. کامیار پیاڵەکەی هەڵگرت چایەکی بۆ تێکرد و لەگەڵ ئەوەدا کە بۆی دادەنا وتی:

- حاجی مەمسادق! ماندو نابی ئەوەندە کتێب دەخوێنیتەوە؟ نەکا لەو وێنە خراپ خراپەکانت خستۆتە بەینی لاپەڕەکانیی و بە دزییەوە سەیری دەکەی؟ ئەو ئیشە لەئێوە ناوەشێتەوە! لەو دونیا لەسەرتان دەکەوێ ها! وا من وتم پێت نەڵێی پێت نەوتووم!

لەجیاتی ئەوەی دادەنیشی بە تەنیا ئەم وێنانە سەیر دەکەی، ڕۆژێ هەستە بە یەکەوە بڕۆین ڕاستییەکەیت پێ نیشان بدەم، تا چێژ ببەی!

باوەگەورەکە کە پێدەکەنی وتی:

ـ لال نەبی تۆ کوڕە!

کامیار دوو چای تریشی بۆ من و خۆی تێکرد و دانیشتین لەکنی باوەگەورەکەدا کە وتی:

ـ دیسان چیت کردووە کە قیژەی ئەو کچانەت بەرز کردۆتەوە؟

کامیار قیژەیان لەخۆشیدا بووە! حەزیان کردووە؟

باوەگەورەکە من نازانم تۆ لەکێ دەچی؟ نە باوکت وابووە و نە مامت! ئەم سامانەش بنیادەمێکە! هێمن، بێدەنگ، نەجیب!

کامیار کەوەر لەتووەکەی دەچێ و حەسەنیش لەباوەگەورەی!

باوەگەورەکە خوا نەکا تۆ لەمن چوویی!

کامیار حاجی مەمسادق خان! دو سێ دۆسییەی تۆ گەشتۆتە دەستم کە پڕە لەبەڵگەی ڕێز لێنان! هی کاتی گەنجێتیتانە! ئێستا حەز دەکەی یەک دوانێ لەو شاکارانەت بدرکێنم؟

باوەگەورەکە لاالەالاالله! دەی ئێستا ئێوە بەم بەیانی زووە بۆ کوێ ڕێکەوتون؟

کامیار کە خەریکبوو چاکەی لەسەر خۆ دەخواردەوە وتی:

ـ دەڕۆین بۆ سەفەر! باکور!

باوەگەورەکە باکوور؟!

کامیار بە یارمەتیتان! هاتووین بۆ دەست ماچکردن و خواحافیزی.

باوەگەورەکە سەیرێکی کردین و زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:

باوەگەورەکە ئای تافی لاوی! ئای. . . !

ئەمەی وت و کتێبەکەی هەڵگرت و عەینەکەکەی کردە چاوی و وتی:

ـ گوێ بگرن ئەو شیعرەتان بۆ بخوێنمەوە بزانن چەند جوانە!

بێژەرانی ئاینی، ئا بەو شێوەیە خۆیان لەمیحراب و مینبەردا دەردەخەن

دەڕۆنە تەنیایی خۆیانء ئەو ئیشەی تر دەکەن

کێشەیەکم هەیە لەزانای کۆڕەکە بپرسە

ئەوانە دەڵێن تەوبە بکەن، بۆ خۆیان کەمتر تەوبە دەکەن

دەڵێی بڕوایان بە ڕۆژی تۆڵەو قەرەبو نییە



Scanned with CamScanner

که وا ئەو هەموو درز و دەلەسە لەگەڵ ناوبژیوانەکەیاندا دەکەن.

کامیار بەه بەه، بەه بەه! حاجی مەمسادق، لەو وێنانەیشمان پێنیشان بدە با لەمانای شیعرەکە باشتر تێبگەین.

باوەگەورەکە کورە دەقەیەک زمانت بگرە با شتێک فێر بی و تێی بگەی.

کامیار کە چاکەی تەواو کردبوو، هەروا کە خەریکبوو چایەکی تری بۆ خۆی تێدەکرد وتی: جاری ئێوە دەقەیەک گوێ بگرن بزانن چی دەڵێم، زۆر شتی ترت دەست بکەوێ و بزانی لەم ماڵەدا، لەبنا گوێتا چ باسە!

باوەگەورە ناو چاوانی گرژ کرد و کتێبەکەی خستە سەر عەرز و عەینەکەکەی لابرد و وتی: بۆ چی بووە؟

کامیار بڕیارە ئەمشەو هەموو کۆ ببنەوە لەماڵی ئێمە، سەبارەت بە فرۆشتنی باخەکە قسە بکەن و فێڵێکی بۆ بدۆزنەوە! وتویانە کە بە شێوەیەک کۆببنەوە جەنابت ئاگات لێی نەبێ!

باوەگەورە بیرێکی کردەوە و سەرێکی ڕاوەشاند و وتی: ئاوا!

دیسان ڕاما و وتی:

-ئێوە چی؟ ئێوە حەز دەکەن ئەم باخە و خانووەکانی هەروەها وەکو خۆی بمێنێتەوە؟

کامیار دەی دیارە! ئەم باخە حەیف نییە؟ ئەم درەختانە هەر کامیان بایەخی مرۆڤێکیان هەیە! ئێستا هەرکامیان تەمەنیان چەندە؟ سی ساڵ، چل ساڵ، پەنجا ساڵ، لەوانەیە زیاتریش! بە خوا کە باسی فرۆشتنی ئەم باخە دەکرێ گیانم مووچوڕکی پیادێ! کاتێ بیر دەکەمەوە لەوانەیە ڕۆژێ، یەکێ ئەم درەختانە ببڕێتەوە دڵم دەلەرزێ!

باوەگەورەکە درەختەکانی باخەکەت زۆر خۆشدەوێ؟

کامیار زۆر!

باوەگەورەکە ئافەرم! دەزانی هەر کام لەم درەختانە چەندە هەوا خاوێن دەکەنەوە؟ دەزانی سروشت یانی چی؟ دەزانی گیانی مرۆڤەکان بەستراوە بە گیانی سروشتەوە؟ دەزانی...

کامیار من حەقم بە سەر ئەوانەوە نیە، هەر ئەوەندە دەزانم ئەگەر ئەم درەختانە نەبن من یەک دەقەش لەم باخەدا نامێنمەوە!

باوەگەورەکە ئافەرم، کە وایە باش تێگەشتوی!

کامیار ئەی چۆن؟ ئەگەر ئەم درەختانە نەبن، بنیادەم کە لەگەڵ یەکێکدا دەڕواتە

ئەو سەری باخەکە، چۆن خۆی بشارێتەوە؟ من لەمنداڵییەوە لەگەڵ کچە پورەکانمدا دەڕۆشتینە پشت ئەم درەختانە خۆمان دەشاردەوە و ئەوەندە یاری خۆش خۆشمان دەکرد، هەر باس ناکرێ!

باوەگەورەکە سەیرێکی کامیاری کرد و وتی:

ـ تف لەتۆ باوە حیز! تۆ لەبەرامبەر منیشا خەجاڵەت ناکیشی!

کامیار بۆ یاریکردن شەرمی ئەوێ؟ قەمچان، قەرا قەرا، کەلەشێرە شەڕێ.

باوەگەورە ئەها! نە، ئەمانە قەیناکات.

کامیار ئا، کە بچوک بووین دەڕۆشتینە پشت درەختەکان و لەم یارییانەمان دەکرد.

باوەگەورەکە بیرەوەری زۆرت لەم یارییانە هەیە؟ نا؟

کامیار ئا! بە تایبەت دوای ئەم یارییانە کە ماندوو دەبووین یاری ژن و مێردیمان دەکرد! ئەوە بیرەوەری زۆری هەیە!

من چرا بووم لەپێکەنینا! باوەگەورەکە سەیرێکی کرد و وتی:

ـ ئێستا ئیتر لەم یاریانە ناکەن؟

کامیار نە بابە ئیتر!

باوەگەورە باشە! الحمدلله!

کامیار ئا بابە! ئیتر کێ تاقەتی هەیە یاری قەرا قەرا، کەڵەشێرە شەڕێ بکات؟ هەر یاری بووک و زاوا لەهەمووی باشترە!

باوەگەورەکە داوەشێنی کورە! ئەوە تۆ بۆ وات بە سەر هاتووە؟

کامیار ئێ...! ئەی خۆتان هەموو جارێ نالێن ئێمە دەبێ لەگەڵ کچە پورەکانماندا زەماوەند بکەین؟

باوەگەورەکە دەی بەڵێ بەڵام مەبەستم زەماوەندی ڕاستییە؟

کامیار دەی منیش بە ڕاستی ڕاستی یاری دەکەم ئیتر!

باوەگەورەکە تۆ گوت خوارد باوە حیز!

کامیار یانی تۆ دەڵێی تاقی ئەکەینەوە و بڕۆین ژن بهێنین؟

باوەگەورەکە ئەو شتانە تاقیکردنەوەی ناوێ!

کامیار بە پێچەوانەوە ئەم شتانە تاقیکردنەوەی دەوێ! مرۆڤ دەبێ پێش لەزەماوەند لەخووی یەکتری تێبگات! وەکو ئەوەی من دەبم بە زاوا، ئافەرین دەبێ بە بووک! من شەو ماندوو و مردوو لەئیش دەگەڕێمەوە و یانی ئافەرین دەرگای ماڵەوەم بۆ

دەکاتەوە! دەی! دەبێ پێشتر تاقیبکەمەوە بزانم لەم کاتانەدا چی بە ژنەکەم بڵێم ئیتر!

باوەگەورەکە سەیرێکی کرد و پاشان ڕویکردە من و وتی:

ـ تۆش لەم یارییانە دەکەی؟

کامیار نە بابە! ئەم بەستەزمانە لەیاریدا هەموو کات دەبێ بە برازاوای من!

باوەگەورەکە هەر سبەی دەسپێرم هەموو ئەو درەختانە ببڕنەوە، ئیتر لەم یارییانە نەکەی! جارێ پێویست ناکات بڕۆن بۆ باکوور!

کامیار نەڕۆین بۆ باکوور؟

باوەگەورەکە نە! ئەی بۆ ناڵێی ئەمشەو لەماڵتان کۆبونەوەیە؟

کامیار با!

باوەگەورەکە کەوایە ئێوە هەردووکتان دەبێ لەو کۆبونەوەیەدا بن! ئێستایش هەستن بڕۆن بە دوای ئیشەکەتاندا کە من ئیشم هەیە.

من و کامیار، نیوەی چاکەمان خوارد و هەستاین و خواحافیزیمان کرد، لەبەر دەرگاکەدا، کامیار ڕوی تێکرد و پێی وت:

کامیار حاجی مەمسادق! ڕاستە ئەگەر لەم دنیایەدا ئیشێکی خراپ بکەین، هەموو گیان و لەشمان دەبێ لەو دنیادا بەرپرس بێ؟

باوەگەورەکە ئا بابە گیان! لەو دونیادا یەکە یەکەی ئەندامەکانی لەشمان پرسیار دەکەن و......پاشان لەژێر عەینەکەکەیەوە سەیرێکی کامیاری کرد و وتی:

ـ بۆچی دەپرسی؟

کامیار دەمەوێ بڵێم، ئاگادار بن جوتێ چاو تا ڕادەیەک دەتوانن بەرپرس بن! ئەوەندە لەو وێنە ناشیرینانە مەکە بەینی ئەو کتێبانە و سەیری بکەن!

ئەمەی وت و ڕایکرد، ڕۆشتە دەرەوە! هەر کە من ویستم بڕۆمە دەرەوە کە تاکە پێلاوەکەی باوەگەورە لەجیاتی کامیار، بەر سەری من کەوت!

باوەگەورەکە ئاخ! کوڕە بڕۆ ئەو لاوە ئیتر! هیچت لێ هات؟

ـ نە باوەگەورە، هیچم لێ نەهات! خوات لەگەڵ!

کامیار لەدەرەوە خەریکبوو پێدەکەنی!

ـ داڕزێی کامیار!

کامیار بۆ؟

ـ ئەم قسانە چییە بە باوەگەورەکەی دەڵێی؟

کامیار بە گیانی تۆ وێنە دەکاتە بەینی کتێبەکانی و هەر سەیری دەکات!

- درۆ دەکەی!

کامیار دەڵێم بە گیانی تۆ!

- لەو وێنانە؟

کامیار نە! وا بزانم وێنەی ئەنکمە، ئاخر ئەو دووانە زۆر یەکتریان خۆشدەویست!

- ئێستا چیبکەین؟

کامیار چی؟

- باکوور ئیتر!

کامیار- بهێڵە ئەمشەو راببورێ، دوایی دەڕۆین. لەوانەیە بەیانی بڕۆین.

- دەی با جانتاکەم لەماڵەوە دابنێم.

کامیار جارێ وەرە بڕۆین بۆ ماڵی ئێمە، بزانین چ باسە.

- تۆ دڵنیای کۆبونەوەکە ئەمشەوە؟

کامیار وەرە بڕۆین بۆماڵی ئێمە، روون دەبێتەوە.

بەیەکەوە ڕێکەوتین بۆ ماڵی کامیار. لەناوەڕاستی باخەکەدا تێدەپەڕین، هەڵوژە ترشەکان بە دارەوە بوون چاوی لەبنیادەم دادەگرت! بۆنی خونچەی دارگێلاسەکان و قەیسیەکان لەهەموو شوێنێدا بڵاو ببوەوە.

- بە ڕاستی حەیفە ئەم باخە دەستی لێبدرێ!

کامیار ناهێڵم کەس دەستی لێبدا! ئاسودەبە!

هەردووکمان بە ناو درەخت و گوڵەکاندا تێدەپەڕین و تەنیا سەیرمان دەکردن. لەهەموو شوێنێکی ئەم باخەدا بیرەوەرییەکمان هەبوو! هەم من و هەم کامیاریش!

بە کورتی نەختێ دوای ئەوە گەشتینە دەم دەرگای ماڵی کامیار، کە لەسوچێکیتری باخەکەدا بوو و هەردووکمان ڕۆشتینە ژوورەوە، سەیرمان کرد خوشکە بچوکەکەی کامیار کە ناوی کەتایون بوو خەریکە دەگری!

کامیار چییە دیسان نوزەت بەرزە ڕۆڵە؟

کەتایون وانەم ماوە کاکە!

کامیار تۆ ئەمساڵ پۆلی چەندەمی؟

کەتایون یەکەم کاکە!

کامیار یەکەمی زانکۆ؟

کەتایون نە کاکە! یەکەمی سەرەتایی!

کامیار تۆ یەکەمی سەرەتاییت؟ ئەم باوکەی ئێمە لەم ئاخری پیرییەدا تۆی نەخستایەتەوە نەدەکرا؟ کوا ئەوی ترمان؟

کەتایون کێ کاکە؟

کامیار ئەی بۆ دایک و باوکمان سێ منداڵیان نیە؟

کەتایون با کاکە!

کامیار دەی، یەکێکیان منم و یەکیان تۆیت وئەوی ترمان کوا؟

کەتایون کاملیا دەڵێی؟

کامیار ئەرێ تۆ کاملیا نیت؟ کەتایون کە ئیتر گریانی لەبیر چووبوەوە و خەریکبوو پێدەکەنی وتی:

ـ نە کاکە! من کەتایونم!.

کامیار دەی، وازی لێبێنە! ئێستا من ئەبێ چیت بۆ بکەم؟

کەتایون نەختێ یارمەتیم بدەن.

کامیار دەتەوێ لەجیاتی تۆ بڕۆم بۆ قوتابخانە؟ کەتایون بورابویەوە و وتی:

ـ خانمی مامۆستامان ناهێڵێ بچیتە پۆلەوە!

کامیار خانمی مامۆستاتان پیرە یان گەنج؟

کەتایون گەنجی گەنجە! ئەوەندەش جوانە هەر ناوترێ!

کامیار باشە، لەبەیانیەوە نایەوێ بڕۆی بۆ قوتابخانە من خۆم لەجیاتی تۆ دەڕۆم! جارێ ئیشم هەیە. باشە لەبەیانیەوە وانە دەست پێدەکەم!

کەتایون لەبەر پێکەنین فرمێسک لەچاوی دەهات وتی:

ـ کاکە هیچ کەس ئیملام پێ ناڵێ!

کامیار چ باشتر، برۆ شوکری خوا بکە! ئێستا پەروەردە ئیشێکی باشی کردوە و ئیملای لەپرۆسەی خوێندن لابردووە، تۆ زویری؟

کەتایون لەماڵەوە دەڵێم کاکە!

کامیار ها! دەی ئێستا من چی بکەم؟

کەتایون ئەگەر ئیملا نەنووسم بەیانی خانمی مامۆستام لێم تورە دەبێ!

کامیار تۆ دڵنیای خانمی مامۆستات گەنج و جوانە؟

کەتایون ئا کاکە!

کامیار کە وایە قەیناکات! دەڵێن داری مامۆستا گوڵە هەر کەس بەری نەکەوێ حۆلە.
کەتایون توخوا کاکە ئیملام پێ بڵێ.
کامیار برۆ کتێبەکەت بکەرەوە و لەسەری بنووسە.
کەتایون بە سەرسوڕماویەوە وتی:
- لەسەر کتێبەکە ئیملا بنووسم؟
کامیار دەی ئا! بۆچی چیە؟ دوای ئەوە هەمووی بیست وەردەگری! من کە منداڵ بووم، ها هەر چی ئیملامە لەسەر کتێبەکە دەمنووسی! هەر ئەو ساڵی یەکەمیشە بۆ زانکۆ دەرچووم!
سیخورمەیەکم لێدا و وتم:
- ئەمانە چییە فێری ئەو منالەی دەکەی؟ خەریکی خراپەی فێر دەکەی!
کامیار تۆ بە ناحەق تووڕە مەبە! ئەم منداڵە کە دەی بینی، لەبەیانیەوە تا شەو، ئەوەندە لەسەتەلایت شتی باش باش فێر دەبێ، دوو شتی خراپ کە من فێری بکەم کاریگەری تێدا نیە!
پاشان قیڕاندی کاملیا، کاملیا!
کەتایون لەماڵەوە نییە! لەگەڵ هاوڕێکەیدا ڕۆشتووەتە دەرەوە.
کامیار چۆن تیا ماوم؟ بیهێنە ئەو کتێبە بزانم!
کەتایون، خێرا کتێبەکەی بە کامیار و خۆی دەفتەرەکەی کردەوە و ئامادەی نووسین بوو.
کامیار- ئیملات پێ دەڵێم بەلام بە پەلە بینووسی ها!
کەتایون بە سەر چاو کاکە!
من و کامیاریش، هەر لەوێ، بەرانبەر کەتایون، لەسەر دوو قەنەفە دانیشتین کامیار وتی:
- بە دەقەیەک ئیملاکەی پێدەڵێم و دەڕۆین. ئێستا بهێلەبا ئیملاکەی تەواو بێت پێت دەڵێم چ نەخشەیەکم بۆ خۆمان دارشتووە.
هەروا خەریکبوو ئەمانەی بە من دەوت، کتێبەکەی کەتایونی کردەوە و هەر کە چاوی پێیکەوت وتی:
- ئێ...! ئا ئەمانەیان بۆچی بە پێچەوانە لەچاپ داوە؟
دیسان کەتایون بوورابوویەوە لەپێکەنیندا و وتی:

ئامانجی سەرەوخوار گرتووە!

- کاکە کتێبەکەت سەرەوخوار گرتووە!

کامیار- ئێ...! باشە بنووسە. لەکوێوەی بڵێم؟

کەتایون لەهەمووییەوە! هەموویمان خوێندەوە!

کامیار باشە، بنووسە. دایکم بادامی هەیە. نە! نە! مەنووسە! مەنووسە! بنووسە دایکم حەزی لەبادامە!

- بۆچی هەڵیت و پەڵیت دەڵێی کوڕە؟!

کامیار ئاخر بادام ئەوەندە گران بووە تەنیا دەکرێ دایکم ئاواتی بادام بخوازێ!

من و کەتایون لەپێکەنیندا مرد بووین

کامیار بنووسە باوکم نانی دامێ. نە! نە! ئەمەیش مەنووسە! بنووسە باوکم و دایکم هەردووکیان نانیان دامێ. ئاخر مووچەی باوکم بەشی نان ناکات، دایکم بە مەجبووری ئیش دەکات. یارمەتی باوکمیدا تاوەکو باوکم نانی دامێ.

- بابە خێرا بیڵێ با تەواو ببێ ئیتر!

کامیار باشە بنووسە. سارا و دارا بە یەکەوە دەڕۆن بۆ قوتابخانە! نە! نە! مەنووسە! مەنووسە! سارا و دارا گو دەخۆن بە یەکەوە دەڕۆن بۆ قوتابخانە! بنووسە سارا و دارا هەرکامیان بە جیا بۆ قوتابخانە دەڕۆن! ئەگەر لەڕێگەشدا چاویان بە یەکتر کەوت نە سەلامێ لەیەک دەکەن و نە هیچ! سارا لەم بەری شەقامەکەوە بۆ قوتابخانە دەڕوات و دارایش لەو بەری شەقامەکەوە!

من و کەتایون دەستمان خستبووە سەر دڵمان و هەر پێدەکەنین!

کامیار نووسیت؟ دەی بنووسە سارا و دارا هاوڕێی باشن بۆ یەکتری! نە! نە! ئەوەیش مەنووسە، سارا و دارا زۆر گویان خوارد هەر ناوی یەکتریش ببەن. چ بگا بە هاوڕێیەتی! ئەمە چیە فێری ئەم منداڵانەی دەکەن!

- بابە بیڵێ و برۆ ین درەنگە!

کامیار رۆڵە دەی خێرا بنووسە! ئەها! ئەمەباشە! بنووسە سارا و دارا لەماڵەوە یارمەتی دایکیان دەدەن. نووسیت؟ دەی بنووسە سارا و دارا لەڕۆژانی پشوودا دەڕۆن بۆ گەشت! نە! نە! نە! زمانم لاڵ! زمانم لاڵ! خوایە تەوبە! تەوبە! نازانم کێ ڕێی بە سارا و دارا داوە بە یەکەوە لەم ئیشانە بکەن؟ ئیشی وا دەکەن کە فریای خوێندنەکەیان ناکەون! لەکاتی ئێمەدا ئەکبەرێک بوو و زارایەک! حەقیان بە سەر یەکەوە نەبوو. لەبەیانی تا شەو لەماڵەوە بون و خوێندنیان دەخوێند! لەگەشت و مەشتیش هیچ هەواڵێک نەبوو!

ئەڵێی هەڵەیەک لەسیستەمی پەروەردەدا ڕوویداوە! ئەمە ژیانی سارا و دارا نییە! ژیانی مایکل جەکسۆنیان هەڵگرتووە و هێناویانە و کردوویانە بە زمانەوانی لەکتێبی فارسی یەکەمی سەرەتاییدا! هەر وازی لێبێنە! ئیتر حەقت نیە ئیرەی ئەم کتێبە بخوێنیتەوە! لاپەڕەی ئەمانە هەڵبەیتەوە باوکت دەردێنم! با لەم لاوە ئیملات پێ بڵێم!

- ئەما! بنووسە ئەو پیاوە هات. دوایی بە پێکەنین ڕویکردە من و وتی:

- بۆچی ئیتر پیاوێکیش ماوە کە بێت؟

- بابە وازی لێبێنە با بڕۆین ئیتر!

کامیار- بنووسە ئەو پیاوە داسێکی هەیە. نە! نە! خەریکی چی دەنووسی؟ ئێستا دەیڕوخێنن بە سەرماندا و هەموومان دەگرن! ئەو پیاوە داسی هەیە کۆمۆنیستە! بنووسە ئەو پیاوە خاکەندازی هەیە! ئەو پیاوە پاچی هەیە! ئەو پیاوە هەر ئێرانی نییە! ئەفغانیە لێرە ئیش دەکات و پارەکانی دەنێریتەوە بۆ ئەفغانستان! هەڵبەت ئێستا پارەی ئەفغانستان دۆلارە، ئەو پیاوە پاچ و خاکەندازەکەی هەڵدەگرێ و ئەڕواتەوە بۆ ئەفغانستان. خاکەندازێ لەعەرزەکەی بدات دە دۆلار وەردەگرێ، ئەگەر مانگێ لەوێدا ئیش بکات دەتوانێ شوقەیەک لێرە بکڕێ.

- کامیار نیوەڕۆیە ئیتر!

کامیار- من چی بکەم؟ خەتای ئەم دواکەوتوییەیە! خۆ کتێبی فارسی نیە! گۆڤاری لاوانیان هێناوە و داویانەتە دەست منداڵەکان لەجیاتی کتێبی فارسی! ئەوە بۆ ئەم کتێبە ئەوەندە کۆنە؟ هی چ کاتێکە؟

لاپەڕەی یەکەمی کردەوە و سەیری کرد و وتی:

- ئاگر تێبەربوو، خۆ ئەمە هی ساڵی پەنجا و چوارە! ئەمەت لەکوێ هێناوە؟

کەتایون بە پێکەنینەوە وتی:- لەجانتاکەی باوکمدا دۆزیمەوە!

کامیار- ئەی بۆچی داوتە بە من ئیملات پێ بڵێم؟ ئەمە خۆ هی ئێوە نییە؟

کەتایون دەزانم کاکە بەڵام ئەمە وانەکانی باشتر لەچاپ دراوە!

کامیار- ڕوو ڕەش، چاپەکەی باشترە یان خوێرییەکەرییەکەی؟ تو خوا سەیرکە! ئەم گزگلە منداڵە، چۆن نیو سەعاتە دوو پیاوی گەورەی لەکار کردووە!

- ئاخر هەر چۆنی بێت خوشکی تۆیە؟

کامیار- هەستە کچێ برۆ کتێبەکەی خۆتم بۆ بێنە بزانم!

هەتا کەتایون لەجێگەکەی خۆی هەستا هەر پێدەکەنی. دایکی کامیاریش هاتە



Scanned with CamScanner

ئەوە چی دەکەن؟

ژوورەوە و هەردووکمان سەلاممان لێکرد و وتی: ئەوە چی دەکەن؟

کامیار بابە بیگرە ئیملایەک بەو منداڵە بکە! ئێمە ئیشمان هەیە دەبێ بڕۆین! بۆ کارخانە درەنگە!

دایکی کامیار بە دەست کێشای بە ڕوومەتی خۆیدا و هاتە پێشەوە و وتی:

ـ وەی خوا من بکوژێ! هەستن ئێوە بڕۆن! من خۆم ئیملای پێ دەکەم!

هەتا ئێمە هەستاین دایکی بیری کەوتەوە و وتی: کامیار! ئەمڕۆ خۆ جومعەیە!

کامیار ـ ئیش جومعە و شەممەی بۆ نیە! ئێمە ڕۆشتین، دەی خوات لەگەڵ.

هەتا ئێمە ڕێکەوتین دایکی وتی:

ـ هەر هیچ نەبێ بڵێ چی بۆ نیوەڕۆ ساز بکەم! بەخوا ئیتر عەقڵم بڕ ناکات!

کامیار ـ شلەی باینجان ساز بکە.

دایکی کامیار ـ خۆ پێرێ خواردمان!

کامیار ـ تەبسی ساز بکە.

دایکی کامیار ـ باوکت حەزی لێ نیە.

کامیار ـ دەی حەلیم باینجان ساز بکە.

دایکی کامیار ـ ئێ...ئێ! باینجانمان نیە! نازانم بۆچی تۆ پێت داگرتوە لەسەر ئەو چیشتانە کە دوایەکەیان (جان)ە؟

کامیار ـ حەزی من وایە! تەنها ئەم شێوە خواردنانەم بە دڵە!

دایکی کامیار ـ ناتوانی خواردنێکیتر بڵێی؟

کامیار ـ با، شلەی حەی حەی!

دایکی هەروا سەیری دەکرد! من و کەتایون بورابووینەوە لەپێکەنیندا! دەستیم ڕاکێشا و بردمە دەرەوە دایکی وتی: شەو بۆ هیچ کوێ نەڕۆن ها! میوانمان هەیە.

هەردووکمان لەماڵی کامیار، هاتینە دەرەوە و ڕۆشتین بۆ باخەکە.

ـ دەی ئێستا چیبکەین؟

کامیار چی؟

ـ ئێستا! تا شەو میوانیەکەیە چیبکەین؟

کامیار ڕاکە جانتاکەت دابنێ لەماڵەوە و وەرەوە با پێت بڵێم. تا منت هەیە هیچ خەمت نەبێ. بڕۆ خێرا بگەڕێرەوە.

ڕێکەوتم بۆ ماڵەوە، بەلام نازانم بۆچی لەجیاتی ئەوەی لەناوەڕاستی باخەکەوە بڕۆم

که نزیکتره لەخۆوە ڕۆشتم بۆ لای ماڵی پوورە بچوکەکەم کە بەرامبەری ماڵی ئێمەیە و لەسوچێکی باخەکەدا بوو.

تا نیوەی ڕێ کە ڕۆشتم، پەشیمان بوومەوە و ویستم کە هەر لەوێوە لەلاڕێوە بڕۆم بۆ ماڵی خۆمان بەڵام نازانم بۆچی ڕێم لەبەر نەدەڕۆشت!

چاوم لەماڵی پوورم بوو. تەنیا لەو شوێنەوە کە من ڕاوەستا بووم قاتی دووهەمی ماڵیان دەبینرا و قاتی یەکەم کە لەئاستی باخەکەدا بوو، لەپشت شمشادەکانەوە حەشار درابوو و نەدەبینرا. بەیەکجار دڵم داخورپا! پشتی شمشادەکان ژوورەکەی گەنمی لێبوو! گەنم!

چەند جار ناوەکەیم لەدڵمدا دووپات کردەوە. هەرکات کە دەم وتەوە جۆرێکم لێدەهات! ویستم هەر لەوێوە بگەڕێمەوە و بڕۆمەوە بۆ ماڵەوەمان، بەڵام شتێ نەیدەهێشت! وا دیار بوو کەسێ دەیەوێ من بە زۆر ببات بۆ ماڵی گەنم!

ئێمە منداڵە خزمەکان، لەماڵەوە ئەو ژوورانەمان بۆ خۆمان هەڵبژاردبوو کە هەموویان لەئاست باخەکەدا بوون و پەنجەرەیەکی گەورەیان هەبوو کە ڕوو لەباخەکە دەکرایەوە. یانی سەرەتا تەواوی کچە پورەکانیشم، ژووری قاتی سەرەوەیان بۆخۆیان دانابوو، بەڵام کامیار ئەوەندەی لەبارەی کەش و هەوای ژوورەکانی قاتی خوارەوە قسەی کرد و باسی لێوە کرد، هەموویان ژوورەکانیان گۆڕی! وادیار بوو کە زۆریش لەوە ڕازی بوون.

بەکورتی ڕێکەوتم بۆماڵەوەیان نەختێ دوای ئەوە گەشتمە پشت شمشادەکان. لەسەرەوەیان هیچ نەدەبینرا. بە دەست نەختێ لام دان. نازانم بۆچی وام دەکرد بەڵام بە دەستی خۆم نەبوو! ڕاکێشرابوومە ئەوێ و نەمدەزانی بە دوای چیدا هاتووم! لەبەینی شمشادەکانیشەوە هیچ دیار نەبوو!

کتوپڕ خۆم شەرمم لەخۆم کرد و ویستم کە بڕۆم بۆ ماڵی خۆمان. بەڵام دوو هەنگاو زیاتر نەڕۆشتبووم دەنگی گەنمم لەژوورەکەیەوە بیست. خەریکبوو گۆرانی دەوت. ئیتر پێم وشکبوو! ڕێم لەبەر نەدەڕۆیشت. هەرچیم هەوڵدەدا لەبەر خانوەکەیاندا تێنەپەڕم، نەمدەتوانی! تاکو ئێستا هیچ کات هەستێکی وام نەبووە! نازانم ئەمڕۆ چیم لێهاتوە!

ئاخری نەمتوانی ڕێ لەخۆم بگرم، هەڵگەڕامەوە و بە دەور شمشادەکاندا سوڕامەوە و لەبەرانبەر خانوەکەیاندا ڕۆشتمە پێشەوە. هەوڵم دەدا هێواش هێواش بڕۆم دەنگی پێم بەرز نەبێتەوە.

دەرگای خانووەکەیان داخرابوو و کەسیش لەپەنجەرەکەدا نەبوو. منیش بە ئەسپایی ڕۆشتم بۆ لای ژوورەکەی گەنم!

دوو هەنگاو زیاتر تا پەنجەرەی ژوورەکەی ماوەم نەمابوو. هەم حەزم دەکرد بڕۆمە پێشەوە و هەم حەزم نەدەکرد بڕۆم! لەبەر خۆمەوە وتم: «نەکا جلی لەبەردا نەبێ! ئەگەر هەروا کتوپڕ بڕۆم و بقیژێنێ، چی دەبێ؟ ئەی ئەگەر نەیش قیژێنێ خۆم چی؟ خۆم شەرم لەخۆم ناکەم؟» لەمرۆڤایەتی و پیاوەتی بە دوورە ئیشێکی وا بکەم! جیا لەوە، من کەسێکی وانەبووم خەریکی ئەم ئیشانە بم! ئێستا ئەگەر بە کامیار بڵێی، بەڵێ، بەلام من تا ئێستا لەم ئیشانەم نەکردووە! ڕاستیەکەی زۆریش دەترسام! بە ڕاستی کامیار ترس لەسەریدا نەبوو، بەلام من زۆر لەئابڕو چوون دەترسام!

لەم خەیالانەدا بووم لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەیدا خۆم بینییەوە ڕاوەستاوم و خەریکم سەیری دەکەم. لەبەر ئاوێنەکەیدا ڕاوەستا بوو و پشتی لەمن بوو. خەریکبوو قژی دادەهێنا و گۆرانی دەوت! تازە قژی کورت کردبوەوە. لەو مۆدە تازانەی کچان قژیان تا سەر شانیان کورت دەکەنەوە! بەرگێکی جوانی پۆشیبوو. پانتۆلێکی کابۆی لەبەردا بوو لەگەڵ بۆدیەکی ڕەنگ ناسکدا.

بە پێچەوانەی پورم و مێردەکەی بالایان کورت بوو، گەنم بالایەکی بەرزی هەبو و زۆریش بالای ڕێک و جوان بوو. یانی هەموکات وەرزشی دەکرد. زیاتریش مەلە. هەفتەیەک سێ ڕۆژ دەڕۆشت بۆ مەلەوانگە. زۆر باش مەلەی دەزانی. هەندێ جار هاوینان ئاوی حەوزەکەی ناوەڕاستی باخەکەمانی دەگۆڕی و تا چەند ڕۆژی خاوێن بوو، ئێمە هەمووومان دەڕۆشتین بۆ مەلە، لەهەمووومان باشتر مەلەی دەکرد. دەڕواتە دەورەی جوملاستیک بۆیە بالای زۆر جوان بوو.

تا ئەو کاتە هیچ کات بیری ئەو شتانەم نەکردبوەوە یانی هەرکات گەنمم بینی بوو کچە پورێکم دەبینی کە لەمنداڵییەوە بەیەکەوە گەورە بووین، بەلام نازانم بۆچی ئەمڕۆ ئیتر کچە پورم نەدەدی! تەنیا گەنمم دەدی! کچێکی بیست و یەک ساڵە بەناوی گەنم! هەتاکو ئێستا ئەوەندە سەرنجی ناوەکەیم نەدابوو. گەنم! چ ناوێکی خۆشە!

هەولمدا ڕوخساری لەخەیاڵمدا بەرجەستە بکەم. دەتوت هەموو شتێکم لەبیر چۆتەوە! دەتوت تەواوی بیرەوەرییەکانم سڕاوەتەوە و بۆ یەکەمجارە خەریکم ئەو کچە دەبینم!

چاو و برۆی چ ڕەنگێک بوو؟ ڕوخساری چۆن بوو؟ جوانە یان نە؟ تەنیا ئەوەم لەیادە لەهەرکوێیەکدا دایکم و ئەوان کۆ دەبونەوە، باس باسی ئەوە بوو کە گەنم





Scanned with CamScanner

لەهەموو کچە پور و کچە خزمانیتر جوانترە! حەزم دەکرد هەر ئێستا ئاوڕی بداتەوە و کە هەر هیچ نەبێ بتوانم یەکجار ڕوخساری ببینم! ڕێک وەکو ئەوە بۆ یەکەمجارە توشی ئەو کچە بوو بم! هەرچەندە لەگەڵ مێشکمدا خەریکبووم ، هەر هیچ نەبێ بتوانم نەختێ لەروخساریم بیر بکەویتەوە نەدەکرا!

کتوپڕ شەرمم لەخۆم کرد! ڕاوەستابووم و لەپشت پەنجەرەکەیدا و خەریکبووم بەدزییەوە سەیرم دەکرد! خواخوام بوو کەس منی نەدیبێ! ویستم هەر بەو شێوە کە هاتبووم بگەڕێمەوە، پێم خستە سەر لقە دارێک و قرچەی لێوەهات! لەجێدا وشکبووم! خێرا بە دەنگی دارەکە گەنم ئاوڕی بۆ لای پەنجەرەکە دایەوە! ئیتر نەمتوانی لەجێمدا بجولێم! هەر دەقە چاوەڕوان بووم، یان بقیژێنی یان لێم تورە بێت! توانای هیچم نەبوو، تەنانەت نەمدەتوانی قسە بکەم! ئەویش وادیار بوو هەروای لێ هاتبوو! تەنیا هەروا شانەکەی بە دەستەوە بەرزکردبووەوە، خەریکبوو سەیری منی دەکرد! تەنانەت ئەویش نەیتوانی بوو، بەتەواوی بەرەو من ئاوڕ بداتەوە! تەنیا ڕوخساری بەرەو من بوو! هەردووکمان وەکو پەیکەرێک ڕاوەستابووین و سەیری یەکتریمان دەکرد! نازانم چەندەی پێ چوو، کتوپڕ لەدوامەوە دەنگی کامیار هات!

کامیار سامان! سامان!

هەر کە دەنگی کامیار بەرز بویەوە لەخۆوە هەڵهاتم و لەدەم دەرگای ماڵەکەیان دورکەوتمەوە و ویستم بڕۆم بەرەو ماڵی خۆمان کە ڕۆشتمە باوەشی کامیار! ئەوەندە ترسابووم، نەمدەزانی چی بڵێم و چیبکەم؟ دڵم وەکو چی لێیدەدا! هەموو گیانم گڕی گرتبوو! کامیار خەریکبوو سەیری دەکردم، زیاتر ترسام و خێرا وتم:

ـ هاتم جانتاکەم دابنێم!

کامیار سەیرێکی جانتاکەی کە هێشتا بە دەستمەوە بوو کرد و بە هێواشی وتی:

ـ جانتاکە لەماڵ پوری دانێی؟

ـ نە! نە! ماڵی خۆمان!

کامیار ئێ...! ئێوە ماڵتان گواستۆتەوە هاتونەتە ماڵی پوری ئەوان؟ کەی؟ چۆنە کەوا بێ هەواڵ؟ هەر هیچ نەبێ بتانوتایە، ئێمەیش بهاتینایەتە یارمەتیتان؟

تەنیا سەیرم کردو وتی:

ـ ئێستا بە سەلامەتی و موبارەکی ماڵتان گوازراوەتەوە و شوێنتان گۆڕاوە. سەرەتا ماڵی تازەتان پیرۆزە! انشاء الله پێتانەوە بێ! بەلام بۆچی هێشتا جانتاکەت بەدەستەوەیە؟

سەیرێکی جانتاکەم کرد و وتم:- ئێستا دایدەنێم!

کامیار سەیرکە، ئەڵێم ئەدرەسی خانوی نوێتانم پێبدە! کاتێ ئێشم پێت بوو ئیتر نەڕۆم بۆ خانووە پێشوەکەتان! بزانم خانووە تازەکەتان بە شتەکانیەوە کڕیوە؟

- ون بە! خەریکی چی دەڵێی؟

کامیار دەڵێم کاتێ ئەم خانووەتان کڕی، شتەکانی ناویتان لەگەڵ خانوەکەدا کڕی؟

- کام شتانە؟ تۆ چی دەڵێی؟

کامیار دەمەوێ بزانم کچە پورەکەشمان لەسەر خانووەکە بوو، ئێوە کڕیتان؟

- دیسان دەستت پێکرد؟

کامیار نەگبەت! من دەستم پێکرد یان تۆ؟ لەلای من ڕۆشتی جانتا دوابراوەکەت دابنێی و بێیتەوە. نیو سەعاتە منت چەقاندوە لەناوەڕاستی باخەکەدا. ڕۆشتمە بەر ماڵەکەتان دایکت دەڵێ لەکاتێکەوە لەگەڵ تۆدا ڕۆشتوە نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە. هاتم بۆ ئێرە سەیرم کرد تۆ لەترسا ڕادەکەیت و هەڵدێی! ئێستا من دەستم پێ کردوە؟ لەکوێ بووی؟

- هیچ بە گیانی تۆ!

کامیار بە گیانی دوو پورەکانت! ڕاستییەکەی بڵێ لێرەدا چیت دەکرد؟!

ڕێکەوتم بۆ ماڵی خۆمان کە کامیار بە دوامدا ڕایکرد و دەستی گرتم و وتی:

- هاتبوی بۆ ئێرە و خۆت خستبوە گەنم جاڕی پورێ؟ ئاخری وەرزی درەو و خەرمان کوتاندن گەیشت؟

- چی؟

کامیار ڕۆشتبوی گەنم درەو بکەی؟ ئەی داسەکەت کوا؟!

- دە برۆ لەبەر چاوم! خوا شوکور، هەموو کەس دەزانن، من پیاوی ئەم شتانە نیم!

کامیار ئەی لەوانەیە کە دایکت تۆی ناردبێت بۆ ئاردی گەنم بۆ حەڵوا! خوا فریای پورێ بکەوێ! ئەو پیاوە هات! ئەو پیاوە بە شتەوە هات! یانی ئەو پیاوە بە داسەوە هات!

- ئێ...! وس...!

کامیار چیە؟ دەترسی خاتو گەنم دەنگمان ببیسێ؟

- بۆچی هاوار دەکەی کورە؟ وەرە بڕۆینە ئەم لاوە تا پێت بڵێم!

کامیار ئافەرم! بەسەرچاو! ئەگەر بڕیارە ڕاستم پێ بڵێی، بۆ هەر کوێ بتەوێ لەگەڵتا دێم! وەرە بڕۆین، کوڕی سالار و ڕاستگۆ و ئاکار باش کە بەڕاستی لەباوەگەورەت

دەچی! حاجی مەم صادقی.
هەردووکمان بەیەکەوە ڕۆشتین بیست مەتر ئەولاتر و لەسەر کورسی دانیشتین. نەختێ ئارام ببومەوە. کامیار دوو جگەرەی لەگیرفان دەرهێنا و دایگیرساند و یەکیانی دا بە من و وتی:
- بڕوانە! هەرچی قەوماوە بۆمی باس بکە. هەرچەندە بەوردی بڵێی لەقورسایی گوناهەکانت کەم دەبێتەوە ویژدانت ئارام دەبێ! بڵێ ئامۆزا گیان! بڵێ ئازیزم! بڵێ و خۆت خاڵی بکەرەوە! دەزانم ئێستا چ حاڵێکت هەیە! لەژێر گوشارادای! بیڕێژە دەرەوە و خۆت ڕزگار کە.
- دەبڕۆ تۆیش!
کامیار ناتەوێ بڵێی؟
- هیچ نیە کە بیڵێم!
کامیار بڕوانە، دەزانی من لەسەر ئەو شتانە هەستیارم! هەتاکو نەزانم تۆ لەکوێ بوویت ئەوەندە ترساوی و ڕەنگت بە ڕووەوە نەماوە، دەست بەردار نابم. ئەگەر بەزمانی خۆش وتت کە هیچ، ئەگەر نەیڵێی هەر ئێستا دەڕۆم بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڕەکدا! ئەو کاتەش بۆگەنەکەی بڵاودەبێتەوە ها! خۆت وەک بنیادەم هەموو شتێکم پێ بڵێ!
- بە گیانی کامیار هەر بە دەستی خۆم نەبوو!
کامیار بە تەواوی لێت تێدەگەم! من بە شەریکی دەردی خۆت بزانە! ئەم ئیشانە هەر بە دەستی بنیادەم خۆی نییە!
- بە گیانی تۆ هەر نەمزانی چۆن بوو ئەوەم کرد!
کامیار خۆت هەر قەڵس مەکە! من خۆم ئامادەم شاهیدیت لەسەر بدەم تۆ لەو کاتەدا هیچ ئاگات لەخۆت نەبووە! ئیتر هەر کەس نەزانی، من دەزانم تۆ چەندە هەپەیت! لەوانەیە کەسێک دنەی دابێ!
- ئا بەگیانی تۆ! بەڵام تۆ لەکوێ دەزانی؟
کامیار خۆ جاری یەکەمم نیە! ئەزمونم هەیە ئیتر؟
- بڕوانە! دەتوت کەسێک منی بە زۆر بەرەو ئەوێ ڕادەکێشا!
کامیار دەی! ئەمە زۆر باشە! ئەگەر شکاتی شتێکیان کرد دەکرێ بڵێی کەسێک تۆی بە زۆر هانداوە بۆ ئەم ئیشە! پلەی تاوان دێتە خوارەوە.
- چ تاوانێ دێتەخوارێ؟ بۆ ئەمە تاوانە؟



Scanned with CamScanner

کامیار باوە ئێستا کە لێرەدا خۆمانین و کەسی لێنیە! ئەمە تاوانە ئیتر!

ـ نەخێر! هیچیش تاوان نییە! لەوانەیە کارێکی خراپ بێ بەڵام تاوان نییە!

کامیار بزانم، تۆ دڵنیای؟

ـ ئا کە دڵنیام! هیچ یاسایەک ناڵێ ئەمە تاوانە!

کامیار تۆ گیانی من ڕاست دەڵێی؟

ـ ئا بە گیانی تۆ!

کامیار بزانم دەتوانی بڵێی کام بڕگە یان ماددەیەک لەیاسادا تاوان نەبوونی ئەمە دەسەلمێنێ و قوبوڵیەتی؟

ـ هەر لەهیچ یاسایەکدا ئەم تەوەرە نەهاتوە بیەوێ تاوان بێ یان نەبێ!

کامیار تۆ خودا؟ کەوایە من بێهۆ تا ئێستا ئەوەندە دەترسام؟

ـ ئەگەر وا بیر دەکەیتەوە من خەریکم درۆت لەگەڵ دەکەم، بڕۆ لە پارێزەرێکی یاسایی بپرسە!

کامیار نە! قسەکەتم قبوڵە! تۆ کەسێ نیت لەخۆتەوە شتێ بڵێی، جگە لەوەی تۆ هەم هاورێمی و هەم ئامۆزاشمی! ئیتر دڵی تۆ بۆ من خۆ زیاتر لەپشتیوانێکی یاسایی دەسوتێ! وانییە؟

ـ دەی ئا! دیارە!

کامیار من تا ئێستایش هەر درۆیەکم لەتۆ نەبیستوە کە ئەمە دووهەم جاری بێت!

ـ من هەر ڕقم لەدرۆیە!

کامیار دەزانم! ئەتناسم!

ـ بەڵام کامیار لەبەر ئەوە درۆم لەگەڵتا نەکردبێ، لەناخی دڵمەوە تۆزێ دەترسم!

کامیار ترس بۆچی؟ خۆ ئێستا یاسایش پشتیوانمانە.

ـ ئاخر دەترسم یەکێ بینیبێتمی!

کامیار ئێ...! بۆ کەس لەوێ بوو؟

ـ وانازانم!

کامیار دەی سەرەتا سەرنجێکت بدایە و ئەم لاولات سەیر بکردایە جا!

ـ سەیرم کردا! کەس نەبوو بەڵام ...

کامیار دوو دڵ بووی! دڵت ختورە نەکات!

ـ ئەگەر یەکێ بینیبێتمی چی؟

کامیار دەی ئەمجارەش شاهیدێک هەیە! ئەو جارە کێشەکە سەخت دەبێ؟ هەر چەند لەم ڕۆژ و ڕۆژگارەدا دەکرێ شاهیدیش بە پارە بسەنرێ! ئەی پارە بۆچی باشە! بۆ کاتی وایە ئیتر! بەلام من شتێک بۆم سەیرە! هەرچەندە دەمەوێ بە خۆمی بسەلمێنم ناتوانم!

- چی؟

کامیار ئەوەی کەلەم بیست و بیست پێنج دەقەیەدا، تۆ چۆن لەلای من ڕۆیشتی و هاتیتە ئێرە و شوێنەکەت تاقیبات کرد و بە دزییەوە سەیرت کرد و بێدەنگ و قرە ئیشەکەت کرد و شوێنەکەت پاک کردەوە هاتیتە دەرەوە!

- بە گیانی تۆ هەرچی گوشار دەخەمە سەر خۆم کە ئەوە بزانم، ناتوانم!

کامیار دەی هیچ نەبوو خۆ!

کامیار- بۆ من کە زۆر جێگەی سەر سوڕمانە! من بە هەموو زیرەکیمەوە، کەمتر لەیەک دوو کات ژمێر ناتوانم تەواوی ئەو شتانە تۆ لەبیست دەقەدا کردوتە بیکەم! بە ڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە! هەر زۆر سەیرە! ئەویش لەکەسێ وەکو تۆ، ئەوەندە شل و شەوێل و داچۆڕاو! ڕاستی دەبێ پیروزبایت لێبکرێ! سەیری من! پیرۆزبایی چییە؟ دەبێ مەدالیای سەربەرزیت پێ بدرێ!

- ون بە تۆیش! ئیتر ئەوە شتە، مرۆڤ ئەوەندە پیایدا هەڵبات؟

کامیار بابە دەستت خۆش! تۆ چۆن بە یەک شەو ئەوەندە گۆڕای؟ نەکا ڕێگەیەکی نوێت دۆزیبێتەوە؟ تو گیانی من ئەگەر ڕێگەیەکی نوێت توش بوە، فێرم کە!

- ڕێگەی نوێ چییە؟

کامیار ئەوەی کە کردوتە و لەیاسایشدا نوسراوە کە تاوان نییە!

- ئەوە کە ڕۆیشتم بەدزییەوە لەپەنجەرەوە سەیری گەنم کرد؟

خێرا بێدەنگبوو نەختێ سەیری کردم و جا وتی:

کامیار تۆ لەلای من هاتیتە ئێرە بە تەنیاو بە دزییەوە لەپەنجەرەکەوە سەیری گەنم بکەی؟

- دەی، ئا!

کامیار بڕۆ ون بە! خەریکی پێم ڕائەبوێری!

- نە بەگیانی تۆ!

کامیار یانی تۆ لەو کاتەوە لەمن جیا بویتەوە، تەنیا فریای ئەوە کەوتی بێیتە ئێرە و

بڕۆیتە پشت پەنجەرە و بە دزییەوە سەیری گەنم بکەی؟
ـ ئا!
کامیار لەکتێبی یاسایشدا بگەڕاێتایە تا بزانی ئەو بە دزییەوە سەیرکردنە تاوانە یان تاوان نییە؟
ـ نا ئیتر!
کامیار ئەی ئەوەندە ترست بۆچی بوو؟
ـ بۆ ئەوەی کتوپڕ کەسێک منی نەبینیبێ!
هەروا بێدەنگ سەیری کردم و نەختێ دوای ئەوە وتی:
کامیار قوڕ بەو سەرتە سامان! تۆ دوو سەعاتە کاتی منت بە فیڕۆ داوە بۆ بە دزییەوە سەیرکردنێ؟
ـ تەنیا ڕوانین نەبوو خۆ!
کتوپڕ پێکەنی وتی:
کامیار دەی ئەمە بڵێ! کەوایە تەنیا ڕوانینێکی بچوک نەبووە؟ ئێستا زوو بیڵێ ئیتر چی بووە!
ـ یەک دوو دەقەیەک هەروا ڕاوەستابووم و سەیرم دەکرد!
پێکەنین لەسەر لێوی ڕۆیشت و دیسان بێدەنگ بوو و نەختێ دوای ئەوە وتی:
کامیار یەک دوو دەقە تەنیا سەیرت کرد؟
ـ ئا!
کامیار شتێکی سەیرت تیا بەدی دەکرد کە هەروا بە دیارییەوە مات بوبوی؟
ـ یانی چی شتێکی سەیر؟
کامیار وەکو جلی لەبەردا نەبووبێ و ئەو شتانە!
ـ نە! جلی لەبەردا بوو! پانتۆلێکی کابۆو بۆدیەک، زۆریش لێی دەهات!
کامیار دەی تۆ ڕاوەستا بووی سەیری چیت دەکرد؟
ـ گەنم خۆی!
کامیار بهێڵە بزانە تۆ حاڵت باشە یان نە! تۆ یەک دوو دەقەیەک لەپشت پەنجەرەی پوری و ئەوانەوە ڕاوەستا بووی و تەنیا سەیری گەنمت دەکرد. وایە؟
ـ ئا.
کامیار هەر ئەوە؟

- ئا.

کامیار دوایی گەنم چی کرد؟

- سەرەتا نەیزانی. جا من لەخۆم شەرمم کرد و ویستم بڕۆم قرچەی شکاندنی دارێکی وشک لەژێر پێمدا هات و پێی زانیم! ئاوڕی دایەوە و ئەویش سەیری کردم! جا هەروا هەردووکمان سەیری یەکتریمان دەکرد کتوپڕ دەنگی تۆ هات و منیش ترسام و ڕام کرد.

کامیار یانی لە ڕاستیدا من ناوەخت گەیشتم!

- ئا بابە !

کامیار یانی دەکرێ بوترێ لە ڕاستیدا من موزاحیمی سەیرکردنەکەی ئێوە بووم!

- ئا نەدەکرا نەختێ درەنگتر بهاتیتایە؟

کامیار با. دەکرا! ئێستایش خۆ هیچ نەبوە! دەکرێ قەرەبوو بکرێتەوە!

- تو گیانی من؟ چۆن؟

کامیار تۆ دەقەیەک لێرە دانیشە تا من دەگەڕێمەوە!

- باشە. بەڵام خێرا وەرە!

کامیار هەر دەقەیەکم پێدەچێ!

لەسەر کورسییەکە هەستا و تۆزێ ڕۆیشتە ئەو لاتر و لەژێر درەختێکدا بەردێکی هەڵگرت و هات بەرەو من و زانیم ئەیەوێ چیبکات و هەڵهاتم بەرەو ماڵەوەمان! ئەویش دوام کەوت. ئیتر منیش هەر ڕام دەکردو ئەویش بە دوامەوە.

- بۆ وا دەکەی شێتە؟

کامیار ڕاوەستە کاتێ بە بەرد سەرتم شکاند جا ئەزانی بۆچی وادەکەم! دوو سەعات منت لێرە داناوە و دڵت خۆشکردوم کەچی؟ بە دزییەوە سەیری گەنمت کردوە؟ من تاوەکو سەری تۆ نەشکێنم دڵم ناسرەوێ؟ ڕاوەستە ئەگینا بتگرم ناهێڵم زیندو بی!

هەروا پێدەکەنیم و ڕامدەکرد وتم:

- بەردەکە دابنێ تاکو بێم!

کامیار ڕاوەستە باوک سەگی شێتی شل و شەوێڵ! دەڵێم ڕاوەستە!

بە خوا بە ڕاستی دەیوت! ئەوەندە لێم تورە بوو ئەگەر پێم بگەشتایە توشی بەلایەکی دەکردم.

- بە گیانی تۆ شتێ خراپ ڕوو دەدا! ئەم گاڵتانە مەکە!

ـ نا.

کامیار دوایی گەنم چی کرد؟

ـ سەرەتا نەیزانی. جا من لەخۆم شەرمم کرد و ویستم برۆم قرچەی شکاندنی داریکی وشک لەژێر پێمدا هات و پێی زانیم! ئاوڕی دایەوە و ئەویش سەیری کردم! جا هەروا هەردووکمان سەیری یەکتریمان دەکرد کتوپڕ دەنگی تۆ هات و منیش ترسام و ڕام کرد.

کامیار یانی لە ڕاستیدا من ناوەخت گەیشتم!

ـ نا بابە !

کامیار یانی دەکرێ بوترێ لە ڕاستیدا من موزاحیمی سەیرکردنەکەی ئێوە بووم!

ـ نا نەدەکرا نەختێ درەنگتر بهاتیتایە؟

کامیار با. دەکرا! ئێستایش خۆ هیچ نەبوە! دەکرێ قەرەبوو بکرێتەوە!

ـ تۆ گیانی من؟ چۆن؟

کامیار تۆ دەقەیەک لێرە دانیشە تا من دەگەڕێمەوە!

ـ باشە. بەڵام خێرا وەرە!

کامیار هەر دەقەیەکم پێدەچێ!

لەسەر کورسییەکە هەستا و تۆزێ ڕۆیشتە ئەو لاتر و لەژێر درەختێکدا بەردێکی هەڵگرت و هات بەرەو من و زانیم ئەیەوێ چیبکات و هەڵهاتم بەرەو ماڵەوەمان! ئەویش دوام کەوت. ئیتر منیش هەر ڕام دەکردو ئەویش بە دوامەوە.

ـ بۆ وا دەکەی شێتە؟

کامیار ڕاوەستە کاتێ بە بەرد سەرتم شکاند جا ئەزانی بۆچی وادەکەم! دوو سەعات منت لێرە داناوە و دڵت خۆشکردوم کەچی؟ بە دزییەوە سەیری گەنمت کردوە؟ من تاوەکو سەری تۆ نەشکێنم دڵم ناسرەوێ؟ ڕاوەستە ئەگینا بتگرم ناهێڵم زیندو بی!

هەروا پێدەکەنیم و ڕامدەکرد وتم:

ـ بەردەکە دابنێ تاکو بێم!

کامیار ڕاوەستە باوک سەگی شێتی شل و شەوێل! دەڵێم ڕاوەستە!

بە خوا بە ڕاستی دەیوت! ئەوەندە لێم تورە بوو ئەگەر پێم بگەشتایە توشی بەلایەکی دەکردم.

کامیار شتێ خراپ ڕوو دەدا؟ ئەگەر دەستم پێت بگات دەتکوژم! ڕاوەستە دەڵێم!
پێدەکەنیم و ڕامدەکرد! گەشتمە ناوەڕاستی باخ لەقرم و قاڵی ئێمە ئافەرین و دلئارام،
دوو کچەکەی ئەو پورەکەم هاتن و هەروا ڕاوەستان و چاویان تێبڕین و سەیری ئێمە
دووانەیان دەکرد! خێرا ڕۆیشتم بۆ لایان و ڕاوەستام! کامیار ئەوانی بینی، بەردەکەی
فڕێدایە ئەرز و ئەویش ڕاوەستا و لەوێوە وتی:

ـ سامان گیان بەسیە ئیتر! ماندو بووم، هەر تۆ بردتەوە!

جا بە هێمنی هاتە پێشەوە و تا گەشت بە ئافەرین و دلارام وتی:

کامیار بەه! بەه! ئەم خونچەی گوڵەباخانە کەی پشکوتوون کە من نەمزانیوە؟

هەردووکیان پێکەنین و سلاویان لێ کرد.

کامیار سلاو لەروخساری وەک مانگتان! بۆ کوێ بەم بەیانیە؟

ئافەرین خەریکین دەڕۆین بۆ ئەو سوچەی باخ وانە بخوێنین.

کامیار ئافەرین بۆ ئێوە! من هەمووکات وتوومە لەژیاندا هیچ وەکوخوێندن نیە!

ئافەرین! ئێستا دەتانەوێ خەریکی چی بن؟

دلئارام ئەدەبیات.

کامیار بەه بەه! وەرزی بەهار، باخی پڕ لەگوڵ و وانەی ئەدەب! چەند شاعیرانەیە!

ئافەرین ئێوە خەریکی چی بوون؟

کامیار خەریکبووین یاری حەوت بەردینەمان دەکرد. یانی ئێستا خەریکبووین بە بەردێک یاریمان دەکرد! ئێستا دەی وازی لێبێنە!

ئافەرین نە! وەرن بەیەکەوە یاری بکەین! ئێمەیش زۆرمان حەز لەیاری حەوت بەردینەیە.

کامیار ئێ ...! یاری چیە؟ خوا بیبڕێ یاری حەوت بەردینە!

دلئارام خۆ زۆر خۆشە!

کامیار هیچیش خۆش نیە! ئەو یارییە پڕ لەهەرایە چییە؟

ئافەرین ئەی چیبکەین؟

کامیار هەروا لەبەینی ئافەرین و دلئارامدا ڕاوەستابوو، دەستیانی گرت و هێدی هێدی لەگەڵ خۆیدا بردنی و وتی:

کامیار دەڕۆینە ژێر دار هەڵوژەکان، ڕاخەرێک ڕادەخەین و دادەنیشین. جا نەختێ ئەدەب دەخوێنین و نەختێ هەڵوژە دەخۆین، نەختێ ئەدەب دەخوێنین و نەختێ هەڵوژە

دەخوێن. هەڵوژەیەک بە درەختەکانەوە هەیە ئا ئەوەندە!
بە دەستی شتێ بە قەد پرتەقاڵێ نیشاندا وتی:
- منیش هەم لە ئەدەبی هاوچەرختان بۆ دەڵێم و هەم لە ئەدەبی کلاسیک!
ئافەرین بۆچی، دەزانی؟
کامیار ئا دەزانم! هەروا لە ئەدەبی بەریتانیاوە دێم بۆ ئەدەبی فەرەنسا هەر خۆیشتان لێی تێنەگەن!
دڵئارام ئەدەبی عەرەبیش دەزانی کامیار؟
کامیار ئەوە زۆر سووکە! لەکوێوەی دەتەوێ بۆت بڵێم؟ ئەدەبی عیراق یان سوریا؟ عەرەب بڵێم یان عەجەم؟ کە وای لێهات بۆ ئێوە لەو عەرەبستانی سعودیەوە دەست پێدەکەم تا نزیکەی لوبنان! باشە؟
ئافەرین و دڵئارام هەروا پێدەکەنین لەگەڵیدا ڕۆیشتن کامیار ڕوویکردە من و وتی:
- کوڕ خاس، ئەگەر نازانی بزانە! لەپەنجەرەوە بە دزییەوە سەیری ماڵی خەڵک کردن، خۆی شێوەیەک لەتاوانە! بڕۆ و چارەیەکیتر بۆ خۆت بدۆزەرەوە! جا دیسان ڕێکەوتن دڵئارام وتی:
- ئەی سامان نایەت؟
کامیار نە! ئەو تەنیا لەئەدەبی کۆن دەزانێ! هێشتا خەریکە لەنوسراوەی حەوتسەد هەشتسەد ساڵ لەمەوبەر دەکۆڵێتەوە. جارێ زۆری ماوە تا بگاتەوە بە وانەی ئێمە! ئەویش تا چەند دەقەیتر دەبێ وانەیەکیتر دەست پێ بکات!
ئافەرین و دڵئارام دەستیان بە پێکەنین کرد و ڕۆیشتن. ڕاوەستا بووم و سەیرم دەکردن وردە وردە ڕۆیشتن بۆ ئەوپەڕی باخ و لەپشت درەختەکاندا ون بوون! ویستم دوو جنێو بەو کامیارە بدەم منی بە تەنیا جێهێشت کە لەدواوە چرپەی پێم بیست! هەر ئاوڕم دایەوە سەیرم کرد گەنم خەریکە بۆ لای من دێت! هەناسەم سواربوو! ویستم لەم لاوە بڕۆم بۆ لای ماڵی خۆمان سەیرم کرد زۆر ناشیرینە! هەر دەترسام ڕوداوی نیو سەعات لەوە و پێش بداتەوە بە ڕومدا! نەمدەزانی چی وڵام بدەمەوە! شەرمم دەکرد.
نەختێ دوای ئەوە پێم گەیشت و سلامێکی کرد:
- چۆنی؟
گەنم کامیار ئەوان بۆ کوێ ڕۆیشتن؟ بۆ لەسەرم نەوەستا؟ خۆ منی چاو لێ بوو!
تازە زانیم مەبەستی کامیار وتی تاکوو چەند دەقەیتر وانەیەکیتر دەست پێدەکا، چییە!

رۆیشتن خەریکی خوێندنی وانە بن!
- رۆیشتن خەریکی خوێندنی وانە بن!
گەنم وانە بخوێنن؟
- نە، هەڵوژە بخۆن!
گەنم هەڵوژە بخۆن؟ ئەویش بەم بەیانیە؟
- نازانم، رۆیشتن هەم وانە بخوێنن و هەم هەڵوژە بخۆن!
گەنم ئەی بۆچی تۆ لەگەڵیاندا نەرۆیشتی؟
شانێکم هەڵتەکاند پشتی تێکردم و رۆیشت بەرەو بنێ گوڵەباخ، هەر ئەو جلانەی لەبەریدا بوو کە چاوم پێی کەوتبوو. قژەکانی خورماییەکی جوان بوو. تا سەرشانی، رەوتی ناسک بوو. کاتێ بە تەنیشتمدا تێپەری، بۆنێکی خۆشم بیست کە سەرسامی کردم. دانەوی و گوڵەباخێکی کەندەوە و رووی تێکردم و وتی:
- وا دیارە ئەمشەو لەماڵ کامیار ئەوان داوەت بین، دایکی هەر ئێستا تەلەفونی بۆ ماڵی ئێمە کرد.
سەرێکم لەقاند.
گەنم کورێکی زۆر رەزاسوک و روو خۆشە. وانیە؟
- ئا، زۆر.
گەنم هەموو هاورێکانم عاشقین! هەموو جارێ پێم دەڵێن رۆژێ پێیان بناسێنم.
کتوپڕ لەدڵمدا سەبارەت بە کامیار هەستم بە ئیرەیی کرد.
گەنم پێ دەخاتە هەرکوێ، هەموو کەس شاد دەکات و دەیهێنێتە پێکەنین. ئافەرین و دلارام یش عاشقین. هەڵبەت ئافەرین زیاتر. یانی خەیاڵێکی بۆی هەیە!
دیسان سەرم راوەشاند. هەستێ لەدڵمدا دروست ببوو، بەهێزتر بوو! رقم لەخۆم بوو! خەریکبووم ئیرەییم بە کامیار دەبرد! کاتێ هەستم بەو هەستە کرد لەخۆم بێزار بووم! خێرا روخساری کامیارم هێنایە پێش چاوم. هەر کە روخساری هاتە بەر چاوم، هەموو ئەو هەستەم لەناو چوو! هەستم بە باشی خۆ م کرد! کامیار بۆ من لەبرا زیاتر بوو! لەبەر ئەوە وتم:
- کامیار بە راستی قۆزە و کەشخەیە! تاکو ئێستا کچێکم نەدیوە کامیاری ببینێ و عاشقی نەبووبێ!
گەنم بەڵام تۆزێ هارە!
- نە! کامیار کورێکی زۆر باشە! ئەگەر بیناسی دەزانی من چی دەڵێم! دڵێ کامیار

هەیەتی کەس نییەتی! ئەم کورە ئەوەندە پیاوە من شانازی پێوە دەکەم کەخزمی ئەوم!

گەنم وادیارە زۆرت خۆش دەوێ؟

ـ زۆر. تۆ نازانی ئەو چۆن کەسێکە! بەڕاستی پیاوە! لەگاڵتەکانی مەڕوانە! لەهەموو ژیانمدا کەسم وەکو کامیار نەناسیوە! بە ڕاستی لێبوردە و گیان فیدایە!

گەنم یانی ئەوەندە خۆشتدەوێ کە تۆیش بۆ ئەو هەر وابی؟

ـ نا. ماوەیەک سەیری کردم و وتی:

ـ خۆزگەم پێتان! چەند خۆشە دوو کەس بەیەکەوە ئاوا بن!

ـ سوپاس.

گەنم ڕاستی باوەگەورە چۆنە؟

ـ باشە.

گەنم ئێوە هەموو ڕۆژێ دەیبینن؟

ـ کەم کەم.

ڕۆیشت و دانیشت لەسەر کورسییەک نەختێ لەولاتر بوو. منیش هەر لەوێ ڕاوەستا بووم و سەیرم دەکرد. چۆن تا ئێستا نەمزانی بوو گەنم ئەوەندە جوان و ناسکە!

گەنم بۆ ڕاوەستاوی؟

ـ چیبکەم؟

گەنم وەرە دانیشە!

ـ ئیشم هەیە، دەبێ بڕۆم.

شانێکی هەڵتەکاند! منیش لەژێر لێوەوە خواحافیزیم کرد و لەو لاوە ڕۆیشتم بۆ ماڵەوە. نەختێ ڕۆیشتم ئاوڕم دایەوە و سەیرم کرد. ئەویش هەستا بوو خەریکبوو دەڕۆیشت بۆ ماڵەوەیان. سەرم داخست و ڕۆیشتم تاکو گەشتمە ماڵەوە. ئیتر تەقەم لێنەدا لەهۆڵەکەوە بڕۆمە ژوورەوە. هەر لەپەنجەرەوە بازم دایە ژوورەوە و خۆم فڕێدایە سەر تەختە خەوەکەم. نەمدەزانی دەبێ چیبکەم. هەستمکرد گەنمیش حەزی لەکامیارە. خۆزگە کامیار ئەمڕۆ منی لەبەر دەم ماڵی گەنمدا نەبینیایە! ئێستا ئەگەر ئەویش حەزی لەگەنم کردبێ چی؟ ئەگەر وابێ؟ بە دڵنیاییەوە لەبەر من نایدرکێنی و هیچ ناڵێ! هەروایە! من کامیار دەناسم! ئەگەر بزانێ من حەزم لەشتێکە، قەد بۆ لای ئەو شتە ناڕوات! هەموو کات هەر وای کردوە!

هەڵسام و شریتێکم خستە سەر و دیسان ڕاکشامە سەر تەختە خەوەکە. ئەوەندە



Scanned with CamScanner

لەخۆم بێزار بووم کە ناوتری! بۆچی دەبێ تەنانەت بۆ چرکەیەکیش بووە هەستێکی ناوام بەرانبەر بە کامیار ببێ! ئیتر هەرگیز نەمدەویست بیر لەگەڵم بکەمەوە! کامیار زۆر لام خۆشەویست بوو لەتەمەنما وەک پشتیوانێک بوو بۆم! چەند جارێ بە بۆنەی ئەو هەڵانەی کە من کردبووم، ئەو لێی درا بوو! کاتێ کە زۆر بچوک بووین و من بە تۆپ شوشەیەکم شکاند و هەڵاتبووم، ئەو ڕوداوەکەی لەئەستۆ گرتبوو و لێیانی خواردبوو! کاتێ بە داری قەیسیدا سەرکەوتم و لقەکەی شکا، ئەو بە ئەستۆی گرتبوو و لێی درا بوو! ئێستا لەوانەیە ئەو بیرەوەرییانە زۆر بێ بایەخ بێ بەڵام لەکاتی خۆیدا، کاتێ بچوک بووین و هەر کاممان ئەو ئیشەمان دەکرد و بڕیار دەدرا تەمێمان بکەن، بەڕاستی بۆمان ترسناک بوو.

کتوپڕ وەکو لەخەودا لەجێگەیەکی بەرز بکەومە خوارەوە، دڵم جۆرێکی لێهات و هەستێکی زۆر زۆر سەرسوڕ هێنەرم تیا بەدی هات! لەبیرمە لەپۆلی یەکەمی ناوەندیدا بووین. ڕۆژێ کە بەفر باریبوو، کامیار تۆپەڵێ بەفریماڵی بە ڕومەتی کچە دراوسێماندا و هەڵاتبوو! دایک و باوکی هاتن بۆ بەر دەرگا بۆ شکات! کامیار هەر دیار نەبوو! باوەگەورە کە باسەکەی بیست زۆر توڕە بوو و بۆ ئەوەی کامیار واز لەم شتانە بێنێت و بە حساب تەمێی کردبێ توڵێکی لە درەختێک بڕی و خستییە ناو بەفرەکە! ویستی کاتێ کە کامیار هاتەوە بەوە هەر بیکوژێ! ئەو ڕۆژە زانیم بڕیارە چ بەڵایەک بە سەر کامیاردا بێت، زۆر بۆی نیگەران بووم! ئاخر باوەگەورە هیچ کات لەکەسی نەدەدا و کاتێ لێی دەدا زۆر پیس لێدەدا!

لەبیرمە زۆر بە سەنگینییەوە ڕۆیشتم و لەبەردەم باوەگەورەدا ڕاوەستام و وتم: باوەگەورە تۆپەڵە بەفرەکە من فڕێمدا! ئێستا بیری لێدەکەمەوە زۆرم پێکەنین دێ! ئەو ڕۆژە باوەگەورە سەیرێکی کردم، هیچ کات لەبیرم ناچێ! سەیرێکی تێکەڵ لەسەر سوڕماوی و بێ باوەڕی! توولەکەی لەناو بەفرەکەدا دەرهێنا و پێی وتم دەستم بەرزکەمەوە! منیش وام کرد، بەڵام چەند ترسا بووم خوا ئەزانی! هەرچۆنێک بوو هەروا دەستم بەرز بوو باوەگەورە لەچاوان و ڕوخساریدا هەم میهرەبانی دەبینرا و هەم توورەیی، هێواش پێی وتم: دەزانم تۆ وات نەکردوە بەڵام ئێستا لەبەر هاوڕێکەت دەتەوێ فیداکاربی، پیاوانە گیان فیدا کە! چوار توڵی ماڵی بە دەستمدا! هەر کامی کە لێدەدا و بەرزی دەکردەوە لەجێگەیدا خوێن لەناو مشتم فیشقەی دەبەست! تولەکانم بەرکەوت و هەر چەندە لەترسا قوڕگم پڕ ببوو لەگریان و لەئێشدا دەمویست

بنەڕێنم، نە گریام و نە نەڕاندم و نە دەستم هێنایە دواوە.

کاتێ لێدان تەواو بوو، باوەگەورە فرمێسک لەچاوانیدا کۆببوەوە سەیرێکی کردم و زەردەخەنەیەکی کرد و ڕۆیشت! ئیتر چەندە بۆڵەم لەهەمووان بیست با بمێنێ! یەک سەعاتێ دوای ئەوە کامیار گەڕایەوە ماڵ و بە باسەکەی زانی، ڕایکرد بۆ ماڵی ئێمە، بۆلای من! دەستی گرتم و سەیری کرد و وتی: بۆ وات کرد؟ بۆ نەت وت ئیشی من بووە؟ پێم وت: خۆ لەبەر تۆپەڵە بەفرەکە نەبوو! لەسەر شتێکی تر بوو! کاتێ ئەوەم پێ وت پێکەنینێکی کرد و خێرا فرمێسک لەچاوانی هاتە خوار و وتی: تۆ هیچ کات ناتوانی بە باشی درۆ بکەی جا کتوپڕ دانەوی و دەستی ماچ کردم! ئەو کاتە هەستێکی وەهام بوو کە ئامادە نەبووم بە هەموو دنیا بیگۆڕمەوە! ئامادە بووم سەد توڵی ترم بەر بکەوێ بەڵام ئەو هەستەم ببێ!

بیرهاتنەوەی ئەو بیرەوەرییانە زۆر خۆش بوو بۆم! کتوپڕ بێتاقەتی کامیار بووم! ویستم بڕۆم بۆ ئەو سەری باخەکە، سەیرم کرد گەنم لەپشت پەنجەرەکە ڕاوەستاوە و خەریکە سەیرم دەکات! لەجێدا وشکبووم!

ـ لێرەدا چی دەکەی؟

بە فزە زەرفێکی خستە بەردەمم.

ـ ئەمە چییە؟

گەنم تۆ فەرزانە دەناسی؟

ـ نا!

گەنم ئەو هاوڕێیەم کە باوکی دوکتورە!

ـ نا، نایناسم!

گەنم هەر ئەوەیە کەزۆربەی کات دەهاتە ئێرە بۆ ماڵمان!

ـ ئەها! دەی!

گەنم ئەم نامەیە ئەو ناردویە!

ـ بۆچی؟

گەنم بیگرە و بیخوێنەوە خۆت دەزانی! نامەکەم لێ وەرگرت و وتم:

ـ چی تیا نوسیوە؟

گەنم شیعرێک!

ـ شیعر؟ سەری ڕاوەشاند.



Scanned with CamScanner

- بۆچی شیعر؟
گەنم بە شیعر باشتر دەکرێ قسە بکرێ!
- چ قسەیەک؟
گەنم قسەی خۆش لەژیان، عەشق!
- عەشق، بە من؟
گەنم ئا... سەرەتا نەمدەویست پێتی بدەم، بەلام وتم ئاوا باش نییە! چونکە لێم وەرگرتوە دەبێ بیدەم بە تۆ! لەزووەوە ئەوەی لێ داوا کردوم! یانی لەپێشدا ژمارە تەلەفونەکەتی لێ داواکردم بەلام چەند جار پەیوەندی کردوە، لەڕووی نەهاتوە قسەت لەگەل بکات. پەیوەندییەکەی داخستوە. لەبەر ئەوەیە ئەمجارە نامەی بۆنووسیوی.
- کەوایە شەرمنیشە!
گەنم لەوانەیە!
نامەکەم گەڕاندەوە بۆی و وتم:
- من حەزم لەشتی وا نییە. تۆش هەڵەت کرد ئەوەت لەئەستۆ گرتوە! بیگرە!
سەیرێکی کردم و نامەکەی وەرگرت و وتی:
- زۆر بۆم سەیرە!
- چی؟
گەنم لەم ڕۆژگارەدا کورێکی ئاوەها!
- دەی هەر کەسێک بە شێوەیەکە! خۆ فەرزانەیش وەکو کچەکانی تر نییە! ئەی تۆ نالێی لەڕووی نەهاتوە کە بە تەلەفون قسەم لەگەل بکات؟ کەوایە ئەویش لەگەل چینی خۆیدا هاوڕێ نییە!
کتوپڕ دەستی بە پێکەنین کرد.
- بۆچی پێدەکەنیت؟
گەنم هیچ!
- ئەگەر نەیلێی بەڕاستی دلگران دەبم!
گەنم دلگران مەبە پێت دەلێم، دەزانی بۆ وای کردوە؟
سەیرێکم کرد
گەنم ئاخر دەزانی تۆ ڕەوشتت چۆنە! بۆیە ئەو فێلەی کرد تۆ وابزانی ئەو کچێکی شەرمن و بە حەیایە!

ئەمەی وت و دیسان پێکەنی! کاتێ پێدەکەنی و سەری بەرز دەکردەوە و قژی بەرەو دواوە دەڕۆیشت ئەوەندە جوانتر دەبوو، هەر حەزم نەدەکرد چاوی لەسەر لا ببەم، بەلام خێرا بەئاگا هاتمەوە و ناوچاوانم گرژ کرد و وتم:

- دەی ئیتر بڕۆ. خێرا پێکەنینەکەی بزر بوو و ڕوخساری سور هەلگەڕا و وتی:

- خوات لەگەل. کە هەلگەڕایەوە بڕوات وتم:

گەنم لەئێستا بەدواوە ئاوا مەیە پشت پەنجەرەی ژوورەکەم!

ڕاوەستا و سەیرێکی کردم و وتی:

دنیا دەسەوامە..........................

جا پێ کەنی و ڕۆیشت!

دیسان ڕۆیشتم لەسەر تەختە خەوەکەم ڕاکشام. شریتەکە تەواو ببوو، بەلام لەشم نەبوو هەستم و بیخەمە ئەودیو. چاوەکانم داخست و گوێم لەجیکە جیکی چۆلەکەکان گرت. بەلام کاتێ کامیار لەوێ نەبوو ئەت وت هیچ شتێ جوان نییە! جاری وا هەیە کە مرۆڤ بە شێوەیەک لەکەسێ میهرەبانی و پاکی و هاوڕێیەتی و سۆز دەبینێ، ئیتر ناتوانێ دەستبەرداری بێت! هەموو خراپییەکانی دنیا بە باشی ئەو دەبورێ! هەموو ناشیرینییەکانی دنیا بە جوانی ئەو دەڕەوێتەوە! لەهەموو دوو ڕوویی مرۆڤەکان لەبەر یەکڕوویی ئەو دەبووری! لەبەر ئەوەشە ئەو کەسە بۆنەو ئیتر تەنیا هاوڕێیەک یا خزمێک نییە!

چاوەکانم داخستبوو خەریکبووم بیرم لەم شتانە دەکردەوە و چێژم دەبرد، هەستمکرد سێبەرێک کەوتە سەر ڕوخسارم، چاوم کردەوە و سەیرم کرد کامیار لەبەر پەنجەرەکە ڕاوەستاوە و خەریکە سەیرم دەکات! پێی پێکەنیم کە وتی:

- دایکت بۆت بمرێ! کەس نەبوو دەقەیەک بێت بۆلات بنوێ بە تەنیا نەبی؟

- خوا بت برێ یەکێ دەیبیستێ، عەیبە!

کامیار خەفەت نەخۆی ها هەر ئێستا دێم بۆلات و دەنوم!

بە پێکەنینەوە هەستام و لەپەنجەرەوە بازێکم دایە دەرەوە و وتم: هەلوژەکانتان خوارد؟

کامیار نە بە گیانی تۆ! هەر کاتمان نەبوو! ئەوەندە ئەو دوو مندالە بەستەزمانە لەئەدەبدا لاواز بوون کات نەما ڕوو بکەینە هەلوژە خواردن! هەر خەریکی کەم و کورتیەکانیان بووم، تا نەختێ باشتر ببن. یانی دەزانی لەبنەڕەتدا لاواز بوون!



Scanned with CamScanner

خۆ هەر فریای ئەدەبی بەریتانیا و فەڕەنسا نەکەوتین! هەر لەئەدەبی عەرەبدا مابنەوە! باوک سەگە ئەوەندە بەربلاوە ناکرێ لێی تێپەڕی!

ـ ئێستا ئاخری لاوازییەکەیان قەرەبوو کرایەوە؟

کامیار کەمتر لەپێنج ڕۆژ هەر ناکرێ هیچیان بۆ بکرێ! ئەگەر یەکێ بونایە بە یەک دووجار دەکرا پینەی بکەی بەڵام داماوانە دووانن و هەر دووکیان تینوی فێربوونن!

هەر ئەو پێنج جارەم بە باشی وت!

پێکەنینم هات و کتوپڕ ڕومەتیم ماچ کرد وتی:

ـ بێ شەرەفی سوکی بی حەیا ئەوە چیت کرد؟ حەیوان! هەر هیچ نەبێ سەرەتا ئیزنت لێوەرگرتایەم!

ـ ئەی ئێستا ڕێگە دەدەی؟

کامیار ون بەو برۆ دواوەی ڕیزەکە! کابرای مەغۆل! ئێستا ئەم ماچە بۆچی بوو؟

ـ بۆ بێ تاقەتی!

کامیار خوا دەسەوامەکەی لەبەهەشتدا بنێرێ بۆ حۆریەکان! زۆر سوپاس. ڕاستی وانەکەی تۆ چۆن تێپەڕی! سوودی بوو؟

ـ ئا یان نەء، هەر وازی لێبێنە!

کامیار چ وانەیەکت تێپەڕاندوە؟ ئا، وازی لێبێنە چۆن وەڵامێکە؟

ـ ئاخر خۆ من مەبەستێکم بۆی نییە!

کامیار ئەی دوو سەعات لەمەوبەر لەپشت پەنجەرەکەیدا چیت دەکرد؟ خەریکبووی پلەی تاوانی بە دزییەوە سەیرکردنت لەیاسادا هەڵدەسەنگاند؟

ـ نا، خۆیشم نازانم، هەروا ڕۆیشتمە ئەوێ!

کامیار ڕۆڵەگیان دەست بەم گەنمەوە بگرە بۆ تۆ باشە. ئاخری خۆ هەر دەبێ سەر و سامانێک بگری! کێ لەگەنم باشتر؟ هەم جوانە و هەم ناسراوە! تۆیشی خۆش دەوێ! ئیتر چیت دەوێ؟

ـ تۆ لەکوێوە دەزانی؟

کامیار هەواڵەکان لەم باخەدا زوو بلاو دەبێتەوە! ئەمانە سڕ و تریان لای یەکترییە!

ـ بە ڕاستتە؟

کامیار بە گیانی تۆ! ئەمڕۆ دلارام خەریکبوو دەیوت.

پێکەنیم و وتم:ـ لەوانەیە کاتێ خەریکبووی ژیاننامەی هیشامی عەرەبت بۆ دەوتن!

کامیار تا کاتێ خەریکبووم ژیاننامەی قوتامی عەرەبم بۆ تازە دەکردنەوە! وەرە بڕۆین ڕاوەستاوی هەڵیت و پەڵیت دەڵێی!

هەر دووکمان بە پێکەنین و گاڵتەوە ڕێکەوتین بەرەو گەراج کە ئۆتۆمبێلەکانمان لەوێ بوون. ئیتر دڵم سرەوت بوو. هەر سەبارەت بە گەنم پرسیارم لەکامیار دەکرد. حەزم دەکرد دڵنیا بم کە چاوی کامیار بە دووای گەنمدا نییە. کاتێ هەردووکمان سەر ئۆتۆمبێلەکەی کامیار کەوتبووین لێم پرسی:

- کامیار! تۆ هیچکام لەکچە پورەکانت خۆش ناوێ؟

کامیار نە !

- ئەی تۆ کێت خۆش دەوێ؟

کامیار من تۆم خۆش دەوێ وانازانم باوکت بهێڵێ بە یەکەوە زەماوەند بکەین!

- خوا لەناوت با! ئێستا کاتی گاڵتەکردنە؟

کامیار ئەی کاتی گاڵتەکردن کەیە؟ تۆ کاتێکم بۆ دابنێ من گاڵتە بکەم! سەعاتی دوو تا چوار باشە؟

- خەریکم بە ڕاست لەگەڵت قسە دەکەم!

کامیار دەی من هەر مرۆڤەم تۆ بتەوێ بێ گاڵتە قسەم لەگەڵ بکەی؟ تۆ تا ئێستا وشەیەکی ڕاست و دروستت لەدەمی من بیستوە!

- بڕۆ بابە، نەمانوویست! لێخوڕە بڕۆین. ئێستا دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆین؟

کامیار کاتێ بڕیارە بۆ شوێنێ لەگەڵ من بێیت پرسیار مەکە! بهێڵە با بڕۆین، ئەگەر خراپ بوو ئەو کاتە نارەزایەتی دەربڕە!

ئۆتۆمبێلەکەی ئیش پێکرد و لەگەراج هاتینە دەر. کاتێ مەش سەفەر خەریکبوو دەرگای گەراجی لەدوامانەوە دادەخست، کامیار پێی وت: ها مەش سەفەر!

مەش سەفەر بەڵێ ئاغا.

کامیار ئەگەر کەسێ پرسیاری کرد، ئەو دووانە بۆ کوێ ڕۆیشتن چی دەڵێی؟

مەش سەفەر کە پێدەکەنی ء وتی: چی بڵێم ئاغا؟

کامیار دەڵێی کاکە کامیار و کاکە سامان هەر لەگەراج ڕۆیشتنە دەرەوە پیرەژنێکیان چاو پێکەوت کۆڵێکی بە دەستەوە بوو. ئەوانیش سەریان خست و بردیان کە بیگەیەنەماڵەوەی. تێگەیشتی؟

مەش سەفەر بەڵێ ئاغا!



Scanned with CamScanner

سیخوڕی بێ سیخوڕی!
کامیار ئافەرین! لەبیرت نەچێ سیخوڕی
مەش سەفەر ئاخر ئاغا قورسە لەسەرمان درۆ بکەین.
کامیار چۆنە کاتێ سەبەتەی کارەکەری ئەم خانوەی دراوسێمانی بۆ دەبەی تا ژوورەوە بە باجی کەوکەب دەڵێی قاچت ئێشی و هێزی دوو هەنگاو ڕێ ڕۆیشتنم تیا نییە، لەسەرت قورس نییە درۆ بکەی؟
مەش سەفەر هەر خێرا ڕەنگی گۆڕا و وتی:
ـ ئێ...! بۆ هاوار دەکەی کاکە کامیار؟
کامیار دەی جوابم بەرەوە ئیتر!
مەش سەفەر تو خوا هاوار مەکە ئێستا ئەم زەعیفەیە دەیبیستێ و ئاژاوە دەنێتەوە!
بەسەر چاو! بەسەر چاو! هەرچی ئێوە بیڵێن، منیش هەر ئەوە دەڵێم! باشە؟
کامیار ئافەرین، ئێستا دەزانی درۆکردن زۆر سەختیش نییە!
ئەوەی وت و پێی خستە سەر بەنزینەکە و ڕێکەوتین
ـ کامیار تۆ ئەمانەت لەکوێ زانیوە؟
کامیار لەم باخەدا ئەگەر کەسێ ئاو بخواتەوە خێرا هەواڵی دەگاتە لای من!
ـ تۆ گوت خوارد! زۆر شتیش هەیە کە لێی بێ ئاگای!
کامیار چ شتێ؟ وەکو ئەو نامەیە کە گەنم پێی دایت؟
ـ ئێ ...! تۆ لەکوێ دەزانی؟
کامیار ئێستا خۆت وەکو پیاو هەموویم بۆ باس بکە بزانم باسی ئەو نامەیە چییە؟
پێکەنیم و باسی نامەکەم پێوت و وتی:ـ دەی کەرە بۆچی نامەکەت پێدایەوە؟
ـ لەم شتانە بێزارم!
کامیار ڕاستی؟ یانی لەم شتانە لەڕێگەی نامەوە بێزاری، لەڕێگەی ترەوە بێ مەیل نیت.
ـ خوا بت برێ! ئاخری بۆ کوێ خەریکین دەڕۆین؟
کامیار دانیشە و قسە مەکە! ئێستا دەگەین!

•••

نزیکەی سەعات هەشتی شەو بوو گەڕاینەوە ماڵەوە و ڕێک ڕۆیشتین بۆ ماڵی کامیار ئەوان. کە گەشتینە نزیک ماڵەوەیان، دەنگی شریت و چەپڵەڕێزانمان بیست. دیار

بوو هەموو میوانەکان لەویدان. دەرگامان کردەوە و ڕۆیشتینە ماڵەوە و کە لە ڕێڕەوەکە تێپەڕین گەشتینە میوانخانەکە، دایکی هاتە پێشەوە و نەختێ شەڕی لەگەڵماندا کرد و جا پاڵی پێوە ناین بۆلای میوانخانەکە. هەر کە دەرگای میوانخانەکەمان کردەوە، خێرا هەموو بێدەنگ بوون و ئاوڕیان دایەوە و بە مۆڕێکەوە سەیریان دەکردین کامیار و من سەلامامان کرد.

هەموو سەرێکیان ڕاوەشاند، کاملیا خوشکی کامیار لەجێگەی هەستا و هات بۆ لای ئێمە هەر کە گەیشت، سەلامێکی کرد و بە هێواشی وتی:ـ کاکە ئاگات لێبێ جەو خراپە.

ئەمەی وت و ڕۆیشت. بە هێواشی بە کامیارم وت:

ـ دەڵێم هەستە کامیار! هەر دەڵێی زووە! سەیرکە ئێستا؟ ئێستا ئەمانە شتێکمان پێدەڵێن!

کامیار سەیرێکی کردم و وتی: وەرە بڕۆین مەترسە!

هەردووکمان ڕۆیشتین بۆ ناوەڕاستی میوانخانەکە، هەر کە گەشتینە لای مۆبلەکان، باوکی کامیار کە زۆر تووڕە بوو وتی: ئەوە تا ئێستا لەکوێن؟

کامیار خەریکبوو لەسەر قەنەفەکە دادەنیشت زۆر بە هێمنی وتی:

ـ دیارەکەی کە دیارە! دەبێ ئاگام لەمیوانیەکەی ئێوە بێت کە ئاشکرا نەبێ!

هەموو گوێیان تیژ کردەوە! کاکە عەباس مێردی پورە گەورەکەم کە مامۆستای دانیشتوی پەروەردە بوو وتی: کاکە کامیار ئاشکرا نەبێ یانی چی؟

کامیار یانی ئەوەی خاڵۆگیان ناپلیۆن ئاگادار نەبێ کە لێرە میوانیە و ئەو بانگ نەکراوە!

خێرا هەموو بەیەکەوە وتیان: خاڵۆگیان ناپلیۆن؟

کامیار زۆر بە کاو و خۆ خەیارێکی هەڵگرت لەگەڵ قاپێک و خستیە سەر ڕانی و وتی:

ـ حاجی مەم صادق دەڵێم! باوەگەورە کە هەمووتان دەیناسن؟

هەر کە ئەمەی وت هەموو لەجێگەیاندا جوڵان کە هەستن!

کامیار مەترسن! دانیشن! ڕاستە کە دێر هاتین بەڵام بە هەر زەحمەتێک بوو پێنەمان کرد!

هەموو هەناسەیەکیان هەڵکێشا و دانیشتنەوە و کاکە عەباس کە چەقۆیەکی بۆ کامیار گرتبوو بە پێکەنینەوە وتی: بیگرە کامیار گیان! پاکی بکە هەتاکو گەروت تازە



Scanned with CamScanner

بێت! بیلێ بزانم، باسی باوەگەورەت چییە گیانەکەم؟
کامیار چەقۆکەی لێوەرگرت و وتی:
ـ ئێمە نزیک سەعاتێک دەبێ گەیشتوینەتەماڵەوە. هەر کە پێمان خستە باخەکە حاجی مەم صادق بانگی کردین.
ئەمەی وت و دەستی کرد بە پاککردنی خەیارەکە! ئێستا ئەوانیش کە دەوری کامیاریان دابوو، لەدەوری کامیار دانیشتبون، دڵیان نەمابوو و کامیاریش بە کاو و خۆ خەیاری پاک دەکرد! ماڵەکانی ئێمە هەموو دوو قاتی خشتی زۆر زۆر کۆن بوو. ژوورەکانی گەورە و بنمیچی بەرزو و گەچکاری کراو. میوانخانە. هۆڵێکی زۆرگەورە بوو کە لە دووبەش دروستکرا بوو. بەشێکی لەم لاوە و بەشێکی لەو لاوە و ناوەڕاستی وەکو حەسارێک محاجەرەی ئاسنی زۆر جوان بوو کە دوو بەشەکەی لەیەک جیا دەکردەوە، بەڵام لەهەر دوو لاوە دەکرا لاکەی ترت چاو لێبێ. بەینی محاجەرەکان لەو شێوە گیایانە پێچرا بوو کە هۆڵەکەی زۆر ڕازاوە و خۆش کردبوو.
خانوی ئەوانی تریش هەر وابوو. هەموی دووقات، وەکو یەک! بە ڕاستی ڕازاوە بوو! هەر کام لەسوچێکی ئەم باخە گەورە و خۆش و پڕ گوڵ و گیا و درەختەدا. بەڵام من نەمدەزانی کە ئەمانە بۆچی ئەیانەوێ وا بکەن کە باوەگەورە هەمووی بفرۆشێ!
بە کورتی هەروا کە کامیار خەیارێکی پاک دەکرد و هەموو چاوەڕوان بوون کە ئەوە لای ڕوداوەکە بزانن، باوکم هەستا و خوێدانێکی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و ڕۆیشت بۆ لای کامیار و پێیدا و جا بە پێکەنینەوە وتی:
ـ مامە گیان باوەگەورە ئیشی چی پێتان بوو؟
کامیار خوێدانەکەی لەباوکم وەرگرت و بەپێکەنینەوە وتی:
ـ ئیشی بە ئێمە نەبوو! ئیشی بە ئێوە بوو!
باوکم سپی بویەوە و هێواش گەڕایەوە سەر جێگای خۆی!
ئەو شوێنەی کە ئێمەی لێ بووین، ئەو شوێنەی میوانخانە بوو کە بە حساب گەورەکان لەوێ دانیشتبون و گەنجەکانی تایەفەکە ڕۆیشتبوونە ئەو بەشەکەی تر. هەموو کات هەروا بوو.
کاتێ میوانیان بەڕێوە دەبرد، گەورەکان لەم لاوە دادەنیشتن و ئێمەیش دەڕۆیشتین بۆ لای محاجەرە ئاسنەکە.
مامم کە باوکی کامیار بوو، کاتێ ئەمەی بیست وتی:

- ئیشی بە ئێمە بوو یانی چی؟ باش قسە بکە بزانم!
کامیار باش ناتوانم قسە بکەم! یانی ناتوانم هەموو شتێک باس بکەم!
باوکی کامیار دەبێ وشە بە وشەی بڵێی!
کامیار خەیارەکەی بە ساقی خستبوە دەمی، هەڵگەڕایەوە و سەیرێکی باوکی کرد و جا سەیرێکی باوکی منی کرد کە باوکم پێی وت:
- ئا مامە گیان! هەرچی باوەگەورەت وتویە دەبێ تۆیش بۆمانی باس بکەی.
کامیار خەیارەکەی لەدەمی دەرهێنا و وتی: ئاخر ئەوە زۆر باش نیە!
هەموو دەستیان کرد بە قسە کردن و هەر کام شتێکیان دەوت و کامیاریش لەپەسا سەری بۆ لای ئەو کەسەی کە قسەی دەکرد دەگێڕا!
پورە گەورەکەم بڵێ پورێ کویای خراپە؟
پورە بچوکەکەم خراپ ئەوەیە کە بۆمانی باس نەکەی.
کاکە عەباس بیڵێ کامیار گیان! دڵنیا بە قسەکە لێرە دەرناچێ!
دایکم بیڵێ کامیار گیان لەهیچیش مەترسە!
باوکی گەنم کە ئەویش کارمەندی خانە نشین کراو بوو وتی:
- بابە بهێڵن ئەم منالە قسەکەی بکا دەی!
کامیار کە خەیارەکەی بە ساقی هێشتا لەدەستیدا بوو، ڕویکردە ژن و پیاوێک کە ئێمە تاکو ئەو کاتە نەمانبینی بوون و یەکەمجار بوو لەمیوانیەکاندا دەبوون. هەرچەن شتێکی پێش بینی نەکراو نەبوو، هەرکام لەئێمە، زۆر جار خزم یان هاوڕێیەکمان لەگەڵ خۆماندا بۆ میوانی ئەویتر دەبرد. کامیار ئاماژەیەکی بۆ ئەوان کرد و وتی:
- لەبەر میوانەکاندا بیڵێم خراپ نییە؟
کاکە عەباس نە کامیار گیان! خۆ ئەمانە غەریبە نین! ئاغای فەتحین لەگەڵ خێزانی لەخزمەکانی منن! بێ خەم قسەکەت بکە!
کامیار دیسان خوێی کرد بە خەیارەکەیدا و بە ساقی خستیە دەمی و دەستی بە خواردن کرد! فزە لەکەسەوە دەر نە دەهات! هەر لەوێوە کە ڕاوەستابووم، گەنم و ئافەرین و دلارام و کاملیا و کەتایون و کچێکی تر کە هاوتەمەنی گەنم و ئەوان بوو چاوم لێبو ئەوانیش، بێ قرە و فزە خەریکبوون لەپشت محاجەرە ئاسنەکانەوە سەیری ئەمدیویان دەکرد. یانی هەموویان چاویان لەکامیار بوو کە پشتی لەوان بوو. ئاخری کامیار، هەروا کە خەریکبوو سەیری ئەوانیتری دەکرد، خەیارەکەی قوت دا کە باوکی

وتی:
ـ دەڵێی باوەگەورە چی وتوە یان نە؟
کامیار سەری ڕاوەشاند و وتی:
ـ حاجی مەم صادق لەهەیوانی ماڵەکەیدا ڕاوەستابوو کە ئێمە هاتینەوە! ئاماژەی کرد بە ئێمە بۆیە من و سامانیش ڕۆیشتین بۆ ماڵەوکەی. بە پێپلیکانەکاندا سەرکەوتین بۆ هەیوان! جا ڕۆیشتینە ژوورەوە! سەیرمان کرد لەسەر جێگەی جارانیدا دانیشتوە!
کامیار ئەمانەی بە کاو و خۆ دەوت و ئەوانیتریش هەر سەریان ڕادەوەشاندو دەیان وت: دەی
کامیار ڕۆیشتینە لای و دانیشتین! سەیرێکی ئێمەی کرد و وتی: ئەم بەچکە کەران لەکوێن؟
بۆ ماوەیەک بێدەنگییەکی تەواو داسەپا و بەیەکجار گەنم و ئەوان لەو لاوە میوانخانەکە دەستیان بە پێکەنین کرد! ئێستا پێنەکەنن منیش خۆم لەم لاوە خەریکبووم لەپێکەنیندا دەتەقیمەوە، بەلام بە زۆر خۆمم گرتبوو! کامیاریش بە ڕاستی خەریکبوو سەیری مامە و باوک و پورەکانی دەکرد! ئەوان نەختێ خۆیان کۆکردەوە و جا بە زۆر دەستیان بە پێکەنین کرد کە مامم وتی: باوەگەورە بە دڵنیاییەوە بە ئێوەی وتوە!
کامیار نە! بەپێچەوانەوە بە ئەو کەسانەی دەوت! یانی ئێوە و مامم و پورە گەورە گیان و پورە بچوک گیان! ببورن ها!
باوکی کامیار ئێ ...! بەچکە کەر دەزانی چی دەڵێی؟
کامیار من بڵێم چی بابە گیان؟
باوکی کامیار ئاخر ئەوە چ قسەیەکە کە تۆ دەیڵێی؟
کامیار پەیوەندی بە منەوە چیە؟ حاجی مەم صادق ئەمەی وت!
باوکی کامیار خۆ نابێ هەر قسەیەک بڵێی!
کامیار منیش خۆ نەمدەوست بیڵێم! ئێوە ناچارتان کردم.
خێرا هەموو دەستیان بە پێنەکردن کرد و هەر کەسە و شتێکی دەوت...
کاک عەباس قەیناکا بابە! باوەگەورە گاڵتە دەفەرموێ!
پورە بچوکە خوا بمکا بە ساقەی باوە گەورە! چەند ڕەزا سوکە!
باوکم باوەگەورە هەندێ جار گاڵتەی وا دەکا!
پورە گەورە خوا ئاگای لەباوەگەورە بێ! ئەوەندە ئێمەی خۆش دەوێ، ئاوا گاڵتەمان

لەگەڵ دەکات!

ئەمانە هەروا خەریکبوون قسەیان دەکرد کە باوکی کامیار وتی:

ـ ئاخری دەی چیت وت؟

کامیار هیچ! بۆ هەرکامتان بیانویەکم هێنایەوە. یەکێکتانم وت ڕۆیشتوە بۆ بازار، ئەویتر وتم ڕۆیشتوە بۆ گەڕان، ئەویترم وت لەماڵەوەیە! ئیتر هەر چۆنێک بوو پێنەم کرد.

دیسان هەموو دەستیان بە قسە کرد و خوا شوکریان کرد!

باوکم دەی شوکر بۆ خوا بە خێر ڕابورد!

پورە بچوکە الحمدلله!

پورە گەورە ئافەرم بۆ ئەم مندالانە!

کاکە عەباس بەڕاستی ئافەرم! لەکاتی خۆیدا فریامان کەوتن!

کامیار ئێستا هەتاکو بۆگەنی بەرز نەبۆتەوە با باسەکە دەست پێبکەین و ببڕێتەوە!

باوکی گەنم ڕاست دەکا!

مامم دوو سێ کۆکەی کرد و هەمووان بێدەنگبوون و جا نەختێ دوای ئەوە وتی:

ـ ئێوە چ ڕایەکتان سەبارەت بەم باخە هەیە؟ هەر کەس ڕای خۆی دەربڕێ.

سەرەتا هەموو بێدەنگ بوون بۆیە باوکم وتی:

ـ کاکە، ئێوە خۆتان چیدەڵێن؟

باوکی کامیار وەلا بڵێم چی؟ هەرچیەک بێ، سەرمایەیەک لێرەدا کەوتوە کە گەلێ زۆرە! دەبێ بیرێکی لێ بکەینەوە! ئێوە چی دەڵێن؟

باوکم بە ڕای منیش وایە! دەکرێ ئەم سەرمایە بیکەڵکە، بگۆڕیت بە شتێک کەڵکی لێ وەربگیرێ!

پورە گەورە ئا بابە! ئاخر ئەم هەموو عەرزە بۆچی باشە؟

پورە بچوکە ئەویش بەم هەموو درەختەوە! هەر بەیانی دەبێ گسک بە دەستمەوە بێ و ئەم گەڵانە بماڵم! لەم لاوە دەی ماڵی و سەعاتێکی تر کوڵێ گەڵا دەوەرێتە خوارەوە!

باوکی کامیار کە وایە هەمووان یەک دەنگن!

هەموو دەستیان کرد بە وتنی بەڵێ وایە بەڵێ وایە.

کاکە عەباس تەنیا دەبێ پەلەبکرێ! ئەگەر شارەوانی ئاگادار بێ کە بڕیارە یەک درەخت ببڕدرێتەوە، ڕێدەگرێ!



Scanned with CamScanner

باوکی گەنم ئەویش ڕێگەی هەیە! ئەم هەموو باخەیان چۆن دروست کردوە؟ بە پارە ئیتر! پارە بێ هەموو ئیشێ دەکرێ! وانیە جەنابی فەتحی؟

ئاغای فەتحی خەریکبوو شوتی دەخستە دەمیء وتی:

ـ پارەی بەستەزمان بخەیتە سەرمردوو هەڵدەستێ و گۆرانیت بۆ دەڵێ! ئیتر چوار درەخت جێگەی خۆی هەیە خۆ!

باوکی کامیار تەنیا دەمێنێء شێوەی بەشکردن.

باوکم ئەویش کێشە نییە! بە پێی یاسای میرات، کوڕ دوو بەش و کچ بەشێ.

پورەکانم کتوپڕ بێدەنگبوون کە کاکە عەباس وتی:

ـ دەی وایە ئیتر! لەمێژەوە هەر وابوە.

پورەکانم بە ناچاری قوبوڵیان کرد کە باوکی کامیار وتی:

ـ سەرمایە! بۆ سەرمایە دەبێ چیبکەین؟

ئاغای فەتحی ئەوەش لەسەر من!

باوکم ئێوە نەخشەکەتان ئامادە کردووە؟

ئاغای فەتحی نەخشە کێشە نییە!

باوکی گەنم بابە خۆ نامانەوێ ژوورێکی قوڕینە دروست بکەین! باسی بینایەکی سی چل قاتیە!

ئاغای فتحی ئەویش لەسەر من! قەد دڵگران نەبن.

باوکم کەوایە ئیتر کێشەیەکمان نامێنێ!

باوکی کامیار باشترە شەوانە، دارەکان ببڕینەوە! تا خۆر هەڵبێ کۆتایی دێ!

کامیار تا ئەو کاتە دانیشتبوو سەیری ئەوانی دەکرد کتوپڕ وتی:

ـ چی چی ببڕنەوە؟ بۆچی حاجی مەم صادق کەڕە؟ دەنگی مشار لەم باخەدا بەرز بێتەوە بە سیلاحی دوو لولەی خۆیەوە مشار و مشار هەڵگرەکەش دەکا بە یەکێ!

کتوپڕ هەموو بێدەنگ بوون، کاکە عەباس وتی:

ـ ئەم منالە ڕاست دەکا! وادیارە هزری ئەمە لەهەمووتان زیاترە!

کامیار ئێوە وەها لێرە دانیشتوون و خەریکن ماڵەکە بەش دەکەن ئەڵێی حاجی مەم صادق مردووە! لەبەرچاوتاندا زرت و زیندووە! دەست لەچلی لەدرەختەکانیەوە بدەن لەمیرات بێ بەشتان دەکات!

هەر کە ئەمەی وت هەموو ڕەنگیان سپی بویەوە! ماوەیەک دوای ئەوە پورە

چ رایەکت هەیە؟ تۆ خۆت چ رایەکت هەیە؟

گەورەکەم وتی: کامیار گیان، تۆ خۆت چ رایەکت هەیە؟

کامیار ئاخر ئێوە بۆچی دەتانەوێ ئیشی وابکەن؟ چیتان لەم ژیانەدا کەمە؟ خانوی خۆش، جێگەی خۆش، باخێ بەم گەورەیی و جوانییە! داهاتی باش، ئۆتۆمبێلی باش! چیتان دەوێ کەنیتانە؟

هەموو دیسان بێدەنگ بوون، پورە بچوکەکەم وتی:

- یانی تۆ لەگەڵ ئەم بڕیارەدا نیت؟

کامیار دەی دیارە کە نیم! ئاخر ئێوە حەیفتان لێ نایە دەست لەم باخە دەدەن؟ دەزانن چەن تەمەن سەرف بووە تا ئەم باخە بۆتە باخ؟ دەزانی هەر کام لەم درەختانە چ تەمەنێکیان هەیە؟ بە ناخێری زێدی ئێوەیە! ئێوە و ئێمە هەموومان لەم باخەدا لەدایک بووین! ئێستا چۆن دڵتان ڕازی دەبێ کە زێدەکەتان بە دەستی خۆتان وێران بکەن؟!

ئەمانەی وت و تورە و ئاڵۆز، پاڵی دایەوە و بێدەنگبوو، منیش لەو شوێنەی کە ڕاوەستا بووم، ڕۆیشتم بۆ لای کامیار و لەسەر موبلەکەی تەنیشتی دانیشتم و بە هێواشی وتم:

- منیش نیم!

خێرا هەموو ئاوڕیان لێدامەوە و سەیریان کردم پورە گەورەکەم وتی:

- بۆچی بە قوربان؟ دەزانی ئەگەر ئێرە بکرێتەوە چەندە پارەمان دەست دەکەوێ؟ دەزانی بەشی تۆ و باوکت چەنێک دەبێ؟

سەیرێکم کرد و وتم: پورێ گیان هەموو شتێ پارە نییە! سەرەتا ئێمە هەموو شتێکمان هەیە! باوەگەورە ئەوەندەی پێداوین کە لەژیانماندا هیچ کەم و کوڕیەکمان نییە! هەر ئێستایش سەیارەیەک کە لەژێر پێمدایە، نرخەکەی لەئاست بینایەکدایە! دەی ئیتر چیمان دەوێ؟ بۆچی دەبێ خۆمان بە دەستی خۆمان مێژومان لەناو ببەین؟ ئاخر ئەم هەموو پارەیەمان بۆچییە؟ بەخوا ئەم هەموو پارەیە بایەخی بیرەوەرییە خۆشەکانی ناو ئەم باخەی نییە! ئەم وڵاتە بیانیانە، خانویەکی کۆنی کۆڵانەکەیان سەد ساڵ بەو شێوەیە ڕادەگرن! ئینجا ئێمە دەمانەوێ شوێنێکی ئاوا وێران بکەین! ئەوان بۆ ئاسەواری کۆنی ئێمە سەدان ملیۆن دۆلار پارە دەدەن و جامۆڵەیەکی شکاوی حەوتسەد هەشتسەد ساڵ لەمەو پێشمان لەم دەلال و دزانەی ئاسەواری کۆن دەکڕن، ئەو کاتە ئێمە قەیری ئەم شتانەی خۆمان نازانین! لەم چەند وەختەی پێشودا، چەندە ئاسەواری کۆنمان لەوڵات، بە قاچاخ دەرکردەوە و فرۆشتومانە بە وان؟ دەرگای کۆن، لەوحی کۆن، پەیکەری کۆن،



Scanned with CamScanner

کتێبی کۆن و قاپی کۆن! هەرچی ئاسەواری کۆنمان هەبوو لەئێران بردیان! خەیاڵتان لەکوێیە ئاخر! ئەمانە شارستانیەتی ئێمەن! ئەمانە مێژوی ئێمەن! ئەمانە ڕابوردومانن! ئەمانە ڕەگ و ڕیشەمانە! هەنێ مرۆڤی دزی بێ شەرەف هەموو ئەمانەیان بردوە و فرۆشتویانە! بۆچی؟ بۆ پارە! هیچ کامیان بیری ئەوەیان نەکردەوە کە خەریکن شەرەف و ئابڕوی خۆیان دەدزن و دەیفرۆشن بە بیانیەکان! یانی ئەگەر شەرەفیان بوایە ئیشی وایان نەدەکرد! ئێوە بڕوانن شارستانیەتی ئێمەی ئێرانی لەدنیادا چەندە بە بایەخە، ئەم بیانیانە بۆ گۆزەیەکی کۆنی ئەوەندە دۆلار دەدەن. دزینی ئەمانە و فرۆشتنی لەگەڵ فرۆشتنی خاکی ئێراندا چ جیاوازییەکی هەیە؟ لەگەڵ خەیانەت بە نیشتمان دا چ جیاوازییەکی هەیە؟ زۆر تورە ببوم و نەمدەتوانی قسە بکەم و بێدەنگ بووم باوکم وتی:

- بۆ ئەوانەی تۆ دەڵێی ئێمە بردومانە و فرۆشتومانە؟ بڕۆ بزانە کام بێ شەرەفی بێ ناموسە فرۆشتویەتی!

- هەر بێ شەرەف و بێناموسێ فرۆشتویەتی باشە! هەر هیچ نەبێ با ئەو شتانەی کە بۆمان ماوەتەوە ئاگامان لێ بێ! یەکیان هەر ئەم باخە و خانوەکانیەتی! لەم باخەدا چەند چین ژیاون! لەدایک بوون و مردون! ئەمەیش بۆتە شتێکی مێژویی ئیتر!

دیسان بێدەنگبووم هەستم کرد کە لەپاڵ دەستمدا کەسێ ڕاوەستاوە! ئاوڕێکم دایەوە کە گەنمم چاو پێکەوت! لەتەنیشتمدا ڕاوەستا بوو و خەریکبوو بە شێوەیەکی سەرسوڕماو سەیری دەکردم! هەر لەبیرم چویەوە خەریکبووم چیم دەوت! تەنیا چاوم لەگەنم بوو! بۆ تا ئەو کاتە ئەو هەموو جوانیەی گەنمم چاو پێنەکەوتبوو؟

هەروا کە ڕوم لەگەنم بوو، کامیار لەقەیەکی لێدام! هەر کە ڕوم تێکرد وتی:

خەریکبوون سەبارەت بە ئاسەواری کۆن دەتان فەرموو! دەی فەرمون!

- ها؟

کامیار دەردا! ئەڵێم سەرەتا باسی ئاسەواری کۆن تەواو بکە و جا خەریکی سروشتی زیندوو بە!

سەیرم کرد بۆلاندی و پاشان ڕویکردە ئەوانیتر و وتی:

- بڕوانن! ئەم درەختانە پێناسەی ئێمەن! ئەم گوڵ و گیایانە بنچینەی ئێمەن! ئەم خاکە شەرەفی ئێمەیە! ئێمە دەبێ بە چنگ و ددان ئاگامان لێ بێ! نابێ تەنانەت ئیزن بدەین بستێکی دەستی لێبدرێ! پێتان دەڵێم! من خۆم کە لەسەداسەد دژی بڕینەوەی یەک چڵی ئەم درەختانەم چ بگا بەوەی هەموو درەختەکان بە شەودا ببڕنەوە! بە

خوا ئەگەر بەدەست یەکێکەوە مشار یان تەورم چاو پێبکەوێ من دەمێنم و ئەو! هەر لەئەمشەوەوە دەست دەکەم بە کێشکی! کە وای لێهات کچە پورەکانیشم بانگ دەکەم تا بەیانی لەناو ئەم درەختانەدا کێشک بگرن! کێشکی منیش لەنیوە شەوەوە دەست پێدەکا تا خۆرهەلاتن! من دەمێنم و ئەو کەسەی کە لەنیوە شەو بە دواوە لەباخەکەدا دەربکەوێ! خوێنی بە ئەستۆی خۆیەتی! لەم کاتەوە، من و ئەم کورە سامان و ئەم کچە پورانەیشم، پشتیوانی ئەم باخ و درەختانەین! تا دوا دڵۆپی خوێنیشمان لەسەر ئەو بڕیارەین! پێتان دەڵێم ها! گاڵتە لەئارادا نییە! خۆتان کۆکەنەوە! ئیتر قسە، قسەی خوێن و خوێن ڕشتنە!

ئەمەی وت و بێدەنگبوو کە لەپشت سەرمانەوە یەکێ دەستی کرد بە نچ نچ کردن! کە من و کامیار ئاوڕمان دایەوە و سەیری دواوەمان کرد، سەیرمان کرد ئافەرین و دلارام و ئەو کچە لەدوامانەوە ڕاوەستاون و ئەو کچە نچ نچ دەکا و سەری ئەلەقێنێ! کاتێ کە زانی کە ئێمە خەریکین سەیری دەکەین بە کامیاری وت:

- ئێوە بە ڕاستی دەتانەوێ لەبەر چەند چڵ درەخت مرۆڤێک بکوژن؟

کامیار من گو ئەخۆم بهێڵم لەبەر هەموو درەختەکانی دنیایش دڵۆپێ خوێن لەلوتی کەسێ بتکێ!

کچەکە بە سەرسوڕماویەوە سەیری کامیاری کرد و وتی:

- ئەی نەتانوت ئەگەر مشار بە دەستی کەسێکەوە ببینم...

کامیار نە، نە، نە! من نەمامەکانم وت! ئەم درەختانە خۆ ئیتر پیر بون و ئەمڕۆ و سبەیە کە ڕەگەکەیان کرم تێی با! هەر دەزانن چییە؟ دەبێ لەم شەوەوە هەر کام لەئێمە تەورێک هەڵبگرین و بکەوینە ناو ئەم درەختانە! نابێ ڕۆژ بێتەوە دەبێ ئەم باخە ساف و ڕێک بدەینە دەست!

ئەرکی سەر شانی هەر ئێرانیەکی ڕەسەنە کە درەختەکۆنەکان بە ڕەگ و ڕیشاڵەوە هەڵکەنێ! ئێوە ئەگەر نەختێ سەرنج بدەن لەم چەند ساڵەدا، لەخوا بە زیاد بێ ئێمەی ئێرانی ئەرکی سەرشانی خۆمان بە تەواوی گەیاندۆتە ئەنجام! بەو پەڕی هێز و توانامانەوە، کەوتوینەتە گیانی ئەم وڵاتە و بە هەوڵ و تێکۆشانەوە گەیاندومانەتە ئێرە! ببورن، ناوی ئێوە چییە؟ چۆنە من هەتاکو ئێستا شانازی ناسینی ئێوەم بەدەست نەهێناوە!

- من نگینم.

کامیار بەه بەه! چ ناوێکی خۆشە! خۆزگەم بە بەختەوەری ئەو مستیلەیەی کە ئێوە نگینی بن! بە یارمەتیتان من هەر ئێستا دێمە خزمەتتان و تێزی تەواوم سەبارەت بە سروشت بۆتان باس دەکەم!

ئەوەی وت و ویستی هەستێ و بڕوا دەستیم گرت و نەمهێشت هەستێتەوە و مۆرم لێ بردەوە بۆیە وتی: ئەوە بۆ ئێوە لەپشت منەوە ڕاوەستاون، جوان نییە بەخوا! فەرموونە ئێرە دانیشن هەتاکو من باسی ئەم باخە بیڕێنمەوە. سامان هەستە بڕۆ لەجێگەیەکیتر دانیشە بزانم!

هەموو بێدەنگبوون و سەیری کامیاریان دەکرد! نگین هەروا کە لەپشت موبلەکەی کامیارەوە دەهاتە پێشەوە وتی:

- ئەی چی لەباوەگەورە دەکەن؟

کامیار ئەوە لەسەر من! ئێوە لێرەدا دانیشن تاکو من پێتان بڵێم. خۆم بە هەر شێوەیەک بووە ڕازی دەکەم. بە مەرجێ کە ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ مندا هەبێ و بە یارمەتی یەکتری کێشەکە بیڕێنینەوە! هەستە سامان! ئەی نازانی خانم بە سەر پێوە ڕاوەستاون؟

بەناچاری لەجێگەم هەستام و نگین سوپاسێکی کردم و دانیشتە سەر موبلەکە و وتی:

- ئەگەر ڕازی نەبون چی؟

کامیار دەی دەیکوژین! هەر بەو مشار و تەورانە لەت و پەتی دەکەین! یانی دەزانی چییە؟ تەمەن بۆ پیاوی پیر حەفتا ساڵ و بۆ پیرە ژن شەست ساڵ بەسە! ئەم حاجی مەم صادقە، نزیک دە ساڵیش زیاتر لەمەرجی دنیا ژیاوە! تازەکیش چەندین گوێزی لەو سەری باخەکە داناوە و ئەو جارە بە منی وت چاوەڕوانم نۆبەرەی گوێزی ئەمانە بخۆم! ئێوە نازانن گوێز چەند ساڵی پێدەچێ تا سەمەر دەدا؟ هەر هیچ نەبێ حەوت ساڵ! ببورن لێتان دەپرسم ها! بەڵام ئێوە سودێک لەم مامەڵەیە وەردەگرن؟ یانی ئەگەر ئەم درەختانە ببڕنەوە بۆ ئێوە چ سودێکی هەیە؟

نگین کە پێدەکەنی و چاوی لەسەر کامیار نەدەتروکاند وتی:

- من کچی ئاغای فەتحیم.

کامیار ئێ...! ئێوە کچی عەمروعاسین؟

نگین بەڵێ؟



Scanned with CamScanner

کامیار ئەی بۆ هەر ئەو ئاغای فەتحییە نالێی کە دەوری عەمرو عاسی هەیە؟
نگین نەخێر! ئێمە هیچی ئەوان نین! باوکی من خەریکی بیناسازییە!
کامیار ئەها! ئاوا! کە وایە وا بڕیارە ئەوان ئەم بینایە بکەنەوە!
نگین ئەگەر کێشەکەی ئێرە چارەسەر ببێ.
کامیار هەر چارەسەر دەبێ! بۆ نەبڕێتەوە؟ کە وای لێهات ئێمەی گەنج باشتر وایە هیچ حەقمان بە سەر ئەم شتانەوە نەبێ! دەڵێم چۆنە هەموو ئەرکی درەختەکانی ئەم باخە بخەینە ئەستۆی باوکی ئێوە! یانی بە دەستی ئەوی بسپێرین! ئەوان خۆیان دەزانن دەبێ چی لەم درەختانە بکەن! باشترە ئێمەی گەنج هەستین و بڕۆینە ئەو بەشەی هۆڵەکە درێژە بە باسی سروشتی زیندوو بدەین! چۆنە؟ هەستن! هەستن بڕۆین ئیتر نابێ دەست بخەینە نێو ئیشی گەورەکان! هەستن! ئەمەی کە وت سەرەتا خۆی هەستا و جا دەستی نگینی گرت و هەڵیساند و ئاماژەی بە منیش کرد کە هەستم و بە کورتی هەمووی بەرێخست بۆ ئەو بەشەیتری هۆڵەکە و دەقەی ئاخر خۆی ڕویکردە مامم ئەوان و ئاغای فەتحی و وتی:
- ئەم درەختانە بە دەستی ئێوە سپێردراوە. خۆتان شتێکی لێبکەن! پاشان ڕویکردە ئێمە و وتی:
- هەتا ئێوە دەڕۆنە پشت ئەم محاجەرە ئاسنانە من دەڵێم بە مەش سەفەر چوار چامان بۆ بێنێ گەرومانی پێ تازە بکەینەوە! باشە؟
ئەمەی وت و هەروا کە بەدەنگی بەرز مەش سەفەری بانگ دەکرد لەدەرگای میوانخانەکە ڕۆیشتە دەرەوە. ئافەرین و دلارام و نگین و کاملیا، ڕێکەوتن بڕۆن بۆ ئەو بەشەیتری میوانخانەکە، منیش ڕۆیشتم بۆ تەنیشت گەنم و پێم وت:
- ئەی تۆ نایەی؟ هەروا کە ڕێدەکەوت دەستی بە پێکەنین کرد:
- بۆ پێدەکەنی؟
گەنم لەقسەو ئیشی ئەم کامیارە! دەڵێ دارەکان بسپێرین بە ئاغای فەتحی!
منیش دەستم بە پێکەنین کرد، چەند هەنگاو ئەولاتر ڕاوەستا و ئاوڕی دایەوە و سەیری چاوەکانی کردم و وتی:
- ئەمڕۆ بۆ هاتبویتە پشت پەنجەرەی ژوورەکەم؟ سەرم داخست و وتم:
- ببورن، هەڵەم کرد! زۆر لێم زویر بوی؟
گەنم نە.

- دەی هەستە بڕۆین بۆلای ئەوانیتر.

گەنم دەمەوێ وەڵامم بدەیتەوە!

- نازانم چی بڵێم.

دیسان سەیری کرد و ڕێکەوت و هەردووکمان ڕۆیشتین بۆ لای ئەوانیتر. هەرکە گەیشتینە پشت محاجەرە ئاسنەکان و ویستمان دانیشین کامیار هاتەوە و وتی:

- ئێ ئەوە بۆ هاتون بۆ ئێرە؟

- خۆت وتت بێین بۆ ئێرە!

کامیار نە بابە، ئێرە چییە پیاو دەخنکێ؟ با بڕۆینە دەرەوە بۆ هەوای ئازاد! حەیف نییە هەوایەکی ئاوا مرۆڤ وازی لێبێنێ و داتەپێتە ماڵەوە؟ هەستن یاالله!

ویستم شتێک بڵێم چاوێکی لێداگرتم و منیش هیچم نەوت. دیسان هەموومان ڕێکەوتین بۆ لای دەرگای میوانخانەکە کەتایون، خوشکە بچوکەکەی کامیاریش دوامان کەوت. هەر کە کامیار چاوی بە کەتایونی کەوت وتی: تۆ بۆ کوێ دێی بەبە؟

کەتایون منیش زۆر حەزم لەسروشتە! دەمەوێ قسەکانی ئێوە سەبارەت بە ئەوە گوێ بگرم.

کامیار ئێ ...؟ تۆش حەزت لەسروشتە؟

کەتایون ئا کاکە، زۆر!

کامیار وەرە بڕۆین خوا ئاخر و عاقیبەتی ئێمە لەگەڵ تۆدا بە خێر بکا، ماشەڵا هەزار ماشەڵا تۆ زۆرت حەز لەفێربونە!

بە کورتی هەموومان بە پێکەنین لەمیوانخانەکە هاتینە دەر و لەبەر ماڵەوە دەرچوین و ڕۆیشتین بۆ ئەو بەشەیتری باخەکە کە بە ئەسپایی بە کامیارم وت:

- باسەکە چییە؟

کامیار هیچ مەڵێ مەش سەفەرم ناردوە بە دوای باوەگەورەدا!

- بە ڕاستتە؟

کامیار ئا بەڵام فزە مەکە!

هەموومان بێدەنگ دەستمان کرد بە پیاسەکردن بە ناو درەختەکاندا. هەوا زۆر خۆش بوو، مەش سەفەر یەک دوو سەعات پێشتر باخەکەی ئاوپرژێن کردبوو و بۆنی شێی عەرزەکە دەهات. تاریکی داهاتبوو و چرای باخەکە هەڵکرا بوو. وردە وردە ڕۆیشتین بۆ ناوەڕاستی باخەکە و لەشوێنێکدا لەسەر دوو کورسی بەرانبەر یەکتری

دانیشتین کە نگین هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و وتی:

ـ بەڕاستی حەیفە شوێنێکی ئاوا لەناو بچێ!

کامیار ڕۆیشت لەکنیدا دانیشت و وتی:

ـ لەسەرەتای مێژووەوە هەتاکو ئێستا، مرۆڤەکان لەبەر عەرز و ئاو و وڵاتیان بەیەکەوە شەڕیان کردوە و کوشتیانە و کوژرایشن!

نگین ئێوەیش دەتانەوێ هەروا بکەن؟

کامیار بەس سەیری کرد

کەتایون کاکە منیش زۆر حەزم لەم باخەیە!

کامیار پێکەنی و ڕۆیشت باوەشی پیاکرد و دەستێکی بە قژیدا هێنا و وتی:

ـ کەتی! وادەزانی لەسەر چەند دانە لەم درەختانە وێنەی دڵی پێکراو هەڵکەنراوە و لەسەر چەند دانەیاندا وێنەی دوو دڵ لەلای یەکتردا؟

کەتایون دە دانە کاکە؟

کامیار دیسان پێی پێکەنی و وتی:ـ نەء، زیاتر!

کەتایون بیست دانە؟

کامیار سەری ڕاوەشاند

کەتایون خۆت بڵێ کاکە.

کامیار لەسەر هەموویان!

کەتایون لەسەر هەموویان؟

کامیار ئا، لەسەر هەموویان.

کەتایون بۆ شتی وا دەبێ کاکە؟

کامیار بۆ نابێ؟

کەتایون ئاخر زۆر زۆرن! کێ دەتوانێ ئەم هەموو دڵە لەسەردارەکان هەڵکوڵێ؟

کامیار خۆم! نیوەی زۆری من هەڵمکۆڵیوە! ئەوانیتریش کەسیتر!

هەر کە ئەمەی وت، ئافەرین و دلارام و گەنم و کاملیا، بە پێکەنینەوە سەیری یەکتریان کرد و کەتایون وتی: من تاکو ئێستا هەڵمنەکۆلیوە کاکە!

کامیار تۆش ڕۆژێ هەڵیدەکۆڵی! یانی هەموومان ڕۆژێ لەسەر لەشی درەختێ هەڵیدەکۆلین! جاری وا هەیە دوو دڵ لای یەکدا، جاری وایش هەیە یەکێکی تەنیا و بریندار! من کەوا بووم!

هەڵکوڵیوە!
کەتایون کاکە باسی بکە بزانم تاکو ئێستا چەند دڵت هەڵکوڵیوە!
کامیار کچێ تۆ چەندە........ پرسیار دەکەی.......!
کەتایون تو خوا کاکە بڵێ!
کامیار ڕویکردە ئەوانیتر کە هەموو تەنیا سەیری دەمیان دەکرد و ماوەیەک ڕاوەستا و وتی: هەمووی خۆ ناکرێ بەڵام ئەختێکت بۆ باس دەکەم.
هەستا و ڕێکەوت و هەموومان دوای کەوتین. بیست مەترێ ڕۆیشتین لەناو درەختەکاندا، لەبەر درەختێکی گەورە و کۆندا ڕاوەستا و لەگیرفانیدا چەرخەکەی دەرهێنا و هەڵیکرد و دەستی بەرز کردەوە و شوێنێ لەدارەکەی ڕوناک کردەوەو بە هەموانی نیشاندا و وتی:
- سەیری ئەم دوو دڵە بکەن!
هەموومان سەرمان بەرز کردەوە و ڕۆیشتینە پێشەوە و سەیری دوو دڵەکەمان کرد کە کامیار نیشانمانی دەدا. وەکو ئەوە بوو کە شوێنێ بوو بێ بە برین و دیسان گۆشتی تازەی هێنابێتەوە. تەنیا ڕەنگەکەی جیاوازی هەبوو. وەکو ئەوە بوو کە بە ماجیکێکی ڕەش و لار و لەوێر دوو دڵی لەناو یەکدا هەڵکوڵیبێ!
کامیار تازە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییم تەواو کردبوو. هەر بەرانبەری ئەم باخە، ئەختێ سەروتر، خانویەک هەبوو کە ئێستا نەماوە. چەند ساڵ لەمەوبەر ڕوخاندیان و لەجێگەیدا ئەو بینا تازەیەیان کردۆتەوە. بەڵام پێش ئەوەی بیروخێنن، خێزانێکی تیا دەژیا کچێکی بچوکیان هەبوو. ئەو کچە بچوکە ناوی مریەم بوو. کاتێ من پۆلی دووهەم بووم ئەو پۆلی یەک بوو. کاتێ من ڕۆیشتمە پۆلی سێ ئەو ڕۆیشتە پۆلی دوو و هەروا تاکو من ڕۆیشتمە پۆلی پێنج و ئەو ڕۆیشتە چوار.
جا ئاوڕێکی لەمن دایەوە و وتی: بیرت کەوتەوە سامان؟
پێکەنیم و سەرم ڕاوەشاند. دوایی وتی:
- ئا، من و ئەو سامانە، هەمووکات هاوینان لەگەڵ مریەمدا یاریمان دەکرد، ماڵەباجینە، قەرا قەرا، بازبازێن، تۆپێن! کاتێ منداڵەکان کۆدەبونەوە، لیژنەیەکی زۆر دەبووین کە بە یەکەوە یاریمان دەکرد. ڕێگەی مەکتەبمان یەکێ بوو. کاتێ قوتابخانە بە یەکەوە لەشەقامێک دەپەڕینەوە و کاتێ هاتنەوەیش بە یەکەوە لەشەقامێکیتر! هاوینانیش کە بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە، یاری بەرقەرار دەبوو. لەبیرمە کۆتایی ئەو هاوینە بوو. ڕۆژێکیان بەیانی زوو لەخەو هەستام، نازانم بۆچی کتوپڕ بێتاقەتی مریەم بووم! خێرا

دەست و دەم و چاوم شۆرد و نیوە و ناتەواو نانی بەیانیم خوارد و لەباخ دەرچوم! سەیر ئەوە بوو هەر کە گەیشتمە دەرەوە، سەیرم کرد منداڵەکان لەدەرەوە خەریکن لەنێو شەقامەکەدا یاری دەکەن، بەڵام مریەم لەبەر دەرگای ماڵەوەیان ڕاوەستاوە و خەریکە سەیری دەرگای باخەکە دەکات! هەر کە چاوم پێی کەوت جۆرێکم لێهات! ڕۆیشتمە پێشەوە ئەویش هاتە پێشەوە هەر کە پێیگەیشتم وتم بۆچی لەگەڵ منداڵەکاندا یاری ناکەی؟ ئەویش زۆر ئاسایی وتی: تۆ نەبی حەزناکەم لەگەڵ ئەوانیتردا یاری بکەم!

ئەم دوو دێڕە لەزمانی کچ و کوڕێک، بەو هەموو ساکارییەی خۆیەوە بەس بوو کە عەشق و خۆشەویستی لەدڵی هەردووکماندا چەکەرە بکات!

لەدوای یاری، کاتێ گەڕامەوە ماڵ، یەکەم ئیشێ کە کردم ئەوە بوو بە چەقۆ دوو دڵ لێرەدا هەڵکۆڵم! هەڵبەت ئەو کاتە لەوانەیە باڵای من لەمەتر و نیوێ زیاتر نەبوو بێ. ئێستا ئەو درەختە ئەوەندە گەورە بوە و بەرز بووە! ئەو کاتە من لەخوارەوەیدا دڵەکانم هەڵکەند!

بە کورتی ڕۆژانی ئاخری هاوین وەکو با تێدەپەڕین و دەڕۆیشتن بەیانیەکیان کاتێ ڕۆیشتم، لەگەڵیدا یاری بکەم سەیرم کرد چاوی پڕ لە گریانە! لێم پرسی چی بووە؟ وامزانی کەسێ ئازاری داوە بەڵام زانیم وا بڕیارە تا چەند ڕۆژێتر لەوێ کۆچ بکەن و بڕۆن! لەو کاتەدا بۆ یەکەمجار تامی جیاییم کرد! چەندەها پلانم داڕشت! تەختەیەکم دروست کردبوو و چەن بزمارم پیا کوتا بوو بۆ ئەوەی کاتێ ئۆتۆمبێلی بار هەڵگرەکە هات بیخەمە ژێر پێچکەکانی پەنچەر ببێت و نەتوانێ کەل و پەلی ماڵی مریەم ببات! قوتویەک بۆیەم لەگاراژدا هاوردبوو کە بیڕێژم بە جامی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکەدا تاشۆفێرەکە نەتوانێ بەردەمی خۆیی چاو لێبێ! سەگێکم لەدەرەوە دۆزیبووەوە و بە تەنافێ لەبەر ماڵی مریەم دا بەستبومەوە کە کاتێ ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکە هات بەری بدەمە شۆفێرەکە! هەر وا هەزار و یەک پلانم داڕشتبوو کە ڕێ لەکۆچی مریم بگرم! ئەویش بڕوای پێم بوو دڵی قایم بوو کە من دەتوانم ڕێ لەڕۆیشتنی بگرم! منیش لەپەسا بڕیارم پێدەدا و لەم قسانە! هەر جاریش کە دەهاتم و سەیری ئەم دوو دڵەم دەکرد، بەهێزتر دەبوم، تا ئەوەی کە ڕۆژێکی مابوو بۆ کۆچی ئەوان، بە زۆر و زللەو شەق، منیان هەڵگرت و بردمیان بۆ باکورا! هەر کاتم نەبوو بۆ دوا جار مریەمم چاو پێبکەوێ، چ بگات بەوەی کە ڕێ لەڕۆیشتنیان بگرم!

کە گەیشتە ئێرەی قسەکانی، هەناسەیەکی هەڵکێشا و سەیری دوو دڵەکەی کرد و وتی:

ـ کاتێ کە لەباکور گەڕامەوە، ماڵی مریەم و ئەوان چۆڵ بوو، پرسیارم لەمناڵەکان کرد، وادیار بو ئەو ڕۆژە بەیانیەکەی لەو خانوە ڕۆیشتبوون. مریەم تەنیا شتێکی بۆ بەجێ هێشتبوم! یادگارییەک! ڕاسپاردەیەک! گلەییەک!

مناڵەکان دەستیان گرتم و بردمیان بۆ بەر ماڵی مریەم و لەسەر قەدی درەختەی شتێکیان پێ نیشاندام! دەزانن چی بوو؟ وێنەی دڵێک! دڵێکی پێکراو!

لەبیرمە هەر ئەوکاتە ڕۆیشتمە سەر دیوارەکەیان و بازم دایە حەوشەکەیان! خانوەکە چۆڵ و هەموو شتێ شپرزە بوو! لەپشت دەرگای حەوشەکەیاندا دانیشتم و تێر گریام!

کاتێ گەڕامەوە بۆ باخەکەی خۆمان، هاتم بۆ ژێر ئەم درەختە و لەژێر ئەم دڵەدا، دڵێکی برینداریم هەڵکۆڵی!

ئیتر لەو کاتە بەدواوە لەبیرم نەماوە کە چەند دڵم ساخ و سەلامەت کێشاوە و چەندەی ترم پێکراو!

لەم دواییانەدا ئەوەندە دەستم ڕەوان ببوو، هەر کە چەقۆکەم بە دەستمەوە دەگرت چەقۆکە خۆی دوو سێ دڵی هەڵدەکۆڵی! ئەمەی وت و ئاوڕی دایەوە و بە پێکەنینەوە سەیری منی کرد، خەریکبووم پێی پێدەکەنیم!

کەتایون کاکە! منیش دەتوانم ڕۆژێ لەسەر ئەم درەختانە دڵ هەڵبکۆڵم؟

کامیار بە پێکەنینەوە لەبەردەم کەتایون دانیشت و وتی:

ـ ئا ئەزیزم، بەڵام بە مەرجێ نە ئەو دڵانە و نە ئەم درەختانە لێل نەکەی! ئەم شتانە تا کاتێ جوانن تێکەڵ بە پیسی نەبوو بن!

جا ڕومەتی ماچ کرد و هەستا و سەیرێکی نگینی کرد کە بێدەنگ خەریکبوو سەیری دەکرد و وتی: وا دەزانم کە کاتی ڕۆیشتنی ئێوە هاتوە نگین خانم!

نگین بۆچی؟

کامیار ئاخر کەسێکی ڕەزیل و بێشەرەف هەواڵی بە باوەگەورە داوە کە خەریکن دژ بە باخەکەی پلان دادەڕێژن ئاوەتا! ئەوەیش باوەگەورەیە کە خەریکە دەچێ بزناو جەرگەی کەتنەکە.

هەمووومان ڕومان کردە شوێنێ کە کامیار نیشانی دەدا و سەیرمان کرد باوەگەورە خەریکبوو بە گۆچانەکەیەوە بۆ پێشەوە دەڕۆیشت و مەش سەفەریش بە دوابەوە! کتوپڕ هەموو بۆلای ماڵی کامیار ڕایان کرد! تەنیا من و کامیار و گەنم لەوێ ڕاوەستاین، سەیرێکی درەختەکەم کە کامیار لەسەریدا دڵی هەڵکۆلی بوو کرد و وتم:





Scanned with CamScanner

خۆشە کە بیرەوەرییەکان لەسەر جەستەی ئەم درەختانەدا دەمێننەوە!
- ع خۆشە کە بیرەوەری ئەم بەشە لەدرەختەکانە! گەر بتوانی بە هەر کام لەم کامیار ئەمانە خۆ بیرەوەری درەختانەدا سەر بکەوی، زۆر دڵیترت چاو پێدەکەوێ کە بیرەوەری چینی پێش ئێمەی تیایدا هێلانە کردوە!
دوو دڵ بە دەستی مامە! دڵێک و تیرێ بە دەستی باوکم! دوو دڵ کە زۆریش ناسک هەڵکۆڵراوە بە تەوقەی قژی پوریێ!
بە سەرسوڕماویەکەوە سەیرم کرد و پێکەنیم و وتم: بە ڕاستتە کامیار؟
کامیار خۆ ئەوە هیچ نییە من دڵنیام ئەگەر بتوانن تۆزێ بە درەختەکاندا سەر کەوین، گەلێ دڵی پیریتر دەبینین کە یان بە چەقۆی باوەگەورە لەسەر درەختەکە هەڵکۆڵراوە یان بە تەوقەی قژی خوالێخۆش بوو نەنکم! عەشقە ئیتر! هەر بووە و هەر دەشبێ!
ئەمەی وت و پێکەنینێکی بۆ من و گەنم کرد و ڕێکەوت بۆ ماڵەوەیان! هەردووکمان ڕاوەستاین و سەیری ڕۆیشتنی کامیارمان دەکرد گەنم وتی:- تۆ ئەو کچەت لەبیرماوە؟
- نا لەبیرمە!
گەنم چۆن بوو؟ جوان بوو؟
- لەو تەمەنەدا دیار نییە، کچێ جوان بێ یان نە!
گەنم با، دیارە!
- خۆ من پێم نەزانی!
ئاوڕێکی لێدامەوە و بەرانبەرم ڕاوەستا و سەیری چاوەکانی کردم و وتی:
- تۆش تاکو ئێستا دڵت لەسەر درەختەکان هەڵکۆڵیوە؟
- نە.
گەنم بە ڕاستتە؟
سەرم ڕاوەشاند و وتم:- ئا!
گەنم یانی تاکو ئێستا یەکێکیشت هەڵنەکۆڵیوە؟
- نا. یانی دەزانی، ئەمانە وەک یاری منالانە وایە لەلام! ڕابواردنە!
گەنم هیچ یاری منالانە نییە!
- یانی هەر کەس عاشق بوو دەبێ چەقۆ هەڵگرێ و بڕوات درەختەکان بریندار بکات؟
گەنم ئەمە بریندار کردنی درەختەکان نییە! تۆمارکردنی هەستێکە! گەورەبونێکە! دوورییەکە!



Scanned with CamScanner

- باشە بنیادەم دەتوانێ ئەمانە بە جۆرێکی تر لەبیر و هۆشیا بچەسپێنێ.

گەنم تۆ بێ هەستی! تۆ تەنیا لەڕووی عەقڵەوە لەهەموو شتێ ئەڕوانی!

- نا! وا نییە! تەنیا لەوانەیە...

گەنم لەوانەیە چی؟

- نازانم!

گەنم تۆ تا ئێستا هەر عاشق بووی؟

- نازانم لەوانەیە!

گەنم کەواتە بووی!

- دەزانی کاتێ لەئامادەیی بووم، کچێک بوو، ڕێگەی لەگەڵ مندا یەکێ بوو. هەموو کات لەڕێگەی قوتابخانەدا دەمبینی. بەیانیان لەگەڵ کامیاردا بۆ قوتابخانە دەڕۆیشتم، ئەویش لەوێوە دەهات و هەرسەیری منی دەکرد. منیش سەیری ئەوم دەکرد. دوای ماوەیەک زانیم هەستێکم لەدڵدا بۆی هەیە، ئیتر نازانم پێی ڕاهاتبوم یان عەشق بوو! ئاخر کچەکە زۆر جوان بوو. کاتێ سەیری دەکردی بە شێوەیەکی تایبەت بوو کە وات دەزانی ...

گەنم باشە! بەسیە! ئیتر نایەوێ بە دور و درێژی باسی بکەی بۆم!

- بەڵام خۆت پرسیارت کرد لێم!

گەنم من تەنیا پرسیارم کرد کە تا ئێستا عاشق بوی یان نە؟ هەر ئەوە!

- دەی ئیتر منیش خەریکبووم دەموت!

گەنم تۆ دەتوانی بە وشەیەک بڵێی ئا یان نە!

- ئاخر خۆیشم نازانم ئا یان نە!

گەنم ئیتر خراپتر! دیارە بۆ عەشقەکەتان دوو دڵت لەسەر درەختەکان هەڵکۆڵیوە؟

- نا! من هەر نازانم لەسەر وەرەقەی سپیش بە قەڵەم دڵێکی ڕێک و پێک هەڵکۆڵم، ع بکات بەوە لەسەر لەشی درەخت، و ئەویش بە چەقۆ!

گەنم بە ڕاستی سامان! باشترە تا زووە بڕۆیت و هەڵکۆڵینی دڵ لەسەر درەخت بە چەقۆ فێر ببی! ئاوا هەر هیچ نەبێ دەکرێ لەگەڵتا قسە بکرێ!

- جا بۆ تورە بووی؟

گەنم من بە هیچ جۆرێک تورە نیم!

- ئەی بۆچی خەریکی دەقیژێنی؟





Scanned with CamScanner

دەقیرێنی!
گەنم دەی تۆیش خەریکی بەڕای من ئەگەر کوڕێ، نەزانێ
- زۆر باشە! باشتر وایە عاقڵ بین! بڕوانە گەنم! ئەوە نابێتە هۆکاری هیچ شتێ! هەر
لەسەر قەدی درەختێ بە چەقۆ دڵێ هەڵکۆڵێ،
عەقڵیش نابڕێ!
گەنم گوێ بگرە سامان! من هەر بێزارم لەمەنتیق و هەرچی مرۆڤی مەنتیقیە!
تێکەشتی؟
ئەمەی وت و بە توڕەییەوە هەڵگەڕایەوە و ڕۆیشت! دوو سێ هەنگاو لێم دوور
کەوتەوە ئاوڕی دایەوە و وتی:
- هەتیوەی شل و شەوێڵ!
کتوپڕ دەستی بە گریان کرد و ڕایکرد و ڕۆیشت! دامابووم بۆ وای کرد! زۆر
توڕە بووم! یەکەمجار نەبوو، ئێمە لەم قسانەمان بەیەک دەوت لەناو کۆڕ و کۆبونەوە
و میوانیەکاندا، لەباخ، لەیاریدا، بە کورتی جار ناجارێ بە یەکتریمان ڕادەبوارد و لەم
قسانەمان دەکرد بەڵام لەم بەیانیە بە دواوە، زانیم هەستم بەرانبەر بە گەنم گۆڕا بوو،
ئەو قسەیە زۆر قەڵسی کردم! خۆیشی ئەمجارە ئەم قسانەی بە شێوەیەکیتر وت!
هەموو کات لەم شتانەمان بە یەکتر دەوت، دوایی پێکەنین و گاڵتەمان دەکرد بەڵام
ئەمجارە بە گریانەوە ڕۆیشت! کتوپڕ زانیم ژاوە ژاوێ لەلای ماڵی کامیار بەرز بویەوە.
ویستم بڕۆم بۆ ئەوێ و بزانم چ باسە بەڵام لەشم نەبوو. ڕێکەوتم بۆ ماڵی خۆمان
و هەر کە گەیشتم لەپەنجەرەوە بازم دایە ژوورەوە و ڕۆیشتمە سەر جێگەکەم. زۆر
لەگەنم توڕە بووم کە ئەو قسانەی پێوتبووم بەڵام هەستێکی خۆشم بەرانبەری بوو کە
لەهەستی ئەم بەیانیەم باشتر و زۆرتر بوو!
کتوپڕ نازانم بۆ پێکەنیم و لەدڵمدا هەستم بە هەستێکی تایبەت کرد! بڵێی عەشق هەر
ئەمە بێ! یانی عاشق ببوم؟ عاشقی گەنم! چ ناوێکی خۆشە!
وردە وردە دەگەڕامەوە بۆ بیرەوەرییەکانم! بیری ئەم ڕۆژانەم هاتەوە یاد کە من و
کامیار لەگەڵ گەنم و ئافەرین و دڵئارام و کاملیادا یاریمان دەکرد. لەبیرمە کاتێ هاوڕێ
گرتن، هەمووکات گەنم دەهاتە لای من! لەبیرمە هەمووکات کاتێ یاری هەنگەشەلێمان
دەکرد و گەنم دەبوو بە گورگ و هەر چەند، دەیتوانی بمگرێ و بمکوژێ، بەڵام وای
نەدەکرد و ئەوانیتری دەگرت!
لەم خەیاڵانادا بووم دەنگی باوک و دایکمم بیست خەریکبوون دەهاتنەوە بۆ ماڵەوە

و بە تورەییەوە لەگەڵ یەکدا قسەیان دەکرد! هەر کە گەیشتنە بەر پەنجەرەکەی ژوورەکەم، باوکم بانگی کردم

- سامان!

- بەڵێ

باوکم نوستووی؟

- نە، خەبەرم...

باوکم ئەی بۆچی گڵۆپی ژوورەکەت کوژاوەتەوە؟

- هەروا، ڕاکشاوم.

باوکم تۆ نازانی کێ باوەگەورەی ئاگادار کردوە؟

- نە، بۆ چی بووە؟

باوکم ئێوە لەکوێ بوون؟

- لەگەڵ کامیار ئەوان لەباخەکەدا بووین، هیچ بووە؟

باوکم نە، برۆ بنو.

ئەمەی وت و لەگەڵ دایکمدا هاتنە ژوورەوە. تاقەتم نەبوو لەبارەی ئەمشەوەوە بیر بکەمەوە. دیسان گەڕامەوە بۆ بیرەوەرییەکانم و هەر دەقەیەک کە لەگەڵ گەنمدا بووم هێنامەوە پێش چاو! بیری هەر کامم دەکەوتەوە شتێکی تازەم دەست دەکەوت! هەموو جار گەنم بە شێوەیەک ویستبوی خۆی لەمن نزیک بکاتەوە بەلام من نەمزانی بوو! چ مرۆڤێکم من! ئەڵێی ئەو قسانەی کە پێی وتم: هەمووی ڕاست بووە! دیسان پێکەنیم! پێکەنینێک کە شێوەیەک لەخۆشی تیا بوو! بە ڕاستی گەنم حەقی بوو کە پێم بڵێ شل و شەوێل لەداخانا ئەوەی پێوتم! لەوانەیە دوای ئەم هەموو ساڵە، کاتێ ئەم بەیانیە بینیویە کە بە دزییەوە ڕۆیشتۆمەتە بەر پەنجەرەکەی و سەیری دەکەم، لەبەر خۆیەوە وتویەتی گۆڕاوم و وەک دەڵێن بووم بە پیاو و لەوانەیە برۆمە پێشەوە و قسەی لەگەڵ بکەم! دوای ئەوەیش کاتێ ئەمڕۆ چەند جار ویستی سەری قسە بکاتەوە، منی کەر قسەکەم دەگۆڕی! چ کەرێکم!

لەم خەیاڵانەدا بووم چاوەکانم گەرم بون و خەوم لێکەوت! کاتێ زانیم بە دەنگێکەوە لەخەو ڕاپەڕیم!

کامیار خەڵکی باخ بێخەم بنون! باخ بێ مەترسییە! ئۆهۆی جڕ و جانەوەرەکان نەجوڵێنەوە ها! نەتلێنەوە ها! داروغە بەخەبەرە! هۆی! شۆڕەکچەکان! هەرزەکارەکان!



Scanned with CamScanner

بە ئەسپایی وەرن! دایک و باوکەکان هێشتا بەئاگان!

سەعاتم سەیر کرد، نەختێ لەدوانزەی نیوە شەو لایدابوو! نەمدەزانی چۆن خەوم لێکەوتوە!

کامیار هۆی! کچە پورەکان! کورە پورەکان! کچە خاڵۆزا و کورە خاڵۆزاکان بە بێ دزکە و بە ئەسپایی وەرن، باخ هێشتا نەختێ بە خەبەرە!

گەشتە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی من باوکم سەری لەپەنجەرەی قاتی سەرەوە هێنایە دەرەوە و وتی:

ـ کورە باشە ئەوە تۆ خەوت نییە؟ بەم نیوە شەوە وازبێنە و برۆ ئیترا!

کامیار چۆنی مامە گیان!

باوکم بەم شەوە لێرەدا چیدەکەی؟

کامیار ئەمشەو سەرەی کێشکی منە! حاجی مەمسادق پێی وتوم ئەمشەو لەم باخەدا کێشک بم. لەدوای نیوە شەو هەر کەسێ لەم باخەدا ببینم ناوی بنوسم و بەیانی پێی بدەم کە تەمێی بکات! تویش خێرا برۆ بنو تا ناوتم نەنووسیووە ها!

باوکم بۆڵەیەکی کرد و سەری بردە ژوورەوە و پەنجەرەکەی قەپات کرد! بازم یا و ڕۆیشتمە دەرەوە.

کامیار لەکوێی تۆ؟

ـ نوستبووم .

کامیار ئەی بۆچی نەهاتی بۆ ماڵی ئێمە؟ نازانی چ باس بوو!

ـ تاقەتم نەبوو.

کامیار گەنم بۆکوێ ڕۆیشت؟

ـ ڕۆیشت بۆ ماڵەوەیان.

کامیار دەی، دەنگ و باس؟

ـ هیچ.

کامیار چاوەکانت دەڵێن درۆ دەکەی! بڵێ بزانم چی بوە؟

ـ وەرە برۆینە ناوەڕاستی باخەکە با پێت بڵێم.

کامیار نەکا دیسان لەجێگەیەکدا ڕاوەستابی بە دزییەوە سەیری گەنمت کرد بێ و ئێستا بە دوای مادەی یاساییدا بگەڕێی؟

ــ برۆ تویش! وەرە برۆین یەکێ دەیبینێ!

هەردووکمان بە یەکەوە ڕۆیشتین بۆ ناوەڕاستی باخەکە لەجێگەیەکدا کە تاریکتر بوو ڕاوەستاین و بەپێکەنینەوە وتم:

ـ کامیار من بە ڕاستی ئێستا پێویستم بە یارمەتیە!

کامیار کورەگیان تۆ تا ئێستا کەی یارمەتیت ویستوە و من دریغیم کردبێ؟ تەنیا تۆ و گیانی دایکت بە دوای مادە و بڕگە و بەند و ئەمشتانەدا مەگەڕێ و بە بێ هۆ ترس مەخە دڵمان!

ـ نەبە گیانی تۆ! ئەمجارە ئیتر لەم باسانە نییە!

کامیار ئافەرم! ئێستا بڵێ بزانم چ یارمەتیەکت پێویستە تا لەزووترین کاتدا هەموو شێوە خزمەتگوزارییەکت پێشکەش بکەم!

ـ دەمەوێ کەسێک بدۆزمەوە کە لەعەشق و عاشقی و ئەم شتانە بزانێ.

سەیرێکی کردم و وتی:

ـ بەڕاستی قوڕ بەو سەرتە سامان! من لێرەدا لەکن تۆدا ڕاوەستاوم و ئەمجارە تۆ بە دوای کەسێکدا دەگەڕێی کە لەم شتانە بزانێ؟ ئێستا ئەگەر بە لەتە خشتێک بماڵم بە سەرتدا حەقتە یان نە؟

ـ ئێ...! چوزانم! مەبەستم تۆیە ئیتر! بەلام بێ گاڵتە و ڕابواردن ها!

کامیار دەی ئێستا قسە بکە! بڵێ بزانم چی بوو!

پێکەنیم و وتم:ـ ئەمشەو دەزانی گەنم چی پێ وتم:؟

کامیار ئەڵێی بابەتەکەت ڕاستییە!

ـ ئا! ئەی چی؟

کامیار زۆر خۆشحاڵ بوو بە پێکەنینەوە وتی:

ـ ئەڵێی دنیا بە دڵی تۆ دەسوڕێ! بیڵێ بزانم چی پێ وتی:؟

ـ پێی وتم شل و شەوێڵ! ئەوەندە لێم تووڕە بوو کە هەر لەباس نایە!

سەیرێکی کردم و پێکەنین لەسەر لێوی بزر بوو و وتی:

ـ بەم حیسابە لەجیاتی گەڕان بە دوای پسپۆڕێک لەبواری عەشق و عاشقیدا، باشترە بە دوای پسپۆڕێک لەبواری گوریس و تەنافدا بگەڕێی هەرچی زووە خۆتی پیا هەڵواسی داماو!

ـ یانی چی؟

کامیار ئاخر ئەوە شتێکە ببێتە هۆی خۆشحاڵی بنیادەم؟ نە! دەمەوێ بزانم تۆ هەر بنیادەمی؟ کچەکە لەیەکەم پەیڤی سۆزداریدا پێی وتوی شل و شەوێڵ، ئەو کاتە تۆ جەژنتە؟ وەلا دارزانی دەوێ سامان! من ئەگەر کچێ قسەیەکی وام پێ بڵێ، بێوچان فیشەکێک لەمێشکمدا بەتاڵ دەکەمەوە. ئەو کاتەیش تۆ ئەم قسەیەت بیستوە و خەریکی

لێرەدا هەڵدەپەڕی!
- ڕاوەستە با پێت بڵێم ئاخر!
کامیار چۆن وتنەکەی ئیتر فەرقی نییە! هەر ئەو وشەی یەکەمیە بەسە بۆ خۆکوشتن
چ بگات بە وشەی دوهەمی!
- ئاخر شێوەی وتن جیاوازە!
کامیار تەنانەت ئەگەر بە باشترین شێوەیش ئەم قسانە بە کوڕێک بوترێ هەر
ناکامێکی جیا لەخۆ کوشتنی نییە! یاللا مەوەستە تا ئابڕوی ئێمەی کوڕت نەبردوە! هەر
هیچ نەبێ ئەوەندە غیرەتت ببێ و ئابڕوی هاو ڕەگەزی خۆت بسێنەوە! یاللا!
- دیسان دەستت پێکرد؟ هەر بگەڕێوە و بڕۆ بۆ ماڵەوەتان.
کامیار باشە دەی باوە! بیڵێ بزانم شێوەی وتنی چۆن بووە.
- گەنم چونکە زۆر تورە بوو ئەمەی بە من وت!
کامیار حەقیەتی وەڵلا!
- یانی بەم قسەیەیدا زانیم کە ئەویش منی خۆش دەوێ! یانی بە ئاماژە پێی وتم کە
خۆشی دەوێم.
کامیار باشتر وانییە لەجیاتی ئەم نقەنق و لێکدانەوەی جۆراوجۆرە و ئاخریش بە
ئێوە بڕیارێک بگەین، ئەو زمانە خاوەن مردوتە بجولێتەوە و قسەکەت ڕێک بکەی؟
- ئێ...! گوێ بگرە! ئێستا دەزانی چی لێم ویستوە؟
کامیار دەنکە جۆیەک غیرەت!
- دڵێ! یانی دوو دڵ!
کامیار بۆ کەسێکی نەخۆش بە دوای دڵدا دەگەڕێ؟
- نە! پێی وتوم تاکو فێر نەبوم لەسەر درەخت دل هەڵکوڵم قسەم لەگەڵ ناکات!
سەیرێکی کردم و وتی:
کامیار مەرجێکی سوکە! خۆزگە لەم مەرجانەیان بۆ من دادەنا! بە گیانی تۆ، بە
دەقەیەک دوو دڵی هەڵکوڵراوم ئامادە دەکرد! ئێستا چیت بەسەر هات کە شتێکی وای
لەتۆ ویست؟
- هەموی خەتای تۆیە ئیتر! لەو میوانیەدا هەمووانت هەڵگرت و بردت بۆ ژێر
درەختەکە و بیرەوەرییەکانی دە پانزەساڵ لەمەو پێشت نیشاندا!
کامیار بیرەوەرییەکانی من چ پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە؟



Scanned with CamScanner

ـ هیچ ئیتر! لێی پرسیم تاکو ئێستا دڵت لەسەر درەخت هەڵکۆڵیوە؟ منیش وتم: نا! وتی: هەر تا ئێستا عاشق بووی؟ منیش بیریکم کردەوە و وتم نازانم. جا وتم کچێ بوو کە لەڕێی قوتابخانە دەمبینی. لەوانەیە عاشقی ئەو بووبێتم. ئەوەم کە وت تورە بوو و وتی: کە وایە لەسەر درەختەکە دڵیشت بۆ هەڵکۆڵیوە؟ منیش وتم لەسەر وەرەقەی سپیشدا نازانم دڵ هەڵکۆڵم چ بگات بە وەی لەسەر درەخت! ئەویش وتی: تاکو ئیتر نەبووی مەیە بە لاما!

کامیار دەی شتێکی خراپت کرد کە ئەم قسەیەت پێ وت!

ـ کام قسە؟

کامیار ئەوەی کە پێت وتوە لەوانەیە عاشق بووبی. نابێ بە کچان ئەم شتانە بڵێی کەرە! هەر کات کچێک بە ناز و عیشوە لێی پرسیت ئازیزم تاکو ئێستا عاشق بوویت؟ دەبێ وەکو شریتێکی تۆمار کراو بڵێی نە! تۆ یەکەم عەشق و دوایین عەشقی منی! ئەگەر دیسان وتی: ئازیزم بە ڕاستی حەزت لەهیچ کچێ نەکردوە؟ دیسان دەبێ بڵێی نە! تۆ یەکەم عەشق و دوایین عەشقی منی! ئەگەر کچێ پێی وتی: ئەزیزم ئەگەر کەسی لەژیانی تۆدا بووە پێم بڵێ دیسان خێرا دەڵێی نە! تۆ یەکەم عەشق و دوایین عەشقی منی.

ـ ئێستا دەبێ چی بکەم؟

کامیار چی؟

ـ دڵەکان ئیتر!

کامیار چەقۆت هەیە؟

ـ لەژوورەکەمدا هەمە.

کامیار ڕاکە و بیهێنە.

ڕۆیشتم بەرەو ماڵەوەمان و لەپەنجەرەکەوە ڕۆیشتمە ژوورەوە و چەقۆیەکی بچوکم هەڵگرت و بۆ لای کامیار گەڕامەوە کە وتی:

ـ وەرە، ئەم درەختە باشە، یاڵلا مەوەستە هەڵیبکەنە خێرا!

کامیار بێ ئەخلاق!

ـ دڵەکان دەڵێم!

ڕۆیشتمە لای درەختەکە و بە چەقۆ دەستم بە هەڵکۆڵین کرد، ماوەیەک دوای ئەوە کامیار سەیری کرد و وتی:

ـ مردوشۆر ئەم عەشقە و ئەم دل هەڵکۆڵینەت ببات! ئەوە دلە هەڵیدەکۆڵی؟ بڕوانە،



Scanned with CamScanner

تو تا ئیستا دلت چاو لێبوە کە چوار سوچ بێت؟
سەیرێکی ئەو دڵەی کەهەڵمکوڵی بوو کرد و وتم:
- ئاخر ئەمە یانی چی؟
کامیار بە هەستەوە هەڵیکوڵە کەرە! خەریکی ئەو دڵە بۆ کچێک کە خۆشتدەوێ هەڵدەکوڵی! بۆ مامۆستاکەت هەڵیناکوڵی تا دەرەجەت پێبدات! سەیر کە! وادەزانی لەسەر ئاقیکردنەوەی زیندەوەرناسی دانیشتوە! بۆ دڵی دهلیز و بەتنی چەپ و ڕاست دەکێشی! دەی تازە دەماری شاخوێنبەر و ڕەگی سییشی بۆ بکێشە با دەرەجەکەت تەواو بێت!
- ئاخر تا ئێستا شتی وام نەکردوە! ئەویش لەتاریکیدا!
کامیار داماو ئەم ئیشانە دەبێ تەنیا لەتاریکیدا بیکەی! بە ڕۆژی ڕون خۆ ناکرێ بڕۆیتە ناوەڕاستی باخ، لەبەردەم دایک و باوکی کچەکەدا، دڵی بۆ بکێشی!
- تو گیانی من کامیار وەرە تۆ لەجیاتی من بیکێشە!
کامیار بە بەه! قۆپی لەسەرەتای عەشق و عاشقیدا؟ داماو قۆپیەکەت بگرن ئیتر ئیکمالیشت ناکەن! ڕێک دەتهێڵنەوە!
- ئاخر من نازانم!
کامیار ئەتتوانی ئەو کاتانە لەجیاتی وانە خوێندن هەستی و ئەم ئیشانە بکەی، تا ئێستا نەکەویتە دوای قۆپی و ئەم شتانە!
- تو گیانی سامان یەک دانەم بۆبکێشە!
کامیار پێمبدە ئەو چەقۆتە داماوی کەری ولاخی مانگای هیچ نەزان! بڕۆ ئەو لاوە بزانم!
چەقۆکەی لێوەرگرتم و وتی:
- ئەگەر کتوپڕ بەیانی خانمی ماموستا وتی وەرە لەپێش چاوی خۆمدا هەڵیکەنە چیدەکەی؟ ئەوا من ئەمجارە بۆم کێشایت!
- بابە ئاخر من هەر نیم لەم باسانەدا! خۆم کە نەبووم هیچ، باوکیشم نەبووە.
کامیار باوکی تو لەم بەرنامانەدا نەبوە؟ دەی وەرە سەرەتا بە دوو دانە لەم درەختانەدا سەرکەوین. سەرەتای قۆپیت نیشان بدەم!
- گوت خوارد! من هەر باوکم لەم بەرنامانەدا نییە! زۆر کات لەسەر سفرەی نانی ئێوارە یان نیوەڕۆدا دانیشتوین و دەیەوێ ئامۆژگاریم بکات، باسی پاکی کاتی گەنجێتی خۆیم بۆ دەکات و دایکیشم دەی چەسپێنێ!



Scanned with CamScanner

کامیار هەر ئەوە دایکت دەبێ بە ڕاستی بزانی! لەڕاستیدا چەند ماوەیەک لەمەو پێش لەسەر درەختێک دوو دڵم دۆزییەوە کە مۆر و ئیمزای باوکتی لەژێردا بوو! سەیر ئەوەیە کە دڵەکان سەرەوخوار کێشرابوو! ئیتر نازانم لەکاتی هەڵکۆڵیندا بە درەختەکەوە هەڵیانواسی بوو یان خۆی لاریی شتێکی بووە!

ـ ئێ...ئێ! ئەم هەڵیت و پەڵیتانە چییە دەڵێی؟ دوو دڵ هەڵکۆڵەو بیبڕینەوە!

کامیار بۆ بەم شل و شەویلییە؟

ـ شل نییە هیچ، زۆریش ڕەقە! ئێستا دەیکێشی؟

کامیار سەرەتا بیلێ بزانم چ جۆر دڵێکت دەوێ؟

ـ لەم دڵانە ئیتر! دوو دڵ هەڵکۆڵەو با ببڕێتەوە!

کامیار یەکەم ئەگەر ئەم دڵانە بکێشی ئیتر نابڕێتەوە! تازە سەرەتایەتی! یانی، هەر کە خاوەنی دڵی دووهەم بهێنیتە ئێرە و دڵەکانی پێ نیشان بدەی، تازە سەرەتای قوڕ بە سەریتە! وەکو تاپۆیەکە! ئیتر ناتوانی لەژێری دەرچی لەبەر ئەوە کە تۆمار کراوە! ئیتر دەبێ کار و ژیانت بخەیتە لاوە و خەریکی ئەم دوو دڵە بی وشک نەبن! ئاو لەکاتی خۆیدا، کود لەکاتی خۆیدا، بژار لەکاتی خۆیدا، هەرەسیش لەکاتی خۆیدا! دەبێ بەیانی بۆ بەیانی بێی و ئەو دەمارانەی کە دەگەن بە دڵ خاوێنی بکەیتەوە ناوەکەیان سماتە لێ بدەی تا کانی دەمارەکە نەگیرێ و عەشقەکە نەتاسێ! دەبێ هەمووکات ئەمپێری خوێنەکەی سەیر بکەی کەم نەبێ! ئەگەر جارێ بینیت خوێنی کەمە، خێرا دەبێ لەجەرگتەوە خوێنی تێ بکەی کە کتوپڕ دڵەکان گرینپاژ نەکەن، زەختی خوێن، سەعات بە سەعات! ڕادەی شەکرە، نیو سەعات بە نیوسەعات! ڕادەی لێدان، دەقە بە دەقە! ژمارەی خڕۆکەی سور، چرکە بە چرکە!

ـ بیدە بە من چەقۆکە! هەرنایەویت هەڵیکەنی!

کامیار خەتای منە کە خەریکم ڕێت پێ نیشان دەدەم!

ـ خۆمن تەنیا دەمەوێ دوو دڵ بکێشم! سەیری خۆت کە کەی فریای ئەم هەموو دڵە دەکەوی؟

کامیار من هەموو ئەو دڵانەی کە هەڵمکۆڵیوە، بە کۆنتەرات سپاردومە بە نەخۆشخانە کە خۆیان ئیشیان بۆ بکەن!

ـ باوە بیکێشە! سەعات یەکی دوای نیوە شەوە!

کامیار دەی ئێستا چ دڵێکت دەوێ؟



Scanned with CamScanner

ـ بۆ چەند جۆر دڵمان هەیە؟

کامیار گەلێ! دڵ هەیە بە دیواری ناسک! دڵ هەیە بە دیواری ئەستور! دڵ هەیە بە سەمامەی میترالی گەورە! دڵ هەیە بە سەمامەی میترالی بچوک! دڵی چرچ! دڵی صاف و ئوتو کراو! دڵی لەت و پەت! دڵی ساغ!

کورە لەکوێی؟ هەرکام لەمانە نیشانەی جۆرێ عەشقە! دڵی ڕەقمان هەیە بە عەشقی دامرکاوەوە، دڵی ناسکمان هەیە بە عەشقی پەرپوتەوە! کە واتە تۆ جۆرەکەی عەشقت بڵێ، من خۆم ئوتوماتیک بۆتی دەکێشم! عەشقی ئاگرینت دەوێ یان عەشقی دامرکاو؟ عەشقی تون و تیژ یان عەشقی ئارام؟ عەشقی خوێنینت دەوێ یان لەسەرخۆ؟

ـ بابە درەنگ بوو!

کامیار خۆ من چاوەڕاونی تۆم؟ بیڵێ هەڵیکەنم ئیترا!

ـ دوو دڵ هەڵکەنە کە گەیەنەری عەشق بێت، هەر ئەوە!

کامیار دڵی ڕیکلامیت دەوێ؟ بیگرە برا ئەوە چەقۆکە؟ من ئیشی ڕیکلام ناکەم! ڕاسپاردەکەت ببە بۆ شوێنێتر!

ویستم شتێکیتر بڵێم کتوپڕ لەو سەر باخەکەوە، لەماڵ گەنم دەنگە دەنگی بەرز بویەوە! هەردووکمان بۆ ماوەیەک بێدەنگ بووین، کامیار وتی:

ـ خەریکن شانۆی ئابوری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری بەڕێوە دەبەن یان شەڕە؟

ـ ئەڵێی شەڕە!

کامیار جا خۆ لەماڵی پورێ ئەوان ئەم باسانە نەبوو! وەرە بڕۆین بزانین چی بووە.

ـ من نایەم! عەیبە! تۆیش مەڕۆ پەیوەندی بە ئێمەوە چیە!

کامیار تۆ دەتەوێ نەیەی، مەیە!

ـ نێ...! ڕاوەستە هاتم!

هەردووکمان بە ناو درەختەکاندا، وردە ڕوردە ڕۆیشتین بۆ ماڵی گەنم و هەر کە گەیشتین دەنگی شکاندنی شوشەیەک بەرزبویەوە و لەدوای ئەو شوشە یەکێ ترا دوایی ڕۆیشتینە پشت شمشادەکانی بەر مالیان خۆمان حەشاردا، دەنگی گەنم بەرز بویەوە.

ـ دزانە! درۆزنانە! چۆن دڵتان هات! بۆچی؟ بۆچی؟ بۆچی؟

ئەمانەی دەوت و دەیقیژاند و دەگریا! وەها دەینەڕاند و قسەی دەکرد، ئێمە بۆ ماوەیەک وامانزانی دز هاتۆتە مالیان!

گەنم بۆ واتان کرد؟ بۆچی؟

گەنم ئەمانەی بە گریان و نەڕەوە دەوت و پورم و مێردەکەی لەسەرخۆ بە ساقەی دەبون.

گەنم ئێستا من چی بکەم؟ . . . . . . . . . . ؟ دزانە! !

من و کامیار سەیرێکی یەکتریمان کرد، کتوپڕ شوشەی پەرنجەرەکە شکا و کورسییەک لەماڵەوە کەوتە دەرەوە!

کامیار تۆ کە دەتویست دل هەلبکەنی دەی هەواڵی مەرگت نەختێ زووتر هەلت کەندایە ئەم کچە ئەوەندە نەچسکێنی!

- ئاخر ئێستا کاتی گاڵتەیە؟ جارێ با بزانم لەسەر چی ئاوا دەکەن؟

کامیار ئەمە هەر چیەک هەیە ناکۆکیەکی ئاسایی نییە! دەڵێم وەرە با بڕۆینە ژوورەوە!

- ئاخر یانی باشە ئێمە خۆمانی تێهەڵقورتێنین؟

کامیار یانی هەر ئاوا لەسوچێکدا دانیشین؟

- نازانم!

کتوپڕ دەنگەکان بڕایەوە و خێرا دەنگی گریان و هـاواری پـورم و مێردەکەی بەرزبویەوە و دیسان دەنگی شکاندنی پەرداخ و قاپ و ئەمشتانە هات!

کامیار تۆ نایەیت مەیە! وا من ڕۆیشتمە ژوورەوە!

ئەمەی وت و بە سەرشمشادەکاندا بازی دا و دەرچو و ڕۆیشتە پشت دەرگای ماڵی گەنم و دەستی کرد بە بانگ کردنی پورێ و مێردەکەی و بە تەقە لەدەرگا دان!

کامیار پورێ! ئاغای مەنوچێهری! گەنم!

کامیار بە دەنگی بەرز بانگی دەکردن و بە توندی دەرگای لێدەدا لەڕێوە دەنگی ئاغای مەنوچێهری بەرز بویەوە!

- کامیار! وەرە ژوورێ، ئەی هاوار! ئەی هاوار!

هەر کە کامیار دەنگی ئاغای مەنوچێهری بیست ئیتر نەوەستا و لەو لاوە، لەو پەنجەرەیەوە کە شوشەکەی شکا بوو بازیدایە ناو ماڵەوە و منیش بە دوایدا! هەر کە گەیشتینە ژوورەوە، سەیرمان کرد هەرچی قاپ و قاچاخە شکاو و شپرزە بووە و پورم لەسوچێکدا بوراوەتەوە و کەوتوە! ڕام کرد بۆ چێشتخانەکە دەنگە دەنگی گەنم و ئاغای مەنوچێهری لەوێوە دەهات. کاتێ کە گەیشتین سەیرمان کرد ئاغای مەنوچێهری لەگەڵ گەنمدا تێک ئالاوە! یانی ئاغای مەنوچێهری چەقۆی چێشتخانەکەی هەڵگرتوە و ئەت

وت دەیەوێ گەنم بکوژێ و گەنم دەستی ئاغای مەنوچێهری گرتوە و خەریکە لەسەر خۆی دەکاتەوە! ماوەیەک هەردووکمان حەپەساین کە بە هاواری ئاغای مەنوچێهری وەخۆ هاتینەوە!

ئاغای مەنوچێهری بۆچی ڕاوەستاون؟ وەرن بۆ یارمەتیم!

ئەمەی وت هەردووکمان بازمان دایە لایان! کامیار ڕۆیشت بۆ ئاغای مەنوچێهری و منیش ڕۆیشتم بۆ لای گەنم کامیار بە قیڕەوە وتی: بێین بۆ یارمەتی کە کچەکە بە چەقۆ بکوژێ؟

ئاغای مەنوچێهری هەم خەریکبوو دەگریا و هەم هاواری دەکرد وتی:

- خەریکە خۆی دەکوژێ! خەریکە خۆی دەکوژێ!

لەیەک چرکەدا ئێمە تازە زانیمان چەقۆکە بە دەست گەنمەوەیە! بەلام ئیتر درەنگ ببوو چونکە کامیار دەستی ئاغای مەنوچێهری لەدەستی گەنم جیا کردبووەوە! منیش خەیالم لای ئاغای مەنوچێهری بوو! تەنیا خوا ڕەحمی کرد کە من و کامیار، هەردوو بە یەکەوە، لەیەک کاتدا بازمان برد بۆ لای گەنم کە چەقۆکەی بەرز کردبووەوە و خەریکبوو دەیهێنا بۆ ناوسکی! ڕێک لەکاتێکدا دەستمان پێی گەیشت گەنم چەقۆکەی هانیبووە خوار و دەمەکەی بەر قۆلی من کەوت! هەر خێرا خوێن فیشقەی کردە بۆ سەرەوە!

کامیار سامانت کوشت بێ ویژدان!

ئەمەی وت ء چەقۆکەی لەدەست گەنم دەرهێنا و هات بۆ لای من.

کامیار بەرکوێت کەوت؟

- ئاگات لەو بێت!

کامیار دەلێم بەر کوێت کەوتوە؟

- قۆلمە، هیچ نییە!

هەلگەڕامەوە و سەیری گەنمم کرد چاوی بڕیبوە قۆلم! هەروا قۆلم خوێنی لێدەهات! ئەویش دەستی گرتبوو بە بەردەمی و تەنیا سەیری قۆلی منی دەکرد! کامیار ڕای کرد و دەسماڵێکی هێنا و بەستی بە قۆلمدا و بە توونی گرێیدا و جا هەلگەڕایەوە بۆ لای ئاغای مەنوچێهری و گەنم و بە قیڕەوە وتی:

- ئەمە چ بەزمێکە ناوتانەتەوە؟

ئاغای مەنوچێهری دەستی خستە سەر دلی و دانیشت لەسەر کورسییەکەدا و هەر کە ویستی قسە بکات گەنم لەچێشتخانەکە هەلهات...!



Scanned with CamScanner

ئاغای مەنوچێهری ئەوەی بینی بە شێوەیەکی نیوە بوراوە، تەنیا وتی:

- بیگرن، نەهێڵن بڕوا! دەیەوێ بەڵایەک بە سەر خۆیا بێنێ! بیگرن!

کە ئەمەی وت ڕامکرد بە دوای گەنمدا! دەستێکم بە قوڵمەوە و ڕامدەکرد بە دوایدا!

کامیاریش بە دوای مندا ڕای دەکرد! هەر بە من گەیشت، قوڵی گرتم و وتی:

- وەرە بڕۆین بۆ خەستەخانە!

- گەنم! بڕۆین بە دوای گەنمدا!

کامیار وازی لێبێنە، باوەحیزەی چەقۆکەشە! ئێستا دەبێ ئەو برینە چارە سەر بکەین.

- نە! تۆ وەرە و حەقت نەبێ!

کامیار خوێنی لێدێ ولاخ!

- هیچ نییە! پێت دەڵێم وەرە!

هەردووکمان لەماڵ چوینە دەر! هەر کە ڕۆیشتینە باخەکە، سەیرمان کرد هەموو خزمەکان بە جلی خەوەوە خەریکن دێن بۆ ماڵی گەنم! هەر کە چاویان بەئێمە کەوت، یانی وەزعی منیان بەو جلەخوێناویانە و قوڵی پێچراوەوە بینی، قیرەیەکیان کرد! کامیار ژێر باڵی منی گرتبوو و هەردووکمان خەریکبووین ڕامان دەکرد، هەر ئەوانی بینی نەیتوانی خۆی ڕابگرێ و وتی:

- وەی خوای میهرەبان! ئەم هەموو بنیادەمە بە جلی خەوەوە! چ دیمەنێکی هەست بزوێنە! حەیف کە کاتم نییە و ئەگینا.... پێکەنینم بە قسەکانی دەهات!

- ئێستایش وازناهێنی؟ ڕاکە!

کامیار خۆ کاتم بە فیڕۆ نەداوە! لەکاتی ڕاکردنندا وتم! حەیف بوو لەڕێگەدا سەیرێکی ئەمانە نەکەم!

هەردووکمان هەروا ڕامان دەکرد دەستمان بە پێکەنین کرد کە لەسوچێکیتری باخەکەوە دایکم چاوی بە من کەوت و هەر کە جلە خوێناوییەکانی منی چاو پێکەوت، لەسەر خۆ چوو!

کامیار چ بەسەرهاتێکی شومە ؟ تەنیا سێ پێکراومان هەیە!

- ڕاکە کامیار! گەنم بۆ کوێ ڕۆشت؟

کامیار ئەوەتا خەریکە لەباخەکە دەڕواتە دەرەوە!

- تۆ برۆ ئۆتۆمبێلەکە بهێنە!

کامیار ڕۆشت بۆ گەراجەکە و منیش لەدەرگای باخەکەوە ڕۆیشتمە دەرەوە و

ڕامکرد بە دوای گەنمدا! لەناوەڕاستی جادەکەدا پێی گەیشتمەوە و دەستیم گرت و ڕامکێشا

- ڕاوەستە بزانم!

گەنم وازم لێبێنە!

- دەڵێم ڕاوەستە!

هەرکە ویستی دەستی لەناو دەستم دەربهێنێ، دەستیم گوشی کە لەئێشدا قیژەیەکی کرد و دانیشت.

- بۆ وا دەکەی کچێ؟ ئەم سەر شێتیە چییە؟

گەنم کە خەریکبوو دەگریا بە لەسەر خۆ وتی:

- وازم لێبێنە سامان! بهێڵەبا بڕۆم!

- ئاخر بۆچی؟ بۆ کوێ بڕۆی؟

گەنم نازانم! تۆ بهێڵەبا بڕۆم! تکات لێدەکەم سامان!

- یانی چی؟ ئاخر چی بووە؟

گەنم تەنیا بهێڵە با بڕۆم!

- بۆ ئابڕومان دەبەی؟ هەستە بزانم!

هەستا و ڕاوەستا و سەیرێکی چاوەکانی کردم و جا سەیرێکی قۆڵی کردم و دیسان دەستی بە گریان کرد. لەم کاتەدا کامیار بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە گەیشتە لامان و لەبەر دەممماندا ڕاوەستا و دابەزی و وتی:

- کچەتیوەی شێتە بڕوانە چیت بەسەر ئەم منداڵەدا هێناوە!

- لێی گەڕێ کامیار!

کامیار سەرکەون بزانم!

گەنم من نایەم!

کامیار دەڵێم هەستە کچێ! ئێستا برینەکەی ئەم منداڵە ناسۆر دەبێ!

دەرگای دواوەی ئۆتۆمبێلەکەی کردەوە و گەنممان خستە ناو ئۆتۆمبێلەکە و کامیار ڕای کردە پشت سوکانەکە و منیش لەو لاوە سەردەکەوتم، مەش سەفەر گەیشت و وتی:

- چی بوە قوربان؟ بۆ کوێ دەڕۆن؟

کامیار مەش سەفەر ئەمجارە بەڕاستی خەریکین دەڕۆین یارمەتی کەسێک بدەین. خوات لەگەڵ.

ئەمەی وت و بە خێرایی ڕۆیشت. دە دەقیقەی تر، لەبەر نەخۆشخانەکەدا ڕاوەستا و دابەزی. منیش لەو لاوە هاتمەخوار و دەرگای دواوەی ئۆتۆمبێلەکەم کردەوە و دەستی گەنمم گرت و ویستم بیهێنمە خوارەوە، وتی:

- وازم لێبێنە سامان! ئێوە بڕۆن، من هەر لێرە دەبم!

- نابێ! دەبێ تۆش بێیت.

کامیار بە قسەی خۆش وەرە خوارەوە! ئەگەر یەک تاڵ قژ لەسەری ئەم منالە کەم ببێتەوە، من دەزانم و تۆ! پێت دەڵێم وەرە خوارەوە!

بە کورتی هەر سێکمان ڕێکەوتین بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن و ڕۆیشتینە ژوورەوە، هەر کە پەرستارێ چاوی بە جلەکانی من کەوت ، ڕای کرد و منی بردە ژووری عەمەلیات و برینپێچی و دوکتۆری ئاگادار کردەوە. هەتاکو دوکتۆر هات، پەرستار لەگەڵ کامیاردا جلەکانی منیان داکەند، پەرستار وتی:

- ئەمە چی لێهاتوە؟

کامیار هیچ بابە! یاریمان دەکرد، سەری ئامێری یاریەکە چەقیوە بە قوڵیدا!

پەرستار یاری؟ بەم شەوە؟

کامیار یاری وەخت و بێوەختی بۆ نیە! بنیادەم کە حەزی لەیاری کرد دەبێ یاری بکات!

پەرستار پێکەنی و دەستی بە شۆردنی قوڵم کرد. کامیار سەیرێکی منی کرد و دەستێکی هێنا بە قژمدا و وتی:

- ئێشی هەیە؟

- نە.

کامیار بمرم بۆت چ کەرێکی داماوی!

جا بە ئەنیشک سێخورمەیەکی کوتا بە تەنیشتی گەنمدا خەریکبوو سەیری منی دەکرد و وتی: قوڵی منالەکە توێ بۆتەوە! چاوت لێیە؟

گەنم دیسان دەستی بە گریان کرد. ئاماژەم بۆ کامیار کرد کە حەقی بە سەریەوە نەبێ. هەر لەو کاتەدا دوکتۆر هات و سڵاوێکی کرد و ئێمەیش وڵامان دایەوە و سەیرێکی برینەکەی منی کرد و وتی:

- پەرستار وتویەتی یاریتان کردوە، سەری ئامێری یاریەکە چەقیوە بە قوڵی ئەم برادەرەدا! ڕاستە؟

!دوكتۆر گیان، سەری ئەو دوابڕاوە زۆر تیژ بوو

!کامیار ئا دوکتۆر گیان، سەری ئەو دوابڕاوە زۆر تیژ بوو

!دوکتۆر پێکەنی و وتی: دەبێ ئامێری یارییەکە زۆر ترسناک بوبێ

!کامیار بەڵێ

دوکتۆر ئێستا شتی یارییەکە چی بووە؟

!کامیار چەقۆی چێشتخانە

دوکتۆر کێ یاری پێکردوە؟

!کامیار خوێرییەکی، چەقۆ کەشێکی، بێ ئەزمونی تازەکار

!دوکتۆر ئاخ لەدەستی ئەم تازەکارانە

کامیار هەر چیمان بە سەردێ لەدەست ئەمانەیە! دوکتۆر گیان تۆ خەریک بە! ئەو منداڵە لەدەست ڕۆیشت!

.دوکتۆر مەترسە، زۆر گرینگ نییە

.کامیار دەمەوێ جێگەی برینەکە لەسەر قوڵی دیار نەبێ دوکتۆر گیان

.دوکتۆر نامێنێتەوە. بە قوڵی داچوە برینەکە خۆی بچوکە

کامیار ئاوڕی دایەوە و سەیرێکی گەنمی کرد و وتی: کە وایە دوکتۆر گیان ئەڵێی خوا ڕەحمی کردوە! ئەگەر ئەم برینە لای سنگیەوە بوایە چی!

!دوکتۆر ئەگەر وا بوایە کەس هیچی پێ نەدەکرا

!کامیار تف لەگۆڕی باوکی هەرچی چەقۆکەشی کەرە

هەر چۆنێک بوو دوکتۆر دەستی بە دورینەوەی برینەکەی قۆلم کرد و وتی: تەواو بوو، دەرمانی کرد و وەرەقەیەکی بۆ نوسیم و دای بە کامیار و ڕۆیشت. ویستم لەتەختەکە بێمە خوار نەیهێشت و وتی: دەقەیەک ڕاوەستە من شێوەی بەکارهێنانی دەرمانەکان لەم خانمی پەرستارە بپرسم و بێم.

!خۆ شێوەی بە کارهێنانی دوکتۆر لەوەرەقەکەدا نوسیویە -

!کامیار باشە، جارێکیتر بپرسم خۆ زەرەری نییە

!دەی برۆ و لەدوکتۆر بپرسە -

کامیار دوکتۆر سەری قاڵە. لەکاتی نەگرم باشترە. ئەم خانمە پەرستارە دەیلێ و دەبڕێتەوە ئیتر! تۆ دەقەیەک بنو تاکو من دێمەوە.

خەریکبوو ئەمانەی دەوت کە خانمی پەرستار هات بۆ لای ئێمە و هەر کە گەیشت وتی:



Scanned with CamScanner

- شوکر بۆ خوا بەخێر گوزەرا.

کامیار ئا الحمدلله. خوا زۆر ڕەحمی پێکرد! ببورن خانمی پەرستار ئەم وەرەقەی دەرمانانە بۆ کوێ ببەم؟

پەرستار لەهەر دەرمانخانەیەکدا کە بیکڕێ.

کامیار ئاخر ئێمە لەم گەڕەکەدا نەشارەزاین، ناکرێ ئێوە هەنگاوێک لەگەڵماندا بێن و دەرمانخانەکەمان پێ نیشان بدەن؟

پەرستار ئاخر من ئێستا لەسەر ئیشم!

کامیار دەی ئێمە لەسەرت دەوەستین، هەرکات ئیشتان تەواو بوو بێن.

پەرستار ئەی نەخۆشەکەتان؟

کامیار بە گۆڕی باوکی نەخۆشەکەمانەوە، ئێستا خۆ تەندروستی باشترە!

پێکەنینم دەهات، خانمی پەرستار پێکەنی و وتی:

- ئاخر ئیشی من بەیانی سەعاتی ٩ تەواو دەبێ!

کامیار دەی باشە! خۆ تا بەیانی هیچی نەماوە! ئێستا سەعات٢ی دوای نیوەشەوە. ئەوەندەی چاوترووکانێ ٩ی بەیانیە! ئەم نەختەش ڕادەوەستین قەیچێکا!

ویستم شتێکی پێ بڵێم و لەسەر جێگەکە هەستم کە بە زۆر منی ڕاکشاندەوە سەر تەختەکە و وتی: بنوو! تۆ وادیارە بریندارێ!

- با بڕۆین بۆماڵەوە!

کامیار- دەزانی چەندە خوێنت لێ ڕۆیشتوە؟ بنوە با مۆخەکەت هەر هیچ نەبێ نیو لیتر خوێن ساز بکاتەوە هەتیو!

- مۆخی من سازی بکات یان تۆ؟

کامیار ببورن خانمی پەرستار، ئەم هەتیوە برینەکەی چڵکی کردوە و خەریکە ورِاوە دەکا! دەزانی، ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە دەبینم کە کەسێ دەبێ تا ماوەیەک لەم بریندارە پەرستاری بکات! کێ لەجەنابت باشترە؟ بهێڵن با ئەدرەسەکەم بدەمە خزمەتتان، سەردانمان بکەن و چاوت لێمانەوە بێ؟

لەم کاتەدا، کێشکچی نەخۆشخانەکە هاتە بەشی فریاکەوتنەکە و بە دەنگی بەرز وتی:

- ببورن کاکە، ئەو مارسیدیسە تازەیە هی ئێوەیە؟

کامیار بە یارمەتیتان ئەمریکتان بوو؟

کێشکچیەکە تکایە بێن جێبەجێی بکەن، ئۆتۆمبێلێک دەیەوێ لەپارک دەرچێ!

هەر کە ئەوەی وت، لەجێگەم هەستام و وتم:
- بڕۆ حەقی نەخۆشخانەکە بدە با بڕۆینەوە بۆ ماڵ درەنگە!
بە ناچاری ڕۆیشت بۆ لای سندوق و منیش سوپاسی پەرستارەکەم کرد کە پێدەکەنی، لەگەڵ گەنمدا ڕۆیشتین بۆ لای دەرگاکە ماوەیەک دوای ئەوە کامیار هات و هەر سێکمان لە نەخۆشخانەکە دەرچوین و سەر ئۆتۆمبێلەکە کەوتین و ڕۆیشتین.
ماوەیەک کە ڕۆیشتین بە گەنمم وت:- چی بووە؟
کامیار هیچ نەبوە! ناکۆکیەکی ئاسایی خێزانی بووە، بووە بە هۆی کوشتنی یەکێک و کەم ئەندام بونی یەکێکیتر!
- تۆ بهێڵەبا بزانم چیبوە کامیار!
گەنم ڕویکردە شوشەی ئۆتۆمبێلەکە و ماوەیەک دەرەوەی سەیر کرد و وتی:
- جگەرەتان پێیە؟
من و کامیار خێرا ئاوڕمان لێدایەوە!
کامیار جگەرەمان نییە بەڵام مقەڵی و سکڵ ئامادەیە، بیهێنمە خزمەتتان؟
ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان وتی:
- بۆ ماڵەوە نەڕۆنەوە! من ئیتر بۆ ئەوێ نایەم!
- ئاخر بۆ چی؟
دیسان هیچی نەوت. کامیار ئاماژەی بۆ کردم کە وازی لێبێنم. منیش ئیتر هیچم نەوت.
چەند خولەک دوای ئەوە لەبەر دەرگای باخەکەدا ڕاوەستاین، کتوپڕ وتی:
- حەماڵ، ئەی پێم نەوتی بۆ ئێرە مەیە!
من و کامیار پەشۆکاین! تاکو ئەو کاتە پێشهاتێکی وامان نەبینیبووکە گەنم لەگەڵ کەسێکدا ئاوەها قسە بکات! هەر کەسایەتی گەنم ئاوەها نەبوو!
کامیار بە من دەڵێی حەماڵ؟
گەنم بە هەردووکتان دەڵێم!
کامیار تۆ گوت خوارد! بڕۆ خوارەوە بزانم! مردوشۆر تۆ و ئەو دایک و باوکەت بیات بۆ ئەو منداڵ پەروەردە کردنیانە!
هەر کە ئەوەی وت، گەنم دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی کردەوە و دابەزی، منیش دابەزیم، هەر کە ویستی بڕواتە ئەو بەری جادەکە، پێی گەیشتم و دەستیم گرت و وتم:



Scanned with CamScanner

- ئەوە چۆن قسە کردنێکە گەنم؟ لەتۆ ناوەشێتەوە!

گەنم تۆیش برۆ بمرە! سەیریم کرد و وتم:

- تۆ هەر ئەو گەنمەیت؟

گەنم من هیچ کەس نیم! تێگەیشتی؟ بە زۆر دەیویست دەستی لەناو دەستمدا دەربهێنی!

گەنم وازم لێبێنە! دەڵێم وازم لێبێنە!

- وازت لێبێنم بۆ کوێ برۆی؟

گەنم پەیوەندی بەتۆوە نییە!

- خەریکی تورەم دەکەی ها!

گەنم تورە بیی چ گویەک دەخۆی؟

- تۆ بۆ وات لێهاتوە؟

گەنم بە تۆ چی؟

- وەرە برۆینەماڵەوە! عەیبە! تۆ لای دراوسێکاندا ئابروت بۆ نەهێشتوین!

گەنم من هەر ئابروم نییە!

- جارێکیتر گوی وا لەدەمت دەربێ، لەسەرت دەکەوێ! تێگەیشتی!

گەنم خوا لەناوت با خوێڕی!

ئەمەی وت وەها قوڵێم گوشی، هاواری کرد و دانیشت!

خێرا ئاگام بە خۆمدا هاتەوە و پێم وت:

- هەستە برۆینە ژوورەوە! ئەگەر کێشەیەکت هەیە بە زمانی خۆش بیڵێ با چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە! هەستە برۆین!

هەستا و هەروا کە بەو دەستەکەیتری قوڵی گرتبوو وتی:

- کەرە دەستم شکا!

- خەتای خۆتە! وەرە برۆینە ژوورەوە!

گەنم ئەگەر نەهێڵی برۆم ئەقیڕێنم!

- خەریکی لەتام دەری دەکەی! وەرە برۆین!

ئەمەم وت و دەستم ڕاکێشا بیبەمە ژوورەوە کە دەستی بە قیڕە قیڕ و هاوار هاوار کرد! منیش زللەیەکی تونم لێدا! کامیار لەئۆتۆمبێلەکە دابەزی! تیا مابوین ئەم گەنمە هیچ کات بچوکترین قسەیەکی خراپی لەدەم دەرنەدەهات بۆ وای لێهاتوە!

کامیار ئاماژەی بۆ کردم دان بە خۆما بگرم. ئەوەندە تورە بوم نەمدەزانی چیدەکەم!

هەر بە دەست خۆم نەبوو! لەخۆم زۆر تورە بووم!

هەڵگەڕامەوە و سەیرێکی گەنمم کرد کە دەم و چاوی لەناو لەپی دەستیدا گرتبوو و دەگریا، ڕقم لەخۆم هاتەوە.

کامیار دوو جگەرەی داگیرساند و یەکیانی بە مندا. پاڵم بە ئۆتۆمبێلەکەوە دایەوە و چاوەکانم نوقاند. نازانم چەندە بەو شێوەیە مامەوە کە کامیار قۆڵی گرتم. چاوەکانم کردەوە، ئاماژەی بۆ کردم کە بڕۆم بۆ لای گەنم.

هەڵگەڕامەوە و خانوە بەرانبەرەکانم سەیر کرد. یەک دوو پەنجەرە کرابویەوە و چەند کەسێ لەدراوسێکان خەریکبوون سەیری ئێمەیان دەکرد جگەرەکەم فڕێدا و ڕۆیشتم بۆ لای گەنم کە هەروا ڕاوەستا بوو. لەسەر خۆ نازم کێشا. کتوپڕ ڕوی تێکردم، ئەوەندە لەچاوانیدا ڕق و قین دیار بوو کە بۆ تاوێ پەشۆکام!

گەنم چییە؟ دەتەوێ لێم بدەی؟ وەرە لێم بدە!

- داوای لێبوردن دەکەم گەنم. بە دەست خۆم نەبوو!

فرمێسکەکانی سڕی. ویستی شتێکم پێ بڵێ، بۆ چرکەیەک چاوی بە قۆڵم کەوت کە پێچرا بوو. قسەکەی خواردەوە و ڕوخساری گۆڕا! ئیتر لەو ڕق و قینەی نەختێ لەمەوپێش لەڕووخساریدا هیچ نەما! دەستیم گرت و وتم:

- ئەگەر حەز ناکەی بڕۆین بۆ ماڵەوە، دەی ناڕۆین. بڵێ بۆ کوێ دەتەوێ با بڕۆین. گەنم هیچ جیاوازی نییە بۆ من.

- دەی وەرە سەر ئۆتۆمبێلەکە کەوە.

دەرگای ئۆتۆمبێلەکەم بۆ کردەوە و سەرکەوت و منیش ڕۆیشتمە پێشەوە و دانیشتم.

کامیار من دەڕۆم سەرێ لەماڵەوە بدەم و بێمەوە. بۆ هیچ کوێ نەڕۆن ها!

دە خولەک دوای ئەوە گەڕایەوە و مووبایلەکەی خۆمی پێدام و چوە پشت سکان و وتی:

- بۆ کوێ حەز دەکەی بڕۆین گەنم؟

سەیرێکم کرد ڕواڵەتی زۆر گۆڕا بوو!ئاماژەیەکم بۆ کرد سەرێکی بۆ ڕاوەشاندم ئۆتۆمبێلەکەی ئیش پێکرد و ڕێکەوت. ڕۆیشتە کۆڵانە تەسک و تروووسکەکان و لەسووچێکدا ڕاوەستا و ئاوڕێکی بۆ گەنم دایەوە و وتی: ئەمە کێ پێی وتی:؟

گەنم سەرێکی داخست و هیچی نەوت



Scanned with CamScanner

- چیبووە کامیار؟ کێ، چی بە گەنم وتوە؟

کامیار گولێکی پیس و چەپەڵ بە گەنمی وتوە منالّی پوری ئەوان نییە!

- یانی چی مندالّی پوری ئەوان نییە؟

کامیار بە خێسێکەوە سەیری منی کرد کە تازە لەمەبەستی تێگەشتم و لام کردەوە و سەیری گەنمم کرد. هەروا سەیری چاوەکانی کردم و بە خوڕ فرمێسکی لەچاوەکانی دەهاتە خوار! بە کپی فرمێسک لەچاوەکانی دەهاتە خوار! تەنانەت چاوێکی نەدەتروکاند تەنیا خێرا خێرا دلۆپە فرمێسکەکانی بوو کە لەچاوەکانی دەباریە سەر گۆنای! خەریکبووم دیقم دەکرد!

- یانی چی ئەم قسانە؟ ئەم گاڵتە جاڕیە چییە؟ کام پیس و چەپەڵە قسەیەکی ئاوای بە تۆ وتوە؟ بگەڕێرەوە بۆ ماڵەوە بزانم کامیار! ئەم هەڵیت و پەڵیتانە چییە؟!

هەر کە ئەمانەم وت، گەنم هێدی دەستی کرد بە ژێر بلوزەکەیدا و وەرەقەیەکی زەرد و کۆنەی دەرهێنا و بۆی گرتم! چاوم بڕیبوە چاوەکانی بەڵام دەستم بۆ لای وەرەقەکە ڕۆیشت! لێم وەرگرت بەڵام هێشتا خەریکبووم سەیری چاوەکانیم دەکرد کە بریقەیەکی سەیر و نامۆی تێدا بوو، شێوەیەکی سەیری لێهاتبوو! شێوەیەکی سامناک!

کامیار وەرەقەکەی لەدەستم گرت و لەئۆتۆمبێلەکە دابەزی و ڕۆیشتە بەر گلۆپی ئۆتۆمبێلەکە و کردیەوە. منیش دابەزیم و ڕۆیشتم بۆ لای.

لەوەرەقەکەدا نوسرا بوو من قودرەت. . . منالّی خۆم، عیزەتم بەخشی. سەرپەرشتی ناوبراو لەئێستا بە دواوە لەئەستۆی بنەماڵەی . . . یە و من هیچ مافێکم بەرانبەر بەو منالە نییە.

جا نوسرا بوو ئیمزا و ئەنگوست!

سەرم لەسەر وەرەقەکە بەرز کردەوە و سەیری کامیارم کە خەریکبوو لەپاکەتی جگەرەکەی، دوو جگەرەی دەردەهێنا کرد و وتم:

- ئەمە یانی چی؟ ئەمە خۆ نابێتە هۆی....

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم و جگەرەکەی داگیرساند و دایە دەستم و وتی:

- مەیکە بە هەرا سامان!

- ئەم قسانە خۆ ڕاست نییە سامان؟ وا نیە؟

چەرخەکەی هەلکرد و جگەرەکەی خۆیشی داگیرساند و مژێکی قوڵی لێدا و دوکەڵەکەی لەسنگیدا ڕاگرت. حەزم دەکرد هەر ئێستا بە مەنتیقەکەی خۆی بیسەلمێنێ



Scanned with CamScanner

ئەم قسانە هەمووی درۆیە! حەزم دەکرد بەو هێمنایەتی و دڵنیاییەوە پێم نیشان بدا کە ئەمانە هەمووی درۆیە! حەزم دەکرد هەر ئێستا دەست بە گاڵتە بکا و هەموومان بهێنێتە پێکەنین و پێمان بڵێ کە ئەم قسانە درۆیە! بەڵام هەر لەبەر ماشینەکەدا ڕاوەستا بو و جگەرەی دەکێشا. کاتێ بینی خەریکم سەیری دەکەم وتی:

ـ جگەرەکەت بکێشە! بۆ سەرەتان باشە!

بۆ چرکەیەک هەستم کرد کە قوڵم ئێشێ! هەتاکو ئێستا سەرنجی ئازارەکەیم نەدابوو. ویستم برۆم لەسوچێک دانیشم کە لەسەر خۆ پێی وتم:

ـ ئاگات لەکردارت بێ سامان! گەنم خەریکە سەیرمان دەکا! کردارێکی خراپ نیشان نەدەی!

ـ کامیار! یانی ئەمانە هەموی ڕاستە؟

کامیار نازانم بەڵام کاتێ نەختێ لەمەو پێش ڕۆشتم بۆ ماڵەوە. پورێ و ئاغای مەنوچێهری زۆر ترسابون!

ـ دەی یانی چی؟

کامیار یانی ئەوەی شتێک هەیە!

ـ یانی گەنم کچی ئەوان نییە؟

کامیار بۆچی بۆ تۆ فەرقی هەیە؟

ـ نە! لای کردەوە و سەیری ناو ئۆتۆمبێلەکەی کرد و وتی:

ـ بەڵام بۆ ئەو داماوە فەرقی زۆرە! لەخۆڕا نییە کە ئاوا کتوپڕ لەناو چوە!

ـ ئێستا دەبێ چیبکەین؟

کامیار هیچ! زۆر شت هەیە تەنیا کات چاکی دەکا! جارێ وەرە با برۆین بۆ لای. ئەو زۆر پێویستی بە ئێمەیە!

ـ بە یارمەتی ئێمە؟

کامیار نە! بە یارمەتی خوا! وەرە برۆینە ژوورەوە.

جگەرەکانمان فرێدا و ڕۆیشتینە ناو ئۆتۆمبێلەکە. گەنم تەنیا سەیری دەمی ئێمەی دەکرد! بۆ ماوەیەک بێدەنگ بووین و کامیار وتی:

ـ براونە گەنم گیان، ئەم وەرەقەیە هیچ ناگەیەنێ...

گەنم خۆیان وتیان!

ـ کێ و کێ وتیان؟

گەنم دایکم و .... کتوپڕ قسەکەی خواردەوە و وتی:

- ئەوان!

کامیار ئەوان کێن؟

گەنم ئەو دووانە!

کامیار کام دووانە؟

گەنم ئیتر ناتوانم بڵێم دایک و باوکم! بۆ ئەوەی کە ئەوان ئیتر باوک و دایکی من نین!

من و کامیار سەیرێکی یەکتریمان کرد کامیار وتی:

- یانی ئەوان بانگیان کردی و وتیان پێت کە تۆ منداڵی ئێمە نیت و ئەمەیان دایە دەستت؟

کتوپڕ دەستی بە گریان کرد! وەها دەگریا کە هەموو گیانی ئێمە دەلەرزی! گریانێ کە بنیادەم بیری نەدەکردەوە کە هەرگیز کۆتایی بێت بەڵام کتوپڕ کۆتایی هات! هەر حاڵێکی ئاسایی نەبوو! دەستی کرد بە سڕینی فرمێسکەکانی و پێکەنی و وتی:

- منداڵەکان ببوورن ئەگەر قسەیەکی خراپم پێتان وت! هەر بە دەست خۆم نیە! نازانم چۆنتان بۆ باس بکەم! ئەڵێی بە حەواوەم! ئەڵێی لەجێگەیەکی بەرز فڕێیان داومەتە خوارەوە! نازانم دەبێ چی بڵێم! نازانم دەبێ چیبکەم! ئێوە یارمەتیم دەدەن، وا نیە! هەرچەند کە ئیتر خاڵۆزام نین بەڵام خۆ هەر کاتی خۆی بەیەکەوە هاویاری بووین! وا نیە؟ ئەم هەموو ساڵە بەیەکەوە بووین! تۆپ تۆپێنمان دەکرد ها! بەیەکەوە دەڕۆیشتین بۆ حەوز! بەیەکەوە هەنگەشەلێمان دەکرد! لەبیرتانە؟ ها؟ ها؟ ئەم بەیانیەت لەبیرە سامان؟ هاتبویتە پشت پەنجەرەی ژوورەکەم! خەریکبووی سەیرت دەکردم؟ لەبیرتە؟

کتوپڕ قیژاندی و وتی:

- لەبیرتە پیس و چەپەڵ یان نە؟

هەر لەو کورسییەی پێشەوە کە دانیشتبوم دەستیم گرت و وتم:

- دەی دیارە لەبیرمە! ئەم قسانە...

گەنم ئەمشەویشت لەبیرە؟ هەردووکمان خەریکبووین قسەمان دەکرد؟ ها؟ ها؟

- ئەوەیشم لەبیرە! بۆچی دەبێ لەبیرم نەبێ؟ ئاخریەکەی پێت وتم شل و شەوێل!

گەنم کوم خوارد! گوم خوارد! ئیتر وا ناڵێم! ئیتر وا ناڵێم!

خەریکبوو وەکو داری بی دەلەرزی! هەناسەی سوار ببوو! هەر دەنگی بە باشی لەقورگیەوە دەر نەدەهات! دەستی منی بە توندی لەناو دەستەکانیدا گرتبوو و وازی




Scanned with CamScanner

لێنەدەهێنا! وەها دەستی دەلەرزی کە هەر نەمدەتوانی ڕایگرم! پچڕ پچڕ قسەی دەکرد و ڕەنگی بە ڕووەوە نەمابوو! ئەتوت ڕۆحێکی چاوپێکەوتبێ خەریکبوو لەترسا دلی دەوەستا!

ـ هیچ نییە گەنم! هیچ نەبوە بەخوا! ئێستا ئێمە دەڕۆین...

گەنم نە نەڕۆن! تو خوا! تو خوا! من هیچ کوێم نییە بڕۆم! بۆ کوێ بڕۆم؟ چیبکەم؟ تو خوا بە تەنیا بەجێم مەهێڵن!

ـ گەنم! گەنم!

کتوپڕ کامیار قیڕاندی بە سەرمدا و وتی: دە هەستە بڕۆ بۆ لای کەرە!

جا لەئۆتۆمبێلەکە دابەزی و دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی بە توندی مالی بە یەکدا! منیش لەبەینی کورسییەکەوە بانم دا و ڕۆیشتمە دواوە!

## بەشی دووهەم

چەند دەقیقە دوای ئەوە کامیار دەرگای کردەوە و وتی:

- باشە دەی! بەسیە ئیتر! چی دەکەی بابە! وتم نەختێ دڵخۆشی بدەرەوە!

ئیتر گەنم نەختێ ئۆقرەی گرتبوو. هەر کە کامیار سەر ئۆتۆمبیلەکە کەوت و وتی:

- سرەوتی پوورزا گیان؟

گەنم خۆ من ئیتر پوورزای ئێوە نیم!

کامیار ئەم قسانە چییە؟ بە لای دەردمانەوە ئێمەش بنیادەمین! خۆ ئەوە ناکرێ پارچە کاغەزێک بدەن بە بنیادەم و ئیتر هەموو شتێ هەڵوەشێتەوە و کۆمەڵێک، لەیەک نامۆ و بێگانە بین! بابە ئێمە خۆمان ئەو کاغەزانەمان دروست کردووە! ئەم یاسا و باسانەش ئێمە خۆمان دامان ناوە! بڕیار نییە هەر ئەو کاغەزانەی کە خۆمان دروستمان کردووە، باوکی خۆمان دەربێنن! ئێمە بە خوا هەموومان یەکێکین! ڕەگی هەموومان لەیەک شوێنەوەیە! تەنیا کاتێ لەیاری ڕۆژگاردا هاوڕێمان دەگرت، هەرکام لەئێمە کەوتونەتە لقێک! کە یاری تەواو بێ، دیسان هەموومان یەک دەگرینەوە! یارییەکانی خۆمانت خۆ لەبیرە؟ کاتێ کە یارمان بۆ خۆمان دەگرت، هەرکاممان دەڕۆشتینە لقێک، بەیەکەوە پێشبڕکێمان دەکرد، لەیەکترمان دەدا، لەگەڵ یەکدا ناکۆک دەبووین! بەلام کە یاری تەواو دەبوو، لقەکان هەڵدەوەشانەوە و دیسان بە یەکەوە کۆک دەبووینەوە و دیسان دەبووینەوە بە خاڵۆزا و پوورزا و ئامۆزای یەکتری! ئەگەر بڕیار بێ کە لاپەڕەیەک کتوپڕ ئاوەها هەموو شتێ هەڵشێوێنێ خۆ ئیتر بەردێ لەجێی خۆیدا نامێنێ! یانی ئەگەر سبەی دوو سبەی لەتاکەکەی باوکمدا، پارچە کاغەزێک بدۆزرێتەوە کە بەڵگە بێ لەسەر ئەوەی کە من موسوڵمان نەبووم و ئاینێکی ترم بووە، دەی دەبێ ئێوە داباریێن بە سەرمدا و لەت و پەتم بکەن؟ ئەگەر دوو سبەی دایکم بووخچەکەی بکاتەوە و پێناسەیەک دەربهێنێ و بە من بڵێ کە لەجیاتی باوەگەورەم، ستالین باوەگەورەی من



Scanned with CamScanner

هەتاکوو ئێستا وامدەزانی جگەرە بنیادەم ئارام دەکاتەوە!

کامیار شتێ بنیادەم دەحەسێنێتەوە، هزری بنیادەمە!

گەنم ئێوە ئەگەر لەجیاتی من بونایە چیتان دەکرد؟

کامیار نازانم بەڵام هەر هیچ نەبێ هەوڵم دەدا باش بیر بکەمەوە.

گەنم باش بیر کردنەوە یانی چی؟ یانی ئەوەی هەموو ئەمانەی کە ڕوویداوە لەبیر بەرمەوەو ئیتر هەر بیری لێ نەکەمەوە؟ یانی هەر وا بزانم هیچ نەبووە؟

کامیار نە! تۆ ئیتر ناتوانی هیچ لەبیر خۆت بەریتەوە! ئیتر ئێستا پرسیارێک هاتوتە ڕێت! پرسیارێک کە دەبێ وەڵامێکی بۆ بدۆزریتەوە! قسەیەک کە نەدەبوو بکرایە، کراوە! ئێستا ئیتر ئەگەر خۆشت بتەوێ ناتوانی دوای نەکەوی!

گەنم دەی دەبێ چی بکەم؟

کامیار دەبێ کاتێ گەشتیتە وەڵامەکەی قایل بی پێی! وەکو هەندێک نەبی کە کاتێ بە وەڵامەکەی گەشتن و بۆیان دەرکەوت کە وەڵامەکە ڕاستە، دیسان قبوڵی ناکەن و بە دوای وەڵامێکدا دەگەڕێن کە بە دڵیانە! ئێستا گرنک نیە ڕاست بێ یان نا! ئەوەیان بۆ گرنگە کە خۆیان بە دڵیان بێ!

گەنم پێم بڵێن دەبێ لەئێستام چیبکەم؟ من ئێستا نازانم دەبێ چی بکرێ!

کامیار هیچ! بۆچی تۆ تاوانێکت کردووە کە دەبێ هەوڵی بۆ بدەی؟ تۆ ئێستا زیاتر لەهەر شتێ پێویستت بە پشوو و ئارامی هەیە!

گەنم پشوو و ئارامی لەکوێ؟

کامیار لەماڵی خۆت؟

گەنم ئەوێ خۆ ئیتر ماڵی من نیە!

کامیار بە پێچەوانەوە تۆ ئێستا زیاتر لەهەموو کەسێ لەو خانوەدا بەشت هەیە! ئەگەر قسەکە ڕاست بێ و تۆ منالی ئەوان نەبی، ئەوان دەبێ وەڵامی زۆر شت بە تۆ بدەنەوە! بنەماڵەیەکیان لێگرتووی، دەبێ لەجیاتی ئەوە بنەماڵەیەکی زۆر باشتریان پێدابیت و ئەمە مافی تۆیە! مافیشت دەبێ بە تەواوی وەر بگری!

خولەکێک سەیری کامیاری کرد و پاشان وتی:

- تۆ باوەڕت بەم شتانە هەیە کە دەیڵێی؟ یانی خەریکی ڕاستم پێدەڵێی؟

کامیار بۆچی دەبێ درۆت لەگەل بکەم؟

گەنم زۆر بروام پێت نییە!

بووە و لەهەرا و هۆریاکەی شۆڕشی ڕوسیادا، منیان هێناوەتە ئێران، ئیتر من دەبم بە ڕوسیکی کۆمونیست؟ ئەگەر هەفتەیەکیتر پوورە گەورە بانگم بکاتە سووچێک و پێم بڵێ پوری گیان بیگرە، ئەم ڕەگەزنامەیە هی تۆیە، منیش بزانم ڕاست دەڵێ و ناو و ناوی سیانی و پێناسەی منی لەوەرەقەیەکی دڕاودایەو پیشانمی دەدا و دەیسەلمێنێ کە من یەکێ لەوەچەکانی ئاتیلام، دەبێ بمگرن و لەسێدارەم بدەن؟

گەنم ئەگەر شتێکی وا ببێ، ئیتر خۆ دەتوانی بڵێی کە ڕووسێک یان «هون» یکیت.

کامیار بەلام خۆ لەڕاستیدا کەسێکی ڕووس یان یەکێ لەبنەماڵەی هون نیم! ئێرانیم! هەر کەسێ هەر ئەوەیە کە پەروەردە کراوە! با باشتر تێتگەیەنم! ئەگەر ئەم بەیانیە پسپۆڕەکان بیانەوێ ناوی هەموو گیانلەبەرەکان بگۆڕن و بە ئێمەی مرۆڤ بڵێن مانگا و بە مانگاکان بڵێن مرۆڤ ، ئێمە هەموومان دەبین بە مانگا و هەر لەو کاتەوە دەبێ بماندۆشن؟ تۆ ئاگاداری لەناو ئێمەی ئێرانیدا چەند کەسمان لەنەوەی عەرەبەکانین؟ خۆشمان ئاگامان لێی نییە! ئەو کاتە عەرەبەکان هێرشیان هێنایە سەر ئێران و ژن و کچە ئێرانیەکانیان بە دیلی برد بۆ عەرەبستان و کردیانن بە کەنیزە و منداڵیان لێ بوو و لەبەر خاتری ئابڕو لەئەستۆیان نەگرت و منداڵەکانیان بە هیوای خوا بەرەلا کرد، ئەو منداڵانە چییان لێهات؟ هیچ! ئەوانیش ڕۆشتن ژنیان هێنا و مێردیان کرد و منداڵیان بوو و منداڵەکانیشیان هەر وەهایان کرد هەتاکو گەشتنە ئەمڕۆ! ئەگەر کەسێ هەستێ و لێی بکۆڵێتەوە، کتوپڕ زانیت ئەم سامانە داماو و بێ زمانە، لەبنەماڵەی عوبەیدولای کوڕی زیادە! دەی بیگرین و هەر ئێستا بیکوژین! پێش هێرشی عەرەبەکان بۆ ئێران، هەموو باپیری ئێمە زەردەشتی بوون. ئێمەش منداڵی ئەوانین. بەلام هەموومان ئیمانمان هێنا! دەی، ئێستا عەرەبەکان بێن و بڵێن نەخێر ئێوە هیچ کامتان موسوولمان نین؟ ئەوە خۆ ناکرێ! مرۆڤەکان هەر ئەوەن کە خۆیان دەیانەوێ ببن! بیر و بڕوای مرۆڤەکانە کە دەیان سازێنێ!

گەنم دەستی خستە ناو دەستی و نەختێ دوای ئەوە وتی:

- بڕۆینە دەرەوە. دەڵێی دەخنکێم.

هەر سێکمان لەئۆتۆمبێلەکە دابەزین و ڕۆشتینە سەر شۆستەکە و گەنم پالی بە درەختێکەوە دایەوە و وتی: تکایە جگەرەیەکم پێبدەن!

کامیار پاکەتی جگەرەکەی دەرهێنا و بۆی گرت و جگەرەیەکی هەلگرت و کامیار بۆی داگیرساند. چەند مژێکی لێدا کەوتە کۆکە کۆک و جگەرەکەی فڕێدا و وتی:



Scanned with CamScanner

ڕووی کردە من و سەیری چاوەکانی کردم و وتی:
- سامان! ئەمانەی کە ئەو پێی وتم ڕاستە؟
- ئا گەنم گیان. هەمووی ڕاستە.
گەنم تۆ! تۆ خۆت فێر بووی لەسەر درەخت دڵ هەڵکەنی؟
- نە!
گەنم بۆ؟
- بۆ ئەوەی بڕوام بەو شتە نەبوو! هەر ئەمشەو، پێش شەڕی ئێوە بە کامیارم وتبوو کە لەجیاتی من، دوو دڵ لەسەر قەدی درەختەکە هەڵکەنێ!
گەنم بۆ؟
- چونکە تۆ لێت ویستبووم. هەر چەند هیچ بڕوایەکم بەوە نەبووە. لەبەر تۆ داوام لەم کامیارە کرد کە ئەوەم بۆ بکات.
گەنم دەتویست بۆ خۆم و خۆت دڵ هەڵکەنی؟
- من نە، بڕیار بوو کامیار هەڵیکەنێ!
گەنم ئاخری هەڵیکەند؟
- نە! دەیویست هەڵیکەنێ لەلای ماڵی ئێوەوە دەنگە دەنگ بەرز بوویەوە. کامیار بابە ئەوەندە هەڵکەن هەڵکەن مەکەن. ئێستا کەسێ گوێی لێبێ بیر لەچی دەکاتەوە؟
هەر کە کامیار ئەوەی وت، گەنم پێکەنی و پێی وتم:
- بۆ ئەوە خۆشت دەویستم ویستت ئەوە بکەی؟
- ئا.
گەنم ئێستا چی؟
- ئێستاش هەر وەهایە بۆم. وەکو پێشتر بەر لەڕووداوەکە.
گەنم هیچ جیاوازییەکی نییە بۆت؟ من ئێتر پوورزات نیم ها!
- ئەوکاتەش بە چاوی پوورزایەکەوە سەیرم نەدەکردی! من هەر ئەم بەیانیە، ئاگام لەخۆم نەبوو کە بۆ لای ماڵی ئێوە ڕاکێشرام! هاتنم بۆ ئەوێ بە بۆنەی پورێوە نەبوو! لەبەر تۆ بوو! تۆ بۆ من هەر ئەو کچەیت! گەنم! نە عیزەت یان هەر شتێکیتر کە ببیت!
گەنم بۆچی عیزەت نە؟
کامیار بۆ ئەوە سامان بە تۆ بە ناوی گەنمەوە بڕوای هەیە، نەک عیزەت!

سەیری کردم و پێکەنی. کتوپڕ چاوی بە قۆڵم کەوت و وتی:

ـ قۆڵت چیەتی؟

پاشان کەمێک بێدەنگ بوو و خێرا ڕوومەتی خستە ناو لەپی دەستەکانی و دەستی کرد بە گریان. ڕۆشتمە بەردەمی و لەچکەکەیم کە لەسەر داخزابوو چاک کردەوەو پێم وت:

ـ مەگری ئیتر! خۆ هیچی لێنەهاتووە!

سەری بەرز کردەوەو وتی:

ـ بەخوا بە دەست خۆم نەبوو! هەر نەمزانی چی بوو!

ـ خۆت زویر مەکە، هەموو شتێ چاک دەبێت.

نازم کێشا و فرمێسکەکانیم لەسەر گۆنای سڕی، کتو پڕ دەستی گرتم و ماچی کرد و وتی:

ـ بڵێ بە خوا خۆشمدەوێی!

ـ بە خوا خۆشمدەوێی!

کتو پڕ گۆڕا! دیسان وەکو نیو سەعاتی پێشتری لێهاتەوە! ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما و هەناسەکانی پچڕ پچڕ و کورت کورت بونەوە! دەستەکانی دیسان دەستیان بەلەرزین کرد! دیسان ترس لەچاوەکانی نیشت! وەها هەناسەی سوار ببوو کە دەت وت کیلۆمەترێک ڕێگا ڕای کردوە! دەستەکانیم گرت بە دەستمەوە بەڵام نەدەسرەوت.

ـ گەنم! گەنم! ئارام بە گەنم!

گەنم تو خوا بە تەنیا جێم مەهێڵن! دەترسم! ئێستا بۆ کوێ بڕۆم؟ بۆ کوێ بڕۆم؟ کەسم نیە! کەسم نیە! خوایەگیان چیبکەم؟ خوایە گیان چیبکەم؟

خێرا خێرا ئەمانەی دەوت و دەلەرزی! بە دەستێکی چاکەتەکەی منی گرتبوو و بە دەستێکیتری چاکەتەکەی کامیار! وەکو منداڵێک کە دایک و باوکی دەیانەوێ لەتاریکیدا بەرەڵای بکەن و بڕۆن، من و کامیاری گرتبوو و وازی لێ نەدەهێنایین!

ـ گەنم گیان ئارامبە! خەریکی خۆت لەناو دەبەی!

ـ باشە، باشە! هەرچی بڵێی دەیکەم تەنیا ئێوە نەڕۆن!

ـ ئێمە بۆ هیچ کوێ ناڕۆین! بۆ هەرکوێ ڕۆشتین بەیەکەوە دەڕۆین!

هەر ئارام نەدەبوویەوە! وەها دەلەرزی کە لەلەرزینی دەستەکانی، من و کامیاریش خەریکبووین دەلەرزین! کامیار بە هێواشی چاکەتەکەی لەچنگی گەنم دەرهێنا و ڕۆشت

بۆلای ئۆتۆمبێلەکە! هەر کە ئەوەی کرد، گەنم بەو دەستەکەی تری چنگی بە قۆڵی مندا گرت! ڕێک ئەو شوێنەی کە بریندار بوو! سۆ لەدڵمەوە هات بەڵام نەمخستە خۆم! وەها منی گرتبوو کە نەمدەتوانی بجوڵێم! بە هەردوو دەستی منی گرتبوو و هەر بە کامیاری دەوت!

ـ مەڕۆ پیس و چەپەڵ، ئەی پێت ناڵێم مەڕۆ!

ـ گەنم! ئارام بگرە!

گەنم خەریکە دەڕوات حەماڵ!

ـ نە ناڕوات! هیچکامێکمان بۆ هیچ کوێ ناڕۆین! ئارامبە!

گەنم بڵێ با بگەڕێتەوە! بڵێ با بگەڕێتەوە!

ـ کامیار خەریکی دەڕۆی بۆ کوێ دەی؟

کامیار بۆ هیچ کوێ ناڕۆم گەنم گیان! ئێوەش وەرنە ئێرە! وەرنە لای ئۆتۆمبێلەکە!

کتوپڕ گەنم هەروا کە چنگی بە قۆڵ و جلەکانی منەوە بوو، ڕێکەوت بۆ لای ئۆتۆمبێلەکە و منیشی لەگەڵ خۆیدا ڕاکێشا! لەئێشدا خەریکبوو دەمردم بەڵام متەقم نەدەکرد. هەر کە هات لەجۆگەلەی قەراخی شەقامەکە بپەڕێتەوە، هەلکەوت لەقراخی جۆگەلەکە و کەوت! منیش بە دەستێکی ساخ و بە دەستێکی بریندار بە زۆر بە هەواوە گرتمەوە! خەریکبوو هەردووکمان بەسەرا بکەوین بەڵام هەرچۆنی بوو گرتمەوە! کامیار ڕای کرد بۆ لای ئێمە بە تووڕەیی قیڕاندم بە سەریدا و وتم:

ـ دەی بۆ کوێ دەڕۆی تۆ؟

کامیار وەرن! وەرن ئێوە بچینە ناو ئۆتۆمبێلەکە!

پاشان هەردووکمانی برد لەسەر کورسی دواوەوەی ئۆتۆمبێلەکە داینیشاندین بەڵام هەر وازی لەمن نەدەهێنا!

گەنم تۆش، سامان تۆش دانیشە!

ـ باشە گەنم گیان! منیش دادەنیشم، مەترسە!

پاشان هەردووکمان چوینە ناو ئۆتۆمبێلەکە و کامیار ڕۆشت و دەرگای سندوقی دواوەی ئۆتۆمبێلەکەی کردەوە و نەختێ دوای ئەوە دایخست و گەڕایەوە و هاتەوە پشت سکانەکە و قوتویەکی بچووکی بە من دا و وتی:

ـ قومێکی پێبدە بیخوا! سەیرێکی قوتوەکەم کرد و وتم:

ـ پێی ناخۆش نابێ؟



Scanned with CamScanner

کامیار لەوەی کە هەیە خراپتر نابێ! پێی بدە!

دەرگای قوتووەکەم هەڵپچڕی و گرتمە بەردەم گەنم و وتم:

ـ ها گەنم گیان، نەختێ بخۆرەوە.

سەری هێنایە پێشەوە! مەبەستی ئەوە بوو من بە دەستی خۆم بیکەم بە دەمیەوە! دەستی لەقۆڵ و چاکەتەکەی من بەرنەدەدا! بە هەر دوو دەستی منی گرتبوو! ئەو داماوە وایدەزانی ئەگەر بۆ تاوێک وازم لێ بێنێ، هەڵدێم! گریان گەروی گرتبووم! ئاوڕێکم لەکامیار دایەوە و سەیرێکم کرد زانیم ئەویش لەمن خراپترە! ئاماژەیەکی بۆ کردم بۆیە منیش قوتووەکەم بردە پێشێ و خستمە سەر لێوی. ئەویش قومێکی خوارد و هەر کە تامی کرد سەری لابرد و وتی:

ـ ئەمە چیە؟ ئەمە چیە؟

ـ مەترسە گەنم گیان، هیچ نیە!

گەنم من نایخۆم!

کامیار بیخۆ، ئارامت دەکاتەوە!

گەنم نە، نایخۆم!

کامیار بڕوانە منیش دەیخۆم!

قوتووەکەی لێوەرگرتم و دوو قومی خوارد و دیسان دایەوە دەستم و وتی:

ـ تۆش بیگرە، بیکە بە زەهری مارت!

ـ ئێستا؟

کامیار نەخێر! ڕێگە بدەن نیو سەعاتێکیتر ماست و خەیار ئامادە بێ! دەی ئێستا ئیتر!

لێم وەرگرت و منیش دوو قومم خوارد! ڕاستی دەوت کامیار! بە ڕاستی پێویستم پێی بوو! تا قولایی گەدەم سوتا! کامیار لەداشبڵەکەدا، پاکەتێ چکلێتی دەرهێنا و کردیەوەو دەنکێکی دا بە من و خۆی دەنکێکی خوارد و ئەوەلای گرت بۆ گەنم و وتی: ئەها ئێمە خواردمان، ئێستا تۆش بیخۆ.

قوتوەکەم خستە بەردەمی و ئەویش دوو قومی خوارد و کتوپڕ سەری ڕاوەشاند.

گەنم زۆر ناخۆشە!

کامیار دەرمان تاڵە ئیتر! وەرە، دەنکێ چکلێت بخە دەمت.

چکلێتەکەی بۆ گرت بەلام دیسان دەستەکانی لەمن جیا نەدەکردەوە! خۆم چکلێتێکم



Scanned with CamScanner

هەلگرت و خستمە دەمی. کاتێ خواردی شێوەی گرژی ڕوخساری لەتامی تاڵ، ڕەوییەوە.

کامیار نەختێ تریشی پێیدە.

کامیار ئۆتومبێلەکەی خستە ئیش و کامیار ئۆتومبێلەکەی خستە ئیش و هەر کە دەنگی ئۆتومبێلەکە هات، گەنم نەختێ توندتر منی گرت و بە کامیاری وت: دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆین؟

کامیار بۆ هیچ کوێ! مەترسە!

ـ کامیار بڕۆین بۆ نەخۆشخانەیەک!

گەنم من نایەم بۆ نەخۆشخانە! من نایەم بۆ نەخۆشخانە!

ـ گەنم گیان دەمانەوێ حەبێ شتێکت بۆ وەربگرین کە ئارام ببیتەوە!

خێرا دەستی کرد بە هاوار هاوار و وتی:

ـ پیس و چەپەڵانە دەتانەوێ بە شێوەیەک لەملتان ببمەوە؟

ـ نە گەنم گیان!

گەنم من بۆ هیچ کوێ نایەم! تێگەشتن؟

کامیار باشە! مەقیرێنە! بۆ هیچ کوێ ناڕۆین! ئائا!

ئەمەی وت و ئۆتومبێلەکەی لەئیش خست، هەر کە ئۆتومبێلەکەی لەئیش خست، نەختێ ئارامتر بوویەوە. کامیار دوو جگەرەی دەرهێنا و دایگیرساند و یەکێکیانی دا بە من و وتی: بیگرە! وا دیارە تۆ لەمە خراپتری!

جگەرەکەم لێ وەرگرت و مژێکم لێدا و نەختێ ئارام بوومەوە و هەڵگەرا□مەوە و سەیرێکی گەنمم کرد کە بەو چاوە پڕ لەترسانەی دەقەیەک سەیری من و دەقەیەک سەیری کامیاری دەکرد! وەها منی بە دوو دەستی گرتبوو ئەت وت دزی گرتووە!

کامیار گەنم گیان واز لەو قۆڵەی بهێنە! دەی ئەوە بریندارە!

ئاماژەم بۆ کرد کە وازی لێ بێنێ هەر چەند کە گەنم گوێی لەو قسانە نەبوو! یانی هەر لەدنیایەکی تردا بوو!

هەرچۆنێک بوو ئەوەندەی بەسەر چوو کە جگەرەکەمان تەواو بوو. دەستەکانی گەنمیش شل بوو، وا دیار بوو کاریگەری لەسەری بووە! لەرزینی دەستەکانی وردە وردە نەماو وازی لەقۆل و چاکەتەکەم هێنا و هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا و سەیرێکی قۆڵم کرد. دیسان خوێن لەبرینەکەم هاتبووە دەرەوە و لەفافەکە پیس ببوو! تازە ئەتوت گەنم ئاگای بە خۆیدا هاتبووەوە! سەیرێکی دەستی کرد کە هەر خوێن بوو و دیسان

دەستی کرد بە گریان!

کامیار با سەیرێکی برینەکەت بکەم! دەبێ تەقەڵەکانی کرابێتەوە!

- نە، هیچ نییە! چەند دەسماڵێکم بدەرێ! دەستی هەر خوێنە!

کامیار چەند دەسماڵێکی لەپێش ئۆتۆمبێلەکەدا دەرهێنا و پێیدام منیش دەستی گەنمم گرت و دەستم بە پاک کردنەوەی خوێنی ناو دەستی کرد و وردە وردە پێم وت:

- ئاخر بۆچی خەریکی خۆت لەناو دەبەی؟ هێمن بە ئەزیزم! هیچ نەبووە بەخوا!

کامیار بڕوانە گەنم گیان، ئەگەر تۆ ئاوا بکەی، هیچ دەستکەوتێکت نابێ! هیچ کەسیش گوێت لێناگرێ! دەبێ خۆت ڕاگری!

بە دەسماڵێک، فرمێسکەکانیم لەسەر گۆنای سڕی، هەڵگەڕایەوە و سەیرێکی من و پاشان کامیاریشی کرد و وتی:

- بە دەست خۆم نییە بەخوا! کتوپڕ وام لێدێ!

کامیار خۆ ئێستا ئارامی؟

- ئا، تەنیا نەختێترم لەوە بدەرێ بیخۆمەوە.

قوتوەکەم لەسەر کورسییەکە هەڵگرت و پێم دا! نەختێتری خواردەوە و کامیاریش چکلێتێکی پێدا و وتی:

- ئێستا ئەهێڵی ئۆتۆمبێلەکە ئیش پێبکەم؟

گەنم دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆی؟

کامیار ماڵەوە!

زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: کام ماڵ؟

کامیار ماڵی خۆمان ئیتر! ماڵی من، ماڵی تۆ، ماڵی سامان! قسەکانمت لەبیر چووەوە؟

هەڵگەڕایەوە و ئۆتۆمبێلەکەی ئیش پێکرد و ڕێکەوتین و چەند دەقیقە دوای ئەوە لەبەر دەرگای گەراجەکەدا ڕاوەستا و هەر کە ویستی دابەزێ مەش سەفەر دەرگای گەراجەکەی کردەوە و لەکاتێکدا خەم و خەفەت لەڕوخساریدا دیار بوو، هاتە پێشەوە و سەلامی کرد و سەیرێکی ناو ئۆتۆمبێلەکەی کرد و کاتێ کە سەیری کرد گەنم لەئۆتۆمبێلەکەدایە خێرا دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و وتی: لێت بە زیاد بێ خوایە!

کامیار چی بووە مەش سەفەر؟

مەش سەفەر ئاغا بۆچی تەلەفونەکەتان داخستووە؟ گیانی دەرچوو ئەم پیرە پیاوە!

کامیار پیرە پیاو کێیە؟

مەش سەفەر باوەگەورە دەڵێم!
کامیار خۆ ئەو هەموو کات دەڵێ سی و یەک دوو ساڵ زیاترم نییە!
مەش سەفەر ئێ. . . ! پێم ڕامەبوێرە تاقەتم نییە!
کامیار خێڵی باخ لەکوێن؟
مەش سەفەر لەبەر ماڵی خانمی بچووکدا کۆ بونەتەوەو هەر کام تەلەفونێکیان بە دەستەوەیە و خەریکن تەلەفونتان بۆ دەکەن!
کامیار ها مەش سەفەر! حوشترت دیوە نەتدیوە! من و سامان بە تەنیا هاتوینەتەوە! تێگەشتی؟
مەش سەفەر یانی بەوانیتر نەڵێم کە گەنمتان هێناوەتەوە بۆ ماڵەوە؟
کامیار ئافەرم!
مەش سەفەر بەڵام ناتوانم درۆ لەگەڵ باوەگەورەدا بکەم!
کامیار خۆمان خەریکین دەڕۆین بۆ ئەوێ. جارێ تۆ هیچ بە کەس مەڵێ! برۆ ئەولا بزانم!
ڕێکەوت و ڕۆشتینە گاراجەکە و دابەزین.
کامیار سامان! بە ئەسپایی بە شێوەیەک کە کەس نەزانێ گەنم ببە بۆ ماڵی باوەگەورە.
کتوپڕ گەنم قۆڵی من و دەستی کامیاری گرت و وتی:
-من تەنیا بڕوام بە ئێوە هەیە! تەنیاش لەبەر ئێوە بۆ ئێرە گەڕامەتەوە!
کامیار زۆر سوپاس کە بڕوات بە ئێمە کرد، بەڵام تو گیانی هەر کەس کە خۆشت دەوێ واز لەقۆڵی ئەو داماوە بێنە! لەت و پەتت کرد ئەوەندە چنگت لەقۆڵی گیر کرد!
کتوپڕ گەنم بە ئاگا هاتەوە کە دیسان قۆلەبیریندارەکەمی گرتووە! خێرا بەریدا و وتی:
- ببوورە، ببوورە!
-هیچ نیە! قەیناکا! ئێستا تۆ تەنیا خێرا وەرە تاکو کەس نەیزانیوە کە ئێمە هاتووینەتەوە!
کامیار خێرا بڕۆن! هەر لەدەرگای دواوەی گەراجەکەوە بڕۆن، لەبەینی شمشادەکانەوە بڕۆن بۆ ماڵی باوەگەورە! کەس چاوی لێتان نییە!
دەستی گەنمم گرت و لەدەرگای دواوەی گاراجەکە ڕۆشتینە دەرەوە بۆ ناو باخەکە و لەبەینی شمشادەکانەوە، کە وەکو ڕێڕەوێک بوو ڕۆشتین بۆ ماڵی باوەگەورە و لەقادرمەکان سەرکەوتین و هێواش چەند تەقەم لەدەرگا دا و ڕۆشتینە ژوورەوە! هەر

که باوەگەورە چاوی بە ئێمە کەوت ڕایکردە پێشەوە و گەنمی گرتە باوەش و دەستیکرد بە گریان! تا ئەو کاتە گریانی باوەگەورەم چاو پێنەکەوتبوو! گەنمیش دەستی کرد بە گریان! قوڕە قوڕ دەگریا! دامابووم چیبکەم! هەروا یەکتریان گرتبووە باوەش و دەگریان!

لەماڵ ڕامکردە دەرەوە و لەسەر ستارەکەوە، کامیارم بانگکرد کە خەریکبوو دەڕۆشت بۆ ماڵی پوری و ئەوان و ئاماژەم پێ کرد کە خێرا بێت! لەنیوەی ڕێدا، ڕایکرد بۆ لای من و هەر کە گەشت وتم:

- خەریکی بۆ کوێ دەڕۆی؟

کامیار دەڕۆم نەختێ ئەو کچە پوورانەم دڵنەوایی بکەم!

- سەیرە تۆ چەند مرۆڤێکی سەیری! ئێستا کە گەنم وای لێهاتوە کاتی ئەم شتانەیە؟

کامیار دەی ئەمە کچە پوورمە، ئەوانیش کچە پوورمن! خۆ نابێ جیاوازیان بێ!

- وەرە ژوورەوە بزانە چ باسە! هەردووکیان هەروا خەریکن دەگرین!

کامیار بڕۆین بزانم!

هەردووکمان ڕۆشتینە ماڵەوە و هەر کە کامیار باوەگەورە و گەنمی چاو پێکەوت کە خەریکن دەگرین، بە توڕەییەوە پێی وتن:

- باشە، باشە! ئەوە چی دەکەن؟ بڕۆن لەسووچێکدا دانیشن بزانم!

باوەگەورە هەر کە چاوی بە کامیار کەوت وتی:

- لەکوێ بوون تا ئێستا؟ دڵم هەزار ختورەی کرد!

کامیار ئەوەش لەجیاتی دەست خۆشیتە، حاجی مەمسادق خان؟ باوکمان دەرهات تا ئەو کچەمان هێناوەتەوە ئێرە!

باوەگەورەکە دەستی تۆ چۆنە کوڕە؟

- باشە باوەگەورە!

باوەگەورەکە: دەرگاکە قەپات بکەن و وەرنە ژوورەوە. خۆ هیچتان بە هیچ کەس نەوتووە؟

کامیار نە، بە مەش سەفەریشم وتوە هیچ بە کەس نەڵێت!

باوەگەورەکە باشتان کرد. وەرن دانیشن.

هەموومان ڕۆشتین و دانیشتین و کامیار چای بۆ تێکردین و یەکی پیاڵەیەکی خستە بەردەممان و وتی:

- بیخۆ پوورزاگیان. ئەم چایە بەر هەر کەسێ ناکەوێ!

گەنم کامیار داوات لێدەکەم ئیتر بە من مەڵێ پوورزا!

باوەگەورە بۆچی گیانەکەم؟

گەنم بۆ ئەوەی کە من پوورزای ئەمانە نیم! کچەزای ئێوەیش نیم! هەر هیچکەس نیم! کچێکی فڕێدراوم! دەزانن فڕێدراو یانی چی؟

باوەگەورە ئەم قسانە چییە دەیکەی؟ بەخوا. . .

گەنم تو خوا ئیتر مەیپۆشە! ئیتر کەس نەزانێ، خۆ ئێوە دەزانن! یانی ئێوە باشتر لەهەر کەسێ دەزانن! ئەمانە بە بێ پرسی ئێوە، ئاویش ناخۆنەوە! کەوایە ئێوە باشتر لەهەموویان ئەم باسەتان دەزانی!

باوەگەورە لێوی گەست و سەری داخست!

کامیار تو خوا بێدەنگ بە گەنم گیان. بە سەرچاو، ئیتر پێت ناڵێم پوورزا! تەنیا ئێستا کە هێمنی، پێمان بڵێ کە چیت بەسەر هات! تۆ ئەم باسەت لەکوێ زانی!

گەنم پاڵێکی دایەوە و چاوەکانی نووقاند و هیچی نەوت.

- بڕوانە گەنم گیان، ئەگەر پێمان نەڵێی خۆ کێشەکە چارەسەر ناکرێ!

کتوپڕ قیڕاندی بە سەرمدا و وتی:

- چ کێشەیەک بڕیارە چارەسەر بکرێ؟ ئێوە دەتانەوێ چی چارەسەر بکەن؟ ئەمە ئیتر هیچ نییە کە بکرێ بە پارە و دەسەڵات و واستەگەری باوەگەورە چارەسەر بکرێ!

کامیار تۆ تەنیا بڵێ کە چۆن بە شتێکی ئاوات زانی! تورەش مەبە!

- هەر لەوانەیە کە هەمووی درۆ بێ گەنم!

گەنم تکات لێدەکەم سامان ئەوەندە دڵنەوایی کەرانەم مەکە!

- ئاخر لەوانەیە تۆ هەڵە. . .

گەنم واز بێنە سامان! کەر خۆتیت!

- باشە، من کەرم! بەڵام نابێ ئێمە بزانین چی ڕویداوە؟

گەنم دەمت داخە ئیتر! ئەمەی وت بێدەنگ بووم کە کامیار پیاڵە چاکەی خستە سەر ژێر پیاڵەکەی و وتی:

- گەنم خانم، هەر هیچ نەبێ ڕێزێ لەقۆلی برینداری بگرە!

گەنم تۆش دەمت داخە...

کامیار لەوەی کە من و سامان لال بین قسەیەک نییە! باشە، لال دەبین! بەڵام ئەگەر ئێستا دوو سێ سەعاتە بەدوای ئێوەداین و هەر چییەکت وت ( ) کرد هەر نیشێکت

کرد هیچمان نەوت، تەنیا لەبەر یارمەتی تۆیە! ئیتر خۆ بڕیار نییە هەرچی لەدەمت دێتە دەر پێی بارمان بکەی! بەلای ناموبارەکیەوە تۆ کچێکی خوێندەواری ئەم وڵاتەی! ئەگەر تۆش چاوەکانت بنوقێنی و دەمت بکەیتەوە چ جیاوازییەک لەنێوان تۆ و کەسێکی نەخوێندەواردا هەیە و هەر هیچ نەبێ دوو کەس بۆ خۆت بهێڵەوە!

هەر کە کامیار ئەمەی وت، کتوپڕ دەستی کرد بە گریان و هەروا دەگریا وتی:

- من لەچی دەترسێنی؟ لەتەنیایی؟ لەبێکەسی؟ وا دەزانی ئێستا خەریکی یارمەتیم دەدەی و دەتوانی گویەکم بۆ بکەی؟ وادەزانی کەوا ئێستا ئێوەم بۆ خۆم ڕاگرتوە پشتم گەرمە و تەنیا نیم! داماو من ئێستا لەبێکەس بێکەسترم! ئێوە بۆ من بێگانەن! خۆ من ئێوە بەخۆم نازانم! هەستە برۆ ونبە حەماڵ! کەوای لێهات هەر خۆم دەڕۆم!

ئەمەی وت و هەستا بڕوات، خێرا هەموومان بە سەریدا داباریین و گرتمان و کامیار وتی:

- بابە ئێمە گومان خوارد! هەڵەمان کرد بەخوا! هەر کەوایە من و سامان تکات لێ دەکەین کە شەرم بخەیتە لاوەو نەختێ ئاسایتر لەگەڵمان بدوێ! چیە وەکو ئەو کەسانەی کە تازە بەیەک گەیشتون وشک قسە دەکەی؟ حەماڵ و نەفام و بۆگەن چیە؟ ئەمانەمان کە پێ دەڵێی واهەست دەکەین کە بەیەکەوە نامۆین! شتێ بە دایکمان بڵێ؟ شتێ بە خوشکەکانمان بڵێ! بە باوکمان دووان سیانێ بڵێ! بە کورتی شتێ بکە کە پاک و پیس دەرچین و هەست بە غەریبی نەکەین!

کتوپڕ هێمن بوویەوەو دیسان پاڵیدایەوە بە پشتییەکەوەو دەستی گرتە بەردەمی و تەنیا دەگریا. ئێمەیش وازمان لێهێنا و لێی دوورکەوتینەوە و هێشتمان نەختێ بگری تاوەکو ئارامتر ببێتەوە.

کە نەختێ تێپەڕی، لەگیرفانی پانتۆڵەکەیدا وەرەقەیەکی دەرهێنا و فڕێیدایە سەر عەرز! من و کامیار و باوەگەورە سەیرێکی یەکتریمان کرد و من ویستم وەرەقەکە هەڵبگرم، کامیار ئاماژەی پێکردم کە دانیشم و دەستی بۆ نەبەم.

دوو سێ دەقەی پێنەچوو هەتاکو گەنم خۆی هاتە قسە و وتی:

- دوێنێ شەو کە لەسامان جیا بوومەوە، تاقەتی ئەوەم نەبوو بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە! هەر بۆیە ڕۆشتم بۆ ناو باخەکە بۆ پیاسە کردن. نازانم چەندەی پێچوو. دوایی ڕۆشتم بۆ ماڵەوەمان و لەسەر قادرمەکانی بەر ماڵەوەدا دانیشتم. نیو سەعاتێکیش لەوێ بووم. جا ڕۆشتمە ژوورەوە.





Scanned with CamScanner

ناوێ بێدەنگ بوو پاشان وتی:

ـ ئەوان لەژووری خۆیاندا بوون.

باوەگەورە: ئەوان کێن؟

کامیار بە دایک و باوکی دەڵێ ئەوان! ناوی تازەی لێناون!

گەنم ئاوڕێکی لەکامیار دایەوە و سەیرێکی کرد کە خێرا کامیار وتی:

ـ گەنم گیان تۆ خۆت هیلاک مەکە! ئێستا خۆم دەیڵێم! حەماڵ گاڵتە مەکە باشە؟

گەنم سەرێکی داخست و دوای ئەوە وتی:

ـ کاتێ ڕۆشتمە ژوورەوە سەیرم کرد ئەم وەرەقەیە لەژوورەکەدا کەوتووە. سەرەتا وامزانی سامان پەیامێ شتێکی بۆ داناوم. کاتێ هەڵمگرت و خوێندمەوە، هەر لەڕێوە ژوورەکە بەدەوری سەرمدا سووڕایەوە! بورامەوە و لەناوەڕاستی ژوورەکەمدا کەوتم بە عەرزا! نازانم چەندەی پێچوو، کەنەختێ باشتر بووم، ویستم وەرەقەکە بدڕێنم، بەلام نەمتوانی! حەزم نەدەکرد بڕوا بەو شتانە بکەم کە لەناویدا نووسرا بوو بەلام نەمدەتوانی وازی لێبێنم! هەستام و دیسان خوێندمەوە. جا بە هێواشی لەژوورەکە ڕۆشتمە دەرەوە و ڕۆشتمە سەر تاکەکەی. . . !

دیسان نەختێ بێدەنگ بوو دوای ئەوە وتی:

ـ ڕۆشتمە سەر تاکەکەی ئەو! دەمزانی کە جانتایەکی هەیە، هەموو وەرەقەو تاپۆ و شتە گرنگەکانی دەخاتە ئەوێ. ڕۆشتمە سەر تاکەکەی و جانتاکەیم دەرهێنا و کردمەوە. یەکە یەکە وەرەقەکانیم دەرهێنا، چاوم کەوت بە زەرفێکی کۆنە کە بە تیپ و دەزو پێچرابوو! کە کردمەوە ئەو وەرەقەیەم دۆزییەوە! ئیتر ئەوەلای نازانم چی بوو! وا بزانم هەر لەوێ دانیشتووم، قیراندومە!

کە ئەمانەی وت، بێدەنگبوو. کامیار بە ئەسپایی وەرەقەکەی هەڵگرت و سەیرێکی کرد و کتوپڕ لەجێگەی خۆی هەستا و ڕۆشت بۆ لای دەرگاکە! منیش هەر چەند پەشۆکا بووم، بە پەلەهەستام و ڕۆشتم بە دوایدا کتوپڕ وەکو پزیسک هەڵبەزی و هاتەوە بۆ لای ئێمە! دوو هەنگاوی هەڵهێنا هەڵخلیسکا و کەوت بە عەرزا و دیسان لەجێگەی خۆی هەستا و پێمان گەشتەوە و چنگی کرد بە چاکەتەکەی من و کامیاردا و هەروا کە هەناسەی سوار بوو بە پەلەپەل وتی:

- مەڕۆن! مەڕۆن! مەڕۆن!

- بۆ کوێ دەڕۆی کامیار؟ چی بوە؟

کامیار گەنم گیان، تۆ بڕۆ بۆ لای باوەگەورە هەتاکو ئێمە دەگەڕێینەوە.

گەنم کە دیسان تێک چووبووەوە تونتر ئێمەی گرت و بە گریان و هاوار و قیڕە وتی:

ـ نامەوێ! نامەوێ!

ـ باشە دەی! باشە دەی گەنم! ناڕۆین! ئارامبە!

دیسان دەستی بە لەرزین کرد! وەها هەناسەی سوار بووبوو و دەلەرزی کە باوەگەورە ترسا و ڕایکرد بۆ لای گەنم و باوەشی پیا کرد، بەڵام گەنم لایشی لێ نەکردەوە و تەنیا من و کامیاری گرتبوو!

باوەگەورە شتێ بکەن! تەلەفون بکەن بۆ دۆکتۆرێ شتێ بێت! هاکا دڵی وەستا!

کامیار مەترسن! هیچ نییە! ئەمە تا ئێستا دوو سێ جار وای لێهاتوە!

باوەگەورە ئەی چیبکەین؟

کامیار لەو شوشە دەرمانە بیانیە کە لەدۆڵابەکەدایە دەبێ دوو کەوچکی پێ بدەیت بیخواتەوە هەتاکوو ئارام ببێت!

باوەگەورە سەیرێکی کامیاری کرد و جا وەک خۆی شتێک تێگەیشتبێ، ڕایکرد بۆ لای دۆڵابێک و لەبنەکەیدا قوتویەکی دەرهێنا و پیاڵەیەکی هەڵگرت و هاتەوە بۆ لای ئێمە و هەر کە ویستی بیکاتە ناو پیاڵەکە کامیار قوتوەکەی لەدەست سەند و وتی: عەزێت مەکێشە حاجی مەمسادق! ئەمە بە قوتوو دەخواتەوە!

جا قوتوەکەی گرتە بەردەمی گەنم ئەویش هەروا چاکەتەکەی ئێمەی بە چنگ گرتبوو، دوو قومی لێخواردەوە!

کامیار باوەگەورە، هەر هیچ نەبێ شتێ بێنە کە دوای ئەوە بیکاتە دەمی!

باوەگەورە ڕایکرد و ڕۆشت لەدۆڵابەکەیدا، هەندێ نۆکی برژاوو و تووی وشکی هێنا و بە دەستی خۆی کردییە دەمی گەنم!

دیسان هەموومان گەڕاینەوە سەر جێگەی خۆمان یانی گەنم نەیدەهێشت لەجێگەی خۆمان جوڵە بکەین! بڕوای بە هیچ کەسێ نەمابوو تەنیا لەئێمە دڵنیا بوو! بە چاوە پڕ لەترسەکانیەوە دەقەیەک سەیری منی دەکرد و دەقەیەک سەیری کامیار! ڕێک وەکو ئەوە کە یەکێ دوو دزی گرتبێ، ئەویش من و کامیاری گرتبوو نەیدەهێشت بۆ هیچ کوێ بڕۆین! ئێمەش بێدەنگ دانیشتبووین و ئەویش لەنێوانماندا! دەستێکی بە چاکەتەکەی منەوە بوو ئەو دەستەکەی بە چاکەتەکەی کامیارەوە! باوەگەورەش لەو لاتر دانیشتبوو و بێدەنگ سەیری دیمەنەکەی دەکرد! بنیادەم گریانی دەهات! کچێ کە چەند سەعات

لەوەپێش، کچێکی شۆخ و شاد و تەندروست بوو، ئەم چەند سەعاتەدا چۆن تیا چوو بوو! کچێ کە لەوانەیە هەر ئەم بەیانیە وەکو من عاشق بوو بێ!

دە دەقەیەک ڕابوورد هەتاکوو نەختێ باشتر بوو و دەستەکانی لەجاکەتەکەی ئێمە کردەوە و پاڵی دایەوە بە پشتییەکەوە. کامیار بە هێواشی بە باوەگەورەی وت:

ـ حاجی مەمسادق دیازپامێ شتێکت لەماڵەوە هەیە؟

باوەگەورە نا، یانی پێی بدەین بیخوا؟

کامیار ئا.

باوەگەورە- وا باشتر نییە بوەستین تا بەیانی، دوکتۆرێ شتێ. . .

کامیار ئەمە دەبێ ئێستا بخەوێ ئێوە ئەو حەبەم بدەنێ، حەقت نەبێ.

باوەگەورە هەستا و ڕۆشتە سەر دۆلابەکەی و تاوێ دوای ئەوە بە دەنکێ حەب و پەرداخێ ئاوەوە هاتەوە و بە کامیاری وت:

ـ دە میلیمە! لەتی بکەین؟

کامیار نە بابە! وەها باشە.

باوەگەورە سەرێکی ڕاوەشاند و ڕۆشتە بەردەمی گەنم و ویستی حەبەکە بخاتە دەمی، گەنم کتوپڕ سەری لابرد و بە تووڕەییەوە وتی:ـ ئەمە چییە؟

کامیار هیچ نییە گەنم گیان، حەبە، ئارامت دەکاتەوە!

حەبەکەم لەباوەگەورە وەرگرت و بردمە بەردەمی، سەیرێکی چاوەکانی کردم و پاشان دەمی کردەوە و منیش خستمە سەر زمانی و پەرداخە ئاوەکەم پێدا. خواردی و دیسان پاڵی دایەوە بە پشتییەکەوە و چاوەکانی نوقاند. ئیتر ئێمەش بەیەکەوە هیچمان نەوت. هەر کاممان خەیاڵمان لای خۆمان بوو. من حەزم دەکرد زووتر گەنم خەوی لێبکەوێ تاکو بتوانم لەگەڵ کامیار قسە بکەم و بزانم شکی لەکێیە؟ کتوپڕ لەجێی خۆی هەستا و دەیویست بڕواتە دەرەوە! دەمزانی هەندێ شتی زانیوە! لام کردەوە و سەیرێکی باوەگەورەم کرد. ئەویش خەریکبوو سەیری کامیاری دەکرد. وابزانم ئەویش هەر لەو خەیاڵەدا بوو. ئەویش حەزی دەکرد بزانێ کە کام بنیادەمی بێڕەحم ئەم وەرەقەیەی فرێداوەتە ژوورەکەی گەنم! ئاخر کێ دڵی هاتوە لەگەڵ کچێکی ئاوا جواندا ئاوا مامەڵە بکات! هەڵگەڕامەوە و سەیرێکی ڕوخساری گەنمم کرد. بەڕاستی ئەو کچە حەیفە! تاکوو پێش ئەم ڕووداوە چۆنم بیر دەکردەوە! چەند خۆشحاڵبووم! ئەو چەند دەقەیە کە لەجێگەکەمدا ڕاکشابووم و بیرم دەکردەوە. خەریکبووم پلانم بۆ داهاتوومان دادەڕشت.

دەمویست بە کامیار بڵێم کە بە دایک و باوکم بڵێ کە ئەگەر بکرێ بڕۆنە خوازبێنی گەنم! لەخەیاڵمدا خۆم بە جلی زاواییەوە دەبینی و ئەویشم بە جلی بووکێنیەوە! چەندیش لێی دەهات کە ببێتە بووک! چەندە بە جلی بووکێنییەوە جوان دەبوو! حەیف! حەیف! ئاخر کام بێشەرەف ئیشێکی ئاوا بۆگەنی کردوە؟ ئاخر بۆچی؟ ئەم کچە خۆ قەد ئازاری بە کەس نەگەیاندووە! خۆ هەر حەقی بە سەر کەسەوە نەبوو! یانی کێ لەگەڵیدا ئەوەندە دووژمن بووە کە ئامادە بووە لەگەڵ ژیان و هەست و ڕۆحی ئەم کچەدا یاری بکات؟ چ سوودێکی لەم ڕووداوە بینیوە؟ هەر بۆچی دەبێ گەنم کچە پوورم نەبێ؟ یانی خۆیان منداڵیان نەدەبوو؟ لەو وەرەقەیەدا چی نووسرابوو؟ خەتی کێ بوو؟

ئەوەندە ئەم ڕووداوە کتوپڕ بوو کات بۆ بیر کردنەوە لەم شتانە نەڕەخسابوو. ئێستا هەموو ئەو پرسیارانە بە جارێ هێرشیان هێنابووە مێشکم!

کامیار سامان! سامان!

چاوەکانم کردەوە.

کامیار نوستووی؟

- چی بووە؟

کامیار س س س! هەستە!

ئاوڕم دایەوە و سەیرێکی گەنمم کرد! ئارام نووست بوو. بەستەزمانە ژێر چاوەکانی شین ببویەوە!

- نووستووە؟

کامیار نا، هەستە ئیتر!

- جارێ با گەنم باش بخەوێنین جا!

کامیار نایەوێ! ئەمە ئێستا دەستی لێبدەین، خەبەری دەبێتەوە! وازی لێبێنە!

- دەی پێخەفێ شتێ بدەین پیایدا! سەرمای دەبێ!

کامیار باوەگەورە پیایدا دەدا، هەستە بڕۆین.

هەستام و لەگەڵ کامیاردا لەژوورەوە ڕۆشتینە دەرەوە. باوەگەورە لەدەرەوە ڕاوەستابوو. هەر کە چاوم پێکەوت وتم:

- باوەگەورە پێخەفێک بدەن بە گەنمدا. سەرمای دەبێ.

سەرێکی ڕاوەشاند و پاشان بە کامیاری وت:

- ئێستا دەتەوێ چیبکەی؟

کامیار سەرەتا بڕۆین هەواڵێک بە پووریێ و ئەوان بدەین بیتاقەت نەبن جا دەگەمە خزمەتی نووسەری نامەکەیش!

ـ بۆ تۆ دەزانی کێ نامەکەی نووسیوە؟ تۆ کوا کاغەزەکەی؟

کامیار وەرەقەکەی پیدام، کردمەوە، بە خەتێکی لار و لەوێر نووسرابوو! لەناویدا تەنیا نووسرا بوو تۆ منداڵێکی دۆزراوەی! هەر ئەوە!

هەڵگەڕامەوە و سەیری کامیارم کرد و وتم:ـ ئاخر کێ ئەمەی نووسیوە؟

کامیار نەتزانی؟

ـ لەکوێوە بزانم؟

کامیار بۆنی بکە!

ـ چیبکەم؟

کامیار بۆنی پێوە بکە! وەرەقەکە بۆن بکە! بۆنەکەی ناناسی؟

وەرەقەکەم بۆن کرد. ڕاستی دەوت! بۆنێکی لێوە دەهات بەلام زۆر کەم!

ـ لەوانەیە بۆنی گەنم بێت! بەلام نە! گەنم بۆنێکیتر بە کار دێنێ! نازانم!

کامیار وەرەقەکەی لێوەرگرتم و وتی:

ـ من خاوەنی ئەم بۆنە دەناسم! وەرە بڕۆین.

پاشان ڕوویکردە باوەگەورە و وتی:ـ ئەمە چۆن چیرۆکێکە باوەگەورە؟

باوەگەورە کتوپڕ قیراندی بەسەرماندا و وتی:

ـ من نازانم! بڕۆن لەخۆیان بپرسن!

هەردووکمان سەرمان داخست و لەماڵی باوەگەورە هاتینە دەرەوە کە وتی:

ـ هۆی! بۆ هیچ کوێ نەڕۆن! خێراش بگەڕێنەوە! ئەم منالە ئەگەر خەبەری ببێتەوە ئێوەی چاو پێ نەکەوێ زیرە دەکات!

کامیار بە سەر چاوێکی وت و قۆڵی منی گرت کە هاوارێکم کرد!

کامیار ئێ. . . ! تۆش بەم قۆڵتەوە! هەر لەبەر دەست و پێدایە!

ـ کامیار! ئەمە بۆنی کێیە؟

کامیار تۆ وەرە هەتاکوو پێت بڵێم. خۆیشم دڵنیا نیم!

هەردووکمان بۆ لای ماڵی پوریێ ڕێکەوتین. هەروا کە دەڕۆیشتین پێم وت:

ـ تۆ شکت لەکێ هەیە؟

کامیار وتی: هەر ئەم چەند سەعات لەمەوبەرە، دوای شەڕێ کە باوەگەورە لەگەل

پوری و ئەواندا کردی، ئافەرین هات بۆلام، هاتبوو قسەم لەگەڵدا بکات.

ـ سەبارەت بە چی؟

کامیار باخ! دەیویست کەرم بکا کە برۆمە ریزی ئەوان و وا بکەم کە باوەگەورە ڕازی ببێت باخەکە بفرۆشین.

ـ دەی!

کامیار خەریکبوو شێری لێرە و ڕێویە لەوێی بۆ دەوتم!

ـ کەچی بێ؟

کامیار دەیوت ئەگەر ئەم باخە بفرۆشری، پارە دەکەوێتە دەستی دایکم و دەتوانین چەند ئاپارتمانێکی خۆش و ڤێلا و چی و چی پێ بکڕین، دوای ئەوەیش باسی ئێمەیش دەکەوێت بە لایەکدا.

ـ بە لای چی؟

کامیار منیش هەر ئەوەم لێپرسی کە وتی باسی من و تۆ ئیتر!

ـ یانی باسی من و تۆ؟

ڕاوەستا و سەیرێکی منی کرد و وتی:

ـ سامان، بە خوا وەها دەماڵم بەو قوڵەتدا کە قیرەت هەتاکو حەوت تەبەقی ئاسمان بڕوات ها!

ـ بۆچی؟

کامیار دەڵێم باسی من و ئافەرین بکەوێ بە لایەکدا! ئەو جا تۆ دەڵێی باسی من و تۆ؟

ـ دەی ئاخر دیدەکەی تۆ بە شێوەیەک بوو! وامزانی پلانێکیان بۆ من و تۆ داڕشتوە!

کامیار بابە ئەم قسانە چیە دەیکەی؟ ئێستا هەمووان وا دەزانن لەنێوان من و تۆدا دەنگ و باسێک هەیە!

ـ ئاخر تۆ ئەوەندە من و تۆ، من تۆ مەکە! دێن دەمانگرن و بەرد بارانمان دەکەن ها!

ـ ئێ. . . ! دە بڕۆ تۆیش!

ڕۆشتین.

کامیار ئا ئیترا دەیوت ئەگەر بفرۆشری، باسی من و تۆیش دەبڕێتەوە.

ـ بڕوانە! دیسان هەر بەو شێوەیە وتتەوە!

کامیار چی؟



Scanned with CamScanner

- وتت باسی من و تۆ ڕوون دەبێتەوە!

دیسان ڕاوەستا و وتی: بڕوانە سامان گیان، ئەگەر خەیاڵی شتێکت بۆ من هەیە، پێت بڵێم هەمووی خەیاڵی خاوە؟ من لەوانە نیم کە لەسووچێکی هەر باخدا، لەناو درەختەکاندا یەکێ تووشم بێت، بشلەژێم و خێرا خۆم فڕێ بدەمە باوەشی! خەریکم پێت دەڵێم کە خەیاڵی بێ هۆ نەکەی!

- دە بڕۆ کامیار! ئێستا کەی کاتی گاڵتەیە؟

کامیار ئێستا ئەگەر لەناو ئەم هەموو کچەدا منت بەرچاو کەوتووە، هەر هیچ نەبێ سەرەتا بە خۆم بڵێ کە تا زووە قوڕێ بکەین بە سەری خۆماندا!

- هەر ناکرێ لەگەڵ تۆدا قسە بکرێ! وەرە بڕۆین!

کامیار باشە مەتۆرێ!

- خێرا بیڵێ وا گەیشتین!

کامیار بڕوانە! ئێستا دەمەوێ قسەکانی ئافەرینت بۆ بڵێمەوە! ئەگەر لەناویدا وتم من و تۆ، مەبەستم لەتۆ، تۆ نیە ها! یانی باسی من و تۆ لەم بەینەدا ڕوون نابێتەوە، کەنابێتەوە! لەبەر چەند هۆ! سەرەتا لەبەر ئەوە کە من هێشتا تەمەنێکم نییە و دەمم هێشتا بۆنی شیری لێدێ، دوای ئەوەیش من ڕقم لەپیاوی شل و شەوێلی وەکو تۆیە! پیاوێک کە من حەزم لێیە دەبێ نەختێ حیز و بێ حەیا بێ! تێگەیشتی یان نە؟ کە وایە ئەگەر لەقسەکانمدا وتم من و تۆ، دڵت خۆش نەبێ و ئەو ددانە خاوەن مردوانەیشت بۆ جەستە و لەشی من مەساوە. . . . !

-کامیار ئێستا گەنم بە خەبەر دەبێتەوە ها! تو خوا خێرا بیڵێ.

کامیار هیچ بابە، پێی وتم کە ئەگەر بڕۆمە خوازبێنی، شووم پێدەکا!

- هەروا ڕێک پێی وتی؟

کامیار نە! ڕێک نەیوت، بەڵام مەبەستی ئەمە بوو.

- ئاخر ڕێک چی وت؟

کامیار دەی وت دایک و باوکی چاوەڕوانن کە باخەکە بکەوێ بە لایەکدا و جا دەستی ئێمە بخەنە ناو دەستی یەکتری!

هەر ئاگام لەخۆم نەبوو! بێ ئاگا وتم: دەستی ئێمە؟

کامیار بێشەرەفی ڕەزیل، منت هێناوە بۆ ئەم تاریکیە لەژێر ئەم درەختانەدا و هەر ئەم قسانەم پێدەڵێی کە بمورووژێنی؟ ئێستا دەقیژێنم تا هەموو خەڵکی ئەم گەڕەکە

دابارن بە سەرتا و پارچە پارچەت بکەن!
- ئێ. . ! کامیار دارزە! دەنگت دەڕواتە ئەولاوە!
کامیار بێتە پێشەوە دەقیژێنم!
پێکەنین گرتبوومی! ڕۆشتبوە پشت درەختێک و وەک کچە ئاوارەکان دەنگی ناسک کردبوویەوە و هەر هەڵیت و پەڵیتی دەوت.
- کامیار! بەگیانی تۆ عەیبە! ئێستا دەنگت دەبیستن!
کامیار دڵنیابە پێش ئەوەی دەستت بە من بگات خۆم کووشتوە!
- بەڕاستی بێتامی کامیار! من ڕۆشتم!
کامیار قوڕ بە سەر شل و شەوێلیت کەن! کاتێ من ئەم قسانە دەکەم، تۆ نابێ بترسی و ڕاکەی! دەبێ بێیتە پێشەوە!
- بێمە پێشەوە کە بقیرێنی؟
کامیار کەرە، من بە درۆ دەڵێم کە دەمەوێ بقیرێنم! دڵنیا بە هەر هەنگاو کە تۆ بێیتە پێشەوە، دەنگی منیش نزم دەبێتەوە!
- تۆ ئاخری بەم گاڵتانەتەوە تووشی بەڵایەکمان دەکەی! من ڕۆشتم!
کامیار ئەگەر بڕۆی دەقیرێنم!
- جا بۆ ناقیرێنی! هەر گوێەکت پێخۆشە بیخۆ!
کامیار کەرە مەڕۆ! شەوێ بەم خۆشیە، مانگێ بەم جوانیە، درەخت بەم گەورەییە، بەهارێ بەم دڵڕفێنیە! هەر هیچ نەبێ وەرە فلیمێکی هێندی دروست بکەین!
- وەرە بڕۆین درەنگە! ئێستا گەنم بە خەبەر دەبێتەوە ها! بەس نییە باوەگەورە ڕایسپاردووە!
لەپشت درەختەکەوە هاتە دەر و وتی: ئاخر من هەرچی خەریکم قسەکانی ئافەرین دەگێڕمەوە، تۆ دەیبەیتەوە سەر من و خۆت!
- ئاخر تۆ باش قسە ناکەی، منیش خۆ هزرێکی باشم لا نەماوە!
کامیار بابە دەیوت کە باوک و دایکی دەیانەوێ ئافەرین بدەن بە من و دڵئارام بە تۆ! ئێستا تێگەیشتی؟
- تۆ گیانی من بە ڕاستە؟
کامیار ئا بە گیانی تۆ!
- ئەو کاتە تۆ چیت کرد؟



Scanned with CamScanner

کامیار هیچ، لەدەستی هەڵهاتم و ڕامکرد و لەپشت درەختێک و گۆرانی ئی چیکی دانام بۆ وتەوە!

ـ ئی بێتام مەبە! بڵێ چیت پێ وت!

کامیار ناوی پاکیم ڕشت بە دەستیدا! پێم وت کە سامان عاشقی گەنم بووە و منیش بە تەمای ژن هێنان نیم!

ـ هەروا ڕێک پێت وت؟

کامیار هەروا نە! خۆ تۆ دەمناسی! هیچکات دڵی ئافرەت لەخۆم ناڕەنجێنم! سەبارت بە تۆ و گەنم، هەروا پێم وت بەڵام سەبارەت بە خۆم، بە دەست هێنامە پێش و بە پێ بردمە دواوەوە!

ـ ملت شکێ کامیار!

کامیار ئاخر من چیم دەزانی ئەم کچەتیوە ئاگای لەم نهێنییە هەیە؟ من هەر بیریشم نەدەکردەوە کە گەنم منالی پووری ئەوان نییە!

ـ ئێستا وەرە خێرا بڕۆین و بگەڕێینەوە، هاکا هەڵسا ها!

هەردووکمان ڕێکەوتین و ڕۆشتین بۆ لای ماڵی پوری ئەوان، نەختێ ڕۆشتین. لەدوورەوە گڵۆپەکانیان دەرکەوت. هەموو لەبەر ماڵی پورێدا کۆ ببونەوە و قسەیان دەکرد. باوک و دایکی من و کامیار و خوشکەکانی و ئەو پوورەکەم و کاک عەباس و ئافەرین و دڵئارام! بە کورتی هەموو لەوێ بون. هەروا کە لەبەینی درەختەکانەوە دەڕۆشتینە پێشەوە، کتوپڕ کاملیا چاوی کەوت پێمان. هەر کە ئێمەی چاو پێکەوت قیژاندی و هاواری کرد و ڕایکرد بۆ لای ئێمە و هەر کە گەیشت وتی: کاکە...! گەنم کوا؟

کامیار ها لەئاش! خەریکە دەبێ بە ئارد!

کاملیا تو خوا کاکە لەکوێیە؟

کامیار بە ڕاستمە! وردە وردە خەریکە دەبێتە ئارد!

هەموو لەدەوری ئێمە کۆبونەوە تەنیا چاویان لەدەمی ئێمە بوو! کامیار ڕۆشت بۆ لای ماڵی پووری ئەوان و لەسەر کوورسییەکدا دانیشت، چاوەکانی پووری بچووکەکەم لەگریاندا، ئاوسابوو و ببوە گۆمی خوێن!

مێردی پورم هیچ بارودۆخی باش نەبوو! لەپەسا دەگریا و جاری دەگریا و دوو جار دەیدا بە دەم و چاویدا و بێدەنگ دەبوو، دوو سێ دەقیقە دوای ئەوە دیسان هەر وای دەکردەوە.



Scanned with CamScanner

کامیار بێدەنگ سەیری هەمووی دەکرد. هیچی نەدەوت. ئەوانی تر بوێری پرسیار کردنیان نەبوو. کە تۆزێک تێپەڕی کاک مەنوچەر بە شێوەی پاڕانەوە بە کامیاری وت:

- مامە توخوا پێمان بڵێ ئێستا لەکوێیە؟ بڕوانە! خەریکە دڵم دەوەستێ! دڵم خەریکە لەگەروومەوە دێتە دەرەوە!

کتوپڕ دەستی کرد بە گریان وتی: ڕیشەم دەرهات تا گەیاندمە ئەم تەمەنە کەوای لێبێت! خەریکە جەرگم ئاوری تێ بەر دەبێ!

دیسان کێشای بە ناوچاوانیدا و بێدەنگ بوو، تەنیا بێدەنگ شانەکانی دەجوڵاند. دیار بوو کە خەریکە دەگری! ئاوڕم دایەوە و سەیری پورێم کرد. هەموو ڕوومەتی بە نینۆک ڕوشاندبوو! ئەڵێی کاتێ ئێمەی لێ نەبووین ئەوەندە گریاوە و لەخۆی داوە کە ئێستە هێز لەلەشیدا نەمابوو! ویستم ئاماژە بۆ کامیار بکەم کە ڕوداوەکە بڵێ و تۆزێ بسرەوێن کە خۆی دەستی پێ کرد و بە هێواشی وتی:

- جارێ شوێنی باشە! بەڵام ئەگەر ئێمە تۆزێ درەنگتر بگەشتینایە، بە دڵنیاییەوە شتێکی لەخۆی کردبوو! ئێتر هیچ لەو گەنمە دیار نییە! ئێستە تەنیا ئاردەکە ماوە!

دایکم هێواش هاتە لای منەوە ڕاوەستاو سەیری قوڵی کردم! ڕەنگی وەکو گەچی دیواری لێهاتبوو! ڕومەتیم ماچ کرد کە کامیار وتی:

- ئەگەر سامان لەکاتی خۆیدا ڕای نەکردایەتە پێشەوە، ئەو چەقۆی چێشتخانە ئێستە ورگی گەنمی هەڵدڕیبوو! گیانی گەنم ئەم منالە پاراستی!

چاوم کەوت بە چاوی باوکم، هەستی شانازی و سەربەرزیم لەچاوەکانیدا بینی! دەستی دایکمم گرت و بردم بەرەو کورسییەکە و دامنیشاندە لای کامیار و خۆشم ڕۆشتمە تەنیشت کامیار ڕاوەستام و کە خۆی هێنایە ئەملاوە و جێگەی منیشی کردەوە و وتی:

- ئەو کەسەی شتێکی ئاوای بەم کچە وتوە، دەبێ دارزێ و شەرم لەخۆی بکات! ئەبێت شەرم بکات! کەس لەئاست دوژمنەکەشیدا ئیشی وا ناکات! هەرچەندە ئێتر ئێمە بنیادەم نیین! تەنیا حەز دەکەم بزنن و چەند چرکەیەک ئەو کچە ببینن! لەم چەند سەعاتەدا تیا چووە! وەکو شێتی لێ هاتووە!

دەنگی گریانی مێردی پورم بەرز بویەوە! کامیار هەڵگەڕایەوە و سەیری کرد و وتی:

- دەمەوێ لەو کەسەی کە شتێکی ئاوای بە گەنم وتوە پرسیار بکەم کە لەم ڕووداوە، چی دەست کەوت! چ ڕقێکی لەم بەستەزمانە لەدڵیدا بوو کە ئاوا تۆڵەی کردەوە؟! ئاخر

به ئێمەش دەڵێن تایەفە؟ ئاخر بە ئێمەش دەڵێن خزم و خوێش؟ سەد ڕەحمەت لەبێگانە!
کتوپڕ پورم بورایەوە و کەوت! هەموو ڕایان دەکرد بۆ لای و یەکێ دەستیکرد بە شێلانی شانی، یەکێ دەستی دەهێنا بە دەستیدا و یەکێ ئەیماڵی بە ڕوومەتیدا و یەکێکیش بە زۆر دەیویست ئاوی دەرخوارد بدات! من و کامیار تەنیا سەیرمان دەکرد. هەرکەسێ بە قیرەوە شتێکی دەوت و شتێکی بۆ دەنواند! یەکێ دەیوت سرکە بێنن بیخەنە بەر لوتی! یەکێ تر دەی وت ئاو خۆرە بێنن! یەکێ تر دەی وت گولاو بێنن! یەکێ تر دەی وت دانەکانی قفڵ بووە(هەڵپێکراوە)! یەکێ دەی وت ترساوە! یەکێ دەی وت داخورپاوە!
بە کورتی چارەکێک، بیست دەقیقەیەک ماوەی بوو تا پورێ باشتر بوو و دەستیکرد بە گریان. هێواش هێواش لەباوەشی ئەو پورەکەی ترمدا دەگریا کە مێردەکەی وتی:
ـ مامە توخوا ڕەحمت بێت! بروانە چیمان لێهاتووە! تو گیانی دایک و باوکت بڵێ ئێستا لەکوێیە.
کامیار بەسەرچاو، بەڵام ئێستا نابێ چاوی بە هیچ کەس لەئێوە بکەوێ!
مێردی پورم کە دەگریا وتی: بە سەرچاو! بەسەرچاو! تەنیا بڵێ لەکوێیە!
کامیار ـ لەماڵ باوەگەورەیە، ئێستەش بە هەزار دەردی سەری خەواندمان!
مێردی پورم ئاخر چی لێهاتووە؟ چی دەکرد؟ چی دەوت؟
کامیار هیچ! بووە بە شێتێکی تەواو! بێجگە لەمن و سامان بڕوای بە هیچ کەس نییە! نایەوێ چاوی بە هیچ کەس بکەوێ!
مێردی پورم بهێڵەمن دەقیقەیەک بڕۆم بۆ لای!
کامیار ـ نابێت! ئێوە ئێتر هیچ! پێتان دەڵێ منداڵ دز! بە زەحمەت هێناومانەتەوە بۆ ئێرە! دەقیقە بە دەقیقە حاڵەتی توڕەیی ئەیگرێ و تێک ئەچێ! بە هەر گیان کەنشتی بۆ ئاراممان کردووەتەوە تاکو بەیانی بیبەین بۆ لای دکتۆری دەرونزانییەک تا بە حەب و دەرمان ئارامی بکاتەوە تا دوایی بزانین چی دەبێت! هەرچیتان پێ دەڵێم ئەڵێی تێناگەن! بار و دۆخی زۆر خراپە! هەموو مێشکی تێکچووە! لێیگەڕێن ئێتر! باوکتان دەرهێنا! ئەم کچە لەجوانی خانمیدا لەم باخەدا بێ وێنە بوو! خەریکبوو بۆ خۆی دەژیا. حەقی بەسەر کەسەوە نەبوو. کتوپڕ دەبێت کەسێکی شێت ئەو بەڵایەی بەسەر بێنێ!
دیسان هەموو بێدەنگ بوون و تەنیا پورم و ئاغای مەنوچەری دەگریان. لەگریانی ئەواندا دایکی کامیار دەستی بە گریان کرد.

ده دەقیقەیەک تێپەڕی کە کامیار بە ئاغای مەنوچەری وت: ئێستا ئەم بەسەرهات ڕاستە؟

ئاغای مەنوچەری سەری بەرز کردەوە و سەیرێکی کامیاری کرد و دیسان دەستی کرد بە گریان دایکی کامیار وتی: منال هەر ئەوە نییە کە لەخۆت بوو بێت! منال ئەوەیە کە بنیادەم جەرگی کون دەبێت تا گەورەی دەکات! بنیادەم نۆ مانگ خۆی هیلاک دەکات تا منداڵێکی دەبێت بەڵام هەتا منداڵەکە لەدایک دەبێ، تازە سەرەتای چەرمەسەری و سەختییەکانیەتی! منداڵ هەتا بگاتە تەمەنی ئێوە، دایک و باوک تیا دەچن! ئەویش لەم دەور و ڕۆژگارەدا! ئەگینا هەر پورە مەنیجیش دەیتوانی منداڵی ببێت، منال پێکەوە نان هیچی ناوێت! گرنگ گەورە کردن و دامەزراندنی مناڵە.

کامیار بە هەر حال هیچ کەس نابێ بڕواتە دەور و بەری ماڵ باوەگەورە، ئەگەر گەنم چاوی بە هەر کام لەئێوە بکەوێ. لەم ماڵە ڕادەکات! ئەو کاتە ئیتر خۆتان دەبێ بڕۆن بە دوایدا! تائێرە ئێمە گەیاندومانە. بە هەر دەردی سەری بوو هێنامانە ئێرە و بێدەنگمان کردووە ئەگەر شتێکی لێبێت ئێوە خۆتان بەرپرسیارن.

کاک عەباس مامە باوەگەورە چییان فەرموو؟

کامیار سەبارەت بە چی؟

کاک عەباس سەبارەت بەم ڕووداوە!

کامیار ئەوان! عەرزی حوزورتان بکەم باوەگەورە وەکو شێرێکی بریندار وایە! سوێندی خواردووە ئەگەر بزانێ ئەم کارە کاری کێ بووە هەموو ئەو خێزانە لەمیرات بێ بەش ئەکات! وتی ئامادەیە هەموو سامانەکەی نانی پێ بسێنێ و بیدا بە سەگ بیخوا بەڵام بەو کەسەی کە ئەوەی کردووە قڕانێکیش نەدات! جارێ ئێستا هەستن بڕۆنە سەر ماڵ و ژیانتان تاکو باوەگەورە لەم ناوا دیار نییە!

کە کامیار ئەمەی وت کاک عەباس ڕەنگی بە ڕووەوە نەما و خێرا وتی:

- کامیار گیان ڕاست دەڵێ. هەستن بڕۆین هەموومان پێویستمان بە پشووە.

خۆشی پێش هەموو کەس خواحافیزی کرد و ڕۆشت. دوای ئەوە پورە گەورەکەم هەستا و ڕۆشت بۆ لای دایکی گەنم و زۆری پێ وت شەو لای بمێنێتەوە ڕازی نەبوو. ئەویش تۆزێ دڵنەوایی دایەوە و خواحافیزی کرد و لەگەڵ ئافەرین و دڵئارام ڕۆشتن. دایکی کامیار هاتە لای پورە بچوکەکەم باوەشی گرت و ماچی کرد و وتی: بەخوا ئەگەر دوو سێ ڕۆژ سەبر بکەی هەموو شتێ باش دەبێ! تەنیا تۆزێ دان بە جەرگتا بنێ.

شتێ کە نەدەبوایە ڕوویدات ڕوویداوە! خراپتری مەکە! منیش ئەمشەو دێم بۆ لات تەنیا نەبی. بنیادەمی تەنیا هاونشینی خەیاڵە!

پاشان بە دایکی منیشی وت:

ـ ئێوەش وەرن. ئەمشەو زۆر قسە هەیە دەبێ پێم بڵێن.

ئەمەی وت و ژێر باڵی پورە بچوکەکەمی گرت و هەڵیساند. دایکیشم ڕۆشت بۆ یارمەتی و هەرسێکیان ڕۆشتنە ژوورەوە ئاغای مەنوچەری لەگەڵ باوکم و مامم ڕۆشتن بۆ ماڵی ئێمە. ماینەوە من و کامیار و کاملیا و کەتایون.

کەتایون کاکە، گەنم بەڕاستی هی سەرە ڕێیە؟

کامیار سەیرێکی کەتایونی کرد و پاشان ڕۆشتە پێشەوە و دانیشتە سەر عەرزەکە تا باڵای بەقەد باڵای کەتایونی لێ بێت. پاشان هەردوو قۆڵی کەتایونی گرت بە دەستەوە و وتی: تۆ کە کچێکی بەم جوانییە، بۆچی دەم و دان بەم جوانییە و زمانێک بەم شیرینییە بەم شێوە قسانە پیس دەکەی؟

کەتایون ئاخر ئەمانە دەڵێن!

کامیار ئەوانە گویان خوارد!

کەتایون کاکە منداڵی سەرە ڕێگە یانی چی؟

کامیار یانی ئەوەی منداڵێکی بێ گوناه لەبەر هەزاران هۆ نەیتوانیوە بگات بەو مافانەی کە تۆ پێی گەیشتوی!

کەتایون چ مافێ؟

کامیارـ مافی بونی دایک و باوک. یانی دایک و باوکت هی خۆتن. بەڵام ئەو منداڵەی کە دەڵێی دایک و باوکی هی خۆی نەبووە! ئێستا یان مردووە یان خۆشیان نەویستووە و یاویانە بە کەسێکی تر!

کەتایون ئێستا گەنم چی لێدێ؟

کامیار هیچ! وەکو ڕابردوو! بۆ شتێ گۆڕاوە گەنم هەر ئەو گەنمەیە کە تا ئێستا بووە! بە یەک وشە قسەی خۆڕایی خۆ نابێ ژیانی کەسێک وێران بێت! تێک بچێ!

کەتایون کەوایە هیچی لێ نایەت!

کامیار نە نابێ! بڕوانە ئازیزم، وەکو ئەوە تۆ ئێستا ئەم زرێ ئاڵتونە جوانەی کردوتە ملت زۆریشت حەز لێیە. ئێستا ئەگەر پێت بڵێن ئەم زنجیرە، لەو شوێنەدا کە سەندوتە دروست نەکراوە جیاوازی بۆت هەیە.

کەتایون نە!

کامیار بۆچی؟

کەتایون دەی حەزم لێیەتی!

کامیار- ئافەرم گرینگ ئەوەیە کە بنیادەمەکان یەکتریان خۆش بوێ. ئیتر گرنگ نییە کێن و لەکوێوە هاتوون. گرنگ ئەوەیە کە بنیادەمەکان بنیادەم بن!

هەر لەم کاتەدا کەتایون نیشانی کامیار یدا و وتی:

- بڕوانە کاکە! یەکێ لەو زرێیانەی کە زۆرم خۆش دەوێ بە پێمەوە بەستومە!

کامیار تۆ بە گۆڕی باوکت پێکەنیوی! باوک سەگ هەر لەئێستەوە خوێڕیگەری فێر بووی؟ بڕۆ دایکەنە بزانم!

کەتایون کاکە ئەوە لەپێدا بێت خۆ هیچ نابێ، تۆ کە ئەوەندە جوانی قسە دەکەی بۆچی دەمت بەم قسانە پیس دەکەی؟

کامیار بڕوانە ئەم منداڵە چۆن من کەر دەکات! کاملیا خانم، قولاپەی پێتم نیشانبە با بزانم، تۆ خرخاڵت لەپێدا نییە؟

کاملیا پێکەنی وتی: لەترسی ئێوە نە کاکە!

کامیار سەیرێکی کرد و پاشان دەستی منی گرت و هەروا لەگەڵ خۆیدا دەیبردمە پێشەوە وتی: ئێستا ئەگەر حەزت کرد زرێیەک بکەیت بە پێتەوە، بیکە! ئەم شتانە هۆی خراپی مرۆڤەکان نییە!

کە تۆزێ لێیان دوور کەوتینەوە هەڵگەڕایەوە و وتی:

- دەستێک بێنە بە دەم و چاوتا! ئاوا کە داواکارت بۆ پەیدا نابێت!

کەتایون کاکە کاملیا هەر ئاواش جوانە!

کامیار ئەرێ بەڵام میکیاج هی ژن و کچە!

کاملیا و کەتایون یایان لەقاقای پێکەنین و کامیاریش دەستی منی ڕاکێشا دیسان هاوارم لێ بەرز بویەوە.

کامیار ئۆی. . . ! بابە کوێ کەرەوە ئەم قوڵە بێ خاوەنە! هەر لەم ناوەدا کەوتووە.

هەروا بەیەکەوە ڕۆشتین و وتم:

- چۆنە کتوپڕ بیرت ئەوەندە تیژ بویەوە؟

کامیار- ئاخر بەستەزمانە خوێندکارە ئیترا لەترسی منیش دەست بە دەم و چاویدا ناهێنێ! بەیانی ترس نەکا ڕژێم دەگرێ! ئەگینا کچەکانی ئەمڕۆ کچی دوێنێ نین کە بە





Scanned with CamScanner

ترس و لێدان و ئەم شتانە لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکەیت یانی ئەم شتانە ئیتر بەسەر چووە! هەر ئەو کاتانەش زۆر ئیشێکی غەڵەت بوو! ژنیش وەک پیاو مافی ژیانی هەیە! چۆن تۆ حەز دەکەی ئەو جلەو ئەو کراسە و ئەو مۆد قژەت دروست بکەیت دەی ئەویش هەر ئەو مافەی هەیە! تازە ئارایشکردن لەم دنیایەی ئەمڕۆدا ئیتر قسەی تیا نییە! ئەم زڵ هێزانە سەرمان بەم شتانە قاڵ دەکەن و خۆیان دنیایان ماشیوەتەوە!

ـ بەڵام ئیشێکی باشت کرد.

کامیار ـ ئەویش لەلای هاوڕێکانی تەریق دەبێتەوە. دوای ئەوەش نەجیمی لقێکە ئەلقەکانی ئینسان بوون! بەم شتانە ئینسان نانەجیم نابێ!

ـ نە، دەڵێن پیاو هەستی ئەجوڵێ!

کامیار ـ سەرەتا پیاو دەبێ خۆی بۆ ڕاگیرێ بە هەر شتێ هەستی نەجوڵێ! دوای ئەوە، پیاو ئەگەر وەکو تۆ سارد و شل و شەوێڵ بێت هەموو کچەکان بێ مێرد دەمێنن خۆ! ئاخر دەبێت بە شێوەیەک بیجوڵێنێت کە بێت و ژن بهێنێ!

ـ ئێستا خەریکی بۆ کوێ دەڕۆی؟

کامیار ـ وەرە و حەقت نەبێ. دەزانی بیرم لەچی دەکردەوە؟

ـ لەگەنم؟

کامیار ـ بێجگە ئەو!

ـ نازانم.

کامیار ـ خەریکبووم بیرم دەکردەوە کە تاوەکو ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو، کاتێ منداڵ بووین، لەبیرمە وەک چۆن هەر کەس دەیویست جل شۆرێ یان مەکینەی گۆشتێ یان هەر شتێ بسێنێ هەموو پێیان دەوت هەرچی دەسێنی بسێنە، یابانی مەسێنە! دەزانی بۆ؟ چونکە شتی یابانی دوو جار کارت پێ دەکرد، خراپ دەبوو! ئێستا لەم چەند ساڵەدا بڕوانە یابان گەشتۆتە کوێ! تەکنەلۆژیا خەریکە دنیا داگیر دەکات! هەر ئەم تورکیایە! تاکو چەند ساڵ لەمەوپێش ئێرانییەکان کە دەڕۆشتن بۆ ئەڵمانیا و لەوێوە ئۆتۆمبێلیان دەهێنا، کە دەگەشتە تورکیا، جامی ئۆتۆمبێلەکانیان دەبردە سەرەوە و لەبەینی جامەکەوە، پاکەتە جگەرە و چکلێتیان بۆ فڕێ دەدانە دەرەوە، کە حەقیان بە سەریانەوە نەبێ! یانی بڕوانە چەندە دواکەوتوین! ئێستە بڕوانە سەیریان بکە! بۆ ڕێگەی دوور بۆ بڕۆین؟ هەر ئەم دوبەیە تا چەند ساڵ لەمەوبەر چی بوو ئێستا بووە بە چی؟ ئەو عەرەبانەی کە دەستی ڕاست و چەپی خۆیان لەیەک نەدەداوە، بونەتە سەنتەری

بازرگانی جیهانی! برۆ بۆ دوبەی بزانە چ باسە!

هەر ئەم مالزیایە، سەنگاپور و هەزار شوێنی تر! ئەوەندە پێش کەوتون کە بنیادەم دەمی ئەبێ بە تەڵەی تەقیو و سەری سوڕ دەمێنێ! دەزانی بۆ؟ چونکە خۆیان نەکردۆتە دیلی خورافە! خورافەیان ناوە بە تاقەوە! بیر و بڕوای تاکە کەسییان خستۆتە لاوە! حەزەکانیان سەد هەزار جۆر بووە ناوەتە لاوە و ڕاستییەکانیان گرتووە و عەقڵ!

دەزانی ئێمە هەڵەمان چییە؟ ئەوەیە کە هەمووی لەڕابردوداین! ئەی ئەو کاتەی باوکم پێی دەخستە ماڵەوە، جێکە نەدەهات! ئەی لەو کاتەی کە باوکمان قایشەکەی ڕادەکێشا کونە مشک دەبوو بە ملیۆنێ! ئای ئەگەر باوکمان دەی وت ماست ڕەشە، ئێمە هەموومان دەمانوت بەڵێ ماست ڕەشە! ئای ئەگەر باوکمان نیوە شەو دەی وت ئێستە قرچەی نیوەڕۆیە، هەموو دەمانوت بەڵێ ئێوە ڕاست دەکەن! ئای ئەگەر باوکمان...

- بەسیە بابە، مێشکت بەردامەوە!

کامیار- بە گیانی تۆ ڕاست دەڵێم! هەمووی هەر لەڕابردوی کۆن و ڕۆژگاران تێپەڕاین! بابە زەمانە گۆڕاوە! کاتی خۆی نامەیەک لێرەوە تاکو کەرەج مانگێکی پێ دەچوو تا بگات! ئێستە بە ئینتەرنێت، نامەیەک لەچەند چرکەیەکدا دەنێرێتە ئەوپەڕی دنیا! ئەگەر بڕیارە بیر و بڕواکانمان هی زەمانی کۆن بێت، دەبێت هەموو ئەم شتانە لەم مەملەکەتە فڕێ بدرێتە دەرەوە و پاشان بیرەکانمان دابڕێژین! ناکرێ کۆمپیوتەر لەبەردەستماندا بێت بەڵام بە خەڵکی بڵێین بە( )ئیش بکەن! ناکرێ خۆمان بە کۆمپیوتەر بڕۆین بۆ ئەملاو ئەولا، بەڵام بە خەڵک بڵێین بە هوشتر بڕۆن بۆ سەفەر! ناکرێ هەر خەڵک بڵێین هەر کات نەخۆش کەوتن، شیوی وشک( )بخۆن! بابە هەتا حەبێکی ئانتی بیوتک دەدۆزنەوە یان دروست دەبێت، چەند ساڵ لێکۆڵینەوەی پێویستە! ئەوانەش کە لێی دەکۆڵنەوە خەرجییان هەیە، ورگیان هەیە، جلیان دەوێ، ( ) دەوێ! ئەمانە دەبێ کێ بیدا؟ کابرا دە بیست ساڵ هەموو خەرجێک دەکا تاکو شتێک بدۆزێتەوە و دروستی بکات، ئەوجا ئێمە لەدەسکەوتەکەی بۆ حەوانەوەی خۆمان سود وەردەگرین و سێ فلس و شتێ بخەینە ناو مستی! خەرجی ئەو لێکۆڵینەوانە بەم سێ فلس و شتێ تەواو نابێ!

- بۆ دەقیرینی؟ بۆ ئەمانە من وتومە؟

کامیار نە! بەڵام دەڵێم کە تۆ جارێ لەو شتانە نەڵێی! عەیبە بەخوا! هەر ئێستە ئەگەر بەندە خوایەک دەرزی گزازی نەدۆزیبووەوە، تۆ نەت دەتوانی هەر تۆزێ دەستت گەرم

بوو(تای) بوو، دەرزی گزازی لێ بدەی کە گزاز نەگرێ! دوای ئەوە، تۆ حەقت نییە شتێ کە کەسێ تر دروستی کردووە، ناوەکەی بگۆڕی! تۆ حەقت نییە بە کۆمپیوتەر بڵێی رایانە! مەگەر ئەم بیانییانە ناوی حافز و سەعدی ئێمە دەگۆڕن! تۆ حەز دەکەی ئەم بیانییانە بە حافزی ئێمە بڵێن(حاری)؟ تۆ حەز دەکەی بە سەعدی ئێمە بڵێن (سندی)؟ دەی ئەوانیش حەز ناکەن ئێمە لەسەر ئەوانەی کە لەوڵاتی ئەوانەوە هاتون ناو دابنێین!

ـ وتارەکەت تەواو بوو؟

کامیار ـ نە، بنکرەکەی ماوە!

ـ دەی تەواوی بکە!

کامیار ـ من لەبەرپرسانی کە ئەم هەلەیان بۆ من رەخساند کە بتوانم لەگەڵ ئێوەدا قسە بکەم، ئەوپەڕی سوپاسم هەیە، تەنیا داوا دەکەم کە کەم(    )تەلەفزیۆنەدا زیاتر وتوویژ و باس و کۆبونەوە و لێ دوان ساز بکەن کە ئێمە چاو کراوەتر بین و ئەوەندەی بەرنامەی هەمەجۆر و سەرقاڵکەر بڵاو نەکەنەوە کە ئێمە زانست و عیلم و زانیاری دوورکەوینەوە. چییە ئیتر؟ مەگەر خەڵک چەندە خۆشی و شادی و سەرقاڵییان پێویستە؟ وەڵڵا بە کێ، بەکێ سوێند بخۆم کە کتوپڕ خۆشی ئەیا لەدڵیان ها!

لەهەر حاڵێکدا من دیسان سوپاسی بەرپرسان دەکەم. هەر ئێمە هەموومان سوپاسی بەپرسان دەکەین و لێیان مەمنونین، لەراستیدا ئێمە دەبێ وەکاڵەتێکی(  )بدەین کە تا هەتایە سوپاسیان بکەین کە دڵی هەمووان ئیسراحەت بکات!

ـ بابە گەشتینە بەر دەرگای ئافەرین و ئەوان! ئیتر بۆچی هاتیت؟

کامیار ـ تۆخوا بهێڵەمن دوو جاری تر سوپاسی ئەم بەرپرسانە بکەم کە ئەگەر کاتێ لەبیرم چوو کوفری نیعمەتم نەکردبێ!

ـ خۆت بێ تام مەکە! دەزانی سەعات چەندە؟ نزیک بەیانییە!

کامیار ـ چ شەوێکی پڕ کارەسات بوو! وەرە بڕۆین پێت بڵێم.

(دوایی رۆشتین بەرەو پەنجەرەی ژوورەکەی دڵئارام لەم لاوەی ماڵی پوورێ و ئەوان بوو. چراکەی نەکوژابویەوە. کامیار بە هێواشی دڵئارامی بانگکرد. تۆزێ دوای ئەوە دڵئارام پەنجەرەکەی کردەوە و سەری هێنایە دەرەوە کە ئێمەی بنینی.

دڵئارام چۆنن، ئێوە نەڕۆشتون بۆ لای گەنم؟

کامیار ـ هێشتا نە، ئافەرین لەکوێیە؟

دڵئارام ڕۆشت خەوت.

کامیار- تۆ بۆ نەخەوتوی؟

دڵئارام خەوم نایەت.

کامیار- حەقتە وەڵلا! کتوپڕ کامیار وای وت دڵئارام ترسا.

- ویژدانت ئەشکەنجەت دەدا ها؟

دڵئارام بۆچی؟

کامیار- بۆ ئەو ئیشەی کردوتە!

دڵئارام کام ئیش؟ کامیار کام نامە؟ بەخوا ئیشی من نەبووە!

کامیار پێکەنی و هێواش وتی:

- با ئیشی تۆ بوو.

دڵئارام بۆچی ئەو قسە دەکەی؟

کامیار- بۆ ئەوەی دڵنیام کە ئیشی تۆیە.

دڵئارام ئیوە شەو هاتونەتە ئێرە تا ئەم شتانە بە من بڵێن؟ خواتان لەگەڵ.

ویستی پەنجەرەکە دابخا کە کامیار دیسان بە ئارامی وتی:

- باشە، برۆ بخەوە، منیش ئەو کاغەزە دەدەم بە باوەگەورە. ئیتر ئەو خۆی دەزانی چی بکات! هەر کە کامیار ئەمەی وت دڵئارام وشک بوو.

کامیار- چی بوو دڵئارام خان؟

دڵئارام هیچ! بەڵام بۆچی وەرەقەکە لەلای تۆیە؟

کامیار- ئەرێ لەلای منە.

دڵئارام ئاوی دەمی قوت دا و بێدەنگ سەیری کامیاری کرد، کامیار وتی:

- ئەگەر بە باوەگەورە بڵێم ئیشی تۆ بووە، دەزانی سبەی بەیانی یەکەم ئیشێ کە دەیکات چییە؟

دڵئارام دیسان هیچی نەوت.

کامیار- تەلەفونێک دەکات بۆ دەفتەرخانە دەڵێ کە دەفتەرو مەفتەریان بهێننە ئێرە و لەڕێوە بنەماڵەی ئێوە لەمیرات بێ بەش دەکات!

دڵئارام بنەماڵەی ئێمە بۆچی؟

کامیار- یانی دەڵێی ئەمە ئیشی تۆ نەبووە؟

دڵئارام نە بەخوا! نە بە گیانی دایکم!

کامیار- باشە! کەواتە هەر تۆ ڕاست دەکەی! بەڵام من بە تەنیا هاتبوم کە بپرسم

بۆچی وات کرد؟ زۆر گرنگە بۆم کە بزانم تۆ ئەم باسەت لەکوێ زانی؟ هەر ئەوە!
ئێستە دەڕۆم بۆ لای باوەگەورە و نامەکەی پێ دەدەم تا خۆی تەکلیفی هەمووان ڕون بکاتەوە، بەلام بزانە کە لەگەل ئێمەدا باشتر دەتوانی ڕێیکەوی تا لەگەل باوەگەورە!
ئێستەش بڕۆ باش بخەوە، شەوت شاد خانمی هارپل!
ئەمەی وت و دەستی منی گرت کە یانی بڕۆین. هەر ڕێکەوتین، کتوپڕ دلئارام وتی:
- ڕاوەستن!
کامیار- پەشیمان بویتەوە؟
دلئارام نە، یانی ئیشم پێتە!
کامیار- ئیشت چییە؟ بلێ کە باوەگەورە چاوەڕوانە!
دلئارام ناکرێ بێنە ژوورەوە قسە بکەین؟ لێرە باش نییە. کتوپڕ کەسێ دێت!
کامیار- نە، هەر ئێرە باشە!
دلئارام تۆزێ بێدەنگ بوو و وەکو ئەوەی بڕیاری خۆی دابێ وتی:
- ئێوە چیتان لەمن دەوێ؟
کامیار- هیچ! تەنیا بلێ بۆ وات کرد؟
دلئارام تۆ چۆن ئەوەندە دلنیای کە وا دەلێی؟
کامیار- بە چەند هۆ. یەکەم ئەوەی کە وەرەقەکە بۆنی تۆی لێ دێت.
دلئارام لەوانەیە کەسێکی تریش لەو بۆنەی لەخۆی دابێ! لەوانەیە هەر بۆنی گەنم خۆی بێ!
کامیار- ئیتر من دوای ٤٠ساڵ سواڵی خۆ شەوی هەیتیم لەبیر ناچێ! بۆن بۆنی تۆیە! دووهەم ئەوەندە پەلەت کردووە کە هەر هیچ نەبێ نامەکەت لەوەرەقەیەکی ئاسایدا نەنوسیوە! ئەم وەرەقە هی سالنامەیەکە کە مامە لەکارخانە هێناویەتەوە! بە هەر بنەماڵەیەکیش یەکێکی داوە، بڕۆ ئەوەی خۆت بهێنە بزانم!
هەر کە کامیار ئەمەی وت دلئارام دەستیکرد بە گریان و دەستی کامیاری گرت و بە لالانەوە وتی:
- توخوا بە کەس مەلێ کامیار! من هەلەم کرد! خۆشم وەکو سەگ پەشیمانم! نازانم بۆ وامکرد! ئەو کاتە ئەوەندە تورە بووم نەمدەزانی کە خەریکم چی دەکەم! هەر هەمووی خەتای باوکم بوو! بە گیانی دایکم ئەوەندە تێک چووم کە حالی خۆم نازانم!
تو گیانی کەتایون هیچ بە کەس مەلێ!

کامیار ئاخر تۆ بۆ واتکرد؟ ئەگەر ئافەرین بیکردایە، دەی شتێ، بەڵام تۆ بۆچی؟ تۆ چۆن باسەکەت زانیوە؟

دڵئارام فرمێسکەکانی سڕیء تۆزێ بێدەنگ بوو و پاشان وتی:

ـ لەدوای میوانییەکەی دوێنێ شەو. کاتێ باوەگەورە هات و لەگەڵ هەموان شەڕی کرد ئێمە هاتینەوە بۆ ماڵەوە، باوکم و دایکم درەنگتر گەڕانەوە. من بینیم کە ئافەرین زۆر ناڕەحەتە، پرسیم چی بووە وتی سامان عاشقی گەنم بووە! وتم لەکوێوە دەزانی؟ وتی کامیار وتویەتی! جا هەموو قسەکانی تۆی بۆ وتم! هەر لەو کاتەدا دایکم و باوکم هاتنەوە بۆ ماڵ. باوکم زۆر تورە بوو. وادیار بوو کە گەنم بە باوەگەورەی وتبوو! نازانم باوکم لەکوێوە زانیبوی! هەر کە گەشتە ماڵەوە تورە بوو لەدایکم! دایکم بە زۆر بردی بۆ ژووری نوستن، منیش ئارام ڕۆشتم بۆ پشت دەرگاکەو ئەوانەم بیست!

کامیار- چیت بیست؟

دڵئارام باوکم خەریکبوو لەگەڵ دایکمدا شەڕی دەکرد و سەبارەت بە گەنم شتانێکی دەوت!

کامیار- چی دەوت؟

دڵئارام دەی وت منداڵی سەرە ڕێگە لێمان بۆتە بنیادەم!

کامیار- دەی.

دڵئارام دەی وت بە خوشکەکەت بڵێ کە ئەو وەرەقەیەی کە ناوی دایک و باوکی تێدا نوسراوە دەربهێنێ تا بزانێ کێیە! دەی وت بۆ ئێمە ناوی سانتی مانتالیان لێناوە! حەقی خۆیەتی بڕۆم بە گوێیدا بڵێم ناوی عیزەتە کەچەڵە! بەه بەه چ ناوێ!

کامیار- ئەمانە باوکت وتی؟

دڵئارام سەری جوڵاند.

کامیار- دایکت وتی چی؟

دڵئارام هەر دەی ویست ئارامی بکاتەوە! هەر دەی وت سوک عەباس! منداڵەکان دەبیستن! دیسان دەستی بە گریان کرد و وتی:

ـ منیش ئەو کاتە ئەوەندە تورە بوو نەمدەزانی خەریکی چیم!

کامیار- تۆ بیری ئەوەت نەکردەوە کە چ بەڵایەک بە سەر ئەم کچەدا دێنی؟

دڵئارام بەخوا هەر بە دەستی خۆم نەبوو! ئەوەندە ڕقم لێی بوو! ئەگەر هەر ئەو کاتە لەبەر دەستمدا بوایە دەمکوشت!



Scanned with CamScanner

کامیار- ئاخر بۆچی؟
دڵئارام بێدەنگ بوو و تەنیا دەگریا! کامیار دەستی ڕاکێشا و دیسان وتی:
- بۆچی؟!
دڵئارام چونکە سامان عاشقی بوو بوو!
ئەمەی وت و سەری داخست، کامیار نەختێ بێدەنگ بوو پاشان ئارام وتی:
- تۆ سامانت خۆش دەوێ؟
کتوپڕ گریانی دڵئارام زۆرتر بوو و تۆزێ دوای ئەوە پەنجەرەکەی بە توندی پێوەدا!!
من و کامیار هەروا بێدەنگ سەیری یەکتریمان دەکرد! هەر ئەو شتانە کە لەم دواییانەدا وتی ئەت وت لەڕێگەیەکی دورەوە دەیبیستم! جێگەی بڕوا نەبوو بۆم هەر بیرم نەدەکردەوە کە دڵئارام عاشقم بێ، ئەویش ئەوەندە زۆر کە لەبەر من ئیشێکی وا بکات! هەر نەمدەزانی کە دەبێ لەو کاتەدا چ هەڵوێستێکم هەبێ! دەبوا قسەم لەگەڵیا بکردایە و ئارامم بکرادایەتەوە یان شەڕم لەگەڵدا بکردایە، کە بۆچی شتێکی ئاوای کردووە! چۆن تاکو ئێستا پێم نەزانیبوو کە دڵئارام منی خۆش دەوێ؟ هەڵگەڕامەوە و سەیرێکی کامیارم کرد، ئەویش بێدەنگ، خەریکبوو سەیری منی دەکرد! دڵئارامیش پەنجەرەکەی داخستبوو بەڵام هەر لەودیوەوە، پاڵی دابوەوە بە پەنجەرەکەوە و خەریکبوو دەگریا. کامیار نەختێ خۆی داگرت و چەند تەقەی دا لەشوشەکە کە دڵئارام خێرا پەنجەردکەی کردەوە.
کامیار- وەرە بیگرە، ئەمە ئەو نامەیەیە.
دڵئارام فرمێسکەکانی سڕی و نامەکەی وەرگرت و وتی:
- بە هیچ کەس ناڵێی؟
کامیار- نە، بڕۆ بیسوتێنە با بەر دەستی کەس نەکەوێت.
دڵئارام نامەکەی کردەوە و سەیرێکی کرد و زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:
- فێڵت لێکردم! وەرەقەکەی وەرەقەی ئاساییە! وەرەقەی ساڵنامە نییە!
کامیار- تۆ خەڵەتای! چونکە ترسابوی، ترسابوی، نەکا خەیاڵت ڕۆشتبێ و بە ڕاست لەوەرەقەی ساڵنامەدا نامەکەت نوسیبێ!
دڵئارام بۆ واتکرد؟
کامیار- چیم کرد؟
دڵئارام هەر ئەوەی نامەکەت دایەوە بە من.

کامیار- عەشق پیرۆزە! ڕێزی هەیە! ئێستەش هیچ فەرقی نییە کێ وای کردووە! گرنگ کاریگەرییەکە لەسەر کچە بویەتی! ئەگەر دەربکەوێ ئیشی کێ بووە، خۆ هیچ ناگۆڕێ! بەڵام لەم ناوەدا تۆ دەمێنی و ویژدانت! خوات لەگەڵ!

دەستی ڕاکێشام و ڕێکەوتین بڕۆین. دەقەی ئاخر ئاوڕم دایەوە و سەیرێکم کرد. هەر وا لەچوارچێوەی پەنجەرەکەدا ڕاوەستا بوو و سەیری منی دەکرد. ڕۆشتم بۆ لای و سەرم داخست و وتم: بمبورە دڵئارام. لەوانەیە ئەگەر زوتر بمزانیایە یان ئەگەر خۆت زووتر پێت بوتمایە، ئێستە(..........)!

دڵئارام چیم پێ بوتیتایە؟

- ئەم باسە.

دڵئارام بهاتمایە چیم پێت بوتایە؟ بم وتایە خۆشم ئەوێی؟

- دەی ئەرێ! عەیبی چییە؟

دڵئارام هیچ بیرت لەوە کردۆتەوە کە کچێکی ئێرانی، بەم شێوە پەروەردە کراو نییە هیچ کات ناتوانێ شتێکی وای بە کوڕێک بڵێ؟ تۆ دەزانی لەم چەند ساڵەدا چەندە قسەم بووە کە ویستومە پێت بڵێم بەڵام نەمتوانیوە؟ ئێمەی کچ هەموو کات دەبێ هەستمان لەدڵماندا بخنکێنین! تەنیا شتێ کە بتوانین قسەی دڵمان لەوێ بکەین، دەفتەری بیرەوەرییەکانمانە! تەنانەت تۆش ناتوانی شتێکی ئاوا لەکچێکی ئێرانی قبوڵ بکەی چونکە پەروەردەی تۆش هەر وایە! ئەگەر ڕۆژێ بهاتمایە و پێم بوتیتایە کە سامان خۆشم ئەوێی هەر لەرێوە ڕقت لەمن ئەبوو! لەدڵی خۆتدا دەت وت چ کچێکی بەرەڵڵا و بێ حەیایە! وا نییە؟

- نازانم، لەوانەیە!

سەرم بەرز کردەوە و سەیری چاوەکانیم کرد. ئەویش سەیری چاوەکانی کردم. ئەت وت دڵئارامم تازە ناسیوە و بینیوە! کچێکی جوان بوو! بە قژێکی درێژی ڕەش و چاوەکانی ڕەش و برۆکانی جوان و درێژ! ئیتر نەوەستام لەژێر لێوەوە خواحافیزییەکم کرد و ڕێکەوتم بۆ لای کامیار کە دوو سێ هەنگاو ئەولاتر ڕاوەستا بوو و خەریکبوو سەیری ئێمەی دەکرد.

هەردووکمان چەند هەنگاو ڕۆشتین تا گەشتینە درەختەکان و ڕۆشتینە ناوەڕاستیان. ئەوێ ئیتر تاریک بوو لەدوورەوە هیچ دیار نەبوو. دیسان ڕاوەستام و هەڵگەڕامەوە و سەیری پەنجەرەی ژوورەکەی دڵئارامم کرد. هێشتا هەروا ڕاوەستا بوو و سەیری

تاریکی دەکرد! کامیار دەستی گرتم و نەختێ بردمییە پێشەوە و لەسەر کورسییەک دایینیشاندم. خۆیشی لەتەنیشتمدا دانیشت و وتی:

ـ دەزانی ئەمشەو(  )؟

ـ سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەمشەو؟

کامیار ـ ئەرێ.

ـ چ(  )؟

کامیار ـ ئەوەی کە شیرەوای تەپ لەم وەرزەدا چ گەرمە بازاڕێکی هەیە.

ـ ون بە!

کامیار ـ بە گیانی تۆ ڕاست دەڵێم! تۆ هەر خۆت بیرت دەکردەوە کە ئەوەندەش بۆت بمرن! ئەوەندە لەلای ئەمانە خۆت شیرین دەکەی، کچی خەڵکت لەڕێ لاداوە(هەڵخڵەتاندووە)!

ـ من شیرینی ئەکەم یان تۆ؟

کامیار ـ ئەگەر من ئەیکەم ئەی بۆچی عاشقی تۆ بوون؟

ـ بە گیانی تۆ خۆشم نازانم ئەمڕۆ بۆچی وام لێهاتووە! هەموو کەس بە شێوەیەکی تر دەبینم! هەر ئێستە کە خەریکبووم سەیری دڵئارامم دەکرد ئەت وت یەکەم جارە دەیبینم. چ چاوێکی جوانی هەیە؟ قژەکانی چەندە جوانە! گەنمیش هەروا! ئەم بەیانییە کە ڕۆشتمە بەر دەرگای ماڵەوەیان لەپەنجەرەوە سەیرم کرد دەت وت یەکەم جارە چاوم پێی کەوتووە! ئەویش زۆر جوانە! جسمی زۆر ڕێکە! قژی چەندە. . .

کامیار ـ بێ شەرەف تۆ ئەم بەیانییە چیت خواردووە کە کتوپڕ ئەوەندە چاوەکانت کراوەتەوە؟

ـ بە گیانی تۆ خۆشم تیا ماوم!

کامیار ـ تێکەشتم! یان بالغ بونێکی درەنگە یان لەخەلوەتێکی عیرفانیدا، چاوی وات کراوتەوە.

ـ رامەبوێرە بە ڕاستمە!

کامیار ـ هەستم هەتا زووە بڕۆم بڕۆم خەریکی منیش بە چاوێکی تر سەیر دەکەی! تەنیا تۆ گیانی دایکت ئەگەر چاوی جوان ناست، منیش بە شێوەیەکی تر دەبینی، خێرا بە خۆم بڵێ کە هەتا بۆگەنی بەرز نەبۆتەوە و شەڕێکی تر نەبووە، هەردووکمان دەستی یەکتری بگرین و وەکو مەل، هەڵفڕین و ئەم باخە و بنیادەمەکانی جێ بهێڵین و بڕۆین!

به ڕاستی دەبێ خۆم زۆرتر خەیاڵێ بۆ خۆم بکەمەوە، بەم بازاڕە تیژە کە تۆ هەتە، دێر بجوڵێینەوە ئەم کچە ڕووداران‌ە تۆم لەچنگ دەردێنن! هەستە بفڕین کە ئێستە سەر و سیمای ئافەرینیش دەردەکەوێ!

ـ دیسان گاڵتەت دەست پێ کردەوە؟

هەر لەم کاتەدا سەر و سیمای مەش سەفەر لەبەینی درەختەکانەوە دەرکەوت. دارێکی ئەستور و درێژی بە دەستەوە گرتبوو و دەهات بەرەو ئێمە! بە هێواشی بە کامیارم وت:

ـ سەعات چەنێکە؟

کامیار ـ بۆچی؟ هێشتا سەرەتای شەوە!

ـ سەعات چەندە؟

کامیار ـ سێ و نیوی دوای نیوە شەوە.

ـ هەر ئەوەیە مەش سەفەر خەریکە بە کوتەکەوە دێت بۆ لامان! وایزانیوە دز هاتۆتە باخەکە!

کامیار هەروا کە دانیشتبوو، ئاوڕێکی لەمەش سەفەر دایەوە و سەیرێکی کرد و وتی:

ـ مەش سەفەر زوو خێر بوی!

مەش سەفەر ـ ئێ. . . ! ئێوە گەورەم! وامزانی دوور لەگیان، دز هاتۆتە باخەکە!

کامیار ـ خۆت هەڵمەکێشە مەش سەفەر! تۆ ئەگەر وات بزانیایە ئێمە دزین، پێت نەدەخستە ئەم ناوە! لەدوورەوە ئێمەت بینی وتت بابڕۆم خۆم بنوێنم!

مەش سەفەر ـ گەورەم ئێوە بۆچی ئەمڕۆ ئالاونەتە من؟

کامیار ـ وەرە ئێستا دانیشە جگەرەیەک بکێشە و بڕۆ بە هەمووان بڵێ دوو دز لەباخەکەدا بوون. هەر کە منیان بینی هەڵهاتن!

مەش سەفەر هەر لەوێ لەبەردەم کورسییەکەی ئێمەدا دانیشتە سەر عەرز و کامیار سێ جگەرەی دەرهێنا و دایگیرساند و یەکی یەکێکی دا بە ئێمە.

مەش سەفەر ـ ئەگەر باوەگەورە بزانن ئێوە جگەرە دەکێشن دەیکاتە حەشر!

کامیار ـ دیسان هەڕەشەت لێکردین مەش سەفەر؟ دەڕۆم( ) مقەڵی و تریاکەکەت لەسوچی باخەکەوە دەهێنم و دەیبەم دەیخەمە بەردەم حاجی مەم صادق ها!

مەش سەفەر سەیرێکی کامیاری کرد و وتی:

ـ گەورەم ئێوە ئەمانە لەکوێ دەزانن؟

کامیار- قشقەرە هەواڵم بۆ دێنێ.

مەش سەفەر- گەورەم کتوپڕ قشقەرەکە نەچێت شتێ بە باوەگەورە بڵێ!

کامیار- مەترسە، نایڵێ! ئێستا بڵێ بزانم چی لەم ڕووداوە دەزانی؟

مەش سەفەر- من ڕۆحیشم لەم هەواڵانە ئاگادار نییە!

کامیار- درۆ مەکە مەش سەفەر! تۆ تەمەنێکە لێرەی چۆن دەبێ لەم شتانە نەزانی؟

مەش سەفەر- بە کێ سوێند بخۆم باوەڕ بکەن؟ گەورەم ئێمە تەنیا خەریکی ئیشەکانی باوەگەورە و باخین. حەقمان بەسەر ئەم شتانەوە نییە.

ـ مەش سەفەر! تۆ تەمەنت چەندە؟

مەش سەفەر- کاکە سامان تۆ چۆن بوو کە بیری تەمەنی منت کەوتەوە؟

کامیار- مەش سەفەر خێرا هەستە و ڕاکە! ئەمە لەبەیانی هەینییەوە چاوەکانی کراوەتەوە و جوانییە نهێنییەکانی بنیادەمەکان دەبینێ! تۆش دیارە بە گەنجێتی قۆز بری! وابزانم چاوی تێ گرتووە(حەزی لێتە)! هەستە تا بۆگەنی بەرز نەبووەتەوە بڕۆ بۆ ماڵەوە!

مەش سەفەر- استغفر اللەگەورەم!

ـ ونبە کامیار!

مەش سەفەر- گەورەم لەشەست زیاترم.

ـ کەوایە زۆر تێک نەچوی!

کامیار- مەش سەفەر هەتا هەلت هەیە ڕاکە! خەریکە درەنگ دەبێ ها!

ـ کامیار شەرم بکە!

کامیار- تۆ شەرم بکە! ئەم پیاوە پیرە شەست و ئەوەندە ساڵیەتی! لەم یەکە دەست هەڵگرە! تۆ بە ڕۆژێ چیت لێهاتووە؟ ( دەست لە ...... ناپارێزی ) چ بگات بە پیاوێکی پیری هاوتەمەنی مەش سەفەر!

ـ دەمێڵێ شتێ لەمەش سەفەر بپرسم یان نە؟

کامیار- نە دەی نامێڵم! ئەم پیاوە پیرە لەجیاتی باوکمە! لەم یەکە دەست هەڵگرە!

من و مەش سەفەر پێکەنین کە وتم:

ـ بە گیانی تۆ ئیشم پێیەتی.

کامیار- گوت خوارد! هەر هیچ نەبێ لەو بگەڕێ و بڕۆ بۆ لای کاک عەباس. هەم گەنجترە و هەم قۆزترە!

مەش سەفەر- کاکە کامیار دیسان کەوتوتە سەر گاڵتە! هەستم برۆم کە دوو سەعاتی تر خۆر هەڵدێ.

ئەمەی وت و جگەرەکەی کوژاندەوە و لەجێگەکەی هەستا و وتی:

- ئێوەش هەستن برۆن بخەون. لەم کاتەی شەودا باش نییە بنیادەم لەژێر درەختەکاندا دابنیشێ!

کامیار- بە پێچەوانەوە ئەم کاتەی شەو باشترین کاتە کە بنیادەم لەژێر درەختەکاندا دابنیشێ! بەڵام نەک لەگەڵ تۆ و ساماندا! برۆ بخەوە!

مەش سەفەر پێکەنی و خواحافیزی کرد و ڕۆشت کە کامیار پێی وتم: هەستین ئێمەش برۆین.

- دەزانی حەزم لەچییە؟

کامیار- نە.

- حەزدەکەم بزانم ئێستا دڵئارام خەریکی چییە.

کامیار- چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟

- ئاخر دڵم بۆی سوتا! خۆزگە زوتر پێی بوتایەم!

کامیار- بزانم! بۆ دڵی تۆ فرۆکەیە کە هەر کەس زووتر داگیری بکات دەتوانێ بێت و لەناویدا دانیشێ؟

- نە، یانی ئەوەی ئەگەر زووتر بیوتایە باسەکە نەدەگەشتە ئەم ڕووداوە!

کامیار- هەستین برۆین ئێتر خەریکی هەڵیت و پەڵیت دەڵێی!

- کامیار! یانی ئاخری ئەم باسە چی لێ دێ؟

کامیار- بڕوانە ئێستا ئێتر خۆت(  )هەیە! من هەر دەمەوێ هەستم برۆم بخەوم، تۆ نامێڵی!

- بۆ کوێ برۆی بخەوی؟ دەبێ دوایی برۆین بۆ ماڵی باوەگەورە!

کامیار- من سی ساڵ نایەم بۆ ئەوێ! ئەویش چ شەوێ؟ شەوێ کە تۆ چاوەکانت کراوەتەوە!

- بێ تام مەبە هەستە برۆین!

کامیار- برۆ ونبە! من بیست و ئەوەندە ساڵ بە ئابرو ژیاوم! قەد نابێ بە شەوێ هەموو ئەم(  )لەناو بەرم!

- دیسان دەستت پێ کردەوە؟



Scanned with CamScanner

کامیار- برا داخوازییەکەت بێ جێیە! من حەزم لێی نییە! کەسێکی تر هەڵگرە و بڕۆ!

ـ هەستە بڕۆین! بە گیانی تۆ بەیانی لەخەو هەڵناستین ها!

کامیار- دێم بەڵام بە مەرجێ کە من لای باوەگەورە بخەوم و تۆش بڕۆی لەژوورێکی تردا بخەوی!

ـ من ڕۆشتم، خوات لەگەڵ!

کامیار- ئێ. . . ! کەرە دیسان(   )؟ تۆ ئێستە دەبێ بە تورەییەوە دەستم بگری و لەگەڵ خۆتدا بمبەی! ڕاوەستە بزانم!



Scanned with CamScanner

## بەشی سێهەم

ئەو شەوە من و کامیار ڕۆشتین بۆ ماڵی باوەگەورە و لەوێ نوستین. گەنم هەر لەوێ بوو، هێشتا نووستبوو. باوەگەورە پێخەفێکی پێدا دابوو و سەرینێکی خستبوە ژوور سەری. من و کامیار کە گەشتین، باوەگەورە هێشتا بە خەبەر بوو وخەریکبوو بیری دەکردەوە ئێمەیش ڕۆشتینە قاتی سەرەوە و خەوتین.

سەعات حەوتی بەیانی بوو هەستمکرد کەسێ ڕامدەوەشێنێ! چاوەکانم کردەوە، کامیارم بینی.

کامیار هەستە.

- چیبووە؟

کامیار هیچ نەبووە.

- ئەی چی؟

کامیار دەڵێم هەستە ئیتر، درەنگ دەبێ.

لەجێگەکەم هەستام و وتم: گەنم هێشتا نووستوە؟

کامیار مەشڵەژێ بەلام گەنم هەستاوە و ڕۆشتوە!

- ڕۆشتوە؟ ! بۆ کوێ؟!

کامیار نازانین.

لەجێگەکەم ڕاپەڕیم و ڕۆیشتم بۆ لای قادرمەکان و ڕۆشتمە قاتی خـوارەوە. باوەگەورە کە لەژوورەکەیدا دانیشت بوو و لەخەیاڵدا بوو. جێگەی گەنم خاڵی بوو.

- ڕۆشتوە؟

باوەگەورە ئەڵێ بەیانی زوو هەستاوە و ڕۆشتوە.

- ببوورن، سەلام، بیرم نەبوو!

باوەگەورە سەلام بابە گیان، تۆ جارێ خۆت زوویر مەکە!

- ئێوە نەتان زانیوە؟

باوەگەورە من دوێشەو تا نزیکەی پێنجی بەیانی بە خەبەر بووم. کە چاوم گەرم بوو و کاتێ زانیم ڕۆشتوە! دوابڕاوە نازانم بۆ ئاگام لێی نەبوو! خەوە و مەرگ!

کامیار ئێستا ئێوەش خۆتان قەلس مەکەن، ڕوداوێکە کە ڕویداوە!

باوەگەورە پیرییە و هەزار و یەک دەردی بێ دەرمان!

- ئاخر بۆ کوێ ڕۆشتوە؟ ئێستا چۆن بیدۆزینەوە؟

کامیار ئاخری هەر شتێک دەبێ!

- ئاخر کچێک، تەنیا، بێ پارە!

کتوپڕکامیار شتێکی هاتەوە بیر و ڕایکردە ژوورەکەی و نەختێ دوای ئەوە هاتەوە و وتی: زۆریش بێ پارە نییە!

- چۆن؟

کامیار کارتی بانقەکە و موبایلەکەی منی لەگەڵ خۆیدا بردوە.

باوەگەورەکە دەی، لەخوا بە زیاد بێ. خێرا تەلەفونێکی بۆ بکە!

کامیار تەلەفونەکەی باوەگەورەی هەڵگرت و ژمارەی موبایلەکەی خۆی وەرگرت و نەختێ دوای ئەوە وادیار بوو موبایلەکەی جوابی دایەوە دەستیکرد بە قسەکردن. ئێمە تەنیا دەنگی کامیارمان دەبیست.

- هەلاو، گەنم!

- ئێستا لەکوێی!

- بۆ بڕیار نەبوو بە یەکەوە بڕۆین بە دوایاندا؟ خۆ ئێمە وتمان لەگەڵتدا دێین!

- دەی دەبوا ڕۆژ بوایەتەوە بڕۆین یان نە؟ نیوە شەو خۆ دایک و باوک لەشەقامەکاندا هەڵنەڕژاوە تا بڕۆین بیاندۆزینەوە.

- باشە، باشە! ژمارەی نهێنی کارتەکەمت پێدەدەم بەڵام ئەوموبایلەت بۆ بردوە؟

- گوێ بگرە! ئەو موبایلەدار دەستی دەستمە! ڕۆژێ دە بیست کەس ئیشیان پێمە!

- دەی ئەوانەی کە تەلەفونم بۆ دەکەن ئەگەر دەنگی کچێ بیستن لێم دەتۆرێن! هەر هیچ نەبێ وەرە و موبایلەکەی ئەو هەتیوە سامان بیە کە لەکاتێکەوە لەدائیرەی تەلەفون پێیان داوە دەنگێکی ناسکی تیا تۆمار نەکراوە! هەمووی هەر دەنگی گڕ و قەوی قەوی تیا بلاو بۆتەوە! موبایلەکەی لەو موبایلەکەرانەیە بە قەدەر لەتە خشتێ! موبایلەکەی من بچوک و ناسکە، وەک ئەو دەنگانەی کە تیایدا بلاو دەبێتەوە!

ـ ئا لێرەیە، ئاگات لێبێ کارتی پارەکەم ون نەکەی! ژمارەی نهێنیەکەی چوار دانە سفرە.

ـ دەقەیەک ڕاوەستە.

تەلەفونەکەی پێدام و وتی: دەیەوێ لەگەڵ تۆدا قسە بکات، تو خوا وابکە ئەو مۆبایلەم بداتەوە!

ـ ئێ. . . !

موبایلەکەم لێ وەرگرت. هەلاو! گەنم!

گەنم سەلام.

ـ سەلام چۆنی؟

گەنم باشم.

ـ بۆ واتکرد؟ بۆ نەوەستای؟

گەنم دەبوا بڕۆشتمایە سامان!

ـ دەی بەیەکەوە دەڕۆشتین!

گەنم نە، ئەم باسە پەیوەندی بە ئێوەوە نیە کە تێوەی بگلێن.

ـ تۆ ئێستا لەکوێی؟

گەنم شوێنێ لەم شارە تەم و مژ گرتوەدا!

ـ بلێ لەکوێی هەتاکوو دە دەقیقەی تر خۆمت پێدەگەیەنم!

گەنم بڕۆ بە دوای ژیانتدا سامان.

ئەم قسانە چییە؟!

گەنم قسەی زۆرم بوو کە پێتی بلێم! وامدەزانی کە بە یەکەوە بەختەوەر دەبین.

ـ جا ئێستا خۆ هیچ نەبوە!

گەنم ئیتر دەتویست چی بێ؟

ـ تکات لێدەکەم گەنم! بگەڕێرەوە!

گەنم ناتوانم سامان! تێبگە!

ـ من دەتدۆزمەوە! ئەگەر بکرێ هەموو ئەم شارە بگەڕێم، دەگەڕێم و دەتدۆزمەوە.

گەنم ئەم موبایلەیەک خاڵ شارۆێ زیاتری تیا نیە سامان! کات بە فیڕۆ مەدە!

ـ من دەت دۆزمەوە!

گەنم سەختتر لەدڵ هەلکۆلین لەسەر دەرختدایە! لەوێ هەر هیچ نەبێ بە تەنیای

بەلام باوەگەورە بە دلنیایشەوە لەوێیە!

- خۆشم ئەوێی گەنم! دەت دۆزمەوە ئێستا بە هەر شێوەیەک بووە!

کاتێ ئەوەم پێ وت بۆ چرکەیەک بێدەنگ بوو پاشان وتی:

- دەبێ بیسەلمێنی کە خۆشت دەوێم! تەنیا یەک خاڵ شارژ موبایل کاتت ماوە!

- بە دوای دلمدا دێم! هەر دەتدۆزمەوە! گرنگ نیە چەندە بگەڕێم.

دیسان تاوێک بێدەنگ بوو و پاشان وتی:

تۆ پێم پێکەنیت و

نەت دەزانی کە من بە چ ترسێکەوە

لەدیبەری دراوسێ سێوم دزی

باخەوان بە دوای مندا بە پەلە ڕایکرد

سێوەکەی بە دەست تووە بینی

بە تورەییەوە سەیری منی کرد

سێوی گاز لێ گرتو لەدەستی تۆ کەوتە خوارەوە

و تۆیش ڕۆشتی و هێشتا

سالانێکە لەگوێی مندا هێدی هێدی

دووپاتی خشپەی هەنگاوەکانی تۆ

دەدا ئازارم.

و من خەیالاوی نوقمی ئەو خەیالەم

کە بۆچی خانوە بچوکەکەی ئێمە

سێوی نەبوو.

ئیتر دەنگێکم نەبیست هەلاو! گەنم! گەنم!

تەلەفونەکەی داخستبوو. کەمێکی تر ڕاوەستام و پاشان تەلەفونەکەم خستەوە سەر جێگەکەی خۆی. سەرم داخست. باوەگەورە و کامیاریش، نە شتێکیان وت و نە شتێکیان پرسی. منیش ئارام لەماڵ ڕۆشتمە دەرەوە و لەسەر قادرمەکانی ستارەکە دانیشتم. نەختێ دوای ئەوە کامیاریش هات و لەلام دانیشت و هێدی وتی:

- بە ڕاست خۆشتدەوێ؟

- ئا.

کامیار یانی دلنیای ئەم ڕووداوە کاریگەری لەسەرت نەبووە؟

ـ نا. هەر لەوکاتەوە کە بێ ئاگا لەخۆوە ڕاکێشرام بەرەو ژوورەکەی، عاشقی بووم!

ئێستاش هەر چۆنی بێ دەیهێنمەوە بۆ ماڵەوە!

کامیار پێکەنی و وتی:

کێو دەکەمە کۆڵ،

جلی هەر شەڕێک لەبەر دەکەم،

شەپۆل لەزەریا دەگرم،

شیلەی بەرد دەدۆشم، مانگ دەهێنمە ماڵەوە،

-با - دەگرم بە نیشانە،

هەموو خۆڵی زەوی،

دەژمێرم دانە دانە،

ئەگەر چاوەکانت بڵێن ئا، هیچکامیان هیچی ناویّ!

ڕووم تێ کرد و سەیرم کرد و وتم: بەڵام چۆن؟

دەستی خستە دەور ملم و ڕوومەتی ماچ کردم و وتی:

- بیرێژە دەرەوە لەچاوەکانت ئەم هەموو خەمە! ئەمیر ئەرسەلان خۆ ئامادەیە! شەمسی وەزیریش کە لەتەنیشتتدایە! ماوە دوو جوت پێلاو و جلی ئاسن کە ئەویش دەڕۆین بۆ بازاڕی گولستان دەی کڕین!

ـ ئاخر لەکوێوە دەبێ دەست پێبکەین؟

کامیار ئاخریەکەی چی پێ وتی کە بێدەنگ بووی؟

ـ شیعرێکی بۆ خوێندمەوە!

کامیار دەی بۆچی بێدەنگ ڕاوەستابووی؟ پل تەقانێ، قن بادانێ، برۆ هەڵتەکانێ!

ـ تاقەتم نییە کامیار!

کامیار ئێستا ع شیعرێکی خوێندەوە؟

ـ هی حەمیدی موسەدیق بوو.

کامیار کامیان؟

ـ تۆ پێم پێکەنیت!

کامیار دەی کەرە هەر لەڕووی ئەم شیعرەوە دەتوانین بیدۆزینەوە ئیتر! بیلێ بزانم!

«تۆ پێم پێکەنیت و نەت ئەزانی کە من بە ع ترسێکەوە لەدیبەری دراوسێ سێوم دزی»

کامیار دەی تا نێرە بەسە! دەبێ مانا بکرێتەوە! ئەوەلای خۆم دەیزانم. بە پێی ئەم شیعرە، وا دیارە کە دەیەوێ بڕوات بۆ دزی! یانی ئێمە دەبێ بڕۆین بۆ لای باخێ کە سێوی هەیە! هەر کە هات و ویستی سێو بدزێ، بیگرین! هەستە دەبێ بڕۆین کە دەیەوێ بە ڕێکەوت بێت بۆ ئەم نزیکانە، ئێستا نزیکترین سێو پێی سێوی شەمێرانیە! هەستە و مەوەستە! پێی پێکەنیم.

کامیار بەڵام خوا فریای کەوێ! تەواوی ئەم باخە گەورانە، سەر زڵلەکان دەستیان بە سەردا ڕاگرتوە بۆ بڕینەوەی درەختەکان و دروستکردنی بینا! ئەگەر بزانن یەکێ، یەک دوو دەنک سێو لەباخەکەیاندا دزراوە تا لەسێدارەی نەدەن واز ناهێنن!

ـ دەبێ بڕۆم بە دوای دڵمدا! هەر دەیدۆزمەوە. . .

کامیار بەڵام بە ڕای من دوای هزری خۆت کەوی باشترە ها!

ـ نەء! دەڕۆم بە دوای دڵ و هەستمدا!

کامیار منیش بە دوای هزرمدا دەڕۆم و پارەکەم! وا بزانم من زووتر دەستکەوتم دەبێ!

ـ دەزانی گەنم ئەم شیعرەی کەی خوێندەوە؟

کامیار نا، دە دەقە پێش ئێستا.

ـ ئێستا ناڵێم خۆ! جاری پێشوتر دەڵێم! لەبیرتە لەگەڵ نافەرینء ئەوان دا شەوێ کۆ بووبووینەوە لەباخەکەدا؟

کامیار نا! چ شەوانێک بوو!

ـ لەبیرتە گەنم کتوپڕ دەستی بە خوێندنەوەی شیعرێ کرد؟

کامیار نەء، من کاتێ لەگەڵ نافەرین ئەواندا لەباخەکەدا کۆ دەبوینەوە، سەرنجی شیعر و ئەم شتانەم نەدەدا! خەیاڵم لەشوێنێکی تر بوو.

ـ دە بڕۆ! هەر ئەو کاتە کە دلارام پێی ڕادەبواردی!

کامیار ئێستا تۆ بیڵێ لەوانەیە بیرم بکەوێتەوە.

ـ ئەو شەوە گەنم شیعرێکی خوێندەوە!

کامیار هەر ئەم شیعرە بوو؟

ـ نەء، وابزانم شیعرێکی تر بوو.

کامیار دەی چ پەیوەندییەکی هەیە؟

ـ نازانم.



Scanned with CamScanner

کامیار واز لەو شیعرانە بێنە. هەرچییەک هەیە مەبەستی لەم شیعرەدایە!

ـ مەبەستی لە((سێوم دزی)) چییە؟

کامیار لەوانەیە بیەوێ بڵێ کە دەستی پیسە.

ـ گاڵتە مەکە!

کامیار سێو هێمای چییە؟

ـ عەشق، ژیان و زۆر شتیتر!

کامیار نەء، شتێکی تریش هەیە! ئەگەر زانیت؟

ـ حەوا! ئا ئا حەوا! ڕۆشتوە بۆ لای هاورێکەی! هەر ناوی حەوا!

کامیار ئەدرەسیت هەیە؟

ـ نە!

کامیار ئەدرەسی هاورێکانی ترت هەیە؟

ـ یەکیان ئا! جارێکیان گەنمم گەیاندە بەر دەرگای ماڵەوەیان. وابزانم ناوی ژاکلین بوو!

کامیار هەستە بڕۆ بۆ بەر ماڵەوەیان. ئەدرەسی حەوا لەژاکلین دەسێنین.

ـ هەستە دەی خێراکە.

کامیار جارێ با دەست و دەم و چاومان بشۆین و جلەکانمان بگۆڕین!

هەردووکمان ڕۆیشتین هەریەکەو بۆ ماڵی خۆی و ئاوێکمان دا بە دەم و چاوماندا و جلەکانمان گۆڕی و خێرا گەڕاینەوە. کامیار ئۆتۆمبێلەکەی خستە ئیش و ڕێکەوتین. چارەکە سەعاتێ بیست دەقەی دوایی لەبەردەم ماڵی هاورێکەی گەنم دا بوین. من ڕۆشتم و زەنگی ماڵەوەیانم لێدا. بەڕێکەوت ژاکلین خۆی ئێف ئێفی ئایفۆنەکەی جواب دایەوە و هاتە بەر دەرگا. هەر کەمن و کامیاری چاو پێ کەوت، ناسییین و سڵاوی کرد و وتی: هیچ بووە؟

کامیار شتێکی گرنگ نییە! گەنم نەختێ لەگەڵ دایک وباوکیدا ناکۆکی بووە و لەماڵەوە توراوە! لەوانەیە ڕۆشتبێ بۆ ماڵی هاورێکەی حەواخانم.

ژاکلین ئێوە ئەو ناوەتان لەکوێ زانی؟

کامیار هەروا! یانی جارێ زۆر لەمەوبەر خۆی بە سامانی وتووە! وا دیارە زۆر لەیەکەوە نزیکن!

ژاکلین نەختێ بیری کردەوە و وتی: گەنم هاورێیەکی بەم ناوە نییە!

هەرکە ژاکلین ئەمەی وت، خێرا من و کامیار سارد بوینەوە! تا ئەو کاتە زۆر خۆشحاڵ بووین کە توانیبومان شوێنی گەنم هەڵبگرین بەڵام کاتێ ژاکلین وتی کەسێکی وەها هەر نییە دیسان خەم و خەفەت سەر و دڵی داگرتین!

کامیار ئەی کەوایە بۆچی گەنم شتێکی وای بە سامان وتوە؟

ژاکلین سەرێکی لەقاند کە کامیار وتی:

ـ بڕوانن ژاکلین خانم، لەوانەیە ئەمە نهێنیەک بێت لەنێوان ئێوە و گەنم و هاوڕێکانیدا! بەڵام زانینی بۆ ئێمە زۆر گرنگە! گەنم بە دەرونێکی زۆر زۆر شێواوەوە لەماڵەوە ڕۆیشوەتە دەرەوە! پێ دەچێ ڕوداوێکی خراپیش بقەومێ تکا دەکەم ئەگەر دەزانن یارمەتیمان بدەن!

ژاکلین سەیرێکی هەردووکمانی کرد و پاشان وتی: بەداخەوە، ئێمە هاوڕێیەکی ئاوەهامان هەرنییە! یانی کەسێکی ئاوا هەر دروست نەکراوە!

کامیار بەڵام لەوانەیە هێما یان ئەدرەسێک بێت!

ژاکلین سەری داخست. کامیار دەستی گرتم و لەکاتێکدا بەرەو ئۆتۆمبێلەکەی دەبردم بە ژاکلینی وت: لەبیرتان بێ، ئەگەر شتێ خراپ بقەومێ ئێوە بەرپرسن! خوات لەگەڵ! هەردووکمان هێواش ڕۆشتین بەرەو ئۆتۆمبێلەکە و سەرکەوتین. هەر کە کامیار ویستی ئۆتۆمبێلەکە بخاتە ئیش، ژاکلین ڕایکرد بەرەو ئۆزتۆمبێلەکە! من و کامیاریش خێرا دابەزین!

کامیار دەزانم وتنی بۆتان زۆر سەختە بەڵام ئەمە تەنیا ڕێگەی یارمەتیدان بە گەنمە!

ژاکلین گەنم خۆی وتویەتی کە حەوا هاوڕێیەتی؟

کامیار نەءخاتو ژاکلین، ئێمە لەمانای شیعرێک بەوە گەیشین!

بۆ تاوێ بێدەنگ بوو، خەریکبوو بیری دەکردەوە پاشان وتی:

ـ وەرنەماڵەوە هەتا پێتان بڵێم.

کامیار زۆر سوپاس، ئیتر لەکاتتان ناگرین، هەر ئێرە باشە.

هەردووکمان لەتەنیشت ئۆتۆمبێلەکە هاتینە سەر شۆستەکە، لەبەرماڵی ژاکلین دا کە خانویەکی کەشخە و گەورە بوو ڕاوەستاین. ئەت وت هێشتا دوو دڵە کە پێمان بڵێ یان نەءمن و کامیاریش هیچمان نەوت تا بیر بکاتەوە. کە کەمێ ڕابورد وتی:

ـ ئا، حەق بە ئێوەیە! لەوانەیە شتەکە زۆر گرنگ بێ!

کامیار بۆ چی بووە؟

ژاکلین ناکۆکییەکەی لەگەڵ دایک و باوکیدا زۆر بوە؟

کامیار تا ڕادەیەک.

ژاکلین خوا بکا من هەڵەم کردبێ!

کامیار ژاکلین خانم تکا دەکەم ئەگەر شتێ دەزانن خێرا بیڵێن! ئێمە دەبێ بە پەلەخۆمان بە گەنم بگەیەنین! لەوانەیە هەردەقە لەو شوێنەی کە هەیە، بڕوات!

ژاکلین بڕوانن، حەوا کەسێکی تایبەت نییە! بڕوایەکە!

کامیار بڕوا!

ژاکلین ئێمە، یانی من و گەنم و هاوڕێکانمان زۆر لەسەر ئەو تەوەرانە قسەمان دەکرد!

کامیار کام تەوەرانە؟

ژاکلین ئادەم و حەوا، پیاو و ژن! ئێمە بڕوامان وابوو کە حەوا هێمایە! یانی ئەوە بڕوای گەنم بوو!

کامیار هێمای چییە؟

ژاکلین تەواو کەرە! تەواو کەری ئادەم!

من و کامیار تەنها سەیرمان دەکرد، ئەو وتی:

- دەزانم لەوانەیە بۆتان جێگەی پێکەنین بێ بەڵام باسی سەرەکی ئەوەیە گەنم بڕوای وابوو ئادەم بە بێ حەوا ناتەواو بووە و بە هاتنی حەوا تەواو بوە! گەنم بڕوای وابوو کە هەر شتێ بەو نیوەکەی تریەوە تەواو دەبێ. حەوا ئەو نیوەکەی تر بووە! نازانم تێدەگەن یان نەء ؟

کامیار وەکو شەو و ڕۆژ! باشی و خراپی! ناشرین و جوانی!

ژاکلین پڕ و خاڵی! تاریک و ڕون!

- مەرگ و ژیان!

کتوپڕ هەر کە من ئەوەم وت کامیار و ژاکلین بێدەنگ بوون! نەختێ دوای ئەوە ژاکلین وتی: منیش هەر لەوە دەترسم! لەبەر ئەوە کە هەمووکات لەدوای لێدوانەکانمان بەو تەوەرەیە دەگەشتین! گەنم هەمووکات دەیوت دوایین قۆناغ لەم دنیایەدا بە مردنی مرۆڤەکان کۆتایی دێت. یانی حەوا تەواوکەری ئادەمە! ئێستا لەهەر تەوەرەیەکدا!

- کەوایە ئەو شیعرەی کە بۆی خوێندمەوە مانای پەیامێک بوە بۆ مردن؟

کامیار بەو دەرونە شلەژاوە و نارەحەتەی کە هەیەتی لەوانەیە خۆی بکوژێ!

ژاکلین ئاخر چی بووە؟

کامیار ئێمەش خۆمان باش نازانین! تەنیا دەزانین لەگەڵ باوک و دایکیدا شەڕێکی قورسی بووەو لەماڵەوە دەرچووە! دەبێ زۆر بەخێرایی بیدۆزینەوە.

ژاکلین دەتانەوێ منیش لەگەڵتان بێم؟

کامیار نەء سوپاس. یانی نازانین دەبێ بۆ کوێ بڕۆین!

ژاکلین ژمارەی تەلەفونەکەی من بنوسن ئەگەر شتێک بوو لەوانەیە بتوانم یارمەتیتان بدەم!

کامیار ژمارەی ژاکلینی وەرگرت و ژمارەی خۆیشی پێدا و خواحافیزی و سوپاسی کرد و سەر ئۆتۆمبێلەکە کەوتین و ڕێکەوتین. کە نەختێ ڕۆشتین، کامیار ئۆتۆمبێلەکەی لەسووچێکدا وەستاند و دوو جگەرەی لەپاکەتەکەی دەرهێنا و دایگیرساندو یەکێکیانی دا بەمن و وتی: دەی، ئەمە لەمە! جارێ هیچ ئەدرەسێکمان لەگەنم نییە!

- یانی دەیویست پێمان بڵێ کە دەیەوێ خۆی بکوژێ؟

کامیار لەوانەیە!

- ئێستا چیبکەین؟

کامیار تۆ بە دڵ و هەستت نەتتوانی هیچ بکەی، ئێستا بهێڵەبا من بە هزر و پارە، لەوانەیە شتێک بکەم!

- بە پارە دەتەوێ چی بکەی؟

کامیار لەم ڕۆژ و ڕۆژگارەدا، هەموو ڕێز لەعەشق و هەستی پاک و ئەم شتانە دەگرن، بەڵام تەنیا ڕێز! ئەویش تەنیا بە زمان! ئەگینا ئەم شتانە ئێستا فلسێک بایەخی نییە!

- تۆ هەڵەدەکەی!

کامیار دروشم مەدە، بیسەلمێنە! هەر ئێستا ڕێکەوە برۆ لەڕووی ئەو وەرەقەیە کە پێناسەی باوک و دایکی گەنمی تیانوسراوە، بیان دۆزەرەوە بزانم!

- دەی نەختێ قورسە بەڵام . . . .

کامیار قورسە؟ داماو هەرناکرێ! بۆهەرکوێ بڕوێ، هەر ئەو دەرگاوانە کە لەبەر دەرگایە هەر کە بزانێ لەجیاتی پارە لەگیرفانتدا، هەست لەدڵتا هەیە، لەقەیەک ئەدا لەویاتە و لەدەرگا فڕێت دەداتەدەرەوە! ئێستا بتەوێ شتێکی بچوک لەهەر کوێیەکدا بکەی، یا دەبێ پشتگیرێکی مل قەویت بێ، یان پارەی زۆر لەگیرفانتدا! ماوەیەک لەمەوبەر کە

ئۆتۆمبیلەکانمان کڕی بوو لەبیرتە؟

- کامەیان؟

کامیار ناوی منیان بەهەڵە نوسیبوو!

- ئەها!

کامیار ڕۆشتم بۆلای کابراکە و هەر کە پێم وت کاکە ناوی من لێرەدا بەهەڵ نوسراوە، هەناسەیەکی جگەر سۆزی لەقولایی دڵیەوە هەڵکێشا کە خەریکبوو لەگەرمای هەموو ئەو ماشینانەی کە لەوێدا بوون ئاگریان تێبەر بێ!

کاتێ چاوی بە ناوی من کە لەو وەرەقەیەدا بە هەڵەنوسرابوو کەوت، سەرێکی بۆ جولاندم کە ئەت وت جوابی تێستی سەرەتانی خوێنی مامەی بینیوە و ئیتر ناکرێ هیچی بۆ بکرێ!

کاتێ ڕوویکردە من و سەیری چاوانی کردم، خەفەتێ لەچاوانیدا بوو کە ئەت وت سەعاتێکی تر بڕیارە خۆی و بنەماڵەکەی، بە کۆمەڵ، بەزیندوویی بخەنە گۆڕ.

نچ نچێکی بۆ کردم کە . . .

- ئێ. . . ! مێشکم داکەوت! ئاخری بڵێ چی بووە؟

کامیار هیچ! هەر کە ویستی بێ هیوایی و بێ دەست کەوتی . . . . بگەیەنێتە من، من پێنج دانە هەزاریم گەیاندە دەستی ئەو! ئەت وت کتوپڕ دەلاقەیەکی تازە بەرەو ژیان لەپێش چاوانیدا کرایەوە! ئیتر لەو بێ هیواییەی چەند چرکەیەک لەوەوبەر هیچ دیار نەبوو! ئیشەکە لەدوو دەقەدا کرا و ناوەکەی من ڕاست کرایەوە!

ویستم پێی بڵێم بابە لەجیاتی ئەم قسانە شتێ بکە کە نەیزانی و دەستی بە جگەرەکەوە هێنا بۆ لای من جگەرەکەی بەو قوڵەمەوە کە برین بوو چسکاو سوتاندی!

- ئای سوتام بابە! خەیاڵت لەکوێیە؟

کامیار یاخوا من بمرم! هەر ئەویات سوتا کە پێشتر بڕا بوو؟ ئیستا دەبێ بڕۆین بۆ خەستەخانەی سوتاوەکە!

- سوتاوەکە؟

کامیار نە! ئەمە ئیستا هەم بڕاوە و هەم سوتاوە! دەبێ بە بڕوتاوە!

پێکەنیم و وتم: بابە شتێ بکە! ئەم هەمووە لەباسی پارەدا ڕێسات، ئیستا دەتوانی چیبکەی؟

کامیار سەختە بەلام دەکرێ شتێ بکرێ. بەلام ئاگادار بە وشەیەک سەبارەت بەو

شتانەی کە دەیکەین پێی نەڵێی! ناوی باوک و دایکی چی بوو؟ قودرەت و زیوەر؟

ـ نا بەڵام بۆچی هیچی پێ نەڵێین؟

کامیار بابە لەوانەیە بزانین کە دایکی فلان کەس بووە! خۆ نابێ بڕۆین پێی بڵێین!

ـ دەی ئەگەر بڵێین چی دەبێ؟

کامیار بڕوانە، ئەگەر تۆ خۆت لەجیاتی ئەو بویتایە و بتزانیایە کە دایکت خزمەتکاری ماڵی حاجی فلان بووە، خۆشحاڵ دەبوی؟

ـ نازانم، یانی هەر هیچی پێ نەڵێین؟

کامیار ئەمەش من نایزانم! تەنیا دۆعا بکە کە دەرکەوێ دایکی جینالولوبریجیدا بووە بە زیوەر بانگیان کردووە و باوکیشی کرک داگلاس بووە کە لەماڵەوە پێیان دەوت قودرەت!

هەردووکمان دەستمان کرد بە پێکەنین و کامیار ئۆتۆمبێلەکەی خستە ئیش و ڕێکەوتین.

ـ کەسێک دەناسی بتوانێت شتێکمان بۆ بکات؟

کامیار نا.

ـ ئەو شوێنەی کە خەریکین دەڕۆین کوێیە؟

کامیار ڕاوەستە دەزانی.

بیست دەقیقەیەک لێی خوڕی و پاشان دەوروبەری جوردەن لەسووچێکدا ڕاوەستا و هەردووکمان دابەزین و ڕۆشتین بەرەو بینایەکی کەشخە و بە ئاسان گەیەنەر ڕۆیشتینە سەرەوە، قاتی دەهەم و ڕۆشتین بۆ کۆمپانیایەک. کامیار زەنگی لێدا و کچێک ئەڵێی سکرتێرەی کۆمپانیاکە بوو دەرگای کردەوە و هەر کە کامیاری بینی سڵاوی لێ کرد

کامیار من سڵاو مەلی خانم! حاڵی ئێوە چونە؟

خانمی سکرتێر، جوابی دایەوە و خوڵکی کردین بۆ ژوورەوە، کە کامیار وتی:

ـ ئەمە ئامۆزای منە. ئەمانیش ((مینو)) خانم سکرتێری کۆمپانیاکەیە.

سڵاوێکم لێ کرد کە ((مینو)) خانم وتی:

ـ لەبیرتان چوو ناوی ئەم بە من بڵێن!

کامیار ئۆی ببورن! ئەمە بەصیرە! هەڵبەت یانی لەدوێ شەوەوە تا ئێستا بەصیرن! ئاغای بەصیری باصری!

سیخورمەیەکم لیدا و وتم من سامانم خانم. زۆر بەختەوەرم.

مینو کاک کامیار لەگەڵ هەمووناندا گاڵتە دەکەن!

کامیار خانم ((لیدا)) لەکوێن؟

مینو لەنوسینگەکەیاندان.

کامیار ئەرک نەبێ هەواڵی بدەنێ و بڵێ کە من هاتوم.

مینو ئایفۆنی لیدا و کە ((لیدا)) جوابی دایەوە وتی: کاک کامیار هاتوە.

لیدا سەیرە!

کامیار– سەیر جوانی ڕوخساری ئێوەیە!

لیدا فەرمو وەرنە ژوورەوە جەنابی ئەستێرەی سیوەیل!

((مینو)) پێکەنی و وتی: فەرمون کاک سیوەیل.

کامیار ئەستێرەگیان بە دوامدا وەرە.

بە مۆڕێکەوە سەیرم کرد و بە دوایدا ڕۆشتم، دەرگایەکی کردەوە و ڕۆشتینە ژوورەوە. نوسینگەکەی خاتو لیدا ژوورێکی زۆر گەورە و کەشخە و خۆش بوو بە قەنەفە و شتی پێشکەوتوەوە. مێزیک لەسەروی ژوورەکەوە بوو کە لیدا خەریکبوو لەپشتیەوە دەهات بۆلای ئێمە. چەند گوڵدانێکی زۆر جوانیش لەدەوروبەری نوسینگەکەدا دانرابون.

لیدا سەلام . ئەوە تۆ لەکوێی؟

کامیار بە دوای کێشەی خەڵکیدام!

لیدا دە بڕۆ! درۆ لەگەڵ منیش دەکەی؟

کامیار ئاخر کچی ئەمە چ شێوە قسەکردنێکە لەلای ئامۆزاکەمدا؟

لیدا ئێ..! ببورن توخوا! ئێوە دەبێ کاک سامان بن.

- سەلام، حاڵتان چۆنە؟

لیدا سوپاس، تکا دەکەم فەرموون دانیشن.

هەردووکمان ڕۆشتین لەسەر موبلەکە دانیشتین و لیدایش هات لەسەر موبلەکەیتر لەبەردەمماندا دانیشت و وتی: دوێنێ سێ جار تەلەفونم بۆکردی دەنگت نەبو. جاری سێهەمیش دایکت لەگەڵمدا شەڕی کرد.

کامیار– ڕاست دەڵێی؟ خوا من بکوژێ لەدەست ئەم دایکەم نەجاتم بدا! هەر نازانم ئەم دایکەی من بۆچی ئەوەندە ناشوکری دەکا! لەماڵەوەش هەر وایە! هەرچەندە باوکیشم

پێی دەڵێ ئافرەت ئەوەندە ڕیپاڵ مەبە گوێ ناگرێ! ئیتر بە خوا ڕزق و ڕۆزی خەریکە لەماڵمان دەڕوا و نەکبەتی جێگەی دەگرێتەوە! ئێوە بە گەورەیی خوتان ببورن!

لیدا کە پێدەکەنی وتی: موبایلەکەیشت خۆ جواب ناداتەوە! کەس نازانێ لەکوێ بوی و چیت دەکرد!

کامیار بێ باتری بمینێ ئەم موبایلەم یاخوا! تۆ خوێنی خۆت پیس مەکە! ئەمجارە وا دەکەم کە هەرکات ئیشت پێم بوو، لەدو دەقیقەدا دەستت بکەوم!

لیدا موبایلی سوورەیات کڕیوە؟

کامیار کڕیومە بەڵام ئەویش بەکەڵک نایەت! خۆ دەزانی ئیشی دائیرەی تەلەفون هەر چییە؟ لەم موبایلەمەوە، ئەویتر وەردەگرم و خانمێ خێرا جواب دەداتەوە و دەڵێ بەشداربووی داواکراو دەستی گیراوە! تکایە پەیوەندی مەکەن!

لیدا ئەی چۆن دەبێ پەیوەندیت پێوە بگیرێ؟

کامیار زۆر ئاسانە!ئەمەی وت و لەقژی خۆی تاڵێکی کەندەوە و دای بە لیدا و وتی:

ـ بیگرە، هەرکات ئیشت پێم بوو ئەمە بسوتێنە، لەڕێوە لەبەردەمتا ئامادە دەبم!

لیدا دەستی بە پێکەنین کرد.

کامیار هیچ شتێ نابێتە شتە کۆنەکان! ئێمە جارێ هەروا خەریکین بۆ دواوە دەڕۆین، جا باشتر وایە لەپەیوەندییەکانیشدا لەو ئامێر و ڕێگە کۆنانە سوود وەرگرین! تەنیا داوات لێدەکەم کاتێ ئیشێکی تایبەتت پێم بوو پەیوەندی بگرە. زۆر بانگم کەی، کەچەڵ دەبم!

لیدا با باوکم بانگ بکەم! زۆر بێتاقەتت بوە!

کامیار جارێ دانیشە بزانم! باوکم بانگ بکەم یانی چی؟

لیدا ئاخر زۆر حەزی دەکرد بتبینێ! ئێستا لەنووسینگەکەیەتی!

کامیار دەی دواتر دەیبینم. سەرەتا بڵێ تۆ ئیشت چی بوو بە من کەتەلەفونت کرد؟

لیدا ئەمشەو لەماڵەوەمان میوانیە. جەژنی لەدایک بونمە!

کامیار بە ڕاستتە؟ پیرۆزبێ یاخوا!

لیدا ئەگەر وتت دەبمە چەند ساڵ؟

کامیار سێزدە ساڵ

لیدا دە برۆ تۆش!

کامیار دەی چواردە ساڵ



Scanned with CamScanner

لیدا دەبمە بیست و پێنج ساڵ!

کامیار خەریکی وەکو سەگ درۆ دەکەی! تۆ زۆرت لێ بێ، هەڤدە ساڵی!

لیدا ئیتر لەپێکەنیندا چرابوو! ڕوویکردە من و پێی وتم:

- کاک سامان خۆزگەم پێتان هەموو کات لای کامیاردان!

سەیرێکی کامیارم کرد و وتم: بەڵێ بەڕاستی! هەر خێرا خێرا لەماڵەوە لەبونی چێژ دەبەم! یانی هەموو خزمان چێژ دەبەن! من، ئافەرین خانم...

هەر کە ئەمەم وت، کامیار خێرا پەڕییە ناو قسەکانم و وتی: یانی، ئافەرین خانم بۆ ئێوە ئەمشەو جەژنی لەدایک بونتانە! دیارییەکی کەشخە و جوانت بۆ دەکڕم کەحەزت لێبێ! هەڵگەڕایەوە و بە مۆڕێکەوە سەیری منی کردو وتی: تۆ نازانی لیدا چ بنەماڵەیەکی باشی هەیە! باوکی پارچەیەک گەوهەرە! دایکی خانم و کابان! لەخوشکەکەی ئیتر چیت بۆ باس بکەم؟ تۆ ببیسە! ئا! خوشکەکەی بەقەدەر تۆیە! ئەمشەو کەڕۆشتین بۆ ئەوێ دەی دەم بە تۆ، هی تۆ بێ!

لیدا دەبڕۆ!

کامیار یانی دەڵێم بەیەکیان بناسێنم! ئاخر ئەم هەتیوە سامان خەریکە دەربەدەر بە دوای کچێکدا دەگەڕێ کە خۆی داماو بکا!

لیدا سەیرە! بە ڕاستی دەیانەوێت ژن بێنن؟

کامیار ئا! سەیری ڕواڵەتی مەکە! ئەمە عەقڵی بە قەدەر دەنکە نۆکێکە!

لیدا تۆ لێی فێربە کاک کامیار!

کامیار شێتی لەبنەماڵەی ئەماندا ویراسیە، من بۆ دەبێ فێر بیم؟

لیدا کە وایە ئەمشەو دەبێ کاک سامانیش سەربەرزمان بکەن!

- زۆر سوپاس.

لیدا نە! نە! بە ڕاستمە! ئەمشەو بە دڵنیاییەوە چاوەڕوانتانم! لەبیرتان نەچێ!

کامیار دێین بابە! ئەوەندە سوێند و قورعان مەخۆ!

لیدا نەچن سەعاتی نۆ و دەی شەو بێن ها!

کامیار نە! سەعاتی دوی دوا نیوەڕۆ لەوێم! پاشان ڕوویکردە من و وتی:

- هەستە بڕۆین وادیارە تا بگەینە ماڵەوە دەبێ بگەڕێینەوە خزمەتی لیدا خانم! هەستەو بڕۆین کە هەرهیچ نەبێ کاتمان هەبێ لفکە و سابونی لەخۆمان بدەین!

ئەمەی وت و لەجێگەی دا هەستا کەپێم وت:



Scanned with CamScanner

لیدا ئا.

کامیار دەرچوی ناحیەی ٣ی شاری . . . ژمارەی پێناسەی باوک. . . دایک. . .

لیدا زۆر قورسە. بەلام هەر شتێکی لێدەکەم.

هەر لەوکاتەدا، مینو قاوەی بۆ هێناین و خولکی کردین و ڕۆشت.

کامیار ئەم مینوە تەمەنی چەندە؟

لیدا بۆ؟

کامیار دەمەوێ بیخوازم بۆ باوەگەورەم!

لیدا بۆ باوەگەورەت؟ باوەگەورەت تەمەنی چەنێکە؟

کامیار زۆر بەتەمەن نییە! تازە کەوتوەتە سەر زمانی و هەر دەلێ تەنیام. دەترسم توشی غەلەت بێ. تۆ نەنکێکی باش و تەندروستت نییە هەڤدە هەژدە سال زیاتر تەمەنی نەبێ؟

لیدا دە بڕۆ کامیار!

کامیار ئەگەر بت بێ ئێمە بە کۆمەل دێین بۆ خوازبێنی!

لیدا نەنکی هەڤدە هەژدە سالە؟

کامیار ئەگەر بیست و دوو سێ سالیش تەمەنی بێت قەی ناکات. من باوەگەورەم ڕازی دەکەم!

لیدا چەن بە ئالۆشە!

کامیار ئەوە تۆ چی ئەلێی؟ ئێستا ئەوەندە زروف خراپە کچێکی هەڤدە هەژدە سالە دەدەن بە پیاوێکی چل پەنجا سالە!

لیدا تۆش خۆ ڕقت لەم زروفە نییە؟

کامیار بۆ من حەزم لێی بێ؟ ئەوانەی کە چل پەنجا سالیانە دەبێ حەزیان لێبێ کەدەتوانن کچێکی بیست و ئەوەندە سال بچووکتر لەخۆیان بهێنن! من ئەگەر بمەوێ لەسەر ئەو یاسایە مامەلە بکەم دەبێ بڕۆم بۆ بەردەمی ژووری خەستەخانەی منال بوون و هەر کەدوکتورێک بە نەشتەرگەری کچێکی لەسکی دایکی دەرهێنا هەر لەوێدا مارەی ببڕم!

لیدا کەهەر پێدەکەنی وتی: دەی چەند بێ وێنە دەبێ!

کامیار ئا، تەنیا منال بەخێوکردن دەکەوێتە ئەستۆم!

لیدا لەجیاتی، بیست سال دوای ئەوە ڕانەبوێری!





Scanned with CamScanner

ـ کامیار گیان ئێمە بۆچی هاتبووین بۆ ئێرە؟
بیرێکی کردەوە و وتی: نازانم!
ـ گەنم!
لیدا گەنم؟
کامیار ئەها! بیرم کەوتەوە!
لیدا گەنم چییە؟
کامیار هیچ بابە! نەنکم دەیەوێ هەڵوای پێ ساز بکا، پێی وتین کەلەسەر ڕێدا هەندێ ئاردی گەنمی بۆ بکڕم! ئێستا ئەم سامانە پێی داگرتوە گەنمەکە خۆی بکڕین و خۆمان لەماڵەوە بیکەین بە ئارد تا دڵنیاتر بێ!
بە مۆڕیکەوە سەیرم کرد دانیشت و وتی: ڕاستی ئیشێکم پێتبوو. یانی ئیشێکم دەبێ بۆ بکەی.
لیدا ئیشی چی؟
کامیار بە دوای دوو کەسدا دەگەڕێین.
لیدا بە باوکم بڵێم؟
کامیار ئا، باسەکەی هی نزیک بیست ساڵ لەمە و پێشە! یەکێ لەخزمان ڕووی لێناوین کە ئەو دوو کەسەی بۆ بدۆزینەوە!
لیدا ئەو دووانە کێن؟
کامیار دایک و باوکین!
لیدا بۆ ون بوون؟
کامیار ئا، یانی نە! چۆنت بۆ باس بکەم؟ ئەم کەسە کچێکی داماو ولێقەوماوە! کەسی لەم دنیایەدا نییە! بەستەزمانە زۆریش ناشیرینە و هیچ کەس نایەت دەرگایشی بۆ خوازبێنی لێ بکاتەوە! لەبەرئەمەیە کەبیری دایک و باوکی کەوتۆتەوە و دەیەوێ بیاندۆزێتەوە بەشکم ئەوان خوازبێنێکی بۆ سازبکەن! زۆ ر کچێکی داماوە!
لیدا تۆ بۆچی بە دوای ئیشی ئەودای؟
کامیار چۆ نت بۆ باس بکەم بابە؟ ئەم کچە داماوە، لەماڵی ئێمەدا ئیش دەکات! خێرە!
لیدا دەی ناو و نیشانەکەیم پێ بدە، من بیدەم بە باوکم.
کامیار تەمەن درێژ بی یاخوا. بینوسە. ناوی باوک ، قودرەت. ناوی دایک، زیوەر. ناوی سیانی، . . . نوسیت؟





Scanned with CamScanner

کامیار لەچانسی مندا، هەرکەبووم بە پەنجاسال، سەکتەیەکی ناتەواو لێم دەدا و دەکەومە سووچی ماڵەوە!

لیدا دیسان هەر باشە لەبەرئەوە پەرستارێکی جوانت هەیە.

کامیار کەڵکی چییە بۆم ئەو پەرستارە جوانە؟ من پەرستاری ناسک و جوانم ئێستا کەساخم دەوێ نەک کاتێ کەفەلەج بووم!

لیدا دەی ئێستا کەوایە وەرە لەگەڵ مندا زەماوەند بکە!

کامیار سەیرێکی کرد و وتی: دوو سەعاتە منت بەقسەگرتوە کەسەری قسەی بگەیەنیتە ئێرە؟ دەی هەر لەسەرەتاوە ئەمەت بوتایە!

لیدا دەی ئێستا وتم! خۆ چی دەڵێی؟

کامیار نە، بە ساقەت بم. هەر بڕۆمە بەردەم دەرگای ژووری خەستەخانەی منالبوون ڕاوەستم وادیارە باشترە!

لیدا زۆریش حەز بکەی!

کامیار دڵم کەحەزدەکا، عەقڵم دەڵێ نە!

لیدا تۆ هەر عەقڵت لەکوێ بوو؟

کامیار دەی جا ئەگەر ئێستا ئەمڕۆ بهاتمایە بۆ ئێرە بۆ خوازبێنیت، ببووم بە ئانشتاین ها!

لیدا ئەگەر بهاتیتایە!

کامیار ئێستا کتوپڕ بێنیت کەکەر بووم و هاتم!

لیدا دە بڕۆ! ئەگەر بێیت دیارە کە ژیری!

کامیار ئەگەر من ببم بە مێردت، بە چی لێم دەدەی؟

لیدا دەبێ تەنیا بە کوتەک لەتۆ بدەن تا دڵی هەرچی کچە بسرەوێ!

ئەمەی وت و کەوچکێ کەبۆ شێواندنی قاوەکە هانیبوویان، فڕێیدا بەرەو کامیار!

کامیاریش هەستاو ڕایکرد کە من بە دەنگی بەرز پێکەنیم

کامیار زەهری مار! کەی کاتی پێکەنینە؟ هەستە بڕۆین دێر دەبێ!

هەستام و خواحافیزیم لەلیدا کرد و هەرکە ویستمان بڕۆینە دەرەوە لیدا وتی:

لیدا کامیار ، شەو درەنگ نەیەیت ها! باوکم زویر دەبێ!

کامیار بۆ ئەمشەو باوکت خەیاڵێکی بۆ من هەیە؟

لیدا لەوانەیە!

کامیار کوێر بێ ئەو باوکە حیزەت هەر بەو چاوانەی سەیری بنیادەم بکا، گیانی بنیادەم دەلەرزێ!

هەر کە ئەمەی وت، باوکی لیدا دەرگای ژووری تەنیشت نوسینگەکەی کردەوە و هەروا کە خەریکبوو دەهاتە دەرەوە وتی: دەنگی ناسراوێ دێ!

کامیار وەی! دێوەکە هات! بۆنی بنیادەمی بیستوە!

سەرەتا کامیار و پاشان من سلاومان لێ کرد بە پێکەنینەوە وتی:

- بەه بەه! شنەهات و بۆنی عەنبەری هێنا!

کامیار دەستتان خۆش! ئێستا با هات و بۆنی. . . هێنا؟

باوکی لیدا ئێ، ئێ، ئێ. . . ! دوور لەگیان! زمانم لال! مەبەستم ئەوەیە کە بۆنی موشەک هات! چۆنن ئێوە؟ سەیرە چاومان بە ڕوخسارتان ڕوناک بویەوە. باوکت چۆنە؟ دایکت، خوشکت؟

کامیار زۆر سوپاس. سلاوتان لێ دەکەن.

باوکی لیدا تۆ لەکوێی؟ ماوەیەکە دیار نیت!

کامیار سەرقاڵم بە گیانی تۆ!

باوکی لیدا خێر بێ خوایە! سەرقاڵی چیت؟

کامیار هیچ! کەوتومەتە دوای کچی خەڵکی! یانی کەوتومەتە دوای ئیشی کچی خەڵک!

باوکی لیدا دەستی بە پێکەنین کرد و بە لیدا کە ئەویش لەنوسینگەکەی هاتبوە دەرەوە و لای کامیاردا ڕاوەستابوو وتی: کامیار گیانت بۆ ئەمشەو داوەت کردوە؟

لیدا بەڵێ!

باوکی لیدا کامیار گیان ئەم هاوڕێیەتم پێ ناناسێنی؟

کامیار ئەمە کوڕی ماممە، سامان.

دیسان بە یەکەوە چاک و چۆنییەکمان کرد باوکی لیدا وتی: بەه بەه! چ کوڕێکی شنۆخ و قۆزە! یانی چ گەنجێکی قۆزن! نەمدەزانی کوڕەمامی بەم باشی و قۆزییەت هەیە! نەکا دیسان لەم کوڕەمام و کوڕە پورانەت هەیە و بە ئێمەی ناڵێی؟

کامیار نە بە گیانی ئێوە! یانی ئەگەر تازە و تاکت دەوێت لەبەین خۆمان و خودا هەر ئەم جوتەمان هەیە! کۆنەیش کە دوو و سێ جار و ئیشکرابێت ئەگەر دەتەوێ، باوکم و مامم و مێردانی پورەکانم و باوەگەورە هەن!

باوکی لیدا پێکەنی و ماڵی بە پشتی کامیاردا وتی: ئەی شەیتان! هەر ئەمشەو دەبێ



Scanned with CamScanner

ئەمیش بهێنی بۆ ماڵی ئێمە! کامیار کە پێدەکەنی وتی:

ـ هێنانی لەسەر من بەڵام کچ بەسەردابڕینی لەسەر ئێوە!

باوکی لیدا قاقا دەستی بە پێکەنین کرد و وتی: ئێستا خەریکی بۆ کوێ دەڕۆی؟

کامیار ئەگەر ڕێمان بدەن نەختێ ئیشمان هەیە دەبێ خەریکی بین.

باوکی لیدا بۆ نیوەڕۆ لەلامان بە!

کامیار زۆر سوپاس. ئیتر شەو دێینە خزمەتتان.

باوکی لیدا کە وایە هەر زۆر زوو وەرن! چاوەڕوانم.

نەختێکیتر خولێکی کردین و پاشان لەکۆمپانیاکەیان هاتینە دەرەوە و سوار ئۆتۆمبێلەکە بوین بەکامیارم وتی باوکی لیدا لەنووسگەدا ئیش دەکا؟

کامیار نە.

ـ ئەی بۆچی هاتی بۆ لای؟

کامیار لەزۆر شوێندا ناسراوی مل قەوی هەیە. دەستی لەناو دەستی زۆر کەسدایە! باری ئابوورییان زۆر باشە! هەر ئەم بینایە کە دەیبینی هی خۆیانە! تازە ئەوە هەر یەک بینایانە! چواردە پانزدە قات و لەهەر قاتێکدا دە بیست کۆمپانیایە! تەنیا مانگی شەست حەفتا ملیۆ ن تمەن لەم بینایە وەردەگرێ! ئێستا ئەوی تری حساب بکە!

ـ لەکوێوە ئەم پارانە دێنن؟

کامیار هەر لەوێ کە ئەوانی تر هێناویانە!

ـ ئەوکاتە تۆیش لەگەڵ ئەم بنیادەمانەدا هەڵسە و دانیشتە دەکەی؟ دەزانی پاروی نانی چەن بنیادەمی داماو لەسەر سفرەی ئەمانە دایە؟

هەر وا کە ئۆتۆمبێلەکەی دەخستە ئیش وتی: ئا، دەزانم.

ـ دەی بۆچی هات و چۆیان لەگەڵدا دەکەی؟

کامیار بۆ ئەوەی بەقەد سەری سووزنێ لەم پاروە نانە بگێڕمەوە سەر سفرەی ئەو بنیادەمە داماوانە. ئەمەی وت و ڕێکەوت.

- یانی چی؟

کامیار یانی ئەوەی کە تۆ کاتێ ناتوانی ماڵی خەڵک لەقورگی ئەم بنیادەمە دەربهێنی، باشترە بە سیاسەت ئەو کارە بکەی!

- چۆن؟

کامیار چەند وەخت جارێ دەڕۆم بۆ لایان و بە سیاسەت دەمیان دەبەستم و

پارەیەکی زۆریان لێ دەسێنم بۆ هەندێ بنیادەمی داماو! جارێ خۆ ئەمانە لێرەدا هەمووشت بەدەستن! خۆ بە زۆریش دەرەقەتیان نایەین، باشترە لەم ڕێگەیەوە نەختێ لەحەقی خەڵکیان لێ بسێنمەوە! ئەمشەو کە ڕۆیشینە ئەوێ، پێت دەڵێم کە چ کەسانێک لەمیوانیەکەیدا داوەتن! ناویان بیبیسی عەقڵت لا نامێنی!

ـ بۆ کێن کە عەقڵ لەسەری بنیادەما نەمێنێ؟ ئاخریەکەی ئەوەیە کە دەوڵەمەندن!

کامیار دەوڵەمەندییەکی کە دەوڵەمەندن بەڵام زۆرێکیان تۆ لەدوورەوە دەیانناسی! یانی ناویانت بیستوە!

ـ دەی خراپی چییە؟

کامیار خراپیەکەی ئەوەیە کە ئەم خەڵکە دێڕ و قسە و باسیان، هەمووی لەکوتانی ڕیخت و پەردێژ، ژیانی دەوڵەمەندانە و لە باشی ژیانی دەست پێوەگری و حەیا و خۆراگری ودووری لەدزی ومالی خەڵک خواردن و ئەمشتانەیە!

ـ بۆ ئەم میوانیە چۆن میوانیەکە؟

کامیار کاتێ هاتی خۆت دەزانی! یانی ئەگەر بتوانی ئەمانە لە بازاڕدا ببینی و بیانناسیتەوە کەوا ئەو میوانانەی ناو میوانیەکەن! هەرچەند کە ئەمانە لەبازاڕدا و لەم جۆرە شوێنانەدا ناتوانی بیبینی! هەر ئەمانە خەڵک ناتوانن بیانبینن! لەئێمە باشترە کاتن!

ـ یانی چی؟

کامیار یانی ئەوەی ئەمانە کاتێ بەیەکەوەن بەشێوەیەکن و لە کاتەکانی تردا بە شێوەیەکیترن! لەمیوانیەکاندا جلەکانی بەری خۆیان و ژنەکانیان و کچەکانیان و کوڕەکانیان کە عەقڵت لەسەر لا دەبا بەڵام لەدەرەوە جلێکی سادە لەبەر دەکەن و وا نیشان دەدەن کە یانی زۆر بە ژیانی سادە بڕوایان هەیە! لەمیوانیدا، گلاسەکانیان یەک دەقە لەسەر مێز بە بەتاڵی نامێنێ و لەدەرەوە ئەگەر دەستت لەدەستیان بکەوێ، سێ جار دەیشۆرن! ئێستا دێیت و دەیبینی!

ـ نەکا دەتەوێ خوازبێنی لەم خاتو لیدایە بکەی؟

کامیار هەر ئەم خاتو لیدایەی دەیبینی ڤیلایەکی لەباشوری فەرەنسادا هەیە!

ـ ڕاستی باوکی ئەمڕۆ لەبیری چوو بوو ڕیشی بتاشێ؟ تۆزێکی پێوە بوو!

کامیار سەیرێکی منی کرد و پێکەنی کاتێ گەیشینەماڵەوە! باخەکە زۆر بێدەنگ بوو، ئۆتۆمبێلەکەمان خستە گەراج و هەردووکمان ڕۆیشین بەرەو ماڵی باوەگەورەکە

کامیار ئەڵێی شار ئارامە!





Scanned with CamScanner

ـ نا، زۆر بێدەنگە! لەوانەیە منداڵەکان ڕۆیشبێتنە زانکۆ.
کامیار خوا بکا کاتێ ئێمە لێرە نەبووین هیچ نەقەومابێ.
گەیشتینە بەردەم ماڵی باوەگەورە کامیار قیڕاندی
ـ حاجی مەم صادق خان! ئێمە هاتینەوە.
ـ سەرەتا تەقە بدە لەدەرگا کامیار!
کامیار ئەی بە سەرچاو!
هەر کە گەیشت دەرگای کردەوە و ڕۆیشتە ژوورەوە! منیش بە دوایدا ڕۆیشتم و خەریکبووم پێڵاوەکانم دادەکەند کتوپڕ کامیار قیڕاندی و وتی:
کامیار تازە بەڵگەی تاوانەکەت مەشارەوە خۆم چاوم پێی کەوت!
سەرم هەڵگەڕاندەوە کە بینیم باوەگەورە لەبەر چوارچێوەی دەرگای ژوورەکەیدا دیارە! داماوە قتویەکی بە دەستەوە بوو هەر لەوێ وشک ڕاوەستابوو و خەریکبوو سەیری کامیاری دەکرد.
کامیار ئەگەر عومرێ تەواو بێ چ لەبەغدا بێ و چ لەبەڵخ
پیالەکە پڕ بوو چ شیرین بێ و چ تاڵ
مەی بنۆ شە کە لەدوای من و تۆ، مانگ زۆر جار
لەبەڵخەوە بۆ غەرە دێت و لەغەرەوە بۆ بەڵخ
بابە گەورە لاالەالا اللە، کورە ئەمە شوشەی دەرمانەکەمە!
کامیار ئەوە شوشەی دەرمانی زۆر کەسە!
باوە گەورەکە بە مۆڕێکەوە سەیری کامیاری کرد و ڕۆیش قوتوەکەی خستە ناو دۆلابەکە و گەڕایەوە. من و کامیاریش ڕۆیشینە ژوورەکەی کە وتی:
بابە گەورە چیتان کرد؟
کامیار جارێ خۆ هیچ!
بابە گەورە هیچ نیشانەیە شتێکتان لێ نەدۆزییەوە؟
کامیار جارێ نەء !
بابە گەورە یاخوا ئەو کەسە داماو بێ کە ئەم ئاگرەی داگیرساند. ئەگەر بزانم کێ بووە تیر و تایەفەی لەناو دەبەم!
کامیار هەر کەسێ بووە ئێستا خۆی لەسەگ پەشیمانترە! وازی لێ بێنن!
بابە گەورە ئەڵێم تەلەفون بۆ ئاسایش بکەین هەواڵێکیان پێ بدەین!

کامیار نە، پێویست ناکات، خۆمان دەیدۆزینەوە. تەنیا من دەمەوێ شتێکتان لێ بپرسم!

بابە گەورە چی؟

کامیار پورێ ئەوان بۆچی گەنمیان هێنا؟

بابە گەورە چون منالیان نەدەبوو!

کامیار دەواو دەرمانیان کرد؟

بابەگەورە- با! چەندسالێ ئەم دوکتور و ئەو دوکتوریان دەکرد بەڵام نەکرا! هەر چەندەش من پێم دەوتن کە منال هێنان هەزار و یەک کێشەی هەیە گوێیان نەدەدا!

کامیار خەتا لەکێ بوو؟

بابە گەورە فەرقی چییە؟ ئەمانە یەکتریان خۆشدەویست و هیچکام ڕازی نەدەبون دەست لەویتر هەڵگرن! ئەوە بوو کە شتێکی وایان کرد.

کامیار لەکوێ گەنمیان هێنا؟ ئێوە هیچ نیشانەیە شتێکتان نیە پێمانی بدەن؟

بابە گەورە من چونکە هەر لەسەرەتاوە ڕازی نەبووم، هیچ پێم نەخستە ئیشەکەوە.

کامیار ئێمە دەبێ بڕۆین لەپورێ ئەوان پرسیار بکەین لەوانەیە. . .

بابە گەورە لەخۆڕا خۆتان ئازار مەدەن! ئەوانیش خۆیان نازانن.

کامیار شتی وا دەبێ؟

بابەگەورە زوو کرێکارێکمان هەبوو. ناوی باجی فاتم بوو. ئەو گەنمی هێنا بۆیان.

کامیار ئێستا ئەو باجی فاتمە لەکوێیە؟

بابە گەورە داماوە مردوە!

جا باوەگەورەکە ڕوویکردە من و وتی: چی پێ وتی گەنم؟

- دەی وت ئیتر بەدوامدا نەگەڕێن!

بابە گەورە خوایە گیان ئیتر ئەمە چ قوڕ بەسەرییەک بوو کە بە سەرماندا هات؟

کامیار چاک دەبێ بە ئومێدی خوا، ئێوە گەرم و ساردیتان چێشتوە!

بابە گەورە بنیادەم کە پیر دەبێ، بێتاقەتیش دەبێ. کاتێ بنیادەم گەنجە دەیەوێ چاوێک بە بیرەوەرییەکانی ژیانیدا بخشێنێ، لەوانەیە سەعاتێ بۆی بخایەنێ! بەڵام هەر ئەو بنیادەمە کاتێ پیر بوو هەموو حەفتا هەشتا ساڵی ژیانی، بۆی دەبێ بە پاپایەکی نیو سەعاتە! وەکو ئەم فیلمە کارتونانە چییە کە بڵاوی دەکەنەوە؟ پلنگی پەمەیی؟ ئەو مشک و پشیلەکە ناویان چییە؟

ـ تۆم و جێری باوە گەورە.

باوە گەروە ئەها، هەر ئەوە!

کامیار ئەو پاپایانە بە کەڵک نایەن! پاپا تەنیا یەک پاپا! ئەویش پاپای سەندرێلا! من لەمنداڵییەوە تەنیا ئەو پاپایەم حەز لێ بوو و سەیرم دەکرد.

ـ نا، زۆر پاپایەکی پڕ هەستە!

کامیار واز لەهەست و مەست بێنە! ئەو پاپایەیش تەنیا یەک بەشیم حەز لێ بوو!

ـ لەوانەیە هەر ئەوەی کە فریشتەکە دێت بۆ یارمەتی سیندرلا.

کامیار نا کەرە! ئەوەی کە سەرەتای پاپایە و پەلەورەکان دەڕۆن سەندرێلا لەخەو هەڵدەستێنن و ئەویش دەیەوێ بڕواتە حەمام و جا خەریکی خاوێنی ماڵەوە بێ!

ـ تۆی کامیار!

کامیار دەی حەزە ئیتر!

باوە گەروەکە سەیرێکی کامیاری کرد و وتی: هەستن بڕۆن خەریکی ئیشتان بن!

کامیار کاتی دەوا خواردنتانە؟

باوە گەروە: کورە بڕۆ ئەوەندە پێم رامەبوێرە!

من و کامیار پێکەنینەکەمان خواردەوە و هەستاین کە باوەگەورەکە وتی: سامان، ئەگەر دیسان گەنم تەلەفونی کرد، خێرا خۆتم پێ بگەیەنە! دەمەوێ دوو قسەی لەگەڵ بکەم.

ـ بە سەر چاو باوەگەورە.

باوە گەروە بە بێوەی!

هەردووکمان لەماڵی باوەگەورە هاتینە دەرەوە و ڕۆیشینە شوێنێکی چۆڵی باخەکە دانیشتین و بە کامیارم وت:

ـ ئەگەر خوانەکردە کتوپڕ شتێ بکا چیبکەین؟

کامیار کێ؟ باوەگەورەکە؟

ـ گەنم دەڵێم!

کامیار ئەو جارێ هیچ ناکات.

ـ چۆن دەزانی؟

کامیار چون چاوەڕوانی تۆیە! ئەویش ئێستا حەز دەکات کەسێ بە ڕاستی خۆشی بوێ. ئەو کەسەش تۆی!

- منیش خۆ زۆرم خۆشدەوێ!

کامیار دەزانم کەرە! یانی دەزانم ئەزیزم! چ خۆشە کە تۆ ئەوەندە پڕ لەهەستی!

بە مۆڕێکەوە سەیرم کرد و وتم:

- دەزانی خەریکبووم بیری چیم دەکردەوە؟

کامیار چی؟

- دەڵێم بڕۆین بۆ نوسینگەی تەلەفۆنەکان. لەوێوە تەلەفونی بۆ بکەین. بەشکم بتوانین شوێنی هەڵبگرین!

کامیار جارێ زووە.

- با تەلەفونەکەی وەربگرم بەڵکو وەلام بداتەوە.

کامیار دەی وەری بگرە!

موبایلەکەم دەرهێنا و ژمارەی موبایلی کامیارم وەرگرت و دوو زەنگ ڕۆیش گەنم جوابی دایەوە ئەلۆ ، گەنم!

گەنم سلاو، خێرا دڵتەنگم بوویت!

- دڵی من هەموو کات تەنگە بۆت!

کامیار دەی بیبەرەوە ژمارەیەکی گەورەتری بێنە!

هەڵگەڕامەوە و بە مۆڕێکەوە سەیرێکیم کرد.

گەنم کامیارە؟

- ئا.

گەنم پێی بڵێ لیدا و میترا و هەستی تەلەفونیان بۆ کرد.

- گەنم دەڵێ لیدا و میترا و هەستی تەلەفونیان بۆ کردوی.

کامیار ئێ ئێ ئێ. . . ! خۆ شتی خراپی پێنەوتون؟

گەنم پێی بڵێ پێم وتون خۆی پەیوەندیتان پێوە دەگرێ.

- پێی وتون پەیوەندیتان پێوە دەگرێ.

کامیار ئێ. . . ! بێ هۆ وتویەتی! تۆ ئەو مۆبایلەم بدەرێ!

- ئێ . . . ! بۆ وا دەکەی؟

کامیار ئەم دایک و باوکی ون کردوە، من خۆ نابێ ئەم کچانە ون بکەم!

- دەی تەلەفونیان بۆ بکە!

کامیار دەی ناکرێ! پەیوەندی هەندێکیان یەک لایەنەیە! یانی ئەوان تەنیا ژمارەی

گەنم دلم دەسوتی.
کە باڵی کەناریان بەست
کە باڵی خاوێنی ڕیشۆڵەکانیان شکاند
و کۆترەکان ئاخ کۆترەکانیان...
دڵی من لەقوڵایی شەودا
خەو بە پەپولەبونەوە دەبینێ
هەتاو بەیانیان بە داسی دەستیەوە
خەرمانی خەوی من دەدرویێ
- گەنم! بە خوا ئەم ژیانە تەنیا یارییەکی منداڵانەیە! وەکو گاڵتەیەکی بێتام!
گەنم ئۆی باران، باران.
شوشەی پەنجەرەکە باران شۆردی!
لەدڵی مندا بەڵام ،
کێ وێنەی تۆ دەشواتەوە؟
ئاسمان خۆڵەمیشی...
من لەناو قەفەسی تەنگی ژوورەکەمدا دڵتەنگ
مەلی نیگام هەڵدەفڕێ هەتا دوور
ئۆی باران، باران،
پەڕی مەلەکانی نیگای شۆردم!
- گەنم! گەنم!
تەلەفونەکەی داخستبوو! تاوێ بێدەنگ بووم و جا مۆبایلەکەم خستە سەر جێگەکەی
خۆی کامیار وتی: بە گیانی تۆ هەر خواخوامە کە زوو بیدۆزینەوە!
- تۆیش بەزەییت پیادێتەوە؟
کامیار نە، بەزەییم بە موبایلەکەمدا دێتەوە! دەمەوێ زووتر بیدۆزمەوە و موبایلەکەمی
لێ وەرگرم و جا بۆ هەر کوێ ویستی بڕوا، بڕوات!
- تۆ بنیادەمی؟
کامیار نازانم بەڵام بەخوا پێویستم بە موبایلەکەم هەیە!
- تۆیش کامیار!
کامیار ئێستا چی دەوێت؟

منیان هەیە!

ـ کامیار دەهێڵی من دەقەیەک قسە بکەم یان نە؟

کامیار بابە بڵێ ئەو موبایلە دوابڕاوە بدا بە تاکسیە شتێ بیهێنەتەوە بۆم! خەریکە ژیانم لەدەست دەچێ! ئەو کاتە منیش سەرم هەڵدەگرم بەرەو ئەو هەردە ها! هەستام ڕۆشتمە ئەولاتر.

گەنم چی دەڵێ کامیار؟

ـ زیرەی ئەوانەی کردوە کە تەلەفونیان بۆ کردوە!

گەنم حەقی هەیە! پێنج دەقە بە پێنج دەقە یەکێ تەلەفون دەکات و کامیاری دەوێ!

ـ تێر نابێ شێتە!

گەنم سامان، من موبایلەکە دەکوژێنمەوە.

ـ نە. وامەکە! توخوا مەکە!

گەنم دەی کەوایە ئیتر تەلەفونم بۆ مەکە!

ـ ئاخر چۆنت بدۆزمەوە؟

نەختێ بێدەنگ بوو جا وتی:

گەنم عەشقێکی کورت بوو بە کورتی بەیانیەک تا شەو!

ـ دەکرێ درێژتر بێ!

گەنم کە چی بێ؟ عەشقێکی بەزەیی پیا هاتوو؟

ـ نە بە خوا، وا نییە! تۆ دەبێ کاتم بدەیتێ!

گەنم کە چی بکەی؟

ـ کە نیشان بدەم چەندە خۆشمدەوێتی؟

کامیار بابە موبایلەکەم پێبدەنەوە جا هەرچییەکتان ویست نیشانی یەکتری بدەن!

ـ ئێ . . . ! کامیار وس بە بزانم چی دەڵێ!

گەنم چی دەڵێ کامیار؟

ـ موبایلەکەی دەوێ.

گەنم هەندێ جار تەنانەت دێڕێک دەتوانێ ژیانی کەسێک ژێرەو ژوور بکات!

ـ گەنم! تکا دەکەم بگەڕێرەوە!

گەنم حەیف بوو ئاوای لێ بێ!

ـ هەر هیچ نەبێ بڵێ لەکوێی!

- دیسان شیعرێکی خوێندەوە!

کامیار توخوا سەیری چانسی من بکە! ئەم کچەتیوە هەتاکوو دایک و باوکی دیار بوون دێڕێ شیعری نەدەزانی ها! هەر کە لەماڵەوە تۆراو ڕوشت هەموو شیعرێکی لەبەرە! لەخۆڕا نەیان وتوە هەرکەسێ لەماڵی دایک و بابی بتۆری بەهرەمەندیی دەکرێتەوە! ئەی خوا بۆ کوێ بڕۆم بەدوای ئەم سەرتاشیاوەدا بگەڕێم؟ وەی کە ئێستا چەند کەس تەلەفونم بۆ دەکەن و هەر کە دەنگی ئەو کچە دەبیستن، زیز دەبن و ئیتر تەلەفونم بۆ ناکەن!

- کامیار بە ڕاستی هیوابڕاوت کردم! چاوەڕوانی زیاترم لێ دەکردی!

کامیار چ چاوەڕوانیەکت هەیە؟

- ئەوەی یارمەتیم بدەی گەنم بدۆزینەوە!

کامیار مەگەر من ئەو گەنمە نەدۆزمەوە! بە گیانی تۆ ئەگەر دەستم بەر گوڵێکی بکەوێ، دەنکە دەنکەیان دەکەم و دەیدەم بە ئاشەوان بیانهاڕێ!

- ئیتر قسەم لەگەڵ مەکە!

کامیار ئەی بابە! ئێستا دەبێ نازی ئەم یەکەش هەڵگرین! دەی بڵێ بزانم چ شیعرێکی خوێندەوە؟

- ئەوەندە قسەت لەگەڵ کردم لەبیرم چوویەوە!

کامیار بەه بەه! سەیری ئەم عاشقە بکە توخوا! دوو دێڕ شیعر ناتوانێ لەبەر بکات!

- ئاخر تۆ مێشک بۆ بنیادەم ناهێڵی!

کامیار تۆ عاشقی و دەبێ خەیاڵت کۆ کەیتەوە، چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە؟

- ئێستا چی بکەم؟

کامیار ئێستا خۆت زیز مەکە، من چەند شیعر دەخوێنمەوە لەوانەیە زانیمان کام شیعرە بووە!

- ئاخر لەناو ئەم هەموو شیعرەدا؟

کامیار ئاخری خۆ هەر دەبێ شتێ بکرێ ئیتر! بزانە ئەمە نەبوو؟

کچی گەڕەکەکەمان لەشارەکەماندا بێ وێنەیە

میهرەبان و ڕەزا سووکە بەلام فێڵبازە

- نە، لەم شیعرانە نەبوو.

کامیار بزانە ئەمە نەبوو؟

بەلای شەیتانی خۆم، دوژمنی گیانی خۆم، بەساقەی جوانیت دڵی ویرانی خۆم، دڵی
ویرانی خۆم
ـ ئێ... !، خۆ گۆرانی بۆ نەدەوتم! لەشیعری ئەم شاعیرانەی دەخوێندەوە!
کامیار ئەها! بزانە ئەمە نەبوو؟
هەروایە ئاکاری دنیای گەورە
تاوێ پشت لەسەر کۆپان و تاوێ کۆپان لەسەر پشت
ـ نە بابە! نە!
کامیار ئەمە چی؟
کە بەیانی هەڵدێ هەتاوی بالابەرز
من و گورز و گورەپان و ئەفراسیاو
ـ بۆچی دەیەوی بڕوا بۆ شەڕ کە ئەم شیعرەبڵێ!
کامیار باشە باشە! بزانە ئەم یەکە نەبوو؟
ئەو کەسەی ڕەنج نەدا گەنجی دەس ناکەوێ
ئەوکەسەی پارە وەر دەگرێ کە ئیش بکا
ـ دە برۆ تۆیش! ئێستا کاتی گاڵتەیە؟
کامیار بە ڕاستمە! ئەمە گوێ بگرە!
دەستی گرتم و دارەدارەی پێکردم
تاکوو ڕێ ڕۆیشتنی فێر کردم
زەردەخەنەیەکی خستە سەر لێو...
ـ ئێ..! بێسە خەریکە بیرم دێتەوە!
کامیار باشە، باشە!
ـ ئەها، گوێ گرە!
دڵی من دەسوتی کە باڵی کەناریەکانیان بەست
هەر ئەوەم لەبیر ماوە!
کامیار کلۆل ئەگەر عاشقی هەر هیچ نەبێ برۆ چوار دێڕ شیعر لەبەر بکە ئاوەها
وەکو کەر لەقوڕا دانەمێنی!
ـ بێ ئەدەب!
کامیار ئەم شیعرە هی حەمیدی موسەدیقە!

که باڵی خاوێنی ڕیشۆڵەکانیان شکاند
و کۆترەکان ئاخ کۆترەکانیان...
و چ هیوایەکی گەورە بەتاڵ بویەوە.
- نا، نا! خۆیەتی!
کامیار تاوێ بیری کردەوە و جا وتی:
کامیار بەهەڵەدا نەچووبم ئەمە ڕۆیشتوە بۆ ڤیلای کەرەج!
- باخی کەرەج؟
کامیار نا، لەبیرتە پەلەوەرێکمان دۆزییەوە کە باڵی شکا بوو؟
- من! بۆچی خۆم بە بیرمدا نەهات؟
کامیار تۆ عەقڵت هەیە کە هیچی تێ بێ؟
- تۆ ئەو شیعرانە لەکوێوە دەزانی؟
کامیار کەرە، ئەمانە کەرەستەی ئیشمە!
- ڕاکە سەرکەوین بڕۆین هەتاکوو لەوێ نەڕۆیشوە!

هەردووکمان ڕامان کرد بەرەو گەراج و سەر ئۆتۆمبێلەکە کەوتین و ڕێکەوتین. ڕێگە قەرەباڵغ بوو و سەعات و نیوێکمان پێ چوو تا گەیشینە جادەی کەرەج و لەبەر باخی باوەگەورەدا ڕاوەستاین. کامیار چەند هۆڕنێکی لێدا و تاوێ دوای ئەوە چاودێری باخەکە هاتە بەر دەرگا و هەر کە من و کامیاری بینی بە سەر سوڕمانێکەوە دەرگای کردەوە. ئێمەیش دابەزین و ڕۆیشینە پێشەوە و چاک وچۆنیمان کرد کەوتمان:

- ئاغا ئەمڕۆ دێن بۆ ئێرە؟
کامیار بۆچی کاک عەباس؟
کاک عەباس ئاخر خاتو گەنمیش ئەمڕۆ لێرە بوون!
- گەنم؟ کەی؟
کامیار بە هێواشی دەستی گوشیم کە یانی ئاگادار بم و هیچ بە کاک عەباس نەڵێم جا خۆی هێواش وتی: کاک عەباس، گەنم ئێستا لێرەیە؟
کاک عەباس نە گەورەم، چارەکێ بیست دەقەیەک لەمەو پێش ڕۆیشتن.
کامیار بە چی هاتبوو؟
کاک عەباس وابزانم تاکسی بوو.
- کامیار هەستە بڕۆین لەوانەیە لەڕێگەدا پێی بگەین!

کامیار بێ کەڵکە.
ڕووی‌کردە کاک عەباس و وتی: بەڕاستی چارەکێ بیست دەقەیەکە ڕۆیشوە؟
کاک عەباس لەوانەیە نیو سەعات بێ! دەرگاکە بکەمەوە ئاغا؟
کامیار نە کاک عەباس ئیشمان هەیە. ڕاستی ئەی گەنم خانم بۆچی بۆ ئێرە هاتبوو؟ یانی لێرە چی دەکرد؟
کاک عەباس بەخوا نزیک دوو سەعات لەمەو بەر گەیشتە ئێرە. هۆڕنی لێداو من دەرگاکەم کردەوە. تاکسیەکەی لەبەر دەرگا ڕاوەستان و گەنم خانم هاتە ژوورەوە. ویستم دەرگای ڤیلاکە بکەمەوە کە نەیهێشت. ڕۆیش بۆلای ڕوبارەکە و لەسەر کورسییەک دانیشت. تا چاکە ساز بوو و بۆم برد، بیست دەقەیەکی خایاند. لەڕاستیدا خۆشم نەختێ ترسام!
کامیار بۆ؟
کاک عەباس ئاخر گەنم خانم جۆرێ بوو!
کامیار چۆن ؟
کاک عەباس بەخوا چی بڵێم ئاغا!
کامیار بێ خەم بە! قسەکەت بکە!
کاک عەباس زۆر نارەحەت بون ئاغا! منیش خۆم بەخوای ترسام! ئاخر هەروا دانیشتبوو و سەیری ڕووبارەکەی دەکرد! منیش چاکەم کە بۆ برد، ڕۆیشتم چەند مەترێ لەولاتر دانیشتم، وتم نەکا دوور لەگیان دوور لەگیان خەیاڵێکی لەمێشکدا هەبێ! بنیادەمە ئیتر! گەنجیە و هەزار خەیاڵ! وتم نەکا کتوپڕ خۆیان فڕێ بدەنە ڕووبارەکە!
کامیار دەی، دوایی؟
کاک عەباس هیچ ئیتر ئاغا، دەستی بۆ چاکە هەر نەبرد، تەنیا کاتێ بینی کە من لەو دەور و بەرە دام، پێی وتم بڕۆم بەلای ئیشمەوە. منیش ڕۆیشتمە ئەولاتر و خاکەنازەکەم هەڵگرت و هەروا دەستم کرد بە شیکردنەوەی بن درەختەکان! دەم ویست لەنزیکیدا بم کە ئەگەرخوا نەخواستە بیەوێ شتێ بکات، بتوانم خۆمی پێبگەیەنم. بەکورتی من هەر خاکەنازیکم لەعەرز دەدا و سەیرێکی خانمم دەکرد! هەر خاکەنازیکم لێدەدا و سەیرێکی خانمم دەکرد!
خاتو گەنمیش هەروا چاوی بڕیبوە ڕووبارەکە. چاوی لەسەر ئاوەکە لانەدەبرد! ئێستا من هەر خاکەناز لێدەدەم و خەیاڵم لای خانمە!



Scanned with CamScanner

که حەوت هەشت دە خاکەنازێکم لەبنی درەختەکان دا کتوپڕ گەنم خانم لەجێگەکەی هەستا و سەیرێکی منی کرد! منیش خێرا خێرا دەستم کرد بە ئیشکردن! کاتێ بینی من خەیاڵم لای ئیشی خۆمە و خەریکم خێرا خێرا خاکەناز دەدەم لەعەرزەکە، دیسان دانیشتە سەر جێگەی خۆی! منیش نەختێ هاتمە پێشەوەو خاکەنازم لێدا! وتم نزیکی بم کە ئەگەر زمانم لاڵ بێ خەیاڵێکی بوو، بتوانم پێی بگەم!

دە دەقیقەیەک دیسان خاکەنازم لێدا! خانم هەروا چاوی لەڕووبارەکە بوو. نەختێ پشتم ڕاست کردەوە و وتم خانم چاکەتان بوو بە سەهۆڵ!

سەیرێکی منی کرد و سەیرێکی چاکەی کرد! منیش بۆ ئەوەی نیشانی بدەم کە خەریکی ئیشی خۆمم، دیسان دەستم کرد بەشیکردنەوەی بن درەختەکان شیکردنەوە. هەر نەت ئەوت خەیاڵم لای خانمە! دە دەقیقەیەک کە خاکەنازم لێدا. . .

کامیار ئێ. . . ! کاک عەباس بەم خاکەنازانەی کە تۆ دات لەعەرزەکە، باخەکەی باوەگەورەت خۆ ژێرەژوور کرد!

کاک عەباس ئاغا من یانی خەریکبووم خاکەنازەکەم لێدەدا! بەڕاستی خۆ خاکەنازم لێنەدەدا! ئەم نوکی خاکەنازەم دەکردە ژێر عەرزەکە و دیسان دەرم دەهێنایەوە! یانی بە نوکی خاکەنازەکە خاکەکەم شی دەکردەوە! خاکەکەم شی دەکردەوە! باوەگەورە دەیدەی لەعەرزەکە ماندویەتی عەرزەکە دەردەچێ و هەناسە دەدات و...

کامیار بە ڕای ئێوە ئێمە دەتوانین لەهۆرمۆن بۆ بەهرەی زیاتری کشتوکاڵیمان کەڵک وەرگرین؟ کاک عەباس بێدەنگ سەیری کامیاری دەکرد کامیار وتی: بابە من وتم باسی گەنمم بۆ بگێڕەرەوە! خەریکی بۆ من باسی شێوە و یاسای وەرزێری و خاکناسی دەکەی؟ بڵێ بزانم گەنم ئاخری چیکرد! لەوانەیە خاکەنازێکت دابێ بە دەستی گەنم خانم کە هەناسەیەک بە خاک بدات؟

کاک عەباس نەئاغا، دوور لەگیان! هەر گەنم خانم لەکوێ دەتوانێ خاکەناز لێبدات؟ ئەم خاکەنازە گیانی فیلی دەوێ تاکو کلۆیەک خاک ژێرەوژور بکات! ئەویش ئەم خاکەنازە!

کامیار کاک عەباس، یاخوا دەرد و بەڵای ئەو خاکەنازەت بکەوێ لەتەوقی سەری من! هەر ئەمساڵ ئەم خاکەنازەی تۆ دەبەین بۆ میهرەجان وبە هەموو خەڵکی دەناسێنین تاکو هەمووان ببینن کە ئەم خاکەنازە بەم باڵا و قەبارەیەوە چ بایەخێکی هەیە! ئەسڵەن

ئەم خاکەنازەت لەکوێیە کە ئێمە هەرئێستا مەدالیای لێهاتوی بنێین بە سنگیەوە؟ بابە وازمان لێ دێنی بەم خاکەنازەتەوە یان نە؟

کاک عەباس بە سەر چاو ئاغا!

کامیار ئێستا بیڵێ بزانم ئاخریەکی چی بوو؟

کاک عەباس لەخانم بڵێم ئێتر؟

کامیار نە! بەسەرهاتی خاکەنازەکەت سەرەتا بۆمان تەواو بکە جا باسی خانم بکە!

کاک عەباس دەستی بە پێکەنین کرد! منیش پێکەنیم کە کاک عەباس وتی:

ـ بەخوا خانم کە ئێمەی بینی کە خەریکین بە خاکەنازەکە. . .

کتوپڕ قسەکەی خواردەوە داماوە، کە کامیار وتی:

ـ بەخوا ئەگەر جارێکی تر ناوی ئەو دوابڕاوە بهێنی، هەر لەرێوە دەستی بە سەردا دەگرم و دەیخەمە ناو ئۆتۆمبێلەکە و دەیبەم بۆ تاران! ئەوکاتە ئێتر فریای میهرەجانەکە ناکەویت تا بتوانی بیناسێنی!

دیسان کاک عەباس پێکەنی و وتی بەسەر چاو ئاغا. گیانم بۆتان بڵێ کە خانم تەلەفونەکەی لەجانتاکەی دەرهاورد و تەلەفونێکی کرد. منیش هێواش هێواش خۆم هێنایە نزیکی و گوێقوڵاخ وەستام! تەنیا ئەوەم بیست کە باس باسی باران و قەفەس و شتن و ئەم شتانە بوو! ئێستا چی بوو باسەکە، من تێنەگەشتم!

کامیار ئەوانە خۆمان دەیزانین. خەریکبوو لەگەڵ ساماندا قسەی دەکرد.

کاک عەباس کاک سامان شتێکتان بۆ شتن هەیە بیدەن ئێمە بۆتان بشۆرین! حەقتان چییە بە سەر خانمەوە؟ داماوە زۆر زیز بوو! ئاخر کچی شاری خۆ هێزی شتن و پاک و خاوێنی تیا نییە! ئەمە ئیشی کچە لادێیەکانە!

من و کامیار پێکەنین و سەیرێکمان کرد کە وتی:

ـ گیانم بۆتان بڵێ کە دوای ئەوە خانم لەجانتاکەی شتێکی دەرهانی کە وەکو چەقۆ وابوو! نەختێ سەیری کرد و جا ڕویکردە من و سەیرێکی کردم! من دەستم کرد بە خێرا خێرا شت لێدان!

کامیار خێرا خێرا چی لێدان؟

کاک عەباس هەر ئەو شتە ئێتر!

کامیار چی؟

کاک عەباس هەر ئەوەی کە ئێوە وتتان ناوی نەهێنم.

کامیار ئەها، خاکەناز؟
کاک عەباس ئاغا، خۆ خۆت ناوت هێنا!
کامیار ئاخر من ناوی بە بێ ڕک و ملی غیرەتی نەتەوەییەوە دەهێنم! بەڵام تۆ وەها لەو خاکەنازەت باس دەکەی کە ئەڵێی سێ ئۆسکاری وەرگرتوە!
کاک عەباس ئاغا ئۆسکار گرتن خۆ هیچی پێناوێ! وەکو ئاو خواردن وایە! ئێمە تاکو ئێستا چوار پێنج مارمان کوشتوە کە ئەم ئۆسکارانە لەلایان وەکو مارمیلکە وایە!
کامیار کاک عەباس، بۆچی لەم باخەدا، ئۆسکاریش هاتوچوی هەیە؟
کاک عەباس ئا ئاغا بەڵام کەم! بەستە زمانانە بێ نازاریشن. لەکونی ڕێگە ئاوەکەوە دێنە ناو باخەکە.
من و کامیار دەستمان بە پێکەنین کرد کە کامیار وتی:
- کاک عەباس، ئۆسکارەکانی ئێرە چ ڕەنگێکن؟
کاک عەباس خەنەیین ئاغا. یانی پشتیان خەنەییە و ژێرسکیان خاڵخاڵی قاوەیی! زۆر وریان باوک سەگانە! بەڵام خراپەیان بۆ درەختەکان نییە.
کامیار: برۆ ئەم خاکەنازەت بێنە ئێمە چاوێکی تر ببینین! یانی بەم قسانەی کە وتت ڕام بەرانبەری گۆڕا! برۆ بیهێنە بەشکم بتوانین ساڵێکی تر لەگەڵ ئەم بەهرەمەندانەدا بیان نێرین بۆ پێشبڕکێی جیهانی بیرکاری! ئێستا چەند مەترێک دەبێ؟
کاک عەباس نزیک دو مەترێک دەبێ.
کامیار بەژن و باڵاکەی باشە، مەحکەمیەکەی چۆنە؟
- بابە کامیار ئیشمان هەیە وادیارە؟ بزانە گەنم چی لێهاتوە ئاخری؟
کامیار واز لەگەنم بێنە! جارێ چارە نوسی ئەم خاکەنازە گرنگترە! لەبیرم بێ کاتی گەڕاینەوە بۆ تاران سەبارەت بەم خاکەنازە بێ وێنەیەدا لەگەڵ باوەگەورەدا قسە بکەم! نابێ ئەوەندە بە ئاسانی وازی لێ بێنین!
- بەڕاستی بێتامی کامیار!
کامیار بۆچی چاوت لێی نییە کە کاک عەباس لەبارەی چییەوە قسە دەکات؟ بزانم کاک عەباس! تا ئێستا لەمیهرەجانی هەڵبژاردنی خانمی ساڵدا بەشداریت کردووە؟
کاک عەباس گێژ و بێ ورتە، سەیری کامیاری دەکرد!
کامیار میهرەجانێکی تریش هەیە کە هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی کچی شایستەتەدا بەڕێوە دەچێ. ناوی هەڵبژاردنی خاکەنازی شیاوە لەدەستی بەتوانا و هونەرمەندی

ئێرانیە! دەڵێم بیبە و ناوی بنوسە بە هیوای خوا دەبێتە یەکەم و بورسێکی پێدەدەن و دەینێرن بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن! ئەوەندەی چاو نوقانێ، خوێندنەکەی تەواو کردوە و گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و دەبێتە عەسای ڕۆژگاری پیریت!

ـ کامیار واز دێنی یان نە؟

کامیار دەی دەی.

ـ کاک عەباس ئەو شتەی کە گەنم خانم لەجانتاکەی دەریهێنا چی بوو؟

کاک عەباس بە خوا وادیار بوو تەوقەی قژبوو، بەڵام نە! قەڵەمدایەر بوو! بەڵام نە خوایە! وادیار بوو دەرنەفیز بوو!

کامیار نە خوایە، نە خوایە! وادیارە لیزینگ بوو! بەڵام نە! ئەڵێی مشاری کارەبایی بوو!

ـ کامیار تۆ بهێڵەبا قسەکەی بکات ئیتر!

کامیار ئاخری چی بوو کاک عەباس؟

کاک عەباس نازانم وەڵا چی بڵێم!

کامیار دەی ئێستا هەرچی بوو! چی پێکرد؟

کاک عەباس هیچ، خستیەوە ناو جانتاکەی.

کامیار سەیرێکی کاک عەباسی کرد و وتی:

ـ کاک عەباس ڕادەبوێری؟ نیو سەعاتە هەموو ئامێرێکی سندوقی ئامێرەکانت ناو بردوە و جا دوایی دەڵێی خستییەوە ناو جانتاکەی؟

کاک عەباس ئاخر نەختێ دوای ئەوە دیسان لەجانتاکەی دەریهێنا!

کامیار دەی؟

کاک عەباس دوای ئەوە ڕۆیشت بۆ لای دوای دواوەی باخەکە و دەستی کرد بە هەڵکۆلینی قەدی درەختێ!

من و کامیار سەیرێکی یەکتریمان کرد و کامیار لەکاتێدا دەستی کاک عەباسی گرتبوو و لەدوای خۆی ڕایدەکێشا، پێی وت خێرا ئەو درەختە نیشان بدە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی داهاتوی خاکەنازە بەهرەمەندەکەتەوە هەیە!

هەردووکمان لەگەڵ کاک عەباس دا کە بە تەواوی گێژ ببوو، ڕۆیشتینە باخەکە و کاک عەباس بردینییە بەردەم درەختێ و جێگەیەکی پێنیشان داین. ڕاستی دەوت! گەنم هەولی دابوو کە دڵێکی پێکراو لەسەر قەدی درەختەکە هەڵکۆلێ!





Scanned with CamScanner

کاک عەباس ئاغا ئەمە یانی چی؟ گەنم خانم چی لێهاتوە؟

کامیار هیچ نییەکاک عەباس خەریکی لێکۆڵینەوەیە بۆ زانکۆکەی.

جا وتی پێی کاک عەباس، چاکەت حازرە؟

کاک عەباس ئێستا حازری دەکەم ئاغا! هیچی پێناوێ!

ئەمەی وت و ڕۆیشتن بۆ لای ماڵەوەی. کاتێ هەردووکمان بە تەنیا ماینەوە بە کامیارم وت

- یانی ئەم هەموو ڕێگەیە هاتوە بۆ ئەوەی کە ئەم دڵە لەسەر ئەم درەختە هەڵکۆڵێ؟

کامیار خەریکە بە دوای بیرەوەرییەکانیدا دەگەڕێ.

- یانی چی؟

کامیار یانی لەکاتێکەوە کە زانیویەتی، پورێ ئەوانە باوک و دایکی ڕاستەقینەی نین، حەزناکات کات بۆی بەرەو پێشەوە بڕوات! دەیەوێ لەڕابووردودا بمێنێتەوە. بۆ ئەوەیە بەدوای بیرەوەرییەکانیدا دەگەڕێ. لەوانەشە بۆ دۆزینەوەی هیچی نەمابێ.

- چۆن؟

کامیار ئاخر لە زۆربەی بیرەوەرییەکانیدا ئێمەش بەشداریمان بووە. وەکو ئەو ڕۆژەی کە لێرە بووین و پەلەورەکەمان دۆزییەوە! جارێ وەرە با بڕۆین تاکو بزانین خوا چی دەوێ.

هەردووکمان ڕۆیشتین بەرەو دەرگای باخەکە کە کاک عەباس گەیشت پێمان و وتی:

- بۆ کوێ ئاغا؟ چام حازر کردوە!

کامیار لەگیرافانیدا چەند هەزار تمەنێکی هێنا و کردیە دەستی کاک عەباس و وتی:

- پەلەمانە کاک عەباس، با بێی بۆ جارێکی تر. گیانی تۆ و گیانی ئەو خاکەنازە بەهرەمەندەت! جارێکی تر کە هاتین وێنەیەکی یادگاری لەگەڵدا دەگرین! بەس تۆخوا ئەوەندە ئیشی پێ مەکە!

ڕۆیشتین سەر ئۆتۆمبێلەکە کەوتین کە کاک عەباس هاتە پێشەوە و وتی:

- کاک کامیار، ئەگەر دەکرێ بە ئاغا مەڵێن کە لێرە لەکونی ڕێگەی ئاوەوە، لەم ئۆسکارانە دێنە ناو باخەکە. ئێمە خۆمان دەیانکوژین!

کامیار پێکەنی و لەهەمانکاتدا کە ئۆتۆمبێلەکەی دەخستە ئیش وتی:

- کاک عەباس، ئەوانە کە دەڵێی، جرجن! ئۆسکار خەڵاتێکە!

ئەمەی وت و پێی خستە سەر بەنزینەکە و ڕێکەوتین.



Scanned with CamScanner

## بەشی چوارەم

ئەو ڕۆژە کاتێ گەیشتینە ماڵەوە، هەردووکمان ئەوەندە هیلاک بووین ، لەڕێوە هەر یەکە بۆ ماڵی خۆمان ڕۆیشتین و نووستین. من بۆ نانی نیوەڕۆیش هەڵنەسام. سەعات نزیک شەش و نیو حەوت بوو، کامیار هاتە پشت پەنجەرەکەم و بانگی کردم.

کامیار لەسەر خۆ چوی؟

هەستام و لەجێگەکەمدا دانیشتم.

ـ ئا، زۆر هیلاک بووم.

کامیار هەستە بڕۆین.

ـ بۆ کوێ؟

کامیار جێژنی لەدایک بوونی لیدا ئیتر!

ـ هەر تاقەتیم نییە!

کامیار هەستە بڕۆین بێ تاقەتیت بە سەر دەچێ!

ـ نە، تۆ بڕۆ.

کامیار وەرە زوو دێینەوە.

ـ نە، لەوانەیە گەنم تەلەفون بکات.

کامیار جا با گەنمیش تەلەفون بکات! چ پەیوەندی بە تووە هەیە؟ بۆچی تۆ ئاشەوانی؟ دایک و باوکی بڕۆن بیرێکی لێ بکەنەوە!

ـ تو خوا پێم ڕامەبوێرە، تاقەتم نییە.

کامیار بە ڕاست نایەیت؟ خۆش ڕادەبوێرین ها! !

ـ نە، تۆ بڕۆ.

کامیار نانت خواردوە؟

Scanned with CamScanner

تاوێ بێدەنگ بوو و پاشان وتی:ـ گەنم چۆنە؟

ـ هەروایە.

ئافەرین باشتر نەبووە؟

ـ باشتر بووە بەڵام زۆر خەمبارە.

ئافەرین حەقی هەیە. دڵئارام ئێشێکی زۆر خراپی کردوە، بەڵام دەبێ بزانی کە هەمووی لەبەر عەشق بووە.

تەنیا سەیرم کرد. ئافەرین تۆ دەزانی عەشق چییە؟

ـ نازانم.

ئافەرین من دەزانم زۆر بە ژانە.

ـ هەتا ئێستا وام بیر کردۆتەوە کە شیرین و بە شکۆیە.

ئافەرین ئا، بەڵام ئەگەر دوولایەنە بێ. دەتوانم پرسیارێکت لێبکەم؟

ـ ئا، بەڵام تکا دەکەم پرسیارێک مەپرسە کە نەتوانم وەڵامت بدەمەوە.

سەیرێکی کردم و جا قۆڵی گرتم و وتی:

ـ پیاسە بکەین؟

هەردووکمان لەسەرخۆ ڕێکەوتین.

ئافەرین تا ئێستا عاشق بوویت؟

دیسان سەیرم کرد و وتم:

ـ خۆت لەوانەیە باشتر بزانی!

ئافەرین دڵنیای کە ئەمە عەشقە؟

ـ نە!

ئافەرین ئەی چی؟

ـ بڕوانە ئافەرین، من لەوانەیە تەنیا هەستم بە عەشق کردبێ.

ئافەرین یانی. . . ؟

ـ یانی ئەوەی کە بۆ بە دیهاتنی ئەم وشەیە و ڕوودانی، زۆر لەبابەتە مەنتقی و نامەنتیقییەکان دەبێ تیایدا بەشداربن!

ئافەرین وەکو دروست کردنی ئۆتۆمبێلێک!

پاشان پێکەنی ئا، ئۆتۆمبێلێکیش بە عەشقەوە دروست دەبێ! بە عەشقی بەدیهێنەرەکەیەوە!





Scanned with CamScanner

- نه.

کامیار هەر هیچ نەبێ هەستە برۆ شتێ بخۆ! مامۆژ! مامۆژ!

دەستی کرد بە بانککردنی دایکم کە دەرگای ژوورەکەم کرایەوە و دایکم هاتە ژوورەوە و هێشتا نەگەیشتبوو دەستی بە بۆلەبۆل کرد.

کامیار ئەمە ئەبووریتەوە ها! نانی بەیانیشی نەخواردوە!

دایکم کە هەروا دەیبۆلاند ڕۆیشت بۆ چێشتخانەکە کە کامیار پێی وتم:

- ئاگادار بە، بە کەسمان نەوتوە کە گەنم ڕایکردوە! باوەگەورە وتی بە هەموان بلێن کە گەنم لەوێیە بەلام نایەوێ چاوی بە کەس بکەوێ. هەستە برۆ شتێ بخۆ، منیش شەو زوو دەگەڕێمەوە، جارێ خوات لەگەل.

ئەمەی وت و ڕۆیشت. منیش هەستام و ئاوێکم دا بە دەم و چاومدا و ڕۆیشتم بۆ چێشتخانەکە، دایکم هێشتا هەر خەریکبوو دەیبۆلاند! بۆلەیەکی دەکرد و پرسیارێکی سەبارەت بە قوڵم دەپرسی و پرسیارێک سەبارەت بە گەنم! بەشە نانەکەم کە لەنیوەڕۆوە بۆی دانابووم بە پەلەخواردم و گەڕامەوە ژوورەکەم و موبایلەکەم هەلگرت و ژمارەی موبایلەکەی کامیارم کە بە دەستی گەنمەوە بوو وەرگرت. داخرا بوو. چەند جارێ وەرم گرت بەلام هەموو جارێ دەیوت داخراوە.

ڕۆیشتم لەسەر موبلەکەم دانیشتم و خەیالم ڕۆیشت. هەر چەندە بیرم دەکردەوە کەمتر تێدەگەیشتم! ئاخری هەستام حەمامێ بکەم هەتاکوو مێشکم نەختێ ساف ببێتەوە.

بیست دەقەیەک لەحەمامدا بووم و ئینجا هاتمە دەرەوە و جلەکانم لەبەرکرد و ڕۆیشتم بۆ باخەکە. نەختێ بە تەنیا پیاسەم کرد کتوپڕ ئافەرین لەپشت شمشادەکانەوە هاتە بەردەمم. حەپەسام!

ئافەرین سەلام

- سەلام

ئافەرین بەتەنیای؟

- ئا. . .

ئافەرین ئەی کامیار لەکوێیە؟

- ڕۆیشتوەتە دەرەوە.

ئافەرین بۆ کوێ؟

- هەمووکات بۆ کوێ دەچێ؟



Scanned with CamScanner

ئافەرین تۆ هەموو شتێ بە پێی یاساکانی بیرکاری و فیزیا و کیمیا هەڵدەسەنگێنی!

ـ هەموو شتێ یاسای خۆی هەیە!

ئافەرین عاشقیش یاسای هەیە؟

ـ نا، بەڵام یاسای خۆی!

ئافەرین سەیرە! دەکرێ بڵێی یاساکەی چییە؟ لەوانەیە وەک یارمەتییەک وابێ بۆم!

گەیشتینە ژێر دارێکی بی. هەر لەوێ ڕاوەستام و سەیرم کرد. هێشتا قوڵم لەدەستیا بوو!

ـ بڕوانە ئافەرین، ئەمە شتێک نییە من بیڵێم و تۆیش فێری ببی و ئینجا لەسەر خۆت دایڕێژی!

ئافەرین دەی مەڵێ، تەنیا لەسەر تابلۆ ڕەشەکە بینوسە!

ـ تابلۆی ڕەشی ئەم پۆلە، چاوانی کەسێکە کە خۆشت دەوێ!

بە سەر سوڕماوییەوە سەیرێکی کردم و وتی:

ـ هەر بیرم نەدەکردەوە ، ئەم کوڕە کەم نتق و شەرمنە، هەستێکی ئاوای هەبێ! دەبێ باشتر بتناسم!

ئەمەی وت و نەختێ تونتر قوڵمی بە دەستی گرت! بە هێوری نەختێ خۆمم کێشایە ئەملاوە!

ـ تۆ خۆت چی؟ تۆ چۆن لەعەشق تێگەیشتی؟

ئافەرین بە هەستپێکردنی! هەستێ لەنێوان سەد هەزار هەستی تردا!

ـ بە چ ڕەنگێکەوە؟

ئافەرین سور! وەکو گوڵەباخ!

ـ چ بۆنێ؟

ئافەرین بۆنی خەم!

ـ لەوانەیە بە تامی تورتی تەنیایشەوە!

ئافەرین لەوانەیە.

ـ وە دەبێ هەموو ئەمانەش لەکامیاردا کۆ بوبێتەوە؟

هیچی نەوت تەنیا سەیری کردم.

شکت هەیە؟

ئافەرین کامیار چی دەڵێ؟



Scanned with CamScanner

ـ بڕیار وا بوو پرسیارێ نەپرسی کە نەتوانم وەلامی بدەمەوە!
ئافەرین تۆیش پرسیارێکی ئاوات لەمن پرسی.
ـ بەلام تۆ خۆتی کە پرسیارم لێکردی و دەتوانی وەلامم بدەیتەوە.
ئافەرین ئەمە پەیوەندی بە کامیارەوە هەیە.
ـ یانی ئەگەر کامیار تۆی خۆش بوێ، تۆیش خۆشت دەوێ!
هێواش دەستیم لەقۆلم جیا کردەوە و وتم:
ـ ئەمە عەشق نییە! مامەلەیە! هەلسەنگاندنە! تۆ بەدوای عەشقێکدا نیت، تۆ بەدوای مێردێکدایت! ئەمە مەنتقی عەشقە!
ئەمەم وت و ویستم بڕۆم وتی:
ـ لەدەرەوەی عەشقدا چییە؟
لامکردەوە و سەیریم کرد.
ـ هەستێک لەگەل هەموو هەستەکان! ڕەنگی بە هەموو ڕەنگەکانەوە! بۆنی بە هەموو بۆنەکانەوە! تامی بە تامی هەموو تامەکانەوە! نەتورت، نە شیرین، نە تال، نەترش! هەمووی بە یەکەوە و لەپال یەکدا! ئەگەر بەو شێوە سەیری بکەی و لێی تێبگەی، هیچ کات، هیچ کامیان نادا لەدلت! هەر دەقە یەکیان هەست پێدەکەی!
ئافەرین هەموو ئەمانە بەیەکەوە و هەموو کاتیش خۆشحال؟
ـ هەمووی بە یەکەوە! شادی و خەم لەسەر ئەمانەیە!
ئافەرین بە ڕاستی وا دەزانی وایە؟
ـ من وەهام بینیوە!
ئەمەم وت و ڕێکەوتم بۆ مالەوەمان لەنیوەی ڕێدا موبایلەکەم زەنگی لێدا. خێرا هەلمگرت.
ـ ئەلۆ!
گەنم بە هەموو تەمەنمان درەنگ بووین! درەنگ بینیمان، درەنگ بیستمان، درەنگ وتمان، درەنگ تێگەیشتین!
ـ و ئەمڕۆیش درەنگ هاتین!
گەنم لەوانەشە هەرگیزیش نەهاتبێت!
ـ بۆ تۆیش دل هەلکۆلین لەسەر قەدی درەخت زۆر زەحمەتە؟
تاوێ بێدەنگ بوو و جا وتی:





Scanned with CamScanner

ـ کەوایە درەنگ هاتن!

ـ وەلامت نەدامەوە!

گەنم لەوانەیە. دەستەکانم ڕانەهاتبن!

ـ دلت چۆنە؟

گەنم ئەویش خەریکە خۆی ڕادێنێ!

ـ بە تەنیایی؟

گەنم ئەگەر بتوانێ! نەختێکی تر بێدەنگ بوو جا وتی:

ـ خێرا کە سامان! خەریکە کات بەسەر دەچێ؟

ـ چۆن! بەکام پیاوەتی تۆوە؟ ئەگەر خۆت لەجیاتی من بوویتایە دەتتوانی؟

گەنم ئەم هاوارانە لەبەر عەشقە؟

ـ نە، لەتوڕەییە!

گەنم هەرنەوە؟

ـ وە شتانێکی تریش.

گەنم کە عەشقیش یەکێ لەو شتانەیە؟

ـ نا! نا! نا!

گەنم دەی خێرا وەرە! مەهێلە بە درەنگەکان بگەین!

ـ بەکام ئەدرەس؟ بە ئەدرەسی عەشقێکی یەک ڕۆژە؟

بێدەنگ بوو.

ـ تۆ دەبێ بگەڕێیتەوە گەنم!

گەنم بۆ کوێ؟

- بۆ لای ئەوانەی خۆشیان دەوێی! ئەوانەی کە لەناویاندا جێگەت خاڵیە! ئەوانەی کە تۆیان دەوێ!

دیسان نەختێ بێدەنگ بوو پاشان وتی:

- تۆ دەبێ بمگێڕیتەوە! بەلام نەک بۆلای ئەو بنیادەمانە!

- بۆ ئەم بنیادەمانە چین؟ ئەمان هەموویان تۆیان خۆشدەوێ! تۆ نازانی دایک و باوکت چییان لێ بە سەر هاتوە! تۆ. . .

نەی هێشت قسەکانم تەواو بکەم و وتی:

کاتێ کە پارە پاشا بێ، ئاڵتون دەبێ بە خوا.



Scanned with CamScanner

کاتێ درۆ، ناوبژیوانی هەر ڕووداوێک بێ
کاتێ هەوا، هەوای هەناسە، هەوای ژیان
سەرپۆشی مەرگ، لەسەر سەدان دەنگ بێ
کاتێ لەچاوەڕوانی لەتە ئێسکێکدا
حەشر لەکلکەلەقێکان بەرپا بێ
کاتێ لەبەر بۆنی سفرەی دراوسێماڵ، بیر و هۆش
بێ هەوسار ببێتە گەدە، ببێتە حەز
کاتێ سووسمار وەکو تیمساح لای هەتاو
یەک ڕەنگ، ببێتە ڕەنگانی و ببێتە ڕەنگانی
کاتێ کە داوێنی شەرەف و منداڵدانی شەرم
پیاو گربێت و خوێڕی لێ بێ
با لەگەورەیی ئەم زێرابی بێ هیواییەدا
دنیای من بە بچوکی تەنیایی بێ
نەختێ بێدەنگ بوو و پاشان وتی:
- مەهێڵە درەنگەکان، درەنگەکان بێت!
- ئەلۆ! گەنم! ئەلۆ!

ئیتر دەنگی نەهات، حەزم دەکرد ئەم موبایلەم بماڵم بە عەرزا! مێشکم تێکچوو بوو! ڕێکەوتم بۆ ماڵەوەمان و لەپەنجەرەوە بازم دایە ژوورەکەم و شریتێکم خستە سەر و خەریکی بیر کردنەوە بووم. لەبیری ئەم شیعرەدا.

دەمزانی کە شیعرەکە هی سیمین بێهبەهانیە بەڵام تێنەدەگەیشتم چ پەیوەندییەکی بە گەنمەوە هەیە!

چەند جارێ لەدڵمدا خوێندمەوە، هەرچی زیاتر دەمخوێندەوە، کەمتر لەپەیوەندییەکەی دەگەیشتم! نەمدەزانی ئەمجارە دەبێ بۆ کوێ بڕۆم! خۆزگە ئێستا کامیار لێرە دەبوو! ئەو هەر دەیزانی کە مەبەستی گەنم چی بووە.

هەستام و وەرەقەیەکی گەورەم هێنا و شیعرەکەم بە خەتی زل لەسەر نوسی و بە بزمار دام کوتا بە دیواری بەرانبەر تەختە خەوەکەمدا و پاشان ڕۆیشتم لەسەر تەختە خەوەکەم ڕاکشام و سەیرم کرد. دەنگی کامیار لەگوێمدا دەزرینگایەوە. خەریکبوو پێی دەوتم کە مەنتقی بم و بە بێ هاو ئاوێتە بوونی هەستم بیر بکەمەوە!

خۆم خستە جێگەی کامیار و هەوڵمدا بە چاوێکی کراوە و و هەست و مەنتق و لەسەرخۆ ئەو ئیشە بکەم.

شیعر لەبەر چاومدا بوو و لەپەسا دەمخوێندەوە. لەسەرتاوە تا کۆتایی! دیسان لەسەرەتاوە تا کۆتایی! لەوانەیە سەد جار خوێندمەوە!

لەبنیادەمەکان تێ فکرێم! لەدوو ڕووییەکان! زمان لوسەکان!

بیری ئەوانەم دەکردەوە کە لەم ماوەیەدا، هەموو شتێکیان بە پارە فرۆشتبوو! بەوانەی کە لەم ماوەیەدا، هەر چرکە و ڕەنگێکیان گۆڕاوە! لەوانەی دڵ و زمانیان یەک نەبووە! لەوانەی کە بۆ وەرگرتنی جێ و مەقام، زمان لوسی سەد کەس لەخۆیان خراپتریان کردوە.

دیسان خوێندمەوە! سەدجاریتر! لەسەرەوە تا کۆتایی! دیسان لەسەرەوە تا کۆتایی! ئەتوت خەریکبوو پەردەیەک لەپێش چاوانمدا لادەدرا و هەموو شتێ لەبەر چاوانمدا ڕون دەبوویەوە!

خەریکبوو سەبارەت بەم بنیادەمانە، دەدوا! بەڵام ئەم بنیادەمانە خۆ لەژیانیدا دەورێکیان نەبوو! یانی خەریکبوو بە ئێمەی دەوت؟ یان پورێ و مێردەکەی؟ بەڵام ئەگەر بە ئێمەی دەوت، یانی خەریکبوو دەیویست بێت بۆ ئێرە؟

نە، بە ئێمەی نەدەوت. ئەی مەبەستی لەم بنیادەمانە، کێ بون؟ ڕاستە کە لەم ڕۆژگارەدا زۆرێک وایان لێهاتوە بەڵام چ پێ درێژییەکیان لەژیانی گەنمدا بووە! هەر هیچ نەبێ ڕاستەوخۆ دەرویان نەبووە.

هەستام و جگەرەیەکم داگیرساند و ڕۆیشتم لەبەردەم کاغەزەکەدا شیعرەکەم لەسەری نووسی بوو، ڕاوەستام! یانی مەبەستی لەکێ بوو؟

ئیتر خەریکبوو مێشکم شەقی دەبرد! ویستم وەرەقەکە لەسەر دیوارەکە بکەنمەوە و بیدڕێنم کتوپڕ بیرم کەوتەوە کە ساڵی یەکەمی زانکۆ بوو، جارێ لەسەر باسێ، ناوی گەنم و چەند قوتابییەکی تریان، ناردبوە سەرەوە! یەکێ ڕاپورتی لێ دابوون! هیچی نەما بوو دەرکرێن و خەریکبوو باسەکە دەکەوتە بەندیخانە و ئەم شتانە باوەگەورە پێی تێخست و چەند کەسێکی چاو پێکەوت و باسەکە برایەوە!

بیرم کەوتەوە گەنم ئەوان دەیانزانی ئەو کەسەی کە زمان لوسی کردووە و هەمووکات گەنم دەیوت کە ڕۆژێ دەگاتە خزمەتی!

خێرا تەلەفونم کرد بۆ کامیار، موبایلەکەی داخرا بوو. بیرم کەوتەوە موبایلەکەی بە

دەست گەنمەوەیە! ژمارەی ئەو موبایلەکەیتریم وەرگرت. چەند زەنگێکی لێدا هەتاکو هەڵیگرت.

کامیار ئەلۆ! فەرموون!

ـ ئەلۆ، کامیار!

کامیار خێرا بیڵێ کە ئیشم هەیە! پەشیمان بویتەوە دەتەوێ بێیت؟ ئەدرەسەکە بنووسە. سێ ڕێیانی ئەمین حوزور، نزیک پردی ئەمیر بەهادۆر، کۆڵانی اعتمادالدوله، ماڵی ئاغای جی جی باجی الممالک! نووسیت؟

ـ بێتام مەبە ئیشم پێتە!

کامیار وەرە ئێرە ئیشەکەت بڵێ! ئەدرەسی حەقەتی بنووسە، فەرمانیە. . .

ـ کامیار! سەرت گەرمە؟

کامیار ئەمانەی لێرەدا من بینیومە و بیستوومە و خواردوومە، ئەگەر تۆیش بیخۆی و ببینی و ببیسی زۆر شوێنت ئاگری دەگرت! یەک دەقە!

جا ئەتوت لەگەڵ یەکێکیتردا قسە دەکات.

کامیار نە حاجی گیان، ئیتر بەسمە! تەقیم ئەوەندەم خوارد! دەڵێی زەهری مارە دوابراوە! ئەمە چییە!

ـ کامیار! کامیار!

کامیار ئێ. . . ! زەهری مار و کامیار! بۆ نازانی خەریکین خوڵکی یەکتری دەکەین؟

ـ ئاگات لەمنە؟

کامیار یەک دەقە!

دیسان لەگەڵ یەکێکدا دەستیکرد بە قسە کردن.

کامیار بابە ئێستا دێم! تۆ بڕۆ بۆ هەیوانەکە منیش ئێستا دێم! بڕوانە! ئالەم دەرگایەوە بڕۆ! لەو لاوە باوکت و ئەوان ڕاوەستاون ها!

تون قیڕاندم. کامیار!

کامیار دەرد! پەڕەی گوێم دڕا! چی دەڵێی؟

ـ چییە لەوێ؟ دەنگ بە دەنگ ناگات!

کامیار هیچ نییە، تیپیان هێناوە. بڵێ بزانم چی بووە؟

ـ ژمارەی ژاکلینم دەوێ!

کامیار ژاکلینت بۆ چییە! هەستە خۆت بە تەنیا وەرە! لێرەدا ئەوەندە هەیە، فریای

هەلگرت! ئەلۆ، سەلام.

ژاكلین سەلام، فەرمون.

- من سامانم، خالۆزای...

ژاكلین چۆنن؟ هەر ئێستا بیرم لەئێوە دەكردەوە! دەمویست تەلەفونی بكەم بۆ مالی گەنم ئەوان كە...

خۆ تەلەفونت نەكرد؟

ژاكلین هێشتا نە! بۆچی؟

تكا دەكەم جاری تەلەفون مەكەن! دایك و باوكی نازانن كە لەماڵەوە ڕۆیشتوە!

ژاكلین تێناگەم!

ئاخر گەنم هاتبوو بۆ مالی باوەگەورەم. لەوێوە هەستاوە و ڕۆیشتوە. ئێمەیش هێشتا هیچمان بە دایك و باوكی نەوتوە بێ تاقەت نەبن.

ژاكلین كەوایە هێشتا نەگەڕاوەتەوە؟

هێشتا نە.

ژاكلین ئێوەیش نەتاندۆزیوەتەوە؟

نە، تا ئێستا نەمان توانیوە.

ژاكلین هەواڵتان لێی نیە؟ لەوانەیە پۆلیس...

نە، نە! جاری پێویست ناكات، تا ئێستا چەند جار بە تەلەفون قسەم لەگەڵدا كردوە.

ژاكلین چی دەڵێ؟ بۆ نایەتەوە؟

جاری زوویر و توڕەیە. ببوورن لەكاتم كردن، پرسیارێكم بوو.

ژاكلین فەرموو تكا دەكەم.

ئێوە ساڵی یەكەمی زانكۆتان لەبیرە؟

ژاكلین كامەی؟

ئەو باسی دەركردنەكە و ئەو شتانە؟

ژاكلین ئا، بۆچی؟

لەبیرتانە كەسێ ڕاپۆرتی لەگەنم و ئەوان دابوو؟

تاوێ بێدەنگ بوو و پاشان وتی:

- لەبیرمە!

- ئەوە كێ بوو ؟

ژاکلین ناکەوێ! بەس وەرە!
- ئیشم بە ژاکلین هەیە شیتە پەتەڕێ!
کامیار کانەکەی لێرەیە ها! وەرە لەکۆفرۆشی بیکڕە ، لەتاک فرۆشیدا هەر قازانجی نییە!
- دەڵێی یان نە!
کامیار چاوت دەر دەهات! بینووسە! خەتای منە کە دەمەوێ دەستت بخەمە نێو دەستی بازرگانەکەی. بینووسە داماوی سواڵکەری دانەدانە کەر! بنیادەم کە ئەگەر بیەوێ شتێ بکڕێ، دەڕوا لەفرۆشگایەکی کۆ فرۆش، خەرجی ساڵێکی ئامادە. . .
- دەڵێیت یان تورە ببم؟
کامیار بینووسە بابە! یەک دەقە! یەک دەقە!
دیسان دەستی بە قسەکردن لەگەڵ یەکێکدا کرد.
کامیار ئامۆزامە! بە گیانی تۆ! ناوی سامانە، لیدا دەیناسی! نەبابە، تاقەتی ئەم شوێنانەی نییە! مورتازە! ئێستایش بادامێکی خواردوە و چلەگرتووە! ڕۆژی خورمایەک و بادامێک دەخوا! قوڵی بە قەدەر ئەم پەنجە توتەیەی منە! ئا، خەڵکی دلهییەو! لەخودی هیندا لەدایک بووە و خوێندەوارییەکەی لەیەکێ لەپەرستگاکانی چیندا تەواو کردوە ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ هیند! ئێستایش سێ ساڵ و نیوە کە لەپەرستگاکەدا خەڵوەتی کردوە! بەڵام توانایەکی هەیە ها! هەزار کچ لەسووچێکدا ڕاوەستابن، هەر سەیریان ناکا! کەرێکی تەریکە دنیایە هەر باس ناکرێ!
- کامیار!
کامیار ئێ. . . ! خەریکبووم ژیاننامەی تۆم بۆ ئەم خانمانە دەوت!
- داناڕزێی؟
کامیار خراپە تۆیان پێ بناسێنم! ئێستا هەموویان خەریکن ڕێدەکەون بێن بۆ زیارەتت! دەڵێن بنیادەمێ بەم ئاکارە تایبەتیانەیەوە دەبێ موعجیزە بکا.
- دەڵێی یان نا؟
کامیار بینووسە بابە! دوو سەدوو. . .
نوسیم وتی.
- ئەڵێم هەستە وەرە بۆ ئێرە، هەم بادام هەیە، هەم ناوکەکەی و هەم. . .
تەلەفونەکەم داخست و ژمارەی ژاکلینم وەرگرت، خوا کردی و خۆی تەلەفونەکەی

ژاکلین کچێ بوو. خوێندکارێک.

ـ بۆ وای کرد؟

ژاکلین کچێ بوو بە بێ کونکور دەرچوو بوو بۆ زانکۆ! هەر هەواڵی کە لەزانکۆدا دەبوو، ڕاپۆرتی دەدا، ئێمەیش دواتر زانیمان.

ـ چۆن کچێ بوو؟

ژاکلین هەر لەم کچانە ئیتر! دەزانی خۆ؟ ڕواڵەتی بە شێوەیەک بوو و دەروونی بە شێوەیەکی تر! ناسراوی هەموو کوڕەکانی زانکۆ!

ـ تێگەیشتم. ناوی چی بوو؟

ژاکلین بۆ چی؟

ـ وائەزانم، هەڵبەت ئەمە تەنیا بیرۆکەیەکە! لەوانەیە ڕۆیشتبێ بۆ لای ئەو!

ژاکلین بۆ لای ئەو بۆچی؟

ـ لەوانەیە بۆ تۆڵە!

تاوێ بێدەنگ بوو پاشان وتی:

ـ دەزانن، ئەو پشتی زۆر قایم بوو لەزانکۆدا! هەواڵدەر بوو ئیتر!

ـ ئێستا لەکوێیە؟ هێشتا هەر وایە؟

ژاکلین ئا، پێم وایە. هەڵبەت نەختی خۆی کزکردۆتەوە.

ـ دەتوانن ناو و ئەدرەسەکەیم بدەنێ؟

ژاکلین خۆم نیمە، بەلام هەوڵ دەدەم بۆتانی بدۆزمەوە!

ـ زۆر زۆر سوپاس ژاکلین خانم.

ژاکلین کە دۆزیمەوە تەلەفونتان بۆ دەکەم.

ـ ژمارەکەی منتان خۆ هەیە؟

ژاکلین هەمە بەلام ئەگەر دیسان بیڵێنەوە باشترە.

ژمارەی موبایلەکەم پێدایەوە و خواحافیزیم لێکرد. دیسان لەسەر تەختەکەم ڕاکشام و هەروا کە چاوم لەسەر شیعرەکە بوو، بیرم کردەوە.

زۆر لەلام سەیر بوو بۆچی هەموو شت کتوپڕ ئاوای لێهات؟ حەزم دەکرد بمزانیایە ئێستا گەنم لەکوێیە و خەریکە چی دەکات؟ حەزم دەکرد ئەم باسە خێراتر ببڕێتەوە و گەنم بگەڕێتەوە بۆماڵەوە، بەلام چۆن ببڕێتەوە؟ کاتێ دایک و باوکی، دایکی و باوکی نین، چۆن کۆتایی بێ؟ مەگەر ئەوەی گەنم بتوانێ لەگەڵ جەوی ئێستادا خۆی ڕێک





Scanned with CamScanner

بخات! خوا بکات ژاکلین زووتر تەلەفون بکات! ئەگەر بتوانم لەوەختی خۆیدا خۆم بگەیەنم پێی چەند باش دەبوو! بەڵام بە چیدا دیارە ڕێک بۆی چو بم؟ لەوانەیە بە هەڵەدا چووبم! ئەگەر شتێکی وا لەخەیاڵیدا نەبێ چی؟ هەر لەم بیرکردنەوانەدا بووم لەدەرەوەی پەنجەرەکەوە، دەنگێکم بیست. هەستام و سەیری باخەکەم کرد، سەیرم کرد کە پورم و مێردەکەی خەریکن دێن بۆ ماڵی ئێمە. خۆمم خێرا هێنایە ئەم لاوە! حەزم نەدەکرد چاوم پێیان بکەوێ. لەلایەکیشەوە بەزەییم پیاندا دەهاتەوە و لەلایەکی ترەوە نەمدەوێرا چاوم پێیان بکەوێ. نەختێ تێپەڕی، دەنگی زەنگی ماڵەوەمان هات. دایکم دەرگای بۆ کردنەوە و تاوێ دوای ئەوە منی بانگکرد. هەستام و لەژوورەکەم ڕۆیشتمە دەرەوە. داماوانە هەر منیان چاو پێکەوت ئەتوت خوا دنیای پێداون! نەختێ لەگەڵ گەنم تورە بوم سەبارەت بەم دایک و باوکە ئاوا مامەڵە دەکات! ڕاستە باوک و دایکی ڕاستەقینەی نەبون بەڵام لەوانەیە زیاتر لەدایک و باوکی ڕاستەقینەی خۆی، خۆشیان دەویست! سەلامم کرد و ڕۆیشتمە پێشەوە کە کتوپڕ پورم هاتە پێشەوە و باوەشی پیاکردم و دەستی بە گریان کرد! وەها دەگریا منیش دڵم پڕ بوو! چاوەکانی مێردی پورم وەکو گۆمی خوێن بوو! ئەو داماوەیش ئەتوت هەمووکات خەریکی گریان بووە!

ئاخری کە نەختێ هێمنتر بونەوە، هەموومان دانیشتین و دایکم چای بۆ هێناین و پورم وتی:- چۆنە مناڵەکەم؟

- چی بڵێم پورێ گیان؟ جسمی باشە بەڵام دەرونی. . . .

دیسان هەردووکیان دەستیان بە گریان کرد. دایکیشم دڵی پڕ بوو! بە ئەسپایی ئاماژەم پێکرد کە لەلای ئەماندا خۆی ڕاگرێ.

دیسان نەختێ تێپەڕی پورم وتی:

- پورێ گیان، تۆگیانی دایکت وا بکە کە ئێمە بتوانین دەقەیەک چاومان پێی بکەوێ! تەنیا دەقەیەک!

- پورێ گیان ئەگەر وانەکەن باشترە! کە چاوی بە ئێوە دەکەوێ، خراپتر دەبێ!

پورێ دەی بۆ چی؟ دەی بۆ چی؟

- دەی خۆ جارێ وایە!

پورێ یانی ئەگەر ئێمەی چاو لێ نەبێ خۆشیەتی؟

تەنیا سەیرم کرد کە وتی:- قەیناکا، ئەو باش و خۆشحاڵ بێ، ئێمە ڕازین. بەڵام دڵم



Scanned with CamScanner

بۆ ئەوە دەسوتێ کە . . .

مێردەکەی قسەکەی پێ بڕی و وتی: ژن سەبرت هەبێ. بەهیوای خوا هەموو شتێ چاک دەبێ.

ـ پورێ گیان ڕاست دەکا! ئێوە بەس نەختێ خۆڕاگربن و وازی لێبێنن. خۆی لەگەڵ جەوەکەدا ڕێک دەکەوێ.

پورم لەکاتێکدا هەروا فرمێسک لەچاوانی دەهاتە خوار و وتی: ئاخر تۆ نازانی ئێمە خەریکە چیمان بە سەر دێ! لەم یەک دوو ڕۆژەدا مردم و زیندو بوومەوە! ئاخر بڕۆم بەکێ بلێم؟ بەکێ بڵێم کە چیم بەسەر هاتوە؟ بە کێ بڵێم کە تێبگات؟

سەرم داخست و دایکم هەستا و ڕۆشت باوەشی پیا کرد و دەستی بە قسەکردن کرد لەگەڵیدا تا ئارامی بکاتەوە. ئیتر نەمتوانی لەوێ بمێنمەوە. هەستام و لەماڵەوەمان هاتمەدەر. هەوای باخەکە بێ وێنە بوو! چەند حەزم دەکرد کە هەر ئێستا، لەم باخە بەم جوانیەدا و هەوایەک بەم خاوێنیە لەگەڵ گەنمدا پیاسەم بکردایە! خۆزگەم وای بە سەر نەهاتبایە!

نیو سەعاتێ پیاسەم کرد و بیرم کردەوە موبایلەکەم زەنگی لێدا! خێرا هەڵمگرت

ـ ئەلۆ، فەرمون!

ژاکلین سەلام کاک سامان، منم، ژاکلین.

ـ سەلام، تەندروستیتان چۆنە؟ هیلاکم کردن!

ژاکلین ئەم قسانە چییە؟ خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بتوانم یارمەتییەک بدەم! گەنم باشترین هاوڕێی منە! نازانم بۆچی هەر نەهاتوە بۆلای من بۆ ئێرە؟

ـ باری دەرونی هەرباش نییە.

ژاکلین خوا بکات هەمووشتێ زوتر ببڕێتەوە.

ـ ئەو کچەت دۆزییەوە؟

ژاکلین ئا، ئەگەر شوێنی نەگۆڕیبێ. ئەدرەسەکەی بنوسە. ولەنجەک. . .

ـ دەبێ لێرە ڕۆیشتبێ؟

ژاکلین تا ساڵی ڕابووردوش هەر لەوێ بوو. . .

ـ چۆن کچێکە؟

پێکەنی و وتی: تۆ جارێ خۆتان بڕۆن، تێ دەگەن! سەیری ڕواڵەتی نەکەن! لەگەڵ کوڕەکاندا ئارامترە تا کچەکان.



Scanned with CamScanner

- خوا بکات لەکاتی خۆیدا بکەم! هەڵبەت ئەگەر ڕێک بۆی چوبم!
ژاکلین بێ هەواڵم مەکەن! ئەگەر دەتانەوێ با منیش بێم؟
- نە، زۆر سوپاس، هەتا ئێرەیش زۆرتان یارمەتی داوین و زۆر هیلاکمان کردی!
سوپاس. ئەگەر بە تەنیا بڕۆم، وائەزانم باشتر بێ.
ژاکلین هەر چۆن بێ لەهەر کاتێکدا کە پێویست بە من بوو، خۆشحاڵ دەبم کە بتوانم شتێک بکەم.
- سوپاس، جارێ خوات لەگەڵ.
ژاکلین خوات لەگەڵ. سەرکەوتوبی.
- سوپاس
تەلەفونەکەم داخست و ڕۆیشتم بۆ لای گەراج و ئۆتۆمبێلەکەم خستە ئیش و ڕێکەوتم، نیو سەعاتێکی پێچو هەهەتاکوو گەیشتمە ماڵەکەیان. هەر کە ئۆتۆمبێلەکەم ڕاگرت و دابەزیم، تێگەیشتم کە لەبەردەم ئەو ماڵەدا کە ژاکلین ئەدرەسەکەی دابوو پێم، قەرەباڵغییەکە! نەختێ ڕۆیشتمە پێشەوە. کۆمەڵێ ژن و پیاو، لەبەردەم ماڵەکەدا وەستا بوون و بەیەکەوە قسەیان دەکرد! ئەتوت شتێ ڕوی دابوو! نەختێ ترسام! هەرچۆنێ بوو ڕۆیشتمە پێشەوە و سەلامم کرد. هەموویان ئاوڕیان دایەوە و چاویان تێبڕیم! لەیەکێکیانم پرسی:- ببوورن، ماڵی خانمی سومەیە. . . . ئەمەیە؟
هەر کە ئەمەم وت کچێکی بیست و یەک دوو ساڵەکە چارشێوێکی ڕەشی لەسەر بوو هەنگاوێک هاتە پێشەوە و وتی: ئیشی چیتان پێی هەیە؟
- ئیشم بە خۆیانە.
سەیرێکی کردم و نەختێ بیری کردەوە و پاشان بە ترسەوە پرسی: دەکرێ بپرسم ئیشتان پێیان چییە؟
- تایبەتیە! دەبێ بە خۆیانی بڵێم.
هەستم کرد کە شکی کردوە یان لەوانەیە ترسابێت! ترس و تورەیی بە چاوانیدا دیار بوو! بە شێوەیەکی دو دڵی وتی: شێوەتان ناکەم!
- خۆتانن؟ خانمی سومەیە. . . . ؟
ڕویکردە دراوسێکان و ئەت وت نەختێ دڵی سرەوت و پاشان دیسان سەیری منی کرد و وتی: بەڵێ، خۆمم!
هێواش پێم وت من خاڵۆزای گەنمم.



Scanned with CamScanner

هەر ئەمەم وت هەستم کرد زۆر تورە بوو بەلام نەختێ دوای ئەوە دیسان شێوەی ڕوخساری گۆڕا! ئیتر لەو تورەییەی ماوەیەک لەوە و پێش هیچ دیار نەبوو! کتوپڕ، بە شێوەیەک کە من ترسام، بە دەنگی بەرز وتی: ئەها! لەئەنجومەنەوە هاتون؟ فەرمو وەرنە ژوورەوە تکا دەکەم! هەموو. . . وتارەکان، تایپ کراوە و ئامادەیە! فەرمون!

تێگەیشتم لەبەردەم دراوسیکانیدا خەریکە دەوری ئەکتەری دەبینێ! هیچم نەوت لەدراوسێکانی داوای لێبووردنی کرد و خولکی کردم و خۆی لەپێشەوە، پێشم کەوت و ڕۆیشتمە ژوورەوە و منیش بە دوایدا ڕێکەوتم.

لەحەوشەکە تێپەڕین و لەقادرمەکان سەر کەوتین و لەبەر بیناکەیدا ڕاوستاین. بە کلیلەکەی دەرگای بیناکەی کردەوە و پاشان ڕوویکردە من و وتی: لەشتی سەر سوڕهێنەر خۆ ناشلەژێن؟

بەس سەیرم کرد پێکەنی و دەرگای ئاپارتمانەکەی کردەوە و ڕۆیشتە ژوورەوە و لەپاڵ دەرگاکەدا وەستا و خولکی کردم.

هێواش ڕۆیشتمە ئاپارتمانەکەی. ڕاستیەکەی نەختێ ترسام! بیرم دەکردەوە کە نەکا کتوپڕ شتێکم بۆ هەڵبەستێ هەر لەم خەیالانەدا بووم وتی: وادیارە چاوەڕوانی شتێکی ئاواتان دەکرد!

دیسان بە سەرسوڕماویەوە سەیرم کرد، بە چاوەکانی، دیواری ئاپارتمانەکەی پێنیشان دام. تازە لەباری خانوەکە تێگەیشتم! بە بۆیەی سوور لەسەر هەموو دیوارەکان شتێکیان نووسی بوو! خائین! پیاو فرۆش! خیانەتکار! زمانلوس! . . . !

بۆ دەقەیەک متەقم لێبڕا! هەڵگەرامەوە و سەیرم کرد کە پێکەنی و چارشێوەکەی لەسەر لابرد و خستیە سەر موبلەکە و وتی: فەرمون دانیشن. ئێستا چاتان بۆ ساز دەکەم.

بە سەر سوڕماویەوە سەیرم کرد! هەروا پێدەکەنی، ڕۆیشت بۆ چێشتخانەکە. منیش دیسان خەریکی خوێندنەوەی نوسراوەکانی سەر دیوار بووم! ئێرە ماڵی کچێکی. . . ! ئێرە گۆڕستانی. . . ! ئێرە. . . هەر نەمدەتوانی ئەو شتانەی کە دەیبینم بڕوای پێبکەم کە لەچێشتخانەکەوە وتی: شاکاری پورزاکەتانە!

ـ گەنم؟

سومەیە ئا، گەنم!

ـ هاتبوو بۆ ئێرە؟

سومەیە رێک نیو سەعاتی پێش ئێوە.
- ئێستا لەکوێیە؟
سومەیە وێنە کێشانەکەی تەواو بوو ڕۆیشت! چاشی نەخواردەوە!
بە سەبەتەیەکی بچوکی میوەوە لەچێشتخانەکە هاتەدەرەوە. ڕوم تێکرد شتێکی پێبڵێم کە وتی: ئێوە کام لەخاڵۆزاکانی ئەون؟ بیستبووم دوو خاڵۆزای قۆز و جوانی هەیە!
- من سامانم، ئەمانە لەسەر دیوارەکە چی دەکەن؟
سومەیە گەنم هاتە ئێرە و هاتە ژوورەوە، زۆر لەسەر خۆ و ئاسایی! سەرەتا پێکەنینێکی بە ڕودا کردم و لەجانتاکەی سپرایەکی دەرهێنا و هەر بە زەردەخەنەوە ئەمانەی لەسەر دیوارەکە نووسی و دیسان زەردەخەنەیەکی تری بۆ کردم و وتی کە لەسەر دیواری کۆڵانەکەش، چەند، یادگارییەکم بۆ نوسیووی! بای بایەکی پیشکەش کردم و ڕۆیشت!
- هەر ئاوا بە ئاسایی؟
سومەیە لەوە ئاساییتر!
- وە ئێوەیش هیچتان پێ نەوت؟
ڕۆیشت لەسەر موبلەکە دانیشت و ئیشارەتی پێکردم لەتەنیشتیدا دانیشتم. منیش لەسەر موبلێک لەولاتر دانیشتم. پێکەنی و وتی: شتێ لەسەر ویژدانم قورس بوو. بەم ئیشەی، هەم باری خۆی سوک کرد، هەم منیش. . .
- کەوایە قوبوولتان کردوە لەو باسەدا . . .
نەیهێشت قسەکەم تەواو بێ و وتی: ماوەیەکی زۆر لەو ڕووداوە تێپەڕیوە.
- بۆ چی واتان کرد؟
سومەیە پێویستم بە ئیشێکی وا بوو هەتاکوو کێشەکەم چارە سەر بێ.
- چارە سەر بوو؟
سومەیە بوو.
- بە چ نرخێ؟
سومەیە بە هەر نرخێ! ئامانج ئامێری لا گرنگ نییە!
تەنیا سەیرم کرد دیسان پێم پێکەنی و لەجێگەکەی خۆی هەستا و وتی:
- بڕۆم چاتان بۆ بێنم!





Scanned with CamScanner

ـ عەزیەت مەکیشە!

سومەیە ڕاستی نیسکافەش هەیە، حەزتان لێیەتی؟

ـ نە، هەر ئەو چایە باشترە.

ڕۆشت بۆ چێشتخانەکە. منیش دەستم بە خوێندنەوەی نوسراوەکان کردەوە کە زل و قەوی لەسەر دیوارەکە نووسرا بوو.

نەمان بۆ خۆ فرۆش! لەبۆگەنی ئێوە، هەموو شوێنێ بۆگەنە! لەچێشتخانە بە سینیەک چاوە هاتە دەرەوە و کاتێ سەیری کرد من خەریکم نوسراوەکان دەخوێنمەوە وتی:

ـ زۆریش بە سەلیقەیە!

هاتە بەردەمم خولکی چای کردم و پاشان ڕۆیشت لەسەر موبلەکەی تەنیشت من دانیشت و پیاڵەچاکەی تری هەڵگرت و سینیەکەی دانا لەسەر مێزەکە و وتی: سامان؟

سەیرم کرد ئینجا وتی: جارێ لەبەر دەم زانکۆدا ئێوەم بینیوە! هاتبوون بە دوای گەنمدا.

ـ لەوانەیە.

سومەیە ئێوە لەگەڵیدا نەبون؟

ـ کەی؟

سومەیە کاتی هات بۆ ئێرە.

ـ نە.

سومەیە ئەی لەکوێ زانیتان هاتوە بۆ ئێرە؟

ـ دڵم لێیدا.

سومەیە ڕووداوێکی خراپی بەسەر هاتووە؟

ـ لەوانەیە.

سومەیە ئەدرەسی منتان لەکوێ دۆزییەوە؟

ـ لەیەکێ لەهاوڕێکانی.

نەختێ لەچاکەی خواردەوە و پرسیم:

ـ ئێوە لێرە بە تەنیا دەژین؟

سومەیە ئا، بنەماڵەکەم لەشارێکی تردان.

ـ ئاپارتمانێکی کەشخەتان هەیە! هی خۆتانە؟

سومەیە نە، کرێیە.



Scanned with CamScanner

ـ دەبێ کرێکەی زۆر زۆر بێ؟

سومەیە ئێوە ژنتان نەهێناوە؟

سەرم ڕاوەشاند پێکەنی: ئێوە چی؟

سومەیە تەنیای تەنیا!

ـ بۆ شوناکەن؟

دەستێکی خستە قژی و پاڵی بە موبلەکەوە دایەوە و وتی: خوێندن!

ـ هەر ئەوە؟

پێکەنی و وتی: لەوانەیە خوێندن بیانویەک بێ! ڕاستیەکەی هێشتا بۆ شوکردن بە خۆمدا ناپەرممەوە. یانی خۆ هەر کچێ بۆ شوکردن پێویستی بە شتانێک هەیە!

سەیری ئەملاولام کرد و وتم: ئەگەر مەبەستتان ماڵە خۆ ئێوە هەتانە!

ـ ئا، بەلام کوڕێ لەحاڵەتی ئاسایدا و لەو بارودۆخەدا ناتوانێ هەوڵ بۆ ژن هێنان بدات!

ـ بۆ؟

سومەیە دەی بژێوی ژیان، خانو، خوێندن و زۆر شتێتر ئێتر.

ـ ئێوە خۆ بە ڕواڵەت کێشەی پارەتان نییە! لەماڵەوە پارەتان بۆ دەنێرن؟

سومەیە نە، باری ئابووری ماڵەوە زۆر باش نییە.

ـ خۆتان ئیش دەکەن؟

پێکەنی! سەیرێکیم کرد کە وتی:ـ ئێوە چی؟

ـ لەکارخانەکەی باوکمدا ئیش دەکەم.

سومەیە باوکتان کارخانەی هەیە؟

ـ نە، کارخانەکە هی باوەگەورەمە.

سومەیە ئەوەی لەو باسەکەی پێشودا واسیتەی کرد؟

سەرم ڕاوەشاند و چاکەم خواردەوە و لەجێگەکەمدا هەستام و وتم:

ـ ئێوە نەتانزانی کە گەنم بۆ کوێ ڕۆیشت؟

سومەیە نە، هیچی نەوت.

ئیشارەیەکەم بۆ دیوارەکان کرد و وتم: لەبەر ئەمانە داوای لێبووردنتان لێدەکەم ئەگەر ڕێم پێبدەن خەرجی ڕەنگ و . . .

سومەیە هەرگیز! حەقم بوو!

سەیرم کرد و وتم: بەم بڕوا و شێوە بیرکردنەوەیە، هەرگیز باوەڕ ناکەم ڕۆژێ ئێوە ئیشێکی واتان کردبێ.

پێکەنی و وتی: ئامانج ئامێری لای گرنگ نییە!

دیسان سەیرم کرد. کچێکی سەیر بوو! تازە سەرنجی ڕوخساریم دەدا. ڕوخسارێکی ناسک بە چاوانێکی پرسیارکەرەوە! سەرم بۆ ڕاوەشاند و وتم:

- بۆ میوانداریتان سوپاس. ئەگەر ئیشتان نییە بە یارمەتیتان؟

سومەیە هێشتا میوەتان نەخواردوە!

- با ببێ بۆ جارێکی تر.

پێکەنی و لەسەر مێزەکەی پاڵ تەلەفونەکە وەرەقەیەکی هەڵگرت و شتێکی تیا نوسی و بۆی گرتم و وتی: ژمارەی موبایلەکەمە، ئەگەر ئیشێکاتان بوو، ئاسان دەتوانن بمدۆزنەوە. سەیرێکی وەرەقەکە. سەیرێکی خۆیمکرد و دیسان پێکەنی و بە جولاندنەوەی سەری، قژەکانی خستە دواوەی و وتی: کاتەکەی گرنگ نییە. ئیشی زۆرم پێ ئەکری! ژمارەکەم لێوەرگرت و خواحافیزیەکم لەژێر لێوەوە کرد و لەماڵەوەی هاتمە دەرەوە. حەوشەکەم تیپەڕاند و ڕۆشتم بۆ کۆلانەکە و سەیری دیوارەکەم کرد. نیو سەعاتێ لەمەو بەر گەشتمە ئێرە، بە نوسراوەکانم نەزانیبوو. یانی نەمخوێندبویەوە. وام بیردەکردەوە لەم دروشمانەیە کە بە دەرگا و دیوارەوە دەینووسن! بە دوای بۆگەندا بێن. . . علامت سەهم تا پاڵ دەرگای ماڵەکە ڕاکێشرابوو!

ڕۆیشتم بۆ لای ئۆتۆمبێلەکەم و کاتێ کە خەریکبووم سەر دەکەوتم ئاوڕم دایەوە بۆ ماڵی سومەیە و سەیرم کرد. دیسان هاتبووە بەر دەرگا و خەریکبوو لەگەڵ دراوسێکاندا قسەی دەکرد. چارشێوەکەی دیسان دابوویەوە بە سەریدا. خەریکبوو لەدوو ژنی تری دەپرسی کە ئەوان چاویان لێبووە کە کێ ئەمشتانەی لەسەر دیوار نوسیووە یان نە!

سەیرم کرد کە ئاوڕی لێدامەوە و پێکەنی و دەستێکی ئارامی بۆ ڕاوەشاندم! پێکەنیم و سەر ئۆتۆمبێلەکە کەوتم و ڕێکەوتم.

***

ئەو شەوە تا سەعاتی یەکی دوای نیوە شەو بەخەبەر بووم بەلام نە گەنم تەلەفونی کرد و نە کامیار هاتەوە بۆ ماڵ. موبایلی هەردووکیان داخرا بوو. نەشمدەوێرا کە بڕۆم بۆ ماڵی باوەگەورە! نەمدەزانی دەبێ چی پێ بڵێم!

بۆ بەیانی باوەگەورە، مەش سەفەری نارد بە دوامدا. هەستام و دەست و دەم و چاوم شۆرد و ڕۆیشتم بۆ ماڵەوکەی. زۆر توڕەو زویر بوو. هەر هەواڵی کامیار و گەنمی دەپرسی. سەعاتێ قسەم بۆ کرد هەتاکوو ئارام بوویەوە. وای دەزانی کامیار خەریکە بە دوای گەنمدا دەگەڕێ!

لەماڵی باوەگەورە هاتمە دەرەوە و ڕۆیشتم بۆ ناو کۆڵان، نیو سەعاتێک لەوێ پیاسەم کرد و جگەرەیەکم داگیرساند و چەند جار ژمارە موبایلی هەردووکیانم وەرگرت بەڵام دیسان هیچ کامیان هەڵیان نەگرت! بە تەواوی لەکامیار توڕە بووبووم!

لەم کاتەشدا دەستی لەئیشەکانی هەڵنەدەگرت!

هەرکە هەڵگەڕامەوە بۆ باخەکە کاملیام چاو پێکەوت کە دەستی بۆ ڕاوەشاندم. هات بۆ لام. ڕاوەستام هەتاکو گەیشت.

کاملیا سەلام سامان؟

- سەلام تۆ چۆنی؟ بۆ نە ڕۆیشتوی بۆ زانکۆ؟

کاملیا ئەمڕۆ وانەم نییە.

- کامیار هێشتا نەهاتوەتەوە؟

کاملیا نە، باوکم هەتاکوو ئێستا سێ جار لەکارخانەوە تەلەفونی کردوە و هەواڵی پرسیوە! خۆشمان زۆر نیگەرانین!

- دڵتان ختورە نەکات، جێگەی خۆشە.

کاملیا تۆ دەزانی لەکوێیە؟

- ڕۆیشتوە بۆ ئەو جۆرە میوانیانە!

کاملیا ئەی بۆچی نایەتەوە؟

- هێشتا کاکەت نەناسیوە! نازانی چ گیانەوەرێکە؟

پێکەنی و وتی: بەخوا کاکەم وەکو مانگە.

- مەگەر دەستم بەم مانگە نەگات!

هەر کە ئەمەم وت دەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبێلەکەی لەدەرەوە هات! من و کاملیا ڕامان کرد بۆ لای دەرگای باخەکە! لەوانەیە من زیاتر لەکاملیا لەهاتنی کامیار خۆشحاڵ بووبم! هەر کە ڕۆیشتینە دەرەوە سەیرم کرد، بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە هاتبووە بەر دەرگای گەراج و خەریکە هۆڕین لێدەدا کە مەش سەفەر دەرگای بۆ بکاتەوە. ڕۆیشتینە پێشەوە و هەر چاوی پێمان کەوت ئیشارەتێکی کرد کە دەرگای گەراجی بۆ بکەینەوە. کاملیا

ویستی بڕوات دەستیم گرت و ڕۆیشتمە پێشی ئۆتۆمبێلەکەی و ئیشارەم لێکرد بێتە خوارەوە و دەرگاکە بکاتەوە. سەری لەجامی سەیارەکەوە هێنا دەرەوە و وتی:
دەرگاکە بکەرەوە!
ـ لەکوێ بووی هەتاکوو ئێستا؟ داناپرزێی؟ لەدوێنێ شەوەوە هەتاکوو ئێستا چاوەڕوانتم! صەد جار تەلەفونم بۆ کردی!
کامیار تۆ جارێ دەرگاکە بکەرەوە!
ـ خۆت وەرە خوارەوە و بیکەرەوە!
هەر کە ئەمەم وت وتی: دوێنێشەو هەچ سەعاتێکەوە چاوەڕوانم بووی؟
ـ لەحەوتو هەشتەوە!
کامیار باشە، هێشتا ماوەی چاوەڕوانیت بە سەر نەهاتوە! وامن ڕۆیشتمەوە بۆ جێگەکەی دوێ شەوم!
ئەمەی وت و سەری کردە ئۆتۆمبێلەکە و خستیە گێڕی بەک! وتم: گاڵتە دەکا بەڵام سەیرم کرد بە ڕاستی خەریکە دەڕوات! ئێ. . . ! ڕاوەستە و خۆت بێتام مەکە!
دیسان سەری لەئۆتۆمبێلەکەوە هێنایە دەرەوە و وتی:ـ دەرگای گەراجەکە دەکەیتەوە یان بڕۆم؟
ـ باشە، وەرە ژوورەوە!
کامیار ئافەرم! وادیارە ماوەی چاوەڕوانیت بە سەر چووە!
ڕۆیشتم دەرگام بۆ کردەوە. کاملیا ڕاوەستا بوو و پێمان پێدەکەنی. ئۆتۆمبێلەکەی هێنایە گەراج و دابەزی و باوەشی گرتەوە و وتی:ـ ئەمە منم ماوەی چاوەڕوانیم بەسەر هێناوە! وەرن ماچمکەن وا هاتم!
ـ زەهری مار! مردو شۆر خۆت و هاتنت ببەن!
کاملیا پێکەنی و ڕایکرد بۆ لای و ماچی کرد و وتی:ـ ئاخر کاکە، هەواڵی شتێ! دڵمان هەزار ختورەی کرد!
کامیار لەدوێنێ شەوەوە هەتاکوو ئێستا بە لاقێکەوە، لەدوای ئیشی ئەم کچەتیوە بووم!
ـ گوت خوارد!
کامیار دەڵێم بە گیانی تۆ بە لاقێکەوە. . .
ـ ئا، بە لاقێکەوە بە دوای خوێڕیکەری خۆتدا بوویت!

کامیار بە مەرگی تۆ ئەگەر دوێشەو شتێکی پیس لەوێدا بوو بێت! بەس من بەلاقێکەوە لەدوای ئیشەکاندا بووم!

کاملیا کاکە، بابە هەتاکوو ئێستا سێ جار تەلەفونی کردوە! دایکم زیرەی کردوە! هەر دەڵێن کامیار بێ هەواڵ لەشوێنێ نامێنێتەوە!

کامیار ئا، بەڵام دوێشەو لاقێکم بوو!

ـ دەی هەر هیچ نەبێ موبایلەکەت دانەخستایە!

کامیار ئا، بەڵام دوێشەو ئیشم جیاواز بوو! وتم کە بە لاقێکەوە لەدوای ئیشی ئەم کچە تیوەدا بووم.

ـ باوەگەورە ئەوەندە لێت تورەیە مەپرسە!

کامیار چیت پێ وت؟

ـ چی بڵێم؟ بڵێم ڕۆیشتوە بە دوای خوێڕیگەرییەکەیدا؟

کاملیا دەی بتوتایە بە لاقێکەوە. . .

ـ ئێ. . . ! زەهری مار بە لاقێکەوە!

کامیار خۆ تۆ بڕوا ناکەی، منیش ئیتر هیچ ناڵێم.

ـ ئێستا وەرە بڕۆین بۆ لای باوەگەورە.

کامیار بڕۆین بابە!

هەردووکمان لەکاملیا خواحافیزیمان کرد و ڕۆیشتین بۆ لای ماڵی باوەگەورە هەر کە دەرگاکەی ژوورەکەیمان کردەوە و چاوی بە کامیار کەوت دەستیکرد بە شەڕکردن لەگەڵیدا و کامیار مەجالی نەدا و وتی:

ـ تۆ خوا تۆیش حاجی مەمصادق! یاخوا ئەم جوتە قاچەی من بشکێ ئیتر نەکەوێتە دوای ئیشی خەڵکی! یاخوا ئەم زمانەم مار پێوەی بدا ئیتر نەتوانێ بۆ یارمەتی خەڵک بجوڵێ! خەتای خۆمە! دڵ نییە دوابڕاوە! ئەگەر سەعاتێ تاقەتی دەگرت ئێستا ئەم هەموو شەڕ و شۆڕمە نەدەبیست!

باوەگەورەکە نەختێ ئارام ببوو وتی: لەکوێ بووی لەدوێشەوەوە تائێستا؟

کامیار هیچ! بە لاقێکەوە لەدوای ئیشی ئەم کچانەدا!

باوەگەورەکە کچانە؟

کامیار چی ئەزانم؟ کچەتیوە! گەنم دەڵێم!

باوەگەورە دزێتەوە؟





Scanned with CamScanner

کامیار نە، بەڵام نزیکی بوومەتەوە!
باوەگەورە دوێشەو لەکوێ بووە؟ لەلای کێ بوو؟
کامیار جێگەی خۆش و بێ مەترسی بووە، لای یەکێ لەهاورێکانی.
باوەگەورە ئێستا لەکوێیە؟ بۆچی نارۆن بە دوایدا؟
کامیار بابە دان بە خۆدا بگرن! ئێستا خۆ ئیتر لەوێ نییە! قورمساخە وەکو کولە جێ ئەگۆڕێ! هەر کە دەگەینە دوومەتری ئەو ئەپەڕێ بۆ شوێنێکی تر! ئێستا ئێوە خۆتان زیز مەکەن. ئەمڕۆ و سبەی ئیتر کۆت کراو دەیهێنینەوە!
بە کورتی نیو سەعاتێکی تر لەگەڵ باوەگەورەدا قسەمان کرد تا ئارام بوویەوە و من و کامیار خواحافیزیمان لێکرد و هاتینە دەرەوە و هەر گەیشتینە باخەکە پێم وت
- بەڕاستت بوو جێگەی گەنمت دۆزیوەتەوە؟
کامیار من پێت ڕادەبوێرم! من دوێشەو لەکوێ بووم و گەنم دوێشەو لەکوێ بووە؟ ئێستا تۆ بڵێ بزانم چیت کردوە؟ بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە وتی:
- چەن قارەمانی لێ دەرهاتووە! کچەکە چۆن بووە؟ ناوی چی بوو؟ سومەیە؟
- ئا، تۆ دوێشەو چیت کرد؟
کامیار بەخوا جێت خاڵی، میوە، شیرینی، دێسێر و چا و ماست و هەموو چەرەساتێ!
بە کورتی لەگەڵ منداڵەکاندا کاتێکی خۆشمان بردە سەر! زۆر حەیف بوو کە نەهاتی!
- ئەمانە ناڵێم!
کامیار ئاخر ئەوانەی تۆ دەتەوێ بزانی ناتوانم بیڵێم! عەیبە!
- زەهری مار! دەڵێم سەبارەت بە بنەماڵەی گەنم چیت کرد؟
کامیار ئەها! هیچ، نیشانەیەکم لێ دۆزیونەتەوە. کوڕێکیان هەیە هاوتەمەنی ئێمەیە، لەوانەیە نەختێ گەورەتر. ئەدرەسەکەیم دۆزیوەتەوە.
- دەی! لەکوێیە؟
کامیار لەشانۆگەریەکی لای. . . ئیش دەکات. هەم هۆڵی شانۆیە و هەم سینەمایە.
- لەشانۆدا چیدەکات؟
کامیار ئەکتەرە.
- ئاخر کوڕەکە کێیە؟
کامیار لەوانەیە برای گەنم بێ.
- بەڕاستتە؟

کامیار ئا، بلێ بزانم گەنم چی لەسەر دیواری ماڵی ئەو کچەتیوە نوسیبوو؟
- هەرچی تۆ حەزت لێی بێ!
کامیار کچەکە هەروا وتی هەرکات حەزت کرد تەلەفونی بۆ بکەی؟
- ئا!
کامیار منیشی دەناسی؟
- ئا!
کامیار بێنە من تەلەفونێکی بۆ بکەم!
- بێتام مەبە! چیبکەین لەگەنم؟
کامیار دەتوانین چیبکەین؟ وازی لێبێنە جارێ هەتاکوو خۆی لەگەڵ خۆیدا ڕێبکەوێ.
ئەمەی وت زۆر دڵگران بووم. ڕۆیشتم لەسەر کورسییەکی باخەکە دانیشتم و سەرم خستە ناو لەپی دەستم. نەمدەزانی ئیتر چیبکەین. زۆر دڵتەنگ بووم. کتوپڕ دەستم بە گریان کرد! هەر بە دەست خۆم نەبوو! نازانم لەبەر عەشقی گەنم بوو یان لەبەر ئەو گوشارانەی لەم ماوەیەدا بە سەرما هاتبوو! نازانم بۆ گریام بەڵام حەزم دەکرد بگریم.
کامیار بەڵام بە گیانی تۆ چ شەوێ بوو! چ قسە خۆشە ئەم باوکی لیدایە! خۆزگە تۆیش دەهاتی! چەند هەواڵیان پرسیت! نەتپرسی بۆچی دەڵێم بەلاقێکەوە؟
سەرم بەرز نەکردەوە و هەروا دانیشتم. حەزم دەکرد بە تەنیا بم. کامیار هاتە کنم دانیشت و وتی: چ ماڵ و ژیانێکیان هەیە! هەموو قاپ و قاچاخەکانیان زیو و ئاڵتونە! سەیری کچەکانیان کە دەکەی ئەڵێی لەئەوروپا دای! گوێ ئەگری چی دەڵێم؟
سەرم ڕاوەشاند
کامیار چیتە؟ سەرت ئێشێ؟
بە سەر جوابی نەم دایەوە.
کامیار ئەی چیتە؟ سەرت بەرز کەرەوە بزانم!
بەزۆر سەری بەرز کردمەوە و هەر کە سەیری کرد دەگریم کتوپڕ شڵەژا و وتی:
کامیار چی بووە؟ دەڵێم چیتە؟
- هیچ بابە!
کامیار بۆچی دەگری؟
- خۆشم نازانم!
کامیار بۆ گەنم دەگریت؟

- نازانم! لەوانەیە بۆ گەنم بێت، لەوانەیشە بۆ چانسی خۆم بێت، لەوانەشە بۆ تۆ!

کامیار بۆ من؟

سەرێکم جوڵاند.

کامیار بۆچی بۆ من؟ نەکا بڕیارە بەڵایە مەلایەک بەسەرمدا بێت؟

- نە، دوێنێ شەو زۆر بێتاقەتت بووم! حەزم دەکرد لەلام بوویتایە و بەیەکەوە بڕۆشتینایە بۆ ماڵی ئەو کچەتیوە!

کامیار یاخوا جەرگم لەسەر تەتەشۆردا هەڵوەرێ! بە گیانی تۆ ئەگەر بمزانیایە، دوێشەو لەهەموویان دەگەڕام و دەهاتمەوە! بە گیانی باوکم دەمویست بێم بەڵام ئەم مردو مردوانە، تاکە پێلاوێکی منیان هەڵگرت و شاردیانەوە! بۆ ئەوەیە کە دەموت دوێشەو تا ئێستا یەک لاق بووم! تازە بەیانیش بە زۆر لێم وەرگرتن و ها! یاخوا کامیار بمرێ تۆ بێتاقەتی بووی! خۆزگە بمزانیایە و ئەو دوابڕاوە موبایلەکەم بشاردایەتەوە هات! تۆپیوانە بردیان و شاردیانەوە کەس تەلەفونم بۆ نەکات!

بە پەلەپەل دەستی بە سڕینی فرمێسکەکانم کرد! لەگەڵ ئەوەش دا هەر قسەی دەکرد کامیار ئەم یەک دوو شەوە زەختی زۆرت کەوتۆتە سەر! هەر وتم پێت هەستە بڕۆین، نەهاتی! هەر هیچ نەبێ هەوایەک لێی دەدای! ئێستا ئیتر مەگری! منیش خەفەت دەخۆم ها! واز بێنە! ئاخری هەر چیەک کە بیەوێ ببێ، هەر دەبێ خەتای من و تۆ نەبووە خۆ!

- دڵم بە وەی دەسوتێ ڕۆژێکیش لەعاشق بونم تێنەپەڕی بوو کە ئاوای لێهات! تەنانەت نەمتوانی قسەی لەگەڵ بکەم!

کامیار ئەوەیە! بنیادەم هەروایە! ئەگەر ئەوشتانەی کە حەزی لێیە لەبەر دەستی هەڵیگرن، خراپتر دەبێ! ئەوکاتەیە کە بنیادەم تەماع دەیگرێ!

- یانی دوێنێ شەو لەکوێ بووە؟ لەکوێ نوستوە؟

کامیار خۆ منال نیە ئیتر! یەکەمجاریشی نییە کە لەماڵ ڕۆیشتوە! نابەخێری خوێندکاری ئەم وڵاتەیە! لەوانەیە لەماڵی یەکێ لەهاوڕێکانیدا بووبێ!

- ئاخر کام هاوڕێی؟

کامیار سەد هاوڕێ و ناسراوی هەیە!

- سەیری چانس بکە تو خوا؟ ڕێک دەبێ ڕوداوی وا بە سەر ئەو کچەدا بێ کە من عاشقی بووم!

کامیار خەتای خۆتە!

- خەتای من چییە؟

کامیار بابە گیان ئەم هەموو کچە لەم باخەدا بوون! دەرۆشتیتە بەر پەنجەرەی یەکێکیتریان بە دزییەوە سەیرت دەکرد! ئێستا گەنم نەبوو، جۆ! جۆ نەبوو، گەنمەشامی! گەنمەشامی نەبوو ماش! لەخوا بەزیاو بێ هەموویان باشییان هەیە!

- وازم لێبێنە تاقەتم نیە!

کامیار ئەگەر دوێنێ شەو لەگەڵ مندا بهاتیتایە پێتم دەوت! بیست کچ لەوێ بوو، یەک لەیەک جوانتر! هەر کامیانت کە هەڵبژاردایە، دایک و باوکیان لەخوایان دەویست!

- من بە عەشق بازرگانی ناکەم!

کامیار هەستە برۆ تۆیش لەبەر چاوم! دوو لایە ئەم قسانە لەم دنیا و دەورەدا کڕیاریان نیە! ئێستا خەریکن لەسەر گیانی خەڵک بازرگانی دەکەن!

- ئەوەی کە وادەکات، بنیادەم نییە!

کامیار ئا، بنیادەم نییە، بەڵام جارێ هەیە و زۆر شتیشی لێدێ! ئێمەی خەڵکیش یارمەتی دەدەین!

- هیچکەس یارمەتی کەسێکی واناداتا!

کامیار با، دەیدا. گۆشت گران دەبێ، هەموو دەترسین و زیاتر دەیکڕین! مریشک گران دەبێ، هەروا! شیر گران، دەبێ هەروا! میوە گران دەبێ، هەروا!

- ئەمانە چ پەیوەندییەکی بە عەشقەوە هەیە؟

کامیار بۆ پەیوەندی نییە؟ دەی مەعشوقیش دەبێ گۆشت و مریشک و شیر و میوە بخوات تا هێزی تێبێ و جوان و ناسک و لوس بێ!

- برۆ بابە!

کامیار چ کەرێکە ها! تۆ تا ئێستا بینیوتەکە کچێ، شەش مانگ گۆشت و مریشک و میوە و شیر و ئەمشتانە نەخوات و جوانیش بێ؟ دەم وچاوی هەر وەکو وەرەقەی گرموڵەکراوی لێدێ! وادەزانی هەر لەدەرگاوە هاتەدەر، سەد عاشقی دڵ ماندو دەدۆزێتەوە؟ عەشق پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ گۆشت و مریشک و ماست و شیر هەیە! سەیری برسییەکانی ئەفریقا بکە! هەتاکوو ئێستا بیستوتە کە کچی لەم ئافریقایە برسیانەدا برۆنە هالیوود؟ ئەم کچە برسییە ئەفریقیانە ئەگەر بتەوێ بیانکەی بە شتێ بە کەڵک هاتوو کە بتوانی عاشقیان بێی، سەرەتا دەبێ بایان تێبکەی! جا ئەتۆ

هەلمەتێکی باشیان لێبدەی و جا پەنجا شەست کیلۆ گۆشت و مریشک و ماسی و میوەیان دەرخوارد بدەی هەتاکوو بتوانن لەسەر پێیان ڕاوەستن!

- باشە بابە باشە!

کامیار کە وایە بەم بڕیارە، دەکرێ کچێ بە کیلۆ حیساب بکەی! ئیتر کیلۆی چەند، پەیوەندی بە بازاڕەوە هەیە! لەکیلۆی میلیۆنێکەوە بیگرە و برۆ سەرەوە! هەرکامیان خواردنی باشتر بووبێ، یانی باوکی دەوڵەمەندترە! کچێکیش کە باوکی دەوڵەمەندتر بێ، دەکات بە واتەیە کیلۆی حەوت هەشت میلیۆن تمەن!

- کە وایە کاتێ ئەڕۆین بۆ خوازبێنی کچێ دەبێ تەرازویەکیش لەگەڵ خۆماندا ببەین؟

کامیار نە، پێویست ناکات! باوکەکە هەموو ڕۆژێ هەروا بە چاو کچەکەی دەکێشێ و نرخەکەی دێتە دەستێ! تۆ ئەم کاملیای خۆمانە سەیر بکە! دەزانی تا ئێستا کیلۆی چەند بۆ ئێمە کەوتوە؟ کەمتر لەمایە خۆ ناتوانین بیدەین! هەر ئەم خەرج و بەرجی زانکۆیە حەوت هەشت میلیۆن تمەنی تێچووە تا ئێستا! دەی ئەبێ خێری بخەینە سەر! خۆ نابێ ئێمە زەرەر بکەین!

باوکی داماوم هەمووکات دەڵێ بەرهەم هێنەر هەمووکات زەرەر دەکات! هەر ئەم پورێ ئەوانە ها! هەتاکوو ئێستا ئەم گەنمە کیلۆی چەند بۆیان کەوتوە؟ ئێستا ئیتر کاتی درەوە، ماڵەکە هەستاوە و ڕۆیشتوە! ئەو دوابڕاوە شتێک کە ناکرێ زۆر هەڵی گرێ! نەختێکی تیا بەسەر بچێ دەبێتە کیلۆی دوقران! ئیتر تەنیا بۆ ترشی باشە! بەڵام ترشییەکەی زۆر باش دەبێ ها!

- بنیادەم سەبارەت بە کچ ئاوا قسە دەکات؟

کامیار من گوم خواردبێ ئاوا قسە بکەم! دایک و باوکەکان وەها بیر دەکەنەوە! ئەگینا من خۆ کیلۆی هەرچەنێک بێ، بێ چەقە کڕیارم! ئەمە دایک و باوکەکانن کە نرخ دابین دەکەن! بەستەزمانە کوڕێکی گەنج گوایە هاتوە بۆ خوازبێنی کاملیا! بەستەزمانە دەستی بەتاڵە! باوکم پێی داگرتوە کە ئیلا و بیلا کیلۆی کەمتر لەدە میلیۆن تمەن نایدەم! کوڕە داماوەکەیش ڕۆیشتوە قەرز لەبانق وەربگرێ و بێت چوار کیلۆ کاملیا هەڵگرێ و بیبات!

- بەڕاستە یان نە؟

کامیار بە ڕاستمە بە گیانی تۆ! کوڕێک هاتوە و دەیەوەێ بێتە خوازبێنی کاملیا. تازە خوێندنی تەواو کردوە و دامەزراوە. باری ئابووریشی باش نییە. باوکم وتویەتی هەر





Scanned with CamScanner

قسەی لێ مەکەن! ئەڵێم ها! تۆ بێ و ئەم کاملیا ببە و برۆ! پەنجاو دوو کیلۆیە، لەگەل تۆدا چلوهەشت حساب دەکەین! خورد و خواردنی ساڵێکیشمان بۆ دابین کردوە! یانی تا کۆتایی زستان هیچ خەرجی نییە!

ـ بۆچی مەرە؟

کامیار قوڕ بەو سەرتە! لەسەر کچانەوە ئاوا قسە دەکەن؟

ـ ئاخر تۆ وا دەڵێی؟

کامیار بابە خۆ من نایڵێم! باوکم ئەمانە دەڵێ و وابیر دەکاتەوە!

ـ تۆ چی دەڵێی؟

کامیار تازەکی پێی وتوم! دەی شتێکی بۆ دەکەم. ئەگەر ئەو کوڕە باش و ڕێک و پێک بێ، چاکی دەکەم.

هەر لەم کاتەدا ئافەرین لەدوورەوە هات و هەر کە کامیار چاوی پێی کەوت وتی:

ـ ماشەڵا هەزار ماشەڵا! وا ئەزانی ئەمە چەند کیلۆ دەبێ؟

ـ دەبرۆ کامیار!

کامیار دەی دەبێ ئاگام لەگیرفانیشم بێ! ئەگەر دایک و باوکی لەگەڵماندا ڕێک کەون لەوانەیە مامەڵەکە سەر بگرێ!

ـ ئەوان خۆ لەخوایانە!

کامیار دەی یانی ئەوەی کە تەرازوەکە دەست لێنەدەن! پێش لەکێشانەکردن ئاوی پێنەدەن بیخوا! قورسایی جل و بەرگ و پێڵاو و ئەمشتانەشی لێ کەم بکەنەوە!

هەر لەم کاتەدا ئافەرین گەیشتە بەردەم ئێمە و ئێمەیش لەبەری هەستاین.

ئافەرین سەلام

کامیار تۆ چەن کیلۆی ئافەرین؟

ئافەرین چی؟

کامیار دەلێم چەند کیلۆی؟

ئافەرین بۆچی؟

کامیار- خەریکین پارەکەمان دەژمێرین!

ئافەرین قورسی من چ پەیوەندی بە سەر پارەی ئێوەوە هەیە؟

کامیار پارەی ئێمە پەیوەندی بە قورسی ئێوەوە هەیە!

ئافەرین یانی چی؟

ـ هیچ بابە ڕادەبوێری!
ئافەرین هەواڵی گەنم؟ حاڵی چۆنە؟
کامیار- ئەی، خراپ نییە. یانی هەروایە.
ئافەرین دلارام زۆر زویرە.
کامیار ئەی لەباوکی ئەو دلارام ە! بڕوانە چ ببینە چ شەڕێکی بەرپا کرد!
ئافەرین دەڵێم چۆنە بیبەین بۆ لای دەروونناسێ؟
کامیار ئەگەر دەستمان پێی بگا ڕێک دەیبەین بۆ شێتخانە!
خێرا ئیشارەم لێکرد یانی خەیاڵت لەکوێیە!
ئافەرین یانی چی دەستمان پێی بگات؟
کامیار جارێ لەژێر چاودێری باوە گەورەدایە! ڕۆیشتو لەوێ دایکوتیوە.
ئافەرین من دەتوانم چەند دەقیقەیەک لەگەڵیدا قسە بکەم؟
کامیار جارێ نە، تا دوایی بزانم چی دەبێ.
ئافەرین دوێشەو لەکوێ بووی؟
کامیار شێخێک هەیە دەم و دەستی پاکە. ڕۆیشتبووم بۆ خزمەتی بەشکم دوعایەک بکاو گرێ کوڵەکەمان بکاتەوە.
ئافەرین ئێ. . . ، بە ڕاستتە؟ خۆزگە بە منیشت بوتایە، دەهاتم! ئەوەندە حەز دەکەم یەکێ لەم شێخانە ببینم!
کامیار نابێ! ئەم شێخە تەنها دۆعا بۆ پیاوان دەکا.
ئافەرین کامیار، دەتوانم چەند دەقیقەیەک لەگەڵتا قسە بکەم؟
کامیار تۆ ئێستا دە دەقیقەیە خەریکی قسەم لەگەڵ دەکەی ئیتر!
ئافەرین مەبەستم بە تەنیایە!
کامیار ئا، بەلام بە مەرجێ سەبارەت بە زەماوەند و ژن هێنان و ژیانی هاوبەش دروستکردن و منال بون و ئەم شتانە نەبێ کە پەنجا کەس پێش تۆ لەسەرەدان بۆ قسەکردن!
ئافەرین دە برۆ، لەم سامانە فێر ببە!
کامیار چی لەمە فێر ببم؟
ئافەرین عەشق و خۆشەویستی!
کامیار ئەمە نەیتوانی بیست و چوار سەعات عەشقێک ڕابگرێ! من چی لێ فێر ببم؟



Scanned with CamScanner

ئافەرین یانی تۆ زۆر باش دەزانی ئاگاداری عەشق بی؟

کامیار بە شاهیدی ٤٠-٥٠ کەس ئا! من هەر پشتا و پشت پاسەوان بووم! ئیستاش ٤٠.٣٠ عەشقی تەڕو تازەم لەبەفرگردا هەڵگرتووە!

ئافەرین: تۆ هەر نابی بە بنیادەم! ئەمانەی وتت لەبیرت نەچێ هەتاکو وەڵامت بدەمەوە!

کامیار: ناشێ بتەوێ فایلێکم بۆ دروست بکەی! خوشکت فایلێکی بۆ گەنمی داماو دروست کرد بەس نەبوو!

ئافەرین: یاخوا ڕۆژێ خەریکی ڕابواردنی بتگرن و تەمێت بکەن، تا ئەم دڵەی من بسرەوێ!

کامیار: هەتاکوو ئێستا سەد جار گرتومیان! ئاخری هەر بشبێ بە سەدو یەکجار! چ جیاوازییەکی هەیە؟

ئافەرین قوڕ بە سەرت کەن! ئەمەی وت و بە تورەییەوە ڕۆیشت.

کامیار ئافەرین! ئافەرین!نەختێ ڕاوەستا و ئاوڕێکی لەکامیار دایەوە.

کامیار نەت وت چەند کیلۆی تۆ؟

ئافەرین بۆ دەتەوێ بمگریتە کۆڵ، کێشی منت دەوێ؟

کامیار نە، خەریکین شاجوان هەڵدەبژێرین!

ئافەرین برۆ لەنێو ئەوانی تردا هەڵی بژێرە!

کامیار کەرە تۆ لەسەرەتای لیست دای ها! لەقە لەبەختی خۆت مەدە!

ئافەرین سەیرێکی کامیاری کرد و پێکەنی و هەروا کە خەریکبوو دەرۆیشت وتی:

- چل و حەوت!

کامیار بە جلەوە یان بێ جل؟ دیسان ئاوڕی دایەوە و پێکەنی و ڕۆیشت.

- بە ڕاست چ تاقەتێکت هەیە کامیار! هیچ خەیاڵێکت خۆ بۆی نییە؟

کامیار بۆ هاوسەریتی؟

- ئا.

کامیار: نە بابە! ئەمە لەوانەیە کە هیچ فەرقی بۆی نییە من زەماوەندی لەگەڵدا بکەم یان باوکم! ئەمە تەنیا دەیەوێ شو بکا!

- لەڕاستیدا دەمویست هەر ئەمەت پێ بڵێم! هەر ئەم چەند سەعاتە لەمەوبەرە ئەگەر من خوازبێنیم لێ بکردایە، نەی نەیدەوت نە!

کامیار: تۆ شتم فێر مەکە بەبە گیان! وەرە جارێ برۆین بۆ لای باوەگەورە، ئیشم هەیە.

ـ ئیشی چی؟
کامیار بابە دەبێ بە پوریێ و ئەوان بڵێین کە گەنم هەستاوە و ڕۆیشتووە! لەوانەیە ئەوان بتوانن شتێ بکەن! سبەینێ ئەڵێن بۆ پێتان نەوتین.
ـ یانی ئیشێکی باشە؟
کامیار ئا. باشە، وەرە بڕۆین.
ڕێکەوتین بۆماڵی باوە گەورە لەڕێدا پێم وت چیبکەین لەو کوڕە؟
کامیار کامە؟
ـ ئەوەی کە دەڵێی لەوانەیە برای گەنم بێ.
کامیار شەو! شەو دەبێ بڕۆین بۆ هۆڵی شانۆ بۆ لای.
ـ یانی لەوانەیە بە ڕاستی هەرخۆی بێت؟
کامیار: کەسێک ئەم زانیارییانەی پێ دام، دەتوانی لەسەعاتێکدا کەس و کاری مراوییەک لەناوەڕاستی زەلکاوی ئەزەلییدا، لەناو هەزاران مراویدا، بناسێتەوە!
ـ دەڵێم کە وابێ نابێ بنەماڵەکەی خراپ بن!
کامیار بنەماڵەی کێ؟
ـ گەنم.
کامیار بۆچی؟ .
ـ دەی کاتێ براکەی پیاوی هونەرە، لەوانەیە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر بن!
کامیار خوا دەزانێ، بزانین شەو چی دەبێ. لەوانەشە ئەو هەتیوە برای گەنم نەبێ!
ـ خۆ خۆت وتت هەیە!
کامیار لەسەدا نەوەد هەیە. ڕاکە ژوورەوە گەیشتین.
گەیشتینە بەر دەرگای ماڵی باوە گەورە و کامیار وەکو جاران، دوو تەقەی لەدەرگاکەدا و ڕۆیشتە ژوورەوە بۆلەی باوە گەورەکە بەرز بوویەوە!
ـ دیسان لەپڕ هاتیتە ژوورەوە! لەبەر تۆ هەموو کات دەبێ دەرگا قفڵ و کلیل بکرێ؟
کامیار بابە ئیشێکی گرنگم هەیە!
باوەگەورەکە چی بووە؟ دۆزیتانەوە؟
کامیار نە بابە! هاتم بڵێم باشتر وایە باسی ڕۆیشتنی گەنم بە پوریێ و ئەوان بڵێین!
باوەگەورە سەیرێکی کامیاری کرد و ڕۆشت بۆلای پەنجەرەکە ڕاوەستاو سەیری باخەکەی کرد.

کامیار ئەگەر خوانەخواستە شتێ بقەومێ. . .

باوەگەورە سەرو ئەشەمەی خراپ لێ مەیە هەتیو!

کامیار دەتانەوێ من برۆم پێیان بلێم؟

باوەگەورەکە نە. ئەمشەویش دان بە خۆماندا دەگرین، بزانین چی دەبێ، ئەگەر هەواڵێکی لێ نەبوو خۆم بە جۆرێ پێیان دەڵێم.

کامیار دەتانەوێ بە پۆلیس بلێین؟

باوەگەورە نە. جوان نییە، خۆ ون نەبووە، کەسیش نەیدزیوە! جارێ با بزانین چی دەبێ.

من و کامیار ئیتر هیچمان نەوتو خواحافیزیمان کردو هاتینە دەرەوە

ـ کامیار تۆ زۆر بێ خەیاڵ!

کامیار یانی چی؟

ـ تۆ هەر ناڵێی کچە پورت ئاوای لێهاتووە!

کامیار چۆنی لێهاتووە؟

ـ ئاوا ئیتر!

کامیار بەخوا ئەو پورزامە، وەها کە من هەواڵم لێی هەیە، لەهەموو کاتێ، خۆشحاڵتر و شادترە!

ـ ونبە کامیار!

کامیار بۆ درۆ دەکەم؟ تازە خەریکە خۆی دەدۆزێتەوە! هەتاکوو پێش ئەم باسە کچێکی گێژی بێ سەر و زمان بوو! ئێستا الحمد و لیلا خەریکە وەکو شێری لێ دێ! لەبیرت چووە چی بە سەر سومەیە خانمدا هێناوە؟ هەتاکو پێش ئەمە دەیتوانی شتی وا بکات؟ هەر غیرەتی وای هەبوو؟

ـ نە، بەلام. . .

کامیار بەلام بێ بەلام! بەشکم ئەم ڕوداوە زۆر باش بێ بۆی! بابە لەم ولاتەدا لەکاتی خۆیدا ژن و کچ شێر بوون سواری ئەسپ دەبوون! تیریان دەتەقاند! ئەویش بە تیر و کەوان! بابە ژنی ئێرانی کاتی خۆی لەم ولاتەدا پاشا بووە! ئەم کچە خۆی بدۆزێتەوە! هەتاکوو ئێستا لەوانەیە زۆر شتی بووبێ کە لەوانە بووە لەدەستی دەرچێ! لەبەر ئەوەشە کە ترساوە! ئێستا وا دەزانێ ئیتر هیچی نییە لەدەستی دەرچێ، هەر بۆ ئەوەیە خەریکە وردە وردە بە خۆی دەگات!



Scanned with CamScanner

- من لەم قسانە تێ ناگەم! بهێلەبا بڕۆین یە دوایدا یان خۆم بڕۆم!
- ئاخر بۆ کوێ بڕۆین؟
- چوزانم! هوتێلەکان! هوتێلەکان! پارکەکان! هەرکوێیەک!
کامیار بە دوای سوژنێ لەکایەندا بگەڕێین؟
- ئەو خۆ ناتوانێ شەو لەشەقامەکاندا بخەوێ هەر دەڕوا بۆ ماڵی یەکێ!
کامیار وەکو کێ؟
- وەکو هاوڕێکانی! ئاخری خۆ هەر هاوڕێیەکی هەیە، بڕوا بۆ لای؟ ئەو کچانە کێ بوون؟ ناهیدە، سابرینا، مەهسا!
بیری کردەوە و پێکەنی و وتی:
- نیلوفەر! پەریسا! شەقایق! وەی خوا بمکوژێ کە چەندە بێ خەم بووم.
- منیش هەر ئەوەندە دەڵێم! ئێمە هەر هیچ نەبێ دەمانتوانی هەواڵی لەمانە وەربگرین!
کامیار تۆ حەقتە! خەتای ئێمەیە! یانی منی قوڕبەسەر خەتابارم!
- ئێستا زانیت!
کامیار قوبووڵمە! بێ خەمی و خەتاباریم قوبوڵەو هەر شێوە تەمێیەک بە دل و بە گیان دەسێنم! هەر ئێستا دەڕۆم قەرەبووی بکەمەوە! دەبێ سەر لەیەکە یەکەی ئەم خاتونانە بدەم و هەواڵ وەربگرم! وەی خوایە چەندە ئیشم هەیە! هەستە بڕۆین بۆ قەرەبوو!
- نانی نیوەڕۆ بخۆین!
کامیار بە زەهرم بێ ئەو نانە! من هەتاوەکو هەواڵ لەیەکە یەکەی ئەمانە وەرنەگرم خۆ نانم بۆ قوت ناچێ!
- من برسیمە!
کامیار چەقۆ بخۆی! بەدوای ئەو کچەتیوەدا بگەڕێی زەروورە یان نان؟
- چۆنە تۆ کتوپڕ ئەونە خەم خۆر بووی؟
دەستی گرتم و ڕای کێشامو وتی: وتت ناهیدەو سابرین و کێ؟
- مەهسا.
کامیار خوایە گیان شەش کەس! هەروا منی ڕادەکێشا پێم وت:
- ئەمڕۆ خۆ فریای هەموویان ناکەوین!
کامیار تۆ هەستە خوا یارمەتی دەدا!



Scanned with CamScanner

ڕۆیشتینە گەراج و ئۆتۆمبێلەکەی کامیارمان هێنایە دەر و سەر کەوتین و ڕۆیشتین و من تەلەفونێکم بۆ ژاکلین کرد کە ئادرەسی هاورێکانی گەنمی لێ وەرگرم. تەنیا ئادرەسی دووانیانی هەبوو. شەقایق و نیلوفەر. وا بڕیاردرا کە ئادرەسی ئەوانی تر لەو دووانە وەربگرین.

ماڵی شەقایق نزیکتر بوو. ڕۆیشتین بۆ ماڵی ئەوان، نزیک سێ چارەکێ دوای ئەوە گەشتین و دابەزین و زەنگمان لێدا. کچێ ئایفۆنی جواب دایەوە کە دەرکەوت شەقایق خۆیەتی. چەند دەقیقەیەکی پێ چوو تا هاتە بەر دەرگا. ئەت وت دەستێکی بە خۆیدا هێنا بوو و جلی گۆڕیبوو. هەر کە گەشت وتی: فەرمو وەرنە ژوورەوە! ئێرە باش نیە! فەرمون.

کامیار کە چاوی بە شەقایق کەوت کە کچێکی جوان بوو، هەر لەبیری چوویەوە کە بۆچی هاتوینەتە ئەوێ! دەستی بە هەواڵپرسی کرد.

کامیار سەلام خانم چۆنن؟

شەقایق زۆر سوپاس، ئێوە چۆنن؟

کامیار الحمد و لیلا! باشی باش! باوکت چۆنە؟

شەقایق سوپاس، باشن.

کامیار الحمدالله، دایکت چۆنە؟

شەقایق پێکەنی و وتی: ئەوان چەند ساڵێکە مردون!

کامیار الحمدالله! ببوورن ببوورن! یانی ئیشەڵلا خاک بەسەر گۆڕەکەیدا بباریێ! یانی نور بە سەر گۆڕەکەیدا بباریێ! وەڵلا شڵەژام! ئێوە ئەوەندە خان و مان و سەلارن، زمانم قنچکە سڵاوەی دەرکردووە.

شەقایق پێکەنی و وتی: قنچکە سڵاوە خۆ هی چاوە!

کامیار ئەوەندە ئێوە گوڵن، هەموو گیانی ئێمە گوڵی دەرهێناوە! وەکو ئەم زەویەی پارکی میللەت! خوا خێر بەم شارەوانی تارانە بدا! هەرکوێی دەست دەکەوێ شتێکی پیا ئەچەقێنێ! یانی چڵێ گوڵی پیا ئەچەقێنێ!

شەقایق لەوانەیە ئێوە کاک کامیار بن؟

کامیار نۆکەرتانم! لەکوێ زانیتان؟

شەقایق لەو تاریفانەی کە گەنم لەگاڵتەچیی ئێوە کردویەتی!

کامیار کە چاوی لەچاوی شەقایق هەڵنەدەگرت، بە پێکەنینەوە وتی:



Scanned with CamScanner

- ببوورن گەنم کێیە؟
شەقایق لەقا قای پێکەنینی دا و وتی: کچە پورەکەتان ؟
کامیار ئەها! ئەوە خۆ کردیان بە ئاردو تەواو بوو ڕۆیشت بە لای ئیشی خۆیەوە!
بە ئەنیشکم سیخورمەیەکم لێدا و بە شەقایقم وت:
- ببوورن لەکاتمان کردی، دەمویست بزانم ئێوە هیچ هەواڵێکتان لەگەنم نییە؟
شەقایق نە! هیچ بووە؟
کامیار نە بابە! خەریکین بۆ ڕێکخراوی سایلۆ ی تاران ئامارێک دەگرین! ببوورن ئێوەش لەزانکۆدان؟
شەقایق لەگەڵ گەنمدام.
کامیار خوا ئێوە بۆ بنەماڵەکەتان بێوەی کات! دەرسەکان چۆنن؟ قورسە؟ سوکە؟
شەقایق ئەی، خراپ نییە. وەرنە ماڵەوە توخوا! ئێرە خۆ باش نییە.
کامیار بەسەرچاو، هەرچی ئێوە بڵێن!
ویستی بڕوا قۆڵیم گرت و وتم:
- ببوورن خاتو شەقایق، ئێوە ئادرەسی چەند هاوڕێی دیکەتان هەیە بە ئێمەی بدەن؟
شەقایق کامیانتان دەوێ؟
کامیار ئەوانەی کە جوانترن!
مۆ ڕەیەکم لێکرد و بە شەقایقم وت ئەوانەی لەگەڵیدا نزیکترن.
کامیار بەڵێ بەڵێ! یانی ئەوانەی کە نزیکترن.
شەقایق بەڕاستی شتێکی لێ قەوماوە؟
- نەختێ لەگەڵ بنەماڵەکەیدا ئاڵوزییان بووە و تۆراوە!
شەقایق ئۆی کە ناخۆشە! لەوانەیە بێت بۆ ئێرە!
کامیار دەڵێم چۆنە ئێمە هەر لێرە چاوەڕوانی بین هەتاکوو بێت؟
مۆ ڕەیەکی ترم لێ کرد و بە شەقایقم وت:
- ئەگەر هەر ئە ئادرەسانەمان پێبدەن سوپاستان دەکەین.
شەقایق ئێستا بۆتان دەنوسم و دەیهێنم.
کامیار ئەگەر دەستتان هیلاک دەبێ، با من بێم و بۆتانی بنووسم! ئاخر من باوکم میرزا بووە! شەقایق پێکەنی و ڕۆشتە ژوورەوە.
کامیار یاخوا لەماڵەوەیان قەڵەم جاف و قەڵەم و قەڵەم نوک نەبێ، مەجبوور بێ من


Scanned with CamScanner

بانگ بکا کە بۆی بنووسم!

- کامیار داناڕژێی؟

کامیار: کێ هەتاکوو ئێستا بۆ نوسین داڕژاوە کە من ببم! هەر ئەگەر نووسین داڕژینی ببوایە کەی ئەم هەمووە بۆ قوتابخانە، و ئامادەیی و زانکۆ دەڕۆیشتن!

- بەخوا من بم لەجیاتی تۆ تەریق دەبمەوە!

کامیار: تۆ بۆچی لەجیاتی من تەریق دەبیتەوە! هەر بۆچی ئێمە خەجالەتی بکێشین؟ ئەوانەی کە(ا، ب، ت، پ، ن) یان داهێناوە دەبێ تەریق بینەوە!

- زەهری مار.

مۆبایلەکەم دەرهێنا و ژمارەی گەنمم وەرگرت بەڵام مۆبایلەکەی داخرابوو. یەک دوو جاری تر وەرم گرت بەڵام بێ سود بوو. هەر لەم کاتەدا شەقایق بە وەرەقەیەکەوە هاتە دەرەوە و وتی فەرموون. ئەمانەم لەبیرا بوو.

هەر کە ویستم وەرەقەکە وەربگرم کامیار خێرا وەرەقەکەی وەرگرت و وتی:

- لەماڵەوە قەڵەم جافتان هەبوو؟

شەقایق بە سەر سوڕمانەوە سەیری کرد و وتی: ببوورن. تێ ناگەم!

کامیار هیچ. هیچ! دەڵێم ئێوە بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی دەڕۆن بۆ زانکۆ؟

شەقایق نە، خۆم دەڕۆم.

کامیار خۆتان بە تەنیا دەڕۆن؟

شەقایق دەی ئا!

کامیار هەزار ماشاللە لەئێوە بێ! دەڵێم بێ تاقەت نابن کە بە تەنیا دەڕۆن؟

وەرەقەکەم لەدەستی گرت و بە شەقایقم وت:

- خانم زۆر زۆر سوپاس بۆ یارمەتییەکەتان، بە ڕاستی چاکەتان کرد.

شەقایق تکادەم. تکایە هەر کات کێشەکە کۆتایی هات هەواڵیکم بدەنێ!

کامیار بەسەر چاو! دڵنیا بن! هەر خۆم دێم بۆ ئێرە کە مزگێنیشتان لێ وەربگرم!

شەقایق پێڵاوتان سەرچاو. هەرکات بێن خۆشحال دەبم.

کامیار منیش خۆشحال دەبم! هیچ کە خۆشحال دەبم، زۆریش حەزدەکەم!

شەقایق دەستی بە پێکەنین کرد کە دەستی کامیارم گرت و ڕامکێشا بۆ لای ئۆتۆمبێلەکە و هەروا بەو شێوەیە خواحافیزییەکم لەشەقایق کرد و دەرگای ئۆتۆمبێلەکەم کردەوە و کامیارم بە زۆر دانیشاندە پشت سوکانەکە و خۆشم لەولاوە سەرکەوتم. کامیار هێشتا

خەیاڵی لای شەقایق بوو کە قیراندم بە سەریدا و وتم کامیار!

کامیار: ئەی دەرد و کامیار! ئەی دەردی بێ دەرمان و کامیار! دڵم داکەوت! بۆچی دەقیرێنی؟

ـ خەیاڵت لەکوێیە؟

کامیار خەریکم بە دوای ئۆتۆمبێلەکەدا دەگەڕێم!

ـ کام ئۆتۆمبێلە؟

هێشتا هەر خەریکبوو سەیری شەقایقی دەکرد و هەروا لەگەڵ مندا قسەی دەکرد!

کامیار هەر ئەوەی کە پێی هاتین بۆ ئێرە ئیتر!

ـ خۆ ئێمە ئێستا لەئۆتۆمبێلەکەداین!

خێرا خەیاڵی هاتەوە شوێنی خۆی و بە سەرسوڕماوییەوە وتی:

ـ ئێمە کەی هاتینە ناو ئۆتۆمبێلەکە؟

ـ هەر پێویستی نەکردووە بڕۆین بە دوای گەنمدا! بگەڕێرەوە بۆ ماڵەوە!

کامیار بۆچی من دڵم تاقەت نەگرێ، واز لەو کچەتیوە بێنم لەم شارەدا بەم پان و پۆڕییە؟

ـ خۆ تۆ هەر وشەیەکیش سەبارەت بە گەنم قسەت نەکرد؟

کامیار ئۆی! چ قسەیەک؟ من هەمووی سەبارەت بەو بەستەزمانە قسەم کرد!

ـ دارزێ کامیار!

کامیار خۆمن ئیتر هیچم نەنووسی کە تەریق بمەوە؟

ـ ڕێکەوە بڕۆین بۆ ماڵەوە!

کامیار سێ ساڵ ناگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە! ئەو کچە ئێستا پێویستی بە ئێمە هەیە!

ـ کام کچە؟ گەنم یان ئەوانی تر؟

کامیار فەرقی چییە؟ تۆ چاکە بکەو بیخەرە دیجلەوە خوا لەشەمێراندا ئەیداتەوە ئەدرەسەکەی تر بخوێنەرەوە بزانم!

ـ برسیمە بابە!

کامیار مەقیرێنە خاتو شەقایق هێشتا لەبەردەرگا ڕاوەستاوە!

ـ دەی ڕێکەوە بڕۆین ئیتر!

کامیار دەمەوێ بڕۆم بەڵام پێکانم بە گوێم ناکەن!

ـ دەی هەستە من دانیشم!



Scanned with CamScanner

کامیار- دەتەوێ من هەر لێرە ڕاوەستم تا تۆ بڕۆیت و بێیتەوە؟

- دەڕۆی یان نە؟

کامیار دەی تۆ ئۆتۆمبێلەکە بخەرە ئیش من دڵم نایەت!

- دە تۆش کامیار!

کامیار هەر هیچ نەبێ تۆ گێڕەکە بگۆڕە! چەند دڵڕەق بووی تۆ ئەمڕۆ!

دەرگاکەم کردەوە و بە شەقایقم وت:

- تکا دەکەم ئێوە بڕۆنە ژوورەوە! تەریقمان مەکەنەوە!

شەقایق تکادەکەم، خاوەن ماڵن...

- ئۆتۆمبێلەکە گەرمی کردووە دەبێ نەختێ فێنک بێتەوە، نەختێکی پێ دەچێ!

شەقایق دەی فەرمونە ژوورەوە چایەک بخۆنەوە هەتاکوو ئۆتۆمبێلەکە فێنک بێتەوە!

هەر کە ئەمەی وت، دەستی کامیار بۆ لای دەسکی دەرگاکە ڕۆشت کەمن خێرا سویچەکەم سوڕداو ئۆتۆمبێلەکە کەوتە ئیش! کامیار جوێنێکی لەژێر لێوەوە پێدام کە من گوێم پێ نەداو بە شەقایقم وت:

- دەی کەوتە ئیش، ئێوە ئیتر فەرمون خواتان لەگەڵ.

کە ئەمەم وت، شەقایق بە مەجبووری خواحافیزییەکی کرد و ڕۆیشتە ژوورەوە کە کامیار وتی: یاخوا کوڕە تۆ دەست خەیتە ئالتون و جەواهیرەوە، خۆڵەکەوە دەربهێنێ! ئاخر ئەمە چی بوو کردت؟ چی پەیوەندییەکی بە تووە هەیە ئاخر؟ کچەتیوە دەیەوێ دەقیقەیەک لەبەردەرگا ڕاوەستێ و بایەک لێی بدا!

- بەخوا کامیار دادەبەزم!

کامیار دەی جا بۆ نا! دابەزە!

- ئادرەسەکانیش دەدڕێنم و فڕێی دەدەم!

سەیرێکی ئەو وەرەقەیەی کرد کە بە دەستمەوە بوو و پێکەنی و وتی: گاڵتە دەکەم بابە! من خۆ هەر بە بێ تۆ بۆ هیچ کوێ ناڕۆم! من و تۆ ڕۆحێکین لەدوو جەستەدا! بۆ دەبێ ئێمە لەیەک جیا بکرێینەوە!

- ئەگەر ئەدرەسەکان بە دەستمەوە نەبوایە ئەمانەت دەوت؟

کامیار : سەد دانە لەم ئادرەسانە بە قوربانی تاڵێکی قژت! بیخوێنەوە ئادرەسی دوایی با بڕۆین و فریای ئیشی ئەم کچەتیوە بێ گوناحە بکەوین بابە! چییە هەر دانیشتوین بە یەکەوە دەمەقاڵەمانە!

ـ هەر خوا تۆ دەناسێ و بەس! من جارێ برسیمە!
کامیار نانت پێ دەدەم! چاوم کوێربێ! پەراسوشم نەرم بێ! چی دەخۆی ئەزیزم؟
ئێستەیک دەخۆی؟ شتریل دەخۆی؟ کەباب بە برنجەوە دەخۆی؟ چی دەخۆی بڵێ!
ـ هەر لێرەدا لەفەیەک بێتە بیخۆین بڕۆین بە لای ئیشمانەوە!
کامیار بەسەرچاو ! بەسەرچاو ئا، ئا!
ئەمەی وت و ڕێکەوت. منیش خەیاڵم لەلای وەرەقـەی ئادرەسەکان بوو کە لێم نەفرێنێ! و ئەگینا ئەگەر ئەم وەرەقەیە بکەوتایەتە دەستی تا شەو نەمدەدۆزییەوە!
ئاخری لەبەردەمی لەفە فرۆشیەکەدا ڕاوەستاین و دوو لەفەمان کڕی و خواردمان و ڕۆیشتین بۆ لای هاوڕێکانی تری گەنم.
ئەو ڕۆژە توانیمان سەر لەسیانی تریان بدەین و بگەڕێینەوە ماڵەوە یانی کامیارم بە زۆر هێنایەوە بۆ ماڵەوە!
بە کورتی دەست لەپێ درێژتر گەیشتینە ماڵەوە و ئیتر لەڕوومان نەهات بڕۆین بۆ لای باوەگەورە! هەردووکمان ڕێک ڕۆیشتین بۆ ماڵەوەمان تا پشویەک بدەین و شەو بڕۆین بۆ لای ئەو کوڕە کە برای گەنم بوو.
هەر کە گەیشتمە ژوورەوە قیرەی باوک و دایکم بەرزبوویەوە! دایکم بە پەلەپەل دەستی بە گۆڕینی برینپێچەکەی قۆڵم کرد و باوکم هەر دەیبۆلاند کە بۆچی نەڕۆشتم بۆ کارخانە!
هیچ جوابم نەدانەوە و هەر کە برین پێچەکەی قۆڵم تەواو بوو، ڕۆیشتمە ژوورەکەم و خۆم خستە سەر تەختە خەوەکەم و خەو بردمیەوە. ئەوەندە ماندوو بووم کە هەر نەمزانی چۆن خەوتم! تەنیا کاتێکم زانی بە دەنگی دایکمەوە بە خەبەر بوومەوە کە سەعات نزیکەی ٦ی دوانیوەڕۆ بوو! بە پەلەپەل حەمامێکم کرد و جلەکانم گۆڕی و لەماڵەوە هاتمە دەرەوە و ڕۆیشتم بە دوای کامیاردا کە دایکی وتی: لەگەراجە، ڕۆیشتم بۆ لای گەراج سەیرم کرد ئەویش ئامادەیە و خەریکی ئۆتۆمبیلەکەیەتی، هەرکە منی چاو پێکەوت وتی: ئیتر دەمویست بێم بە دواتا.
ـ خەوم لێکەوت! زۆر ماندوو بووم.
کامیار لەگەڵ ڕەقیبەکەتدا هاتی؟
ـ لەگەڵ چیمدا؟
کامیار بۆدی گاردەکەتدا!

- چی دەڵێی؟
بە چاوەکانی سوچی باخەکەی پێ نیشان دام و وتی:
- عاشقی دل ماندوت خۆی بۆ حەشار داوی!
ئاورم بۆ شوێنێ دایەوە کە نیشانی دابوو و سەیرم کرد. ڕاستی دەوت! دلارام لەپشت درەختێکدا، بە دووری سی مەترێ ئەولاتر ڕاوەستا بوو خەریکبوو سەیری دەکردین.
کامیار لەم کچە خۆت دوور بگرە لەبەرئەوەی کە جێگەی مەترسییە!
- بۆچی؟
کامیار: عاشقان چەند بەشێکن. بەشێکیان سڕو ساردن هەرچیان لێبکەی دەنگیان دەرنایەت! وەکو مەجنونی خوالێخۆش بوو! بەشێکی تریان خۆیان ئازار دەدەن! وەکو فەرهادی خوا لێ خۆش بوو! بەڵام بەشێکیان جێگەی مەترسین و خەڵکی ئازار دەدەن! وەکو ئەم دلارامە! عەشقی لەدەست دەرچێ ئەیکا بە تۆڵە!
- نە بابە وایش نییە!
کامیار ئەگەر ئەم دلارامە لەم شەوانەدا نەهاتە ژوورەکەت و سەرتی بە چەقۆیەک نەبڕی!
- فیلمی پۆلیسیت زۆر دیوە!
کامیار سەرکەوە بڕۆین کە درەنگ دەبێ.
هەردووکمان سەر ئۆتۆمبێلەکە کەوتین و ڕۆیشتین بە دوای براکەی گەنمدا. هەروا کە دەرۆیشتین بە کامیارم وت: کامیار، ئەگەر نەتوانین گەنم بدۆزینەوە چی دەبێ؟
کامیار هیچ! بۆچی ئێمە بووینە هۆی ئەم ڕووداوە؟
- نە، لەڕوانگەیەکی ترەوە دەڵێم.
کامیار لەڕوانگەی ئەوەوە کە خۆشت دەوێ؟
- ئا.
کامیار تۆ دلنیای کە خۆشت دەوێ؟
- ئا.
کامیار من وانازانم.
- بۆ؟
کامیار بڕوانە! ئەگەر ئەمە ڕووی نەدایە، ئەوکاتە تۆ بە دلنیاییەوە دەتتوانی بڵێی

خۆشت دەوێ یان نە!

- ج پەیوەندییەکی هەیە؟

کامیار ئێستا خۆشەویستی لەگەڵ دڵسۆزی و تەماح بە یەکەوە تێکەڵ بووە! نەختێ خۆشت دەوێ! نەختێ دڵت بۆی ئەسوتێ! ئەوەڵای دەبێتە تەماح!

- یانی چی؟

کامیار: چون لەلات نەبووە! بنیادەم وایە! کاتێ شتێکی لەبەر دەست لادەبەن یان لێی دەستێنن یان لێی قەدەغە دەکەن، تەماح دەیگرێ! ئەگەر گەنم ئێستا لەلات بوایە، لەوانەیە هەر بەو سەیرکردن و قسەکردن لەگەڵیدا و پێکەنین تێر دەبووی! کاتێ ڕێت لەدوو ڕەگەزی جیاواز گرت، مامەڵەیان لەگەڵ یەکتریدا. هەر کە بە یەک گەیشتن دەبێ بە زیادەڕۆیی! تەماح! یانی بنیادەم کە هەموو کات ئاوی لەبەردەستدایە، تەنیا تونیەتی خۆی پێ دەشکێنێ، بەڵام بنیادەمێ کە ماوەیەک ئاوی چاو پێ نەکەوتبێ. ئەوەندە دەخواتەوە کە وەختە بتەقێتەوە! ئێستاش لەوانەیە هەستی تۆ، تەنیا عەشق نەبێ!

- ئاخری بۆ ئەوەی لەو هەستە تێ بگەم، پێویستە بیدۆزمەوە.

کامیار بڵێ بە هیوای خوا.

- بزانم، کە کوڕەکەمان چاو پێ کەوت دەتەوێ چی پێ بڵێی؟

کامیار تۆ هیچ مەڵێ کە شتەکان دەشێوێنی! من خۆم شتێکی لێدەکەم.

نیو سەعاتێ دوای ئەوە گەشتینە سەروی و... لەوێ کامیار ئەدرەسی لەچەند کەس پرسی و ڕۆیشتینە خوارەوە و گەشتین بەو هۆڵی شانۆیە کە وا دیار بوو کوڕەکە لەوێ ئیش دەکات.

ئۆتۆمبێلەکەمان لەشوێنێکدا ڕاگرت و ڕۆیشتین دوو بلیتمان کڕی و ڕۆیشتینە ژوورەوە، شانۆکە هێشتا دەستی پێ نەکردبوو. کامیار لەوەی کە بلیت وەردەگرێ هەواڵی کوڕەکەی پرسی، زانیمان کە کوڕەکە هەر ئەوەیە و ئێستاش لەپشتی تەختی شانۆکەدا. خەریکە خۆی بۆ شانۆگەری ئامادە دەکات. ڕێگەیەکیش کە دەڕۆیشت بۆ پشتی تەختی شانۆکە داخرابوو نەیان دەهێشت کەس بڕوا بۆ لای شانۆ کارەکان.

لەگەڵ کامیاردا ڕاوەستابووین و دامابووین کە چیبکەین خێرا کامیار فێڵێکی دۆزییەوە. دوو کوڕ کە لەلای ئێمەوە ڕاوەستابون. ئەوەی کە بچوکتر بوو، سەرئاوی دەهات و گەورەکە هەر پێی دەوت کە دەبێ خۆی ڕابگرێ هەتاکوو باوکیان بێت. کامیار کە ئەمەی بیست بە کوڕە گەورەکەی وت: مامە دەتانەوێ بڕۆن بۆ سەرئاو؟

کوڕەکە سەیرێکی کامیاری کرد و وتی: بەڵێ بەلام نازانین لەکوێیە!

کامیار وەرن من نیشانتان دەدەم.

جا خۆی دەستی منالە بچوکەکەی گرت و ئیشارەی لەمنیش کرد کە دەستی کوڕە گەورەکە بگرم هەر چوارمان ڕێکەوتین بۆشوێنێ کە هەم دەگەشتە سەرئاو و هەم ڕێگەی پشت تەختی شانۆکە بوو! هەر کە گەشتینە دەرگاکە، کابرایەک ڕێی لێگرتین و وتی:

ـ هەتاکوو شانۆ دەست پێ نەکات، نابێ کەس بڕوا بۆ سەرئاو!

کامیار بە ئەسپایی پێی وت: کاکە ئەمانە ئەوەندە گەن و گویان خواردووە کە دوور لەڕووتان، سکیان دەچێ! ئەگەر نەهێڵی هەرئێستا بیان بەم بۆ سەرئاو دەبێ سەتڵێک و خوڵڕێژێک و گسکێک و نیو کیلۆ خۆڵەکەوە بهێنی هەتاکو سەر و عەرزی هۆڵی چاوەڕوانی لەپیسی پاک بێتەوە! ئیتر خۆت دەزانی!

کابراکە پێکەنی و دەرگای کردەوە و ڕۆیشتینە ژوورەوە. کامیار سەرەتا منالەکانی برد بۆ سەرئاو و کاتێ ئیشەکەیان تەواو بوو هێنانییە سەرەوە و ناردنی بۆ هۆڵی چاوەڕوانی و دەستی منی گرت و بردمی بۆ ژووری میکیاج.

هەرکە لەچەند قادرمە سەرکەوتینە سەرەوە گەشتین بە ڕێڕەوێکی بچووک کە بینیمان کوڕێک بە جلی ئەکتەرییەوە، لەکاتێکدا دەست و دەم و چاوی ڕەش کردووە، ڕاوەستاوە و خەریکە لەگەڵ دوو پیاوی تردا قسە دەکات! قسە کە چی بڵێم! ئەو دووانە خەریکبوون هەڕەشەیان لێ دەکرد و ئەویش لێیان دەپاڕایەوە کە ئابڕوی نەبەن. ئێمە جێگەمان بە شێوەیەک بوو کە لەپشت کوڕەکەوە بووین و چاوی لەئێمە نەبوو!

کامیار نەختێ ڕاوەستاو گوێی گرت و جا ڕۆیشتە پێشەوە کە ئەو دوو پیاوە بێدەنگ بوون و ئیشارەیەکیان بۆ کوڕەکە کرد و وتیان: ئەمانە لەگەڵ تۆدان؟

کوڕەکە ئاوڕی لەئێمە دایەوە کە کامیار پێی وت: ئێوە کاک (نوسرەت)ن؟

کوڕەکە سەیرێکی ئێمەی کرد و وتی: بەڵێ فەرموون!

کامیار کاک مەنسور ئێمەی ناردووە!

کوڕەکە کاک مەنصور کێیە؟

کامیار ئێوە نایناسن؟

کوڕەکە نە!

کامیار وتی پێتان بڵێم بەو ناو نیشانە کە دەهەزار تمەن قەرزارتان بووە!

کامیار ئەمەی وت، ئەو دوو پیاوە کە زۆریش مل هوڕ بوون وتیان:

ـ کەوایە کاکە خێرا قەرزەکەت بدەرەوە هاورێکەت ئێستا زۆر پێویستییەتی!

هەردووکیان دەستیان بە پێکەنین کرد! کامیار دەستی کرد بە گیرفانیدا و دەدانە هەزاری دەرهێنا، یەکێ لەپیاوەکان هاتە پێشەوە، لەکامیاری بگرێ. هەر کە دەستی درێژ کرد، کامیار پارەکانی هێنایە دواوە و وتی:

ـ من دەبێ ئەم قەرزە بدەم بە کاک نوسرەت! ئیتر خۆی دەزانێ!

ڕۆیشتە بەردەم ئەو کوڕە، دەدانە هەزار تمەنییەکەی کردە مستی و خێرا ئەوانیش لێیان وەرگرت و بە زارێکی ناشرینەوە پێیان وت:ـ ئەوەڵای.

کوڕەکە بە لالانەوە وتی: بە مەولا ئەگەر قرانێکم ببێت! تا دوای شانۆکە ڕاوەستن، ئەختێکیتان پێ دەدەم و تا کۆتایی هەفتە هەمووی ڕاست دەکەمەوە.

هەر کە ئەمەی وت یەکێ لەپیاوەکان یەخەی گرت و زللەیەکی دا بە گوێیدا و وتی:

ـ نانەجیم، پێت ئەڵێم ئیتر کاتت نییە! یان هەر ئێستا یان ماددەکە بدە یان پارەکەی.

کوڕەکە: بە گیانی هەرسێکمان ئێستا پارەم نییە!

کابراکە زللەیەکی تری دا لەبن گوێی و وتی:

ـ دەت کەم بە پارە ئێستا! مادەکانت بە کێ فرۆشتووە؟

کوڕەکە بەخوا داومە بە چەند کەسێک، ئەمڕۆ و سبەی پارەکەی وەردەگرم!

دەستی کابراکە ڕۆیشتە سەرەوە کە یەکێ تری لێ بدا کە کوڕەکە دەستەکانی گرتە بەر دەم وچاوی و وەکو بگری وتی: لێم مەدە توخوا! کاک سەیی! دەزانم مل قەویت و پاڵەوان! منیش کاتی لێدانم نییە! سەرو چاوم بریندار دەبێ و ناتوانم بڕۆمە سەر تە ختی شانۆ، ئەو کاتە ئەو چەند قرانەیش ناتوانم پێتانی بدەم!

من کتوپڕ تێک چووم و بەو کابرایەم وت: بۆچی لێی دەدەی؟ وڵات بێ یاسایە؟

هەر کە ئەمەم وت کابراکە دەنگێکی لەگەروییەوە دەرهێنا و وتی:

ـ پەیوەندی بە تووە نییە جوجەڵە؟

ـ ئەگەر جارێکی تر لێیی بدەی من دەزانم و تۆ!

کابراکە هەروا کە دەهات بۆلای من وتی: سەرەتا لەخۆت دەدەم، ئیتر فرە ڕێسیت لەبیر بچێ!

دوو هەنگاوی هەڵگرت کە کامیار پێی وت: ئەگەر دەستت بە سەر ئەمدا بەرز بێتەوە بە دایک و باوکت ڕاسپێرە با منداڵێکی تر بۆ خۆیان ساز بکەن با عاسای کاتی پیریان بێ!

که کامیار ئەمەی وت، کابراکە ڕاوەستاو تاوێ سەیری کامیاری کرد و پاشان ڕۆشت بۆلای کوڕەکە و وتی: یا هەر ئێستا ئەوەلای حسابەکەت دەدەی یا ئابڕوت وەها دەبەم کە لێرە بتکەنە دەرەوە!

کوڕەکە تەنها سەیری دەکرد کە کابراکە وتی: دەی دەی یا نا؟

کوڕەکە: من کە پارەم نییە. ئاخرییەکەش ئەوەیە کە لێرە دەرم دەکەن! بەلام دەمەوێ بزانم بەمە دەڵێی پیاوەتی؟

کابراکە وتی: سەرە سەڕ مەکە! پارەت نییە، بڕۆ لەهاوڕێکانت قەرز وەربگرە!

کوڕەکە ئەوانیش باریان لەمن لارترە!

کامیار حسابەکەی چەنێکە؟

کابراکە ڕوویکرد بووە کامیار و وتی: تۆ دەتەوێ تاوانی هەڵبگری؟

کامیار لەوانەیە!

کابراکە (دە) ی داوە، پێنج گەلای تریش لەسەری!

کامیار دەستی کرد بە گیرفانیداو جزدانەکەی دەرهێنا و پێنج هەزار تمەنی ژمارد و دای بە کابراکە. کابراکەش بە پێکەنینەوە ڕوویکردە کوڕەکە و وتی: چاوت لێی بوو وتم دەتکەم بە پارە! دیسان پێکەنینێکی کرد و لەگەڵ ڕەفیقەکەیدا لێیدا و ڕۆیشت،ماینەوە من و کامیار و کوڕەکە.

کوڕەکە نەختێ ڕاوەستا تا ئەو دووانە ڕۆیشتن پاشان پێی وتین: دەستتان خۆش بێ! ئەمانە زۆر پیسن! ئەگەر ئێوە نەبونایە بە ڕاستی دەیانکردم بە پارە!

کامیار لێوت خەریکە خوێنی لێدێ!

بە قۆڵەکەی، خوێنی سەر لێوی سڕی و وتی: من کاک منصور ناناسم! کێیە ئەوەی کە دەیڵێن؟

کامیار پێکەنی. کوڕەکەش پێکەنی و وتی: فشە بوو؟

کامیار ئەی، نەختێ.

کوڕەکە دەستی بۆ کامیار درێژ کردەوە و وتی: هەرچییەک کە بوو، لەکاتی خۆیدا فریام کەوتن! لەگەڵ کامیاردا دەستی دایەوە و پاشان لەگەڵ مندا دەستی دایەوە و پاشان وتی: دەبێ ئیشێکتان بە من ببێ! ئەکتەرێکی ناسراو نیم کە ویستبێتتان ئیمزاو میمزایە شتێکم لێ وەربگرن، هەر ئیشێکی ترتان پێم هەیە!

کامیار لەوانەیە.

کوڕەکە جارێ شانۆ خەریکە دەست پێ دەکات و ئەکتەرە ژنەکەشمان لەگەڵ ڕەشە سوارەکاندا هێشتا نەهاتووە! وەرن بڕۆین بۆ (دەم و چاوخانە)هەتاکوو ئێوە چایەک بخۆنەوە ئێمەش قوڕێک دەکەین بەسەر خۆماندا!

من هەلگەڕامەوە و سەیری کامیارم کرد کە وتی: بە ژووری میکیاژ دەڵێی! ؟

کوڕەکە ئێمە دەڵێین (دەم و چاو خانە)! ناوە کۆنەکەیەتی! تۆ جارێ وەرن تاکو دواتر بە یەکەوە قسە بکەین.

هەرسێکمان ڕۆیشتین بۆ پشت تەختی شانۆ. لەوێدا یەک دوو پیاو خەریک بوون میکیاژیان دەکرد و بە یەکەوە قسەیان دەکرد، یەکیان کە وا دیاربوو بەڕێوبەریان بوو زۆر دڵگران و تووڕە بوو هەر کە چاوی بە کوڕەکە کەوت لەگەڵیدا دەستیکرد بە شەڕکردن و وتی:

ـ هەمووی خەتای تۆیە! ئەم کچ و کوڕە تۆ هێناتن ئەگینا ئێشم پێ نەدەدان کە ئێستا دەستم بخەمە ناو پێستی گوێزا! دەستم بە خەنەوە بێ!

کوڕەکەـ بابە هاکا! هاتن! هێشتا چارەکێکی ماوە!

کابراکە خەریکبوو بە پەلەپەل تاجێکی دەکردە سەری ء وتی: ئەگەر نەیەن چ قوڕێ بکەم بە سەرما؟ چی جوابی خەڵک بدەمەوە؟ چی جوابی خاوەن شانۆکە بدەمەوە؟

کوڕەکە خۆی زۆر کۆک بوو وتی: ئێستا تۆ جارێ خۆت دڵگران مەکە کاک ڕەجەب! ئاخری هەر چاک دەبێ!

کاک ڕەجەب چی چاک دەبێ؟ لەئاسمانەوە ئەکتەرم بۆ دەبارێ؟ خەریکم پێت دەڵێم کاک نوسرەت، ئەگەر ئەمانە ئەمشەو نەیەن و شانۆکە تێک بچێ، لەسبەی شەوەوە خۆیشت لەم ناوەدا دەرنەکەوی! والسلام!

نوسرەت: ئاخر پیاوی ئێوەش خۆ نەهاتووە!

ڕەجەب خان ئەگەر پیاوی من نەهاتووە، کۆنترۆڵ چی شانۆکەم خستۆتە جێی. دەوری ئەویش کە چارەکێ زیاتر نییە! کە خەڵکی دانیشاندە سەر کورسییەکانیان دێت و جل لەبەر دەکا! ئەو دووانی ترە چی لێ بکەین؟

نوسرەت بیری کردەوە کە کاک ڕەجەب کە مکیاژ و جل لەبەرکردنی تەواو ببوو پێی وت

ـ ئەم دووانە هاوڕێتن؟

نوسرەت نا، یانی نا!



Scanned with CamScanner

کاک ڕەجەب ئاخری نا یا نە؟

(نوسرەت) نا بابە، نا!

کاک ڕەجەب دەی جلیان لەبەر بکەو بیان نێرە ژوورەوە! سورێ بخۆن شانۆکە تەواو دەبێ!

نوسرەت ئاخر ئەمانە....!

کاک ڕەجەب نەیهێشت قسەکەی تەواو بێت وتی: ئاخری ناویێ! کوڕەکە کە ڕەشەسوارە هەر قسە ناکات! کچەکەش کە دوو هەناسە هەڵدەکێشێ و ئەرێ و نەرێیەک دەڵێ و چوار هەنگاو دەڕوا! ئەم هاوڕێیانەت خۆ ڕێ ڕۆیشتن دەزانن ئیتر! شانۆکەش کە لەسەر خۆتەوە دەسورێ! چوار هەڵیت و پەڵیت بڵێ و دوو قن سورێبە و خەڵکی بهێنە پێکەنین و پەردە دادرایەوە!

لەپاشان ڕوویکردە من و کامیار و وتی: ئێوە دەڵێن چی؟

کامیار یانی ئێمە بڕۆین دەوری شانۆ بگێڕین؟

کاک ڕەجەب بەڵێ!

کامیار- یانی لەم جلانە لەبەر بکەین و مکیاژ بکەین و بڕۆینە سەر تەختی شانۆ بۆ بەر چاوی خەڵک؟

کاک ڕەجەب نا ئیتر!

کامیار یانی من و ئەمە هێشتا نەگەیشتوین ببین بە ئەکتەری شانۆ؟

کاک ڕەجەب شانۆی هاملێت بەڕێوە نابەن! دەورێکیشتان خۆ نییە! یەکێکتان ڕمێک بە دەستییەوە دەگرێ و لەسوچێکەوە وەکو پەیکەر دەوەستێ! ئەویتریشتان کڵاو قژێک دەکاتە سەری و تەنورەیەک لەپێ دەکات و چارەکەیەک دەکاتە کوڵی و دەبێ بە کچی سوڵتان! سێ چوار دێڕیش زیاتر نابێ بڵێ! دەی ئەگەریش نەی وت نەی وت! ئەم هاوڕێتانە شانۆکە بەڕێوە دەبات! هەر شانۆ لەسەر ڕەشە دەگەڕێ و ئەویش هەر گاڵتە دەکات! ئێوە چوار جار دەڕۆنە سەر شانۆ و دەگەڕێنەوە! هەر ئەوە!

کامیار یانی من کڵاو قژ بکەمە سەرم و ئەمیش ڕم بە دەستەوە بگرێ و بڕۆینە بەرچاوی خەڵکی؟

کاک ڕەجەب دەی نا ئیتر!

کامیار من سەد ساڵ لەمانە ناکەم! ئێوە ناڵێن کە ناسراوێ شتێ چاوی بە ئێمە بەم شکڵ و شێوەیە بکەوێ و بناسێتەوە چ ئابڕوییەکمان دەچێ؟

کاک ڕەجەب ئەگەر هاوڕێی ئەم کاک نوسرەتەن، لەبەر هاوڕێیەتی ئیشێکی هەر بۆ دەکەن. ئەگەریش نە هەر ئەمشەو ئەم برادەرەت لەم شانۆیەدا دەردەکرێ!

کامیار دەرنەکرێ دەرئەکرێ! چ پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە؟

هەناسەیەکی ئاسودەییم هەڵکێشا کامیار ئەمەی وت! هەر دەترسام بە ئەخلاقێکەوە کە کامیار هەیەتی و هەموو کات بە دوای ڕووداوی سەیر و ئەم شتانەوەیە، کتوپڕ قوبووڵی بکات و ئابڕومان لەبەرچاوی خەڵکیدا بروا! کە ئەمانەی وت ئاسودە بووم!

کامیار دەی سیناریۆکەتان بگۆڕن!

کاک ڕەجەب نابێ!

کامیار دەی ئێستا سیناریۆکە چییە؟

کاک ڕەجەب کچێکی پاشایە کە عاشقی شاگردە تاجرێک دەبێ. تاجری جەواهیر! عەرەبێکی دەوڵەمەندیش خوازبێنی کچی پاشایە. کچەکەش نایەوێ شووی پێ بکا!

کامیار کاتی شانۆکە کۆنە؟

کاک ڕەجەب ئا بابە! ئەی بۆ چارەکە و شمشێر و ڕم و قەڵغان و ئەم شتانەت ئەبینی؟

کامیار جا کچەکە نابێ لەسەر شانۆ قسە بکات؟

کاک ڕەجەب با! دوو هەناسە هەڵدەکێشێ و دووجار دەڵێ (دەردت لەگیانم بێ تۆ نامینم لەدوریت ڕۆژم وەک شەو تارە) هەرئەمە! تازە ئەوەش ئەم نوسرەتە بە ئەسپایی بە گوێیدا دەیچرپێنێ و ئەویش دووبارەی دەکاتەوە! خۆ هیچی پێناوێ!

کامیار. لەخۆوە مەڵێ هیچی ناوێ! یەکێ کە تا ئێستا نەڕۆیشتۆتە سەر تەختی شانۆ، لەوانەیە کە هەر پێی گەیشتە سەر تەختی شانۆ لەبەر چاوی خەڵک، کتوپڕ ببوورێتەوە! ئیشەکە زەحمەتە! بەم ئاسانییەش نییە! ئەکتەرە گەورەکانیش جاری یەکەم گوێ تێ دەکەن! ئێستا ئێوە چاوەڕوانی ئەوەن کە ئێمە ئەم جلانە لەبەر بکەین و مکیاژ بکەین و کلاو قژیش بکەینە سەرمان بڕۆینە سەر شانۆ بۆ بەرچاوی سێسەد چوارسەد کەس؟ ئەویش بۆ یەکەمجار؟ ئێوەیش توخوا! چ چاوەڕوانیەکتان لەبنیادەم هەیە!

ویستم منیش لەچەسپاندنی قسەکەیدا شتێک بڵێم کە ڕویکردە نوسرەت و وتی:

- حیجاب میجابیشی هەیە ئەو کچەتیوەی پاشا؟

کاک ڕەجەب: شتێکی ئاسک بە سەریدا دەدا ئیترا!

کامیار من پیاوی ئاسک و ماسک نیم! دەتانەوێ بێ حیجاب بڕۆم، بسم الله! بێنە پێم

بده ئەو کلاوقژە بزانم قژەکەی چ ڕەنگێکە؟

من هەر بە بێ متەق سەیری کامیارم دەکرد کە نوسرەت بە پەلەکلاو قژێ کە قژی ڕەشی هەبوو دایە دەست کامیار!

کامیار ئەمە بۆ قژی ڕەشە؟ من کاڵم حەز لێیە! ئیتر نیتانە!

ـ کامیار، خەریکی چی دەکەی؟

کامیار دەمەوێ میکیاج بکەم!

ـ چی بکەی؟

کامیار میکیاج بابە! میکیاج! تۆش بڕۆ جل لەبەر بکە! کاکە بەساقەت بم ڕمێکی باش بدە بە دەست ئەم خزمەمانەوە!

کلاو قژەکەی کردە سەری و ڕۆیشتە پێش ئاوێنە و دەستێکی بە قژی کلاو قژەکەدا هێنا و وتی: کاک ڕەجەب ئەم کڵاو قژە هی چ دەورانێکە؟ ئێستا ئیتر ڕەنگی قژی خانمەکان هەمووی های لایتە! چۆن ڕەق بووە قژەکان؟ بابە نەختێ شامپۆ بڕژێن بەسەر ئەم کلاو قژانەدا و چنگێکی لێگیر بکەن! بۆگەنی کردووە!

پاشان ڕویکردە نوسرەت و وتی: گوڵی قژێ شتێکتان نییە؟

نوسرەت نیو تاجێک دەکەینە سەرت!

کامیار باشیشە ڕیشم سێ تێخە کردووە ها! هەر دەڵێی ئەمڕۆ دڵم لێی دابوو کە دەبێ بڕۆمە سەر تەختی شانۆ!

ڕامکێشایە سوچێک و پێم وت: شێتە! دەتەوێ بە ڕاستی ڕاستی بچیتە سەر تەختی شانۆ؟

کامیار دەی ئا!

ـ من نایەم!

کامیار جا بۆ بێی! خۆم بە تەنیا ناوبانگ دەرئەکەم!

ـ بە ڕاستمە!

کامیار بۆ تۆ عاشقی گەنم نیت؟

ـ با، بەلام چ پەیوەندییەکی هەیە؟

کامیار پەیوەندییەکەی ئەوەیە ئەگەر ئێمە ئێستا یارمەتی ئەم نوسرەتە بدەین، ئەویش لەکاتی خۆیدا یارمەتیمان دەدات! ئەگەر ڕاستیمان پێ بلێ و دەرکەوێ کە ئەو بە ڕاستی برای گەنمە و هەواڵ بۆ گەنم بنێرین کە براکەی دۆزراوەتەوە، هەر دەگەڕێتەوە

بۆ ماڵەوە! ئێستا تێگەیشتی؟
زانیم ڕاست دەکا بەڵام زۆر بۆم قورس بوو کە بڕۆمە بەر چاوی ئەم هەموو خەڵکە
ـ ئاخر چۆن بڕۆینە سەر تەختی شانۆ؟
کامیار هیچی ناوێ خۆ! بڕیار نییە خۆ هیچ بکەین!
ـ ئاخر دەترسم!
کامیار ترسی ناوێ! هەر کات ڕۆیشتینە سەر تەختی شانۆ، سەیری خەڵکی مەکە!
هەر سەیری من بکە، منیش سەیری تۆ دەکەم!
ـ من ناتوانم ئاخر!
کامیار: بڕوانە سامان! من تەنیا لەبەر تۆ خەریکم شتی وادەکەم و ئەگینا گەنم بۆ من تەنیا کچە پورێکە، برایەوە! ئەگەر نەیەیتە سەر تەختی شانۆ، منیش وازی لێدێنم و بە یەکەوە لێرە دەڕۆین. بەڵام ئەگەر لێرە ڕۆیشتین ئیتر نابێ ناوی گەنم بێنی! باشە؟
ـ ئاخر ئەگەر یەکێ لێرەدا ئێمە بناسێتەوە چی؟
کامیار سەرەتا خۆ دزی ناکەین و خەریکین ئیشی هونەری دەکەین! دوای ئەوەش، دەڵێم ڕیشێ شتێ بنوسێنن بە دەم وچاوتەوە کە ڕوخسارت بگۆڕێ! کاتێ تۆ ئەوە دەڵێن، ئەی من چی بڵێم کە خەریکن دەمکەن بە مەعشوقەی شاگردێکی تاجر!
ـ دەی ئەگەر نارەحەتی، تۆ وەرە ببە بە سەرباز. من ببم بە کچی پاشا!
کامیار نە، من لەمنداڵییەوە ئاواتم ئەوە بوو باوکم سوڵتان بێ.
ڕەجەب خان: یاڵلا بابە درەنگە!
کامیار کاک ڕەجەب بەساقەی دەستت بم، ڕیشێ بنوسێنە بە دەم وچاوی ئەم خزمەماندا!
ـ وەرە ئێرە خێرا! ڕاکە!
ڕۆیشتم بۆ لای کاک ڕەجەب، لەبەر ئاوێنەکەدا و ئەویش ڕیشێ ڕەش و درێژ و سمێڵێکی قەوی، نوساند بە دەم و چاومدا و جلێکی دا پێم کە کردم بە سەر جلەکانمدا و ڕمێکیان پێدام لەگەڵ قەڵغانێکدا! هەر کە لام کردەوە کە بە کامیار بڵێم ئیتر قەڵغانمان بۆ چی دەوێ کە سەیرم کرد کامیار خەریکە بە دوودڵییەوە جلێکی ژنانە لەبەردەکا و هەر ڕەخنەی لێدەگرێ!
کامیار ئەمە چ جلێکە ئاخر! بەم جلانەوە خۆ هیچ شازادەیەک نایەتە خوازبێنیم! کچی سوڵتانتان چاو پێکەوتوە کە وەکو سواڵکەرەکان جل لەبەر بکا؟ بگەڕێ بەشکم لەو

سندوقەدا شتێکیتر بدۆزیتەوە!

نوسرەت: بابە هەر ئەمەمان هەیە کە مۆدێلی کۆنە!

کامیار کاول بێ ئەم شانۆتانە! چارەکەکەم کوا؟

نوسرەت وەرە، ئەمەتە!

کامیار ئەمە خۆ لای خوارەوەی داڕزاوە! ئەمە پاشای کام وڵاتە؟ پاشای زیمبابۆیە یان ئانگۆلایە کە ئەوەندە سەر و سیمای کچەکەی تۆقینەرە؟

نوسرەت: بابە ئەمانە هەر دیار نابێ! تۆ هەر پشتت لەخەڵکە!

کامیار هەر هیچ نەبێ گوارەیە، ملێ، بازنەیە شتێکم بدەنێ بیدەم لەخۆم! سەد ڕەحمەت لەشانۆکانی خوارەوەی شار!

کاک ڕەجەب: بابە تۆ چارەکێکیش لەسەر تەختی شانۆ نیت ها!

کامیار پێڵاو چی؟ بەم پێڵاوە پیاوانەوە برۆمە سەر تەختی شانۆ؟ خەڵک ناڵێن کچی پاشا جوتێ پێڵاوی نەبووە لەپێی بکات؟

کاک ڕەجەب: ئەوە پێڵاوە بن بەرزەکان لەکوێیە؟ هی ئەو کچەتیوە بوو!

نوسرەت رایکرد و جوتێ پێڵاوی بن بەرزی لەشوێنێ هێنا و دای بە کامیار.

کامیار خوا بکا بۆ پێم باش بێ! ئەی گۆرەوی؟ گۆرەوی نایلۆنتان هەیە؟

کاک ڕەجەب خۆ گۆرەوی ناوێ!

کامیار ئەی لەژێر ئەم تەنورەیەوە پانتۆڵ لەپێ بکەم؟ ئاخر کچی پاشا لەژێر تەنورەکەیەوە پانتۆڵی گاباردین لەپێدەکا؟

نوسرەت گۆرەویمان نییە ئاخر!

کامیار دەی پێشتر ئەم کچەتیوە چی لەپێ کردوە؟

نوسرەت دەی پانتۆڵ ئیترا!

کامیار من ناتوانم لەژێر ئەم تەنورەیەوە پانتۆڵ لەپێ بکەم! تەنورەکە هەر لەپەسا دەنوسێ بە پانتۆڵەکەمدا و هەموو گیانم دیار دەبێ!

هەموومان دەستمان کرد بە پێکەنین کە کامیار لەژێر تەنورەکەیەوە، دەستی بە داکەندنی پانتۆڵەکەی کرد و وتی: ڕوتان بکەنە ئەولاوە بزانم!

ئەم کاک ڕەجەبە ئیتر مردبوو لەپێکەنیندا

کامیار ڕۆشتنە سەر تەختی شانۆ زۆر ئاسان بوو ئێستا دەبێ بە گریانیشەوە برۆمە سەر تەختی شانۆ! ئەویش بۆ جاری یەکەم!

پانتۆڵەکەی داکەند و دەقی کرد و لەسوچێکدا داینا و وتی: ئەی بلوس؟ دەبێ بە کراسێکی پیاوانە و تەنورەیەکەوە بڕۆمە بەرچاوی خەڵک؟

نوسرەت لەپێکەنیندا فرمێسک لەچاوەکانی دەهاتە خوارەوە بلوسێکی ژنانەی پێدا کە کامیار وەری گرت و سەیرێکی کرد و وتی: ئەمە لەبەربکەم؟ بابە هەر هیچ نەبوایە بتانوتایە بلوسی یەکێ لەکچە پورەکانم لەگەڵ خۆم بهێنایە! ئەمە خۆ قوماشەکەی متقالە! هەر هیچ نەبێ لای کەمەکەی کچی پاشا دەبێ قوماشی حەریری لەبەردا بێ یان نە؟ ئێستا ئیتر لەبازاڕدا، فەقیرە داماوەکان کرێپ و ژرژێتیان لەبەردایە! دەی خوایە گیان توشی چ باوکە سوڵتانێکی داماو و ڕۆژ ڕەش بووم!

ئێمە لەوێدا ئەوەندە پێکەنین کە دەنگمان ڕۆیشتە دەرەوە و خاوەنی شانۆکە هات بزانێ لەوێ چ باسە! کاتێ کامیاری بە جلی ژنانەوە چاو پێ کەوت، بە سەر سوڕماوییەوە وتی:

ـ ئەو کچە نەهاتووە؟

کاک ڕەجەب: ئێستا دەگات! تا ئێمە دەست پێبکەین گەیشتوە!

خاوەنی شانۆکە سەیرێکی تری کامیاری کرد و وتی:

ـ خێراکەن! ئێستا دەنگی خەڵک بەرز دەبێتەوە!

ئەمەی وت و ڕۆیشت کە کامیار وتی:ـ بۆدرەی سپیاوەکەتان لەکوێیە؟

نوسرەت لەقوتویەکدا نەختێ بۆدرەی سپیاوی دا لەدەم وچاوی

کامیار سوراوا! ئەی سوراوی لێو؟

نوسرەت بابە قەدەغەیە! ئەو کچیشە بەبێ مکیاژ دەچووە سەر شانۆ!

کامیار بابە ئەو کچ بوو خۆ من پیاوم! هەر هیچ نەبێ با نەختێ لەکچ بچم کە بۆگەنەکەی بەرز نەبێتەوە!

نوسرەت بە پێکەنینەوە نەختێ سوراوی ساوی بە لێویدا کە هاواری کامیار بەرز بویەوە.

- بۆچی خەریکی پەنجەرە بۆیە دەکەی؟ ئاگات لەخەتی لێوم بێ! چوو بە لوتما ئەم سوراوە! بێنە خۆم لێی بەم!

ئاخری بە پێکەنین و گاڵتە، کامیار کڵاو قژ و نیو تاجەکەی کردە سەری و قوماشێکی ناسکی دا بەسەریدا و هەموومان ئامادە بووین کە بڕۆینە سەر شانۆ! من خەریکبووم سەر و شکلی خۆم سەیر دەکرد کە کامیار وتی: کاک ڕەجەب!

کامیار من ئەمزانی!
ڕەجەب لەخەڵک؟
کامیار نە، لەم عەرەبە نەکا بەڕاستی منی پێ بدەن؟
کتوپڕ دەنگی پێکەنینی ئێمە بەرز بوویەوە کە دیسان خاوەنی شانۆکە هاتە ژوورەوە و تورە بوو لێمان! ئێمەش بێدەنگ بووین و ڕێکەوتین بۆ سەر تەختی شانۆ و ڕۆیشتینە سەرەوە.
هێشتا پەردەی شانۆکە دادراوە بوو کە کامیار دەستی کاک ڕەجەبی کە دەوری پاشای دەبینی گرت و وتی: کاک ڕەجەب نەکا کتوپڕ هەموو شتێک تێک بچێ؟
کاک ڕەجەب بە هێمنی ئیشارەی پێکرد و وتی: س س، خەڵک دەبینن، تۆ هیچ خەمت نەبێ، هیچ نابێ! تۆ جارێ لەو پێشتەوە ڕاوەستە. کاتێ کە جاڕدرا کەکچی سوڵتان دێتە بارەگاوە تۆ بە هێواشی وەرەو دانیشە لەسەر کورسییەکەی لای منەوە. ئیتر حەقت نەبێ.
کامیار من دەبێ چی بڵێم؟
ڕەجەب تۆ هەرنایەوێ قسە بکەی!
کامیار دەبڵێن چی دەبێ بڵێم هەر بە جۆرێ دەیڵێم!
کاک ڕەجەب نە! تۆ ئێستا ترساوی و پەشۆکاوی و لەوانەیە گوی تێکەیت و خراپی بکەی! ئێمە خۆمان ڕێکی دەخەین.
کامیار دەی من ئێستا بۆ کوێ بڕۆم؟
کاک ڕەجەب بابە مەترسە! بۆ ئەوەندە پەشۆکاوی؟
سەیرم کرد بە ڕاستیەتی! کامیار بە ڕاستی پەشۆکابوو! بە ئەسپایی پێم وت:
-کامیار گیان تۆ تەنیا برۆ لەسوچێکدا دانیشە! هەقت چییە ئەمانە چی دەکەن! خۆیان دەزانن دەبێ چی بکەن!
کامیار ئاخر دەترسم ئیشی ئەم داماوانیشە خراپ بێت! نازانم بۆ ئەوەندە ترساوم!
نوسرەت: بابە ئێستا پەردەکە لا دەدرێ!
کامیار: دەقەیەک ڕاوەستن بابە! چییە!
کاک ڕەجەب ئەزیزم مەترسە! تۆ وەرە لەپێش دەرگاوە ڕاوەستە. هەر کە بە دەنگی بەرز وتیان کچی سوڵتان دێتە ژوورەوە تۆ هێواش وەرە بۆ لای من! من خۆم دەستت

ڕەگرم و دات دەنیشینمە کن خۆم. هەر ئەمە ئیتر تۆ هیچ ناکەی هەتاکوو پەردەی یەکەم تەواو بێت! تێگەیشتی؟ کامیار سەری ڕاوەشاند.

کاک ڕەجەب هیچ نەڵێی ها! بڕۆ پشت ئەو دەرگایە.

کامیار ڕۆیشتە ئەو پشتە و کاک ڕەجەب منی بردە پشت تەختەکەی خۆی و وتی:

ـ تۆش ئەم ڕم و قەڵغانە بگرە تا کۆتایی شانۆکە! هەر ئەمە!

ئاخری کاتێ هەموو لەسەر جێگەی خۆیان ڕاوەستان، کاک ڕەجەب ئاماژەی بە بەڕێوەبەری شانۆکە کرد و پەردەکە ڕۆیشتە سەرەوە کە دڵی من کتوپڕ داخورپا! دەمم بوو بە داری وشک! ئەژنۆکانم دەستی کرد بە لەرزین! وردە وردە لەرزینەکە گەیشتە دەستەکانم! وەها دەلەرزیم کە ڕم و قەڵغانەکە خەریکبوو لەدەستم دادەکەوت! نەمدەوێرا ئاوڕ بدەمەوە و سەیری هۆڵەکە بکەم! دەترسام ئەگەر چاوم بە خەڵک بکەوێ، لەترسا هەر لەوێ بیبوورێمەوە! بەزەییم بە کامیاردا دەهاتەوە! نەمدەزانی چۆن لەو پشتەوە دەیەوێ بێ بۆ ئێرە! ئەویش بەو پێڵاوە بن بەرزانەوە! هەم پێکەنینم دەهات هەم گریان!

لەم کاتەدا خەڵکی دەستیان بە چەپڵەڕێزان کرد و ڕەجەب دەستی پێکرد و وتی:

ـ چ ڕۆژێکی بە شکۆیە ئەمڕۆ! کچەکەمان، شاهدۆخت لەکوێیە؟

نوسرەت کە دەنگی گۆڕا بوو وەکو کەسێ قسەی دەکرد یانی زمانی تورە بوو وتی:

ـ کچەکەتان لەدارن قوربان!

پاشا لەدار کوێیە؟

نوسرەت لەدار پشت دەرگا!

پاشا ئەها! دەتەوێ بڵێی لەدەرەوەن؟

نوسرەت بەڵێ قوربان.

پاشاه بەعلی نە! بەڵێ! بڵێ با بێتە ژوورەوە!

هەر کە ئەمەی وت، نوسرەت قیڕاندی:

ـ خانمی خانمان! گلێنەی چاوی پادشاه! تاجی سەری هەموو مەملەکەت! شاهدۆخت دێنە ژوورەوە.

ئێمە هەمووومان چاومان لەوێ بوو دڵمان نەمابوو کە کامیاری داماو چۆن دێتە سەر شانۆ! بەڵام هەر چەند ڕاوەستاین هیچ هەواڵێ لەکامیار نەبوو! نوسرەت و ڕەجەب ڕەنگیان بە ڕوویەوە نەما! من کە وتم یان کامیار ڕای کردووە یان هەر لەوێ

بووراوەتەوە! دیسان نوسرەت دیسان ئەوانەی بە دەنگی بەرز وتەوە کە سەیرمان کرد

دەقەیەک دوای ئەوە دەرگا کرایەوە و کامیار لەکاتێکدا بە مۆبایلەکەی خەریکە قسە

دەکا و قوماشە ناسکەکەی کە بڕیار بوو بە سەریەوە بێ، بە دەستییەوە و بنێشتێکیش

لەدەمیدایە، بەو پێلاوە بێ بەرزانەوە تەقە تەق هاتە سەر شانۆ! نوسرەت و کاک ڕەجەب

و ئەوانیتر بێ متەق سەیریان دەکرد کە هەر لەوێوە دەستێکی بۆ پاشا ڕاوەشاند و

پاشان دەستێکی خستە سەر مۆبایلەکە کە یانی دەنگی نەڕواتە ناو تەلەفۆنەکە و بە

پاشای وت:

- های دادی!

هەر کە ئەمەی وت دەنگی پێکەنینی خەلک بەرز بوویەوە! ئێمە تەنیا سەیری کامیارمان دەکرد! دەنگی وەکو دەنگی ژنان ناسک کردبوویەوە و بە نازەوە قسەی دەکرد و بەو پێلاوە بێ بەرزانەوە هەر دەڕۆیشتە ئەولاو هەر دەهاتە ئەملا و بە نازێکەوە دەڕۆشت کە خەلکی لەپێکەنیندا مردبون! دیسان دەستی خستە سەر تەلەفون و بە پاشا کە هەر ئەو کاک ڕەجەبە بوو و داماوە زمانی ئاوسا بوو وتی:

- لەدەرەوەی ولاتە دەی! ئێستا تەواو دەبێ!

دیسان دەستی بە قسەکردن لەگەل تەلەفونەکەدا کرد.

- ئەلەو! بلێ دەی گیانت دەرچێ! دەلێم من ناتوانم بێم!

- چ کەرێکە ها! دەمتوانی بلیتی فڕۆکەیەک بکڕم و خۆمت پێ بگەیەنم!

- بارعام دەزانی چییە؟ باوکم بارعامی داوە!

خەلک دەستیان بە پێکەنین کرد! هێواش هاتە پێشەوەی تەختی شانۆکە و کتوپڕ پێی خستە سەر دەسکی کورسییەکە و تەنورەکەی بردە سەرەوە و دەستی کرد بە خوراندنی قاچە ڕوت و توکاوییەکانی کە ئیتر هۆلەکە وەکو توپ تەقییەوە! ژن و پیاو و مندال خەریکبوون لەپێکەنیندا دەمردن! کامیار سەیرێکی کردن و وتی:

- لاقتان نەدیوە ترکنانە؟ باشە ئێستا کاتم نەبوو شیلەی لێبدەم!

دیسان دەنگی پێکەنین بەرز بویەوە! سوڕێکی خوارد و هاتە ئەملاوە و لەتەلەفونەکەدا وتی: خوا بتبڕێ توتڕک! چ توتڕکێکە! دەلێم باوکم سەرت لەلەشت جیابکاتەوە ها! دە بڕۆ ئیتر ماندوت کردم! خوات لەگەل! بای بای!

تەلەفونەکەی داخست و تەقە تەق هاتە بەردەم پاشا و وتی: ئەمڕۆ چ باسە داد؟

نوسرەت ڕای کردە بەردەمی و وتی: خانمی گەورە! لەچکەکە لەسەری پیرۆزتان داکەوتووە!





Scanned with CamScanner

کامیار سەیرێکی کرد و بە دەنگی زنانە و نازەوە وتی:
پاشای فەرەنگ خۆ حیجابی نییە لادێی! ئەوەندە خۆتم پیا مەساوە ڕەنگ دەکرم!
خەڵک دایان لەشەقەی پێکەنین کە بە پاشای وت:
- دادا! خەیاڵت لەکوێیە؟ دەڵێم ئەمڕۆ چ باسە؟
کاک ڕەجەب تازە بە خۆیا هاتەوە و وتی: کچم ئەمڕۆ چەندە خۆشحاڵی!
کامیار شێوە نازێکی تری کرد و وتی: هاوڕێ کوڕەکەم گۆڕیوە! یانی ڕەنگی قژم گۆڕیوە بابە گیان!
دیسان خەڵک دەستیان بە پێکەنین کرد کە ئاوڕی بۆ دانەوە و وتی: ئەی زەهری مار سەرە سەر! چیتانە ئەوە دەورەکەم لەبیر چویەوە! هەستن بڕۆنە دەرەوە و با ئیشەکەم بکەم!
دیسان خەڵک دەستیان بە پێکەنین کرد! هەندێ لەپێکەنیندا دەستیان لەسەر سکیان بوو! کاک ڕەجەب و نوسرەتی داماو ئەوەندە شڵەژابوون کە نەیاندەزانی دەبێ چی بڵێن.
کاک ڕەجەب ئاوی دەمی قوت داو وتی: کچم ئەمڕۆ لەوڵاتێکی بێگانەوە، شازادەیەکی بە شکۆ، بۆ خوازبێنی تۆ بۆ ئێرە دێت!
هەر کە کاک ڕەجەب ئەمەی وت کامیار نەختێ خۆی کێشایە دواوە و یانی تەریق بویەوە و پاشان بە هێواشی هاتە بەردەمی من کە لەپشت پاشاوە ڕاوەستابووم و وتی:
- بە ڕاستە پاپا؟
پاشا ئا!!
کامیار خوازبێنەکەم بە قەدەر ئەم بۆدی گاردە جوانە؟
کاک ڕەجەب ئیتر نەیزانی دەبێ چی بڵێ و تەنیا سەیری کرد کە کامیار دەستێکی بە ڕیشی مندا هێناو وتی: وەی چ ڕیشێکی پڕە! بە چ شامپۆیەک دەیشۆی ئەزیزم ئەرنگ دەدا؟ دیسان خەڵکی دەستیان بە پێکەنین کرد کە نوسرەت هێواش بە کامیاری وت:
- بابە بڕیار بوو کە تۆ بێدەنگ بی و من شانۆکە بەڕێوەبەرم! خۆ تۆ ناهێڵی!
کامیار بە دەنگی بەرز وتی: وس بە! ئەوەندە بە گوێی کچی پاشادا ویزە ویز مەکە ڕەشە!
پاشان بە پاشای وت: پاپا گیان من جارێ خەیاڵی شوکردنم نییە! ئەگەریش بمەوێ شو بکەم دەبێ لەگەڵ کەسێکدا کە خۆشمدەوێ زەماوەند بکەم.
پاشا کتوپڕ بە توڕەییەوە وتی: چی بکەی؟





Scanned with CamScanner

کامیار ئەوەی کە هەمووان دەیکەن!

دیسان خەڵک دەستیان بە پێکەنین کرد! ئەمجارە کاک رەجەبیش دەستی بە پێکەنین کرد کە خێرا نوسرەت لەبەر ئەوەی کە شانۆکە تێک نەچێ وتی:

ـ خاتونی من خوازبێنی ئێوە کەسێکە لەخانەدانێکی خاوەن شکۆ و پاشایەتی.

کامیار نازێکی تری کرد و وتی: سوڵتانی کوێیە ئێستا ئەم رەزا قورسە؟

نوسرەت دەستی بەرز کردەوە و شوێنێکی نیشان دا و بە دەنگێکی بەرز و قایم وتی:

ـ سوڵتانی عەرەب لەوڵاتی دراوسێ خاتونی من!

کامیار سەیرێکی دەستی کرد و وتی: تۆ بۆچی دەستت سپییەو دەموچاوت رەشە؟ دوو رەگەی؟ هی کام بنەماڵەی؟

ئیتر خەڵکی بوورانەوە! نوسرەتی داماو تازە بیری کەوتەوە کە دەستی رەش نەکردووە!

کامیار قەیچێکا بلاکی! من حەزم لەرەگەزی شلەوبلەیە! وتت خوازبێنەکە کوێیە؟

نوسرەت دیسان دەستی بەرز کردەوە و لایەکی نیشان دا و وتی:

ـ سوڵتانی عەرەب لەوڵاتی دراوسێ!

ـ باوک حیز ئەم شوێنە کە تۆ نیشانی دەدەی روسیایە! ویلادیمر پوتین دەیەوێ بێ بۆ خوازبێنیم؟

ئیتر ئەم خەڵکە لەسەر جێگەیاندا هەر هەڵدەبەزین و هەر دادەبەزین و پێ دەکەنین!

نوسرەتی داماو خێرا شوێنی دەستی گۆڕی و وتی: سوڵتانی عەرەب، لەوڵاتی دراوسێ!

کامیار ئەوەی کە هەتاکوو چەند رۆژ لەمەوبەر گەنجەکانمانی دەکوشت و بەسەر خەڵکدا بۆمبی دەباراند؟ نەمرێ یاخوا! هێشتا سیلاحی دانەناوە، دێت بۆ خوازبێنی؟

کتوپڕ خەڵک لەجێیاندا هەستان و هەروا کە پێدەکەنین، دەستیان بە چەپڵەلێدان کرد کە کامیار بەو دەنگە ژنانە و عیشوەیەوە وتی: یاخوا بمرم بۆتان کە چ دڵێکی پڕخوێنتان هەیە!

خەڵک تونتر چەپڵەیان بۆ لێدا کە کڕنوشێکی بۆ بردن و وتی: دەی بەسیە ئیتر، با لەخۆم بایی نەبم! دانیشن ئەوەلایتان بۆ بڵێم!

هەر لەم کاتەدا کاک رەجەب کە لەقسەکەی کامیار ترسابوو، بە ئەسپایی بە کامیاری وت:

ـ ئەمانە چییە دەیڵێی؟ دێن دەمانگرن!

کامیار هەر بەو دەنگە ژنانەیەوە بە دەنگی بەرزی وتی: بۆچی ئێوە لەم ولاتە دا ناژین کاک ڕەجەب، ببوورن سوڵتانی گەورە؟ ئەمانە قسەو باسی ڕۆژانەی خەڵکیە! تازە زۆری شتیتریشی تێکەڵە کە باش نییە لێرەدا بیڵێم!

دیسان خەڵک لەجێی خۆیان هەڵسان و هەروا کە پێدەکەنین چەپڵەیان بۆ لێدا! نوسرەت زانی خەریکە شتی خراپ دەقەومێ وتی: وەزیری گەورە دێتە ژوورەوە!

ئەمەی کە وت ئەکتەرێکی تر کە دەوری وەزیری دەبینی هاتە سەر تەختی شانۆ و چەند کڕنوشێکی بۆ پاشا و کچەکەی پاشا کە کامیار بوو برد و هاتە پێشەوە و وتی:

- قیبلەی عالەم خوا بیپارێزێ!

پاشا ها وەزیری گەورە دەنگ و باسی وڵات؟

وەزیر هەر کە ویستی قسە بکات کامیار پێی وت: تۆ وەزیری؟

- بەڵێ خاتونی من!

کامیار ئێستا خۆ ئیتر وەزیرمان نییە گوگولی مەگولی!

ئەمەی وت و گۆنای وەزیری گرت و ڕای کێشا و وتی:

- تۆ بێگومان یاریدەدەری یەکەمی باوکمی!

وەزیری داماو خۆی کۆ کردەوە کە پاشا دیسان وتی:

- دەنگ و باسی وڵات چییە؟

وەزیر بە فیدات بم ، خەڵک لەکۆڵان و بازاڕ کۆبونەتەوە و دروشمیان داوە!

کامیار بەو دەنگە ژنانەیەوە خێرا وتی:

- زۆر گویان خوارد! ئەی تۆ لێرەدا چی دەکەی؟

وەزیر کە ئیتر ئەم شتانە لەدەورەکەیدا نەبوو، داماوە ترساو وتی:

- دەبێ چی بکرێ خاتونی گەورە؟

کامیار هیچ!جارێ بڕۆ دوو شوێن بکەرەوە و سێ پێشانگا ڕێکبخە با پێی سەرقاڵ بن!

خەڵک دەستیان بە پێکەنین کرد و وەزیر بە پەلەپەل وتی:

- قوربان دەترسم ئاژاوەیەک ساز بێ!

کامیار مەترسە! دووانیان بگری و بیخەیتە گرتوخانە، دەبن بە بنیادەم!

وەزیر کۆبونەوەکانیان چی لێبکەین؟

کامیار کۆبونەوەکانیان ترسی نییە! خەمی ئەوە مەخۆ!



Scanned with CamScanner

هەر کە ئەمەی وت، دەنگی پێکەنینی خەڵک لەهۆڵەکەدا بەرز بووەوە پاشان کامیار وتی:

- بڕوانە وەزیر! هەر کە ناوی کۆبونەوە هات خەڵکی دەستیان بە پێکەنین کرد!

ئەمجارە خەڵک هەستانەوە و دەستیان بە چەپڵەلێدان و فیکە کرد! کاک ڕەجەب خێرا هاتە لای کامیار و بە ئەسپایی پێی وت:

- تۆخوا بڕۆ سەر باسێکیتر باوکمان دەردێنن!

من هەر وا کە ڕم و قەڵغانەکە دەستمەوە بوو، خەریکبوو لەپێکەنیندا دەمردم کە کامیار تەقە تەق هاتە بەردەمم و وتی: سەرباز! بنێشتی P.Kت هەیە؟

سەرم داخست کە خەڵک پێکەنینەکەم نەبینن.

کامیار سەرباز لەگەڵ تۆمە! دەڵێم بنێشتت پێیە؟

خۆمم بە زۆر گرت و وتم: نەخێر خاتونی گەورە!

کامیار بەو دەنگە ژنانەیەوە وتی: خێر نەیەتە ڕێت ئەگەر درۆ بکەی! هەر ئەم یەک سەعات لەمەوبەرە، لەبەر دەرگا دوو پاکەتمان کڕی! هەموویت هەڵلوشی؟ پێم بە دانەیەکی! دیسان خەڵکی دەستیان بە پێکەنین کرد! منیش بە شەرمەزاری ڕمەکەم دا بەو دەستەکەمە و لەگیرفانی پانتۆڵەکەم دوو پاکەتی بنێشتم دەرهێنا و دام بە کامیار! ئێستا خەڵکی ئیتر هەر خەریکن پێدەکەنن! وای لێهاتبوو کە ئیتر کاک ڕەجەب و نوسرەت و ئەو کابرایە وەزیری گەورە هەر پێدەکەنین! کامیار پاکەتێکی هەڵپچڕی و دەنکێکی خستە دەمی خۆی و دەنکێکی تریشی هێنایە بەر دەمی من و وتی:

- ئافەرم بۆ تۆ سەرباز! هەر ئەم ڕمە توندتر بگرە کە خەریکە شانۆکە لەسەر تۆ بە ڕێوەدەچێ! و لەپاشان هەڵگەڕایەوە بۆ لای کاک ڕەجەب و وتی: پاپا P. K دەخۆیت؟

کاک ڕەجەبی داماو هەر نەیدەزانی دەبێ چی بڵێ! هەموو دەورەکەی لەبیر چوبوویەوە کە نوسرەت هاتە بەردەمی و وتی: خاتونی گەورە دەهێڵن سوڵتانی عەرەب بێتە ژوورەوە؟

کامیار دەستێکی ڕاوەشاند و وتی: بڵێ قوڕبەسەر بێتە ژوورەوە!

هەر کە ئەمەی وت یەکێکی تر لەئەکتەرەکان، لەدەرگاوە هاتە سەر تەختی شانۆ و دوو کڕنوشی برد و هاتە بەردەمی کامیار و کڕنوشێکی تری برد و وتی:

- انا امیر العرب! انا مشتاق الزیارتک!

هەر کە ئەمەی وت کامیار دەستی گرتە بەر لوتی و وتی: خوا بتبڕێ بۆ بۆگەنی



Scanned with CamScanner

دەمت! ئاخر بنیادەم بیەوێ بڕوا بۆ خوازبێنی سیر دەخوا؟ برۆ ئەو لاوە خنکاندمت!
ئیتر ئەم خەڵکە خەریکبوون لەپێکەنیندا دەمردن! کابرا داماوەکە نەیدەزانی دەبێ
چی بکات. کە کامیار پاڵی پێوەنا بۆ دواوە و هەروا بە دەنگی ژنانە و عیشوەوە وتی:
ـ هەر لەو دواوە قسە بکە ترەکەر!
ئەو داماوە دوو هەنگاو ڕۆیشتە دواوە و دیسان دەستی بە وتنی دەورەکەی خۆی
کرد.
ـ انا امیر العرب...
ـ دەی تێگەیشتم عەرەبی! ئێستا هی کام وڵاتی؟
ـ من سوڵتانی سوڵتانەکانی عەرەبم!
کامیار یانی پاشای دوبەیشی؟
کابراکە سەیرێکی کاک ڕەجەبی کرد و پاشان بە دەنگێکی بەرز و سەنگینەوە وتی:
ـ نعم!
کامیار ئۆی زەهری مار! بۆ دەقیرێنی دڵم داکەوت؟ وەکو بنیادەم بڵێ نعم!
دیسان خەڵک پێکەنین کە ئەو کابرا لەسەرخۆ وتی:ـ نعم.
کامیار بڵێ بزانم هاتوی بۆ خوازبێنی من؟
ـ نعم.
کامیار ئەگەر من ببم بە ژنت، دەمبەی بۆ دوبەی بۆ کۆنسێرتی ئەم گۆرانی بێژانە؟
کتوپڕ خەڵک هەستان و دەستیان بە چەپڵەلێدان کرد! ئەو داماوە نەیدەزانی دەبێ
چی بڵێ، وتی:ـ نعم.
کامیار عیشوەیەکیتری کرد و وتی:
ـ بزانم، خۆ تۆ لەگەڵ ئەم کچانەدا سەر و سرێکت نییە؟
ئەو کابرا داماوە کە ئەم شتانە هەر لەدەورەکەیدا نەبوو! ئیتر داماوە خەریکبوو
لەخۆیەوە دەی وت! سەیرێکی کاک ڕەجەبی کرد و شتێکی بە کامیار دەوت:
ـ کام کچانە خاتونی جوان؟
کامیار ئەوانەی کە لێرەوە دەیانفرۆشن بە دوبەی!
ـ شتی وا نییە خاتونی من!
کامیار گوت خوارد! هەر لەم ماوە پێشوەدا بۆگەنەکەی بڵاو بوویەوە!
خەڵک دەستیان بە پێکەنین کرد! نوسرەت کە زانی بارودۆخەکە خەریکە خراپ



Scanned with CamScanner

دەبێ، هاتە پێشەوە و وتی: خاتونی من، ئایا دەتانەوێ بڕۆن بۆ بازاڕ، بۆ کڕینی ئالتون و زیو؟

کامیار کام بازاڕە؟

نوسرەت بازاڕی گەورەی شار!

کامیار ئێستا بیکوتم لەم قەرەباڵغیەدا بڕۆم بۆ سەوزە مەیدان؟ تۆ چ کەرێکی ئێترا! ئێستا ئەگەر بازاڕی گوڵستان بڵێی، شتێ ترە!

نوسرەت هەر ئێستا فەرمان دەدەم کەژاوەکان ئامادە بکەن!

کامیار دەتەوێ من بە هووشتر و کەژاوە ببەی بۆ بازاڕی گوڵستان؟

نوسرەت بە ئەسپیش دەتوانی بڕۆی!

کامیار ئەی بە کەر؟

خەڵک دەستیان بە پێکەنین کرد!

کامیار بێ گومان هووشترەکانیشتان هەموو هاچ بەک و ساردیان هەیە؟

خەڵک پێ دەکەنین و ئەم ئەکتەرە داماوانە نەیاندەزانی دەبێ چی بڵێن!

کامیار هەر هیچ نەبێ داماو ئێستا کە لەم کۆشکەدا ئۆتۆمبێلێک نییە، تەلەفون بکە بۆ نوسینگەیەک ئۆتۆمبێلێک بنێرێ! سوڵتان بەم داماوی و سواڵکەرییە نۆبەرەیەتی بەخوا!

ئەمەی وت و سەیرێکی دەوروبەری کرد و وتی:

- ئێرە چەندە گەرمە! موبەریدەتان لەکۆشکدا نییە! تیاچوم ڕەشە!

ئەمەی وت و ویستی چارەکەکەی لا بدات کە کاک ڕەجەب ئاماژەی کرد و پەردەکەیان دادایەوە! خەڵک هەستانەوە و دەستیان بە چەپڵەڕێزان کرد و یەکێ لەدەنگەوەرەکەدا ڕایگەیاند کە کۆتایی بەشی یەکەم!

ئێمەش ڕێکەوتین بڕۆینە پشت تەختی شانۆ و هەر کە گەیشتین، کامیار خۆی خستە سەر کورسییەک و باوەشێنێکی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و هەروا کە خۆی باوەشێن دەکرد وتی:

- هەر دەوری هونەری ناگێڕن! زۆرم پێناخۆش بوو!

کاک ڕەجەب و نوسرەت و وەزیری گەورە، نازانم ناوی چی بوو، بێ متەق ڕاوەستابون و سەیری کامیاریان دەکرد کە وتی: خوا بمکوژێ! ئێستا زانیتان نەمتوانی ئەو شتانەی کە دەبوا بم وتایە بڵێم! دەبوایە چیم بوتایە؟ دەردت لەگیانم و چی و چی؟

کاک ڕەجەب سەیرێکی کرد و وتی: بەلام تۆ هەر بە زکماک ئەکتەری ها!



Scanned with CamScanner

هەر کە کامیار ویستی شتێ بڵێ دەرگاکە کرایەوە و کچ و کوڕێ هاتنە ژوورەوە کە کاک ڕەجەب و نوسرەت دەستیان کرد بە شەڕ لەگەڵیاندا کە بۆچی درەنگ هاتون و ئەم قسانە. زانیمان کە ئەمانە، هەر ئەوانەن کە ئێمە خەریکین لەجیاتیان دەور دەگێڕین.
هەر کە کامیار زانی هەستاو کڵاو قژەکەی لەسەری لابرد و دای بە کچەکە و وتی:
- بیگرە خانم گیان، بەم درەنگ هاتنەت باوکمانت دەرهێنا! نیوەی گۆشتی لەشمان توایەوە لەبەردەم خەڵکدا هەتاکوو ئابڕوی ئێوە بکڕینەوە!
کچەکە سەیرێکی کامیاری کرد و پێکەنی و وتی: بەڕاستی ئافەرم! ئەم شتانەتان لەکوێوە دەوت؟
کامیار هەرچۆنێک بوو وتم ئیترا بیگرە خانم گیان ئامادەبە بۆ پەردەی دوایی.
کاک ڕەجەب مەگەر ئەبێ؟
کامیار– چی مەگەر ئەبێ؟
ڕەجەب ئێستا خۆ نابێ جێگەتان بگۆڕن! خەڵکی دەنگیان بەرز دەبێتەوە!
کامیار چ پەیوەندی بە منەوە هەیە؟ ئێمە بڕیار بوو چەند دەقیقەیەک بێینە سەر شانۆ تا ئەمانە دەگەن! ئیتر ئێستا خۆ هاتون!
کاک ڕەجەب بابە شانۆکە تێک دەچێ! دادەبەزێ!
کامیار: جا بۆ وای لێ نەیەت! ئێستا وادەزانی شانۆ نامەی ئۆتلۆی بردۆتە سەر تەختی شانۆ! بیگرە بابە ئەم دوا بڕاوە!
پاشان هاتە پێشەوە و ڕمەکەی لەدەست سەندم و وتی: پێم بدە سامان گیان! شانۆکە تەواو بووە، تۆ هێشتا واز لەمانە ناهێنێ؟
ڕمەکەی لەدەست گرتم و دای بە کاک ڕەجەب و وتی: بیگرە بابە! دەستی ئەم منداڵە بلوقی کرد ئەوەندە توند گوشیویەتی!
کاک ڕەجەب ڕوویکردە نوسرەت و وتی: نوسرەت ئەگەر ئەم هاوڕێتە لە ئەوەلای شانۆکەدا دەور نەبینێ هەموو شتەکان تێکدەچێ!
نوسرەت سەیرێکی کاک ڕەجەبی کرد و هات بۆ لای ئێمە و بە ئەسپایی بە کامیاری وت:
- بڕوانە، من نازانم ئێوە کێن! ئەمشەو چەند جار یارمەتیتان دام ئەم یارمەتییەشم بدەن! بەخوا تا هەتایە سوپاستان دەکەم!
کامیار ئاخر بابە من نازانم ئەوەلای چیرۆکەکە چییە؟ من نەمتوانی ئەو چەند دێڕە

بلێم چ بکا بەوەی کە لەئەوەلای شانۆکە دەور بگێرم! برۆمە سەر تەختی شانۆ هەمور شتێ تێک ئەچێ!

کاک ڕەجەب: تۆ ئەو شتانەی کە وتت بڵێ، حەقت نەبێ! هۆڵەکە خەریکبو لەبەر پێکەنین دەتەقییەوە!

هەر لەم کاتەدا، دیسان دەرگا کرایەوە و بەڕێوبەری شانۆکە هاتە ژوورەوە بە کاک ڕەجەبی وت: ئەمە کێیە؟

کاک ڕەجەب هاوڕێی کاک نوسرەتە.

بەڕێوبەری شانۆ گرێبەستێکی لەگەڵدا بنوسە!

کامیار برۆ بابە دڵت خۆشە! ئێمە لێرەدا لەترسا خەریکین دەلەرزین، تۆ دەتەوێ گرێبەستمان لەگەڵدا ببەستی!

کاک ڕەجەب ئێستا با لەم بەشەیدا دەور بگێڕێ جا!

بەڕێوبەری شانۆکە ڕۆیشت و کاک ڕەجەب وتی: یالا منالەکان، خۆتان بگۆڕن کە دیکۆرەکەیان گۆڕاوە! ئێستا دەبێ برۆینە سەر تەختی شانۆ!

کامیار جلی چی بگۆڕین؟

کاک ڕەجەب چارەکەیەکی تر دەبێ لەبەر بکەی.

کامیار چارەکەکەم باشە، تەنورەیەکی ترم بدەنێ!

کاک ڕەجەب تەنورە بۆچی؟

کامیار بابە ئەمە زۆر درێژە! هەر هیچ نەبێ شتێکم بدەنێ کە لەسەر ئەژنۆوە بێت! هونەری ترە!

هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین. کچەکە کە ناوی میترا بوو هاتە پێشەوە و وتی:

- وەرن من چارەکەیەکی ترتان پێدەدەم.

کامیار لەجیاتی چارەکە پێلاوێکی ترم بدەرێ! ئەمە بنەکەی زۆر بەرزە! دوو سێ جار وەخت بوو پێم بێت بە لادا! ئێوەی ئافرەت چۆن دەتوانن خۆتان لەسەر ئەمانە ڕابگرن؟

کاک ڕەجەب درەنگە ها!

کامیار برۆ بابە! قومێ ئاوت نەداینێ بیخۆینەوە گەرومان تازە بێتەوە! لەشانۆی داهاتودا یان دەبێ ئەکتەری بەرامبەری خاتوو هەدیە تارانی بێت یا من هەر دەور ناگێرم!

دیسان هەموومان پێ کەنین کە بەڕێوبەری شانۆ هات و بانگی کردین. کامیار چارەکەی گۆڕی و هەموومان ڕێکەوتین بۆ سەر تەختی شانۆ کە من بانگم کرد و وتم:

- کامیار، من ئیتر بۆ بێم؟ ئەم کوڕە خۆی هاتووە خۆ!

کامیار ئێ! هەموو شانۆکەی لەسەر تۆ و ڕمەکەت دەسوڕێ!

- بێ تام مەبە، بە ڕاستمە!

کامیار هەموو دڵ گەرمی منیش بەوەیە کە تۆش لەسەر تەختی شانۆی! ئەگەر تۆ نەبی منیش ناڕۆمە سەر تەختی شانۆ!

کاک ڕەجەب بابە ئێوەش بێن ئیترا لەسوچێکدا ڕاوەستاوی و ئەم ڕمەت ڕاگرتووە! هیچی ناوێ خۆ! ماشاالله ئەم هاوڕێتە خەریکە لەجیاتی هەموومان دەور دەگێڕێ! ئیتر هیچم نەوت. ڕاستییەکەی بۆ خۆشم سەیر بوو کە شتێکی وامان کردووە! ڕێکەوتین بڕۆینە سەر تەختی شانۆ کە کامیار بانگی ئەو کوڕەی کرد کە ئۆرگی دەژەنی و مۆسیقای شانۆکەی دەژەند، وتی: تۆ ئۆرگ دەژەنی؟

کوڕەکە بە پێکەنینەوە وتی: باش نایژەنم؟

کامیار نە، بە هیچ شێوەیەک! بەڵام ئەوەی کە دەیژەنیت چی بوو؟

کوڕەکە سەمفۆنیای شەهرزادا هەزار و یەک شەو.

کامیار خوشکی باوکت ناوی شەهرزادە یان خوشکی دایکت؟

کوڕەکە دەستی بە پێکەنین کرد. کە کامیار پێی وت:

- کوڕە گیان شەهرزاد چ پەیوەندییەکی بە من و تووە هەیە؟

کوڕەکە. ئەی چی بژەنم؟ ئاخر شانۆکە لەجۆری چیرۆکەکانی هەزارو یەک شەوە!

کامیار تۆ جاری واز لەو هەزارو یەک شەوە بێنە، ئەم شەوە ڕابگرە! حەزدەکەم مۆسیقایەکی شەش و هەشت بژەنی کە ئەم دیوارانە بکەونە قن بادان!

کوڕەکە ئاخر قەدەغەیە!

کامیار چی قەدەغەیە؟ قن سوڕدانی دیوار قەدەغەیە؟ دیسان کوڕەکە پێکەنی و وتی:

- نە بابە، مۆسیقای ڕەقس قەدەغەیە!

کامیار ئەوە هی کۆن بوو! ئێستا لەقوتابخانەکاندا، پێش ئەوەی کە منالەکان بڕۆنە پۆلەوە، سەلماندویانە کە ئەگەر باوەکەرەمی شتی لێبدەن، ئاستی فێربوون بەرز دەبێتەوە!

- ئاخر چی بژەنم!

- ئەمە بژەنە بزانم!

دەستی کرد بە گۆرانی و شیعر خوێندن و پل تەقاندن .

- شب شب ڕەقسە. یالا یالا! میوزیک و دەنس بایلا بایلا.

کاک ڕەجەب ئەمانە چییە! دێن ڕێ لەشانۆکە دەگرن ها!

کامیار یان دەبێ لەم مۆسیقایانە بژەنێ یان شانۆ بێ شانۆ!

کوڕەکە دەی شتێکی تر بڵێ بیژەنم!

کامیار «چە خوشگل شدی امشب» دەزانی؟

کوڕەکە ئا، بابە دەیزانم!

کامیار دەی بیژەنە!

کوڕەکە شتێ بوو لەسەر ئێوە!

کامیار تۆ بیژەنە، شتێ بوو لەسەر من! بەڵام ئەگەر بڕۆمە سەر شانۆ و کتوپڕ نەیژەنی دەگەڕێمەوە دەرەوە!

ئەمەی وت و ڕێکەوت بۆ سەر تەختی شانۆ ئێمەش بە پێکەنین کەوتینە دوای. پەردەکە هێشتا لەخوارەوە بوو و ئێمە هەر کامێکمان لەجێی خۆماندا ڕاوەستاین کامیار بە کوڕەکە کە لەپشت شتێ وەکو تۆڕەوە ڕاوەستابوو و خەریکبوو ئورەگەکەی ئامادە دەکرد ئیشارەیەکی کرد و ئەویش دەستی بە ژەنین کرد! پەردە ڕۆیشتە سەرەوە و کتوپڕ خەڵکەکە دەستیان بە چەپڵەلێدان و هاوار لەگەڵ مۆسیقاکەدا کرد! خەڵکی چەپڵەیان لێدەدا و بەڕێوبەری شانۆکە لەپشت سەر تەختی شانۆکەوە قوڕی ئەپێوا! من خەیاڵم لای بەڕێوبەری شانۆکە بوو کە کتوپڕ سەرنجم دا کە کامیار بەو تەنورە و چارەکە و پێڵاوە بن بەرزانەوە لەناوەڕاستی شانۆدا ڕاوەستاوە و یانی ئەوە بوو خەریکە لەسەر زەویدا بە وردی بە دوای شتێکدا دەگەڕێ، بەڵام جموجۆڵی ڕێک وەکو ئەوە بوو کە خەریکە لەگەڵ مۆسیقاکەدا دەڕەقسێ! خەڵکی ئیتر لەجێی خۆیاندا نەدەوەستان! هەندێکیان هەر لەوێوە دەستیان کرد بە ڕەقس!

کاک ڕەجەبی داماو هاتە بەردەمی کامیار و بە لالانەوە وە پێی وت:

- تۆ گیانی دایکت بڵێ بیبڕێتەوە! هەر ئێستا هەموومان لێرە دەردەکەن!

کامیار ئیشارەیەکی کرد بە کوڕەکە کە ئورگی دەژەنی ئەویش مۆسیقاکەی بڕی!

خەڵکی دەستیان کرد بە چەپڵەلێدان بۆ کامیار کە سەیرێکی کردن و وتی:



Scanned with CamScanner

ـ بە ڕاستی ئێوە بنیادەمێکن هەل دەقۆزنەوە! من خەریکم لەسەر عەرز بە دوای کلیلەکەمدا دەگەڕێم ئێوە چەپڵەم بۆ لێدەدەن!

یەکێ لەبینەران بە پێکەنینەوە وتی: ئەی ئەم مۆسیقایە چیبوو؟

کامیار ئەمە دواین شەو لەسەمفۆنیای هەزارو یەک شەوی بیتهووین بوو! نزیکەی سەعاتی یازدە و نیوی ئەوکاتانە! لەبەر ئەوەی درەنگان بوو، هەتاکو ئێستا بە ڕێوە نەبراوە! ئیتر ئەم خەڵکە هەر دەستیان لەسەر دڵیان بوو و پێدەکەنین! لەم کاتەدا ئەو کوڕە بچوکە کە من و کامیار بردبوومان بۆ سەرئاو دەستی کرد بە گریان کامیار سەیرێکی دایکی کرد و وتی: خوشکی من نەختێ ئاگات لەم منالانە بێ! سەرئاوەکەی ئەم سەربازە بردی و منیش پانتۆڵەکەم بۆ هەڵکێشا! هەر هیچ نەبێ ئێوە خۆتان نانی بدەنێ هەتاکوو ئێمە شانۆکەمان تەواو بێ و ببینە یارمەتیت.

خانمەکە بووڕایەوە لەپێکەنیندا وتی:

ـ ئۆی ئەوە ئێوە بون ئەوەتان کرد؟

کامیار تکا دەکەم! ئەرکی سەر شانم بووە، خەمتان نەبێ پوخت شۆردم! خەڵک دیسان دەستیان کرد بە پێکەنین! ئیتر منیش نەمتوانی خۆم ڕاگرم و دەستم کرد بە پێکەنین! نوسرەت خێرا هاتە پێشەوە و وتی: خانمی گەورە، بازاڕ لەخزمەتتاندایە؟

دیمەنی شانۆکەیان پێشتر وەکو بازاڕ دروست کردبوو. بە کارتۆن و تەختەی سێ توێ، چەند حوجرەیان دروست کردبوو و کاک ڕەجەب و وەزیری گەورە کە جلەکانیان گۆڕی بوو، یانی دوکاندار بون و پیاوێکی تریش نزیکی سێ، سی و هەشت ساڵ تەمەنی بوو، ببوە شاگردی دوکاندارەکە و دەوری کوڕێکی گەنجی دەبینی.

نوسرەت هاتو دەستی کامیاری گرت و بردییە بەر حوجرەی زێڕنگەرەکە و کوڕەکە خێرا هاتە پێشەوە و کڕنوشێکی برد و وتی: ئەی خاتونی جوان لەخزمەتدام! ئەمر بفەرموون هەتاکوو گیانی ناشایستەم پێشکەشی هەنگاوەکانت بکەم!

کامیار سەیرێکی کرد و هەر بەو دەنگە ژنانە و نازەوە وتی: ئەمڕۆ نرخی لیرە چەندە؟

خەڵکی دەستیان کرد بە پێکەنین! کوڕە داماوەکە نەیدەزانی چی جواب بداتەوە کە نوسرەت هێواش بە کامیاری وت: بڕیارە کە تۆ عەشقت بۆ ئەم کوڕە دەرببڕی!

کامیار جارێ با بزانم بازاڕی زێڕ ئەمڕۆ چۆنە!

پاشان بە کوڕەکەی وت: ئاڵتون گرەمێ چەند دەکڕی؟





Scanned with CamScanner

کوڕەکە ئاڵتون چ نرخێکی هەیە؟ گیانی من فیدای ئێوە بێ!

کامیار ئەمانە بۆرە خوڵکە! ئاڵتون بە چەند دەکڕی؟

نوسرەت بە ئارامی سیخورمەیەکی یا لەتەنیشتی کامیار و وتی:

ـ بابە وا بڕیارە کە تۆ عاشق و دڵبریندارى ئەم کوڕە بی!

کامیار ئەم کوڕە خۆ ئەسپێ لە گیرفانیا سەوزەڵێ دەڵێ! من ئەگەر بڕیار بێ عاشقی بیم، عاشقی خاوەنی دوکانەکە دەبم نەک شاگردەکەی!

نوسرەت بابە پێ داگیری مەکە سیناریۆکە ئاوایە!

کامیار- چ پێ داگیریەکم هەیە کە بیکەم؟ کێ وتویەتی کە من ئەوەندە کەرم کە واز لەخاوەنی دووکانەکە بێنم، شاگردەکەی ڕابگرم! من لەژیانمدا هەتاکوو ئێستا لەم کەرێتییانەم نەکردووە!

ئێستا ئەم دووانە خەریکن ئەمانە بە یەکتری دەڵێن و ئێمە و خەڵک خەریکین لەپێکەنیندا دەبوورێینەوە! کوڕەکە کە سەیری کرد کامیار خەریکە ئەم شتانە دەڵێ، یانی ویستی ئیشەکە پینە بکات و وتی:

ـ ئەی خاتونی جوان! ئەی جوانترین! حەیف نییە عەشق و سۆز و خۆشەویستی بە نرخێکی کەم بفرۆشین؟

کامیار لەپێشدا نرخێکی کەم نییە و هەموو شەش دانگی ئەم دوکانە دەبێ ئەربابەکەت بیکاتە مارەییم! دوای ئەوەش، داماو هەوڵی نانت بێ کاڵەک هەر ئاوە! سبەینێ بوو یەکەم کرێ خانو چەقێت تازە تێدەگەی عەشق بە چەند بفرۆشی کە زەرەری تیا نەبێ! قسەی زیادە مەکەو ڕاکە ئەو پیرە پیاوە کە خاوەنی دوکانەکەیە بانگ بکە با بێتە پێشەوە!

پیاوە پیرەکە کاک ڕەجەب بوو کە لەدوای دواوەی دوکانەکە سەری داخستبوو و پێدەکەنی هەر کامیار ئەمەی وت، خێرا هاتە پێشەوە و پێی وت:

ـ تو خوا عاشقی ئەمە ببە! ئابڕومان لەبەرچاوی خەڵکیدا ڕۆیشت!

کامیار بۆ من فەرقی نییە عاشقی کێ ببم! ئەگەر پارەکەی تۆ دەی دەی، من عاشقی ئەم کوڕە ببم! عاشق ئەگەر پارەی لەگەڵدا نەبێ دادەهێزێ!

خەڵک دەستیان کرد بە چەپڵەلێدان ڕووی کردە خەڵک و وتی:

ـ ئێوە بڵێن کامتان کچ بە بنیادەمێکی گیرفان بەتاڵ دەدەن؟

خەڵکی فیکەیەکیان بۆ دەکرد کە هەر باس ناکرێ! کامیار دەستی نوسرەتی گرت و وتی: وەرە بڕۆین بۆ دوکانێکی تر! لێرە مامەڵەمان نابێ!

نوسرەت تو گیانی دایکت ئابڕومان مەبە! عاشقی ئەمە بە و بیبڕێتەوە!
کامیار نەختێ بێدەنگ بوو و پاشان ڕوویکردە کوڕەکە و وتی:
ـ ئێستا تو تەمەنت چەندە؟
ـ هەژدە بەهار لەتەمەنم تێ پەڕاندووە!
کامیار سەیرێکی کرد و وتی: هاوین و پایزەکەی ناژمێری؟ پیاوی باش تو هەر هیچ هیچ نەبێ دە ساڵ لەمن گەورەتر دیاری! ئێستا هەژدە بەهارت تێپەڕاندووە؟
دیسان خەلک پێکەنین!
پیاوەکە خۆشی پێکەنینی دەهات بە ئەسپایی بە کامیاری وت:
ـ تو گیانی من پێم ڕامەبوێرە با ئیشەکەمان بکەین و لەنان خواردن نەکەوین!
کامیار ئێستا تو ملک و ماڵ چیت هەیە؟
کوڕەکە هیچ خاتونی من! دەستم بەتاڵە بەڵام دڵم پڕ لەعەشقە! ئەگەر ئێوە عەشقی منتان بووێ، دەبم بە دەوڵەمەندترین پیاوی دنیا!
کامیار کەوایە چاوت لەدوای پارەی منە؟ دەفەرمووْ!
ئەمەی وت و پەنجە گەورەی پیشانی کوڕەکە دا! ئیتر ئەم خەڵکە لەپێکەنین دا خەریکبوو لێیان دەقەوما! ئێمە لەسەر تەختی شانۆدا خۆمان شل کردبوو قاقا پێدەکەنین!
کوڕە داماوەکە سور و سپی بوویەوە و وتی:
ـ بەڵام خاتونی جوان، من پێویستیم بە هیچ نییە و تەنیا عەشقی ئێوەم دەوێ!
کامیار دەی کەرە بهێڵەبا من ببمە ژنی ئەم ئەربابتە، دوایی بەشێوەیەک لەگەڵتدا ڕێدەکەوم! نوسرەت بە ئەسپایی بە کامیاری وت:
ـ بابە تو گیانی دایکت عاشقی ئەمە بە و بیبڕێتەوە! ئێستا بەشی دووەم تەواو دەبێ ها!
کامیار بابە خۆ من جارێ زیاتر ناتوانم شو بکەم! با هەر هیچ نەبێ ژنی پیاوێکی دەوڵەمەند بمانبات بۆ کونسێرتێکی دوبەی! ئەم کوڕە بەم سەر و سیمایەوە ناتوانێت بروات بۆ سینەمایەکی لالەزار!
دیسان خەڵک دەستیان بە پێکەنین کرد! سەیرم کرد نەخێر، ئەم وازناهێنێ! ئەگەر من شتێکی پێ نەڵێم هەرگیز عاشقی ئەم کوڕە نابێ!
من یانی بادی گاردی کچی پاشا بووم. نەختێ ڕۆیشتمە پێشەوە و بە ئەسپایی بە گوێیدا چرپاندم و وتم: کامیار واز دەهێنی یان نە!

کامیار سەیرێکی منی کرد و بە دەنگی بەرز وتی:

- بە گیانی تۆ ئەگەر شووی پێ بکەم قوڕ بەسەر دەبم! ئاواتی شت کڕینی لەDay to Day بە دڵەوە دەمێنێ، ها!

خەڵک دیسان پێ کەنین! بە مۆڕەوە سەیرێکم کرد و وتم: باشە! بە جەهانم! با منیش قوڕ بە سەربم!

جا بە کوڕەکەی وت:

- ژمارەی ئەو مۆبایلە دوابڕاوەتم پێ بدە، شەو لەکۆشکەوە تەلەفونێکت بۆ دەکەم!

کوڕەکە- مۆبایل چییە؟

کامیار ئەوەی کە ئێستا هەر کرێکارو وەستایەک یەکی یەکێکی بە دەستەوەیە! ئەویشتە نییە داماو؟

ئیتر ناتوانم بڵێم خەڵک خەریکبوون چییان دەکرد لەپێکەنیندا! لەهۆڵەکەدا تەنها دەنگی پێکەنین دەهات! ئەویش چ پێکەنینێک!

کامیار ئێرە بازاڕی ئاڵتون فرۆشەکانە یان خانەی سواڵکەران؟ ئەی ڕەشەی وەحشی ئێمەت بۆ کوێ هێناوە؟ ئەمە ئیتر چ شارێکە؟

نوسرەت سەروەری من ئێرە قەندەهارە! گەورەترین و ئاوەدانترین شاری دنیا!

- ئا، قەندەهارە بەڵام لەزەمانی مەلا محەمەد عومەردا! شوشەی دووکانی ئاڵتون فرۆشەکان خۆ خاڵییە!

نوسرەت وا مەفەرمون خاتونی من!

کامیار وا دەڵێم و باوکیشت دەردێنم! ئەم کوڕە وەکو گەنجەکانی شاری خۆمانە! لەڕاستیدا دەتوانی بڵێی خوێڕییە!

دیسان خەڵک دەستیان کرد بە پێکەنین! بە ئەسپایی پێم وت:

- کامیار ئەگەر بێ تامی تەواو نەکەی، ئەم ڕمە و قەڵغانە دەخەمە عەرز و لەشانۆ دەڕۆمە دەرەوە!

کامیار- باشە بەڵام تەنیا لەبەر تۆ جوابی ئەرێ بەم کوڕە دەدەمەوە!

پاشان ڕووی کردە کوڕەکە و وتی:

- ئەی کوڕە قۆز و جوانەکە، من لەسەرەتاوە عاشقی تۆ ببووم، بەڵام دەمویست تاقیت بکەمەوە کە عیلم باشترە یان سامان؟

کتوپڕ هەموو بینەران بەیەکەوە قیراندیان سامان! سامان! سامان!

کامیار ڕوی تێکردن و وتی:

- نا وایە! عیلم لەخزمەتی ساماندایە! ئەمانە هەمووی هەڵیت و پەڵیتە دەیڵین و تەنیا بۆ کتێبەکانی قوتابخانە و وانەی ئینشا باشە!

خەڵک دیسان دەستیان کرد بە چەپڵەلێدان بۆی! هەر لەم کاتەدا ئەو عەرەبە هاتە سەر شانۆ و هەر کە گەیشت بە کامیاری وت:

- السلام علیک یا بنت السلطان! ئێوە بۆچی بۆ کڕینی زێڕ و گەوهەر و ئەڵماس خۆتان ماندوو کردووە و هاتون بۆ بازاڕ! فەرمانت بکردایە! هەتاکوو هەموو زێڕو گەوهەری بەغدام لەژێر پێتدا دەڕشت!

کامیار سەیرێکی عەرەبەکەی کرد و ڕویکردە من و وتی:

- ئەم باوە حیزە خەریکە دو دڵم دەکا! با ببمە ژنی ئەمە!

مۆڕەیەکیترم لێکرد و ڕووی کردە عەرەبەکە و وتی:

- من هیچ کات عەشق بە زێڕ و گەوهەر نافرۆشم ئەی عەرەبی شیری هوشتر خۆر!

عەرەبەکە بەڵام خاتونی من، لەپەیوەندی ئێمە، دوو وڵات یەک دەگرنەوە و بەرانبەر دوژمن دەوەستن! من لەبەغداد دا کۆشکێکی خۆشم بۆ ئێوە ڕازاندۆتەوە!

کامیار- تۆ عێراقیت؟ باوە حیز تا ماوەیەک لەمەو بەر لەدەستی موشەک و بۆمبەکانی تۆ، گەورەکانی باکور بە کۆشکە ئاڵتونییەکان بە کرێ دەدرا! ئێستا کە بڕیارە بۆمب بڕێژن بە سەرتدا دەستی یەکێتیمان بۆ درێژ دەکەی؟ بڕۆ باوک سەگ ئێمە نابین بە کەرت!

هەر کە ئەمەی وت خەڵک لەجێی خۆیاندا هەستان! چەپڵەیان لێدەدا! فیکەیان دەکرد! هەل هەلەیان دەکرد! هەر باوەڕم نەدەکرد کە ئەم خەڵکە ئەوەندە بێنە سەر شەوق! بەڕێوبەری شانۆکە کە ئەمەی چاو پێکەوت داماوە لەترسا پەردەکەی دادایەوە! هەر کە پەردەکە دادرایەوە ئێمە بە بێ خەم دەستمان بە پێکەنین کرد! ئێمە لەمدیو پێ دەکەنین خەڵکی لەودیوی پەردەکەوە! ئەم کوێرەش کە تەنیا ڕاوەستابوو سەیری ئێمەی دەکرد! هەر نەشتەوت هەرای خستۆتە ناو خەڵک!

کاک ڕەجەب هات باوەشی پیا کرد و وتی:

- بە ڕاستی شیری دایکت پێ حەڵاڵ بێت!

کامیار زۆر سوپاس بەڵام من بە شیری وشک گەورە بووم! دەستی مانگاکە نەیەشێ!

کتوپڕ بە دەستی کێشای بە ڕانیدا و وتی:

- زانیت دیسان ئەو دێڕانەم نەوت! ئۆی! لەبەرئەوەیە ئەوەندە لەسەر تەختی شانۆکە دەترسم لەبیرم دەچێ ئەوانە بڵێم! ئەوانە چی بوو؟ دەردت لەگیانم.. ئیتر چی بوو؟

ئێمە دیسان دەستمان کرد بە پێکەنین دەرگای سەر تەختی شانۆکە کرایەوە و ئەو کچ و کوڕە، لەهەمان کاتدا کە لەپێکەنیندا فرمێسک لەچاویان دەهات، هاتنە ژووردەوە و هەر کە گەیشتن کچەکە بە کامیاری وت:

- بە ڕاستی هەر زۆر باش بوو! دەبێ بڵێم کە هەتاکوو ئێستا ئەکتەرێکی ئاوام چاو پێ نەکەوتبوو.

کامیار زۆر سوپاس بەڵام وەرە خانم گیان، ئەم کڵاو قژە بگرە و پەردەی ئاخر تۆ خۆت دەوری تیا ببینە!

کاک ڕەجەب دیسان دەستت پێ کرد؟ !

کامیار بابە من تێکی دەدەم! من هێشتا نەمتوانیوە دوو دێڕ بڵێم ئاخر!

کاک ڕەجەب تۆ ئەوەندە جوان دەورت دەگێڕا کە ئیتر ئەو دێڕانەمان پێویست نییە!

کامیار نە! من دەمەوێ نانێ کە دەیخۆم حەلاڵ بێ! دەترسم لەبەشی کۆتاییدا ئەمانەم لەبیر بچێتەوە بیڵێم! دەی قەیچێکا، لەکۆتایی شەودا سەد تمەن لەبەر ئەم سێ دێڕە لەپارەکەم کەم بکەرەوە!

هەر لەم کاتەدا ئۆرگ ژەنەکە هاتە پێشەوە و وتی:

- باشم ژەند؟

کامیار زۆر باش بوو! دەست خۆش! چی بوو ئەو هەزار و یەک شەوە! هی بنیادەمە تەمەڵ و بێ غیرەتەکانە!

کوڕەکە پێ کەنی و وتی: تەمەڵی بێ غیرەت بۆچی؟

کامیار کەسێ کە هەزار و یەک شەو دابنیشێ و گوێ لەچیرۆک بگرێ و حەقی بەسەر چیرۆک خوێنەوە نەبێ، هەم تەمەڵە هەم بێ غیرەت!

(هەموومان دەستمان کرد بە پێکەنین و ڕۆیشتینە ژووری پشت شانۆکە، سەیرمان کرد بەڕێوبەری شانۆکە ئاوجۆی بۆ ناردوینەتە سەرەوە! قوڕگی من کە وەکو چیلکە شقارتەی لێهاتبوو! لەو گەرمای پشت تەختی شانۆیەدا ئاو جۆی سارد چ تامێکی خۆشی پێداین!

هەر چۆنێ بوو بەشی سێهەمیش بەڕێوە چوو و خەڵک ئەوەندە پێکەنی بوون و فرمێسک لەچاویان هاتبوو کە یەکە بە یەکەیان دەستەسڕیان بە دەستەوە بوو!



Scanned with CamScanner

ئاخری کە ئیشەکەمان تەواو بوو نوسرەت حەق و حیسابی لەگەڵ کاک ڕەجەبدا.
نوسرەت دەستی ئەو کچە کە ناوی میترا بوو گرتی و پێی وتین بڕۆین. هەر چوارمان لەشانۆکە هاتینە دەرەوە و لەبەردەکا پێی وتین لەدوام وەرن. ئێمەش بە دوایدا ڕۆیشتینە جادەیەکی فەرعی کە هات و چۆی تیا کەم بوو. نوسرەت ڕۆیشتە سوچێکی شۆستەکە و ڕاوەستا و سەیرێکی ئێمەی کرد و وتی:
ـ من هێشتا ناوی ئێوە نازانم!
کامیار من کامیارم، ئەمە سامانە!
نوسرەت دەستی هەردووکتان نەیەشێ. ئەمشەو خوا ئێوەی لەئاسمانەوە بۆ من نارد! بەلام برامان برایی و کیسەمان جیایی! پازدە هەزار تمەن لەوێ قەرزتان پێدام! دەوریشتان گێڕا! من لێرەدا شەوی سێ هەزار تمەن وەردەگرم و دەور دەگێڕم. ئەم میترایەش شەوی یەک و نیو (هەزار) تمەن ئێستا بڵێ پێنج تمەن! تەواو بیست تمەن قەرزارتانم.
کامیار جارێ قسەی لێ مەکە تا دوایی.
نوسرەت شتێکی بە ئەسپایی بە گوێی میترادا چرپاند، ئەویش سەرێکی جوڵاند و پاشان ڕووی کردە کامیار و وتی:
ـ ئەمەوێ شتێکتان پێ بڵێم! دڵگران نابن؟
کامیار نە، بڵێ.
نوسرەت وەرنە ئەم لاوە!
دەستی من و کامیاری گرت و نەختێ بردینیە ئەولاوە و وتی:
ـ بڕوانە، من ناتوانم بەم زوانە ئەم بیست هەزار تمەنە بدەمەوە پێتان!
کامیار بەلام پارە و ئەم شتانەمان ناوێ!
نوسرەت نە، ئاوا خۆ نابێ!
کامیار دەی ئەی چی بکەبن؟
نوسرەت ئەمە هەڵگرن ئەمشەو بیبەن! پاک لەپاک! پاک و پیس!
کامیار هەر خەریکبوو سەیری دەکرد. من هەر تێنەگەیشتم چی دەڵێ! لێم پرسی
ـ چی هەڵگرین و بیبەین؟
کامیار سەیرێکی منی کرد کە تازە لەمەبەستی نوسرەت تێگەیشتم! کتوپڕ سوور بوومەوە! کامیار پێی وت:



Scanned with CamScanner

ـ بۆچی ئیشی ئەوەیە؟
نوسرەت سەرێکی ڕاوەشاند و وتی: ژیانە ئیتر!
کامیار تۆ ناوی ئەمە دەنێی ژیان؟ ئەمە ژیانی سەگیش نییە!
نوسرەت سەری داخست و نەختێ بێدەنگ بوو. کامیار وتی:
ـ ئەو پارەیە نۆشی گیانت بێ بەلام ئاوا جوابی چاکە نادەنەوە!
نوسرەت هێواش سەری بەرز کردەوە و سەیرێکی من و کامیاری کرد و جا بە ئەسپایی وتی: یانی ئیتر پارەتان لێ ناوێم؟
کامیار وتم خۆ! حەلال!
کتوپڕ دڵۆپێ فرمێسک لەسوچی چاوی هاتە خوار کە بە قۆڵەکەی سڕییەوە و وتی:
ـ ئێوە ئیتر چۆنن؟
کامیار ئێمەش بە مەولوی ئیشمان بۆ نەکردوی بەلام پارە و ئەم شتانەمان ناوێ.
کچەکە ئاوڕی دایەوە بەلام هێشتا خەریکبوو سەیری شوێنێکی تری دەکرد، ئەت وت شەرم دەکا کە سەیری ڕوخسارمان بکات، تەنیا وتی:
ـ ناوەکانتانم زانی، منیش ناوم میترایە.
کامیار هەموو شەوێ لێرە ئیش دەکەن؟
میترا نە.
کامیار شەوێ! هەزارو پێنجسەد تمەن کە مانگێ دەبێتە چل و پێنج هەزار تمەن! پارەیەک نابێ خۆ!
میترا جومعانە دوو جار دەورمان هەیە. شانۆ بەڕێوە دەبەین.
کامیار هەر هێشتا هیچ نابێ!
میترا ( )؟ لەچ بوارێکدا؟
کامیار خەریکین کۆمەڵگای دەوروبەرمان دەناسین!
میترا ئەها کۆمەڵناسی؟
کامیار شتێکی وا!
نەختێ بێدەنگ بووین، هێشتا هەر خەریکبوو سەیری شوێنێکی تری دەکرد کە کامیار وتی:
ـ ژیان پێی سەخت گرتوی، ئەرێ؟
کتوپڕ تورە بوو ڕووی تێکردە و سەیری ڕوخساری من و کامیاری کرد و وتی:


Scanned with CamScanner

ـ ئێوە زانیتان من چی ئیشێکی ترم هەیە! ئیتر بۆچی دەپرسن؟

ـ ئەم شتانەمان ناوێ!

نوسرەت ئەی چی؟

کامیار دواتر پێت دەڵێم.

نوسرەت هەرچیتان بوێ لێتان دریغی ناکەم!

کامیار پیاوی پیاوانە؟

نوسرەت پیاوی پیاوانە! دەی هەستین بڕۆین بۆ ماڵی ئێمە! ماڵ کە چی بڵێم؟ تەنیا ژوورێکە! وەرن ئەمشەو فەقیرانە ڕابوێرین! نانی ئێوارەتان خۆ نەخواردووە! کاڵباس ماڵباس دەکەین. پێکەوە دەبخۆین!

من و کامیار سەیرێکی یەکتریمان کرد کامیار وتی: باشە بڕۆین.

هێواش بە کامیارم وت:

ـ ماشینەکە چی لێبکەین؟ بە ماشینەکەی خۆمان بڕۆین؟

کامیار نە، با هەر لێرە بێت. ئەمانە نابێ بزانین کە دەوڵەمەندین. بەهەر شتێ کە ئەوان ڕۆیشتن دەڕۆین.

نوسرەت خەریکبوو لەگەڵ کچەکەدا قسەی دەکرد، وادیار بوو پێی وت کە ئێمە قبووڵمان نەکردووە! کچەکە سەری داخستبوو هیچی نەدەوت کاتێ قسەکەی تەواو بوو، هاتە پێشەوە و وتی: ئێوە لێرەدا ڕاوەستن هەتاکوو من لەم میوە و شتە بسێنم و بێم.

ئەمەی وت و ڕۆیشت بەرەو لەفە فرۆشییەک،ماینەوە من و کامیار و کچەکە، کە پشتی لەئێمە کردبوو خەریکبوو سەیری شەقامەکەی دەکرد. کامیار ڕۆیشت بەرەو لای و وتی:

کامیار ئەگەر شتێ وا دەکەی، ئەو ئیشەت چییە؟ ئەگەر ئەو ئیشەت دەکەی، ئەم ئیشەت چییە؟

میترا بە پەنجا هەزار تمەن دەکرێ لەم وڵاتەدا بژیت؟ تازە هاتویتەتە ئەم شارە؟

کامیار نە، تازە نەهاتووم، بەڵام. . . ئەوەڵای قسەکەی خواردەوە کە میترا وتی:

ـ بەڵام چی؟

کامیار بەڵام نەمدەزانی کە لەتاریکییەکانی ئەم شارەدا چ باسە!

میترا کتوپڕ سەیری من و کامیاری کرد و نەختێ بێدەنگ بوو و وتی:

ـ کەم و کوڕی ژیانم ڕێ دەخەم! هەر کاتێ کەم دێنم، مەجبوورم لەگەڵ کەسێکدا



Scanned with CamScanner

بڕۆم! دەزانی خۆ؟ من سەرم داخست کە دیسان تووڕە بوو و وتی:

ـ کاک سامان توخوا بۆ من دەوری بنیاددەمە پاک و موسوڵمانەکان مەگێڕە دڵم تێکەڵ دەبێ! چییە؟ ئێمە پیسین؟ کافرین؟ دەبێ بەرد باران بکرێین؟ پێتان ناکەوێ ئێوە من زۆر پاک و خاوێن بن! سەیری چاوەکانیم کرد و وتم:

ـ نە! ئێوە نابێ بەرد باران بکرێن! ئێمە دەبێ بەرد باران کرێین، چاومان لەسەر زۆر شت نوقاندووە! ئێمە زۆر قەرزارتانین!

خێرا فرمێسک لەچاوانیدا کۆبۆیەوە! ئەوەندەی نەمابوو دەست بە گریان بکات! یانی ئەگەر نوسرەت نەدەگەیشت، هەر دەگریا! دەنگی نوسرەت لەدوامانەوە دەهات، ڕوویکردە ئەولاوە.

نوسرەت بڕۆین! هەموو شتێکم کڕی. بڕۆین با بە پاس بڕۆین.

کامیار پاس ئێتر لەکوێیە؟

نوسرەت نە، دێت! نەختێ ڕاوەستین دێت. ئێشی هەموو شەوێکمانە!

کامیار ئەمشەو وەرن بە تاکسی بڕۆین.

نوسرەت دەزانی پارەکەی چەند دەکات؟ (چەنێکە؟ )

کامیار شەوێ هەزار شەو نابێ! میوانی ئێمە بن!

ئەمەی وت و بەر پەیکانێکی گرت و هەر چوارمان سەرکەوتین. شۆفێرەکە پرسی بۆ کوێ نوسرەت وتی: . . . . . . . . شهر!

هەر کە ئەمەی وت شۆفێرەکە برێکەکەی داکێشا و وتی: کاکە گیان دابەزن!

کامیار بۆ؟

شۆفێر من ئێتر ئەمشەو ئیش ناکەم!

کامیار دەی بۆ چی؟ ئاخر بۆچی؟

شۆفێر براکەی من دەزانی ئەو شوێنەی کە دەڵێی لەکوێیە؟

کامیار دەی؟

شۆفێر من بڕۆم و بگەڕێمەوە ڕۆژ دەبێتەوە!

کامیار دەی تۆ پارەی خۆت وەربگرە!

شۆفێر چوار تمەن دەدەی؟

کامیار دەیدەم بابە، ڕێکەوە!

شۆفێرەکە برێکەکەی خەواند و ڕێکەوت و وتی:

ـ ببوورن توخوا! درەنگانەو منیش ماندوم! لێرەوە تا ئەوێ خۆ سەفەرێک ڕێگەیە!
دڵگران مەبن توخوا.
کامیار ئێوەش حەقتان هەیە کاکە! ڕێگە دوور و درێژە!
شۆفێر دەی هەر میوانی خۆم بن!
کامیار پێی پێکەنی و ئەویش دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:
ـ ئێستا شتێ بڵێم پێبکەنن! بە کابرایەک هاوشاری خۆم بووە دەڵێن، ئەگەر دنیات پێبدەن چی لێدەکەی؟ ئەو بیری لێدەکاتەوە و دەڵێ! دەیفرۆشم و دەڕۆم بۆ هەندەران!
ئێمەش دەستمان کرد بە پێکەنین! وەها نوکتەکەی بە زاراوەی خۆی دەگێڕایەوە کە حەزمان لێی بوو!
شۆفێر ڕۆژێک بە هاوشارییەکیتر دەڵێن ئەگەر لۆرییەک پارەت پێبدەن چی لێدەکەی؟
ئەو خێرا وتی: چوار تمەن دەگرم و خاڵی دەکەمەوە!
دیسان ئێمە دەستمان کرد بە پێکەنین، کامیار وتی:
ـ ئێستا من نوکتەیەک دەڵێم کە هەم پێکەنیت هەم بگریت! ڕۆژێ کابرایە خەو دەبینێ کە بردویانە بۆ شوێنێک و پێی دەڵێن تۆ تاوانباری! ئێستا خۆت لەناو ئەم ئازارانەدا یەکیان هەڵبژێرە! ئەو سەیر دەکا و دەبینێ چەند کەسێ لەوێن و خەریکن هۆن هۆن دەگرین و چەند کەسێکیتر لەولاترەوە خەریکن پێدەکەنن! دەپرسێ ئەمانەی کە دەگرین بەسەرهاتیان چییە؟ دەڵێن ئەمانە ئەمریکین! هەفتەی جارێ خۆیان قیر دەکوڵێنن و بە ڕەحەتی دەیکەن بە قوڕگیاندا! ئەمڕۆ کە شتی وا دەکەن، تاهەفتەیەکیتر سەرەی دواییان بێت، ئەمانە دەگرین!
کابراکە ئەوانەی کە لەولاوە خەریکی چەپڵەڕێزان بون و پێدەکەنین و هەڵدەپەڕین نشاندەدا و دەڵێ من دەمەوێ بڕۆم بۆلای ئەوانە! کابرایەکی تر ڕوی تێدەکا و پێی دەڵێ بروانە ئەوانە هەموو ڕۆژێ قیری کوڵاو دەڕێژن بەڕەحەتی قوڕگیاندا! کابراکە دەڵێ باشە، من دەمەوێ بڕۆم بۆ لای ئەوان! ئاخری کابراکە دەبەن بۆلای ئەوان و دەیخەنە ئەو بەشەکەیتر. ئەوانەی کە لەوێ بوون بەخێرهاتنی دەکەن و خوڵکی دەکەن و بەکورتی زۆری ڕێز لێدەگرن. نەختێ کە ڕادەبوورێ، کابراکە لەکابرای تەنیشتی دەپرسێ، برا ئەوە بۆ وایە؟ ئەوانەی کە هەفتەی جارێ قیری کوڵاو بە ڕەحەتی بە قوڕگیاندا دەکەن خەریکن هۆن هۆن دەگرین و ئێوە هەموو ڕۆژێ ئەم ڕەوتەتان بۆ هەیە خەریکن پێدەکەنن؟ کابرای تەنیشتی پێدەکەنێ و دەڵێ ئاخر تۆ نازانی باس چییە!

ئەو ئەمریکیانە بەرنامەکەیان زۆر ڕێک و پێک و لەکاتی خۆیدا جێبەجێدەکەن، بەلام ئێمە ڕۆژێ قیر هەیە ڕەحەتی نیە! ڕۆژێ ڕەحەتی هەیە قیر نیە! ڕۆژێکیش کە هەم قیر هەیە و هەم ڕەحەتی هەیە، دار نیە! ڕۆژێکیش کە هەموو ئەمان هەن، بەرپرسەکەی نیە! ئەمەیە کە ئێمە جارێ دووساڵە لێرەین و ئەمە بەرنامەمانە!

هەموومان دەستمان بە پێکەنین کرد شۆفیرەکە وتی:

- پێکەنینەکەی بەڵێ بەلام گریانەکەی لەکوێ بوو؟

کامیار ئەمەی ئیتر مەتەڵە! ئەگەر زانیت کە ئەوانە کوێیی بون گریانت دێ!

شۆفیرەکە ئیتر هیچی نەوت. ئێمەش هیچمان نەوت. هەموومان تێگەیشت بووین کە ئەوانە کوێیی بون! سەعاتێکیتر گەیشتینە ناو کۆلانێکی خۆڵ و وێران! هەر بڕوام نەدەکرد کە شوێنی ئاواش لەتاراندا هەبێ! بارودۆخێکی زۆر خراپ لەوێ بوو کە ناوترێ!

کاتێ دابەزین کامیار ویستی پارە بە شۆفیرەکە بدا و ئەو خولکێکیتری کرد و ئاخری وەری گرت. ئاوڕیدایەوە و بە کامیاری وت:

- دەست خۆش بەلام تا ئێرە خەریکبووم لەناو خۆمدا دەگریام! زانییم ئەوانە کوێیی بوون!

## بەشی پێنجەم

خەریکبووم سەیری کۆلان و خانوەکانم دەکرد کە کامیار وتی:

ـ ئەوە سەیری چی دەکەی؟

ئەمانە! هەر نەمدەزانی کە شوێنێکی ئاوایش لەتاراندا بێ! یانی هەندێ جار لەفلیمەکاندا دەمبینی کە بنەماڵەیەکی فەقیر لەم شوێنانەدا دەژین بەڵام هەموو جار وامدەزانی دەڕۆن لە لادێکان تەسویری دەکەن! ئەم شوێنانە زۆر نابارە!

کامیاریش سەیرێکی خانوەکانی کرد کە لەخشت و داڕووخاو بوون وتی:

ـ خانووەکانی چینێکی ناشرین و سەرکوت کراو! کۆڵانی خۆڵاوی! جۆگە ئاوی بۆگەن! دەرگا و پەنجەرەی شکاو! ئەمانە دەزانی چییە؟

ـ گەڕەکێکی فەقیر نشینی شارە.

کامیار- نە! هۆی سەدان فەساد و قاحبەگەری و داوێن پیسی و تاوان و پیس و چەپەڵی!

ئێمە خەریکبووین بە ئەسپایی قسەمان دەکرد میترا بیستی و وتی:

ـ دەی ئەگەر ژوورەوەتان چاو پێ بکەوێ چی دەڵێن؟ بە دڵنیاییەوە هۆیەکی بڕوا پێکراو بۆ تاوان و ئیعتیاد و بەکارهێنان و کڕین و فرۆشتنی ماددەی سرکەر دەدۆزنەوە!

کامیار لێرە هۆکاری تەواو هەیە بۆ ئەمشتانە!

نوسرەت لەقەیەکی بە توندی بە دەرگایەکی داردا کوتا، بە دەنگێکی ناخۆش کرایەوە و روویکردە ئێمە و وتی:

ـ وەرن بڕۆینە ژوورەوە هەتاکوو لە بۆگەنی ئەم جۆگەیەدا نە خنکاوین!

میترا ئەرێ بڕۆینە ژوورەوە! ئاخر لەوێ بۆنی گوڵ و گوڵاوی لێدێ!

نوسرەت سەیرێکی کرد و ڕۆیشتە ژوورەوە. میترا ڕاوەستا بوو یانی من و کامیار لەپێشدا بڕۆین کە ئێمەیش ڕێزمان بۆ دانا و نەڕۆشتین و کامیار وتی: خانمەکان لەبەرترن.

پێکەنینێکی بۆ کردین و وتی: بنیادەم حەزی لێیە لەگەڵ گەنجێکی وەکو ئێوەدا قسە بکات! دەزانن ئێوە جۆرێکن!

- بە جۆرێکی خراپ؟

میترا نە! بە جۆرێکی باش! بنیادەم کاتێ لەگەڵ ئێوەدایە هەستێکی باشی هەیە! یانی کچێ کاتێ لەگەڵ ئێوەدایە هەستێکی باشی هەیە! هەست دەکات کە خانمە! هەڵسوکەوتتان کەسایەتی بە بنیادەم دەبەخشێ!

جا هەروا کە خەریکبوو دەڕۆیشتە ماڵەوە، وتی:

- شتێ کە مرۆڤەکانی ئێرە لەبیریان نەماوە!

ڕۆیشتە ژوورەوە و من و کامیار بە دوایدا ڕۆیشتین. لەپشت دەرگاکە پەردەیەک هەبوو. پەردەی چی؟ بە تانییەکی شڕ و شیتاڵیان بە پۆلایەک دایان کوتا بوو بە پشت دەرگاکەدا! کە بە تانییەکەمان لادا تازە تێگەشتین کە میترا دەڵێ چی!

لەوێوە کە ئێمە ڕاوەستابووین، حەوت قادرمەی تا حەوشەکە تێکەوتبوو، حەوشێکی سەد سەد و بیست مەتری، دەوراندەوری حەوشەکە ژوور بوو. عەرزی حەوشەکە خۆڵ بوو و ناوەڕاستەکەی حەوزێ کە ئاوی تێدا بوو و کلۆ کلۆ لەسەر ئاوەکە کەفی سابون ڕاوەستابوو! ڕێک لەپاڵ حەوزەکە دا کچێکی ٤ ساڵە دانیشتبوو خەریکبوو. . . دەکرد سێ مەتر ئەولاتر، دوو پیاو و ژنێ نزیک پەنجا ساڵ، لەلای مقەڵییەکدا دانیشتبون و خەریک بون تریاکیان دەخوارد!

لەو لای حەوزەکەوە، سێ گەنجی تەمەن بیست و حەوت و هەشت ساڵە، ڕاخەرێکیان ڕاخستبوو و خەریک بون یاری کۆنکەنیان دەکرد و دوو کچی تەمەن هەڤدە هەژدە ساڵەیش لەپاڵ دەستیاندا دانیشتبون کە گەنجەکان دەقەیەک یارییان دەکرد و دەقەیەک دەستیان بە سەر و گوێلاکی ئەواندا دەهێنا! لەناوەڕاستیشیاندا بتڵێ بوو، چەند پیاڵەو جامۆلەیەک ماست! بۆگەنی پیسی ئەو مناڵەکە ئیشەکەی تەواو ببوو دایکی خەریک ببوو و دەیشۆرد و بۆنی تریاک و بۆنی ئارەق و ئاوی حەوزەکە بەیەکەوە تێکەڵ ببوو هەر نەدەکرا هەناسە بدەین! دەنگی ڕادیوش کە تا ئاخر بەرز ببوو و خەریکبوو دەنگ و باسی دەوت ئەمە دیمەنەکەی تەواو دەکرد.

ئەوەندە ئەو دیمەنە ناشرین بوو کە حەزم کرد هەر لەوێوە بگەڕێمەوە! هەر حەزم نەدەکرد کە پێم لەقاردرمەکانەوە بیەمە خوارەوە! من لەسەروی قاردرمەکاندا ڕاوەستابووم و کامیار دوو قاردرمە خوارتر لەمن و میترا لەحەوشەکەدا. نوسرەت

که حەوشەکەشی تێپەڕاندبوو و خەریکبوو دەڕۆیشت بۆ لای ژووری بەلام میترا هەر لەوێ چاوەڕوانی ئێمە بوو!

کامیار- چییە؟ مات بوی؟

- حەز دەکەم لێرە ڕاکەم و بڕۆمە ناو ئۆتۆمبێلێک و بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە!

دەستی گرتم و ڕای کێشام و وتی: وەرە! خەیاڵت بدە بە هەواڵەکان هەتاکوو بزانی چەندە پێشکەوتنمان بە دەست هێناوە! هەموو ڕووە خراپەکانی لەبەر چاو مەگرە!

ئەمەی وت و پێکەنی و منی لەگەڵ خۆیدا ڕاکێشاو بردمی!

که گەیشتینە نزیک حەوزەکە، شۆردنی ئەو کچە بچووکە تەواو ببوو و دایکی خەریکبوو بە پێی خۆڵی بەسەر پیسییەکەیدا دەڕشت! خەریکبوو تێک دەچووم کە یەکێ لەو پیاوانە خەریکی ترپاک خواردن بوو خولکی کردین و وتی: فەرموون!

کامیار- بەساقەت بم! نۆشی گیان!

من چوومە ئەولای حەوزەکە هەر هیچ نەبێ لەپاڵ پیسییەکەوە تێ بپەڕم یەکێ لەو سێ گەنجە پیاڵەکەی بۆ من بەرز کردەوە و وتی: سەلام.

من ئەوەندە گێژ ببووم کە هەر نەمدەتوانی قسە بکەم! کامیار خێرا وتی:

- نۆش! بە سەلامەتی!

کوڕەکە پیاڵەکەی هەڵقوڕاند و لەجێگەکەیدا هەستا و دەستی کامیاری گرت خەریکبوو بە تەنیشتیدا تێدەپەڕی و ویستی بە زۆر داینیشێنێتە لای خۆیان کە کامیار وتی:

- قوربانی وەفات! بە سەرت قەسەم ناتوانم! هەنگوین بە دەمت!

کامیار ئەمەی وت، کوڕەکە ئیتر تێی نە ئالا و ئێمەیش لێیان تێپەڕین و ڕۆیشتین بۆ ژوورێک. کامیار لەپێشدا دەڕۆیشت و من و میترا بە یەکەوە دەڕۆیشتین. نزیک دەرگای ژوورێک کە نوسرەت ڕۆیشتبووە ژوورەوەی، پیاوێکی تەمەن چل و چەند ساڵ کە پانتۆڵێکی ڕەشی لەپێدا بوو و چاکەتێکی خستبووە سەر شانی و تەزبیحێکی دەنک قەویشی بە دەستەوە بوو، هەنگاوێ لەبەردەم ژوورێکی تردا هاتە پێشەوە و وتی:

- بەخێر بێن کوڕان! وەرنە ئێرە، خۆشیتان هێنا!

هەر کە دەستی منی گرت میترا وتی: کاک تالیب ئەمانە ئاوەها نین!

کتوپڕ ناو چاوانی کاک تالیب گرژ بوو و وتی:

- دەی بۆچی بۆ ئێرە هاتون؟ مشتەری تۆن؟

میترا لەتەریقیدا سپی بوویەوە! بەس قۆڵی منی گرت و ڕایکێشا و منیش دەستم



Scanned with CamScanner

لەناو دەستی کاک تالیب دا دەرهێنا و ڕۆیشتم بۆ لای کامیار کە خەریکبوو دەهاتەوە بۆ لای من! هەر کە پێی گەیشتم، میترا هێواش وتی: بڕۆینە ژوورەوە! لێرە مەوەستن!

هەر سێکمان ڕۆیشتینە ژوورەوە و لەبەر دەرگا پێڵاوەکانمان داکەند و میترا دەرگاکەی قەپات کرد و وتی:

- هەر کات کە دەمەوێ ئەم تۆزە حەوشەیە تێپەڕێنم، ئەڵێی گیانم لێ دەستێنن!

نوسرەت سەری داخستبوو و خەریکبوو ڕۆژنامەیەکی ڕادەخست لەژوورەکە دا هەڵبەت ئەگەر پێی بوترێ ژوور! کوڵیتێکی دە دوانزە مەتری بوو بە کومبارێک لەعەرزەکەیدا! گەچی دیوارەکە پەڵە پەڵە داڕوخابوو چەند جێیەکیش شێی هێنابوو! بنمیچی ژوورەکەیش بەس ناوی بنمیچ بوو!

لەلایەکیەوە پەنجەرەیەک بۆ حەوشە دەکرایەوە شوشەی لایەکی شکابوو لەجێگەی کارتۆنێکیان دانابوو و پەردەیەکی چڵکن و پیسیشی لەبەردا هەڵواسرا بوو. لەسووچی ژوورەکەشدا دوو دەست نوێن لەچارشێوێکدا پێچرابوو و زۆپایەکیشی لەپاڵدا دانرابوو.

لەلایەکی ترەوە چەند بزماری گەورە کوترا بوو بە دیوارەکەدا، یانی عەلاگەی جل بوو!

من و کامیار خەریکبووین سەیری دیمەنی ژوورەکەمان دەکرد کە میترا هەروا کە خەریکبوو لەچک و مانتۆکەی دادەکەند بە نوسرەتی وت: نوسرەت! هەستە ئەوە بکوژە!

من و کامیار ئاوڕمان دایەوە و سەیری ئەو شوێنەمان کرد کە ئەو سەیری دەکرد! خەریکبوو سەیری دوو قالۆنچەی ڕەشی زلی دەکرد لەسەر دیوارەکە بوون!

تازە زانیم! کچێک بوو بە چاو و برۆی ڕەش و قژێکی ڕەشی درێژ! دەم و چاوێکی جوان و ڕەزا سووک بوو. شتێ کە لەدەم و چاویدا زۆر سەرنجی ڕادەکێشا، چاوەکانی بوو! چاوەکانی قەوی لەگەڵ برژانگی زۆر درێژدا! ئەمانە دەم و چاوی زۆر جوان کردبون.

چاوم تێ بڕی بوو کە نیگای کەوتە چاوەکانم و منیش خێرا سەرم هەڵگەڕاندەوە بۆ لای دوو قالۆنچەکە کە لەسەر دیوارەکە بوون. نوسرەتیش کە خەریکبوو لەناو عەلاگەکەدا، نان و کالباس و خەیار شۆر و ساردی دەردەهێنا و لەسەر ڕۆژنامەکەدا دایدەنا، سەیرێکی قالۆنچەکانی کرد و وتی:

- بۆچی بیانکوژم؟ یانی ئەوانە زۆر زلتر و پیسترن لەئێمەن؟



Scanned with CamScanner

کامیار ڕۆیشت و تاکێ لەپێلاوەکانی هەڵگرت و ڕۆیشت و قالۆنچەکانی کوشت.
میترا زەردەخەنەیەکی کرد و سوپاسی لێکرد و پاشان سەیرێکی جلەکانی ئێمەی کرد و بە نوسرەتی وت: نوسرەت هەستە لای باجی مەهین و ئەوان دوو کورسی بهێنە.
نوسرەت سەیرێکی میترای کرد خەریکبوو ئاماژەی بۆ جلەکانی ئێمە دەکرد و پاشان ڕوویکردە ئێمە و خێرا ویستی هەستێ کە کامیار تونتر دانیشتە سەر عەرز، لەلای ڕۆژنامەکە و وتی: خۆت عەزێت مەیە ئێمە جێگەمان باشە.
میترا ئاخر جلەکانتان خراپ دەبێ!
کامیار زۆر سوپاس هیچ نابێ.
میترا دەی قەمسەڵەکانتام بدەنێ با هەڵیواسم!
ئەمەی وت و هات بۆ لای من، زووتر قەمسەڵەکەم داکەند و خۆم ڕۆیشتم بۆ لای ئەو چەند بزمارە کە بە دیوارەکەوە بوو، ویستم قەمسەڵەکەی پیا هەڵواسم کە میترا خێرا لەدەستی گرتم و وتی: لەوێ هەڵی مەواسە! گەچی تێوە دەچێ!
پاشان بردی و دەقی کرد و خستییە سەر نوینەکە و کاتێ کە هەڵگەڕایەوە سەیرم کرد ڕوخساری لەشەرمدا سوور سور بۆتەوە.
میترا ببوورن! ئێرە هەر ئەمەیە!
کامیار تکا دەکەم! جا قەیچێکا! !
نوسرەت ئەم کوڵێتەیەی ئێمە خۆ ئەگەر ڕازاوە نییە، پاک و خاوێنی تیایە.
میترا ئەگەر ئەمانەش نەڵێن خۆ دڵمان دەتەقێ!
منیش لەلایەکی تری ڕۆژنامەکەدا دانیشتم و میترایش هاتە لایەکی تری و دانیشت.
نوسرەت دانیشتی؟ ئەی قاپ و ماپ؟
میترا نارۆمە لای ئەو کانتورە!
نوسرەت پێکەنی و ڕوویکردە ئێمە و وتی:
- دەترسی! لەقالۆنچە دەترسێ!
هەر وا لەجێگەکەیدا هەڵدەستا، وتی:
- ئەم خانمانە لەپاسی دوو قات ناترسن ها! بەلام لەقالۆنچەیەک بەم بچووکیە دەترسن! چیرۆکێکە ها!
پاشان ڕۆیشت بۆ لای کەنتورەکە و هەر کە ویستی دەرگای تاکەکە بکاتەوە پڕمەی هات و خێرا وتی: ئەی لەحنەت لەباوکی هەوای بەهار! دیسان هەلامەتم گرت!



Scanned with CamScanner

لەکەنتۆرەکەدا، چەند قاپی مەلا مین و چەند چەتاڵی تەنەکە و چەقۆیەک و سێ پەرداخی دەرهێنا و هەر کە ڕوویکردە ئێمە دیسان پژمی و خێرا لوتی بە دەسماڵ ک لەگیرفانی دا دەری هێنا سڕی و وتی: ببوورن.

قاپەکانی بە شتەکانی ترەوە خستە سەر سفرەکە و عەلاگەیەک کالباسی تیا بوو دەرهێنا و بە چەتاڵی، وەرق وەرق کالباسەکانی دەرهێنا و خستییە ناو قاپەکان. من خەیاڵم لای میترا بوو کە هەر سەری داخستبوو و کامیار خەیاڵی لای نوسرەت بوو کە کتوپڕ پژمەیەکی تری کرد و ڕووی لەسفرەکە وەرگێڕا و دیسان بە دەستماڵ لوتی سڕی و لەجێگەی هەستا و وتی:

- هەتاکوو ئێوە خەریک دەبن من دێمەوە! بڕۆم ئاوێ بکەم بە سەرو چاوما!

ئەمەی وت و پێڵاوەکانی لەپێ کرد و لەژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوە کە میترا وتی:

- فەرموون توخوا! شایانی نییە!

کامیار- ڕادەوەستین هەتاکوو کاک نوسرەتیش بێت.

میترا ئەو هەتاکوو دەست و دەم و چاوی بشوا پێی دەچێ.

کامیار- مووعتادە؟

هەر کامیار ئەمەی وت، من وشکبووم! میترا سەیرێکی منی کرد و سەیرێکی کامیار و سەری ڕاوەشاند.

کامیار: لەکەیەوە؟

میترا: چەند ساڵێکە.

کامیار- ئەی تۆ؟

کە کامیار ئەمەی وت، خێرا ئاوم دەردا! عارەقم کردەوە! نازانم بۆچی کتوپڕ شەرم دایگرتم!

میترا: نە! یانی بڵێم چی؟ بۆ درۆ بکەم! بەو شێوە نیم!

کامیار: یانی چی؟

میترا: ئەگەر بێ، دەیخۆم.

کامیار: هیرۆئین؟

میترا: نە بابە! ئەو کە تەرکی نییە! تریاک دەڵێم.

جا پێکەنینێکی ساختەی کرد و سەری داخست. من ئیتر بە ڕاستی خەریکبوو تێک دەچووم! هەر بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێ لەشوێنێکی ئاوا پێسدا، لەسەر

سفرەیەکدا کە ڕۆژنامە بێ دابنیشم و لەچەند قاپی مەلامینی پیسدا، لەگەڵ کەسانێکی ئاوادا، کالباس بخۆم! ئەویش خراپترین جۆری! هەرکات سەیری کالباسەکانم دەکرد کە لەو قاپە پیس و چەورەدایە، دڵم تێکەڵ دەبوو! هەڵگەڕامەوە و سەیری کامیارم کرد وادیار بوو لەحاڵ و ڕۆژم تێ گەشت و زەردەخەنەیەکی بۆ کردم و لەتێ کالباسی هەڵگرت و دوو لەتی کرد و نیوەی خستە دەمی! کاتێ سەیرم کرد کامیار خەریکە لێی دەخوا، دڵم خۆش بوو و نیوەکەی تریم لێ سەند و دەستم کرد بە خواردن، دوای ئەوە کامیار بە میترای وت: ببوورن، ئەگەر لێرا جگەرە بخۆین دڵگران نابن؟

کتوپڕ میترا دەستی کرد بە پێکەنین و نەختێ پێکەنی وتی:

- ببوورن! پێکەنینم لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئێوە بزانن لەم ژوورەدا چ جۆرە دووکەڵێ بەرز دەبێتەوە، حەتمەن خۆشتان هەر پێکەنینتان بە قسەکانتان دێ!

کامیار پاکەتە جگەرەکەی دەرهێنا و تاوێ وەستا و جا سەرەتا بۆ میترای گرت کە ئەویش سوپاسێکی کرد و دەنکێکی هەڵگرت و جا خوڵکی منی کرد و خۆیشی دەنکێکی هەڵگرت و منیش لەگیرفانم، چەرخەکەم کە ئاڵتون بوو دەرهێنا و دامگیرساند و گرتمە بەردەم میترا خێرا پێی وتم: ئاڵتونە؟

سەرم ڕاوەشاند خێرا وتی:

- ئەمە لێرە لەگیرفانتان دەرنەهێنن ها!

ئەتوت دوو دڵ بوو بەڵام کتوپڕ ئەڵێی بڕیاری دا و وتی:

- لەبەردەم نوسرەتیشدا دەری مەخەن!

کامیار- یانی؟

نەیهێشت قسەکەی کامیار تەواو بێ و وتی:

- نە! نوسرەت وا نییە بەڵام مرۆڤە!

جگەرەکانم داگیرساند و چەرخەکەم کردە گیرفانم کە میترا وتی:

- فەقیری و نەبونی مرۆڤ مەجبوور بە زۆر شت دەکا!

- نە هەموو کەس!

میترا وازبێنە کاک سامان! باشتر سەیری دەورو بەرتان بکەن!

- یانی سکی مرۆڤ ئەوەندە بایەخی هەیە؟

میترا باس تەنیا سکیء ڕۆزی نییە! مانەوە! شەڕی مانەوەیە! ڕێک وەکو ئاژەڵەکانی ناو دارستان! ئێرە ئێستا وایە! ئێستا تەنیا ئەوە بەسە کە ئێوە بڕۆنە ناو ئەم حەوشەیە و

ئەو چەرخە ئالتونەتان لەگیرفان دەربێنن! ئیتر تەواوە! جاری یەکەم هەوڵ دەدەن شتێ وەکو بە قومار لێتان ببەنەوە! ئەگەر نەکرا لەگیرفانتان دەیدزن! ئەگەر نەکرا بە قسەی خۆش لێتان دەسێنن! ئەگەر نەکرا. . . زەردەخەنەیەکی کرد وتم:

- دەی کەوایە دەم کوژن و دەیبەن!

میترا لەوانەیە! لەوانەیش نیە!

- بۆ نە؟

میترا چون ئێوە لەگەڵ نوسرەتدا هاتون بۆ ئێرە!

- لێی دەترسن؟

میترا لەهێزی شان و باهۆی نە!

کامیار ئەی لەچی دەترسن؟

میترا دەورو بەری قەرەباڵغە! پیاوی زۆرە!

ئەمەی وت و لەجێگەکەی هەستاو لەسووچێکدا تەپڵەکێکی کائۆجۆنەی هەڵگرت و هێنای و خستییە بەردەممان و خۆڵەمێشی جگەرەکەی تیا تەکاند و وتی:

- دەمەوێ شتێکتان لێ بپرسم! ئێوە ئیشتان لێرە چییە؟

کامیار دەبێ بروانامەکەمان بنوسین ژیانێکی کۆمەڵایەتی سەیر!

میترا وەکو ژیانی نوسرەت! لەوانەیشە من!

تاوێ بێدەنگ بوو. من و کامیاریش هیچمان نەوت و جگەرەمان کێشا کە وتی:

- باری ئابووریتان باشە، وا نییە؟

کامیار- ئەگەر مەبەستت ئەو چەرخە ئالتونەیە، ئەوە کەسێ بە دیاری پێی داوە!

میترا نە، هەمووی دەڵێم!

کامیار- باری ئابوریمان خراپ نییە.

میترا ژنتان هێناوە؟

کامیار- نە.

میترا زۆر چەنەبازم، نە؟

کامیار- وشیاری! وشەی وشیاری باشترە، ئێوە چی؟ شوتان کردووە؟

میترا نە، کە ئامادەییم تەواو کرد لەماڵ دەرچووم!

کامیار بنەماڵەکەتان چی؟

میترا وازیان لێهێنام! وتیان ئێمە کچێکی وامان هەر نییە!



Scanned with CamScanner

ـ بۆ؟
میترا بۆ وتیان ئێمە کچی وامان نییە؟
ـ نە، بۆ لەماڵ دەرچووی؟
میترا چیرۆکێکی زۆر دوور و درێژە! وازی لێبێنن!
ـ هیچ کات لەخۆتان نەپرسی کە ئەگەر لەماڵەوە بمانایەتەوە، بارودۆختان لەئێستا باشتر دەبوو؟
میترا کاتی خۆی زۆر بیرم لەم شتانە دەکردەوە بەڵام ئێستا ڕابردوو ڕابردووە ئیتر!
ـ یانی هیچ ڕێی گەڕانەوەیەک نییە؟
ڕۆیشتە ناو خەیاڵ و هیچی نەوت کە دەرگا کرایەوە و نوسرەت هاتە ژوورەوە و وتی:
ـ ببوورن درەنگی خایاند! یەکێ لەدراوسێکان منی بە قسە گرتبوو! ئێ. . . . ! ئێوە بۆ دەستتان پێ نەکردووە؟ میترا؟ بۆ خولکت نەکردون؟
میترا وتیان با تۆ بێیت.
نوسرەت ئەی بابە! باشە ئێستا شتێ نییە لەدەم بکەوێ!
هات دانیشتە سەر سفرەکە و وتی:
ـ دەی ئیتر فەرمون! نۆشی گیانتان بێ.
حاڵ و هەوای گۆڕا بوو. دیار بوو کە ڕۆیشتۆتە دەرەوە و کێشابووی!
کامیار چەند پەڕ کالباسی خستە سەر قاپەکەی من و چەند دانەیشی بۆ خۆی دانا و و نانێکی سەمونی لەناوەڕاستدا لەتکرد و نیوەی دانا بۆ من و خۆیشی دەستیکرد بە خواردن، منیش وردە وردە دەستم پێکرد. میترا و نوسرەتیش دەستیان پێکرد.
نوسرەت تیکەیەکی خستە دەمی و وتی: ئیشی ئێوە چییە؟
کامیار خوێندکارین.
هەروا کە خەریکبوو پارووەکەی قوت دەدا، سەیرێکی ئێمەی کرد و وتی:
ـ لێتان نایەت! زیاتر نیشان دەدەن!
کامیار ـ فەوق لیسانس! بە ساڵێ دوو ساڵ دواکەوتنەوە!
نوسرەت ئەها!
پاروویەکی تری خستە دەمی و وتی:
ـ ئێستا چ خزمەتێ لەدەستی من دێ؟



Scanned with CamScanner

کامیار- دەمانەوێ ئەگەر یارمەتی بدەی لەژیانی ئێوە بکۆڵینەوە.
نوسرەت ژیانی من؟
کامیار- (ئاسیب شناسی) کۆمەڵایەتی.
سەیرێکی ئێمەی کرد و پاروویەکی تری خستە دەمی کامیار وتی:
- بە یارمەتیتان پارەیەکی کەمیش پێشکەش دەکەین.
خەیار شۆرێکی خستە دەمی و وتی:
- پیاوی باش نان و نمەکی یەکتریمان خواردووە! باسی پارە چییە دەیکەی؟ پیسی مەکە ئیتر!
کامیار- ڕاستییەکەی، حەز دەکەین ئەگەر ڕازی بووی، بە وردی و ڕاستی بۆمانی باس بکەی. یانی درۆ و مرۆی تیا نەبێ!
سەیرێکی ئێمەی کرد و وتی: ڕاستە کە ئەم سفرەیە، وەرەقێکی ڕۆژنامەیە بەڵام ڕێزی هەر وەک ڕێزی سفرە وایە! دەستی من و ئێوە بە یەکەوە ڕۆیشتۆتە ناو سفرەیەک! ئەگەر ڕازی بیم بەس ڕاستم لێ دەبیستن!
من و کامیار یەکی تیکەیەکمان هەڵگرت و خستمانە دەممان کە نوسرەت سەری ساردییەکەی هەڵیچڕی و دوو پەرداخی پڕ کرد و خستییە بەردەممان. کامیاریش پەرداخەکەی هەڵگرت و قومێکی لێ خواردەوە و دایناپەوە، نوسرەت هەڵی گرت و لێی خواردەو خستییە نزیک خۆی! کامیار سەیرێکی کرد و دیسان هەڵی گرت و قومێکی تری لێ خوارد و خستییە ناوەڕاست! نوسرەت بە میهرەبانییەوە سەیری کرد و پێکەنی.
کامیاریش پێکەنی، ئەت وت هەردووکیان بە یەکەوە یاری دەکەن! یارییەک کە سۆز و خۆشەویستی و هاوڕێیەتی تیا هەڵدەقوڵێ!
منیش پەرداخەکەم هەڵگرت و خواردم و هەرکە دامنا و میترا هەڵی گرت و ئەویش لێی خوارد و خستییە بەردەمی خۆی. کامیار لەژێر چاوەوە سەیری منیکرد و بڕۆی هەڵتەکاند کە یانی ئیتر لێی نەخۆم! منیش دەستم لەپەرداخەکە نەدا و پارویەکی ترم هەڵگرت و خستمە دەمم کە نوسرەت وتی:
- چۆن دەتەوێ گوێ لەژیانم بگری؟ تۆ دێی بۆ ئێرە یا من بێم بۆ لات؟
کامیار- هەر چۆنێ کە تۆ حەز دەکەی.
نوسرەت بێیت بۆ ئێرە لات قورس نییە؟
کامیار- نە!

نوسرەت ئێستا یەک دوو جار وەرە بۆ ئێرە کە مرۆڤەکانی باشتر بناسی! لەشوێنێکی تردا بەیەکەوە کات دادەنێین. تەنیا ئاگات لەمانە بێت! هیچیان لێ وەرنەگری! چ خواردن، چ کێشاندن!

جا قاپەکەی دوور خستەوە و نەختێ ڕۆیشتە دواوە و وتی:

ـ خوایە لێت بە زیاد بێ! دوکەڵت هەیە؟

کامیار پاکەتە جگەرەکەی خستە بەردەم نوسرەت کە نوسرەت دووانی تیا دەرهێنا و دایگرساند و یەکیانی دا بە کامیار و خۆیشی مژێکی لەجگەرەکەی دا و وتی:

ـ لەکوێوە حەز دەکەی دەست پێ بکەم؟

کامیار ـ لەمناڵییەوە!

نوسرەت دەی، کەواتە گوێ بگرە! نۆ مانگان بووم کە لەدایک بووم بەڵام نا پیاوانە ڕۆژی لەدایک بونمیان لەسفرەوە دەست پێکردووە! نۆ مانگیان لەم بەینەدا بۆ هەڵلوشی.

کامیار ـ یانی نۆ مانگ لەخزمەتت فڕ؟

نوسرەت فڕ!

کامیار ـ زیرەک نەبووی! من کە چاوم بە دنیا هەڵهێنا، بەڵگەی ١١ مانگ خزمەتم بە دەستەوە بوو و خستمە سەر فایلەکەم!

هەر چوارمان پێکەنین من لەبیرم نەبوو و پەرداخی ساردییەکەم هەڵگرت و خواردمەوە! کتوپڕ چاوم بە کامیار کەوت و تازە بیرم کەوتەوە کە چیم کردووە! لەژێر چاوەوە سەیرێکی میترام کرد سەیرم کرد زەردەیەک لەسەر لێویەتی! ئیتر ئیشێ بوو کە کرا بوو و منیش نەمخستە خۆم و لەلای سفرەکە ڕۆیشتمە دواوە کە نوسرەت هاتە پێشەوە و لەگەڵ میترادا قاپ و چەتاڵەکانیان کۆکردەوە و ئەوانی تریان لەو ڕۆژنامەیەوە پێچاو خستیانە سووچی ژوورەکە و نوسرەت زۆپاکەی ڕاکێشا لەپێشەوە و هەڵیکرد و کترییەکی ڕەش و دووکەلاوی دا بە دەست میتراوە کە بڕوات ئاو بهێنێت کە کتوپڕ لەحەوشەکەدا بوو بە دەنگە دەنگ! ئەویش چ دەنگە دەنگێ! من و کامیار وامانزانی شەڕ بووە! نوسرەت ڕایکردە پشت پەنجەرەکە! لەنێوان دەنگە دەنگەکەدا، دەنگی سەرە سەرێش دەهات!

نوسرەت گۆشتیان هێناوە!

کامیار ـ خێرە؟

نوسرەت نا! ئەویش چ خێرێ! وەرن سەیر کەن! هەر بە کەڵکتان دێ!





Scanned with CamScanner

من و کامیار ڕۆیشتینە پشت پەنجەرەکە. شوشەکە ئەوەندە پیس بوو کە بە جوانی هیچ دیار نەبوو!

نوسرەت بڕۆینە دەرەوە! زۆر سەیرە!

هەرسێکمان پێلاوەکانمان لەپێ کرد و ڕۆیشتینە حەوشەکە کە چیمان بینی! سێ چوار کەس خەریک بوون کەرێکی داماویان ڕادەکێشا بۆ لای حەوزەکە! کەرە داماوەکەش هەر جوتەی لێ دەدا و دەیویست گازیان لێ بگرێ و ئەوانیش وەها سەرو گوێلاک و دەست و پێیان گرتبوو کە بەستە زمانە نەیدەتوانی بیجولێنێتەوە!

کامیار- بۆ وا دەکەن لەو بەستەزمانە؟

نوسرەت تۆ سەیرکە تێدەگەی!

هەر کە ئەمەی وت بینیمان دوو کەسی تریش لەژوورەکاندا هاتنە دەر و ڕۆشتنە یارمەتی ئەوانی تر و کەرەکەیان لەپاڵ حەوزەکەدا خست بە عەرزدا و یەکێ لەگیرفانیدا چەقۆیەکی گەورەی دەرهێنا و قورگی کەرە بەستەزمانەکەی بڕی!

من و کامیار بێ نقە ڕاوەستابووین و بەس سەیرمان دەکرد! من ویستم بڕۆمە پێشەوە کە نوسرەت دەستی گرتم و ڕایگرتم!

- بۆ کوشتیان؟ شێتن؟

نوسرەت نە، برسین!

- ئاخر گۆشتی کەر؟

نوسرەت ئەمانە لەگۆشتی پشیلەش نابوێرن!

پاشان ڕوویکردە من و سەیرێکی ناوچاوانی منی کرد و وتی:

- تێگەیشتنی بۆ ئێوە زەحمەتە ئاغا سامان! ئەگەر دوو جار بێیتە ئێرە، زۆر شتی ترت دەست دەکەوێ!

کامیار- سەرەتا بۆگەنەکەی دیت جا بنیادەم پیسییەکەی چاو پێ دەکەوێ!

ئەوانەی لەوێدا بوون، هەموویان لەدەوری کەرەکە کۆ ببونەوە کە هێشتا گیانی تیا بوو و خەریکبوو لەقە فڕێی دەکرد و دەپەڕینە سەر و کوڵی یەکتری و جار ناجاری یەکێ لەژێر دەست و پێیدا خۆی بە زۆر دەهێنایە دەرەوە و لەتە گۆشتی کە دەستی کەوتبوو، دەیبرد بۆ لای ژوورەکەی! کامیار سەیری نوسرەتی کرد و وتی:

- ئەگەر درەنگ بر□زی، تەنیا دەست و پێی دەمێنێتەوە!

نوسرەت سەیرێکی ئێمەی کرد و پاشان سەری داخست و هەروا کە دەڕۆیشت بۆ

لای ژوورەکەی، لەسەرخۆ وتی:

ـ بەشی من دەخەنە لاوە.

ئیتر نەمتوانی خۆم ڕاگرم و تێک چووم! خۆم گەیاندە شوێنێ کە خۆڵەکانیان تیا ڕشتبوو! خەریکبوو دل و جەرگم لەقوڕگمەوە دەهاتە دەر! کامیار هات و دەستی بە پشتمدا دەهێنا و کاتێ نەختێ باش بومەوە، میترا هەر بەو کترییە چایە. ئاوی بۆ هێنام و ڕشتی بە دەم و چاومدا و منیش دەم و چاوم شۆرد و کامیار دەست ماڵێکی پێدام و بە میترای وت: زۆر ناسکە. حەساسە

میترا هیچی نەوت هەتاکوو من لەجێگەکەم هەستام و هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا و وتم:

ـ ئێرە ئیتر کوێیە؟ سەد ڕەحمەت لەدارستان!

میترا ئێوە نابێ بێن بۆ ئێرە! باش نییە بۆتان!

کامیار- بۆ؟

میترا لێرەدا ڕۆژێ سێ چوار کەس بە ماددە سڕکەرەکان ڕادێن! لێرەدا لەخەسار دەگەڕێن!

کامیار- جارێ بڕۆینە ژوورەوە! ئەوانەی کە لێرەدا موعتاد دەبن، هاتوون کە هەر ڕابێن! ئێمە بۆ ئیشێکی تر هاتووین! بڕۆینە ژوورەوە.

هەرسێکمان ڕۆیشتینە ژوورەوە کە نوسرەت هەر چاوی بە من کەوت وتی: چیبووە؟

میترا- تێک چوو.

نوسرەت هەستی ناسکە! بەم شتانە ڕا نەهاتووە. یانی هەموومان کاتی خۆی وابووین! مرۆڤ وردە وردە بە هەموو شت ڕادێ!

ـ بنیادەم بە زۆر شت ڕانایەت!

نوسرەت با برا، ڕادێت خۆمان! ئەگەر ساڵی پەنجا و حەوت پەنجا و هەشت یەکێ بهاتبایە و بیوتایە ڕۆژگارێ گۆشت ئەوەندە گران دەبێ هەندێ لەمرۆڤەکان دەسەڵاتیان نییە بیکڕن، گۆشتی کەر دەخۆن، بڕوات نەدەکرد؟ بەڵام هەر ئێستا خۆت بە چاوی خۆت بینیت!

کامیار ڕۆشتە پشت پەنجەرەکە و سەیری حەوشەکەی کرد و وتی:

ـ کەرە داماوەکە مرد بەڵام چەند کەسێ سکیان تێر بوو!

نوسرەت ئەمە عەقڵە.

ڕاستە! بەلام هەیە! ڕاستە!

کامیار- نە، عەقل نییە بەلام هەیە! ڕاستە!

دیسان سەیری دەرەوەی کرد و وتی:

- ئەی خوێنەکەی؟ خوێنەکەشی دەخۆن؟

هەلگەڕایەوە و سەیری نوسرەتی کرد و نوسرەت پێکەنی و وتی: ئیتر خۆ دارکوردا نین!

کامیار- ئەی بۆچی خوێنەکەیان ڕشتوتە ناو تەشت؟

نوسرەت بۆ شتێکی ترە! دەتەوێ هەموو نهێنییەکانی ئێرە بە شەوێ بزانی؟

کامیار- لەهەر کوێدا کە حەزت کرد نەیڵێی. مەیلێ بەلام مەرجەکەمانت لەبیر نەچێ!

نوسرەت خوێنەکەیان بۆ تریاک دەوێ!

کامیار- بۆ تریاک؟

نوسرەت ئا، تێکەلی تریاکی دەکەن! سکڵەکەی کە پێوە بنوسێنی، چزە چزێ دەکا کە ناوترێ! هەمووت پێ دەڵێم! یەکە یەکە!

هەر لەم کاتەدا یەکێ لەپشت دەرگاوە نوسرەتی بانگکرد، نوسرەتیش هەستا و ڕۆیشتە دەرەوە و نەختێ دوای ئەوە بە لەتێ گۆشت، نزیک سێ چوار کیلۆ کە لەرۆژنامەیەکدا پێچرا بوو گەڕایەوە و وتی: ئەمەش بەشی ئێمە!

دیسان خەریکبوو تێک دەچووم! میترا بە توڕەیی بە نوسرەتی وت:

- ئێستا مەجبوور بووی بیهێنیتە ژوورەوە؟ با لەلایان بوایە تا دوایی!

نوسرەت ئەگەر وا بڕیارە ئەمانە سبەی بیانەوێ سەبارەت بەم کۆمەڵگایە ڕا دەربڕن، دەبێ کۆمەڵگا باش بناسن! ئەم کەرەش بەشێک لەم کۆمەڵگایە بوو.

ئەمەی وت و دەستی بە پێکەنین کرد کە کامیاریش دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:

- کەرەکە بەشێک بوو لەم کۆمەڵگایە یان ئەم کۆمەڵگایە بەشێکە لەکەرەکان؟

هەموومان دەستمانکرد بە پێکەنین کە نوسرەت وتی:

- چوزانم وەڵڵا! گۆشتی بنیادەمم خۆ نەهێناوە ئەمە سەعات بە سەعات تێک دەچی! بە ڕێکەوت گۆشتەکەی خراپ نییە! هەر هیچ نەبێ تازە و تەندروستە! وەکو ئەم گۆشتانەی دەرەوە نییە، هەزار نەخۆشینی هەیە و بێ ناموسێک دەیهێنێت و دەیداتە خواردی خەڵکی داماو! بیگرە بیخە ئەو سووچە بابە! هەر ئەم کالباسە ئەمشەو خواردمان، دیار نەبوو کە چ گۆشتێکی تیا بوو!

میترا گۆشتەکەی لێ وەرگرت، نوسرەت کترییەکەی خستە سەر زۆپاکە و وتی:

ـ ئێستا چایەکتان پێدەدەم کە کەیف بکەن.
کامیار- چاکەی چییە؟ بەری یەکەمی گەلای چنارە؟
نوسرەت پێکەنی و وتی: وەرە دانیشە! شتێکی خراپت پێ نادەم!
هەر چوارمان ڕۆیشتینە لای زۆپاکە و دانیشتین، نوسرەت چوار جگەرەی لەپاکەتەکەی دەرهێنا و دایگرساند و یەکی یەکێکی دا بە دەستمانەوە و وتی:
ـ کۆمەڵگا یانی کۆمەڵێ خەڵک کە بە یەکەوە لەشوێنێکدا دەژین! دەرگا و بان خۆ کۆمەڵگا نییە! خەڵکەکەی کۆمەڵگایە! ئێستا ئەم خەڵکانە لەهەر شێوەیەک کە بین، کۆمەڵگاکەشیان وەها درووست دەبێ! پێشکەوتووە، وەحشی، خوێنەوار، نەخوێنەوار!
ـ ئەمانە هەمووی لەنەبونی فەرهەنگە!
نوسرەت چی دەڵێی کاک سامان؟ نەبونی فەرهەنگ کامەیە؟
ـ ئەگەر مرۆڤەکان فەرهەنگێکی ڕەسەنیان هەبێ ، تیا ناچن!
پێکەنین لەسەر لێوی بزر بوو و سەیرێکی منی کرد و وتی:
ـ ئێوە وادەزانن کە ئەمانە لەنەبوونی کلتورەوە وایان لێهاتووە؟
ـ بە دڵنیاییەوە!
نوسرەت ئەی من؟ بۆ من لێرەم؟ من بۆ وام بە سەر هاتووە؟
سەرم داخست و هیچم نەوت.
نوسرەت شەرم مەکە، بیڵێ!
ـ تۆ خۆت چۆن بیر دەکەیتەوە؟
نوسرەت تۆ وادەزانی من نەخوێندەوارم؟
ـ تکا دەکەم!
نوسرەت نە، بەڕاستمە!
ـ ئاخر چی بڵێم؟
نوسرەت پیاوی باش، هاوڕێی من، ئاخر چیت پێ بڵێم؟ منێ کە لێرەدا بەرانبەرت دانیشتووم دەرچووی زانکۆم! شانزدە ساڵ لەم وڵاتەدا خوێندومە!
من و کامیار سەیری یەکتریمان کرد ، کامیار وتی:
ـ تۆ گیانی من بە ڕاستتە؟
نوسرەت بە گیانی تۆ! ئەوەتا! برۆ سەیریکە! لەو جانتایەدایە! میترا! بیهێنە با ئەمانە سەیری بکەن!

سەیریکی میترامان کرد کە وتی: لیسانسی هەیە، لیسانسی کیمیا.
کامیار تۆ لیسانسی کیمیات هەیە و لێرەی؟
سەری کترییەکە دەنگی لێهات و نوسرەت بە دەست لای برد و خستییە سەر عەرز و هەروا، خەریکبوو پاکەتی چاکەی هەڵ دەگرت وتی:
ـ دیسان کترییەکەی پڕ کردووە؟ بابە هەموو جارێ تا نیوە ئاوی تێبکە! دەستم سوتا!
بە چەند کوتە ڕۆژنامەیەک، دەسکی کترییەکەی گرت و هەروا فووی لێ دەکرد هەڵمەکەی دەستی نەسوتێنێ، ڕۆیشت بۆ لای پەنجەرەکە و کردیەوە و بسم اللەیەکی کرد و نیوەی ئاوی کترییەکەی ڕشتە حەوشەکە و پەنجەرەکەی پێوەدا و هاتەوە سەر جێگەکەی دانیشت و کترییەکەی خستەوە سەر زۆپاکە و نەختێ چای تێکرد و سەری نایەوە و ڕووی کردە ئێمە و وتی:
ـ بە کەڵکی چیم دێ؟ بۆچی چ کەڵکێکی بوو بۆم؟ تەنیا بۆ دروست کردنی عارەق و ماددەی سڕکەر کەڵکی لێ وەردەگرم! جا پێکەنی و وتی:
ـ هەڵبەت بێ کەڵکیش نەبووە ها! ئیشەکەمانی ڕێک خستووە! نەشئەی هاوڕێکان ساز بووە! بووین بەرپرسی لابراتواری ماددەی سڕکەر!
کامیار- دەی خوا ڕەحمی کردووە لیسانسی فیزیات وەرنەگرتووە! ئەگینا دەبووی بە بەرپرسی لابراتواری چەکە ناوەکییەکان !
من و میترا دەستمان بە پێکەنین کرد نوسرەت وتی:
ـ پێبکەنە کاک کامیار! پێبکەنە! پێکەنینیشی هەیە! خۆت خوێندکاری و دەزانی باوکی بنیادەم دەردێت هەتاکوو دەچێتە زانکۆ و لەو سەریەوە بێتە دەرەوە! ئەویش حکومییەکەی!
کامیار- زیرەک بووی؟
نوسرەت ئا، لەوانەیە!
کامیار- زۆر حەز دەکەم ژیانت بزانم! نەک لەبەر لێکۆڵینەوە و ئەم شتانە، نە! ئیتر وای لێهاتووە بۆ خۆم زۆر گرنگە!
نوسرەت سەیریکی من و کامیاری کرد و جا وتی:
ـ بۆتانی باس دەکەم لەبنی کولەکەی دەدەم بەلام مەرجێکی هەیە.
کامیار- چ مەرجێ؟

نوسرەت مەرجەکەی ئەوەیە ئاوا سەیرم نەکەن! ڕاستییەکەی پێم ناخۆشە!
کامیار کام سەیر کردنانە؟
نوسرەت چون هەردووکتانم خۆش دەوێ، ڕێک پێتان دەڵێم! لەسەیرکردنی کاک
سامانی گوڵ! لەڕێوە لەشەرما سور بوومەوە و خێرا وتم:
ـ داوای لێبووردن دەکەم کاک نوسرەت! بەخوا من هەر ئاگام لێ نەبووە! بڕوا بکەن..
نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم و دانەوێ و ڕوومەتی ماچکردم و وتی:
ـ بەخوا نەمویست پەستت بکەم! هاوڕێمی، میوانمی، پێت لەسەر دوو گلێنەی چاوم!
گیانیشم بۆ فیدا دەکەم بەڵام سەیرکردنت بە شێوەیەکە! وەک سەیرکردنی عاقڵی بۆ
سەفیحێ! وەکو سەیرکردنی پیاوێ بۆ ناپیاوێ! ئەوە دڵگرانم دەکات!
کامیار کتوپڕ دەستی خستە سەر ڕانی نوسرەت و وتی:
ـ نوسرەت، شتێک بڵێم دڵگران نابی؟
نوسرەت نە، چونکە لەم چەند سەعاتەدا ئەخلاقتم ناسیوە، لەویا پارەت بۆ دام! لەویا
کە ئابڕومت سەندەوە و ڕۆیشتیتە سەر تەختی شانۆ! لەمانە تێگەیشتم زۆر پیاوی!
لەڕاستگۆییتا لەسەر تەختی شانۆ و تێگەیشتم کە زۆر ڕووت قسەکەت دەکەیت و
هیچت لەدڵدا نامێنێ! دەی هەر چیت کە دەوێ بیڵێ!
کامیار تۆ چۆن سەیری مرۆڤێ دەکەیت کە ئاوا دەژی؟
نوسرەت وەکو بێ ئەخلاقێ! بەڵام ئێوە خۆتان ڕابگرن و ئاوا سەیرم مەکەن!
دەمەوێ ئەمە بڵێم!
ـ بەخوا کاک نوسرەت هەر مەبەستێکی وام نەبوو! یا خۆم نەمزانیوە بەڵام ئێوە
بزانن کە ئەوەندە تێگەیشتوو هەم کە بزانم لیسانسێکی کیمیا لەخۆوە ڕێی ناکەوێتە ئەم
شوێنانە!
نوسرەت دەستت نەیەشێ!
کامیار ئەگەر لەشوێنێکدا، هەڵەیە شتێکت هەبوو پێت نەڵێن؟
نوسرەت با، بیڵێن، هەرچەنە خۆشم هەمووی دەزانم!
کامیار ـ سەرەتا بڵێ چەند خوشک و برا بوون و دایک و باوکت لەکوێن؟
نوسرەت دەتەوێ باوکی من ئەمشەو بە بیرەوەرییەکانم دەربێنێ؟ باشە، قەیناکا!
ئەوەندە پیاوی کە ئەم شتانە بە فیدای تاڵی لەقڕت! با چوار چا تێبکەم.
چەند پیاڵەی هەر لەو پیاڵە هەڵگرت و چای تێکرد و بە شەکردانێکی باغەوە خستییە



Scanned with CamScanner

بەردەمی ئێمە و خۆی یەکیانی هەڵگرت و وتی:
- بیخۆن. چاکەی پەڕپوتە بەڵام لەمە باشتر نەمتوانی دابین بکەم.
چاکەمان هەڵگرت و دەستمان کرد بە خواردنەوەی. خۆی وەکو پزیسک چاکەی خوارد و بە دوایدا چوار حەبی کردە دەمی و قوتیدا و جگەرەیەکی تری لەپاکەتەکەی کامیار دەرهێنا و دایگرساند و وتی:
- دایک و باوکم کە مردون! خوا لێیان خۆش بێت. ئێستا منم و خوشکێکم.
کامیار- هەر ئەم خوشک و برایە بون؟
نوسرەت نە بابە! چوار کەس بووین، ئێستا هەر دووانمان ماوین!
کامیار ئەوانی تر چییان لێ هات؟
نوسرەت حیشمەت کە مرد! عیزەتیش کە باوکم فرۆشتی!
هەر کە ئەمەی وت من و کامیار کتوپڕ ڕوومان کردە یەک و سەیری یەکتریمان کرد! هێزی لەشم نەما! کەوایە ڕاست بوو! گەنم خوشکی نوسرەت بوو! ڕێک دۆزیبوومانەوە! هەر ئاگام لەخۆم نەبوو، بەس سەیری کامیار دەکەم کە نوسرەت وتی:
- سەرتان سووڕما؟
کامیار- فرۆشتی یانی چی؟
نوسرەت ئەوی فرۆشت کردیە خەرجی ئەوانی تر!
کامیار؟ بە کێی فرۆیشت؟
نوسرەت: بە پیاوێکی دەوڵەمەند! ناسراوێکمان بوو، بۆمانی ساز کرد! یانی دەورو بەرەکانمان، هەر دەهاتن و بە گوێی باوکمدا ویزە ویزیان دەکرد کە یەکێ لەمنداڵەکانت بدە بە کرێ!
کامیار- بۆچی شریتی ڤیدیۆیە کە بە کرێی بدەن؟
نوسرەت دەستی بە پێکەنین کرد و وتی:
- لەچینی ئێمەدا ئەم شتانە زۆرە! منداڵەکان بە کرێ دەدەن! بۆ سواڵی، دزی، کڕین و فرۆشتنی دەوا! ئەم لاو لا کردنی دەوا!
- دەوا هەر ئەو ماددە سڕکەرەیە!
نوسرەت شاعیرانەکەی ئا! (ئەدەبیانەکەی ئا)
- یانی منداڵەکانیان بە کرێ دەدەن بۆ ئەم ئیشانە؟
نوسرەت ئەگەر بە مۆرەوە و ئاوا سەیرم ناکەی، ئا!

کامیار- باوکی تۆش وایکرد؟

نوسرەت نە، خوا لێیخۆش بێ! حەزی نەدەکرد مناڵەکانی ئالودەی ئەم ئیشانە بن! بۆیە ئیشی وای نەکرد بەڵام نەیدەتوانی بژێوییان بۆ دابین بکات!

کامیار- دەی!

نوسرەت هیچ! ناسراوێکمان هەبوو کە بۆ ژن و مێردێکی دەوڵەمەند کە منالیان نەدەبوو، بە دوای منداڵێکدا دەگەڕا! ئاخریش باوکمی ڕازیکرد کە عیزەت بفرۆشێ بەوان! ئەویش دوای ماوەیەک، ئیتر نەیتوانی برسێتی ئێمەی چاو لێبێ و فرۆشتی بەوان.

- یانی هەر وا منالەکەی فرۆشت؟

نوسرەت لەپێشدا ڕۆیشت، ماڵ و ژیانی ئەوانی چاو پێکەوت کاتێ دڵنیا بوو کە عیزەتیان بۆ سواڵ و ئەم ئیشانە ناوێ، فرۆشتی پێیان! دەی وت ماڵ و ژیانێکیان هەیە وەکو بەهەشت! ماڵەکەیان باخ بووە!

کامیار- دوایی چی؟

نوسرەت یەک دوو جاریش بێ هەواڵ چوو بۆ سەردانی عیزەت، ئەگەر بزانێ جێگەی عیزەت باش نییە، بیهێنێتەوە، بەڵام زانیبووی کە جێگەکەی باشە و وەک منالی شا ئاگاداری دەکەن! یانی ئەمانەی کاتێ کە دەگەڕایەوە بە دایکمی دەوت و ئێمەش دەمانبیست! تەنیا بۆ دواجار کە ڕۆشتبووە، پێیان وتبوو کە ئەگەر ئیتر بڕوات بۆ سەردانی منالەکە، ئەوانیش پێی دەدەنەوە! وتیان کە دەمانەوێ کە منالەکە نەزانێ کە ئەوان دایک و باوکی ڕاستەقینەی نین! باوکیشم کە ئیتر دڵی لەلایەن عیزەتەوە قورس دەبێ، ئیتر وازی لێ دێنێ! داماوە هەموو جار دەی وت دڵم لەلایەن ئەوەوە قورسە! خەریکە لەناو پەڕی قوودا گەورە دەبێ! دەیوت با هەر هیچ نەبێ ئەو یەکە برسی نەبێ!

جگەرەیەکی تری داگیرساند و وتی:

- حەقی بوو، ئێستا کە خۆشم بیری لێ دەکەمەوە دەزانم کە وەها باشتر بووە! هەر هیچ نەبێ دڵی منیش ئێستا قورسە کە عیزەت جێگەی باشە! ئێستا بە دڵنیاییەوە ژیانی باشە! خوا شوکور! ئەو ڕۆژە کە فرۆیشتی زۆر گریام! حەزم ئەکرد کەسمان لێ کەم نەبێتەوە! لەبەر ئەوە زۆر ڕقم لەباوکم بوو ئێستا دەزانم کە ئەو ئیشی باشیکرد.

کامیار- نەڕۆیشتی بە دوایدا بگەڕێی؟

نوسرەت خۆ نەماندەزانی لەکوێیە! یانی باوکم جێگەی بە هیچ کەس نەوت! تەنیا



Scanned with CamScanner

دەیوت زۆر دەوڵەمەندن! ماڵەکەیان لەباخێکی زۆر گەورەدایە!

من و کامیار دیسان سەیری یەکتریمان کرد. کەنوسرەت وتی:

- چایەکی ترتان بۆ تێکەم؟

ئەمەی وت و بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئێمە بکات، پیاڵەکانی پڕ کردین و دیسان چاکەی خۆی هەڵقوڕاند و ئەڵێی کتوپڕ بە ئیشە ناشرینەکەی خۆی زانی و بە شەرم و پێکەنینەوە وتی: بەخوا ئینسانیەتیشم لەبیر چۆتەوە.

من و کامیار پێکەنین کە وتی: دەزانن؟ لێرە دەبێ هەموو شتێ وەکو خۆیان بکەی! وەکو چا خواردن! هەر دەبێ چاکە بڕێژیتە ناو ژێر پیاڵەکە و هەڵی قوڕێنی! هەر دەبێ لەکاتی ڕێ ڕۆیشتندا کەوشەکانت بخەیتە سەر پێ! هەر دەبێ کاتێ لەگەڵ یەکێکدا قسە دەکەی، لوتت بە دەست بگریت و جا دەست بسڕی بە دیواردا! یانی بیساوی بە دیواردا.

میترا ئاه. . . ! نوسرەت! تێکت دام! قێزت شێواندمەوە.

نوسرەت دەی دەبێ ئەمانە بڵێم!

کامیار: ڕاستە! ئەم شتانە لەم چینەدا، نیشاندەری سەقافەت و زاڵبوونت بەسەر ئیشدایە!

هەموومان دەستمانکرد بە پێکەنین کە نوسرەت وتی:

- بابە ئەم شتانەی دەڵێم بینووسن! ئەمە چۆن لێکۆڵینەوەیەکە؟

کامیار- بۆچی وانە دەستی پێکردووە! ئێستا خۆ لەکاتی پشودا بووین!

هەموومان پێکەنین.

نوسرەت ئا، وانە دەستی پێکرد! وانەی پێشەکیە، پێناسەیەکە!

کامیار سەیرێکی منی کرد و وتی: کاغەز و قەڵەمەکەت دەر بهێنە و بنووسە! بەشی یەکەم! یاسای سەرەتایی!

١ مین کردن بە دەست سێ لەپاڵ کۆڵاندا، بە دەنگی فیل!

٢ ساوین و خاوێن کردنەوەی پەرەی لوت، لەگەڵ پیس و چەپەڵیدا بە دەست بە دیواردا!

مامۆستا بە یارمەتیت؟ پەنجەکردن بە لوتدا ئاساییە یان نە؟

پێکەنین!

نوسرەت دەبێ هەموو کات سەر و سیمات شپرز بێ! بۆنی ناخۆشت لێبێ! دەبێ نینۆکت هەموو کات درێژ و ژێرەکەی مەنی کەرووی هێنا بێ! دەبێ هەموو کات

سووچی چاوت ڕیپۆقی پێوە بێ! دەبێ لەبۆنی عارەقتدا، نە کرێ یەکێ بە لاتدا دەربچێ! دەبێ قاچەکانت بۆگەنی تۆپیویان لێبێ! دەبێ سووچی لێوت هەموو کات کەفی کۆ بووبێتەوە!

کامیار- دەستخۆش بێ کاکی مامۆستا بۆ ئەم پاش نانی ئێوارەتە!

هەموومان دەستمان کرد بە پێکەنین کە کامیار پێی وتم:

- بنوسە ڕازاندنەوە و مازاندنەوەی ڕواڵەت ڕێک وەکو مردوویەک کە بە نەشۆراوی خرابێتە گۆڕ و مانگێ دوای ئەوە، گۆڕەکە هەڵدرابێتەوە و دەریان هێنا بێ!

جا ڕوویکردە نوسرەت و وتی:

- نوسرەت گیان ئەم گیانەوەرەی کە دەڵێی هی چ کاتێ لەمێژووە؟

دیسان پێکەنین.

نوسرەت کە سێ بە ماددەی سرکەر ڕاهاتووە ئاگای لەسەر مێژوو نییە!

کامیار- ببورە نوسرەت گیان! ئەم گیانەورە دەجوڵێتەوە؟

نوسرەت دەجوڵێتەوە ئەویش چ جوڵەیەک! وەکو مارمێلک!

کامیار- کەوایە لەڕەگەزی مارەکانە! بێ وێنەیە! بینووسە سامان! هەموو خەڵک ئاگادار دەکرێتەوە ئەگەر لەشوێنە گشتییەکاندا لەگەڵ گیانلەبەرێکی ئاوادا ڕوو بە ڕوو بونەوە، دەبێ لە دەمامک کەڵک وەرگرن و دایرەی بەرزەن ئاگادار بکەن!

پێکەنین کە میترا وتی: دایرەی بەرزەن چییە؟

کامیار- پێشتر بە دایرەی شارەوانییان دەوت بەرزەن!

نوسرەت شارەوانیش گیانەوەرێکی ئاوا وەرناگرێ!

- بۆچی سیمایەکی وا بۆ خۆیان دروست دەکەن؟

نوسرەت جیا لەوە بێ سامان گیان، لێرەدا بێگانە دەبن! وەکو ئێوە! ئێستا هەموو ئەم گەڕەکە دەزانن کە دوو گەنجی بێگانە هاتون بۆ ماڵی من! هەمووشیان حەز دەکەن بزانن ئێوە کێن و بۆچی هاتون بۆ ئێرە!

- ئەم چەند کەسەی کە لەدەرەوە چاومان پێ کەوت، سەر و سیمایەکی وەهایان نەبوو!

نوسرەت هێشتا ئەوانەیان نەخستووە بە عەرزا! هێشتا پشتیان لەعەرز نەداوە! جارێ ئێشیان پێیانە!

- ئێشی چی؟

نوسرەت هەموو ئیشی! ئەمانە سەگی کێشک چین! هەموو ئیشێک دەکەن! ئاگاداری منالەکانن لەکاتی فرۆشتنی ماددەکاندا نەکەونە داویان ماددەکان هەڵنەلوشن! ئاگادارن نەیانخلەتێنن! ئاگادارن کەسێ شتێکیان بەسەر نەهێنێ!

- وەکو پاسەوان!

نوسرەت شتێکی وا! وەکو ئاو خواردنەوە پیاو دەکوژن! وەکو ئەو کەرە کە چاوت پێ کەوت! ئەگەر ئێستا حەقیان بە سەرتانەوە نییە، بۆ ئەوەیە کە لەگەڵ مندا هاتونەتە ئێرە، ئەگینا تا ئێستا ڕوت کرابونەوە!

کامیار- تۆ بۆ وا نیت؟

نوسرەت چۆن؟

کامیار- هەر بەم پێناسەیەوە کە وتت؟

نوسرەت ئاخر ئیشی من شتێکی ترە! دەبێ تەڕپۆش و خاوێن بم!

هەر کە کامیار ویستی شتێکی تر بڵێ دیسان دەنگە دەنگ لەحەوشەکەوە بەرز بوویەوە! دەنگی چەند کچ بوو! میترا خێرا بە نوسرەتی وت:

- بڕۆم بڵێم میوانتان هەیە؟

نوسرەت نە بابە! با بێنە ژوورەوە! خۆم کە دەمەوێ هەموو شتێکیان پێ بڵێم! با خۆشیان چاویان پێ بکەوێ!

دەستی برد و جگەرەیەکی هەڵگرت و هەر کە دایگیرساند، دەرگاکە کرایەوە و سێ کچی گەنج، نزیک بیست ساڵ، هاتنە ژوورەوە و هەر کە چاویان بە من و کامیار کەوت، هەر لەبەر دەرگاکە وشک بوون.

نوسرەت وەرنە ژوورەوە، بێگانەمان تیا نییە.

هەر سێکیان سلاویان کرد و پێڵاوەکانیان داکەند و هاتنە ژوورەوە و لەسووچێکدا دانیشتن و دەستیان بە سەیرکردنی من و کامیار کرد و بە گوێی یەکدا دەیانچرپاند و سەریان ڕادەوەشاند! سەریان بە شێوەیەک ڕادەوەشاند کە بە داخەوە بن! بە شێوەیەکیش وایان دەکرد کە من و کامیار تێ بگەین کە نوسرەت وتی:

- خۆتان هیلاک مەکەن! سەرەتا من پیاوی ئەم ئیشانە نیم، خۆشتان دەزانن! دوای ئەوەش ئەمانە ئەوانە نین کە ئێوە بیری لێدەکەنەوە! پیاوە باشەن!

پاشان ڕوویکردە کامیار و وتی:

- ئەمانە سەفەرین، سەفەری ئەوبەری ئاو!



Scanned with CamScanner

کامیار ڕوویکردە ئەوان و لەکاتێکدا پێدەکەنی وتی:

ـ ئۆغر بە خێر خاتونە بەڕێزەکان! سەفەر سلامەت! بۆ کوێ بە خۆشی دەڕۆن؟

یەکێ لەکچەکان وتی:

ـ جارێ دووبەی. هەتاکوو دوایی چی ببێ و بۆ کوێ بڕۆین.

کامیار- بەه بەه! چ ڕێکەوتێکی خۆش! بە ڕێکەوت منیش بۆ دووبەی دەڕۆم! بەس نازانم بۆچی دڵم لێی دابوو کە هەر دەسی دەسیم دەکرد! مەڵێ چارەنوس ئەمە بوو، ئێوە خاتونە بەڕێزەکان بناسم و هەرچوارمان ببین بە هاو سەفەری یەکتری! هەر لەکۆنەوە وتویانە دەتەوێ بۆ سەفەر بڕۆی لەگەڵ کۆمەڵێکدا بڕۆ! ئێستا بلیتەکەی ئێوە بۆ کەیە؟ یەکێ تر لەکچەکان پێکەنی و وتی:

ـ سبەی عەسر! ئێوەش دەتوانن بلیت وەربگرن؟

کامیار هەروا خەریکبوو سەیری ئەوانی دەکرد و پێدەکەنی، مۆبایلەکەی لەگیرفانی دەرهێنا و وتی:

ـ ئیش لەمە ئاسانتر هەتاکوو ئێستا نەمکردووە! ٥ دەقە مەجالم بدەنێ هەتاکوو هەر لەو فڕۆکەیەی ئێوەدا و هەر لەو ڕیز و کورسییەی تەنیشت ئێوەدا بلیتێک ساز بکەم! بە ڕێکەوت ماوەیەک بوو هەرکات پێڵاوەکانم دادەکەند، تاکێکی سوار ئەو تاکەکەی تری بووە! تیا داما بووم ئەمە بۆچی وای لێدێ؟ ڕۆیشتمە لای شێخێ کە خاوەنی کەرامەتە! باسەکەم بۆ گێڕایەوە کە فاڵێکی بۆ گرتمەوە و تێ فکری و وتی سەفەرێکت لەڕێدایە! لێم پرسی شێخ ئەم سەفەرە چۆنە؟ وتی لەشوێنێکەوە کە چاوەڕوانت نەکردووە! وتم: هاو سەفەرم کێیە؟ وتی:چەند کەسی شۆخ و شەنگ! ڕاستییەکەی من بڕوام نەکرد و ئەم باسەم لەبیر چوو هەتاکوو ئێستا! ئێستا کە ئەمە ڕوویداوە گیانم لەرزی! بە گیانی ئێوە خۆم ئارەقەی شەرم نیشتە سەر ئەم فەقەراتمە! بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کە لەوتەکانی ئەم شێخە خاوەن کەرامەتە دوو دڵ بووم! بڕۆین و بگەڕێینەوە دەڕۆم بۆ خزمەتی و داوای لێبوردنی لێدەکەم کە بۆچی دڵم بە قسەکانی نەداوە!

لەپاشان ڕوویکردە من و وتی:

ـ بە ڕاستی سەیر نییە سامان! تۆ سەرت سوڕ نەما؟

سەیرێکم کرد و وتم: بەرەوەڵا! منیش زۆر سەرم سوڕما! دەکرێ ئەدرەسی ئەم شێخە کە ئەوەندە پێش بینییەکەی ڕاستە بە منیش بدەی؟

هەر وا کە خەریکبوو ژمارەکەی وەردەگرت و سەیری کچەکانی دەکرد وتی:





Scanned with CamScanner

ئەگەر تەمەنێک بە دنیاوە مابوو و لەم سەفەرە بە سەلامەتی گەڕاینەوە، دەستی

- ئەگەر تەمەنێک بە دنیاوە مابوو و لەم سەفەرە بە سەلامەتی گەڕاینەوە، دەستی تۆش دەگرم و دەتبەم بۆ لای کە دۆعایەک نوشتەیەک شتێکت پێ بدات بەشکم ئەو نەخۆشییەت لەبەر مەبارەکی نەفەسی ئەم شێخە چاک بێتەوە! بەڵام مەرجی ئەوەیە کە شکت لەنیشەکەی نەبێ! یەکێ لەکچەکان کە چاوی لەکامیار لانەدەبرد وتی:

- ئێمەش بۆ لای ئەم شێخە دەبەن؟

- بۆ ناتبەم؟ دەتبەم! با بڕۆین بۆ سەفەر و بگەڕێینەوە، جا! دووبەی، ئەمە کامیار- لەپی دەستی منە!

لەپی دەستی پیشانی کچەکان داو وتی:

- بست بە بستی ئەم وڵاتە دەناسم! عەرەب و عەجەم! کارمەند و کاسب! هەموویان لەگەڵما چاک و چلۆنییان هەیە! ئەو فرۆشگای دەی تودەی یەکە لەگەڵ خاوەنەکانیدا سەرمان لەکاسەیەکدایە! تۆ با پێمان بگاتە ئەوێ خۆتان تێدەگەن چی دەڵێم! بۆ هوتێلی دەتان بەم بەلاشی بەلاش! هەشت ئەستێرە! لەلایەک ناو! لەلایەک چیمەن! لەلایەک شارستانییەت! لەلایەک سروشت بزانن! بەس دۆعا بکەن ئەم تەلەفونە دوابڕاوە وەری بگرێ! هەر ئەمە! ئیتر هەموو شت تەواو دەبێ! دەی هەر ئێوە بۆچی هەروا لەخۆوە ڕێکەوتون بڕۆن بۆ سەفەر؟ کۆمپانیای گەشتیاری بەم باشییە لەخزمەتتاندایەو ئەو کاتە ئێوە خۆتان هەستاون لەقە لەق بڕۆن بۆ سەفەر؟ من خۆم ساڵانێکی زۆر مەشخەڵدار بووم لەو کۆمپانیایانەدا! یانی خەتای ئێوە نییە! خەتاکە لەمن و ئەوانەی وەکو منەوەیە کە نایەین و نوسینگەیەک لێرە دابنێین! ئێ. . . ! ئەم دوابڕاوە بۆ جواب ناداتەوە!

پاشان تەلەفونەکەی دا بە من و وتی:

- بیگرە سامان! هەتاکوو من لەگەڵ ئەم خانمانەدا پلانی سەفەرەکە دادەڕێژم تۆ ئەم ژمارەیە لەپەسا وەربگرە هەتاکوو جواب بداتەوە!

بە مۆرەیەکەوە سەیریم کرد کە ڕووی کردە ئەو کچانە و وتی:

- چیتان هێناوە؟ زۆر جانتاکانتان قورس مەکەن ها! لەوێ ئەوەندە شت و مەک هەیە بۆ کڕین کە باس ناکرێ! خوا بکا تەنیا یەکێ لەم کۆنسێرتی گۆرانی بێژانە ڕێکەوتبێ لەگەڵ کاتی ئەم سەفەرەدا! دەڵێن کەسێک بەختی کەسێکی تر ناتوانێ بیخوا ها! بڕوانن دەبێ بسوڕێ و بسوڕێ ئێمە بێینە ئێرە و ئێوەش بێنە ئێرە و هەموومان بە یەکەوە بڕۆین بۆ دووبەی!

ئەم کچانە و میترا و نوسرەت ئیتر چرابوون لەپێکەنینا کە کامیار پێی وتم:





Scanned with CamScanner

- بۆچی ژمارەکە وەرناگری؟

نوسرەت دەستی خستە سەر ڕانی کامیار و وتی:

- ئەمانە ئیتر لەدووبەی ناگەڕێنەوە بۆ ئێران.

کامیار- جا قەیچێکا! ئەمانە لەدووبەی دادەنێم و خۆم ساڵی یەک دووجار سەریان لێ دەدەم! تەنیا دڵم خۆش بێ کە جێگە و مێگەیان باش و ڕێک و پێکە و کەم و کورییان نییە، خۆم بە سێ چوار ڕۆژ دەگەڕێمەوە! ئیتر لەمڕۆدا، ئەم سەفەرانە خۆ سەفەر نییە! دووبەی ڕۆیشتن و هاتنەوە وەکو ئەوەیە لێرەوە بڕۆی بۆ تەجریش و بگەڕێیتەوە! تازە لەوەش ئاسانترە! بیگرە ئەو ژمارەیە ئیترا!

نوسرەت بە پێکەنینەوە ئیشارەیەکی بە کچەکان کرد کە ئەوانیش بە زویری و مەجبووری هەستان و نوسرەت پێی وتن:

- سبەی لەفرۆکەخانە بلیت و پاسپۆرتەکانتان پێ دەدەن! بۆ ئەوێش کە گەشتن، دەزانن خۆ بڕۆن بۆ لای کێ؟

کامیار- یانی چی؟ کاتێ من لێرەدام، تۆ بۆچی ئەم منالە بەستەزمانانە دەسپێری بە کەسێکی بێگانە؟

- کامیار دەقەیەک ئارام دەگریت یان نە؟

کامیار- تۆ با بزانم چ قوڕێکم هەیە بیکەم بە سەرمدا!

ڕوویکردە نوسرەت و وتی: بڕوانە نوسرەت گیان! ئەگەر ئێمە نەمانەوێ لەسەر تۆ لێکۆڵینەوەمان هەبێ و لەجیاتی سەفەرێک بڕۆین بۆ دووبەی، دەبێ چاومان بە کێ بکەوێ؟

نوسرەت جارێ تۆ نەختێ دان بە جەرگی خۆتدا بگرە تا پێت بڵێم!

کامیار- براکەی من، ئەم سەفەرە خوا بۆ منی ڕێکخستووە! خۆ ناکرێ شەڕ لەگەڵ ویستی خوادا بکەی! پاشان ڕوویکردە کچەکان و وتی:

- خانمەکان ئێوە دەقەیەک ڕاوەستن تا من بڵێم دەبێ چیبکەین!

کچەکان کە هەر پێدەکەنین هەر کە ویستیان دانیشن، نوسرەت ئیشارەی بۆ میترا کرد و میتراش هەستا و کچەکانی بردە دەرەوە! کامیار کە ئەمەی بینی سەیرێکی نوسرەتی کرد و وتی: ئەمە بوو ڕێزی لەنان و نمەک؟

نوسرەت ئاخر تۆ گوێ بگرە بزانە چی دەڵێم، جا! ئەمانەمان فرۆشتووە بە دووبەی!

کامیار- بە چەنت فرۆشتتوە؟ دەی بت فرۆشتنایە بە من!

سەیرێکی نوسرەتی کرد و وتی: بۆچی بنیادەمیش دەفرۆشن؟

جا تاوێ بێدەنگ بوو و وتی: ئەی دەستی شکاوم! کەوایە ئیشی تۆ ئەمە بوو کە دەت وت؟ نوسرەت بێدەنگ بوو هیچی نەوت.

کامیار نوسرەت کچەکانمان دەبەی و دەیفرۆشی بە عەرەبەکان؟ ئەم هەموو ژن و کچانەیان دەبردین بە دیلی بەس نەبوو کە ئێستاش دەبێ بیبەن؟ قوڕ بە سەرمان بکەن کە ئەوەندە داماوین!

نوسرەت جگەرەیەکی داگیرساند و وتی:

ـ من نەیکەم، یان خۆیان دەڕۆن و زیاتر داماو دەبن یان یەکێکیتر ئەمە دەکا! دوای ئەوەش، خۆیان حەز دەکەن!

کامیار یانی خۆیان بە پێی خۆیان دێن بۆ ئێرە دەڵێن ئێمە بفرۆشە بەم عەرەبانە؟

نوسرەت نە! وەها نە! بڕوانە خۆ ناکرێ خێرا لەهەموو شتێ تێبگەی!

کامیار هەتاکوو ئێستا نەوت و غاز و بستە و خورما و چەرەسات و بەرد و ئاسەواری کۆن و فەرش و شتی دەستکرد و شوتی و کاڵەک و پرتەقاڵ و بسکیت و دەشتی ترێی ئێمەیان بار دەکرد و بە ناوی بازرگانییەوە لەوڵات دەیانبرد بۆ دەرەوە، ئێستا سەرەی کچەکانمانە؟ دەڵێم پێشنیارێک بدەین لەکتێبە جوگرافیاکاندا، ژن و کچیش بە بازرگانیمان زیاد بکەن کە منداڵەکانیش بزانن چەندە دەرامەتمان لەبازرگانی زیاتر بووە!

ئەمەی وت و جگەرەیەکی هەڵگرت و دایگیرساند. هەتاکوو ئەو کاتە ئەوەندە کامیارم نارەحەت نەبینی بوو! نوسرەت سەیرێکی کامیاری کرد و وتی:

ـ ئێستا تۆ بۆ ئەوەندە نارەحەت بووی؟

کامیار- دەزانی ئەمە یانی چی؟ یانی فرۆشتنی ناموس! ئەمە لەگەڵ فرۆشتنی خاکی نیشتیماندا هیچ جیاوازییەکی نییە! ئەویش ناموس فرۆشتنە، ئەمەش ناموس فرۆشییە!

نوسرەت سەری داخست و کامیار جگەرەکەی کوژاندەوە و لەجێگەکەی هەستا!

نوسرەت بۆ کوێ؟

کامیار- تێکچووم. کاک نوسرەت! بەخوا ئێمە لەم ماوەیەدا زۆر شتمان چاو پێ کەوت و گریاین! هەر دەشمانوت کە لەئەمە خراپتر نابێ بەڵام ڕۆژ لەسەر ڕۆژ شتی خراپتر و خراپتر خەریکین دەبینین!



Scanned with CamScanner

ئەمەی وت و ڕۆیشت بۆ لای قەمسەڵەکەی و هەڵیگرت و ئیشارەی لەمنیش کرد که منیش هەستام و قەمسەڵەکەم هەڵگرت و ڕۆیشتم بۆ لای پێڵاوەکانم کە میترا هاتە ژوورەوە و هەر کە زانی کە خەریکین دەڕۆین بە سەر سوڕماوییەوە وتی:

- بۆ کوێ؟

کامیار- جارێ سەرتان سوک دەکەین، بە یارمەتیتان.

ئەمەی وت و ڕۆیشتە دەرەوە کە میترا بە منی وت:

- چۆن پەیوەندیتان لەگەڵ بگرم، یانی بگرین؟

لەسەر پارچە کاغەزێ، ژمارەی مۆبایلەکەم نووسی و دام پێی و هەڵگەڕامەوە لەنوسرەت خواحافیزی بکەم کە سەیرم کرد خەریکە بە دەستی فرمێسکەکانی دەسڕێ! بێ خواحافیزی لەژوورەکە هاتمە دەرەوە و میتراش بە دوامدا هات.

لەحەوشەکەدا ئیتر هەواڵی لەکەرەکە نەبوو! یانی ئیتر هیچی لێ نەمابوویەوە! ئەمجارە بە بێ پەشۆکاوی سەرەتا سەیری ئەم حەوشە و خانوەم کرد! لەوانەیە بیست ژوور لەدەور و بەری حەوشەکەدا بوو! یەکێ دوو قادرمەی دەویست هەتاکوو دەگەیشتە سەرەوە و یەکێ سێ قاندرمە هەتاکوو دەگەیشتە خوارەوە! هەندێکیان کە هەر دەرگایان نەبوو پەردەیان لێدابوو. لەبەر هەر دەرگایەکدا یەکێ یان دوو کەس دانیشتبون و هەرکامیان چرا پلیتەیەک یان بتڵێ غازی بچووکیان لەبەردەمدا بوو و شتێ وەکو مەنجەڵ بەڵام ڕەش و سوتاو لەبەردەمیاندا بوو!

بۆگەنی تریاک هەموو شوێنێکی ئاخنی بوو! پیرە ژن، پیرە پیاو، گەنج، منداڵ! هەر کام بۆ خۆیان شتێکیان کردبووە ئەم مەنجەڵانە و خەریکی گەرم کردنەوەی بون!

خەریکبووم سەیری ئەم شتانەم دەکرد کە میترا وتی: چی بوو، کاک سامان؟

لام کردەوە و سەیری دەم و چاویم کرد. لەژێر ڕوناکی گڵۆپە شیرییەکەدا ڕوخساری زۆر جوان ببوو. چاوەکانی بەو برژانگە درێژانەوە، شێوازی جوانی بە ڕوخساری دابوو! قژی کورتی کە هەروا داهێنرا و بوو! پڕ بوو لەشەپۆلی جوان و سروشتی. لوتی بچووک و جوانی هەبوو. باڵایشی چەند سانتیمێ لەمن کورتتر بوو، دەکرا بڵێی لەناو کچەکاندا باڵا بەرزە. بە پێچەوانەی جاری یەکەمەوە کە لەمانتودا بینی بووم، هیچ کە قەڵەو نەبوو، زۆر جسمێکی ڕێکی هەبوو!

میترا: خەیاڵت لای من نییە؟

- یا با! کامیار نەختێ دڵگران بوو.



Scanned with CamScanner

میترا بۆ؟
ـ کاتێ زانی کە ئەو کچانەیان فرۆشتووە بە عەرەبەکان، دلگران بوو.
هەر کە ئەمەم وت، سەرم داخست و تاوێ دوای ئەوە وتی: بڕیارە منیش هەر وا بکەم.

بەس سەیریم کرد، کامیار لەو بەری حەوشەکەوە بانگیکردم و منیش ڕێکەوتم بۆ لای کە میترا وتی: چۆن دەتانەوێ بڕۆن؟
ـ نازانم. شتێکی لێدەکەین!
هەر کە گەیشتین بە کامیار، میترا وتی:
ـ کاک کامیار بەم شەوە، باش نییە بە پێ بڕۆن!
کامیار یانی چی؟ یانی دەماندزن و دەمانفرۆشن بە عەرەبەکان؟
میترا تۆ بهێڵن ئەم دراوسێ بەرانبەرەمان بانگ بکەم! تاکسی هەیە!
کامیار هیچی نەوت و هەرسێکمان لەماڵەوە ڕۆیشتینە کۆڵان و میترا ڕۆیشتە ئەوبەری کۆڵانەکە و دەرگای ماڵێکی لێدا و چاوەڕوان بوو هەتاکوو یەکێ دەرگاکە بکاتەوە کە من بە کامیارم وت: کچێکی جوانە!
کامیار- کێ؟ میترا؟ بزانم!
سەیرێکی میترای کرد و ڕوویکردە من و وتی: زۆریش جوان نییە!
ـ بۆ، خراپ نییە!
کامیار- ئێ. . . . . ؟ بزانم!
دیسان ڕوویکردەوە میترا و سەیرێکی تری کرد و وتی: ئەوەندەیش جوان نییە!
ـ با، جوانە! سەرنجت نەداوە!
کامیار- ئێ. . . ! بزانم!
دیسان سەیرێکی میترا کە لەبەر ئەو دەرگایەدا ڕاوەستابوو کرد و وتی:
ـ جوانە، بەڵام جوانییەکی ئاسایی!
ـ ئاخر خەریکی خۆی نەبووە! سادەی سادەیە!
کامیار- ئێ. . . ! بزانم!
دیسان سەیرێکی کرد و وتی: دەی ئا بەڵام جسمی قۆز نییە!
ـ دەی بەم جلانەوە دیارە کە کچێکی قۆز نییە! ئەگەر جلێکی باش و کەشخە لەبەر بکا، قۆزیش دەبێ!

کامیار- ئێ. . . ! بزانم!

دیسان سەیرێکی کرد و وتی: دەی ڕاست دەکەی بەلام بە هەموویەوە جۆرێکە!

- بۆ ئەوەیە لێرە و ئاوا چاوت پێی کەوتووە! ئەگەر لەجوردەندا چاوت پێی دەکەوت ئەم قسەیەت نەدەکرد!

کامیار- ئێ. . . ! بزانم!

دیسان سەیرێکی میترای کرد و وتی: ڕاست دەڵێی! چ چاوێکی کراوە و بەر بلاوت بە دەست هێناوە!

- من سەیری ڕوخساریم کرد! کچێکی جوانە!

کامیار- ئێ. . . ! بزانم!

- ئێ. . . ! زەهری مار و بزانم! بۆ کوێری؟

کامیار- نە بابە، لەسەر خۆ نیم!

- وتی بڕیارە کە ئەویش بفرۆشن بەو بەری ئاو!

کامیار- ئاه. . . ! ناکرێ لەپەسا بیرم نەخەیتەوە؟

هەر لەم کاتەدا پیاوێ هاتە بەردەرگا و میترا قسەی لەگەڵ کرد و کابراکە لەماڵەوە هاتە دەر و ڕۆیشت سەر تاکسییەک کە لەولاتر بوو کەوت و خستییە ئیش و بەگێکی دانا و هات بۆ لای ئێمە و میتراش هات بۆ لامان و وتی:

- لەگەڵ کاک یەدوڵادا بڕۆن. جێگەی متمانەیە!

کامیار سەیرێکی کرد و سەر ماشینەکە کەوت و پاڵ شۆفێرو منیش سەیرێکم کرد و وتم:

- سوپاس.

میترا هیچم نەکردووە!

- هەر ئەوەی لەبیری ئێمەدا بووی، زۆرە! گەورەییت کرد.

میترا دیسان دێن بۆ ئێرە یان بۆ شانۆ؟

- نازانم، لەوانەیە، جارێ خوات لەگەڵ.

هەر کە ویستم سەر ئۆتۆمبێلەکە بکەوم، قۆلی گرتم و وتی: تەلەفۆنت بۆ بکەم؟

دیسان سەیری ڕوخساریم کرد. تەنیا عەیبێ کە لەروخساریدا بوو، پێستی ڕەشی بوو! هەم پێستی ڕوخساری و هەم لێوی!

- بێکە.

کاتیٚ ئەمەم پێ وت گوێپڕ بریقەیەک کەوتە چاوەکانی!

دەرگای ئۆتۆمبێلەکەم کردەوە و سەرکەوتم: کە سەری لەپەنجەرەکەی لای کامیارەوە نەختێ هێنایە ژوورەوە و بە شوفێرەکەی وت:

ـ کاک یەدوڵا ئەم دووانەم سپاردووە بە دەستی تۆ! بە بێوەی بیانگەیەنە!

یەدوڵاخان سەرێکی ڕاوەشاند و ڕێکەوت. کاتێ گەشتە سەر کۆڵان لام کردەوە و سەیری دواوەوەم کرد. هێشتا میترا لەوێ ڕاوەستا بوو سەیری ئێمەی دەکرد! کاتێ نەختێ لەوێ دوور کەوتینەوە بە کامیارم وت: ئێرە ئێتر کوێیە؟

کامیار ئێتر قسەی لێمەکە! ئەوانەی کە شیاوی بینین بوو بینیمان! بیستنەکانمان بیست و وتنەکانمان وت! ئێتر هیچ مەڵێ! زۆر پەست بوو! منیش هیچم نەوت کە کاک یەدوڵا پێکەنینێکی کرد و وتی: منداڵی سەرو شارن؟ ها؟

کامیار نەخێر کاک یەدوڵا! منالی نازنازی سەرو شار نین! کاکە خەیاڵت بدە بە شۆفێریت!

پێکەنین لەسەر لێوی کاک یەدوڵا بزر بوو و ئێتر هیچی نەوت هەتاکو گەشتینە بەر باخەکە و دابەزین و کامیار ویستی پارەی تاکسییەکە بدات کە کاک یەدوڵا وتی: پێشتر دراوە!

کامیار بزانم، ئێمە خەیاڵمان نەبوو. گیرفانت بڕین و خۆت کرێکەت حیساب کرد؟

یەدوڵاخان دەستان خۆش!

کامیار ئاخر خۆ ئێمە کرێکەمان نەداوە!

یەدوڵا میترا خانم خۆی حیسابی دەکا!

کامیار ـ ئێمە لەم حیسابانەمان لەگەڵ کەسدا نییە کاکە برا! دوای ئەوەش ئەو داماوە لەکوێ هێناوە پارەی کرێی ئێمە بدا!

یەدوڵا بە جارێ نایداتەوە وردە وردە پێم دەدات! زۆر لۆتییە!

کامیار ڕووی تێکردم و سەیرێکی منی کرد و دەستیکرد بە گیرفانیدا و سێ هەزار تمەنی دەرهێنا و خستییە سەر داشبۆڵی سەیارەکە و وتی:

ـ فەرمون کاک یەدوڵا ئەگەریش لەرێگەدا ڕوو تاڵ بووم گەردنم ئازادکە کە تووڕە بووم!

یەدوڵا: ئاخر میترا خانم لێمان زویر دەبێ!

کامیار چاوم پێی کەوت پێی دەڵێم کە بە زۆر پارەمان پێ داوی! بە بێوەی!



Scanned with CamScanner

ئەمەی وت و دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی داخست و کاک یەدولاش بەنزینی پێداو ڕۆیشت.

کاتێ تەنیا ماینەوە پێم وت:

- چ کچێکی سەیرە!

کامیار بڕۆینە ژوورەوە!

- تۆ ڕاوەستە بزانم! با تەلەفۆنێ بکەم بۆ گەنم!

کامیار ئەگەر ئێستا ناوی بیهێنی، شتێکی هەڵێت و پەڵێتت پێ دەڵێم ها! واز بێنە بابە باوکمانت دەرهێنا!

- ئێمە هەموو ئەمانەمان بۆ هێنانەوەی گەنم کردووە، ئێستا لێی گەڕێین؟ تۆ بۆ وات لێهاتووە؟

- خۆشم نازانم! بیکە! تەلەفۆنێکی بۆ بکە بەڵام باسی نوسرەتی بۆ نەکەی!

- وانازانی بیڵێم باشتر بێ؟

کامیار- دەتەوێ چی پێ بڵێی؟ بڵێی کاکەیت دۆزیوەتەوە؟ بە خۆشحاڵییەوە لێت دەپرسێ دەی برا خۆشەویستەکەم لەکوێیە؟ ئەوکاتە تۆ چی پێ دەڵێی؟ دەڵێی برا خۆشەویستەکەت ژوورێکی هەیە ل هەدەروازە. . . ؟ ئەگەر پرسیاری کرد کاکە گیانم حاڵی چۆن بوو چی دەڵێی؟ دەڵێی ئەگەر مادەی باش لەکاتی خۆیدا پێ بگا، شاد و خۆشحاڵە الحمد الله! ئەگەر وتی کاکەم چ ئیشێکی هەیە؟ هەر دەڵێی خەریکی بازرگانییە! لەم بەرەوە کچی وەکو تیشکی هەتاومان دەنێرێ لەو بەرەوە کۆڵی عەرەبی ئەسپێونمان بۆ دەهێنێ!

سەیرێکی کردم و وتی:

- دەی هەر وەرە بڕۆینە ژوورەوە، سبەی تەلەفۆنێکی بۆ بکە! سەعاتی یەکو نیوی دوای نیوە شەو ئاخر! وەرە بڕۆین بتۆپین، بەشکم ئەم شەوە پڕ بیرەوەرییە خۆشە تەواو بێت!

ئەمەی وت و دەستی خستە سەر قۆڵەبریندارەکەم، قیڕەم بەرز بوویەوە! سەیرێکی منی کرد و وتی:

- بزانم! ئەم قۆڵەی تۆ تەنیا بە دەستی من حەساسە؟ کچەکان بیگرن ئێشی نییە؟

- ئێ. . . ! ئەوانە ئەم یەکە دەگرن!

کامیار من خۆ هەرکامیان دەگرم تۆ دەقیڕێنی!

- وەرە بڕۆینە ژوورەوە لای دراوسێکاندا عەیبە!

هەردووکمان دەرگای باخەکەمان بە ئەسپایی کردەوە و ڕۆیشتینە ژوورەوە و هەر کە دەرگامان لەپشتەوە داخست کە مەش سەفەر لەماڵەوەی، لەکاتێکدا ژێر پانتۆڵی لەپێدا بوو لەجیاتی کراس، مەلافەیەکی دابوو بە سەر شانیدا و پێچابووی بە خۆیدا، بە شێوەی ڕاکردن هاتە دەرەوە، هەر کە گەشت پێمان وتی:

- ئاخر ئێوە لەکوێن؟ تەلەفونەکەتان بۆ داخستتوە! قوڕ کرا بە سەرمانا ئاخر!

کامیار سەیرێکی مەش سەفەری کرد و وتی:

- مەش سەفەر تۆ چۆنە وا ڕۆژ بە ڕۆژ قۆزتر دەبی و سەعات بە سەعات خۆت وەکو یەکێ لەگەورەکانی هالییود لێدەکەی؟ ئێستا بەم مەلافە و ژێر پانتۆلەوە ڕێک وەکو چارلتون هستون لەفیلمی ڕال سیدت لێهاتووە! هەڵبەت لەوێدا کە کوژرابوو و بەستبوویانەوە بە ئەسپەوە!

من دەستم بە پێکەنین کرد.

مش سەفەر ئێستا کاتی گاڵتەیە کاک کامیار؟ ئاغا وەک مریشکی سەربڕاو باڵ باڵ لێ دەدا! لەکوێ بوون هەتاکوو ئێستا؟

کامیار هەروا کە دەرۆیشت وتی:

- ڕۆیشتبووین بۆ شانۆ! سێ بەش دانیشتین و شانۆمان سەیر کرد!

مەش سەفەر ڕایکرد بە دواماندا و وتی: ئێستا خەریکن بۆ کوێ دەڕۆن؟

کامیار بۆ لای باوەگەورە!

مش سەفەر- باوەگەروە لەماڵ خۆی نییە خۆ!

کامیار ئەی لەکوێیە؟

مەش سەفەر نازانین چی ڕوویداوە لێرە! مەحشەری کوبرایە! خانم بچوک زانیویە کە گەنم خانم لەماڵی باوەگەورە ڕۆیشتووە! ئەگەر بزانن چیکرد؟

وەرن! وەرن بڕۆین بۆ ئەوێ!

کامیار- بۆ کوێ؟

مش سەفەر- ماڵی خانم بچووک!

کامیار- باشە بەڵام تۆ هەر بەم ئیسموکینگەوە دێی؟

مش سەفەری داماو هەر ئاگای لەخۆی نەبوو، سەیرێکی خۆی کرد و وتی:

- ئۆی! مێشک بۆ بنیادەم ناهێڵن خۆ!

ئەمەی وت و ڕایکرد بۆ ماڵەوەیان! من و کامیاریش ڕێکەوتین بۆ ماڵی پوری و





Scanned with CamScanner

ئەوان کە کامیار وتی: وەرە بگەڕێینەوە!
- بۆ کوێ؟
کامیار دەڕۆین بۆ ماڵی یەکێ لەمناڵەکان! هەم خۆش ڕادەبوێرین و هەم لەسەرچاوەی کەتنەکە دوور دەبین! ئێستا بڕۆین بۆ ئێرە باوکمان دەردێنن ها!
- ئاخرییەکەی چی؟ وەرە بڕۆین!
باخەکەمان ناو قەد بڕ کرد و چەن دەقەی تر گەیشتینە بەردەم ماڵی پوری و ئەوان! لەژوورەوە دەنگی گریان و شیوەن و قسە، بە تێکەڵی دەهات! کامیار سەرێکی ڕاوەشاند و وتی: من نایەمە ژوورەوە! ئەمە شەڕێکە کە تۆ داتگیرساندووە، خۆیشت بڕۆ جوابی بدەرەوە!
- من شەڕم داگیرساندووە؟
کامیار ئا ئیتر!
- چ پەیوەندی بە منەوە هەیە؟
کامیار تۆ ئەگەر بە لای نا مەبارەکیتەوە بە دزییەوە نەهاتیتایە بۆ ئێرە و سەیری گەنمت نەکردایە، ئێستا ئەم کێشەیە دروست نەدەبوو!
- تۆ ڕۆیشتی بە ئافەرینی وت کە من عاشقی گەنم بووم، چ پەیوەندی بە منەوە هەیە؟ ئەگەر تۆ دەمت دادەخست ئاوای لێنەدەهات!
کامیار ئێستا نەدەکرا تۆ لەجیاتی ئەم خانوە، بڕۆیشتیتایە بەر پەنجەرەی ئەو خانوەی تر؟ چ جیاوازییەکی بۆ تۆ بوو؟ کچە پور، کچە پورە ئیتر!
- وەرە بڕۆینە ژوورەوە خۆت بێتام مەکە!
کامیار- من بێم یەک وشەیش قسە ناکەم! خۆت دەبێ وەڵامی هەموویان بدەیتەوە ها!
- باشە، من وەڵام دەدەمەوە.
کامیار تەنیا هەرچییەک دەڵێی بیڵێ بەڵام سەبارەت بە نوسرەت و ئەوانە وشەیەکیش قسە مەکە! تێگەیشتی؟
- نا بابە، ئا!
کامیار بە تەمای من نەبی! من یەک وشەیش قسە ناکەم! هەر وا مەزانە کە من هەم!
- باشە! وەرە بڕۆین!
ڕۆیشتینە پێشەوە و لەدەرگامان دا کە کتوپڕ هەموو لەژوورەوە بێدەنگ بوون!

تاوێ دوای ئەوە کەتایون دەرگای کردەوە و هەر کە چاوی بە ئێمە کەوت سڵاوی کرد و وتی:

- کاکە ئێوە لەکوێ بوون؟ ئەوەندە دەترسام.

کامیار دانیشت، بەردەمی و باوەشی پیاکرد و وتی:

- یاخوا بە ساقەی ئەو دڵە بچوکەت بم کە ترسا!

کەتایون کاکە نازانی لێرە چ باسە!

کامیار با، هەندێ شت دەزانم.

هەر لەم کاتەدا کامڵیاش هاتە ڕێڕەوەکە و هەر کە ئێمەی چاو پێکەوت سڵاوی کرد و خێرا بە کامیاری وت:

- کاکە باوکم زۆر لێت تووڕەیە! ئاگات بێ!

کامیار سەیرێکی کامڵیای کرد و هەستا. جا بە ئارامی ڕێکەوت بۆ هۆڵی ماڵەکە بەڵام کتوپڕ لای کردەوە و ڕوومەتی کامڵیای ماچکرد و خێرا ڕۆیشت بۆ لای هۆڵەکە! کامڵیاو کەتایون وشک وەستابون! بەڵام من دەمزانی بۆچی کامیار وەهای کرد!

بە کورتی منیش بە دوای کامیاردا ڕۆیشتمە ناو هۆڵەکە. یانی هەر کە کامیار دەرگای هۆڵەکەی کردەوە، هەموویان بە یەکەوە دەستیانکرد بە قسەکردن! هەر کەسێ شتێکی پێ دەوتین! یەکێ دەیوت لەکوێ بوون؟ یەکێ دەی وت بەڕاستی کە! یەکێ دەی وت بە ڕاستی بنیادەمێکی بێ فیکرن! یەکێ دەی وت ئێستاش لەم کاتەدا کاتی ڕابواردن و سەیرانە؟

کامیار هیچی نەدەوت و بەس سەیری دەکردا! من ویستم خۆم حازر کەم کە جوابیان بدەمەوە بەڵام نەمدەزانی دەبێ چی بڵێم کە کامیار وتی:

- سەرەتا وەڵامی قەومی عاد بدەینەوە یان قەومی سەمود؟ بابە ئەوە چیتانە؟ لەجیاتی ئەوەی هەستن دوو شەربەتی هێل و گوڵاومان بۆ بێنن، شەڕمان لەگەڵ دەکەن؟ من و ئەم منالە لەسەرەتای شەوەوە هەتا ئێسا، بە لاقێکەوە بە دوای ئیشی ئەم کچە تیوەداین! ئەم بەستەزمانیشە بەم قۆڵەیەوە هەتاکو ئێستا سێ جار بووراوەتەوە هەتاکو گەیاندوومانەتە ئێرە! برسی و تینو، وەکو سەگی پێ سوتاو، تامەزرۆبوین هەتاکوو هەواڵێ لەم کچەتیوەمان دەست بکەوێ! ئەمەتا! ئەمە زمانی من! ئا. . . !

ئەمەی وت و دەمی کردەوە و زمانی هێنایە دەرەوە و پیشانی هەموویانی دا!

باوکی کامیار نەختێ ئارامتر بۆیەوە وتی

- ئاخر نابێ هەواڵی شتێکمان بدەنێ؟ تەلەفونێک و دوو قسە هیچی دەوێ؟
کامیار دەڵێم ئەمە زمانی من! ئا. . . ! !
دیسان زمانی دەر هێنا و پێشانی هەموویانی دا! دایکی بە ئەسپایی وتی:
- ئاخر نازیزم دڵمان هەزار خوتورەی کرد! تەلەفونێکت دەکرد و بە قسەیەک دەت وت لەکوێنی! ساغی! باشی!
کامیار دەڵێم نەگەیشتم دڵۆپێک ئاو بخۆینەوە بابە! ئەمە زمانی من! ئا. . . !
دیسان زمانی دەرهێنا و پێشانی هەموویانی دا! باوکی کامیار سەیرێکی منی کرد و وتی:
- مامە گیان، ئەمە کە چارەی دیارە! هەر هیچ نەبێ ئێوە هەواڵێکمان بدەنێ!
هەر کە ویستم قسە بکەم کە کامیار وتی:
- بابە گیان ئەمیش وەکو من! بە لاقێکەوە! وەکو داری وشک!
جا بە منی وت: زمانت دەربێنە بۆیان!
من خەریکبووم لەپێکەنیندا دەمردم بەڵام خۆم ڕاگرت کە دایکی کامیار وتی:
- ئێستا ئاخری چیبوو؟ نانتان خواردووە یان نە؟
کامیار نان؟ زەهری ماریشمان نەخواردووە! من ئەڵێم حاشا لەیەک دڵۆپ ئاویش!
ئەمە زمانی من! ئا. . . ! دیسان زمانی دەرهێنا و پێشانی دان باوکی وتی:
- بیبە ژوورەوە ئەو دوابڕاوە ئێتر!
کتوپڕ ئافرین و دلارام و کەتایون و کاملیاش دەستیانکرد بە پێکەنین! لەگەڵ ئەواندا ئەوانی تریش دەستیانکرد بە پێکەنین کتوپڕ باوەگەورە لەسەرووی هۆڵەکەوە لەسەر موبلێک دانیشتبوو و گۆچانەکەی بە دەستەوە بوو، چەند کۆکەیەکی کرد و هەموو بێدەنگ بوون! کامیار خێرا ڕۆشت بۆ لای باوەگەورە و هەر کە پێی گەیشت دانەوی و دەستی باوەگەورەی ماچ کرد و وتی: سلام باوەگەورە!
منیش خێرا ڕۆیشتمە پێشەوە و وەکو کامیار، زۆر بە ڕێزەوە سلاوێکم لەباوەگەورە کرد و لەسووچێکەوە ڕاوەستام کە باوەگەورە بەسەر جوابی داینەوە و جا بە کامیاری وت:
- چی بوو؟ لەکوێ بون؟
کامیار- بە دوای هاوڕێکانی ئەم کچەتیوە گەنمدا بووین باوەگەورە! بە هەزار و یەک دەردی سەری ئەدرەسی یەکە یەکەیانمان دۆزییەوە و ڕۆشتین بۆ ماڵیان!

باوەگەروە دەی!

کامیار بە ئەسپایی وتی:

- عەیب نەبێ باوەگەروە بەڵام زوو ئێوە شەربەتێکی خێرتان دروست دەکرد و دەتانکردە ناو تەنکییەک و دەتاندا بە خەڵک! ئەم نەریتەتان تەرک کردووە!

باوەگەورە ئیشارەیەکی لەباوکی کامیار کرد و وتی: بەڵێ شەربەتیان بۆ بێنن.

باوکی کامیاریش خێرا سەری هەڵگەڕاندەوە کە دوو سێ کەس لەجێگەیاندا هەستان بۆ شەربەت هاوردن کە کامیار وتی:

- بۆ ئەم منداڵە بە نەباتەوە بیهێنن! دڵە تێکەڵەیەتی! لەسەرو خوارەوە شێ دەردەدات!

هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد! لام کردەوە بە مۆڕەوە سەیرێکیم کرد کە وتی:

- درۆ ناکەم بە گیانی ئێوە! تێکچووە!

هەر کە ئەمەی وت دایکم ئیتر نەیتوانی خۆی ڕابگرێ و هات بۆ لای من و وتی:

- چیبووە؟ لەبەر قوڵت بووە؟ حەبەکانت نەخواردووە؟ هەڵیکە قوڵت بزانم!

کامیار مامۆژن گیان لەبەر قوڵی نەبووە! لەبەر جێگەی تری بووە! ئەگەر بتانەوێ چاوتان پێی بکەوێ دەبێ دایکەنێ نەک هەڵیکا! ئێستایش خۆ نابێ شتی وا بکرێ!

دیسان هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد! باوەگەورەش پێکەنین گرتبوی بەڵام خۆی ڕادەگرت! دایکم سەیرێکی منی کرد و وتی:

- وەکو دوو کوڕی بچووکتان لێهاتووە! هەموو کات دەبێ ئاگادارتان بن و بە خەمەوە بن بۆتان.

ڕومەتیم ماچ کرد کە فرمێسک لەچاوانیدا کۆ بۆیەوە و ڕۆیشتە سەر جێگەی دانیشت و من و کامیاریش ڕۆیشتین لەسەر دوو موبلدا لەپاڵ دەستی باوەگەورەدا دانیشتین کە شەربەتیان بۆ هێناین و دایان پێمان. کامیار شەربەتەکەی وەرگرت و دەستیکرد بە تێکەڵکردنی! یەک دوو دەقەیەک هەر وا دەیشێواند کە دەنگی باوکی بەرز بوویەوە و وتی:

- چەندە دەیشێوێنی؟ تێکەڵ بوو ئیتر!

کامیاریش بە داماوییەکەوە وتی: دەی دەبێ شەربەت تێکەڵ بێ بابە گیان!

باوکی لەکاتێکدا دیار بوو کە لەپشت ئەم سیمایەوە، ئامادەی پێکەنینە وتی:

- دەی بابە گیان قومێ بخۆ، قسەیەک بکە!

کامیاریش خێرا قومێکی خواردەوە و بە دوایدا وتی: بەسەرچاو.

نومێکی خوارد و بە دوایدا وتی: بابە گیان.
دیسان هەموویان دەستیان بە پێکەنین کرد. لەهەموو زیاتر مەش سەفەر بوو کە
نەختێ پێشتر هاتبوە ژوورەوە و پێ دەکەنی!
باوکی کامیار کە لەترسی باوەگەورە هەر دانی بە خۆیدا دەگرت وتی:
ـ دەی، گەرووت تازە بوویەوە؟
کامیار بەڵێ بابە گیان.
باوکی کامیار- ئێستا بیڵێ بزانم چی دەڵێی!
کامیار بابە گیان، دەهێڵی من بڕۆم ببمە ئەکتەر؟ ئەمشەو ڕۆیشتبووین بۆ
تاقیکردنەوەی شانۆگەری وابزانم دەرچووین!
دیسان هەمووان پێکەنین! وەها قسەی دەکرد کە هەموویان شکیان کرد بوو کە
خەریکە ڕاست دەکا یان درۆ! خۆیشی کە هەر پێنەدەکەنی!
باوەگەورە دەی، بڵێ چی بوو؟ هەواڵێکتان لێ دۆزییەوە؟
کامیار شەربەتەکەی خستە سەر مێزەکە و وتی:
ـ سەرەتا ڕۆیشتین بۆ ماڵی شەقایق، هاوڕێکەی! لێمان پرسی کە هەواڵ لەگەنم
هەیە یان نە! بەڵام هەر جواب نەبوو! هیچی نەدەدرکاند! هەموویان وەهابون ترکەنانە !
دیسان هەموویان دەستیانکرد بە پێکەنین! هەر دۆخی کۆبونەوەکە گۆڕا بوو!
کۆبونەوەیەک کە تا تاوێ لەمەوپێش، هەموویان تیایدا پرسانەیان دەگێڕا، وەکو ئەو
شانۆیەی سەرەتای شەوی لێهاتبوو! تەنیا پورێ داماوەکەم سەیری کامیاری دەکرد و
سەری ڕادەوەشاند!
کامیار ئاخری ئەوەندە سوێندی خاتوو شەقایقمان دا کە تازە هێشتی قسەی لەگەڵ
بکەین!
باوەگەورە دەی چی وت؟
کامیار هیچ! خۆمان خست بەسەر دەستیدا! خۆمان خست بەسەر پێیدا! خۆمان
خست بە سەر....
بە پێم لەقەیەکم بە پێیدا کوتا کە ئیتر هیچ کەس نەیتوانی خۆی ڕاگرێ! ئیتر
باوەگەورەش خەریکبوو پێدەکەنی!
کامیار یانی دەڵێم ئەوەندە لێی پاڕاینەوە هەتاکوو ئاخری وتی:
باوکی کامیار دەی چی وت؟

کامیار وتی هەوالم لەگەنم نییە!

کتوپڕ دەنگی هەمووان بە بۆڵە و گلەیی بەرز بوویەوە کە کامیار وتی:

- ئێستا گوێ بگرن! وازمان لەو هێنا و ڕۆشتین بۆ لای هاوڕێیەکی تری! ئەویش سەرەتا دانی پیا نەدەنا! جا دەستی ماچکە! پێی ماچکە! ڕومەتی ماچکە! نازانم ئیتر کوێی ماچکە تا ئاخری چی؟

هەموو بە یەکەوە وتیان چی؟ !

کامیار هیچ، هەلم خلەتاند بۆ خۆم!

باوکی کامیار تۆ داناڕزێی کوڕە لەبەر چاوی ئەم هەموو گەورە لەم قسانە دەکەی؟

کامیار ئاخر زۆر جوانە بابە!

دیسان هەموویان دەستیان بە پێکەنین کرد کە کتوپڕ پورم دەستی بە گریان کرد!

هەموو بێدەنگ بوون کە پورم وتی:

- دەی ئاخری نەتانزانی کە ئەم بەستەزمانە لەکوێیە!

کامیار با پورێ گیان! ڕێکی ڕێک نەمانزانی بەلام هەندێ شت تێگەشتین!

کتوپڕ پورم و مێردەکەی لەجێگەی خۆیان دەرپەڕین و هێرشیان هێنا بۆ لای کامیار! داماوانە لەخۆشیدا وایانکرد، بەلام ئەم کامیارە مارمێلکە لەجێگەکەی خۆی دەرپەڕی و پێی خستە سەر ئەم موبل و ئەو موبل و لەسەر و کۆڵی ئافرین و دلارام، دەرچوو و ڕۆشت لەبەر دەرگا ڕاوەستا! پورم و مێردەکەی هەر لەوێ وشک بوون! ئەوانی تریش هەروا! من ئیتر نەمتوانی بەر خۆم بگرم و بە دەنگی بەرز دەستم بە پێکەنین کرد بە دوای مندا هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد! دەرچونی کامیار ئەوەندە جوان و لەگەڵ هاتنی پورێ و ئەواندا ڕێک دەکەوت کە ئەتوت پێشتر پلانیان بۆ داڕشتبوو! باوکم کە لەبەر پێکەنین ئاو لەچاوی دەهات وتی:

- مامە بۆ وا دەکەی؟

کامیار مامە ئەمانە دەیانەوێ لێم بدەن!

ئاغای مەنوچهری نە مامە گیان! لەخۆشی خۆماندا لەجێگەکەماندا دەرپەڕین! وەرە پێشەوە مامە گیان مەترسە!

جا ئێمە پێدەکەنین بەلام ئەو نەگبەتە پێکەنین نەدەهاتە سەر لێوی! وردە وردە هاتەوە سەر جێگەکەی خۆی کە ئاغای مەنوچهری بە پێکەنینەوە ماچیکرد و وتی:

- گەنم لەکوێیە مامە گیان!



Scanned with CamScanner

پورم بڵێ پوری! بەس تو گیانی پورت گاڵتە مەکە! لەپێشدا بڵێ لەکوێیە، جا هەرچەندە حەزت کرد گاڵتە بکە و پێبکەنە! یا ئەم دڵە دوابڕاوەی ئێمە بسرەوێ!

کامیار کە زویر ببوو، پوریێ گرتە باوەش و ماچی کرد و وتی:

ـ بەخوا حاڵی باشی باشە! لەماڵی یەکێ لەهاورێکانیشیدایە! بەس پێیان نەوتین کامیانە! بەلام بە سەر بەسراوی پێیان وتین کە جێگەکەی باشە!

پورم ئەی بۆچی نایەتەوە بۆ ماڵ؟

کامیار پوری گیان ماوەیەک کاتی بدەنێ! هەر دەگەڕێتەوە!

پورم تو دڵنیای کە حاڵی باشە؟

کامیار ئەرێ پوری گیان، باشی باشە!

پورم دیسان دەستیکرد بە گریان، کە کامیار ئیشارەی لەئاغای منوچهری کرد بیبات و بیخەوێنێ. ئاغای منوچهریش لەگەڵ خۆیدا بردیە قاتی سەرەوە. هەمووما‌ن بێدەنگ سەیرمان دەکردن. کاتێ ڕۆیشتن، کامیار سەرێکی ڕاوەشاند و هات و لەسەر جێگەکەی خۆی دانیشت و وتی:

ـ دایک و باوکی حەقیەتی مرۆڤیش ئەوەندە مناڵەکەی خۆیان خۆش ناوێ!

پێی وتم: وەرە تەلەفۆنێکی بۆ بکە بزانە جواب دەداتەوە؟

ـ درەنگ نییە؟

کامیار بیکە! ئەوپەڕی جواب ناداتەوە!

هەموو بێدەنگی بێدەنگ بوون. منیش مۆبایلەکەم دەرهێنا و ژمارەی مۆبایلەکەی کامیارم وەرگرت. دوو زەنگ ڕۆیشت یەکێ هەڵی دەگرت بەلام قسەی نەدەکرد!

ـ ئەلو! گەنم!

نەختێ دوای ئەوە جوابی دایەوە:

گەنم تۆش خەوت زڕاوە؟

ـ لەسایەی ئێوەوە بەڵێ!

گەنم بۆ لەسایەی منەوە؟

ـ دواتر پێت دەڵێم! ئێستا لەکوێی؟

گەنم لەم پرسیارانە مەکە! دەزانی کە پێت ناڵێم! ئیتر بۆ دەپرسی؟

ـ ناتەوێ بێیتەوە بۆ ماڵ؟

گەنم جێگەکەم زۆر دیارە؟

- هەم لێرەو هەم . . .

گەنم هەم چی؟

هیچم نەوت کە وتی: دیسان درەنگت کرد!

- شاکارەکەتم چاو پێکەوت! لەسەر دیواری ژوورەکەی خاتو سومەیە!

کتوپڕ حەپەسا و دوای تاوێ وتی: خۆشیت چاو پێکەوت؟

- ئا.

گەنم بە ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەکی خراپ.

- بە پێچەوانە و بە ڕوو بە ڕوو بونەوەیەکی زۆر باشەوە!

گەنم پیسکەی هەزار ڕووە!

- من ئەڵێی؟

گەنم نە، بەو کچە بەرەڵلایە دەڵێم!

- بۆ واتکرد؟

گەنم لەکوێ زانیت کە دەڕۆم بۆ ئەوێ؟ وام نەدەزانی بزانی!

- ئیتر باشتر نییە تەواوی بکەی؟

گەنم تازە دەستم پێکردووە!

ویستم تەلەفونەکە بدەمە ئەو دەستەکەم کە تێگەشتم هەموو کۆبونەتەوە دەورم و سەریان هێناوەتە نزیک تەلەفونەکە!

ئیشارەیەکم لەکامیار کردوو کە نەختێ بردنیە دواوە و بە گەنمم وت:

- ئەم باسە کۆتاییەکی باشی نییە!

گەنم ئەم قسە لەتۆی شێت و ترسنۆکی دوا ڕۆژ بین دوور و سەیر نییە! تۆ تا ئێستا لەهەموو تەمەنتا جارێکیش پێت لار دا نەناوە!

- ئیشێکی خراپم کردووە؟

پێکەنی و وتی: ئاخر ئاگات لێی نییە هەندێ لەم هەلانە چ تامێکی هەیە!

- تۆ بۆ وات لێهاتووە گەنم؟ هەر لێت نایەت کە. . .

گەنم چیم لێ نایەت؟

- ئەم قسەیە کە کردت!

گەنم بۆچی من وامویستوە؟ بڕۆ بەو پیس و چەپەلانە بڵێ کە منالێکیان دزیوە!

هیچم نەوت تا تاوێ دوای ئەوە ئارام بوویەوە و وتی:



Scanned with CamScanner

- بزانم دیسان دەتوانی شتێ بکەی کە بڕوات پێبکەم؟
- تۆ ئەگەر لەجێگەی مندا بوایەی، هەر ئەم نەختەشت نەدەتوانی!
گەنم لەوانەیە!
- دەی بڕوام پێبکە!
ئاوێ ڕاوەستاو جا وتی:
- بەو فانۆسە کە دەستی کەس هەڵی نەکرد
بەو تەشیە کە لەسەر ڕەفە بێدەنگ ماو
بەو ئاوێنە ژەنگ هێناوە
بەو بێشکەیە کە دەستی کەس ڕای نەژەند
بەو ئەڵقەیەی کە کەس بە دەرگادا نەیکوتا
بەو دەرگایەی کە ئیتر کەس نەیکردەوە
بەو قادرمە کە بێدەنگ لەجێدا ماوە
بەهاری چاوەڕوان کەڵکی نەما!
کتوپڕ تورە بووم و بە سەریدا قیراندم و وتم:
- ئەم بێ تامییە چییە هەتە؟ وازبێنە ئیترا هەموو شتێ ڕادەی هەیە!
گەنم ئەگەر جارێکیتر بەسەرمدا بقیڕێنی، تەلەفونەکە دادەخەم و فڕێی دەدەمە ناو جادەکە.
زانیم کە بە ڕاستیەتی! هیچم نەوت کە کامیار بە ئەسپایی لێی پرسیم:
- چی بوە؟ چی دەڵێ؟
- هیچ خەریکە شیعرم بۆ دەخوێنێتەوە!
کامیار- ئێ. . . ! بزانە ئەزانێ لەهی گوگوشیش بڵێ؟
- بێتام مەبە کامیار!
گەنم کامیارە؟
- ئا.
گەنم تەلەفونەکەی پێبدە.
تەلەفونەکەم بە کامیار دا کە دەستی پێکرد.
کامیار ئەی گەنمی مردوو مراو! یاخوا هەموو دەنکەکانت قشقەرە دەنوکی لێبداو بیخوا! یاخوا نەخۆشی لێت بدا! بە دەست تۆوە ماڵ وێران بووم!

کتوپڕ دەستی بە قیرە قیڕ کرد و وتی:

- کچەتیوەی بێ چەرداوە ڕووە هەستە ئەو مۆبایلە خاوەن مردوەم بۆ بهێنەوە!

هەموو مشتەرییەکانم لەدەست دەرچوو!

ئەختێ بێدەنگ بوو وتی:

- هەقت هەیە پێکەنی!

نازانم گەنم چی پێ وت کامیار ترساو بە پەلەپەل دەستیکرد بە قسەکردن

کامیار کێ؟ من؟ بە گیانی تۆ، بە گیانی سامان، بە گیانی باوکم ئەگەر مەبەستێکی وەهام بێ! بڕۆن ملیان بشکێنن ئەو هاوڕێ ناشرین و شل و شپرزانەت! بەس دەزانن وەکو ماست ڕاوەستن و سەیری بنیادەم بکەن! سەرەتا چاوم بەرایی نایە سەیری هیچ کامیان بکەم! کچیش ئەوەندە ساردوو سڕ؟ سەد ڕەحمەت لەهەوای شاری تاران! هەر هیچ نەبێ بنیادەم تیایدا دوو هەناسە دەدا، چوار کۆکە دەکا! ئەمانە کە لەگەڵیانا قسە دەکەی بەس پێدەکەنن! بابە جوڵەیە! بابە جوڵەیەک! وا کش و مات!

نازانم گەنم چی پێ وت کە کتوپڕ وەکو خونچە کرایەوە و وتی:

- تو گیانی من؟ کامیان؟

دیسان گوێی گرت و وتی: خوا هەرسێکیان ببەخشێ بە من! یانی بە باوک و دایکیان ببەخشێ! ژمارەکانیان بدە بزانم!

هەر کە ئەمەی وت تەلەفونەکەم لەدەست سەند کە سەیرم کرد گەنم بووراوەتەوە لەپێکەنیندا! پێم وت: دەتەوێ قسەم لەگەڵ بکەی؟

گەنم ئا.

- تۆ لەکوێ زانیت ڕۆیشتووین بۆ لای هاوڕێکانت؟

گەنم دەی تەلەفونم بۆ کردن!

- ناتەوێ ئەختێ ژیرانەتر بیر بکەیتەوە؟

گەنم من ژیرم! لەسەدا سەد!

- دەی!

گەنم دەی کە چی؟

- کە یانی بێرەوە بۆ ماڵ.

دەستیکرد بە پێکەنین و وتی:

- شەو کە ڕووباری زیوینی مانگ

هەموو دەشت دەکاتە دەریاچەیەکی بێ سنور
من ئاڵای بەڵەمی بیرم لەسەر ڕێی بادا دەکەمەوە!
شەو کە دەنگی نایە
لەناخی بێدەنگی قامیشەلانی زێی قوڵەوە
من هیوای ڕوناکم وەکو تیشکی هەتاو بە خۆشی دەهۆنمەوە
شەو کە یەکێ بێ هیوا گۆرانی دەڵێ
من چاو لەڕێگەیەکی دوورم
لەگەڵ لێوێکی سوتێنەری هەتاوی
کەبانی ماڵی دراوسێکەم
بە گەرمی ماچ دەکا.

ـ مانای ئەمانە چییە گەنم؟
گەنم یانی دیسان دەبێ ببین! دیسان دەبێ ببین! دیسان دەبێ ببینین! دیسان دەبێ بڵێین!
ـ ئێستا تۆ دیسان دەتەوێ ببیتە هەموو ئەمانە؟
گەنم ئا! بۆ دیسان نەبووم؟ دیسان، کەسێکی تر! دیسان مرۆڤێکی تر! دیسان دایک و باوکێکی تر! لەوانەیە دیسان براو خوشکێکی تر! هەر دیسان لەدایک بونێکی تر!
ـ تۆ لەدایک بونێکی ترت نییە!
گەنم با هەمە! دەمەوێ ئەم جارە تەنانەت چرکەکانیش لەدەستم دەرنەچێ! من جارێک ژیام! پاک، سەربەرز، شەرمن! بێدەنگ!
ئاخری چی بوو؟ هەموو شت کتوپڕ تێکچوو! دۆڕاندم سامان! دۆڕاندم.
ـ تۆ هیچت نەدۆڕاندووە!
گەنم با! دۆڕاندم! من ئیتر لەچوار چێوەی ئەو گەنمەدا جێگەیەکم نییە سامان، تێبگە! من ئیتر لەو باخەدا جێگەیەکم نییە سامان، تێبگە! من ئیتر لەو بنەماڵەیەدا جێگەیەکم نییە سامان، تێبگە! من ناتوانم هەر چرکە و چاوی بە بەزەیی کەسێک یان سوکی کەسێکم لەسەر بێ! تا ئێستا ئەگەر باش بووم لەبەر هیوایەک بوو، بەڵام ئێستا ئیتر ئەو هیوا و ئاواتە مردووە! من منداڵێکی سەرە ڕێگەم! تێدەگەی؟
ـ نە، وا نییە!
گەنم با وایە.

که بیست ... نەتوانی پێم بسەلمێنی
ـ تۆ بە قیرەو بە وتنی ئەم شتانە لەپشت تەلەفونەوە ناتوانی پێم بسەلمێنی کە بیست و ئەوەندە ساڵ بیرەوەری بەتاڵ بۆتەوە!
گەنم تۆش بەم قیرە ناتوانی بە منی بسەلمێنی کە بەتاڵ نەبۆتەوە!
کتوپڕ کامیار دەستی خستە سەر شانم و ئیشارەی پێکرد کە لەسەر خۆبم! بە من بڵێ هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشاو وتم: باشە. گەنم، من لەسەرخۆ قسە دەکەم! بە من بڵێ کە من دەبێ چیبکەم کە تۆش ئارام بگری بێیت بۆ شوێنێ بە یەکەوە دابنیشین و قسە بکەین؟
گەنم چی بڵێین؟ دەتەوێ ڕوو بە ڕوو ئامۆژگاریم بکەی؟ دەتەوێ لەبەردەستدا بم کە ئەگەر بە عەقڵ بە سەرمدا زاڵ نەبووی لەهێزت کەڵک وەربگری؟
ـ نە ، هیچ کات!
گەنم دەی هەر لەپشت ئەم تەلەفونەوە بیڵێ!
ـ یانی دوای بیست ساڵ کە خاڵۆزات بووم ناتوانی داواکارییەکەم قوبوول بکەی؟
گەنم نە! ئەگەر شتێک هەیە پێم بیڵێی، یان خۆت بم دۆزەرەوە یان لەپشت تەلەفۆنەوە پێم بڵێ!
ئەگەر بمەوێ خوازبێنیت بکەم قوبووڵی دەکەی؟
ئەختێ بێدەنگ بوو پاشان وتی: چاوی بەزەیی!
ـ نە، وا نییە!
گەنم با وایە سامان!
ـ دەی کە وایە من هەرچییەک بڵێم تۆ دەیخەیتە سەر باسی بەزەیی!
گەنم ئەمە ڕاستە سامان!
ـ دەی من دەبێ چیبکەم کە تۆ بڕوام پێ بکەی؟
گەنم بمدۆزەرەوە!
ـ لەکوێ؟ ئاخر کوێ؟
گەنم کۆڵانەکان
تەسکن
دووکانەکان داخراون!
ماڵەکان
تاریکن

ناخەکان شکاون!
لەدەنگ
کەوتو
تار و کەمانچە!
مردوو دەبەن
کۆلان
بە کۆلان!
من نامەوێ کۆلانی تەسک و دووکانی داخراو و ماڵی تاریک و ناخی شکاو بم سامان! ئیتر نامەوێ!
من نامەوێ تارو کەمانچەیەکی لەدەنگ کەوتو بم!
من نامەوێ وەکو مردوویەک بم کە لەسەر شانی کەسانێکی تر، بۆ هەر کوێ کە دەیانەوێ بیبەن، بڕۆم! من دەمەوێ زیندوو بم و بژیم! دەمەوێ زیندوو بم و خۆم لەڕێ ببڕم! دەمەوێ هەموو ئەو شتانەی کە تەمەنێک نەیاندەهێشت بیکەم، بیکەم! من دەمەوێ بڕۆم بۆ لای ئەو شتانەی کە هەموو کات لێی ترساندومیان!
من ئیتر لەقسە نەکردن ماندو بووم سامان! دەمەوێ ئیتر قسە بکەم، ئەویش بە دەنگی بەرز کە پیاوێکی بێگانە دەنگم ببیسێ! ئیتر لەڕەش و قاوەیی و خۆڵەمێشی بوون ماندوو بووم! دەمەوێ ڕەنگی تازە بم! سوور، شین، پەمەیی! دەمەوێ بڕۆم! دەمەوێ بڕۆم و زەوی قەدەغەم چاو پێ بکەوێ! تێ دەگەی چی دەڵێم؟
ـ دەی وەرە بە یەکەوە دەڕۆین و دەیبینین!
گەنم لەگەڵ تۆدا؟ لەگەڵ تۆ بنیادەمی ترسنۆکدا؟ لەگەڵ تۆیەکدا کە بوێری ئازایەتیان تیا کوشتوی؟ لەگەڵ تۆیەکدا کە ساڵانێکی پێ دەچێ هەتاکوو قسەیەک لەدڵت دەربێ و بێتە سەر زمانت؟ چەند ساڵ دەبێ دان بە خۆمدا بگرم هەتاکو تۆ شتێ کە حەزت لێیە، بە زمان بیڵێی؟
ـ خۆ ئێستا وتم.
گەنم ئاوا ئیتر بۆم جوان نییە!
ـ دەی من دەبێ چیبکەم؟
گەنم زەمانی دنیای من هەر ئەو باخە بوو و بنیادەمەکانی هەر ئەو بنیادەمانەی ناو باخەکەن! زەمانێ لەناو ئەم هەموو پیاوەدا، تەنیا تۆم بینی و تۆ پیاوی من بووی!

زەمانێ بیرم دەکردەوە تەنیا تۆی کە دەتوانی من بەختەوەر بکەی! زەمانێ بەختەوەریم تەنیا بەمە دەزانی، بەڵام ئێستا نە! ئێستا تێ گەشتووم کە بەختەوەری جۆرێ تریشی هەیە!

- تۆ دڵنیای کە ئەوە بەختەوەرییە؟

گەنم نە! بەڵام تاقی دەکەمەوە! ئەم هەموو ساڵەو شتانەی کە پێیان وتم، بە چاو نوقاوی قەبووڵم کرد، ئێستا دەمەوێ بە چاوی کراوەوە ئەو شتانەی تر تاقی بکەمەوە! دنیا هەر ئەو باخە نییە سامان! تۆ خۆت باش دەزانی! چونکە تۆ دنیایی دەرەوەی باخەکەیشت بینیوە!

- هیچ جێگەیەک هێمنی ئەم باخەی نییە! هێمنایەتی.

گەنم ئەمەش دەبێ خۆم تاقی بکەمەوە!

- و منیش هەر گرنگ نیم!

گەنم تۆ دەبێ بیسەلمێنی کە گرنگی! دەبێ ئیشێکی قورس بکەی هەتاکوو دەرکەوێ کە گرنگی! من ئیتر نامەوێ لەناو مشتێ مردوودا بژیم! لەنێوان ئێوەدا تەنیا کەسێک کە زیندووە کامیارە! ناترسێ! زیرە ناکا! وەکو ئاوی ڕووبارە، نەک وەکو ئاوی ناو هەمار! سامان! ئێمە دەتوانین بێجگە لە بە دزی سەیرکردنی یەکتری، ئیشێکی تر بکەین! ژیان تەنیا بە دزییەوە سەیری یەکتری کردن نییە! ژیان هەر دزی نییە شەرمی لێبکەین! ژیان کۆیلایەتی نییە بابە! ژیان گەشتن بە ئازادییە!

- چ ئازادییەک؟

- ئەلۆ! گەنم! ئەلۆ!

تەلەفۆنەکەی داخستبوو! نەختێ هەروا لەسەر جێمدا مامەوە! لەبیرم نەمابوو کە تەنیا نیم! تەریق دەبوومەوە کە تەلەفۆنەکە لەلای گوێمدا بهێنمە خوارەوە! لەوانە گەنم ڕاستی دەوت! ژیان دزی نییە کە شەرمی لێبکەین! خۆشەویستیش دزیی نییە کە لێی تەریق ببینەوە! ئەگەریش بە کەسێکمان وت خۆشمان دەوێ دزیمان نەکردووە کە نەوێرین دوایی سەرمان بەرز بکەینەوە! دەی بۆچی ئێستا ناوێرم تەلەفۆنەکە لەگوێم دوور بکەمەوە و دەستم بێنمە خوارەوە؟

دەستم هێنایە خوارەوە و سەرم بەرزکردەوە! هەموو سەرنجەکان لەسەر من بوو! لەوانەیە هەر ئەو چاوانەی کە نوسرەت قسەی لێ دەکرد!

تەنیا سەرنجی کامیار قایم و پەسەند کراو بوو! دەی یانی تەنیا کامیار بوو کە





Scanned with CamScanner

زیندوو بوو؟

لەسەر خۆ لەجێگەکەمدا هەستام. کامیاریش هەستا، ڕۆیشتم بۆ لای دەرگای هۆڵەکە، کامیاریش بە دوامدا هات. دەرگاکەم کردەوە و ڕۆیشتمە دەرەوە کە بیستم یەکێ وتی بە ڕاستی شەرمی دەوێ پێکەنینم هات! شەرم لەبەر چی؟ خەریکبووم دیسان قسەکانی گەنم دەهێنایەوە مێشکم کە کامیار ڕوویکردە ئەوانی تر و وتی:

ـ من لەلایەن ئەم بنیادەمە خوێڕی و بێ چەرداوە ڕوو بێ ئابڕووەوە لەهەموو ئێوە بنیادەمە نەجیم و ئابڕوودارو بە حەیاکان داوای لێبووردن دەکەم! بەلام ئەگەر کەسێ یەک قسەی تر بکا، فایلی هەمووتان هەر ئێستاو لێرەدا دەکەمەوە! شەوتان شاد خانم و پیاوە ڕوو لەخوا و داوێن پاکەکان! ئەمەی وت و دەرگای قەپات کرد و هاتە دەرەوە.

ـ کێ بوو؟

کامیار یەکێ گوێەکی زیادەی خوارد پارەکەیشی خێرا دا! وەرە بڕۆین! بیدە بە من ئەو قۆڵە ساغەت!

قۆڵی گرتم و بە یەکەوە ڕۆیشتین بۆ ئەو سەری باخەکە نزیک ماڵی کامیار و ئەوان. لەڕێدا هیچم نەوت، ئەویش هیچی نەوت. کاتێ گەشتینە ئەوپەڕی باخەکە، لەسەر کورسییەکدا لەجێیەکی تاریکدا دانیشتین و کامیار دوو جگەرەی داگیرساند و یەکیانی دا بە من و وتی:

ـ چی وت؟

ـ شیعری دەخوێندەوە! لەشاملو.

کامیار ئەو قسانەی کە دەی کرد چی بوو؟

مژێکم لەجگەرەکە دا و بە کاوەخۆ ئەوانەی کە لەبیرم مابوو پێم وت. نەختێ بیری لێ کردەوە و وتی:

ـ ڕاستی ڕاستی کامیان ڕاستە؟ ئەم ژیانە یان ئەو ژیانە؟ هەر کامیان ناوی ژیانە؟ ئەگەر ئێمە هەندێ شتی بڤە دادەنێین نابێ شتێ بخەینە جێگەی؟ هەمووی خۆ هەر (مەکە) کان نییە! هەر مەکەیەک بیکەیەکی هەیە! !

ـ لەوانەیە گەنم ڕاستبکا!

کامیار چی؟

ـ ئەوەی کە من ترسنۆکم!

کامیار گوێ خوارد گەنم! ئەو ئێستا تورەیە، شتێ دەڵێ! نازانی کە تۆ چ دڵێکی



Scanned with CamScanner

گەورەت هەیە!

- دڵنەوایم دەکەی؟

کامیار نە! بە ڕاستمە! من بووم ئەمشەو لەشانۆکەدا لەبەر ئەو بنیادەمانەدا ک یەخەی نوسرەتیان گرتبوو ڕاوەستام؟ من بووم کە کاتێ خەریکبوون کەرەکەیان دەکوشت، دەمویست بڕۆم و نەهێڵم؟

- ئەمانە یانی بوێری؟

کامیار بوێری یانی ئەوەی کە بنیادەم هەرئەوەی کە هەیە نیشانی بدا!

هەردووکمان، بە بێ قسە جگەرەمان دەخوارد کە کامیار وتی:

- دەزانی سەعات چەنێکە؟

- دیسان بڕۆین بۆ لای نوسرەت؟

کامیار حەز دەکەی بڕۆین؟

- ئا.

کامیار دەی دەڕۆین. ئێستا زانیت چەندە ئازایت؟ ئەگەر تۆ بە دوای ئیشی گەنمدا نەبی، منیش وازی لێ دێنم!

- یانی تۆ دەڵێی گەنم دەیەوێ چی بکا؟

کامیار دیسان یەکلایی بکاتەوە ئیتر!

- ئەمە یانی چی؟

کامیار زۆر گوێ بەم قسانە مەدە! کچ لەم تەمەنەدا و لەگەڵ بارودۆخی گەنمدا زۆر لەم هەڕەشانە دەکا بەڵام ئەنجامی نادا! ئێستا هەستە بڕۆین بخەوین کە هەر هیچ نەبێ سبەی هێزی هەستانەوەمان تیا بێ! وەرە شەو بڕۆین بۆ ماڵی ئێمە!

- نە دەڕۆم بۆ ماڵی خۆمان.

هەردووکمان لەجێگەکەمان هەستاین کە سەیرم کرد سێبەرێک لەناو درەختەکاندا خەریکە دێت بۆ لامان! کاملیا بوو. ڕاوەستاین هەتاکوو بێتە پێشەوە. کاتێ گەیشت، پێکەنینێکی بۆ کردم و وتی: زۆر حەزم کرد کە قسەی دڵت پێ وت؟

پێی پێکەنیم کە وتم: بنیادەم دەبێ قسەی دڵی بکا! هەر هیچ نەبێ نابێتە گرێ بۆی!

کامیار بنیادەم گوو دەخوا! تۆش وادیارە خەوت لێکەوتوە کە وڕاوە دەکەی!

کاملیا کاکە، بە ڕاستی دەبێ قسە بکەی یان بێدەنگ بی؟

کامیار هەندێ شت بنیادەم دەبێ بە قسە کردن بیڵێ و هەندێ شتیش بە بێدەنگی!



Scanned with CamScanner

کاملیا جیاوازییان چییە؟ لەکوێوە دەبێ جیاوازییەکەیان بزانێ؟
کامیار ئەمە ئیتر بنیادەم خۆی دەبێ بیزانێ! شتێ نییە کە کەس فێری بنیادەمی بکا؟
کاملیا من ئەگەر ڕۆژێ قسە بکەم تۆ نارەحەت دەبی؟
کامیار بڕۆ بخەوە، درەنگە!
کاملیا پێکەنی و ڕۆیشت بۆ لایماڵەوەیان کە کامیار وتی:
- بنیادەم زیندووە کە قسە بکا ئیتر! ئەگەر بڕیار بوایە کە بنیادەمەکان قسە نەکەن کە خوا لاڵی دروست دەکردن!
کاملیا ئاوڕی دایەوە و پێکەنی!

## بەشی شەشەم

بۆ سبەینێ بەیانییەکەی هەتاکوو سەعاتی دە خەوتبووم. سەعاتی دەش بە زۆر لەخەو هەستام. ڕۆیشتمە چێشتخانەکە لەگەڵ بۆڵە بۆڵی دایکمدا، پەرداخێ شیرم خوارد و تەلەفونەکەی کامیارم وەرگرت کە وتی ئیشی هەیە و خۆی دێت بە دوامدا.

شریتێکم خستە سەر و ڕاکشامە سەر تەختەکەم خەیاڵ بردمیەوە. لەکوێ دەبێ بە دوای گەنمدا بگەڕابام؟ یانی بۆ کوێ ڕۆیشتبوو لەگەڵ کێدا بوو؟ گەنم خۆ خویەکی وەهای نەبوو! ئەگەر کتوپڕ خەریکی ئیشی خراپە بێت چی؟ دەی هەر بۆ دەبێ پووریێ و ئەوان ئیشی وا بکەن؟ ئێستاش کە ئیشی وایان کردووە، حەقی خۆی بوو کە هەر لەمناڵیدا وەکو لەتەمەنی ٧ ٨ ساڵیدا پێیان بوتایە، وردە وردە بە شێوەیەک پێیان بوتایە، کە لەم تەمەنەدا ئاوا دانەخورپێ!

لەم خەیالانەدا بووم کە مۆبایلەکەم زەنگی لێدا. وامزانی گەنمە! خێرا جوابم دایەوە کە دەنگی کچێکی بێگانە بوو! هەر لەخەیاڵیشما نەبوو کە لەوانەیە میترا بێ!

ـ ئەلۆ! کاک سامان!

ـ فەرموون.

میترا منم میترا!

ـ تۆ چۆنی؟ لەگەڵ زەحمەتەکانی ئێمەدا؟

میترا ئەم قسانە چییە؟ چ زەحمەتێ؟ دوای ئەوەش ئەو ژوورەو ئەو خانووە و ئەو میوانداریتییە، ئەم قسانەی نییە!

ـ لەهەر حاڵدا سوپاس.

میترا کامیار خان چۆنە؟ دوێنێ شەو زۆر زویر بوون؟

ـ ئەویش باشە.

میترا لەکاتتانم، نەگرتوە؟

ـ نە، بە هیچ شێوەیەک، زۆرم حەز دەکرد لەگەڵ یەکێکدا قسە بکەم! یانی لەگەڵ کچێکدا قسە بکەم! پێکەنی و وتی:

ـ ئەگەر من بە شایانی ئەو شتەی کە دەڵێن دەزانن، گوێ دەگرم و خۆشحاڵ دەبم!

ـ نە چ قسەیەک!

تاوێ بێدەنگ بووم کە وتی:

ـ دەی؟

ـ ڕاستییەکەی نازانم چۆن دەست پێبکەم. دەمەوێ زیاتر و باشتر کچان بناسم!

میترا عاشق بووی؟ دامابووم چی وڵام بدەمەوە!

میترا ئەگەر عاشق بوون، شەرم مەکەن! بڵێن!

بیری قسەکانی گەنمم کەوتەوە.

ـ نازانم! لەوانەیە بوبێتم. پێکەنی

ـ ئێوە عاشق بوون؟

میترا عاشق بووم کە ئەمە ژیانمە ئیترا

ـ یانی عەشق ئەمەیە؟ یانی کەسێ عاشق بوو دەبێ تیا بچێ؟

میترا پەیوەندی هەیە بەوەوە کە مرۆڤ عەشق چۆن بناسێ!

ـ ئێوە چۆنتان دەناسی؟

میترا ناسینێکی هەڵە!

ـ تێناگەم!

میترا عەشق شتێکی کوێرانە نییە! عەشق دەبێ دوولایەنە بێ! عەشق هەر لەڕوناکیدا چەکەرە دەکا! عەشق لەسەر بێ ڕێی نییە! عەشق خۆی دەبێ ڕێگەیەک بێ! عەشق گۆرەپانێکی بەر بلاوی پێویستە! عەشق کاتی دەوێ! ئەوەی لەشوێنێکی بچووکدا و لەکاتێکی کورتدا بە دی دێ، عەشق نییە! ئەو کەسەی کە دەڕوا هەتاکو عاشق بێ، بە عەشق ناگات! عەشق دەبێ خۆی بێت! ئەو کچ یان کوڕەی کە چاوەڕوانن هەتاکو ئێوارە لەماڵ دەرچن و هەتاکوو یەکێ ببینن یان یەکێ بێت بۆ لای و عاشق ببن و جا دانیشن لەژوورەکەیدا شریت بنێتە سەر و بگری، بە دوای عەشقدا ناگەڕێ! دەیەوێ یاری بکا! دەیەوێ بڵێ، یانی ها من گەورە بووم!

ـ وامدەزانی سادەتر لەمانە بێت!

میترا نە، وانییە! دەبێ زۆر شت ئامادە بن، هەتاکوو عەشقێ بە دی بێت!

ـ ئەمانەی کە وتتان، مانای چییە؟

میترا: کامانە؟

ـ هەر ئەوەی عەشق گۆڕەپانێکی بەربلاوی دەوێ ئەم شتانە!

میترا بڕوانە، تۆ بۆ میوانییەک داوەت کراوی و جلی باشت نییە چی دەکەی؟

ـ دەی دەڕۆم دەیکڕم!

میترا هەر ئەمە گرنگە! ئێوە دەڕۆن و چەند دووکان دەگەڕێن و لەناو چەند قات جلدا یەکیان هەڵدەبژێرن و دەیکڕن! بۆ؟ بۆ ئەوە لەهەر حاڵدا دەبێ بیکڕن! لەبەر ئەوەی پێویستیان پێیەتی هەتاکوو لەبەری بکەن و بۆ میوانییەکە بڕۆن! بەڵام کاتی وا هەیە ک ئێوە بۆ هیچ میوانییەک داوەت نەکراون و پێویستیشتان بە جل و بەرگ نییە. ئەو کاتە ڕۆژێ خەریکن لەسەر شەقامدا پیاسە دەکەن، چاوتان بە قاتێ لەدووکانێکدا دەکەوێ کە زۆر بە دڵتانە؟ بە دڵنیاییەوە هەر ئەو کاتە ناڕۆن بیسێنن. ڕێگەت لەبەر ئەگرێت و ئەڕۆی بەڵام ئەم جلە جوانە هەر لەمێشکتدایە و بەردەوام بیری لێ دەکەیتەوە!

دەی هەر دەڕۆی بۆ لای! دیسان سەیری دەکەی ها! هیچ هۆیەکت بۆ کڕینی نییە! یانی بۆ شوێنێ ناتەوێ بڕۆی کە پێویستت پێی بێ، بەڵام ناتوانی بیری لێ نەکەیتەوە! ئەو کاتەیە کە بە دوای باشییەکانیدا دەگەڕێی! نرخەکەی باشە! قووماشەکەی باشە! دوورینەکەی جوانە! و زۆر شتی تر!

ئاخری هەر لەم ماوەیەدا، ڕۆژێ دەڕۆن و لەبەری دەکەن! ئەگەر بۆت ببێ، ئیتر تەواوە! بە دڵنیاییەوە دەیکڕن! بۆ؟ بۆ ئەوەی لەوانەیە لەدوای ئێوە یەکێکی تر ئەوەی چاو پێکەوتبێ و وەکو ئێوە بە دڵی بووبێ و بیەوێ بیکڕێ! ئەو کاتە ئیتر ناکرێ هی تۆ بێ!

ئەمانەی کە وتم بەس لەڕوانگەیەکەیەوەیە! لەڕوانگەی ئێوەوەیە لەبەینی ئێوە و جسمێکی بێ گیان.

هەر ئەم ئەزموونە سادەیە دەتوانێ لەنێوان ئێوە و کەسێکی تردا بێت! ئەویش وەکو تۆ، لەناو تودا دەست بە گەڕان دەکا! ئەگەر ئەو شتانەی، تۆ پێی گەیشتووی. ئەویش پێی بگا، عەشق دەست پێ دەکا! بۆ ئەوەش دەڵێم کە عەشق لەڕووی مەجبوورییەوە نییە! ئێوە نابێ پێویستتان بە شتێ ببێ و بە دەستی بێنن! یان بە مەجبووری عاشقی شتێ نەبن! گۆڕەپانەکەیشی دەبێ بەرین بێت هەتاکوو ئێوە بتوانن چەند جار بڕۆن و بێن و ئەو جلە یان ئەو کەسە یان هەر شتێکی تر سەیر بکەن و هەڵی سەنگێنن! دەبێ





Scanned with CamScanner

مەجالی سەیرکردن، بیرکردنەوە، هەڵسوکەوت، هەڵسەنگاندنەکانتان بێت! جیا لەوە لەوانەیە بە عەشق نەگەن! ئێوە دەبێ بزانن خەریکن چی دەکەن! بە بێ زانیاری نابێ!

ـ ئێوە ئەم گۆڕەپانەتان نەبوو؟

بێ کەنی و وتی: کاک سامان، باوکی من چەند ساڵ لەمەوپێش ئامێرێکی دەنگ هەڵگری زۆر زۆر گرانی کڕی و هێنایەوە بۆ ماڵ! ئەو کاتانە هێشتا کەمتر کەسێ CD دەناسی، ئەم ئامێری دەنگ و ڕەنگە سێ CD تیا جێ دەبویەوە!

لەو کاتەدا لەوانەیە لەتاراندا تەنیا چەند کەسێ دەیانزانی VCD چییە، ئەم زەپتە VCDبوو! دوو پیاو گرتیانە کوڵەوە هەتاکوو هێنایانە ژوورەوە! شتێکی سەیر بوو!

جا ئەو کاتە باوکم تەنیا ڕۆژانی جومعە دای دەگیرسان، بەیانیانی جومعە لەگەڵ ئێوارەدا گوێ لێدەگرت. بەس کەڵکی لەڕادیۆکەی وەردەگرت! زۆر زۆر کە پیاوەتی دەکرد شەوێ شریتێکی ئیفتخاری کڕی و خستییە سەری! خۆزگە دەیهێشت هەر ئەوەش بە باشی گوێ لێبگرین! ئەوەندە دەنگی کز کردبوو ئێمە کە دەبوا بڕۆیشتینایەتە پێشەوە و گوێمان بنووساندایە بە مکەبەرەکانیەوە هەتاکوو وزە وزێکمان ببیستایە! تازە خێرا خێرا دەیوت کزی بکەن دەنگی نەڕواتە دەرەوە! دەی ئەمەشمان دەتوانی بە ڕادیۆ و دەنگ هەڵگری دەستی بکەین! ئیتر زەپتی ئاوا پێویستی بە کڕین نەدەکرد خۆ!

ـ باوکتان ئیشی چی بوو؟

میترا وشکە بازاڕییەک، دەوڵەمەندی!

لەماڵەوەماندا تەلەفزیۆنێکیمان هەبوو یەک مەتر لەیەک مەتر! شاشە تەخت و ئیستریۆ چی و چی و چی! دوو ڤیدیۆمان هەبوو! لەگەڵ ئەوەدا چوار کاسێتی ڤیدیۆمان بوو کە دەتوانی سەیری بکەی! فیلم کارتۆنی پڵنگی پەمەیی، تۆم و جێری، سیندرێلا و جوانی نوستوو! ئێستا خۆتان گۆڕەپانی بەرینی من لەماڵەوەدا بدۆزنەوە!

ـ تەنیا منالی ماڵەوە بوون؟

میترا: نە، ئاخرییەکەی بووم. بێجگە لەمن دوو کوڕ و دوو کچیش بوون! برا گەورەکەم ١٨ساڵی بوو ژنیان بۆ هێناو برا بچووکەکەم ١٩ساڵ!

خوشکە گەورەکەم لەتەمەنی ١٦ ساڵیدا بە شویان دا و ناوەندییەکە لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا و کاتێ، بە من گەیشت، خشتەی زەمانی باوکم تێکچوو!

ـ یانی چی؟

میترا یانی من لەماڵەوە هەڵهاتم!

ـ ئەگەر بمانایەتەوە باشتر نەبوو؟

میترا نازانم!

ـ ئەوانی تر بەختەوەرن؟

میترا نە بابە داماوانە! خوشکەکەم کە چاوێکی فرمێسکە و چاوێکی خوێن! هەر کام یەک دوو هەوێیان هەیە! لەبنەماڵەو خزمانی ئێمەدا وا باوە کە کچ بە جلی سپی بڕواتە ماڵە مێرد و بە کفنی سپیشەوە بێتە دەر! تەلاق بێ تەلاق! ناوەکەشی دەبێتە هۆی ئەوەی کە خاوەن قسە بە خراپترین شێوە تەمێ ببێت! خوشکە ڕۆژ ڕەشەکانم دەبێ بسوتێن و بساچێن! ئەگەر تەلاقیان وەردەگرت، باوکم دەیکوشتن، ئەگەریش بژین کە ئاخرییەکەی هەر ئەو کفنە سپییەتە!

ـ یانی تەلاق شتێکی باشە؟

میترا سەرەتا ئەگەر خراپ بوایە خۆ دایان نەدەدنا! بەلام شتێکی باشیش نییە؟ کێشە لەسەر تەلاق نییە خۆ! کێشە زەماوەند کردنە! ئەم ژن و مێردایەتیانە لەبنەڕەتدا هەڵە بووە!

ـ براکانت چی؟

میترا: ئەوانیش لەوانەیە هەروا بەلام چونکە پیاو بوون، ئازادی هەڵسوکەوتیان هەبوو! ژنی دووهەم و سیغە و ئەم شتانە!

ئێستا واز لەمانە بێنین! ئێوە چیتان دەویست سەبارەت بە کچان بزانن؟

ـ دەمەوێ زیاتر لێیان تێبگەم.

میترا لەچ بوارێکدا؟

ـ دەمەوێ بزانم کچێ کاتێ لەماڵەوە هەستا و ڕۆیشت، بۆ کوێ دەڕوا و چی دەکا؟

تاوێ بێدەنگ بوو جا وتی: کەسێ لەماڵی ئێوە هەلاتووە؟

بێدەنگ بووم، وتی:

ـ ئەگەر هەلاتووە بڵێن! لەوانەیە بتوانم یارمەتییەکت بدەم!

ـ پورزام، یانی بەو شێوەیە ڕای نەکردووە!

میترا: دەی بە چ شێوەیەک ڕای کردوە؟

ـ هەستاوە و ڕۆیشتووە بەلام پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ مندا هەیە.

میترا بۆ ڕای کردووە؟

ـ ئەوەی گرنگ نییە! گرنگ ئەوەیە کە دەبێ زۆر خێرا بیدۆزینەوە!



Scanned with CamScanner

بیریکی کردەوە و وتی: من چەند شوێنێ دەناسم کە زیاتر کچە ڕاکردووەکان لەوێ کۆدەبنەوە! چەند ساڵە؟

ـ هاو تەمەنی ئێوەیە. خوێندکارە!

میترا: کەسێکی خۆشویستوە؟ یانی ئەگەر کەسێکی خۆشویستبێ، هەر دەڕوا بۆ لای ئەو!

ـ نە، ئەمە هۆی هەڵاتنی نەبووە.

میترا: لەبەر بەستراوەیی زۆرەوە ڕایکردووە؟

ـ نە.

میترا: بڕوانە کاک سامان ئەمانەی کە دەیپرسم گرنگە! دەمەوێ بزانم لەکوێ دەبێ بە دوایدا بگەڕێن!

ـ تێدەگەم!

میترا: پارەی پێیە؟

ـ زۆر.

میترا: دەی لەگوشاری بێ پارەیدا نییە! ئەمە زۆر باشە!

ـ یانی چی؟

میترا: یانی ئەوەی مەجبوور نییە بۆ پارەی نانی نیوەڕۆ و ئێوارە، توشی غەڵەت ببێ! تێدەگەی کە چی دەڵێم؟

ـ بەڵێ، تێدەگەم!

میترا: ئەگەر بتانەوێ دەتوانین، ئێوارە، سەر لەچەند جێیەک بدەین لەوانەیە لەوێ بیدۆزینەوە!

ـ بۆچی ئێوە ناڕۆن بۆ شانۆ؟

میترا: شانۆ داخراوە، ئەمڕۆ و سبەی و دوو سبەی داخراوە. بۆچی ئێوە سەیری ڕۆژ ژمێر ناکەن؟ لەڕۆژانی پرسەدا، شانۆ دادەخرێ.

ـ لەبیرم نەبوو.

میترا: دەی دەتانەوێ لەشوێنێکدا کاتێ دابنێین؟

ـ لەکاتی ئێوە ناگرێ؟

میترا: بە هیچ شێوەیەک، زۆریش خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بتوانم یارمەتییەک بدەم.

ـ سوپاس.

میترا: لەکوێ کاتێ دابنێین؟
ـ هەر کوێ ئێوە بتانەوێ.
ئەدرەسی شوێنێکی پێدام و بڕیار درا سەعاتی ٦ی دوا نیوەڕۆ لەوێ بم. کافتریایەکی سەرووی شار بوو.
خوا حافیزیم لێکرد و مۆبایلەکەم داخست. هەر کە دیسان لەسەر تەختەکەم ڕاکشام کامیار هاتە پشت پەنجەرەی ژوورەکەم.
کامیار- خەوتوی؟ هەستام و ڕۆیشتمە بەر پەنجەرەکە
ـ نە، لەکوێ بووی؟
کامیار- باز بدە ئەمبەر هەتاکوو پێت بڵێم.
لەپەنجەرەکە پەڕیمە باخەکە و بە یەکەوە ڕۆیشتینە ئەولاتر و لەسەر کورسییەک دانیشت و وتی: دەزانی چی بوو؟
ـ نە.
کامیار: دەڵێم بەڵام لای خۆت بمێنێ! کاملیا کوڕێکی خۆشدەوێ. بڕیارە بێت بۆ خوازبێنی بەڵام باوکم و دایکم ناڕازین!
ـ بۆ؟
کامیار- بابە پێم وتی خۆ! کوڕەکە دەستی کورتە! وادیارە تازە لەزانکۆ دەرچووە! بنەماڵەکەیشیان بارێکی ئابووری ئەوتۆیان نییە!
ـ چۆن منداڵێکە؟
کامیار- کاملیا زۆری تاریف پێ دەکا!
ـ دەی ئەگەر کوڕەکە باشە قەیچێکا؟ ئێوە کە پێویستتان بە پارە و ئەمشتانە نییە؟
کامیار چووزانم وەڵلا!
ـ مامە چی دەڵێ ئاخر؟ یانی بە دوای مێردێکدا بۆ کاملیا دەگەڕێ؟
کامیار بۆنەکەی نازانم بەڵام وادیارە دەیەوێ ئەو هەر هیچ نەبێ ئیشێکی باشی بێ!
ـ دەی بۆ کوڕەکە ئیشی چییە؟
کامیار وادیارە مامۆستایە! یانی بڕیارە ببێ بە مامۆستا.
ـ دەی ئەمە خۆ باشە!
کامیار: نە، باوکم دەیەوێ زاواکەی بەڕێوەبەری بانکی جیهانی پارە بێت کە هەر کات حەزی کرد پارە لێ بدات! ئێستا هەستە بڕۆینە سەرێ بۆ لای باوەگەورە کە



Scanned with CamScanner

هەواڵی لێ ناردووم.
هەردووکمان هەستاین و ڕێکەوتین بەرەو ماڵی باوەگەورە و هەر کە گەیشتین، کامیار زۆر بە ئەدەب و ڕێزەوە تەقەی لێدا! تیا مابووم کە چەندە بەڕێز بوو، دەنگی باوەگەورە لەژوورەوە هات.
ـ کێیە؟
کامیار: منم حاجی مەمصادق! داوای هاتنە ژوورەوەمان هەیە؟
ئەمەی وت و دەرگاکەی کردەوە و ڕۆیشتینە ژوورەوە، باوەگەورە سەیرێکی کرد و وتی:
ـ تۆ ئەمڕۆ چەندە بە تەربییەت بووی؟
کامیار هەر وا جزمەکانی دەردەهانی وتی:
ـئەدەبی پیاو باشترە لەسامانی ئەو! سلام باوەگەورەی گیانی گیانی گیانم!
باوەگەورە پێکەنی و جوابی سلاوەکەی داینەوە و هەردووکمان ڕۆیشتینە پاڵی دانیشتین و کامیار خێرا سێ چای تێکرد کە باوەگەورە وتی: پارەت تەواو بووە ها؟
کامیار: دەی وادەزانی بۆچی دوێنێ شەو لەبەر چاوی ئەو هەموو بنیادەمەدا دەستتانم ماچکرد؟ پارەم تەواو بووە دەی! ئەم گەنمە نەگبەتە، کارتی بانکەکەی هەڵگرتووم و ڕایکردووە! نەختێ لەچاکەی خوارد و وتی:
ـ کەوگیر لەبنی تیانەکەی داوە و بۆ ئەوەلای گەڕان و لێکۆڵینەوە پێویستی بە پارە هەیە! باوەگەورە پێکەنی و پێی وتم:
ـ دوێنێ شەو چی پێت دەوت ؟
قسەکانی دوێنێ شەوی گەنمم بۆ وت و کە بیری کردەوە و وتی:
ـ نەکا کەرێتییەک بکا ئەم کچەتیوە؟
کامیار دەتانەوێ ئاسایش ئاگادار بکەین؟
باوەگەورە نە، باش نییە! ئابڕوومان لەناو خزم و دراوسێدا دەڕوا! هاوڕێکانی هیچ هەواڵێکیان لێی نەبوو؟
کامیار چۆن هەیانە و نایڵێن!
باوەگەورە لەکوێ دەزانی؟
کامیار هەر ئێمە ڕۆیشتینە بەر دەرگایان و گەنم ئاگادار بوو!
باوەگەورە ئەی چیبکەین؟



Scanned with CamScanner

کامیار من پلانێکم داڕشتووە لەژێر زمانی یەکێ لەهاوڕێکانی دەریبێنم!
- منیش بڕیارە ئەمڕۆ عەسر لەگەڵ یەکێکدا بڕۆم بۆ چەند شوێن بە دوایدا! بەشکم بیدۆزمەوە!
باوەگەورە دەی هەستن و ڕێکەون و بیرێ بکەنەوە! هەر ڕۆژێ کە تێدەپەڕێ خراپتر دەبێ!
ئەمەی وت و لەژێر دۆشەکێ کە لەسەری دانیشتبوو دەستە چەکێکی دەرهێنا و بازێکی تیا نووسی و ئیمزای کرد و دای بە دەستی کامیارەوە و وتی: ئەمە هی هەردووکتانە. بڕۆن.
کامیار ئەمە زۆر زۆرە حاجی مەمصادق خان.
باوەگەورە بڕۆن. بڕۆن!
کامیار- دەستت خۆشبێ! یاخوا هەر ئێستا ، لەماڵەوە پێم خستە دەرەوە، کچێکی باش و جوانم توش ببێ و مارەی ببڕم بۆ ئێوە!
باوەگەورە لا الەالا اللە! بڕۆ بگە بە ئیشەکەتدا هەتیو!
کامیار ئاخر جارێ ئیشم پێتانە.
باوەگەورە چی بووە ئیتر؟
کامیار باسی خوازبێنییەکەی کاملیای بۆ کرد و باوەگەورە نەختێ بیری کردەوە و جا وتی: ئەدرەسی و ناونیشانەکەی بنووسە و بیدە پێم. بنێرم لەسەری تاقیبات بکەن. خۆیشت کاتێکی لەگەڵ دابنێ و هەڵی سەنگێنە و بزانە چۆن گەنجێکە! لەوانەیە قسمەت ئەمە بوو بێ! هەواڵم لێ بگێڕەرەوە!
کامیار بەسەر چاوێکی وت و هەستاو منیش هەستام و لەباوەگەورە خواحافیزیمان کرد و هاتینە دەرەوە و ڕۆیشتین بەرەو ماڵی کامیار و ئەوان کە لەڕێدا پێی وتم:
- تۆ لەگەڵ کێدا بڕیارە بڕۆی، سەر لەچەند جێ بدەی؟
- لەگەڵ میترادا. پێش ئەوەی تۆ بێیت، تەلەفۆنی بۆ کردم.
کامیار دەی؟
- سەعات ٦ لەبەر کافتریای. . . . . . . کاتمان داناوە.
کامیار ڕۆیشتوم بۆ ئەوێ ڕاست دەکا! ئەوێ شوێنی کۆبونەوەی ئەم جۆرە کچانەیە!
- گەنم لەوانە نییە!
کامیار دەی بۆچی خەریکی دەچی بۆ ئەوێ؟

کردبێ!shtێkم شتێکم

خێرا بێت و جا خەریکی کەریتی سامان خان بم! خۆیشت تەلەفونت کرد، ڕاکە و دوو پەرداخ چامان بۆ بێنە کە هێزمان تیا بێ بتدەین بە سەر ئەم کوڕە بەستەزمانە کەرەدا.

کاملیا دەستیکرد بە پێکەنین و کامیاریش قوڵی منی گرت و نەختێ ڕۆیشتینە ئەولاتر هەتاکوو کاملیا ئاساییتر بتوانێ قسە بکات. کە دە مەترێ لەکاملیا دوور کەوتینەوە وتم:

- تۆ چەندە کراوە بووی؟

کامیار کاتێ دوو گەنج یەکتریان خۆشدەوێ نابێ ڕێیان لێبگری! ئەگەر کوڕەکە کێشەی نەبێ، چ خراپییەکی هەیە بە یەکەوە ببنە هاوسەر؟ تەنیا دەبێ نەختێ ئازاد بن، لەهەڵسوکەوتی یەکتری تێبگەن! هەر هیچ نەبێ کوڕەکە دەبێ بتوانێ بێت و چاوی بە کاملیا بکەوێ هەتاکوو بەیەکەوە قسە بکەن یان نە؟

- دەی دیارە! باشە.

کامیار ئەگەر کوڕێک ڕێک بێت بۆ خوازبێنی و خێرا مارە ببڕێن خۆ باش نییە! دوسبەی بە دوومناڵەوە، تازە هەرکام تێدەگەن کە ئەویتر هەزار خراپەی هەیە!

- گۆڕەپانی بەرین!

کامیار چی چی؟

- یانی ئازادی هەڵسوکەوت! یانی گۆڕەپانی هەڵسوکەوتی بەر بلاو.

کامیار گوی خواردووە ئازادی هەڵسوکەوتی هەبێ! ئازادی هات و چۆ و هەڵسوکەوت! هەر ئەمە! بۆ ئەمەش کۆلانێکی تەسک بەسە! ئیتر گۆڕەپان و شا ڕێ و ئەم شتانە با بمێنێ بۆ دوای مارەبڕان و شایی! لەئێستاشەوە گۆڕەپان و مۆڕەپان مەخە دەمی ئەمانە کە بێ چەرداوەڕو دەبن!

- ئەت وت تەلەفونەکەشی تەواو بوو!

کامیار لای کردەوە و سەیری کاملیای کرد کە خەریکە دەڕۆیشتە ماڵەوە و وتی:

- بڕوانە! یانی ئێمە هەقمان هەیە بە کچەکەمان، بە خوشکەکەمان بڵێین کێی خۆش بوێ، کێی خۆش نەوێ؟

- هەمووی لەبەر خۆیانە! بەختەوەریمان دەوێ ئیتر!

کامیار بەختەوەری یانی چی؟

- یانی ئەوەی کە بنیادەم بەو شتانەی کە خۆشیدەوێ بگات!

کامیار یانی ئەگەر تۆ بە گەنم بگەی، بەختەوەری؟

- نازانم!

کامیار: من چی؟ من حەز ناکەم بە هیچ شتێ بگەم! چون ئێستا هەموو ئەو شتانە کە دەمەوێ هەمە! یانی من ئێستا بەختەوەرم؟

ـ هەر هەیت کەوا هەموو کات شاد و خۆشحاڵی ئیترا!

کامیار نە! ئەمانە بەختەوەری نییە!

ـ ئەی ئەمانە چییە؟

کامیار ئەمانە ناوێکی تری هەیە.

لەدوورەوە کاملیا بە دوو پەرداخ چاو سینی و شەکردانەوە دەرکەوت.

کامیار بەختەوەری ئەوەیە کە لەپاڵ گوێتا کەسانی وەکو نوسرەت و میترا، ژیانێکی ئاوایان نەبێ! بەختەوەری کاتێ ناوی بەختەوەرییە کە بە سەر هەمووانددا دابەش بێ!

کاملیا فەرموون! ئەمەش دوو پەرداخ چا.

کامیار دەستخۆش. چی بوو؟ قسەت لەگەڵ کرد؟ سەری داخست

کامیار هێی دەی دڵمان تەقی!

کاملیا نا کاکە. ڕێکەوت! وابزانم تا ١٥ دەقەی تر بگا.

کامیار بۆچی لەسەر کۆڵان ڕاوەستاوە؟ چ خوازبێنێکی نازایە؟

کاملیا پێکەنی وتی: نە کاکە، لەم دەورەدا قوتابی تایبەتی هەیە.

کامیار ئافەرم، ئافەرم! بزانم، جگەرە و مگەرە خۆ ناکێشێ؟

کاملیا نە کاکە! بە پێچەوانەوە وەرزشەوانە!

کامیار- ڕاست دەکەی؟ لەم زلەکانە؟

کاملیا ئەی، نەختێ!

کامیار- سامان ڕاکە مەش سفر بانگ بکە! بڵێ خاکەنازەکەیش لەگەڵ خۆی بێنێ! ئەوە وەرزشەوانە!

من و کاملیا پێکەنین و دیسان کاملیا کامیاری گرتە باوەش و دەستی بە گریان کرد!

کامیار نازی کێشاو بە دەستی فرمێسکەکانی سڕی کە کاملیا وتی:

ـ کاکە، هەر چییەک هەیە سوپاسم هەیە بۆت!

ئەمەی وت و ڕایکرد بەرە و ماڵەوە کە کامیار سەیری ئەوی کرد و سەیرێکی منی کرد و وتی: قوربە سەرت بکەن سامان! هیچ کات بە گوێی منت نەکرد؟

ـ یانی چی؟

کامیار ئەگەر ئەو ڕۆژی جومعە بە منت بوتایە، دەستم دەگرت و دەمبرد بۆ بەر

دەرگای ماڵەوەمان لەجیاتی گەنم، دەمهێشت بە دزییەوە سەیری ئەم کاملیا بکەی! تازە خۆشم دەوەستام کێشکم بۆ دەدای تاکە کەسێ نەیەت، فیکەم بۆ دەکردی! بە ڕاستی حەیف نییە؟ کچێکی بە باشی و جوانی و خانمی لێی گەڕاوی و ڕۆیشتویی بە دوایی گەنمی پڕ کێشەدا! هەر لەبەر ئەم گەنمە باوەگەورەمانیان لەبەهەشت دەرکردە دەرەوە. باوکم بەهەشتی بەرینی بە دوو دەنک گەنم فرۆشت!

- تۆش، لەبەرەی ئەوی لەجیاتی ئەو باشتر دەسەوامت دایەوە! نارەسەن بم، من ئەگەر بە دەنکە جۆیەک نەیفرۆشم!

کامیار دەی خۆ من ئیتر ناهێڵم باوەگەورەم بخڵەتێ!

- سەرەتا من ئەوەندە لەماڵی ئێوە بووم، کاملیا وەکو خوشکی خۆمی لێهاتووە! دوای ئەوە، وای دابنێ من حەزم لەکاملیا بوایە بە یەک لایەنە خۆ نابێت! دەبێت ئەویش حەز بکات یان نە؟

کامیار: ئەگەر هەموو جار لەڕوویدا وەکو مردووی گۆڕستان نەبویتایە و بە ناز و عیشوەیەکەوە شێتت بکردایە ئێستا دەستتانم دەخستە ناو دەستی یەک و ئیتر دڵم لەم بابەتەوە ئەسرەوت و مەجبور نەدەبووم بڕۆم بۆ پرسیار و تاقیبات.

- تاقەتی باشت هیە تۆ ها! چاکەت بخۆ!

کامیار هەستە ئەوەندە مەڵێ بڕۆینە بەر دەرگا کە ئێستا سەر و سیمای ئاغای مامۆستا دەردەکەوێ! ڕاستی تۆ غەڵەتێ نوکولییە شتێکت لەوانە و خوێندن نییە؟ هەر کە کابراکە هات دوو ڕاهێنانیش حەل بکەین!

- ناوی چییە؟

کامیار بە گیانی تۆ ئەگەر من بزانم! خۆ من هەمووی بە نازناوی موستعار، ئەم کورە داماوە و ئەم کورە کەرەو ئەم شتانە بانگم کردوە.

گەیشتینە بەردەرگای باخەکە و ڕۆیشتینە کۆڵانەکە و هەر لەوێ خەریکی چا خواردن و قسەکردن بووین کە تاوێ دوای ئەوە ماتۆڕەکە گەیشت و لەبەردەرگای باخەکەدا ڕاوەستاو گەنجێ لەسەری دابەزی و ماتۆڕەکەی خستە سەر جەک و سڵاوێکی کرد.

گەنجێکی هاوتەمەنی خۆمان بوو کە چەند وەرەقە و پاکەت و ئەم شتانەی بە دەستەوە بوو. من و کامیار جوابمان دایەوە کە وتی:

- ببورن، ئێرە ژمارەی ١٩دەیە؟

کامیار ئا بە قوربان، نامەمان هەیە؟

ـ نەخێر! ئێشێکم بە خۆیان بوو.

کامیار پەیکی ماتۆڕین؟ کوڕەکە سوور هەڵگەڕاو وتی:

ـ نەخێر! من بڕیار بووە بێم بۆ ئێرە! یانی کاملیا خانم تەلەفۆنی کرد کە بێم!

کامیار خوا من بکوژێ! ئێوە خوازبێنن؟

کوڕەکە سەری داخست کە کامیار وتی:

ـ ئەی بۆچی بە ماتۆڕ هاتوون؟

کوڕەکە ببورن، ویستم خێرا تر بگەم! جا دەستی هێنایە پێشەوە و وتی:

ـ من سالمم.

کامیار دەی الحمد الله!

کوڕەکە ببورن ئێوە؟

کامیار ئێمەش سالمین لەخوا بە زیاد بێ. هەناسەیەک دەدەین! خوا ساغ و سلامەتی لەکەس نەگرێ! کوڕەکە پێکەنی و وتی:

ـ ببورن! خراپ تێگەیشتوون! من بە مانای وشەی سالم نیم! ناوی من سالمە!

کامیار ناوی ئێوە سالمە؟

کوڕەکە بەڵێ! فەرزادی سالم.

کامیار ئەو! ئاوا! کەوایە تا ئێستا دوو بە هیچ!

من و کوڕەکە پێکەنین کە کامیار وتی:

ـ دەی ئێستا ئێوە بەم پەلەپەلەو بەم خێراییە، بە ساغی گەیشتونەتە ئێرە، خێرا وەرنە ژوورەوە و ئەم کادیلاکەتان بهێننە ژوورەوە هەتاکوو شتێ نەقەوماوە!

هەر کە کوڕەکە ڕۆیشت ، ماتۆڕەکەی بهێنێتە ژوورەوە، کامیار بە هێواشی پێی وتم:

ـ دەی بڵێ بۆ ئەم کاملیا نەگبەتە بۆچی ناوی ئەمەی پێ نەدەوتم!

ـ هێواش! دەیبیستێ!

کوڕەکە نامە و وەرەقەکانی خستە سەر ماتۆڕەکە و هەر کە ویستی جەکی ماتۆڕەکە بخەوێنێ، ماتۆڕەکە کەوت بە لادا و وەرەقەکان کەوتە خوارەوە! ویستی وەرەقەکان بگرێتەوە ، ماتۆڕەکەی وەرگەڕا سەر عەرز! ویستی ماتۆڕەکە لەم لاوە وەرگەڕا و کەوت بە سەر پێیدا!

من و کامیار ڕامانکرد و لەچرکەی ئاخیردا ماتۆڕەکەمان گرتەوە و یارمەتیماندا، کوڕەکە لەجێگەی خۆی هەستێ هەر کە هەستا کامیار وتی:

به‌رەنگارییە خێرایە!

- بە ڕاستی ئافەرم لەم بەرەنگارییە خێرایە!

هەم وەرەقەکان کەوت، هەم خۆت، هەم ماتۆڕەکە!

کوڕەکە تەریق بویەوە و وتی:

- ببورن، نەختێ پەشۆکام.

کامیار ئێوە فەرمونە ژوورەوە. ئێمە ماتۆڕەکە دەهێنین.

کامیار و کوڕەکە دەرگاکەیان کردەوە کە بڕۆنە ژوورەوە. ماتۆڕەکەم هەڵگرت کە بیهێنم. هەر کە کوڕەکە ویستی بڕواتە ژوورەوە کە پێی گیرا بە لێواری دەرگاکە و سەر سمێکیدا. بەسەرا کەوت بە عەرزا! کامیار خێرا ژێر باڵی گرت و هەروا کە ڕایگرتبوو وتی:

- کاکە سالم، ئێوە بارودۆختان هەر باش نییە ها! ئارام بە!

سالم ببورن، خەیاڵم ڕۆیشت!

داماوە زۆر پەشۆکا بوو! بە کورتی کامیار ئیشارەی پێ کرد کە بڕوات بەرە و کورسییەک و خۆی ڕێکەوت و لەگەڵ ئەودا سالمیش ڕێکەوت ، پێی گیرا لەپێی کامیار و نزیکبوو ئەمجارە کامیار بکەوێ بە عەرزا! من خەریکبووم لەدواوە لەپێکەنیندا دەمردم ، کامیار وتی: ڕابواردنمان هەیە؟

سالم تکا دەکەم!

کامیار دەی بۆ پاشقولم لێ دەدەی؟

سالم شەرمەزارم بە خوا! هەر نازانم بۆ وام لێهاتووە!

کامیار سامان! واز لەو ماتۆڕە بێنە وەرە یارمەتی، کاک سالم بگەیەنینە سەر کورسییەک! من بە تەنیا ناتوانم!

لەپێکەنیندا نەمدەتوانی ماتۆڕەکە لەسەر جێی خۆی بجوڵێنم! سالم خۆی ڕاوەستا بوو و پێدەکەنی! داماوە هەم تەریق دەبوویەوە هەم پێدەکەنی! هەر ویستی بجوڵێ کە کامیار پێی وت:

- دەقەیەک ڕاوەستە کاک سالم! ئێستا سامانیش دێت، هەرسێکمان دەڕۆین! مەترسییەکەی کەمترە!

بە زۆر ماتۆڕەکەم بردە ژوورەوە و جەکەکەیم داهێلاو ڕۆیشتمە لایان و هەرسێکمان ڕۆیشتین بۆ لای کورسییەک و من و سالم دانیشتین. کامیار هەر وا کە ڕاوەستابوو، پاکەتە جگەرەکەی داگیرساند و خولقی سالمی کرد، نەی دەکێشا و کامیار دووانی

داگیرساند و یەکیانی دا بە من و بە سالمی وت:
ـ ئافرین! جگەرە شتێکی خراپە!
سالم زۆر سوپاس.
کامیار لەسەرەتادا دەبێ بڵێم کە ئێوە باشترە هەموو ڕۆژێ نەختێ ئەسپەنە بکەیتە گیرفانت و بۆ هەر کوێ کە گەیشتی، بە قەدەر چوار دەنک بسوتێنی کە ساغ و سەلامەت بگەیتە شوێنەکەت! دوای ئەوە، براکەی من، ئەمە چ ناوێکە لەتۆیان ناوە؟ دەی بنیادەم یان سالمە یان گۆج! ئەگەر گۆجە، یا لەسووچی ماڵەوە کەوتوە یان لەسووچی خەستە خانە! ئەگەریش کە لەکۆڵان و جادەدا خەریکە دەڕوا و خەریکی ئیش و ژیانیەتی، ئیتر سالمە دەی! وتن و سەلماندنی ناوێ خۆ!
من و سالم سەیری یەکتریمان دکرد و پێدەکەنین کە کامیار دیسان وتی:
ـ دەی، ئێوە، خوازبێنی ئەم خاتو کاملیای ئێمەن؟
سالم دیسان سووربوویەوە ورەقەو ئەو نامانەی بە دەستەوەبوو پێچابوویەوە و هەر لەدەستیدا دەیپێچاو دەیجوڵاند! کامیار سەیرێکی ورەقە پێچراوەکانی کرد و وتی:
ـ ئەمانە بدە بە من بۆ ئەوەی ڕەحەتتر بی!
سالم زۆر سوپاس، بە دەستمەوە بێ ڕەحەتترم!
کامیار دەزانم بەڵام ئەگەر ئەمانە بە دەست ئێوەوە بێ ئێمە ناڕەحەتین! کتوپڕ دەیکەی بە چاو و چڕی ئێمەدا! ئەسڵەن ئەمانە چین؟
سالم خێرا دەستیکرد بە پێکەنین و وتی:
ـ وەرەقەی تاقیکردنەوەی منالەکانە! جا ورەقەکانی گرت بۆ کامیار و وتی:
ـ ئەمڕۆ تاقیکردنەوەم لێ گرتن!
کامیار هەر وا کە وەرەقەکانی کردبوویەوە و سەیری دەکرد وتی:
ـ مامۆستای بیرکارین ئێوە؟
سالم لەسەر ئیزنتان.
کامیار سەرکەوتو بن یاخوا. دەی ئێوە هەواڵتان هەیە، هاوسەری داهاتوتان چ بنەماڵەیەکی هەیە؟
سالم نەی! کەم و کەسر شتێک دەزانم.
کامیار، سەری لەسەری وەرەقەکانی بوو و خەریکبوو یەکە یەکە سەیری دەکردن و قسەی دەکرد، کامیار یانی کێشەیەکت لەگەڵ ئەم باسەدا نییە؟

Scanned with CamScanner

سالم وەڵڵا چی بڵێم؟

کامیارت برا نەختێ خەریکی وانەی خوێندنی ئەم منالانە بێ! هەشت، حەوت، چوار، نە! قوتابییە زیرەکەکەیان تا ئێستا چوار نەبووە!

سالم منالەکان ئەمڕۆژانە ئەنگیزەی ئەوتۆیان بۆ وانە خوێندن نییە!

کامیار کە خەریکبوو لەگیرفانیدا بە دوای شتێکدا دەگەڕا وتی:

ـ حەقیان هەیە وەڵڵا! دەی ئێوە بفەرموون دەرهاتتان چەنێکە؟

سالم خراپ نییە! هەم لەپەروەردە موچە وەردەگرم و هەم لەقوتابخانەیەکی ئەهلیدا وانە دەڵێم و هەم قوتابی تایبەتم هەیە.

کامیار دەی شوکور بۆ خوا! خانوو چی؟ خانوویە، شوقەیە شتێکتان هەیە؟

سالم سەری داخست، دەستە لەیەک هەڵپێچاوەکانی بە یەکەوە دەگوشی. خەریکبوو بیری دەکردەوە، جوابێکی باش بداتەوە! هەڵگەڕامەوە بەرەو کامیار کە بینیم خەریکە بە قەڵەم جافێ، وەرەقەی ئیمتیحانی منالەکان ڕاست دەکاتەوە!

سالم ڕاستییەکەی ئێستا، دەسپێکی ئیش و کاری منە! دەبێ بڵێم بە داخەوە لەئێستادا نە! جارێ لەگەڵ دایک و باوکمدا دەژیم!

کامیار ئەمەش هەڵەیە!

سالم لەگەڵ دایک و باوکمدا دەژیم هەڵەیە؟

کامیار نەخێر! ئەم جەزرەی، ئەم هەتیوە لێرەدا گرتویە هەڵەیە!

سالم ئێوەش لەبواری بیرکاریدا خوێندوتانە؟ سەیرە!

کامیار- بیرم مەپاترێنە با هەڵەی ڕاست بکەمەوە!

سالم پێکەنینێکی کرد و هیچی نەوت.

کامیار ئێوە لەکوێ لەگەڵ کاملیا خانمدا یەکترتان ناسی؟

سالم وەڵڵا من کاتێ قوناغی کۆتایی بووم، ئەوان قوناغی یەکەم بوون، من زۆر حەزم لەهەڵسوکەوتی ئەوان بوو! ئەوان بە ڕاستی قورس و ماقوڵ و بە ویقارن. ئەمە بوو کە زۆرم حەز دەکرد بێمە خزمەتتان و ناسراوییەکم هەبێ و بە بێ ئەدەبی نەبێ خوازبێنی!

کامیار کە سەیرێکی سالمی دەکرد و سەیرێکی وەرەقەکان، وتی:

ـ ئەمە ڕا بە ڕای من بەیەکەوە ناگونجێ!

سالم خوازبێنی من؟

Scanned with CamScanner

کامیار نەخێر! ئەم ئیتیحادە مزدەوەجە! ئیتحادی دووی لەگەڵ مزدەوەجدا تێکەڵ کردووە!

دەستی کرد بە خەت کێشانی. ڕاست کردنەوەی! جا وتی:

ـ سالم خان، ئێوە بیری تەواوی ئەم خوازبێنییەتان کردۆتەوە؟

سالم وادەزانم ئەمەم کردبێ!

کامیار وا نازانن ئەمە هەڵەبێ؟

سالم جوابی پرسیارەکەی تاقیکردنەوەکە؟

کامیار نەخێر! خوازبێنییەکەی ئێوە!

سالم خۆی کۆکردەوە و وتی:

ـ ببورن! بە ئەدەبەوە دەڵێم! لەچ ڕایەکەوە لەوانەیە هەڵەبێ؟

کامیار جیاوازی چینایەتی لەنێوان ئێوە و کاملیا خانمدا!

سالم نەختێ بیری کردەوە و جا وتی:

ـ بە ڕای من نە! من ئەوانم بە کچێکی ژیر و تێگەیشتوو و قورس و خوێنەوار بینیوە! بۆ من گرنگ نییە کە ئیشی باوکی ئەوان چییە! ئاخر ئەمەش بۆ خۆی ئیشێکە ئیترا

کامیار وەرەقەکانی دیسان پێچایەوە و سەیرێکی سالمی کرد و سەیرێکی منی کرد و دیسان بە سالمی وت: ببورن، کاملیا خانم سەبارەت بە ئیشی باوکیان چییان بە ئێوە وتوە؟ سالم زۆر بە سووری وتی:

ـ من دەزانم کە باوکی ئەوان پیاوێکی شەریف و زەحمەت کێش و.....

کامیار ئا بەڵام ئیشەکەیان چی پێ وتون؟

سالم ئەوە زۆر گرنگ نیە قوربان!

کامیار با! زۆر گرنگە! دەکرێ بفەرمون ئیشی باوکی ئەوان چییە؟

سالم بە شانازییەوە دەیلێم باوکی ئەوان فەڕاشی ئەم باخەن لەگەڵ ئەوەشدا باخەوانی ئەم باخەش دەکەن!

کامیار سەیرێکی سالمی کرد و ڕوویکردە من! من خەریکبووم پێدەکەنیم! جا قنە جگەرەکەی فرێداو بە سالمی وت:

ـ بە پێچەوانەوە باوکی ئەوان تەنیا ئیشێ کە نایکەن باخەوانییە! هەر تا ئێستا لەژیانیدا مەسینەیەک ئاوی نەکردۆتە بن ئەم درەختانە کە دڵمان پێی خۆشبێ! خوا بیکوژێ ئەو کچەتیوە! دەستم بە پێکەنین کرد و وتم:



Scanned with CamScanner

- خوشکی تۆیە ئیتر!

کامیار ئەی خوشکم بمرێ! چ ئاور تێبەربویەکن ئەم دووانە؟

سالمی داماو چاوی بڕیبوە کامیار ، کامیار وتی:

- بڕوانە کاک سامان، من شتێکت پێ دەڵێم بەڵام حەز دەکەم زۆر ڕۆشنبیرانە لەگەل باسەکەدا هەڵسوکەوت بکەی! بەڵێن دەدەی؟

سالم نەختێ بێدەنگ بوو جا وتی:

- بەسەرچاو، بەڵێن دەدەم.

کامیار- بڕوانە براکەم، ئەم کاملیا کە یاخوا مەرگی ببینم خوشکی منە باوکیشی لەنێوان گوڵی ئۆرکیدە و شمڵیدا هیچ جیاوازی دانانێ! باخەوانی ئەم باخە، مەش سەفەرە کە ئێستاش لەناوەڕاستی ئەم باخەدا خەریکە هونەری خۆی نیشان دەدا!

ئیتر سالم فزەی لێوە نەدەهات! داماوە بەس سەیری من و کامیاری دەکرد. کامیار، سەیریکرد، سەری لێ شێواوە پێی وت:

- جگەرە دەخۆی، یەکێکت پێ بدەم؟

سالم نە، زۆر سوپاس.

کامیار ئاوت بۆ بێنم؟

سالم نە نە سوپاس. نەختێ بیری کردەوە و جا وتی:

- یانی ئاغای مش سەفەر باوکی کاملیا خانم نین؟

کامیار مش سەفەر لەجێی باوکی هەموومانە بەڵام باوکمان نییە وەڵلا!

داماوە سوور و سپی دەبویەوە و عارەقی دەکرد ، کامیار وتی:

- ئەم باخ و کۆشک و تەلارەش کە دەیبینی، هی باوە گەورەمانە! یانی باوەگەورەی کاملیا! سالم سەری داخست و کتوپڕ لەجێی هەستا و وتی:

- من بە یارمەتیتان ئیتر لەکاتتان ناگرم. لەڕاستیدا هەڵەیەک ڕوویداوە. ئەگینا من ئاوا لەکاتم نەدەگرتن و نەدەهاتم. یانی دەمەوێ ئێوە بزانن، من بنیادەمێ نیم کە سنووری خۆم نەزانم!

ڕووی‌کردە باخەکە و سەیرێکی کرد و زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:

- لەڕاستیدا نازانم بۆ کاملیا خانم بۆچی ئەم شتانەی بە من نەوتوە! سەری لێ دەرناکەم! بەهەر حاڵ لەسەر ئێزنتان! تکایە داوای لێبووردنی لێ بکەن!

کامیار دانیشە بابە ئیشم پێتە!

دەستی خستە سەر شانی سالم و بە زۆر دایینیشاندە سەر کورسییەکە و وتی:

ـ سەرەتا من هەتاکوو ئێستا چەند پرسیارێکم ئا لەمانە ڕاست کردۆتەوە! دەرەجەکەیان پێبیدە! دوای ئەوە چاوەڕوانی بوی کە چی؟ چاوەڕوان بوی، کاملیا هەر پێت گەیشت پێت بڵێ باوکم فلانە و باوەگەورەم فلان؟ تۆ خۆت ئەگەر لەجێی کاملیادا بویتایە و بتویستایە کچێک بۆ هاوسەری هەڵبژێری، دەهاتی ئەم شتانەی پێ بڵێی؟ ئەو کاتە دوای ئەوەی پێت وت، هەموو کات سووچێکی دڵت پیس نەبوو کە لەوانەیە ئەو کچە تۆی بۆ پارە و سامان بوێت؟ سالم نەختێ بیری کردەوە و جا وتی:

ـ لەوانەیە!دیسان بیری کردەوە و وتی:

ـ با! منیش ئەم ئیشەم دەکرد!

کامیار- وەرە! ئەمەش وەرەقەکانت! ئێستا دەتەوێ بڕۆی، بڕۆ! زیاتر لەگەڵ ئەم منالانەدا خەریک بە! لەتاقیکردنەوەکاندا هەموویان ئاستێکی نزمیان هەیە.

سالم هەستا ، دیسان کامیار وتی:

ـ ئەوەلای کێشەکەت لەگەڵ کاملیا خۆیدا ببڕەوە!

داماوە سەیرێکی ئێمەی کرد و ڕۆیشت بۆ لای ماتۆڕەکەی، کاتێ پێی گەیشت، ئاوڕی دایەوە و وتی: بۆچی ئەو ویستی من ئەمڕۆ بێم بۆ ئێرە؟

کامیار من پێم وت. ویستم چاوێکم بە ئێوە بکەوێ.

جا ڕۆیشتە بەردەمی و وتی: کاملیا بە دوای پارە و ساماندا نییە! بەقەدەر پێویست لەوانەیشە زۆر زیاتری هەیە! بۆ ئەو، کەسایەتی، سۆز و خۆشەویستی و ڕەحم و عەشق گرنگە!

سالم بۆ ئێوە چی؟

کامیار ئەگەر مەبەست من و باوەگەورەمە، هەر ئەمانەمان لەلا گرنگە!

سالم: دەمەوێ قسەی دڵم بۆتان بکەم چون وا هەست دەکەم دەبینم ئێوە زۆر تێگەیشتوون! ڕاستییەکەی کە هاتم هەستێکی لەخۆبایم هەبوو، بەڵام ئێستا نە! ئێستا هەست بە بچووکی دەکەم!

کامیار بە هەڵەدا چووی برا! یەکێ بتوانێ لەم ڕۆژ و ڕۆژگارەدا لەزانکۆی گشتی دەرچێ و لەسێ شوێندا ئیش بکا، بنیادەمێکی بچووک ناتوانێ بێت!

جا دەستی بۆ سالم درێژ کرد و وتی:

ـ خۆشحاڵم لەوەی ئێوەم ناسی کاک فەرزادی سالم!

سالم زەردەخەنەیەکی کرد و لەگەڵ کامیاردا دەستی دایەوە و تەوقەی کرد. منیش خێرا ڕۆیشتمە پێشەوە و وتم: منیش لەناسینی ئێوە خۆشحاڵم ئاغای سالم!

لەگەڵ منیشدا تەوقەی کرد و پێ کەنی کامیار وتی:

ـ ببورن لەوەی کە میوانداریمان نەکردی. چاوپێکەوتنی هاوڕێیانە و غەیر ڕەسمی بوو. ئیشەڵلا لەچاو پێکەوتنێکی شیاودا تۆڵەی بکەینەوە!

دیسان سالم پێکەنی و جەکی ماتۆڕەکەی خەواند و بەیەکەوە یارمەتیمان دا بردمان دەرەوە کاتێ سوار بوو بە پێکەنین و وتی:

ـ ئەگەر ویستم ناوم بگۆڕم، بە ڕای ئێوە چی باشە؟

کامیار سالم لابە و لەجیاتی بیکە بە سەلامەت!

هەرسێکمان پێکەنین و سالم ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت. هەر کە هاتینە ژوورەوە کامیار وتی: ئابڕوم لەلای ڕۆیشت بە خوا! ئەگەر دەستم بەو نەگبەتە!

من کاملیام بینی بوو کە لەتەنیشت درەختەکاندا ڕاوەستابوو لەدوورەوە سەیری ئێمە دەکات! چاوم پێیکەوت و پێکەنیم! کامیار لای کردەوە و ئەوی بینی! دانەوی و بەردێکی هەڵگرت و کەوتە دوای! ئەویش ڕایکرد بۆ ماڵەوە.

تازە گەیشتبوومە ماڵەوە، مۆبایلەکەم زەنگی لێدا. لەبەر ئەوەی وامدەزانی گەنمە، خێرا جوابم دایەوە.

ـ ئەلو! فەرمون! بەڵێ.

ـ سەلام هاوڕێ!

ـ ئێوە؟

ـ هاوڕێکەی قەرزاری ئێوە!

ـ ببورن! ناتانناسم!

ـ نوسرەتم بابە!

ـ ئێ. . . . ! سەلام کاک نوسرەت! چۆنی؟

نوسرەت شوکری خوا کەم خراپ نیم!

ـ خوا نەکا!

نوسرەت لەکاتم گرتێ؟

ـ نە! نە! بە هیچ شێوەیەک.

نوسرەت کاک کامیار چۆنە؟





Scanned with CamScanner

ـ ئەویش باشە سوپاس.
نوسرەت نزیکە قسەیەکی لەگەڵ بکەم؟
ـ نا! ئەگەر پێنج دەقەی تر تەلەفونی بۆ بکەی، دەڕۆم بۆ لای.
نوسرەت دەی من دیسان تەلەفون دەکەمەوەلەکاتتان دەگرمەوە، جارێ خوات لەگەل.
خوا حافیزیم لێکرد و ڕۆیشتم بۆ ماڵی کامیار و ئەوان دەنگی دایکم دەرهات!
لەماڵەوە هاتمە دەرەوە و رێی باخەکەم کورت کردەوە و بەرەو ماڵیان و کە گەیشتمە
بەر دەرگا، کامیار دەرگاکەی کردەوە و هاتە دەرەوە و هەر کە چاوی بە من کەوت
وتی:
ـ ئێ. . . ! خەریکبووم دەهاتم بۆ ئەوێ! نانی نیوەڕۆت خواردووە؟
ـ نە، دەزانی ئێستا کێ تەلەفونی کرد؟
ـ ئا، لەم دڵە بێ خاوەنەی من! لەجێیەکدا بووم بە یاریدەدەری کۆمەڵایەتی! لەشوێنێکدا
بووم بەپۆلیسی خێزانی.
ـ نوسرەت بوو.
کامیار کرا بۆ جارێ بێت بۆ بەردەرگای ماڵمان و بڵێ جنیفر لۆپز تەلەفونی کرد؟
ئێستا ئیشی چی بوو؟
ـ ئێستا دیسان تەلەفون دەکاتەوە. دەیویست قسەت لەگەل بکات.
کامیار یانی ئیشی چی لەگەل من بوو؟
ـ دەتەوێ پێی بڵێم نەمدۆزیوەتەوە؟ لەئیشی هێنان وبردنەوەی
کامیار نە بابە! ئەم نوسرەتەمان نابێ لەکیس بچێ! هەر خۆم دەمویست نەختێ
تیجاریدایە! هەزار و یەک گرێکۆڵە بە دەستی دەکرێتەوە!
هاوڕێیەتیم لەگەڵیدا قوڵ بکەمەوە!
هەر لەم کاتەدا بوو، دیسان مۆبایلەکەم زەنگی لێدا. منیش دام بە کامیار، جوابی
دایەوە
ـ ئەلو! بەبە! هەر ئێستا زیکری خێرت بوو!
ـ نە بە گیانی تۆ! دوێنێ شەو نەختێ پەشۆکا بووم!
ـ ئا!
ـ ئا!
ـ باشە! لەکوێ؟





Scanned with CamScanner

ـ هەر ئێستا؟

ـ باشە وا هاتین. ئەمانەی وت و تەلەفونەکەی داخست و وتی:

ـ وەرە! ڕەخسا!

ـ چی؟

کامیار بڕوانە! من ئەگەر ٢٤ سەعات ڕۆحم هەڵنەگرم بیبەم بۆ گەڕان و ڕابواردن، توشی نەخۆشی دەرونی دەبم!

ـ دەیەوێ بتبات بۆ گەڕان؟

کامیار بە خوا لەشوێنێکی باشدا کاتی بۆ دانام!

ـ کەی؟

کامیار هەر ئێستا! ڕێکەوە بڕۆین!

ـ من سەعاتی ٦ لەگەڵ میترادا کاتم داناوە.

کامیار دەی ڕێک شەش دەڕۆینە سەر قەرار! دێر نابێ خۆ! ئێستا لەکوێ و شەشی عەسر لەکوێ؟

ڕۆیشتین بۆ لای گەراج و دەرگامان کردەوە و سەر ماشینەکەی کامیار کەوتین و ڕێکەوتین: لەجێگەیەکدا، کاتمان دانابوو، دەورو بەری زانکۆ. . . بوو. نەختێ مابوو بۆ ئەوێ، کامیار لەجێگەیەکدا ماشینەکەی ڕاگرت و دابەزین. نەماندەویست تێبگا، باری ئابوریمان باشە!

ماشینەکەمان ڕاگرت و نەختێ بە پێ ڕۆیشتین، لەدوورەوە نوسرەتمان بینی. جلێکی کەشخە و جوانی لەبەر بوو خەریکبوو لەبەر قەفەزەی ڕۆژنامە فرۆشیدا پیاسەی دەکرد. هەر کە ئێمەی لەدوورەوە بینی، پێکەنی و هاتە پێشەوە و چاک و چۆنیمان کرد.

نوسرەت هیچ درەنگ نەهاتن، زۆریش زوو هاتن.

کامیار دەی! لەخزمەتاین.

نوسرەت وەڵڵا دەی چۆنتان بۆ باس بکەم؟ ڕاستییەکەی نەختێ دەترسم!

کامیار لەچی دەترسی؟

نوسرەت لەم نزیکانەدا کافتریایەکی چۆڵ هەیە! بڕۆین بۆ ئەوێ، چایەک بخۆین و هەم قسەکەمان بخۆین.

هەرسێکمان بەیەکەوە بە ڕێکەوتین و دە دەقەیەک قسەی ئاسایمان کرد هەتاکوو گەیشتینە بەر کافتریاکە و ڕۆیشتینە ژوورەوە. جێگەیەکی تا ڕادەیەک گەورە بوو





Scanned with CamScanner

لەگەڵ نزیک ۳۰ میزدا. زۆربەیان خاڵی بوو و تەنیا لەپشت چەند دانەیەکیانەوە، کچ و کوڕ بەیەکەوە دانیشتبون و قسەیان دەکرد. هەرسێکمان لەشوێنێکدا دانیشتین و داوای چامان کرد. نەختێکی ڕابورد. نوسرەت لەپاکەتی جگەرەکەی، سێ جگەرەی دەرهێنا و دایگیرساند و هەردووکیانی دا بە ئێمە و وتی:

ـ من جارێ زیاتر ئێوەم نەبینیوە! یانی ئەمە دووهەم ڕۆژە کە ئێوەم ناسیوە، بەڵام نازانم بۆچی لەناخەوە بڕوام پێتان هەیە! بۆ خۆشم سەیرە! بە تایبەت بەو ئیش و شوێنەوە کە منی تیام! تا ڕادەیەک زۆربەی کات بڕوام بە کەس نییە! تەنانەت بە نزیکترین هاوڕێم، بەڵام سەبارەت بە ئێوە وا نییە! ئەمانەی سەرەتا وتت بزانن!

مژێکی لەجگەرەکەی دا و چاکەیان بۆ هاوردین. خۆی بە چاکەوە خەریککرد و نەختێکی لێ خواردەوە و وتی:

ـ ئەمانەی دەمەوێ پێتان بڵێم، هەتاکوو ئێستا بە هیچ کەسم نەوتوە! دەزانن من خوشکێکم هەیە! پێشتر پێم وتون!

دیسان مژێکی لەجگەرەکەیدا و وتی:

ـ خوشکەکەم خوێندکارە! خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی! لەم زانکۆیە. . . . دەخوێنێ. من هەفتەیەک جارێ دوو جار دێم سەری لێ دەدەم و ئەگەر ئیشێکی بێ، بۆی دەکەم و پارەیەکی پێ دەدەم و دەڕۆم. ئەمڕۆش هاتووم بۆ ئێرە سەری لێبدەم. ڕاستییەکەی ئەم ماوەیەدا دیارە شکی کردووە! هەر دەیەوێ لەئیش و هاوڕێ و شوێنێ کە تیایا دەژیم سەر دەر بێنێ! منیش هاوڕێیەکی پیاو و باشم نییە! جێ و ڕێیەکی ڕێک و پێکیشم نییە! دەمەوێ پیاوەتییەکی ترم لەحەقدا بکەن!

کامیار. پارە مارەت دەوێ؟

نوسرەت نە نە! ڕاستییەکەی دەمەوێ نیو سەعاتێ سێ چارەکێ لەگەڵ من بێن بۆ زانکۆکەی. دەمەوێ من لەگوڵ دوو پیاو ماقوڵدا ببینێ! دەزانن، ناکرێ بڕوا بە هەرکەس بکرێ! ئەم ڕۆژانە هەموو ناپیاو بوون!

مژێکی لەجگەرەکەیدا و وتی:

ـ سەر و سیمای منیش ڕۆژ بە ڕۆژ سەرنج ڕاکێش تر دەبێ! دەزانم کە لەئیعتیادی من ئاگاتان هەیە.

ـ بۆ وازی لێناهێنی؟

نوسرەت توخوا سامان گیان لێگەڕێ! پێت ناخۆش نەبێ ها! بەڵام هەر تاقەتی ئەم

قسانەم نییە! ئەوەندە لەدڵما هەیە کە فریای ئەم شتانە ناکەوم!
کامیار ناوی خوشکەکەت چییە؟
نوسرەت حیکمەت. سەیرێکی هەردووکمانی کرد و وتی:
ـ ئەم لەوانە نییە بەخوا! پارچە جەواهیرێکە! خانمە، نەجیمە! زیرەکە! هەموو ئەم داماوییانەم بە خۆما بینی و بە گیان سەندم کە ئەم ژیانی ڕێک و پێک بێ! ئەمە هەمووی کە خۆم بە ئاو و ئاگردا دا کە ئەم ساغ بمێنێ!
فرمێسک لەچاوەکانی کۆبویەوە و ڕووی‌کردە لایەکیتر و مژێکی تری لەجگەرەکەیدا. من و کامیار بەس سەیرمان دەکرد. نەختێکی تر لەچاکەی خوارد و گریانەکەی ناو گەرووی قوت دا و وتی:
ـ ئەگەر زەحمەتێکی ترم بۆ بکێشن تا هەتایە قەرزارتان دەبم!
کامیار سەری لەقاند و زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:
ـ زۆر پیاون!
کامیار ئێستا دەبێ بڕۆین؟
نوسرەت ئا، هەتاکوو بیست دەقەیتر تەواو دەبێ. بەس ئیتر پێت ناڵێم لەلای چی بڵێی چونکە دەزانم خۆت بە تەواوی ئەکتەرێکی! هەرسێکمان پێکەنین کە کامیار وتی:
ـ پێت وتوە ئیشت چییە؟
نوسرەت دەلالی! زۆریش ڕقی لێیەتی!
کامیار دەلالی چی؟ کتوپڕ پێکەنین لەسەر لێوی بزر بوو و وتی:
ـ دەلالییەکەم ڕاست پێ وتوە! بەلام نەموتوە دەلالی چیم! وتم لەئیشی کڕین و فرۆشتنی ماشین و ئەم شتانەم!
گارسۆنەکەی بانگکرد و پارەی سەر مێزەکەی حیساب کرد و هەرسێکمان هەستاین و ڕۆیشتینە دەرەوە. کە نەختێ ڕۆیشتین وتی:
ـ دەمەوێ لەلایدا خۆم بنوێنم! تێدەگەن ؟
کامیار دەی با لەلای بە باش خۆ بنوێنین! بڕۆین بۆ ئەملاوە!
زانیم چی دەڵێ! هەرسێکمان ڕۆیشتین بۆ لای ماشینەکە و نەختێ جا گەیشتین پێی و کامیار بە ڕیمۆت کونترۆل، دەرگای ماشینەکەی کردەوە، نوسرەت لەجێدا وشک بوو! لەوانەیە دە پانزە چرکەیەک هەر وا ڕاوەستا بوو و سەیری ماشینەکەی دەکرد!
کامیار مەگەر ناتەوێ لەلایدا خۆت بنوێنی؟ سەرکەوە!

نوسرەت ماشینی تۆیە؟

کامیار نا.

نوسرەت ئەی وەڵلا بابە! تو گیانی من ڕاست دەکەی؟

کامیار نا، سەرکەوە دێر نەبێ!

نوسرەت نەکا ئێوەش خراپ بن؟

ـ نە کاک نوسرەت! ماشینەکە هی کامیار خۆیەتی!

نوسرەت ئاخر ئەم ماشینە بەخوا سەد ملیۆن نرخیەتی! زۆر دەوڵەمەندن؟

کامیار. نەختێ! سەرکەون!

هەرسێکمان سەرکەوتین و کامیار ڕێکەوت کە نوسرەت وتی:

ـ بە قوربانی ئەو خوا بم! خۆزگە ئەمڕۆ شتێکی ترم لێ داوا کردبایە!

ـ بۆ لەخوا چیت ویست؟

نوسرەت ئەمڕۆ یانی لەدوێنێ شەوەوە هەر لەبیری ئەم ڕووداوەدا بووم! دەمویست ئێوە ببەم و بڕۆم بۆ لای حیکمەت خۆم بنوێنم تەنیا دەترسام بەو شتانەی کە دوێشەو لەماڵەکەمدا بینیتان، ئیتر ڕووم نەدەنێ! ئێستا، هەم ئێوە لێرەن هەم ئەم ماشینە! لێت بە زیاد بێت خوا گیان! سوپاسم هەیە بۆت!

ئەمەی کە وت، کامیار خێرا ستۆپی کرد و پێی وت: شۆفێری دەزانی؟

نوسرەت نا، بۆچی؟

کامیار بریکەکەی ڕاکێشا و دابەزی و وتی: دانیشە پشت سکان. لێخوڕە خۆیشی ڕۆیشت و ئەو دەرگاکەی کردەوە. نوسرەت هەر لەوێ دانیشتبوو و بێدەنگ سەیری کامیاری دەکرد!

کامیار وەرە خوارەوە دەی!

نوسرەت ئاخر دەترسم شتێ بقەومێ!

کامیار مەترسە هیچ نابێ! بویش فیدای سەرت! دابەزە خوارەوە!

نوسرەت حەزێکی کرد کە لەباس نایە! تا ئێستا هەست بە شادییەکی ئاوا خۆشم لەکەسێکدا نەبینیبوو! خێرا دابەزی و دانیشتە پشت سکانەکە و وتی:

ـ گێرەکانی چۆنە؟

کامیار هەر ئەوە کە لەسەریەتی.

دەرگاکانمان داخست و بریکەکەی خەواند و هێواش ڕێکەوت و نەختێ کە ڕۆیشت،

پێی ڕاهات و وتی: کەشتییە لامەزەبە! ماشین نییە خۆ!

من و کامیار پێکەنین! نوسرەت ئەوەندە خۆشحاڵ بوو کە ئەت وت خەریکە هەڵدەفڕێ!

چەند شەقامێکی کە تێپەڕاند و لەبەر دەرگای زانکۆدا ڕاوەستا و دابەزی و وتی:

- ئێستا دەگەڕێمەوە مناڵەکان!

جولایەوە کە بڕوات بەڵام وادیار بوو پەشیمان بویەوە و گەڕایەوە و وتی:

- نەکەن بڕۆن ها!

کامیار بڕۆ پیاوی باش! بۆ کوێ نەکەین بڕۆین؟ بڕۆ بێ خەم بە.

پێکەنینێکی لەقوڵای دڵییەوە کرد و ڕۆیشت، لەدوورەوە خەریکبووین سەیرمان دەکرد. لەبەر دەرگای زانکۆدا ڕاوەستا بوو و وەها خۆی ئەنواند کە هەر باسی ناکرێ! کە ناوترێ!

کامیار بۆ ئاوەهایە؟

- کێ نوسرەت؟

کامیار ئەم ڕۆژگارە! یەکێ وەکو ئێمەی لیدێنێت، یەکێ وەکو ئەو! یەکێ ئەوەندە ماڵ و سامانی هەیە یەکێ ئەوەندە داماوە! دەزانی، ئەمانەی کە ڕۆژی بۆگەنەکەی بلاو دەبێتەوە کە ملیار ملیار دزی دەکەن، دەبێ ڕۆژێ دەستیان بگری و بیان بەی بۆ لای یەکێ وەکو نوسرەت! دەبێ بزانن کە ئەم پارەو سامانە بە چ نرخێکی دەستیان کەوتوە! چەند دانە وەکو نوسرەت دەبێ لەناو بچن تا ئەوان پارە بنێنە سەر پارەیان!

- ئەوان ئەوەندە بێ شەرەفن کە ئەم شتانە بۆیان گرنگ نییە! وادەزانی خۆیان ئاگادار نین!

کامیار با! ئاگادارن! لەزۆر شت ئاگایان هەیە! تەنیا تا ملیان بوون بە ژێر پیسیەوە! خەریکە پەلەقاژێ دەکەن هەتاکوو ئەوی تریش بێن بە ژێرەوە! هاتن!

ڕوویکردە شەقامەکە. نوسرەت دەستی کچێکی گرتبوو و خەریکبوو لەگەڵ خۆی دەی هانی بۆ لای ماشینەکە. بە قەد باڵای خۆی ناسک و باریک. مانتۆیەکی جوانی کورت لەگەڵ پانتۆلێکی کابۆیی لەبەردا بوو و مەقنەعەیەکی لەسەر بوو. لەدوورەوە نەمدەتوانی ڕوخساریم چاو پێ بکەوێ. بەڵام هەرچی نزیکتر دەبویەوە، ڕوخساری باشتر دەبینرا. وردە وردە پەشۆکام! چەندە ڕوخساری لەلام ئاشنا بوو! ڕوخسارێکی ڕێک و جوان بە دوو چاوی کێشرا و برۆی پڕەوە!

کامیار خێرا دابەزی و منیش بە دوایدا و هەر کە گەیشتن پێمان. کامیار لەم لاوەی

ماشینەکەی ڕۆیشتە ئەولاوە و وتی: خانم سەلام. ماندو نەبن، حاڵی ئێوە باشە؟

حیکمەت سەلام، سوپاس.

نوسرەت ئەمە کاک کامیارە. لەهاوڕێ و شەریکەکانمە.

حیکمەت لەناسینتان خۆشحاڵم.

ڕوویکردە من و سەرێکی جولاند. هەر خەیاڵم لەلای نەبوو و لەناو بیری خۆمدا بووم! ڕاستییەکەی بڕوام نە دەکرد کە نوسرەت خوشکێکی ئاوا جوان و ماقوڵی بێ!

ئەویش خوێنکاری کۆلێژی پزیشکی زانکۆی. . . . !

نوسرەت ئەویش کاک سامانە. سامان گیان بۆ لەوێ ڕاوەستاوی؟

کامیار ئاگای لەجۆگەلەی ئاوەکەیە!

دەستمان بە پێکەنین کرد و تازە بە خۆمدا هاتمەوە و هاتمە ئەملای ماشینەکە و سلاوم کرد. حیکمەتیش بە پێکەنینەوە سلاوی کرد کە کامیار وتی: خانم فەرمون تکا دەکەم.

دەرگای بۆ کردەوە و حیکمەتیش بە پێکەنینەوە ڕۆیشت سەرکەوت. من و کامیاریش لەدوای ماشینەکە و نوسرەتیش لەپشت سکاندا ماشینەکەی خستە ئیش کە دوو کەس لەهاورێکانی حیکمەت هاتنە پێشەوە و یەکیان لەکاتێکدا فیکەی دەکرد وتی:

- بەە بەە! وابزانم براکەت خەزنەی دۆزیوەتەوە حیکمەت!

حیکمەت بۆ کوێ دەڕۆن ئێوە؟ هاورێکانی پێکەنین و وتیان:

- وەکو هەموو کات! لەفەیەک هەڵدەپاچین و دەڕۆین بۆ ماڵەوە!

نوسرەت نەختێ پەشۆکا و ڕوویکردە کامیار کە کامیار وتی:

- نوسرەت گیان خۆ پەلەمان نییە! دەی بیانگەیەنین!

دیسان خۆشی لەچاوەکانیدا نیشت! تەنیا شتێ کە بوو ماشینەکەی جێگەی نەبوو! خێرا من و کامیار دابەزین و حیکمەتیش دابەزی و جێگەمان گۆڕی. کامیار ڕۆیشتە پێشەوە لەپاڵ گێرەکەدا و منیش لەپاڵ دەرگاکە و حیکمەت و دوو هاورێکەی دانیشتنە دواوە یەکیان وتی: ببورن! بوینە هۆی عەزیەت.

نوسرەت ڕێکەوت و هەروا وتی:

- تکا دەکەم، چ عەزیەتێ؟ ماشینەکە خۆ جێگەی هەیە، دەی بەیەکەوە دەڕۆین ئیتر!

حیکمەت ئاخر جێگەی ئێمە باشە بەلام جێگەی هاورێکانت باش نییە!

کامیار جێگەی هاورێ باشە! جێگەی دوژمن خراپە!



Scanned with CamScanner

هەموو دەستمان بە پێکەنین کرد کە حیکمەت وتی:

- من دەزانم! ئێوە عەزیەت بوون!

کامیار نە، بە هیچ شێوەیەک! بەس ئەم گێڕی چوارەی دەکەوێ بە شوێنێکی خراپی بنیادەمدا! هەمووەمان دەستمان بە پێکەنین کرد.

کامیار نوسرەت گیان تۆش هەلْت بۆ ڕەخساوە هەر بە چوار دەڕۆی؟ بیخە سێ ئەم دوا براوە! چ چوارێکی پڕ هێز و توانایەکی هەیە! ئاگات نەبێ سەر لەچ شوێنانێک کە دەرنایەنێ!

هەموومان دەستمان بە پێکەنین کرد کە نوسرەت وتی:

- جارێ بۆ ماڵەوە ناڕۆین! سەرەتا دەڕۆین لەفەیەک دەخۆین! جا دەڕۆین بۆ ماڵەوە!

کامیار لەفە چییە؟ خوێندکارێک کە خەریکی خوێندنە، خۆ نابێ لەفە بخوا! بڕۆین نوسرەت گیان! بیخە پارک وی تا پێت بڵێم!

حیکمەت ئاخر ئیتر عەزیەتەکە زیاتر دەبێ!

کچەکانیش هەموویان وتیان ئا وایە! ئیتر لەکاتتان ناگرین بەڵام کامیار وتی:

- جێگەیەک دەناسم کە ئیستایەکی هەیە ئا ئەوەندە!

بە دەستی شتی بەقەدەر سینیەکی نیشان دا کە حیکمەت و هاوڕێکانی هەموویان وتیان وەی! چ خۆشەو دەستیان بە چەپڵە لێدان بۆ کامیار کرد.

نوسرەت هێواش ڕووی‌کردە کامیار و سەیرێکی کرد! وا دیار بوو کە بەقەدەر پێویست پارەی پێ نەبوو کە کامیار وتی:

- نوسرەت گیان ئەو نانەی کە پێم دۆڕاندبووی، دەمەوێ هەر ئێستا بۆتانی بکرم! چۆنە؟ دیسان کچەکان چەپڵەیان بۆ لێدا و نوسرەتیش پێکەنی و ماشینەکەی بەرەو پارک سوڕاندەوە و١٥-٢٠دەقیقەیەک دوای ئەوە گەیشتینە بەر ڕێستورانێ. . . کە ماشینەمان ڕاگرت و دابەزین. هەر کە ڕۆیشتینە ژوورەوە بەڕێوبەری ڕێستورانەکە کە دەیناسین، هاتە پێشەوە و زۆر بە ڕێزەوە بردینیە سەر مێزەکە. هەر شەشەکەمان دانیشتین و هەموومان شتێکمان داوا کرد کە کامیار بە حیکمەتی وت:

- ببورن، ئێوە ئێستا لەدەواو دەرمان تێدەگەن؟

حیکمەت و ئەوان دەستیان کرد بە پێکەنین!

حیکمەت ئێمە ئێستا خەریکین قۆناغی کۆتایی تەواو دەکەین.

کامیار یانی ئێستا دەتوانن دەرزیش لێ بدەن؟

کتوپڕ ئێمە دەستمانکرد بە پێکەنین کە یەکێ لەکچەکان وتی:
- دەرزی لێدان هیچی پێ ناوێ!
کامیار با باوە! زۆر سەختە! بزانم ئێوە کەی دەبن بە دکتۆری ڕاستی؟
حیکمەت چەند ساڵێکیتر! یانی هەتاکوو ماوەیەکیتر، دوکتۆری گشتیمان تەواو دەبێ و جا سەرەی تایبەتییەکەمانە!
کامیار: بە هیوای خوا ئەگەر بەشی تایبەتییەکەتان تەواو کرد، من دێم بۆ لاتان بۆ چارەسەر کردن!
حیکمەت تکا دەکەم! پێڵاوتان سەرچاو!
کامیار ئێستا تایبەت بە چی دەخوێنن؟
حیکمەت تایبەت بە ژنان و نەزۆکی! ئێمە دەستمان بە پێکەنین کرد:
کامیار دەستخۆش حیکمەت خانم!
حیکمەت ئێوە زانکۆتان تەواو کردووە؟
کامیار نەخێر! زانکۆ ئێمەی تەواو کردوە!
دیسان هەمووان پێکەنین کە حیکمەت بە کامیاری وت:
- بە ڕاستە. لەچ بوارێکدا دەرچوون؟
کامیار فەرقی چییە؟ ئێستا کە جارێ دەلالی ماشینین! بەلام قوناغی لیسانسمان تەواو کردووە!
حیکمەت وەکو کاک نوسرەت! لیسانسی کیمیای هەیە، بووە بە دەلالی ماشین! بەخوا هەر کە ناوی دەلال دێنێت ئەوەندە زوویر دەبم!
نوسرەت سەری داخست کە کامیار خێرا وتی:
- خۆ خەتای ئێمە نییە! وایان کردوە کە بایەخی عیلم و زانیاری هاتوتە خوارەوە!
ئیشەڵلا چاک دەبێ! دەی پزیشکی چۆنە؟ دەبێ زۆر قورس بێ!
حیکمەت هەم قورسە، هەم دوور و درێژە! زۆر جار بە ڕاستی بێتاقەت دەبین!
کامیار ئەویش ئاخری هەر تەواو دەبێ و بە هیوای خوا، چاو بنوقێنن بوون بە دوکتور!
حیکمەت تازە دوای ئەوە سەرەتای کێشەمانە! دەبێ بە دوای جێگەیەکدا بگەڕێین و هەزار دەردی سەری تر!
کامیار جێگەتان بۆچی دەوێ؟

حیکمەت دەی چیبکەین؟

کامیار بانگەوازێک بدەن بە ڕۆژنامە، چارەسەری تایبەتی لەماڵەوە!

هەموو بە یەکەوە وتیان: ئێ! ئیتر چی؟

- بۆ چی دەبێ؟

کامیار ئیش ناکرێی نییە! ئێستا کە سەر قوفڵەکان و ئاپارتمانەکان ئەوەندە گران بووە، لەجیاتی ئەوە کە نەخۆش بێ بۆ لای دکتۆر، ئێوە دەبێ بڕۆن بۆ لای نەخۆش!

حیکمەت: من ئەگەر بە هیوای خوا بەشی تایبەتیم تەواو کرد، دەڕۆم بۆ لادێیەک لەوێ خزمەتی خەڵک دەکەم!

کامیار ئێوەش ئێستاکە لەم دروشمانە دەدەن! کە بوون بە دوکتۆر، دەڕۆن بە دوای پارەدا!

حیکمەت نە بەخوا کاک کامیار! من خۆم مانای ئیش دەزانم چییە! قەد ڕونادا کە پشت لەخەڵک بکەم! کامیار سەیرێکی کرد و وتی:

- خوا تۆ لەبراکەت نەسێنێ! ئیشەڵڵا کە وەهایە!

هەر لەم کاتەدا نانەکەیان بۆ هێنایـن و دەستمان بە خواردن کرد. بە ڕاستی نان خواردنی ئەم کچانە جێگەی ڕامان بوو! ئەوەندە بە تام و چێژەوە دەیانخوارد کە بنیادەم پێی خۆش بوو! لەناوەڕاستی نانەکەدا کامیار هەر گاڵتەی دەکرد و ئێمە پێدەکەنین. نان خواردن کە تەواو بوو. کامیار حیسابی مێزەکەی کرد و لەگەڵ دەست خۆشانەی نوسرەت و کچەکاندا، هەستاین و لەرێستۆراندا هاتینە دەرەوە من هێواش بە کامیارم وت:

- بڕۆین بۆ شوێنێ دۆندرمەیە شتێ بخۆین.

کامیار کە خوا خوای بوو وتی: باشە و سەرماشینەکە کەوتین ڕۆیشتین و کامیار ئادرەسی بەستەنی فرۆشییەکی لەکۆلانێکی چۆڵ و بێدەنگدا بە نوسرەتدا.

ئیتر لەرێدا چەندە پێکەنین با بمێنێ! ٢٠دەقیقە، نیو سەعاتێ تر گەیشتین بە دۆندرمە فرۆشییەکە و دابەزین و ٦ دۆندرمەمان وەرگرت و هاتینە لای ماشینەکە و دەستمان بە خواردن کرد لەو شوێنەدا کە ڕاوەستا بووین ماشینێکی شوتی فرۆش ڕاوەستا بوو بە مەکەبەرەیەکی دەستی کە بە دەستییەوە گرتبوی هەر تیایدا دەیقیراند شوتی شیرینم هەیە بە شەرتی چەقۆ! وەرە هەنگوینم هەیە بە شەرتی چەقۆ لەخوا بەزیاد بێ یەک کەسیش لەماڵەوەی سەری دەرنەدەهێنا بپرسێ شوتی کیلۆی بە چەندە! کامیار



Scanned with CamScanner

خەریکبوو بەسەرهاتێکی بۆمان دەگێڕایەوە و لەناویدا کابراکە هەر دەیقیژاند شوتی
شوتی! کامیار دێڕێکی دەوت و بێدەنگ دەبوو هەتاکوو کابراکە قیژەکەی دەکرد دیسان
ئەم دێڕێکی دەگوت.
کامیار ئا، ئاخری ئێمەیان لەبازاڕدا لەگەڵ ئەو منالانە گرت!
خاوەن ماشین شوتی! شوتی!
کامیار ئەم منالانە لەترسا خەریکبوون زیڕەیان دەکرد! ئەگەر بیانبردایە و یەکەم
ئیش کە بیانکردایە، تەلەفۆنێکیان بۆ باوک و دایکیان کرد و بۆگەنی بەرز دەبویەوە!
خاوەن ماشین شوتیم هەیە بابە! شیرین وەک هەنگوینم هەیە باوە!
کامیار کوڕەکە هاتە بەردەمی من و وتی: برا وەرە خوارەوە، بزانم هەر کە ئەمەی
وت یەکێ لەوانە کە لەگەڵ ئێمەدا بوو دەستی بە گریان کرد! کوڕەکە لەڕێوە تێگەیشت
ع باسە! پێکەنینێکی کرد و وتی وەرە خوارەوە کە پشتت قورسە.
خاوەن ماشین بە شەرتی چەقۆ! شوتی بە شەرتی چەقۆم هەیە!
کامیار کارتی ماشینەکەم هەڵگرت و دە دانە هەزاریم نووشتاندەوە و خستمە ژێری
و دابەزیم.
خاوەن ماشین شوتی بە شەرتم هێناوە! بە گەرەنتی شوتی دەدەم!
کامیار هەر کە دابەزیم و کارتی ماشین و هەزارییەکانم خستە. . . .
خاوەن ماشین شوتی شیرین! ڕاکە بابە گیان تەواو بوو ها! ڕاکە دوا چۆڕە! دێر
بگەی تەواوە!
کامیار ڕوویکردە شوتی فرۆشەکە و سەیرێکی کرد و وتی:
- ڕاست دەکا، دوا چۆڕە! هەموی دوو تەن شوتی لەبنەکەیدا ماوەتەوە!
هەموومان دەستمان بە پێکەنین کرد! ماشینە داماوەکە پڕ بوو لەشوتی! یەک
دانەیشی نەفرۆشتبوو!
کامیار پیاوی باش بۆ ئەوەندە دەقیژێنی! مێشکت بەردایەوە ئاخر!
کابراکە پێکەنینێکی کرد و وتی:
- چی بڵێم وەڵلا! ژن و منال بژێوییان دەوێ ئیتر!
کامیار تۆ خۆ دەنکێ شوتیشت نەفرۆشتووە!
شوتی فرۆش کە نەختێ هاتە پێشەوە وتی:
- سەرت سلامەت! بەم ماشین و پول و پارەیە کە ئێوە هەتانە، خۆ ئیتر خەمتان نییە!

ئاخری، خوای ئێمەش گەورەیە!

پێکەنین لەسەر لێوی هەموومان بزر بوو! کامیار سەیرێکی کرد و وتی:

- شوتی ئاوا نافرۆشن! بیدە پێم ئەو دەنگەوەرە بزانم!

ڕۆیشتە پێشەوە و دەنگەوەرەکەی لێ وەرگرت! هەر کە ویستم بڕۆم بۆ لای، خستییە ئیش و وتی:

- خانمەکان و پیاوان ئاگادار دەکەینەوە! ڕۆژێ کوڕ و کچێ لەشەقامێکدا خەریکبوون بە یەکەوە پیاسەیان دەکرد! کتوپڕ کوڕەکە بە کچەکە دەڵێ ئەزیزم! دەتەوێ شوێنێ کە دەرزیم لەخۆم داوە ببینی؟ کوڕەکە خێرا دەمی تا بناگوێی دەکرێتەوە و بە خۆشحاڵی دەڵێ ئا ئەزیزم، ئا! کچەکە سەروی دەرمانخانەیەک نیشان دەدا و دەڵێ لەوێ ئەزیزم! لەو دەرزی لێدانەن!

کتوپڕ دەنگی پێکەنین لەم بەراو بەری جادەکە و بەر دەرگای دۆندرمە فرۆشییەکە بەرز بویەوە! ئەم کچانە و نوسرەت کە دڵیان گرتبوو و دانیشتبوونە سەر عەرز! ویستم بڕۆم بڵندگۆکە لەدەستی بسێنم ئەو بە شوتی فرۆشییەکەی وت:

- بەری ئەمە بگرە ئەگینا ئەم شوێتیانە تا شەو لەسەر دەستت دەماسێ!

ئەویش نەوەستا هات ڕاوەستا لەبەر دەمی من! بالایەکی بوو کە باس ناکرێ!

کامیار بە هاوشارییەک دەڵێن ئەگەر یەک بار هەڵگر پارەت پێ بدەن چی لێدەکەی؟

ئەویش نەختێ بیری کردەوە و وتی: بیست تمەن وەردەگرم و بەتاڵی دەکەمەوە!

دیسان خەڵکەکە قا قا دەستیان بە پێکەنین کرد و کۆبونەوە لەدەوروبەری ئێمەدا یەکە یەکە پەنجەرەی ماڵەکانیش دەکرانەوە و سەری لێ دەهاتە دەر!

کامیار هاوشارییەکی ترمان سەر پاس دەکەوێ! نەختێ ڕادەبووری خەڵک دەبینن کە بۆنێکی خراپ لەدوای دواوەوە دێت! سەیر دەکەن دەبینن ئەم هاوشارییە خەریکە لەدواوەوە لەو شتانە دەکا و بۆگەنەکەی هەموو شوێنێ داگرتووە! شۆفێرەکە برێکەکە ڕادەکێشێ و دێتە دواوە و پێی دەڵێن پیاوی پیس و چەپەڵ ئەوە چییە لێرە دەیکەی؟ ئەویش هەر بەو زارەی خۆی دەڵێ دەی وەرە و چاکی بکە! مەگەر خۆت سەعاتی هاوارت نەدەکرد بۆ دواوە بۆ دواوە؟ دەی منیش بە گوێی تۆم کرد ئیتر!

ئیتر ئەو خەڵکە خەریکبوون لەپێکەنیندا دەکەوتن بە عەرزدا! خۆشم فرمێسک لەچاوەکانم دەهات.

مندایه لەگەڵ کامیارە ئەم نەزانێ کە کەس خەڵکەکە ناوەڕاستی خسنە خۆم خێرا بەڵام!
دەردی و ڕاهێنان و لێکۆڵینەوە ساڵ سێ لەدوای کە مشکێک لەیاباندا ڕۆژێ کامیار
گورەپانی هێنابویانە و بنووسێ شت کە کردبوو فێریان و کرد خوێنەواریان سەری،
مشکەکەیان کورتی بە! ببینن خۆیان چاوی بە سەرکەوتنە ئەم خەڵک هەموو شار،
بووبوونەوەو کۆ لەدەوری کەس هەزار دەبیست و گۆڕەپانەکە ناوەڕاستی خسنە
بۆ یابان بۆ ڕۆیشتبوو ئێمەش هاوڵاتییەکی ڕۆژەدا لەو ڕێکەوت بە دەکردن سەیریان
دەکێشێتە لەبەینیانەوە خۆی وردە وردە پێدەکەوێ، چاو کۆبونەوەیەی ئەم کاتێ بێش،
بۆ ڕائەکا دەبینێ گۆڕەپانەکەدا لەناوەڕاستی مشکەکە هەر باسە. چ بزانێ کە پێشەوە
کەلەکەی دەخاتە دەستەکانی و دەتلیقێنێتەوە مشکەکە پێی بە بیگرن دێن کە هەر و لای
هەرا؟ بە کردوتانە کە هەیە سامی ئەوەندە مشکێ دەڵێ خەڵکەکە بە شانازییەوە و
وتی: کرد چەپڵەلێدان بە دەستیان خەڵک بوو! تەواو ئا...!
پێشەوە وەرنە خێرا شوتییە! سەندنی کاتی نووکتانە، ئەم بیستنی دوای ئێستا! دەی ـ
نییە! هەواڵێ هیچ موکتە لەنووکتە کەن بێتام خۆتان ئەگەر ئەگینا بیکرِن و
شوتی دو یەک کامیان هەر و پێشەوە هاتنە پێکەنینەوە بە نەفەر هەشت حەوت
باش. شوێنێکی بۆ بردویانە و مردوە کە دەبینێ خەو یەکێ ڕۆژێ وتی: کامیار کە کڕی
گرتووە یەکێکیان پەری وەکو جوانی کچی چەند سەیردەکا پێشەوە دەڕواتە کە نەختێ
دەکا! هاوار هاوار هەر ئەویش و تێدەکەن کون شانەکانی مەتە، و دریل بە خەریکن و
ناوای کە بووە خراپ مرۆڤێکی ئەمە بزانم دەڵێ و دەبێ زوویر زۆر کابرایە ئەم
کە تێدەکەین کون شانەکانی خەریکین شێوەیەک! هیچ بە نە! دەڵێن کچەکان، لێدەکەن؟
گوڵ و درەختەکان لەناو نەختێ و ناڵێ هیچ کابرایە ئەم دابنێین! بۆ جوانی باڵی دوو
چەند دیسان دەکا سەیر و پێشترەوە دەڕواتە پەلەوەرەکاندا چریکەی و ئاو هاژەی و
تێدەکەن! کون یەکێ چاوانی ناو دریل، بە خەریکن و گرتووە یەکێکیان جوان کچێکی
نە! دەڵێن پەرییەکان تاوانبارە! هەر ئیتر ئەمە دەڵێ! و دەبێ زوویر زۆر ئیتر ئەمجارە
بکەینە جوان زۆر تاجێکی تا تێدەکەین کون ناوچاوانی خەریکین ئێمە شێوەیەک! هیچ بە
سەری!
بۆ دەڵێن پێی پەرییەکان هەڵاتن! و ڕاکردن بە دەکا دەست یارۆ دەڵێ ئەمە کە هەر
ئەولا! بۆ دەڕۆم دەڵێ کوێ؟

دەڵێن لەوێ دار بە. . . . . تا دەکەن ها! دەڵێ قەیناکا و هەر هیچ نەبێ کونەکەی حازرە و ئیتر پێویستی بە درێل نییە!

دەنگی پێکەنین هەموو شەقامەکەی پڕ کردبوو! دەرگای یەکە یەکەی ماڵەکان دەکرایەوە و ژن و پیاوی لێ دەهاتنە دەرەوە و لەدەوری ئێمەدا کۆ دەبونەوە!

کامیار ڕۆژێ لەئۆتریشدا کۆنسێرتی گۆرانی بێژێکی گەورە بوو! ژەنیارە گەورەکانی دونیا دەهاتنە سەر تەختەکە و دادەنیشتنە پشت پیانۆیەک و مۆسیقایان دەژەند و جا هەڵدەستان و لەبەر تەماشاوانەکاندا کە دوو سێ هەزار دەبون کڕنۆشیان دەبرد و دەڕۆیشتن، ئاخری سەرەی یەکێ لەژەنیارەکان دەبێت و دێت لەپشت پیانۆکەدا دادەنیشێت و پارچەیەک دەژەنێ و کاتێ تەواو دەبێ و دێتە بەر تەماشاوانەکان و کڕنۆش دەبا، لەنێوان ئەو خەڵکەی دا کە خەریکی هاندانین یەکێ دەست دەکا بە هاوار و هەروا کە چەپڵەو فیکە لێئەیا، هەر وتویەتی، یاشا سان ئەفەندی! بژی ئازربایجان! چۆخ یاخچی هاوشاری! ژەنیارەکە دوو کڕنۆش دەبا و لەسەر تەختەکە دێتە خوار و هێواش ئەو کابرایە بانگ دەکا. کاتێ کابراکە دێتە پێشەوە، پێی دەڵێ بزانم تۆ ئیتر لەکوێ زانیت کە من هاوشاریتم؟ کابراکە پێکەنینێک دەکا و دەڵێ تکا ئیلیرەم! هیچم نەکردوە خۆ! من ئاگام لەهەموو ژەنیارەکان بوو! ئەوان کاتێ دادەنیشتنە پشت پیانۆکە، کورسییەکەیان دەبرد بۆ لای پیانۆکە بەڵام تۆ هەر کە دانیشتی، پیانۆیەک بەو زەبەلاحیتە هێنا بۆ لای خۆت! خەڵکی هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد!

بە هاوشارییەک دەڵێن بە لوبیا دیزێک دروست بکە! دەڵێ کوچوولوبیا! دەڵێن دەی ئێستا شەمشیر دیزێک دروست بکە! دەڵێ بەساقەت بم شەم، شێرت هەیە؟

ئەم هەر نووکتەی دەوت و خەڵک پێدەکەنین و شوتییان دەکڕی! چارەکێکی پێنەچوو، نیوەی زیاتری ماشینی کابراکە بەتاڵ بویەوە! بە نوسرەتم وت: ڕاکە سەرکەوە و منداڵەکانیش سەرخە و ماشینەکە بخە ئیش! ئەمە وازی لێ بێنین هەتاکوو سێ ماشین شوتی بۆ ئەم کابرایە نەفرۆشێ نایەتە ئەم لاوە!

نوسرەت بە پێکەنینەوە سەرکەوت و وتی: حیکمەت و هاوڕێکانیشی سەرکەون و منیش هێواش لەبەین خەڵکدا ڕۆیشتم بۆ لای کامیار و هەرکە گەیشتم، هێواش پێم وت:

ـ ئێمە خەریکین دەڕۆین! نەیەیت بە جێ دەمێنی ها!

کامیار یەکێتر بڵێم و بڕۆین!

ـ خێراکە ئابڕوت بردین!

کامیار ڕۆژێ هاوشارییەکی ترمان دەستی ژن و منداڵەکەی دەگرێ و دەیانبا بۆ سەیرانی دەرەوەی شار، دەگەن بە شوێنێکی خۆش و سەیردەکەن، خەڵک لەپاڵ چەمەکەدا، ڕاخەریان ڕاخستووە و دانیشتون. هاوشارییەکەی ئێمەش بە ژن و منداڵەکەی دەڵێ ئێرە باشە. ئاخری شتەکانیان لەماشینەکەدا دادەگرن و هاوشارییەکەمان ڕێک دەڕوا بۆ ناوەڕاستی جادەکە و ڕاخەرەکە ڕادەخا! ژنەکەی دەڵێ پیاوەکە خۆ نابێ لێرا دانیشین! مەترسیدارە! دەڵێ تۆ حەقت نەبێ! من عەقڵم بەم شتانە دەشکێ! ئاخری ڕاخەرەکەی لەناوەڕاستی جادەکەدا دادەخاتە و سەماوەر و شوتی و پێخەف و پشتی و هەموویان دەخاتە ئەویا! بە ڕێکەوت هەر لەم کاتەدا بارهەڵگرێ لەدوورەوە بە توندی دێت! شۆفێرەکە هەر کە ئەمانە لەناوەڕاستی جادەکە سەیردەکا، دەست بە هۆڕین لێدان دەکات و ئیتر ناتوانێ ماشینەکە کۆنترۆڵ بکات و دەڕواتە قەراغی جادەکە و دە بیست کەس دەکا بە ژێرەوە و دەیانکوژێ و دەکەوێتە چەمەکە! هاوشارییەکەمان کە ئەمەی چاو لێدەبێ، زۆر لەسەر خۆ، ڕوو دەکاتە ژنەکەی و دەڵێ ئێستا زانیت چەنە ژیرم؟ ئێستا ئەگەر لەوێدا دانیشتینایە پلیشابوینەوە!

خەڵک دەستیان بە پێکەنین کرد! دەنگەوەرەکەم لەدەست گرت و بە زۆر ڕامکێشا بۆ لای ماشینەکە کە کوتوپڕ چەند کچێ قیژاندیان بۆ کوێ؟ ڕاوەستە شوتییەکانت بفرۆشە! ئێمە تازە ئێستا هاتووین لێت بکڕین!

کامیار شوتییەکان خۆ هی من نییە! نووکتەکان هی من بوو! شوتیتان دەوێ لەو کابرایە بیکڕن، نووکتەتان دەوێ وەرە ئێرە بۆ لای من!

هەموو قیژاندیان:

- نووکتەمان دەوێ! نووکتەمان دەوێ!

بە زۆر گەیاندمە لای ماشینەکە وتی:

- تو گیانی من یەکێ تر بڵێم و بڕۆم!

بە مەجبوری وازم لێ هێنا کە وتی:

- بێدەنگ بن دەنگم با بگا بە هەموتان! دەنگەوەرەکە ئیتر نییە! ڕۆژێک هاوشارییەکی ترمان دەڕوا بۆ خەستەخانە: دوکتۆری خەستەخانەکە لێی دەپرسێ! نەخۆشییەکەتان چییە ئاغا؟ هاوشارییەکەمان دەڵێ وەڵلا ئاغای دوختەر دوور لەڕوتان بەڵام ماوەیەکە غاز لەمەعیدەمدا کۆ دەبێتەوە بەڵام کاتێ دەیدەمە دەرەوە. نە دەنگی هەیە نە بۆن! دوکتۆرەکە دەڵێدەی هەر ئێستا یەک جار لەلای مندا غازی مەعیدەت خالی بکەرەوە،

بزانم هاوشارییەکەی ئێمە لێی ناوەستێ و لەڕێوە قسەکەی دوکتۆر جێ بە جێ دەکات و بایەک بەردەداتەوە، دوکتۆر دەست دەکا بە نسخە و دەڵێ قەترەیەکم نووسی بۆ لوتت کە گیراوییەکەی چارەسەر بێ و سەماعەیەکیش بۆ گوێت کە دیسان بتوانی ببیسی! کاتێکیش کە ڕۆیشتیتە دەرەوە، ئەو دەرگایە بکەرەوە وا خنکام لەبۆگەندا!

خەڵک دەستیان خستبووە سەر سکیان و هەر پێ دەکەنین! بە زۆر سەر ماشینەکەم خست و نوسرەت ویستی ڕێکەوێ، بەڵام بۆچی ئەو کچانە دەیانهێشت! لەبەر ماشینەکەدا کۆ بووبوونەوە و دەیانوت هەتاکوو نووکتەیەکی تر نەڵێت ناهێڵین بڕۆن!

ئاخری بەهەر گیان کەنشتێ بوو لەدەستیان ڕزگارمان بوو و ڕێکەوتین کە پێم وت:

- تۆ بە ڕاستی داناڕزێی کە ئاوا دەکەی؟

کامیار تازە نووکتەکان خەریکە دەکەوێتە بیرم! هاوشارییەکمان بوە بە شارەوانی شار. بە ڕێکەوت ڕۆژێ دەڕوا پاچی نەخۆشخانەیەک لێبدا و یانی کردنەوەی خەستەخانەیەک دەست پێ بکات، ئاخری نیوەڕۆ دێت و خانمەکەی سەیردەکا نەهاتۆتەوە! عەسر دێت و خانمەکەی سەیردەکا هەر نەهاتۆتەوە بۆ ماڵ! سەرەتای شەو دێت، خانمەکەی سەیردەکا هەر نەهاتۆتەوە بۆ ماڵ! ئاخری لەکۆتایی شەودا کابراکە دێتەوە بۆ ماڵ و خانمەکەی بە تووڕەییەوە دەڵێ تا ئێستا لەکام گۆڕستان بوی؟ کابراکە خۆڵی چاکەت و پانتۆڵەکەی دەتەکێنێ و دەڵێ وەڵڵا ڕۆیشتین پاچی کردنەوە لێبدەین کە دەستمان گرم بوو و دوو قات بردمانە سەرەوە

ئیتر هەناسەی ئەم نوسرەت و کچانە لەپێکەنیندا دەرنەدەهات! خۆشم پێدەکەنیم بەڵام لێی تووڕە بووم.

- تۆ بیرت نەدەکردەوە کە یەکێ ئێمەی لێرەدا چاو پێبکەوێ و بناسێ چی دەبێت؟

کامیار هیچ! دەڵێن کامێرای شاراوە بوە! ڕوویکردە حیکمەت و وتی:

- توخوا ئیشێکی خراپم کرد؟

حیکمەت کە خەریکبوو فرمێسکەکانی دەسڕیء وتی:

- نە! بە ڕاستی خۆشبوو! من، سەرەتا پەشۆکام! بە ڕاستی بەهرەمەند و زۆر زۆر ڕەزا سووک و هونەرمەندن! کامیار ڕوویکردە من و وتی:

- ئەها! ئێستا دەزانی! بە ڕاستی چ بەهرەیەکم لەبەر ئەم بیکە و مەیکەی تۆ لەخەسار چووە!

دیسان دەستی کرد بە ڕابواردن لەگەڵ کچەکاندا هەتاکوو گەیشتینە بەر دەرگای

مالی کچەکان و ئەوانمان دابەزاند و ڕۆیشتین حیکمەت بگەیەنین.
کاتێ گەیشتین، دابەزین و من و نوسرەت خواحافیزیمان لێکرد. کە سەرەی کامیار گەیشت بە حیکمەتی وت:
- توخوا بمبورن ها! بەس دەمویست خۆشتان لێ بەسەر چێ!
حیکمەت: بە ڕاستی خۆش بوو کاک کامیار! هیچ کات ئەمڕۆم لەبیر ناچێ! لەهەموو ژیانمدا ئەوەندەم خۆش ڕانەبوارد بوو! بە ڕاستی سوپاستان دەکەم!
کامیار منیش ئەمڕۆ لەبیر ناکەم!
زانیم کە خەریکە ناخۆش دەبێ! هێواش بە ئەنیشکم سیخورمەیەکم لەکامیار دا خواحافیزییەکی کرد و سەر ماشین کەوت و ئێمەش لەپشت سەریدا سەرکەوتین و دەستێکمان بۆ حیکمەت ڕاوەشاند و نوسرەت ڕێکەوت. چەند شەقامێکمان کە بڕی، لەسووچێکدا ڕاوەستا و وتی:
- دەی، ئێستا بۆ کوێ بڕۆین ؟
کامیار حەزدەکەی بڕۆین بۆ شوێنێ چایە شتێ بخۆین؟
نوسرەت بۆ حەز نەکەم؟ لەگەڵ ئێوەدا هەتاکوو پزیشکی یاسیش دێم! ئیتر هۆگرتان بووم!
کامیار کاک نوسرەت ئیتر شەرمەزارمان مەکە!
نوسرەت دوژمنت شەرمەزار بێ نەتوانێ سەری بەرز کاتەوە! سەربەرزتر لەئێوە ئیتر کێ دەتوانێ بێت؟
کامیار دەی بڕۆین بۆ ئەو کافتریایە کە بووین.
نوسرەت ئەگەر ئیشێکتان نیە، با بڕۆین بۆ شانۆ. . .
کامیار بۆ دانەخراوە؟
نوسرەت با بەڵام بەڕێوەبەرەکەی بڕیارە بێت حیسابێکمان بەیەکەوە هەیە. بڕیارە پارەمان پێبدات. ڕۆیشتین بۆ شانۆکە کە نوسرەت وتی:
- چەند خۆشحاڵ بووا!
کامیار کێ؟
نوسرەت حیکمەت، تا ئێستا ئەوەندە خۆشحاڵ نەمبینی بوو! دەستتان خۆش بێ! ڕوو سپیتان کردم!
- کاک نوسرەت بۆ ئەم دوابڕاوەت ناخەیتە لاوە؟

نوسرەت: سەختە کاک سامان، سەختە! بویری دەوێ!

- دەست لێ هەڵگرتنی بویری دەوێ؟

نوسرەت نە، گەڕانەوە بۆ ژیان! من دەوێرم دەستی لێ هەڵبگرم بەڵام ناوێرم بۆ ژیان بگەڕێمەوە! هەقم بەسەر ژیانەوە نییە! کاتێ ئەو دەخەمە لاوە، ئەو کاتەیە کە ژیان دەبینم! بینینی ژیانیش قورسە! یانی بەم شێوەیە کە هەیە قورسە!

- یانی کاتێ لەئیعتیادتا خنکاوی، ژیان نابینی؟

نوسرەت بڕوانە، ئیعتیاد سەد قۆناغی هەیە! بنیادەمی ڕاهاتو بە مادەی سڕکەر قۆناغ بە قۆناغ دەڕواتە پێشەوە! هەر قۆناغێکی نەوعێکە!

- یانی قۆناغی باشیشی هەیە؟

نوسرەت: نە! هەر قۆناغێکی پیستر لەقۆناغی پێشترە! بنیادەم هەموو کات هەست دەکات کە پیس و بۆگەنە! ئەمە هێشتا باشترین هەستییەتی!

بنیادەمی ڕاهاتو بە مادەی سڕکەر بێ غیرەت دەبێ، بێ شەرەف دەبێ، بێ ناموس دەبێ، خۆ فرۆش دەبێ، وەک زبڵی لێدێ! بە کورتی بۆتان بڵێم! بنیادەمی ڕاهاتو بە مادەی سڕکەر، هەر بنیادەم نییە! حەیوانیش نییە چون حەیوانەکانیش بۆ خۆیان غەریزە و ڕەوتێکیان هەیە! بنیادەمی ڕاهاتو بە مادەی سڕکەر هیچی نییە! لەدوای چەند جار خواردن، تەنیا بەرە و مردن دەڕوات! ئەویش چ مردنێ! پیسترین شێوەی مردن! سەرەتاکەیشی بەم حەشیشە دوابڕاوە دەست پێدەکا! لەبیرتان بێ! هەر گەنجێکت کە بینی خەریکە حەشیش دەخوا، ناوی بنوسن لەلیستی چاوەڕوانانی ڕاهاتو بە مادە سڕکەرەکاندا! هەموو کاتیش هەر وا بووە! هەر گەنجێ کە ڕاهاتوە بە مادەی سڕکەر، ئەگەر قسەی لەگەڵ بکەی سەیردەکەی کە یەک ڕێگە ڕۆیشتوە! تەنیا بەس کون و قوژبنەکانی بەیەکەوە جیاواز بووە! گەنجێ کاتێ دەیەوێ دەست بە خواردنی حەشیش بکات، هەموو کات بە خۆی دەڵێ هەر کات بمەوێ وازی لێدێنم! هەمووشیان وادەزانن مادەی سڕکەر دیلی ئەوانە! ئاگایان لێ نییە کاتێ بۆ جارێ بەرەو ئەو ڕۆیشتی ئیتر تۆ دیلی دەبێ! بڕوانە، ئیعتیاد خۆی تەنیا ناوێکە، بەڵام سەد هەزار چارە ڕەشی لەئامێزیدا نوستوە کە لەپێشدا دیار نییە! دواجار، وردە وردە خۆی نیشان دەدا! سەیری من کەن! ئیتر خەریکە خۆی لەمندا نیشان دەدا! لەکاتێکیشەوە خۆی نیشان دا ئیتر هەموو شت بۆ بنیادەم تەواو بووە! فیلیش بێ دەتفەوتێنێ! ڕۆستەمی داستانیش بێ دەبێ بە مێشێ! هەمووی هەر پاڕانەوە! هەمووی. . . ئابوری! هەمووی زمان لوسی! هەمووی



Scanned with CamScanner

تۆکەرتم! بچووکتم! ئاغای منی! سەروەری منی! هەمووی بە قوربان و بەساقە! باوک حیزە گەورەیی و ئابڕو و کەسایەتی و مرۆڤایەتی لەناوەوەی مرۆڤدا دەکوژێ! دوابڕاوە وەکو جگەرەیە! بەس یەک دوو جاری یەکەمە کە نەختێ سەری گێژ دەبێ و بنیادەم حەزی لێیەتی! جگەرەکانیتر هەر لەبیرت نایەت کە کەی کوژاندوتەتەوە!

ـ ئەم هیرۆئینە چۆنە؟ یانی چ حاڵێکی هەیە؟

نوسرەت: بروانە، ئێستا کە ناوت هێنا، دەبێ هەر بیخۆم! یانی وەها دیلی بووم! باوک حیزە تاقیکردنەوەی نییە! تاقیکردنەوەی و ڕاهاتن پێی یەکێکە! سەرەتا هیرۆین فرۆشەکە بە دواتا دێت! بۆ جارێ کە بۆنی کەوتە لوتت، ئیتر تۆ بە دوای ئەودای! هەرچەندەش پارە بخەیتە سەری، هێشتا کەمە!

ـ چۆن گەنجەکان موعتاد دەکەن؟

نوسرەت زۆر ئاسان! سەرەتا هاوڕێکەت پێی ڕاهاتوە! کەسێ کە پێی ڕادێ، سەد کەسی تری پێ ڕادێنێ! دوای ئەوە خۆیشیان پیاویان هەیە! کەشخە! قوز! تەڕ پۆش! بۆن پێوەدراو! ئەمانە ئیشیان ئەوەیە کە بکەونە ناو گەنجەکان و ڕایان بێنن!

ـ ئاخر بۆچی؟

نوسرەت: بۆ ئەوەی بیر نەکەنەوە! قسە نەکەن! تێنەگەن! نەزانن! نەبیسن! نەبینن! بنیادەمێکی ڕاهاتو هەر بۆی فەرق ناکا کە لەکوێ بێت و کێ لەسەر سەری بێت! هەر ئەوەی کە مادەکەی ئامادە بێ، بەسیەتی!

بنیادەمێکی ڕاهاتو هیچ هەواڵی لەدەوروبەری نییە! ئەگەر سەد کەس لەپاڵیدا بکوژرێ، ئەم ئاگای لێ نییە!

ـ دەی ئەگەر هەموو گەنجەکان گیرۆدە بن، کێ ئەم مەملەکەتە هەڵسووڕێنێ؟

نوسرەت ئەوانەی کە تا ئێستا هەڵیانسووڕاندوە! خۆ جارێ نەوتمان هەیە! خۆ جارێ کانمان هەیە! ئەمانە بەسە! ئیتر هێزی مرۆڤایەتیان بۆچی دەوێ! ئەویش ئەم هەمووە! بڕوانن! لەدەکیلۆ تریاک، نزیک کیلۆیەک هیرۆین بەرهەم دێ! ئەویش بە گەن و گویەکانیەوە بڵێ دوو کیلۆ! ئەو کاتە وەرن نرخی تریاک سەیر کەن و نرخی هیرۆینیش! دوابڕاوە هەر خۆڕاییە! دەستەیەک دەکڕی بە چەندە. ؟ سەدتمەن سەد و پەنجا تمەن! ئاخرییەکەی دوسەد تمەن! سەرەتایش بەسەیەک بۆ هەفتەیەک بەسە! جا کاری دەکەوێتە ڕۆژی دە پانزە بەسە! گەن و گوی تیایە، سەرخۆشی ناکا، دەڕوا بە دوای حەبدا!

کامیار تۆ ئێستا چی دەبڕێنیتەوە؟
نوسرەت دەوا!
کامیار دەمێکەیە؟
نوسرەت نە، شەش مانگ، ساڵێک دەبێ!
گەیی بوینە نزیک مەیدانی .... کە وتی:
- دەتانەوێ شتێکتان پێ نیشان بدەم؟
کامیار چی؟
پێچایە لای خوار و نەختێ ئەولاتر ماشینەکەی ڕاگرت و وتی:
- دابەزن وەرن!
دابەزین و ڕۆیشتین بۆ لای گۆرەپانەکە و وتی:
- ئەو کوڕەتان چاو لێیە؟ ئەو ڕۆژێ سێ چوار کەس توش دەکا!
هەتاکوو لێرە ڕاوەستاوم، بڕۆن لەلای تێپەڕن بزانن چی لەپاڵ گوێتانا دەڵێ!
ورده ورده لەگەڵ کامیاردا ڕێکەوتین بۆ لای کوڕەکە کە بالایەکی بەرزی بوو و زۆریش قۆز بوو! هەر کە بە لایدا تێپەڕین بە ئەسپایی وتی:
- شریت، کۆنکەن، ئاوجۆ، ویسکی! کامیار سەیرێکی کرد و وتی:
- بە دوای ئەم شتانەدا نین. کوڕەکە هەنگاوێ هاتە پێشەوە و وتی:
- بە دوای هەرچیدا کە بن لەلای منە!
لەپاڵ کوڕەکەدا دوو گەنجی تر لەقەراغ شۆستەکە بازاڕیان دانابوو و یەکیان پاکەتی گەورەی دانابووە پاڵی پاتری ئەفرۆشت و ئەویتریشیان کاتژمێر!
کامیار شتێ کە ئێمە بە دوایداین لەلای تۆ دەست ناکەوێ!
کوڕەکە کە وازی نەدەهێنا وتی: دەی بڵێ چیتان دەوێ؟
کامیار کتێب! کتێبی زانکۆ!
هەر کە کامیار ئەمەی وت، کوڕەکە کە خەریکبوو پاتری دەفرۆشت وتی:
- وەرە ئێرە کاکە! ئەوەی کە دەتەوێ لەلای منە!
کوڕەکە ئیتر هیچی نەوت و سەیرێکی ئەوی کە پاتری دەفرۆشت کرد و وتی:
- تۆ دەزانی کتێبی زانکۆ چییە؟ کوڕەکە لەلای شتەکانی هەستا و وتی:
- خۆم هەندێکم هەیە هی کاتی خوێندنی خۆم بوە و هەندێکیش هاوڕێکانم هەیانە!
هی چ بوارێکت دەوێ؟

من و کامیار ڕۆیشتینە پێشەوە و کامیار بە سەرسووڕماوییەوە وتی:

ـ تۆ خوێندنی زانکۆت هەیە ؟

کوڕەکە وتی:

ـ ئا، کارگێڕی! ئێوە چیتان دەوێ؟

کامیار یانی ئەگەر بایەلۆژیمان بوێ چی؟

کوڕەکە دەستی بۆ کامیار ڕاگرت کە یانی ڕاوەستێ و هاوڕێکەی لەوبەر شۆستەکە بانگ کرد و وتی:

ـ سینا! سینا! دەقەیە وەرە.

سینا کە خەریکبوو لەگەڵ مشتەرییەکدا قسەی دەکرد و گۆرەوی ژنانەی دەفرۆشت وتی: چیت دەوێ؟ مشتەریم هەیە!

کوڕەکە بە قیرە وتی:

ـ کتێبەکانت دەفرۆشی! ئەمانە بە دوای کتێبدان!

سینا نەختێ بیری کردەوە و وتی:

ـ نە بابە! با بێن! هەر هیچ نەبێ بۆ یادگاری باشن!

ئەمەی وت و دیسان دەستیکرد بە قسەکردن لەگەڵ مشتەرییەکەیداکە ئەو کوڕە وتی:

ـ کتێبی ترتان ناوێ؟

کامیار سەری داخست و گەڕایەوە بۆ لای نوسرەت کە پەنجا مەتر لەولاتر ڕاوەستا بوو و پێدەکەنی! منیش ڕۆیشتم بە دوایدا و هەر کە گەیشتم وتم:

ـ کەسانی وەکو ئەم هەتیوە ناگرن؟ نوسرەت پێکەنی و وتی:

ـ وەرن بڕۆین بابە!

کامیار: ئەوانی تر ساغن! خەریکن کەسابەتی خۆیان دەکەن! بەسەزمانانە هەمووشیان دەرچووی زانکۆن!

نوسرەت وەرن شتێکی ترتان پێ نیشان بدەم! بڕۆین بۆ ئەوبەری گۆڕەپانەکە.

هەرسێکمان ڕۆیشتین بۆ لای گۆڕەپانەکە کە نوسرەت وتی:

ـ یەک دوو هەنگاوێ لێرە پیاسە بکەن!

کامیار وازبێنە توخوا نوسرەت گیان!

نوسرەت تۆ بڕۆن، مەبەستێکم هەیە!



Scanned with CamScanner

من و کامیار ڕێکەوتین و تا دە مەتری ڕۆیشتین، کچێکی تەمەن بیست ساڵان بە ئەسپایی پێی وتین:

ـ دە تمەن! کامیار بە خێسیکەوە سەیری کرد کە کچەکە سەیرێکی کرد و سەری داخست و ڕۆیشتە ئەولاترا! دیسان ڕۆیشتین، نەختێ ئەولاتر کچێکی تر بە ئەسپایی پێی وت: هەشت تمەن!

کامیار خێرا دەستی منی گرت و وتی:

ـ بگەڕێینەوە!

ـ بۆ؟

کامیار دەترسم دوو هەنگاوی تر، بڕۆین بگەینە تمەنێ! هەروا خەریکن نرخەکە دادەبەزێنن! منیش، ئێستا سەدهەزار و وردەیەک لەگیرفانمدایە! ئەو کاتە دەبێ حەرەمسەرایەک پێک بێنم!

گەڕاینەوە بۆ لای نوسرەت کە وتی:

ـ تێگەیشتن؟ ئێستا بڕۆین شوێنێکی ترتان پێ نیشان بدەم!

کامیار نە، بەساقە! ئێمە دانی پیا دەنێین کە بە ڕاستی شارێکی جوان و خۆشتان کردۆتەوە! ئیتر باشترە بڕۆین فریای ئیشی خۆمان بکەوین!

ڕۆیشتین بەرەو ماشینەکە و سەر کەوتین و ڕێکەوتین بەرەو خوارەوە کە نوسرەت وتی:

ـ ئا، براکانی من! ڕاستییەکان ئەمەیە کە بینیتان!

ـ دەبێ چی بکرێ؟ بۆ دەبێ بەر بەم شتانە بگیرێ؟

نوسرەت : بە عەقڵێکی ساغ! بڕوانن، کاتێ کۆنکور دەبێ، چەند سەد هەزار کەس بەشداری ئەکەن؟ هەموشیان بەو هیوایە دەڕۆنە زانکۆ کە تیا دەرچن و بتوانن ئیشی بدۆزنەوە و ژیانی خۆیانی پێ بەسەر بەرن! دەی دەبێ پلانێکی باشی بۆ دابڕێژرێ! کەسانێکیش ئەم پلانە دادەڕێژن دەبێ دوور بین بن نەک تەنیا نوکی لوتی خۆیان ببینن!

ماوەیەک لەمەوبەر ئەم خاوەنی شانۆیە ئاگادارییەکی بۆ دامەزراندنی فەڕاشی بڵاو کردەوە! بڕوادەکەن! لەسێسەد چوارسەد کەسدا کە هاتبون چەند دانەیان لیسانسیان هەبوو و چەند دانەیان فوق لیسانس؟ لەوانەیە زیاتر لەنیوەیان! ئەمە ئیتر خۆم شایەد بووم کە کابراکە فوق لیسانسی بوو و هاتبوو و دەپاڕایەوە کە دایمەرزێنێ! موچەی داواکراویشی نووسی بووی شەست هەزار تمەن! ئەمە یانی چی؟ یانی کەوتنە خوارەوە! یانی لەناوچون!

ئەم هەمووە گەنجەکان هان دەدەن وەرە بخوێنن ئاخرییەکەی دەبێتە ئەمە!
- هەمووشیان وەها نین! من زۆر کەس دەناسم کە دوای چەند ساڵ ڕۆیشتونەتە سەر ئیشێکی باش!
نوسرەت: ئا بەڵام ئەگەر بتوانن لەو چەند ساڵەدا خۆیان ڕاگرن و توشی خراپە نەبن یان خۆیان نەکوژن! ئێوە ڕێژەی خۆ کوشتنتان بە دەستەوە هەیە؟ بابە ئەم هەموە دەکرێتە خەرجی گەنجێ هەتاکوو خوێندنی تەواو بێ ئەو کاتە لەمەجبوری دا هەڵدەستێ و دەڕوا بۆ ئەمریکا و ئەوروپا و ئەوان لەخوێنەواری و زانیارییەکەی کەڵک وەردەگرن!
گەیشتینە نزیک شانۆکە و ماشینەکەمان لەشوێنێکدا ڕاگرت و ڕۆیشتینە ژوورەوە. بەڕێوەبەری شانۆکە هێشتا نەهاتبوو، ڕۆیشتینە ژووری پشت تەختی شانۆکە و نوسرەت بە فەڕاشەکەی وت: چامان بۆ بێنێ.
نەختێ ڕابورد کوڕێکی گەنج بە سینییەک چاوە هاتە ژوورەوە. نوسرەت هەستا. سینییە چاکەی لێگرت و سوپاسی کرد و کە کوڕەکە ڕۆیشت، نوسرەت پێی وتین:
- ئەمە فوق دیپلۆمی هەیە! بە فوق دیپلۆمەوە بووە بە فەراش.
پێکەنی و وتی:
- ئاستی خوێنەواری لەم وڵاتـەدا زۆر لەسەرەوەیە! فەڕاشەکەیشی دەرچووی زانکۆیە! ئەگەر ئەوانەی کە لەم شانۆیەدا ئیش دەکەن هەوڵێ بدەن، دەتوانین ئێرە وەکو ئامادەییەکەی بێ هاوتای لێبکەین! فەڕاش، فەوقە دیپلۆم! کاکە ڕەشەکەی کە خۆم بم، لیسانس! ئەو کوڕە کە دەوری گەنجەکە دەبینێ لیسانس! ئەوی کە کیبۆرد دەژەنێ، لیسانس!
کامیار دەی تەختە ڕەشێک و گەچ و تەختە سڕێک بهێنن، لەپشوی شانۆکەدا، نەختێ لەگەڵ ئەم منالانەدا کە دێن بۆ دیتنی شانۆکە خەریکی بیرکاری میرکاری بن! هەم خێری هەیە، هەم دەتوانن بلیتەکە نەختێ گرانتر حساب بکەن!
نوسرەت ئاخر ئەمانە بۆ چیە؟ ئەم هەموە باوکی ئەم منالانە لەسەرتایی و ناوەندی و دواناوەندی و پێش زانکۆ دەردێنن ، ئاخریەکەی وەکو منیان لێ بێ؟
- هەموی خۆ ئاوایان لێنایە!
نوسرەت ئەرێ، ڕاست دەکەی! یەکیان خودی خۆت! دەزانن بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کە بنەماڵەکەتان دەوڵەمەندن! بەڵام وادەزانن ئەگەر پارەتان نەبوایەت ئێستا چیتان دەکرد؟



Scanned with CamScanner

هەر بهێڵن من نەختێ لەخۆم بۆتان باس بکەم هەتاکوو لەهەموو شتێ تێبگەن! سفرەی ژیانم لەبەردەمی ئێوەدا دەکەمەوە! خۆتان بڵێن من لەکوێیدا هەڵەم کردوە! باشە؟

هاتە کن ئێمە و کورسییەکی ڕاکێشایە پێشەوە و لەسەریدا جل و بەرگی شانۆکەی هەڵگرت و دانیشت و وتی: چاکەتان سارد بویەوە!

خۆی چایەکی هەڵگرت و بە یەکجار خورادی و داینایەوە و جگەرەیەکی دەرهێنا و دایگیرساند و پاکەتەکەی خستە بەردەمی ئێمە و وتی

ـ من، پێنج شەش ساڵان بوم کە شۆڕش کرا. من پێنج شەش ساڵ و حیشمەت سێ چوارساڵ تەمەنی بوو. باوکم لەکارخانەیەکدا ئیشی دەکرد. بارودۆخمان خراپ نەبوو. یانی تا ئەوێی کە لەبیرمە، هەموو کات نانی ئێوارە و نیوەڕۆیەکمان هەبوو کە بیخۆین! ژوورێکی کرێیش بۆ کات بەسەر بردن!

خاوەنی کارخانەکە کە تا پێش شۆڕش لێرەدا بوو، پیاوێکی خراپ نەبوو. ئاگای لەکرێکارەکانی بوو!

وەکو لەبیرمە کە گوایە جارێ لەکارخانەدا، باوکم دەبوا ئیشێکی بکردایە و بەلام نەیکردوە و خاوەنی کارخانەکە زللەیەکی لێدەدا! جا کە باوکم هاتەوە بۆ ماڵ، ئاگری لێدەبوەوە! وادیار بوو کە لەکارخانەکەیش دەرکرابوو. ئێمەش کاتێ بە حاڵ و ڕۆژی باوکمان زانی، لەسووچێکی ژوورەکەدا کز دانیشتین!

لەبیرمە کە هەر باوکم شتێکی دەوت و دایکم شەڕی لەگەڵ دەکرد! هەر پێی دەوت تۆ تەمەڵی و ئیشەکەت باش جێبەجی ناکەی بۆیە دەرت دەکەن! باوکی داماوم هەر فرمێسک لەچاوانی کۆ دەبویەوە و هەر بەری بە خۆیی دەگرت! من و حیشمەتیش لەسووچێکدا دادەنیشتین و خەفەتمان دەخوارد!

نزیک سەعاتی ٩/٥و١٠ی شەو بوو کە لەحەوشەی خانوویەکدا، بووین قرم و قاڵێ بەرز بویەوە و داوسێکان دەستیان بە بانگکردنی باوکم کرد! باوکم دەرگای ژوورەکەی کردەوە و ڕۆیشتە دەرەوە، کتوپڕ سەیرمان کرد گەڕایەوە ژوورەوە و بە دایکمی وت ژنەکە! خێرا کە ژوورەکە کۆکەرەوە! ئاغا هاتووە! دەی خێراکە! کتوپڕ دەرگاکە کرایەوە و پیاوێک بە چاکەت و پانتۆڵێک کە بۆینباخێکی جوانی لەبەردا بوو لەگەڵ شۆفیرەکەی هاتە ژوورەوە! ئێمە لەجێگەمان هەستاینەوە و باوکمان قیراندی بە سەرماندا و وتی ڕاکەن دەستی ئاغا ماچکەن! هەر کە ئێمە ڕۆیشتین بۆ لای کابرا، داماوە دانەوی و ڕوومەتی ئێمەی ماچکرد و دانیشتە سووچێ. دایکم خێرا چای ساز کرد کە کابراکە

وتی تکایە خانم عەزیت مەکێشەو جا بە باوکمی وت کاک حەسەن ئازادم کە! ئەمڕۆ ڕۆژێکی باشم نەبوو، شتێکم کرد! ئێوە ئازادم کەن! ئەمەی کە وت باوکم نەوەستا و وتی ئاغا ئێمە داماوین! خوا ئێمەی کردوەتە ژێر دەستی ئێوەوە! ئەمە من، ئەمەش ژن و منالەکانم! ئێوە خۆتان ئازادن کە سەریان خەنە قەراخی باخچەکە و سەریان ببڕن! هەر ئەم منالانە ببە و بیانکە بە قوربانی ژن و مندالەکەت!

کە باوکم ئەمانەی وت، خێرا چاوم پێکەوت کە دوو دڵۆپ فرمێسک لەچاوانی کابراکە هاتە خوار! بە شێوەیەک گریان گەرووی گرتبوو نەیدەتوانی یەک وشەیەش قسە بکات! تەنیا دەستیکرد بە گیرفانیدا و هەندێ پارەی دەرهێنا و لەتەنیشتیدا داینا و هەستا و ڕۆیشتە دەرەوە! شوفێرەکەیشی بە دوایدا ڕۆیشت کە نەختێ دوای ئەوە گەڕایەوە و وتی کاک حەسەن سبەی لەبیرت نەچێ بێیتەوە بۆ ئیش! ئاغا چاوەڕوانتە!

باوکم هەر فریا نەکەوت کە خاوەنی کارخانەکە ڕەوانە بکا! هەر کە ڕۆیشتە دەرەوە، کابرا لەگەڵ شوفێرەکەیدا ڕۆیشتبوو!

کاتێ باوکم گەڕایەوە و پارەکانی ژمارد، بە قەد دو مانگ معاشی بوو! سەرەڕای ئەوەش بۆ سبەی کە ڕۆیشت بۆ کارخانەکە، کابرا پارەی پێدا بوو و کە پێنج مەڕ بکڕێ و سەری برێ و بیدا بە خێزانەکانی ئەو خانووە! باوکیشم مەڕەکانی کڕیبوو و لەگەڵ خۆی هێنابوونی! هەموو دراوسێکان هەتاکو هەفتەیەک شەو و ڕۆژ گۆشتیان دەخوارد!

یانی دەڵێم هەتاکوو ئەو کاتە بارمان خراپ نەبوو! هەر لێرەوە بۆتانی باس دەکەم! لەکاتێکەوە کە شۆڕش کرا.

نزیکەی شۆڕش خاوەنی کارخانەکە هەستا و ڕۆیشت و جا کە شۆڕش کرا و کارخانەکە کەوتە دەستی کرێکارەکان و دەستیان بە سەردا گرت و ماوەیەکیش ئیشیکرد و زەرەری کرد و داخرا! کرێکارەکان بڵاو بوونەوە، یەکێکیانیش باوکی خۆم! تا ئەو کاتە هەر هیچ نەبێ باوکم ئیشێکی هەمیشەیی هەبوو، بەڵام دوای ئەوە ساڵێ ئیشی کرد، شەش مانگ لەوێ ئیشی کرد، دوومانگ بێ ئیش بوو! بە کورتی بارودۆخێکی باشمان نەبوو ئیتر!

لەبیرمە پۆلی دووهەم بووم، یانی دووهەمم تەواو کردبوو و هاوینەکەی بوو کە باوکم بە ناچاری منی خستە سەر ئیش. بوم بە شاگردی فیتەر. ئەو کاتە تەمەنم نۆ ساڵان بوو. دەی منالێکی نۆساڵان، ئەویش کوڕ، لەو تەمەنەدا حەقی خۆیەتی نەختێ هارو هاجی بکات ئیتر! ئەویش لەسێ مانگی پشوودا! گیانم بۆتان بڵێ هەم ئیشم دەکرد

و هەم ماروهاجی! هارو هاجیشم وادەزانن چی بوو؟ هیچ! جاری وابوو وەستاکەم کابریتەرەکەی دەدامێ بە نەوت بیشۆم منیش دەمبرد بۆ بەر دووکانەکە و هەروا کە وردەوردە دەمشۆرد، سەیری یاری منداڵەکانم دەکرد، هەر ئەمە! شۆردنی کابریتەرەکەی نەختێکی پێدەچوو! یان وەستاکەم منی دەنارد بۆ قاوەخانەکە کە دیزی بکڕم بۆ نانی نیوەڕۆ. لەسەرە ڕێدا نەختێ لەبەر دووکانەکاندا دەوەستام و سەیری دووکانەکانم دەکرد.

هارو هاجیەکەم هەر لەم ڕادەیەدا بوو. منالیم هەر لەم ڕادەیەدا بوو! ئەوکاتە دەزانن وەستاکەم چی لێکردم کە ئیتر لەم شتانە نەکەم؟ دەزانن چۆنی تەمێ کردم؟

ڕۆژێ بە دوو کەس لەشاگردە فیتەرەکانی وت دەست و پێم بگرن. هەرکە ویستم بجوڵێمەوە یەکیان منی ڕاکشاندە سەر عەرزەکە و لەسەرم دانیشت! ئەوی تریش دەرنەفیزێکی کردە دەممەوە و دەمی کردمەوە و وەستاکەم سۆندەی باکەی، هەر ئەوە کە تایەی ماشینی پێ باتێدەکەن هێنا بۆلام! فینتیلێکی کردە سەر سۆندەکەی و کردیە دەمی من!

بە گیانی هەرسێکمان، بەگیانی تاقە خوشکەکەم کە هیچکات لەبیرم ناچێ! وام لێهات کە مەرگ هاتەپێش چاوم! سیەکانم دەیویست تلیشێ! وەکو میزەڵدان خەریبون بایان تێدەکردم! خۆم هەستم دەکرد کە سکم بەقەد شوتیەک بای تێکرا! تەنیا ئەوکاتە شتێ کە ڕزگای کردم و خوا بۆی ویستم ئەوە بوو کە سۆندەی با کە، گرێی تێکەوت و نووشتایەوە و با کەی بڕا! زەختی وەها بە سەر گوێکانمدا هات کە خەریکبوو پەرەی گوێم بدڕێ! چیتان بۆ باسبکەم کە بزانن ئەوکاتە چیم بە سەر هات؟ خەریک بوون وەکو میزەڵان بایان تێدەکردم! ئیتر بەر چاوەکانم ڕەش بوو و کاتێ ئاگام بە خۆمدا هاتەوە کە یەکێ گۆزەڵەیەک ئاوی ڕشت بە دەموچاومدا! کاتێ هاستام هێزی گریانیشم تیا نەبوو! تەنیا وەستاکەم کە خۆیشی بڵێت و نەڵێت، نەختێ ترسا بوو، هاتە پێشەوە و وتی ئەمە بۆ تەمەڵێت! هەتاکوو تۆ بیت کە خێرا ئیش بکەیت!

دەی، ئێستا ئەم بیرەوەرییە لەگەڵ یەکێ لەبیرەوەرییەکانی خۆتاندا هەڵسەنگێنن! چەندە بەیەکەوە جیاوازیان هەیە؟ بیرەوەرییەکانی ئێوەیش من دەزانم چییە ئیتر! تاڵەکەیان ئەمەیە کە یان تۆپتان کوتاوە بە شوشەی ماڵەوەدا و ئاخریەکەی باوکتان قیرەیەکی بە سەرتاندا کردوە! وایە یان نە؟

من و کامیار هیچمان نەوت کە وتی:



Scanned with CamScanner

ـ یان یەکێ ترتان بۆ باسدەکەم. وەستاکەمان نیوەڕوان دیزەک شتێکی بۆ دەکڕین و خۆی دادەنیشتە پاڵمان و دوو پاروی دەکردە دەمی کە بەر دڵی بگرێ و هەر هیچ نەبێ سوودێکی لەنانێ کە بۆی کڕیبوین، بردبێ! جا خۆی نیوەڕوان دەڕۆیشت بۆ ماڵەوە و سەعاتێ دوای ئەوە دەهاتەوە. وەستا کە دەڕۆیشت، ئەگەر بایە، پەنچەرییە شتێ دەهاتە دووکانەکە، ئەو دوو شاگردە بە وەستاکەیان نەدەوت و پارەکەیان هەڵدەلووشی! ڕۆژێ کە یەکیان ئازاری دام، پێم وت کە باسەکە بۆ وەستا دەگێڕمەوە! ئەو دوو ناپیاوەش لێی نەوەستان و دەستەکانی منیان بەستەوە و زرنیەکەوە کە پێی مەکەینەی ماشینی پێ بەرز دەکەنەوە و منیان هەڵواسی! نیو سەعاتێ، سێ چارەکێکی تەواو، من هەڵواسرابووم! ئەم دەستانەم خەریک بو لەشانم جیا دەبویەوە! ئەمانە بیرەوەرییەکانی بەرچاوی ئەو هاوینە بون. زللەو مستەکۆل و پلایس فڕێدان بۆم ئیتر لەسەر شتە ئاساییەکانی ڕۆژانەی وەستا و شاگردەکانی بوو.

ئەو هاوینە تەواو بوو و سەرەتای مانگی میهر گەیشت و ئێمە ڕۆیشتین بۆ قوتابخانە. باوکم لەدووی ئیشێکی نیوە کاتیدا گەڕابوم. ئەوەندە ترسابووم کە لەباوکم پاڕامەوە کە تەنیا حەوتویەک دەرفەتم بداتێ کە خۆم ئیشێ بۆ خۆم بدۆزمەوە. ئەویش هیچی نەوت و من دەستم بە ئیشکردن کرد! کولارەم ساز دەکرد و دەمفرۆشت! تەقەمەنی و شتی منالانم سازدەکرد و دەمفرۆشت! لەقوتابخانە، ئەو گەچانەی دەبوو بە خۆڵ و دەڕژایە بن تەختە ڕەشەکە کۆم دەکردەوە و دەمهێنایەوە بۆ ماڵەوە و تەڕم دەکردەوە و دیسان گەچم لێ سازدەکرد و دەمبرد و بە هـەرزان دەمفرۆشت بە فەڕاشی قوتابخانەکە و ئەویش بە گرانتر لەسەر قوتابخانە حسابی دەکـرد! ئیتر بۆتان باس بکەم چیم نەدەفرۆشت! هەرچەندەش پارەم دەست دەکەوت دەمبردو دەمدا بە باوکم! باوکیشم لێی وەردەگرتم، لەگەڵ ئەوەدا کە دوو ئەوەندەی کاتێ بوو لەفیتەریەکەدا ئیشم دەکرد، بە شێوەیەک سەیری دەکردم و بە بۆڵە بۆڵ ڕازی دەبوو! هەمووکاتیش چاوەڕوان بوو کە سەیر بکا بزانێ چ کاتێ نمرەکەم دادەبەزێ کە ئیتر نەهێڵێ بڕۆم بۆ قوتابخانە! منیش کە ئەوەم دەزانی، وەها هەوڵم دەدا بیانووی بە دەستەوە نەدەم! هەموو نمرەکانم نۆزدە، نۆزدە و نیو، بیست بوو! هەموکات قوتابی یەکەمی پۆلەکەم بووم.

پێدەچێ هەر لەو کاتەدا بووبێ کە نەختێ بەرەو ئیشی خراپە ڕاکێشرام! نەک لەو جۆرە خراپانە! هەندێجار کاتێ کە دەمویست دارلاسیک ساز بکەم، دەڕۆشتمە سەربان و دەرپێکورتێکم لەسەر تەنافەکە هەڵدەگرت و بە دزییەوە دەهاتمە خوارەوە!

لاسیکەکەیم بە مقەست دەبڕی و قوماشەکەیم دەبردە دەرەوە، فڕێمدەدا! دەزانن خۆ! لەم لاسیکە پانەکان، لاسیکی ناسکی تیایە!

یان هەندێجار لەبەر ئەوەی کە قوتابیەکی زیرەک بووم، زۆربەی کات منیان دەکرد بە چاودێری پۆلەکە. منیش ناوی ئەو منالانەی دەوڵەمەند بوون و دەمناسین دەنووسی و قرانێ دوقران، پێنج قرانم لێدەسەندن هەتاکوو بیسڕمەوە! هەمویشی بۆ چی بوو؟ بۆ ئەوەی باوکم نەیەت و نەمبا و بمکا بە شاگرد بۆ هەڵەیەکی بچووک، یان بام تێبکەن و یان هەڵمواسن!

هەر جارێکیش ئەو شتانەم دەکرد، شەوەکەی، کاتی خەو، سەرم دەکردە سەر عەرز و هەر دەموت خواگیان گوم خوارد گوم خوارد! ئیتر ئیشی وا ناکەم! بەڵام دیسان بۆ سبەینێ، هەرچیم بۆ ڕێدەکەوت دەم کرد! هۆکەیشی زۆر سادە بوو! ترس! نەبوونی! فەقیری!

کامیار عیزەتتان کە فرۆشت؟ ناوی عێزەت بوو؟

نوسرەت ئا، هەر ئەو سەرەتای شۆڕشی ئێران! کاتی باوکم فرۆشتی، تەمەنی دووساڵان بوو.

- بۆچی؟ بۆ نەت وت کە باری ئابوریتان باش ببوو؟

نوسرەت دەی کەوتبوینە ناو سەردەمی شۆڕش و هەمووی هەر مانگرتن بو و ئەم شتانە! باوکم کە پارەی لەبانکدا نەبوو! ملک وماڵمان نەبوو! هەرچەندە معاشی وەردەگرت، دەمانخوارد! لەماوەیەک پێش شۆڕشدا، کابراکە هەستا و ڕایکرد. کارخانەکەیش یا دادەخرا و یان مانگرتن بوو یان ئەگەریش دەڕۆیشتن بۆ ئیش، سەعاتێ دەوای ئەوە دەڕۆیشتن بۆ ڕێپیوان! ئیتر کارخانە نەبوو! شۆڕشیش کرا ئیتر تا ماوەیەک کارخانەکە چارەنووسی نادیار بوو و باوکیشم بێ ئیش!

کامیار لەبەر ئەوە عێزەتتان فرۆشت و خواردتان؟

هەرسێکمان دەستمان بە پێکەنین کرد کە کامیار وتی: ژیانی ئێوەش ڕێک وەکو ژیانی پشیلەکانە بە خوا! بیستوتانە کە کاتی پشیلە چەند بێچوو دەبێ، یەکیان دەخوات! ئێوەیش واتان کردوە!

نوسرەت پێکەنی و وتی: ڕاست دەکەی بە خوا! دەڵێن مەیمونێکیان لەگەڵ بێچوەکەیدا کردۆتە قەفەسێ و ژێر قەفەسەکە گەرم دەکەن! مەیمونەکە سەرەتا بێچوەکەی کردۆتە باوشی! جا کە بنی قەفسەکە زۆر سوور دەبێتەوە، بێچوەکەی دەخاتە ژێری و لەسەری

وادەنیشێ! دایک و باوکیشم وایان کرد!

ـ وادەزانم باوکت خەڵەتاندوتی!

نوسرەت لەچ بوارێکدا؟

ـ ئەوەی کە لەقوتابخانە دەرتکا. یەکەمی پۆل خۆ لەقوتابخانە دەرناکەن!

نوسرەت یەکێ منالەکەی بفرۆشێ و بیکاتە خەرجی ژیانی، قسەکانی درۆ نییە! مرۆڤ کە مەجبور بوو، هەموو شتێ دەکات!

کامیار دەی، ئەتوت!

نوسرەت ئا، گیانم بۆتان بڵێ، ئێمە ئیشمان کرد و خوێندنیشمان دەخوێند. کتوپڕ دایکم زکی پڕ بوو و ئەم حیکمەتەی لێ بوو. ئیتر خەمی دنیا ڕژایە دڵمان! ماڵمان بوو بە پرسەخانە!

کامیار بۆچی؟

نوسرەت دەی لەبەر ئەوەی کە نانخۆرێکمان پێ زیاد دەبوو!

کامیار بۆچی حیکمەت بە شێوەی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکردا و لەدایک بوو؟ یانی سوپرایزی بۆ کردن؟

من و نوسرەت پێکەنین و نوسرەت وتی: نە! بەڵام تا کاتێ لەزکی دایکمدا بوو باوکم دەیوت بژێوییەکەی خوا دەیگەیەنێ! بۆچی سکی چەنێکە؟ جل و بەرگێکی وایشی خۆ ناوێ! پەڕۆ کۆنەیەکی تێپێچە!

بەڵام کاتێ کە لەدایک بوو، خەرجی خەستەخانە و دوکتور و ئەوتی زۆپا و شیر و ئەم شتانە بە خەرجیمان زیاد بوو! دەی خۆ نەدەکرا منالێک لەسەرمادا بخەوێنێ! ئاخر کاتێ کە هەر خۆمان بووین، کاتێ خەو زۆپاکەمان دەکوژاندەوە، بەڵام کاتێ منالێکی شیرەخۆرە لەژوورەکەدایە خۆ ناکرێ زۆپاکە بکوژێنیتەوە! یان کاتێ دایکم لەبەر ئەوە شیری دەدا دەبوا هەر هیچ نەبێ ڕۆژێ پەرداخێ شیری بخواردایە ئیتر! ئاخری کاتێ یەکێ بە کەسەکانی تر زیاد دەبێ، خەرجیش دەڕواتە سەرەوە! بە کورتی ئەمە بوو باوکم دۆڕداما! دەمزانی دیسان لەبیری ئەوەدایە کە ئەگەر مشتەرییەکی تر هەبێ، بیفرۆشێ! بەڵام من بەڵێنم بە خۆمدا کە ئیتر نەهێڵم ئیشی وا بکات!

جگەرەیەکی داگیرساند و وتی: ئێستاش کە ئێستایە چاوم بە دوای عیزەتتدا دەگەڕێ کە ئێستا لەکوێیە و چیدەکات! تاوێ بێدەنگ بوو وتی:

ـ دەی ئێمە گەورە بووین! بەڵام بە چ داماوییەک! هەموو ڕۆژێ باوکم دەهاتەوە،



Scanned with CamScanner

سەدجار ئەو پاروە نان و پەنیرەی دەکوتایەوە بە ناوچاوانماندا! هەر وشەیەک ک
دەیوت، هەڕەشەیەک بو لەسەر خوێندنی ئێمە! بەتایبەت من کە منالی گەورەی مال
بووم! منیش بەخوا، وەکو کەر ئیشم دەکرد و وەکو ولاخ خوێندنەکەم دەخوێند!
وامدەزانی هەرچەندە زیاتر بخوێنم باشترە! وامدەزانی کە ئەو نمرە بیستانەی دەیگرم
لەبەر چاوی باوکمدایە!

ئیتر ڕۆیشتبومە قۆناغی ناوەندی و نەدەکرا گەنمەشامی ببەم و بیفرۆشم بە
منالەکان، کەسیش ئیتر دارلاسیک و ئەمشتانەی نەدەکڕی. مەجبور بوم کە بیرێکی
تر بۆ پارە دەرهێنان بکەمەوە! دەستم بە دەرس وتنەوە بە منالەکان کرد. لەگەڵیاندا
خەریکی بیرکاری دەبوم و پارەم وەردەگرت، عولومم پێ دەوتن و پارەم وەردەگرت.
بەڵێنم پێدەدان و لەکاتی ئینتیحاندا قۆپیم پێدەگەیاندن و پارەم لێوەردەگرتن! ناپیاوانە،
ئەوانیش زانیبوویان من پێویستم بە پارەیە، نازیان بۆ دەکردم و خۆیان بۆ تەسک
دەکردمەوە و منیش مەجبور دەبوم کرێی دەرس وتنەوەکەم دابەزێنم! بەڵام بە هەر
شێوەیەک بوو دەمساچاند!

وابزانم سێی ناوەندی بووم کە حیکمەتمان خستە پۆلی یەکەم. حیشمەتیش سەرەتایی
تەواو بوو. دەرۆیشتە ناوەندی کە باوکم نەیهێشت! یانی شەوێ وتی کە ئیتر پێویست
ناکات برۆی بۆ قوتابخانە! دەیوت کە کچ کوێرە خوێنەوارییەکی ببێ، بەسیە! دەیوت کە
زۆر بۆ قوتابخانە بڕوات و بخوێنێ، چاو و گوێی دەکرێتەوە و ئیتر ناکرێ پێشی بگرێ!
داماوە ئەوەندە گریا کە خەریکبوو چاوەکانی کوێر دەبوو! ڕۆیشتم بە باوکمم وت، بابە
بۆ ناهێڵی حیشمەت دەرس بخوێنێ! بۆچی هەتاکوو ئێستا لەئێمە شتێکی خراپت بینیوە؟
وتی نە! بەڵام ئیتر توانام نییە خەرجی دەفتەر و کتێبی ئەم یەکە بدەم! پێم وت خەرجی
خوێندنەکەی حیشمەت لەسەر من! باشە؟ بیرێکی کردەوە و وتی با بزانم!

هەر لەو شەوەوە، یانی لەبەیانیەکەیەوە مەجبور بوم زیاتر ئیش بکەم! بەڵام ئیش
کوا! بۆ هەرکوێ دەرۆیشتم، شاگردی نیوە کاتیان نەدەویست، ئەو شوێنانەیش کە
دەیانویست ئەوەندە کەمیان دەویست کە ئەگەر بۆ خۆمم ئیشم بکردایە، داهاتم زیاتر
دەبوو!

ئیتر تیا مابووم کە چیبکەم! مەجبور بووم کە بەدوای ئیشی خراپەدا بڕۆم! یانی
نەختێ خراپ! کابرایەک لەگەڕەکەکەماندا بوو کە عارەقی لەماڵەکەیدا ساز دەکرد.
موسووڵمان نەبوو. کەسانێ کە عارەقیان دەویست، شەوانە بە دزییەوە دەهاتنە بەر





Scanned with CamScanner

ماڵەکەی و لێیان دەکڕی.

یەک دووجار دوای کەوتم و لەکاتێکدا کە دەیفرۆشت، خۆمم پێ نیشاندا! ماوەیەک دوای ئەوە ڕۆیشتم بۆ لای و پێم وت کە بە منیش بفرۆشە. سەرەتا ڕازی نەبوو و حاشای لێکرد و نەختێ ترساندم کە دەڕۆم ڕاپۆرتت لێدەدەم و دەتناسێنم و لەم شتانە تا ڕازی بوو کە مشتەری بۆ بدۆزمەوە و ئەویش لەگەڵ مندا بە هەرزانتر حسابی بکا و خۆشم شتێ بخەمە سەری! ئیتر کەوتمە نێو ئەم ئیشە. ئەوانەی کە لەگەڕەکدا دەمناسی و دەمزانی عارەق دەخۆنەوە، دیاریم دەکرد و دەڕۆیشتم بۆ لایان و بە دزییەوە بۆم دەبردن. دەرهاتی خراپ نەبوو. ئیتر خەریکبوو لەخەرجی خوێندن و قوتابخانەی حیشمەت دڵم دەسرەوت کە باوکم سازێکی تری بۆ کوک کردم! دەیوت کە خەرجی جل و بەرگ و خوردو خواردنیشی تۆ بیدەی! ئێستا ئەگەر بۆ مەکتەب نەڕۆیشتایە، هیچیشی نەدەخوارد! بەڵام بۆچی دەکرا لەم شتانە بۆ باوکم باس بکەم! هەموو ڕۆژێکیش بۆچی دەمتوانی چەند قوتو عارەق بفرۆشم؟ ئەمە بوو کە دەستم کرد بە فرۆشتنی عارەق بە منالان! منالەکانی قوتابخانە، گەنجەکان، گەڕەکەکانی ئەولاتر! هەرچۆنی بوو بە شێوەیەک بەرنامەکەم جۆر دەکرد. ئەم باسەم بە ڕێوەچوو هەتاکوو دایکم سەرەتانی گرت! یانی لەدوای لەدایک بوونی حیکمەت، مەعیدە ئێشەی دایکم دەستی پێکرد. هەرجارێکیش کە بە باوکمی دەوت کە مەعیدەم ئێشێ، باوکم پێی دەوت زۆرت خواردوە! سەیر ئەوە بو کە بۆ ماڵی ئێمە ئەوەندە خواردن نەدەهات کە تێرمان بکات ها! جا ئەوکاتە باوکم بە دایکمی دەوت زۆرت خواردوە!

ئاخری جارێ دەیوت کە زۆرت خواردوە، جارێ دەیوت برکت کردوە جاری دەیوت مەعیدەت بای کردوە و بە پەرداخێ شەرکراوی گەرم دەیبڕاندەوە! یانی پارەی دوکتور و ئەمشتانەی نەبوو کە بیدا داماوە!

ئاخری ئەوەندە مەعیدەی ئێشەی دایکم پەرەی پێدرا کە بە مەجبوری بردمان بۆ دوکتور. دوکتور ئیشاعە و لێکۆڵینەوە و چی و چی و چی پێدا کە هەموی نووسرا بووە سەر وەرەقە، کە لەسەر ڕەفەکەی ماڵەوە مانەوە! بە پارەی ئەو کاتە دوسێ هەزارتمەن دەبوو کە باوکم دوسێ هەزار قرانیشی نەبوو بیدا چ بگات بە دوسێ هەزار تمەنەکەی! دایکی داماویشم دانی بە خۆیدا دەگرت و هیچی نەدەخستە خۆی تاوەکو ئێشەکەی زیادی کرد و لەتوانای ئەو بەدەر بوو. خوا باوکی عافو بکا، یانی هەڵبەت ئیتر فەرقیشی نەدەکرد! بەڵام ئاخرییەکەی هەر شتێ بو ئیتر!



Scanned with CamScanner

دراوسێیەکمان بو وکە لەشارەوانیدا کەناس بوو. ئەو دەفتەرەکەی پێداین و ئێمەیش دایکمان برد بۆ دوکتۆر و دوکتۆرەکە لێکۆڵینەوە و ئەم شتانەی لەدەفتەری بیمەی ئەودا نووسی.

دوای ئەم هەموو تازە دەرکەوت کە دایکم سەرەتانی هەیە! هیچیشی ئیتر بۆ نەدەکرا! ڕۆژێ کە لەقوتابخانە گەڕاینەوە ماڵێ، سەیرم کرد کە جێوبانەکەی دایکمیان کۆ کردۆتەوە و خۆیشی دیار نیە! یەکە یەکە دراوسێکان هاتن و سەرخۆشیان کرد و دەرکەوت کە دایکمان مردوە و تەرمەکەیشیان جارێ لەمزگەوت داناوە هەتاکوو چارەسەر بکرێ! یانی چارەی خۆی دیار بوو! هی ئێمەیش دیار بێ! باوکم قرانێ بۆ کفن و دفن کردنی دایکمی نەبوو! هەندێجار ئەوەندە لەدەستی باوکم تووڕە دەبووم کە حەزم دەکرد هەرچی لەدەمم دەردێ بژمێرم بۆ ڕۆحی مردو و زیندوی! بەڵام چبکەم کە هەرچییەک بوو، باوکم بوو!

سەرتان نەیەشێنم! دراوسێکان کۆ بوونەوە و دەتمەن و پانزدە تمەن و بیست تمەنیان کۆ کردەوە و تەرمی دایکمان بەرز کردەوە و بردمان و کردمان بە ژێر خۆڵەوە و یەکێتر لەدراوسێکان حەڵوایەکی ساز کرد و یەکێتریان دو سێ پاکەت خورمای کڕی و مردنی دایکم ڕەسی بویەوە!

هەر لەمکاتەدا ئاگری جگەرەکەی دەستی سوتاند و فڕێیدا و پەنجەی کردە دەمی و سەیرێکی من و کامیاری کرد و پێکەنی و وتی:

- ئەمانە ڕاستەقینە نین ها! هەموی خەیاڵێکی ئەدەبیە! هی ئەم وڵاتەیش نییە ها! هی وڵاتێکی ترە! هی ئانگۆلایە! هی زامبیایە! جا سەیرێکی سەعاتەکەی کرد و وتی:

- چۆنە کە ئەم بەڕێوە بەرە نەهاتوە تا ئێستا؟ جا سەیرێکی کامیاری کرد و وتی:

- ئێستا ئێوە بیرەوەرییەک لەزەمەنی منداڵیتان بگێڕنەوە!

کامیار بە ڕێکەوت زەمەنی منداڵی ئێمەیش، خاڵی وەکو زەمەنی منداڵی تۆی تیا هەیە! نوسرەت گاڵتە دەکەی؟

کامیار نە بە گیانی تۆ! من لەبیرمە کە حەوت هەشت ساڵ تەمەنم بوو کە هەر بەو دارلاستیکە کە تۆ وتت، دام لەپێی کچێک و ئەویش دایکی نارد بۆ ماڵی ئێمە بۆ شکات! باوەگەورەم لێم تووڕە بو و باوکم پاسکیلێکی بۆ کڕیم و لەدڵی دەرهێنام و منیش لەگەڵ کچەکەدا بووم بە هاوڕێ و لەدڵی دەرمهێنا! خاڵی شەریکیشی هەر ئەو دارلاسیکە بوو!

نوسرەت زەردەیەکی تاڵیکرد و هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:





Scanned with CamScanner

ـ هەتاکوو دایە ما بوو، ماڵەکە ڕەونەقێکی بوو! دایکە کە مرد زۆر شت لەژیانماندا گۆڕا! نە ئیتر نانێکی تازە لەماڵماندا بو و نە دەستی نەوازشێ، نە نیگایەکی بە سۆز! هیچ، هیچ! هەر هیچ نەبێ کاتێ دایکم ما بوو، کاتێ کە هیلاک و ماندو لەقوتابخانە دەگەڕاینەوە ماڵەوە، نانێکی بەڕبەڕی یان نانێکی سەنگەکی تازە بو کە هەڵیژەنین بە پیازاوێکا و بیخۆین! هەر هیچ نەبێ دەستێ بو کە شەوانە، کاتێ پێخەفمان لەسەر خۆمان لابدایە بیکێشایە بە سەرماندا یان ئەگەر ژوورەکە زۆر سارد دەبوو، زۆپاکە داگیرسێنێ! هەر هیچ نەبێ یەکێ بوو کە بەیانی دوو پیاڵە چا ساز بکا و بە دوو کولۆ شەکر بیخاتە بەردەممان! یان یەکێ بوو کە دوو بۆڵە بە سەر باوکمدا بکا و بە زۆر بینێرێ بۆ ئیش!

دایکە کە مرد هەموو ئەمانە تەواو بو! باوکم تا نیوەڕۆ دەنوست! ڕۆژێ بۆ ئیش دەڕۆیشت و ڕۆژێ نەدەڕۆیشت! نە بۆنی نانی تازە، لەژوورکەمان دەهات، نەبۆنی پیازاوێک!

بۆڵەبۆڵ و شەڕ و مەڕافیعە و ناوچاو گرژیشی زیاتر ببوو. لەماڵەوە کەمتر دەمایەوە و هەر دەڕۆیشتە دەرەوە و دەبوا لەقاوەخانەکاندا بماندۆزیایەتەوە و بمانهێنایەتەوە ماڵەوە. یانی من دەبوا بە دوایدا بگەڕامایە و بمهێنایەتەوە بۆ ماڵەوە!

نە لەژیاندا زۆر سەرکەوتو بوو دوای چەند ساڵ ڕاکردن، هەموو کەرەستەی ئاسایش و ئارامی و هێمنایەتی ئێمەی دابین کردبوو! ئێستا لەپیریدا دەیویست نەختێ خەریکی ڕابواردن و پشو بێت! کابرا بە تریاکیش ڕاهاتبو! ئیتر دەبوا پارەی مقەڵی و وافورەکەیشی، من بۆم دابین بکردایەت! منیش بۆچی چەندە داهاتم بوو؟ لەهەموو شتێکی دەبڕی و دەڕۆیشت نۆکێ تریاکی دەکڕی و دەیخوارد. بەو پارەیەیش شتی خراپیان پێدەدا و ئەویش خۆی بە سەر مندا خاڵی دەکردەوە کە بۆچی کەم پارە پەیدا دەکەی؟ ئاخرییەکەی ڕۆژێ دام لەو بارەکەی و لەڕویدا ڕاوەستام! پێم وت پیاوی باش تۆ لەباوکێتی تەنیا ناوەکەیت هەیە! چیت بۆ ئێمە کردوە؟ بۆچی مەجبور بووی منداڵت لێ بێتەوە کە تیا بمێنی؟ هەستا و هات بەرەو ڕووم و لەیەک هەڵچووین! زانی کە دەرەقەتم نایەت، وازی هێنا و وتی لەماڵەوە برۆ دەرەوە! وتم من برۆمە دەرەوە؟ تۆ برۆ! هەموو خەرج و بەرجی ئەم ماڵەو ئەم منالانە خەریکم من دەیدەم! تۆ برۆ!

بەکورتی دیسان خەریک بوو کە لەیەک هەڵچینەوە! یانی چووینەوە! یەک دو زللەی دا لەڕوومەتم کە جوابیم نەدایەوە و دراوسێکان هاتن و جیایان کردینەوە. وادیار بوو



Scanned with CamScanner

کە لەم ڕووداوە نەختێ بە خۆدا هاتەوە و ڕۆیشت بۆ ئیش! ڕاست بۆ کە ئیتر لەگەڵ من قسەی نەدەکرد، بەلام هەر هیچ نەبێ بارێکی لەسەر شانی من لابرد! نەختێ بوو بە یاریدەرم!

یەک دوو ڕۆژێ ڕۆیشت بۆ ئیش و ئاخریش بۆ بە کرێکار! تازە ئەوەیش چانسی هێنابوو چون ئەوندە ئەفغانی ڕژاوە ولات کە ئیشی کرێکاریشت دەست نەدەکەوت!

بە کورتی بە هەر داماوییەک بوو، لەبینایەکدا دەستی بە کرێکاری کرد و نەختێ قورسی لەسەر من کەم بویەوە. چەند مانگێ ڕابورد. ژیانمان نەختێ باشتر بوو. یانی دەرهاتی باوکم و ئەویش کە من ئیشم دەکرد، بە سەر یەکەوە دەبوو بە جل و بەرگێک و نەختێ خورد و خۆراکی زۆر ئاسایی و کەم و کوڕ بۆ ئێمە! بەلام ڕازی بووین. یانی هەموومان ڕازی بووین! حیشمەت و حیکمەت دەیانخوێند و ئاوگۆشتێ شتێکیان ساز دەکرد. باوکیشم کە لەسەر بیناکە ئیشی دەکرد و منیش خەریکی کەسابەتی خۆم بووم. خەریک بو هەناسەیەکی ئیسراحەت هەڵکێشم کە دیسان داماوی و کوێرەوەی لەدەرگای ماڵەکەمانیدا!

ماوەیەک بوو کە دەمبینی کە حیشمەت حاڵ و ڕۆژی باش نیە. بەلام هەرجارێ کە پێم دەوت، پێدەکەنی و دەیوت هیچ نیە کاکە. دەرسەکان نەختێ قورس و زۆر بووە، ئەمەیە کە نەختێ هیلاک دەبم.

ڕەنگ و ڕووی زەرد ببوو. زانیم کە خورد و خوراکیشی باش نیە. دەی ئاخر کچێ لەتەمەنی ئەودا خۆ نابێ تەنیا خواردنی نانی وشک بێ! هەر هیچ نەبێ سێوێ یان میوەیەکی تر بخوا یان نە؟

دەستمکرد بە هەوڵی زیاتر و دۆزینەوەی مشتەری! ئیتر ئەگەر منالی دە دوانزە ساڵەی ساخیش عارەقی لێدەویستم پێم دەفرۆشت! هەر قوتویەک عارەقیش کە لەکابراکەم وەردەگرت، نەختێکم لێ بەتاڵ دەکردەوە ناو شوشویەکی تر و لەجیاتی ئاوم تێدەکرد و سەرم دەنایەوە! ئاوا لەچەند قوتو، قوتویەکم بۆ خۆم ساز دەکرد و دەمفرۆشت!

نەختێ دەرهاتم زیاتر بو و توانیم میوەیەک شتێ بهێنمەوە بۆ ماڵەوە، بەلام ئەو بەستەزمانانە، هەر خولکی یەکتریان دەکرد و چاویان لەیەک بو و نەیاندەخوارد! بە گیانی هەرسێکمان ئەگەر درۆ بکەم! یانی ئەمانە پێویست بە وتن ناکا! ئەرکی خۆمم ئەنجام دەدا، بەلام دەمەوێ بلێم کە ئێوە بزانن! شەوان کاتێ لەدەوری یەک کۆ دەبوینەوە و

خەریک بووین دەرسمان دەخوێند، پرتەقاڵێکم پاک دەکرد و بەش بەشم دەکرد. بەشێکم دەدا بە حیشمەت و بەشێکم دەدا بە حیکمەت و یانی خۆم خەریکم بەشی خۆم دەکەمە دەمم! ئەوانیش ئاگاداری ئەوە بوون کە بزانن من خۆشم دەیخۆم یان نە! منیش وەکو ئەم جادوگەرانە، بە شێوەیەک نیشانم دەدا کە یانی بەشێکم کردوتە دەمم بەڵام هەروا بە بەتاڵی دەمم دەسووڕاند کە یانی خەریکم پرتەقاڵ دەخۆم! ڕوخساریشم بە شێوەیەک لێدەکرد کە یانی پرتەقاڵەکە ترشە! جا ئەوکاتە هەموویم دەدا بەو دووانە کە نەختێ ڤیتامینیان پێبگات!

کتوپڕ هەروا کە خەریک بوو بە زەردەخەندەوە سەیری من و کامیاری دەکرد، فرمێسک لەچاوانی هاتە خوار! من و کامیاریش سەیرێکی یەکتریمان کرد، وتی:

- ڕۆژێ بەیانیەکەی حیشمەت ئیتر لەجێگەی خۆی هەڵنەسا. هەرچەندە بەیانیەکەی بانگم کرد کە هەستە بۆ قوتابخانەکەت درەنگە، تەنیا لەجێگەکەیدا پێم پێکەنی! هاتمە ژوور سەری و وتم حیشمەت گیان ناتەوێ بڕۆی بۆ م قوتابخانە؟ وتی با کاکە! بەڵام ناتوانم لەجێگەکەم هەستم! وتم حیشمەت گیان یانی چی ناتوانم هەستم؟ وتی تەندروستیم زۆر باش نیە کاکە! وتم بۆچی چیتە؟ دیسان پێم پێکەنی و بە کاوخۆ وتی وادیارە خەریکە دەمرم کاکە! گریان گەرووی گرتم و وتم ئەم قسانە چیە دەیڵێی گیانەکەم؟ ئێستا دەتبەم بۆ دوکتۆر! هەستە بڕۆین!

پێخەفەکەم لەسەری لابرد کە هەستم کرد دەست و پێی بەس ئێسکی ڕوتە! هەر گۆشتی پێوە نەبوو! لەبەر ئەوەی کە هەمووکات جلی قۆڵ درێژی لەبەر دەکرد، ئەمە بو کە تا ئەو کاتە نەمزانی بوو!

پێخەفێکم دا بە سەریدا و گرتمە باوەش و گەیاندمە خەستەخانە. لەوێدا کە کابرایەک لەبەشی وەرگرتندا بوو وتی دەبێ پێنسەد تمەن بکەنە سندوقی خەستەخانەکە. پێم وت من دوسەد تمەن زیاترم پێنیە. ئێوە ئیشەکانی ئەم خوشکمە جێبەجی بکەن، من ئەوەلای تردان بۆ دێنم. کابراکە وتی نابێ! دەستم بە چەقەکردن لەگەڵیدا کرد کە دوکتۆری گەیشت و وتی چیبووە؟ باسەکەم بۆ گێڕایەوە کە پاسەوانەکەی بانگکرد و وتی: ئەمانە بکەنە دەرەوە! هەر کە پاسەوانەکە ویستی بێتە پێشەوە، کتوپڕ دوکتۆرێکی گەنجتر هاتە پێشەوە و وتی چەنەت ناتەواوە؟ وتم سێسەد تمەن، دەستی کرد بە گیرفانیدا و سێسەد تمەنەکەی دەرهێنا و دای بە من و خۆی لێدا و ڕۆیشت! هەرچۆنێک بوو، خوشکەکەمیان لەوێدا خەواند و لێکۆڵینەوە و ئیشاعە و چاوپێکەوتن و ئەم شتانە دەستی پێکرد. تا

شەو لەوێ بووین کە ئاخری دەکتۆرێ هات و منی لەلای خوشکەکەمەوە بانگکردە ئەولاتر و دوسەد تمەنێ کە دابوم بە سندوقی خەستەخانەکە، کردیە مستم و وتی هەڵیبگرە و خوشکەکەت ببە بۆ ماڵەوە. وتم ئەی دەواو دەرمانەکەی چی دەبێ؟ وتی باوکێ، کەسێکی نیە؟ وتم نە! وتی هەڵیبگرە و بیبە بۆ ماڵەوە! ئیتر ناکرێ هیچی بۆ بکرێ! نە گورچیلەی بۆ ماوە نە جەرگ و نەخوێن و نە هیچیتر!

تەنیا سەیرم دەکرد کە سەیرێکی خوشکەکەمی کرد و جا بە ئەسپایی بە منی وت ئەمە هەر نەیدەوت کە ئازارێ شتێکی هەیە؟ وتم نە! وتی هاوارێ شتێکی لەماڵەوە نەدەکرد؟ وتم نە! وتی هەر هیچ! وتم هیچ! جا دیسان وتی، سەیرێکی حیشمەتی کرد و وتی منالی بەستەزمان چۆن خۆی ڕابگرێ؟

هەر بڕوام نەدەکرد! یانی خەریک بوون ڕاستیەکەیان پێدەوتم؟ یان خەریک بوون دەست بە سەریان دەکردم! وتم بە گۆڕی باوکتان! سبەی دەیبەم بۆ لای دوکتۆرێکی تر.

پێخەفەکەم بە دەوری حیشمەتدا ئالاند کە پەرستارێ هات و وتی ماشینێکی فریاکەوتن لەبەر دەرگا ڕاوەستاوە. خوشکەکەت بەوە ببەرەوە بۆ ماڵەوە. ئیتر کەوتمە گومانەوە! نەکا بەڕاستیانە؟ نەکا حیشمەت شتێکی لێبێ؟ هەرچۆنی بو یارمەتیان دام و حیشمەتیان بە کورسییەکی تایە سەر ماشینی فریاکەوتنەکەیان خست و منیش لەکنیدا دانیشتم و ڕێکەوتین. بۆ بەر دەرگا کە گەیشتین، شۆفیرەکە هاتە و یارمەتیدام و حیشمەتمان بردە ژوورەوە و لەجێگەکەیدا خەواندمان. کاتێ شۆفیرەکە ویستی بڕوات، لەبەر دەرگادا دوو پاکەتی دایە دەستم و وتی ئەمانە منالەکانی خەستەخانەکە ناردویانە. لێینێ با بیخوا. میوەیشە، ئاوەکەی بگرە و پێیبدە!

ئەمەی وت و سەر ماشینی فریاکەوتنەکە کەوت و ڕۆیشت. ڕاستییەکە زۆر شلەژابووم! دلم خالی ببوو! نەختێ هەر لەوێدا ڕاوەستام و بیرم کردەوە. مێشکم جام بووبوو! یانی دەبێ چیم بکردایە؟

خەریک بووم لەگەڵ خۆمدا شەڕم دەکرد کە باوکم هات بۆ لام و وتی تەندروستی زۆر خراپە! دوکتورەکان چیان وت؟ وتم جارێ سبەی دەیبەم بۆ دوکتۆرێکی تر. جارێ بهێلە با خواردنێ شتێکی بۆ ساز بکەم برسیەتی!

پاکەتەکەم سەیرکرد. مریشکێک بوو و پرتەقاڵ و لالەنگی. خێرا ڕۆیشتم و مریشکەکەم نا سەر و ئاوی چەند پرتەقاڵێکم بۆ گرت و هێدی حیشمەتم دانیشاند وردە وردە پێمدا کە بیخوا. قومێ کە دەیخوارد، دەیوت بەشی حیکمەتیش بدە! خۆیشت بیخۆ!

بەشی باوکیشم بدە! ئەوت وت بەسەزمانە بەتەنیا لەگەرووی نەدەچووە خوارەوە!
هەرچۆنێ بوو هەر کە مریشکەکە کوڵا خێرا ئاوەکەیم کردە پەرداخێک و دیسان هەڵم گرت و پێم دا. لەوانەیە دوای ساڵێ، ساڵ و نیوێ دەبو کە تامی مریشک و ئاوی مریشکی نەچەشتبو! بەڵام فایەی چی بوو؟ هێشتا دوو پاروم لەگۆشتی مریشکەکەم پێنەدا بوو کە هەموی هەڵهێنایەوە! بەسەزمانە بەو حاڵەی، دەیویست کە لەجێگەی هەستێ جێوبانەکەی خاوێن کاتەوە بەڵام هێز لە لەشیدا نەمابوو!
بەزۆر ڕامکێشایەوە و بە یارمەتی حیکمەت جێگەکەیمان خاوێن کردەوە. ئیتر نەمدەزانی دەبێ چبکەم! هەر لەکن جێگەکەیدا دانیشتم و کزم کرد. هەر خواخوام بو خێرا ڕۆژ بێتەوە و هەڵیبگرم و بیبەم بۆ خەستەخانە ئیتر!
سەعات نزیک سێ، سێ و نیو بوو. حیکمەت و باوکم نووستبون. حیشمەتیش خەوی لێکەوتبو. منیش هەروا دانیشتبووم و بیرم دەکردەوە کە کتوپڕ چاوەکانی کردەوە و هەر کە منی چاو پێکەوت وتی کاکە دەترسم وتم مەترسە بەساقەت بم، کاکە لێرەیە! وتی سەرمامە خێرا پێخەفەکەم دا بەسەریدا کە نەختێ سەیری کردم و وتی خەوی دایەم بینی، وتم خێرە ئیشەڵڵا! هەر خێرا چاک دەبیتەوە! وتی هاتبوو و دەیویست من لەگەڵ خۆیدا ببات! وتم مردو لەخەودا بینی باشە نەختێ بێدەنگ بوو جا وتی کاکە لەمن ناڕازی نەبووی؟ وتم نە گیانەکەم! بۆچی ناڕازی بم؟ وتی من هەموکات خوێندەنەکەم باش خوێندووە کە زەحمەتەکاتی تۆ بە فیرۆ نەڕوات! وتم دەزانم بەساقەت بم، تۆ خانمی ئیشەڵڵا خێرا چاک دەبیتەوە و دیسان دەڕۆی بۆ قوتابخانە و خەریکی دەرس و خوێندنت دەبی و بۆ خۆت دەبی بە خانمە دوکتورەیەکی جوان! دیسان بێدەنگ بوو، جا وتی کاکە شتێکت لێ بپرسم زوویر نابی؟ وتم نە گیانەکەم، بپرسە وتی تامی مۆز چۆنە؟
ئەمەی کە وت کتوپڕ دەنگی گریانی هات! ڕومکردە کامیار و سەیرم کرد کە خەریکە دەگری! خۆشم گریان گەرووی گرتبوم بەڵام چاوەڕوان نەبووم کە کامیار، بەو غیرەتەیەوە سەرەتا دەست پێبکا!
نوسرەت سەیرێکی کامیاری کرد و هەروا کە خۆیشی دەگریا وتی:
ـ تێگەیشتی چی لێ داوا کردم؟ تێگەیشتی چ حاڵێکم بوو؟ خۆزگا هەر ئەو کاتەیش تامەکەیم دەزانی چیە کە ڕاستیم پێ بوتایە، بەڵام خۆم تا ئەو کاتە مۆزم نەخواردبوو! هەروا پێم وت تامی وەکو پرتەقاڵی هەیە نەختێ شیرینترە! دەی بەو شێوەیە کە هاوڕێکانم

دەیانوت بەلەزەتی بەلەزەت نیە؟ وتم نە حشمەت گیان! ئەو شێوەیش کە دەڵێن نیە! سەیرێکی کردم و وتی کاکە هەڵمسێنە وتم ئیشت چیە؟ وتی دەمەوێ سەیری حیکمەت بکەم هێواش هەڵمساند و سەیرێکی حیکمەتی کرد و سەیرێکی باوکمی کرد و وتی کاتێ ئەهێڵی حیکمەت واز لەخوێندنەکەی بهێنێ ها! وتم هیچکامتان واز لەخوێندنتان ناهێنن! ئێستا بنوو هەتاکوو چەند سەعاتی تر کە ڕۆژ بویەوە دەتبەم بۆ خەستەخانەیەکی چاک کە چوار دەرزیت لێبدەن ، باشی باش ببی!

ئەختێ سەری داخست و جا کتوپڕ دەستی کردە ملم و باوشی پیا کردم! منیش باوەشم پێدا کرد. سەیرم کرد وازناهێنێ! وتم ترساوە و خەریکە دەگری! نەجولامەوە هەتاکوو ئەختێ هێمنتر بێتەوە. کتوپڕ بەدەستی ملمی توند گوشی و هەناسەیکی قوڵ قوڵی هەڵکێشا دەستەکانی شل بوو! خێرا دەستەکانیم هێنایە خوارەوە و سەیرم کرد! زانیم ڕەنگ و ڕووی باشتر بوە! وام زانی چاک بۆتەوە بەڵام زانیم ئەم لاشەیە قورس و شل و شەوێلە! دوو جار ڕاموەشاند و هاوارم کرد حیشمەت! حیشمەت! بەڵام میشێ میوانیشی نەبوو! بەسەزمانە هەر لەباوەشمدا تەواو بووبوو! ئەوەی کە ملمی بە توندی گوشی گیان بو کە لە لەشی دەرچوو!

منیش دەستم بە گریان کرد! سەیرێکی هەردووکمانی کرد و وتی:

- ئەگەر بزانن چ ئازارێکی هەیە کە کاتێ خوشکی دە دوانزە ساڵانی بنیادەم لەباوەشیدا گیانی دەرچێ!

کامیار فرمێسکەکانی سڕی و سێ جگەرەی داگیرساند و یەکی یەکێکی پێداین و ئیتر بێدەنگ و بێ قسە دەستمان کرد بە کێشان. جگەرەکەمان کە تەواو بو وتی:

- ئێوە مەگەر لەگەڵ میترادا کاتتان دانەناوە؟ سەرم ڕاوەشاند کە وتی: کە وایە هەستن. منیش حساباتەکەم کە تەواو بکەم دێم بۆ ئەوناوە.

هەردووکمان هەستاین و خواحافیزیمان لێکرد و لەشانۆکە هاتینە دەرەوە کە ڕایکرد بە دواماندا و سوویچی ماشینەکەی دا بە کامیار و وتی:

- دەستتان خۆش بێ، برایەتیتان کرد! بەڕاستی ئافەرم!

کامیار زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و سوویچەکەی لێوەرگرت و هەردووکمان ڕێکەوتین و سەرماشینەکە کەوتین و بۆ سەرەوە ڕۆیشتین.

هەتا ئەو کافی چاپەی کە لەگەڵ میترادا کاتم دانابوو، نیو سەعاتێ ڕێگە بوو. هەروا کە دەرۆیشتین، کامیار کتوپڕ وتی:

خەڵکی تاعوناوی ئەم هۆزە خۆرهەڵاتییەم!
تۆی ئەو موسافرە شوشوییەی شاری فەرەنگ!
پێستم لەقوماشی تارمایی، پێستی تۆ لەقەیفەی سوور!
بەرگم لەتۆقلەیە و بەرگی تۆ لەپێستی پڵنگ!
بۆنی گەنم بۆ من، هەرچیم هەیە بۆ تۆ
سەیرێکم کرد و وتم: لەتۆ دەوڵەمەندی بێ ئازار، ئەم شیعرانە سەیرە!
کامیار بەدەستی خۆم نەبووە کە دەوڵەمەندی بێ ئازار لەدایک بم! بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئازار دەناسم، ئەگەر چی هی دراوسێیش بێ! و هەر ئەمە گرنگە!
ـ نە! گرنگ پارەیە!
کامیار ئا! گرنگ پارەیە! ئێستا تەنیا پارەیە کە گرنگە و هەموو ئەم باوک حیزێتیانە بۆ پارەیە!
ـ دەی ئێمەیش بەشێکین لەدەوڵەمەندەکان ئیتر!
کامیار ئەویش ئا بەڵام تا ئەو شوێنەی کە من ئاگام لێیە، ئەم پارانە، پارەی دزی نیە! بۆنی خوێنی لێنای! ئەگەریش بۆ چرکەیەک بۆنی خوێن، بگاتە لوتم، ئیتر دەقەیەکیش قوبوڵی ناکەم! تۆ خوی من دەزانی چۆنە! من لەسەر خوێنی خەڵکی کەسابەت ناکەم!
هیچم نەوت کە تاوی دوای ئەوە وتی: ئەوەش بڵێم کە حەزم لەحیکمەت کردوە!
ـ لەکێ؟
کامیار کەرێ؟ حیکمەت؟
بۆ دەقیرێنی؟ دەبێ چاوەکانت بەحەیا بن!
کامیار بۆ؟
ـ خەیانەت لەئەمانەت دا؟
کامیار هیچ خەیانەتێ لەئارادا نیە.
ـ ئەی چی؟
کامیار بە نوسرەت دەڵێم.
دەستم بە پێکەنین کرد و وتم: کەوایە بوی بە داوەوە!
کامیار هەرگیز خەیاڵم بۆ ئەوە نەدەرۆیشت کە نوسرەت خوشکێکی ئاوای هەبێ!
ـ دەتەوێ! بە نوسرەت چی بڵێی؟
کامیار داوای یارمەتی لێدەکەم کە چەند جارێ حیکمەت بیەمە دەرەوە. دەبێ بزانم



Scanned with CamScanner

خوی و ئاکاری چۆنە! لەوانەیە قسمەتی حیکمەتیش من بووم؟

ـ داماوە حیکمەت!

کامیار زەهری مار!

ـ وابزانم نەختێ لەتۆ قسمەتی حیکمەتی داماو بێت!

کامیار ئاوا من دەناسی؟

ـ بۆچی دەبێ کەس تۆی دەعبا بناسێ؟

کامیار دەبێ بە شێوەیەک یارمەتی ئەم نوسرەتە بدەین! زۆر سەیر هۆگری بووم!

ـ هەڵبەت لەدوای چاو پێکەوتنی حیکمەت!

کامیار تۆ زۆر کەسایەتی من سووک دەکەی! ئازارت دەدەم ها!

ـ گو ئەخۆی! گەیشتن بابە! بۆکوێ خەریکی دەڕۆی؟

کامیار چووزانم! خەیاڵیان بۆ نەهێشتوم خۆ! ئەم کچەتیوە، تەواو. . .

کتوپڕ لەبەر کافی شاپەکەدا چاوی کەوت بە چەند کچ!

ـ ئەم کچەتیوە تەواو چی؟

هەروا کە چاوی لەکچەکان بو وتی: ئەم کچەتیوە ئەگەرتەواولەبیری نەچێ باشتر دەرسەکەی بخوێنێ!

ـ مردوشۆر ئەو دڵەت ببەن کە هەر تاوێ بۆ لایەک دەچێ!

ڕۆیشت و لەسووچێکدا ڕایگرت و دابەزین و ڕۆیشتین بۆلای کافی شاپەکە و هەر کە گەیشتینە لای، کامیار بە کچەکانی وت: خانمەکان سەلام!

کچەکان سەرێکیان بۆ ڕاوەشاند کە وتی: ببورن، ئێوە نازانن ئەم کافی شاپە لەکوێیە؟ ئەمە سەعات و نیوێکە کە خەریکین بەدوایدا دەگەڕێین!

کچەکان دەستیان بە پێکەنین کرد و یەکیان وتی: ئێرەیە! ئێستا لەبەردەمیدا ڕاوەستاون!

کامیار خۆ من لەبەردەمی ئێوەدا ڕاوەستاوین! ئێوەش لەکافی شاپ ناچن!

کچەکان دیسان دەستیان بە پێکەنین کرد و یەکێ تریان وتی

ـ ئەی ئێمە لەچی دەچین؟

کامیار شیرینیخانەی شیرین وەک هەنگوینی نزیک پورە هەنگ!

دیسان هەموویان دەستیان بە پێکەنین کرد و یەکێ تریان وتی: تکایە بگەڕێنەوە!

کامیار من ئەگەر لەت و پەتیشم بکەن هەرگیز ناگەڕێمەوە!

دیسان کچەکان پێکەنین و هەر ئەو کچە وتی:

ـ مەبەستم ئەوەیە کە ئاوڕێ بدەنەوە و دواوەتان سەیر بکەن!

کامیار ئاوڕی دایەوە و سەیرێکی کافی شاپەکەی کرد و وتی:

ـ ئێ. . . . ! ئێرە خۆ قەسابی بوو! چۆنە کتوپڕ گۆڕاوە!

کچەکان لە پێکەنیندا مردبون. دەستیم گرت و هێواش پێم وت:

ـ وەرە بڕۆینە ژوورەوە! دارزە!

کامیار من نایەمە ژوورەوە! دەترسم شاگردی قەسابەکە بەڵایەکم بەسەر بێنێ! تۆ بڕۆ! من هەر لێرەدا لای ئەم خانمانەدا دەمێنمەوە!

هێواش پێم وت: داماو وەرە بزانە لەژوورەوە چ باسە!

سەیرێکی لەپشت شوشەکانەوە کە ڕەنگاو ڕەنگ و لەجۆری ڕیفلێکس بوون کرد و کتوپڕ وتی: ئێ. . . . ! ڕاست دەکەی ها! کەی ئێرە قەسابی بوو! خانمەکان ببورن، ئادرەسەکەمان دۆزیوەتەوە. لەڕێنوێنیتان سوپاس!

یەکێ لەکچەکان وتی: چی بو کتوپڕ؟ ئیتر ناترسی؟

کامیار من هەمووکات ترس لەدڵمایە! هەر ئەم دڵەی من، خۆ دڵ نیە! ئاسکێکی پاتراوە! خواتان لەگەڵ تا دیداری داهاتو!

ئەمەی وت و ڕێکەوت بۆ لای کافی شاپی پڕ لەکچ و کوڕ! بۆنی قاوە و دووکەڵی جگەرە هەموو شوێنێکی پڕکردبو!

خەریکبووین سەیری مێزەکانمان دەکرد کە کتوپڕ میترامان لەدوورەوە چاو پێکەوت کە لەپشت مێزێکەوە هەستا و هات بۆلامان و هەرکە گەیشت وتی:

ـ سەلام! چۆنە وا درەنگ هاتون!

ـ سەلام، لەلای کاک نوسرەت بووین! ببورن!

میترا نوسرەت خۆیشی دێت بۆ ئێرە! کاتمان بە یەکەوە داناوە.

ـ ئێرە زۆر قەرباڵغە!

میترا دەتانەوێ بڕۆین بۆ شوێنێکی تر؟

ـ نازانم! کامیار بڕۆین بۆ شوێنێکی تر؟

ڕوومکردە کامیار کە خەریکبوو ئەملاولای سەیر دەکرد.

ـ کامیار لەگەڵ تۆمە! سەیری کوێ دەکەی؟

کامیار خەریکم بەدوای میترادا دەگەڕێم!



Scanned with CamScanner

میترا دەستی بە پێکەنین کرد!

کامیار ئێ. . . . ! ئێوە لێرەن؟ سەیری منکە! خەریکم لەناو ئەم کچانەدا بە دوای ئێوەدا دەگەڕێم!

ـ ئەگەر توانیت نیو سەعات خۆت ڕاگری!

میترا بڕۆین بۆ شوێنێکی تر؟

کامیار بۆ ئێرە چیەتی؟

ـ قەرەباڵغە! بڕۆین بۆ شوێنێکی چۆڵ!

کامیار تاران هەموی قەرەباڵغە! ئەگەر بۆ شوێنی چۆڵ دەگەڕێی دەبێ بڕۆی بۆ شارە بچووکەکان!

ـ بێتام مەبە! بۆچی لێرە بین؟ جا بە میترام وت:

ـ لێرە خۆ هەواڵێ نیە! بڕۆین لەشوێنی تر بگەڕێین!

کامیار تۆ بۆچی بەدوای چ هەواڵێکدای؟ هەموو هەواڵێ لێرەیە!

ـ مەبەستم گەنمە!

هەروا کە خەریک بوو پێدەکەنی و سەیری کچەکانی دەکرد وتی:

ـ گەنمت دەوێ برۆ بۆ ئیدارەی سیلو! ئێرە تەنیا کێکی چکلێتیان هەیە!

هەرکە ویستم شتێ بڵێم ڕۆیشت بۆ سەر مێزێ کە پێنج کچ لەدەوریدا دانیشتبون. لەبەردەمیاندا ڕاوەستاو وتی:

ـ ببورن خانمەکان، ئەم کورسییە بەتاڵە جێگەی کەسێکە؟

کچەکان دەستیان بە پێکەنین کرد و یەکیان وتی: کام کورسییە بەتاڵە؟

کامیار هەر ئەوەی کە من ئێستا دەیهێنم و دەیخەمە تەنیشت ئێوە!

ئەمەی وت و لەمێزێکی ترەوە، کورسییەکی هەڵگرت و لەکن کچەکان داینا و دانیشتە سەری و وتی: ئۆخەی! لەم ئێشی فەقەراتە مردم!

کچەکان بورابوونەوە لەپێکەنیندا و یەکیان وتی:

ـ ئێوە بەم تەمەنەوە خۆ نابێ فەقەراتتان ببێ!

کامیار هەمە بەقوربان، جا چیبکەم! فەقەراتم هەیە! ڕۆماتیزم هەیە! ئەژنۆکانم ئەناوسێ! سواوی مۆرەم هەیە! ئەوکاتە سەیر ئەوەیە کە ناویان ناوم کامیار! ڕاستی یەکترینمان نەناسی! ناوی من کامیارە! کچەکان دەستیان بە پێکەنین کرد! ویستم بڕۆمە پێشەوە و هەڵیبگرم و بیهێنم کە میترا وتی: وازی لێبێنە کاک سامان! ئیشم پێتان بوو.

هەردووکمان ڕۆیشتین بۆ ئەوسەری کافی شاپەکە، لەسەر مێزەکەدا چوار کچی تر دانیشتبوون. سەلامم لێکردن و میترا بە هەموویانی ناساندم و لەلایان دانیشتم و لەگارسۆنێک داوای نێسکافەم کرد کە میترا وتی:

ـ کاک سامان، ئەم چەند ڕۆژە کەس بە تازەیی نەهاتوتە ئێرە کە ناونیشانەکەی ئێوەی هەبێ!

پاکەتە جگەرەکەم دەرهێنا و دانەیەکیانم دەرهێنا و دامگیرساند و کتوپڕ بیرم کەوتەوە کە خولکی میترام نەکردوە. داوای لێبووردنم کرد و پاکەتی جگەرەکەم گرتە بەردەمی هەموویان کە هەموویان هەڵیان گرت و بۆم داگیرساندن کە میترا وتی:

ـ کاک سامان، لەبەر ئێمە شەرم مەکەن! ئێمە هەموومان کچی هەڵهاتووین!

ـ هەمووتان؟

میترا ئا!

سەیرێکی هەموویانم کرد، زۆر تەرپۆش و جوان بوون! لەهەرکامیشیان بۆنێکی خۆش دەهات! هەمویشیان مکیاج کراو بوون.

ـ من هەر تێناگەم! ئاخر بۆچی؟

یەکیان وتی: کاک سامان، ناوی من مەلیحەیە کە هەموو کەس بە مەرجانم بانگ دەکەن. مەبەستم ئەوەیە کە من تەنانەت لەناوی خۆشم هەڵاتوم!

ـ بۆچی؟

مەرجان: حەزم لەناوەکەم نیە، زۆر ئاساییە! ئەم ناوە بۆ من باوک و دایکم، یان باوەگەورە و نەنکم هەڵیانبژاردوە. ئەویش بیست و ئەونە ساڵ لەمەو پێش! ئەم ناوە بۆ ئەوکاتانە باش بووە نەک ئێستا! ئێستا کەس حەزی لەم ناوانە نیە!

ناو، بڕوا، ئامانج، ئاکار و هەر شتێکی تری چینێ بۆ کاتی خۆی باشە!

ـ یانی ئێوە لەبەر ناوی لەماڵەوە هەڵاتوون؟

مەرجان: نە، نمونەیەکم بۆ هێنانەوە! من لەبەندیخانەیەک هەڵاتوم! بەندیخانەیە کە باوک و دایکم بۆیان ساز کردبووم!

میترا ئاماژەیەکی بۆ ئەو کچانەی تر کرد کە یەکیان دەستی پێکرد:

ـ ناوی من کوبرایە! دەیانویست بە زۆر من بدەن بە پیاوێک کە بیست ساڵ لەخۆم گەورەتر بوو!

ـ ناوی من سورەیایە. لێرەدا پێم دەڵێن شادی. من لەدەستی باوکی موعتادم هەڵاتوم!



Scanned with CamScanner

ـ ناوی منیش پانتێ ئایە. ناوە ڕاستیەکەم ئەوەندە کۆنە کە بەس دەکرێ لەتوێژینەوە ئاسەوارەکاندا، لەسەر بەردە گۆڕەکان بیدۆزیتەوە! منیش لەبەر ئەوەی کە دایک و باوکم نەیاندەهێشت درێژە بە خوێندنم بدەم لەماڵەوە هەڵاتوم! یانی کاتێ زانیان کە کەسێکم خۆشدەوێت و دەمەوێ تەنیا لەگەڵ ئەودا هاوسەری پێک بێنم، تەنانەت نەیانهێشت کە بۆ قوتابخانە بڕۆم لەبەر ئەوەی نەکا لەڕێی قوتابخانەدا ئەوم چاو پێبکەوێ!

ئیتر سەیرێکم کردن و وتم: ئێستا ئیتر کێشەکانتان تەواو بوە؟

میترا نە! هەزار و یەک کێشەیترمان بۆ بەدی هاتوە!

هێواش وتم: نەخۆش کەوتون؟

هەموویان شانیان هەڵتەکاند کە مەرجان وتی: من موعتادم. هیرۆئین!

پانتێ ئا تریاک.

تەرانە ئەو دوابڕاوە کە مەرجان وتی.

شادی جارێ تریاک.

گارسۆن نێسکافەکەی هێنام و هێواش بە گوێی شادیدا چرپاندی و شتێکی وت و شادی هەستا سەیرێکی میترای کرد و وتی:

ـ خاوەنی نوسینگەکە هاتوە! چیبکەم؟ بڕۆم؟

میترا نە! نوسرەت وتویەتی هەتا حسابی ئەو جارێ تەواو نەداوە جوابی سەلامیشی مەدەرەوە! جا بە گارسۆنەکەی وت:

ـ بیخلافێنێ!

گارسۆنەکە ڕۆیشت بۆلای میترا و سەیرێکی منی کرد و سەری داخست و وتی:

ـ ببورن کاک سامان! ژیانە ئیتر!

ـ نە! ئەمە ژیان نیە! ئەمە...

ویستم شتێ بڵێم بەلام قسەکەم خواردەوە و ویستم هەستم و بڕۆم کە دەستی گرتم و خێرا وتی: وایە! وایە! ئەمە پیسە! گاوە! تکادەکەم دانیشە!

دانیشتم و هێواش کوپە نێسکافەکەم خستە بەردەمم و وتی:

ـ ئەگەر وێنەیەک لەکچە پورەکەتان بوایەت زۆر یارمەتی دەداین!

لەگیرفانم وێنەیەکی گەنم کە ساڵی ڕابوردو بەیەکەوە گرتبومان دەرهێنا و پێم دا. وەری گرت و سەیرێکی کرد و وتی: شێتە!

ـ بۆ؟

میترا لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەوەی ئێوەی هەیە لەماڵەوە هەڵاتوە و ڕۆیشتوە!
زەردەخەنەیەکم بۆ کرد کە وێنەکەی دا بە مەرجان. مەرجان سەیرێکی کرد و وتی:
ـ کچێکی جوانە! تا ئێستا چاوم پێی نەکەوتوە.
وێنەکەی دا بە تەرانە. ئەویش سەیرێکی کرد و سەرێکی ڕاوەشاند و دای بە شادی.
شادیش سەیرێکی وێنەکەی کرد و وتی: نە، چاوم پێی نەکەوتوە.
پانتی ئا وێنەکەی لێوەرگرت و سەیرێکی کرد و وتی:ـ بۆچی وادەزانن کە کەوتۆتە ئەم ئیشانەوە؟
ـ وا بیر ناکەمەوە!
پانتی ئا میترا وتی کە ئەو خوێندکارە، وایە؟
ـ خوێندکارە.
پانتی ئا کە وایە لەم شوێنانەدا نایدۆزیتەوە! کچێکی خوێنەوار کە باری ئابوری باشیشی هەبێ و تا ڕادەیەک بۆ خۆی ئازادی هەبێ، ئەم ڕێگانە ناگرێتە بەر! دڵنیا بن!
ـ ئاخر هەندێ شتی بە تەلەفون بە من وت. یانی بە شێوەیەک هەڕەشەی لێکردم!
میترا وێنەکەی لەپانتی ئا وەرگرت و هەروا کە سەیری دەکرد وتی:
ـ ناز دەکا! دەیەوێ سەرنجی ئێوە بۆ خۆی ڕابکێشێ!
پاشان جانتاکەی بۆ من گرت و وتی:
ـ ئەو بۆ هیچ شوێنێ نەڕۆیشتوە! لەوانەیە لەماڵی یەکێ لەهاوڕێکانی بێت.
ـ سەردانی هەموو هاوڕێ نزیکەکانیمان کردوە. هیچکامیان هەواڵیان لێ نیە.
میترا هەیانە! بە ئێوەی ناڵێن.
ـ ناکرێ خۆ لەگەڵ پۆلیسدا بڕۆین بۆ ماڵەوەیان!
میترا دەبێ بڕۆن بۆ بەر دەرگای نزیکترین هاوڕێی کیشک بن. خەریکە یاری مشک و پشیلەتان لەگەڵ دەکا!
ـ کاتێ کە لەماڵەوە ڕۆیشتوە زۆر تورەو زویر و لەوانەیشە دڵشکاو بووبێ!
میترا ئاخر چ کێشەیەکی دەبێ بوو بێ؟
ـ شێتێ پێی وتوە کە منالی دایک و باوکی خۆی نیە! پێی وتوە کە هی سەرە ڕێیە! فرێدراوە !
میترا ئەوان سەیرێکی یەکتریان کرد و هیچیان نەوت. منیش خۆم بە خواردنەوە نێسکافەکەوە خلاواند. نەختێ کە تێپەڕی پانتی ئا وتی:

- زۆر سەیرە کە هەندێ کەس بەم ئاسانیە قسەی یەکێ وەردەگرن!

- بەداخەوە وادیارە وەها بوە!

دیسان هەموویان بێدەنگ بوون کە من بە میترام وت: من زۆر حەز دەکەم کە شتێ بزانم! ئەگەر شتێکی ئاوا بۆ هەرکام لەئێوە بەدی بهاتبایە چیتان دەکرد؟

میترا سەیرێکی چاوەکانی کردم و هەروا وتی: مرۆڤ بۆ مرۆڤ فەرقی هەیە!

- یانی وەکو ئێوە!

میترا ئەگەر من خاڵۆزایەکی ئاوام بوایە. دەستیم دەگرت و لەگەڵیدا دەڕۆیشتم!

- بەڵام ئەو ئیشی وای نەکردوە و بەتەنیا ڕۆیشتوە!

میترا کە وایە ناتوانێ ماوەیەکی زۆر لێرە بمێنێتەوە!

- یانی تاران؟

میترا نە، ئێران! لێرە کچێکی تەنیا، ئەگەریش پارەی هەبێ، بە قورسی دەتوانێ بژێ! بەتایبەت کە دەبێ بۆ زانکۆکەیشی بڕوات! بۆچی تا چ ماوەیەک دەتوانێ خۆی حەشار بدا؟ یان دەبێ دەس لەخوێندنەکەی هەڵگرێ یان ئێوە لەڕێگەی زانکۆیەوە دەیدۆزنەوە!

- دەی بۆ زانکۆ ناڕوات!

میترا ئەی چی دەکا؟

- لەوانەیە خەریکی ئیشی نابەجێ بێت!

میترا نە، وانازانم! ئەو ئێوەی هەیە و دەزانێ کە نیگەرانی ئەون و خەریکن بە دوایدا دەگەڕێن. بە دڵنیایەوە خۆشیشی دەوێن! لەبەر ڕێزی عەشقیش بوە خەریکی ئەم ئیشانە نابێ!

- ئێمەش ئیتر بێتاقەت بووین!

میترا دەرەوە! ئەو بە دڵنیایەوە هەر دەڕوات بۆ دەرەوەی وڵات! تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش کە بووە. لەبەر ئەوە کە لێرەدا بۆی قورسە کە بژێ! لەماڵی هاوڕێکانیشی بۆ چەند ڕۆژێ زیاتر ناتوانێ بمێنێتەوە!

- یانی لەوانەیە بۆ دەرەوەی وڵات بڕوات؟

میترا بە بۆچوونێکی قایمەوە! وەکو سەفەرێکی توریستی! تورکیا، تایلەند، سەنگاپور.

- لەوانەیە بڕوات بۆ دوبەی؟

میترا دوبەی نە! لەوێ بۆ کچێکی تەنیا باش نیە!

- لەکوێوە دەبێ تێبگەم؟

میترا: ئاژانسەکانی موسافری! لەوانەیە هەر ئەو نزیکانەی ماڵەوەتان! ئەگەر ئاسراویکتان هەبێ زۆر بە ئاسانی دەتوانن بزانن. لەوانەیشە بیەوێ لەگەڵ تورێکدا بڕوات! پێناسەکەی پێیە؟

ـ نازانم!

میترا پەساپۆرتی بوو؟

ـ ئا.

نەختێ لەکوپەکەم خوارد و خەیاڵ بردمییەوە. خراپیان نەدەوت! هەر هیچ نەبێ ئەمەش شتێ بوو!

کوپەکەم دانایە سەر جێگەی خۆی و گارسۆنەکەم بانگکرد کە میترا وتی:

ـ دەتانەوێ چی بکەن؟

ـ بڕۆین بەشکم بتوانین شوێن پێیەکی لێ بدۆزینەوە!

میترا وابڕیارە نوسرەت بێت بۆ ئێرە!

ـ دەی دەڵێم کامیار دانیشێ و من دەڕۆم.

گارسۆنەکە هات و هەر کە ویستم حسابی مێزەکە بکەم میترا نەیهێشت و وتی:

ـ ئێمە لێرە پارە نادەین کاک سامان!

گارسۆنەکە پێکەنی و ڕۆیشت. زویر بووم. هەستێکی ناخۆشم هەبوو کە پارەی شتێ کە خواردبووم لەم پارانە درا بێت! سەیرێکی دەورو بەرم کرد و وتم:

ـ بۆ ئێرە پۆلیسی شتێ نایەت؟

هەموویان دەستیان بە پێکەنین کرد و وتیان: با دێت!

جا هەموویان بە دەستیان لاسایی پارەی قاقەزیان کردەوە و میترا وتی:

ـ باسی خانوە سەوزەکەتان بیستوە؟

ـ با بەڵام ئێرە زۆر ئاشکرایە!

میترا لەخوارووی شارەوەش لەم شوێنانە هەیە! زۆریش خراپتر! خۆتان خۆ شوێنێکتان چاو پێکەوتوە! تەنیا ئاشکرا نیە!

سەرم داخست و داوای لێبوردنم کرد و هەستام کە میترا لەگەڵمدا هەستا و ڕۆیشتین بۆ شوێنێ کە کامیار دانیشتبوو. هەر کە گەیشتم سەیرم کرد کامیار دەفتەرەکەی دەرهێناوە و کچەکان شتێ دەڵێن و ئەویش خێرا خێرا دەینووسێ! بە هێواشی لەپشتەوە ڕۆیشتم بۆ ژوور سەری و سەیری دەفتەرەکەیم کرد! سەیرم کرد نووسیویە:

وینۆس، ئیشی جمگە، هەشتی شەو بە دواوە! تەلەفون. . .

مەهتاب، سواوی ئیسک، دەی شەو بە دواوە! تەلەفون. . .

نایدا، فەقەرات، جارناجاری! تەلەفون. . . . ۰۹۱۱

بە هێواشی دەستم خستە سەر شانی، هەر کە ئاوڕی دایەوە و منی چاو پێکەوت خێرا دەفتەرەکەی داخست و وتی:

ـ چی بکەم وەڵلا! بۆ هەرکوێ دەڕۆم و بە هەر کەسێک دەگەم دەبێ ڕوی لێبنێم و ژمارەی لێوەرگرم بۆ ئەم نەخۆشینانەم! تۆ ئیشت تەواو بوو؟

مۆرێکم لێبردەوە و وتم: ئا هەستە بڕۆین.

کامیار بۆ کوێ؟

ـ ئیشم پێتە!

کامیار دەڵێم ها! نەختێ زیاتر لێرەدا بمێنینەوە لەوانەیە گەنم بێت! هەر دڵم خەبەری داوە کە هەر ئەمشەو، هەر لێرە دەیدۆزینەوە!

ـ یانی تۆ دەڵێی دێت بۆ ئێرە؟

کامیار من ناڵێم! ئەم دڵەم خەبەری دەدا! سەرم بردە بن گوێی و هێواش پێم وت:

ـ مردوشۆر ئەو دڵ و هەستەت ببەن! دەقەیەک دەگری! دەقەیەک عاشق دەبی! ئێستاش کە دانیشتوی و وازیش ناهێنی!

هێواش پێی وتم: تۆ دڵنیای کە ئەگەر لێرە هەستم و لەگەڵ تۆ بێم، دوایی پەشیمان نابمەوە؟ یانی دوایی هەست بە کەرێتی ناکەم؟

ـ نە، نایکەی.

دیسان بە کاو و خۆ وتی: یانی لەوانەیە مرۆڤێ ببێ کە ئەوەندە کەر و ولاخ بێت و واز لێرە بێنێ و لەگەڵ تۆدا بێت و داتەپێتە ماڵەوە و سەر لەئێوارە بنوێ؟

ـ ئا دەبێ.

کامیار بە دڵنیائیەوە ئەوەش منم!

دیسان کتوپڕ هەستا و وتی:

ـ بابە وازم لێبێنە دەی! تازە من دوای تەمەنێ پرس و هەواڵێک خەستەخانەیەکی پسپۆڕی باشم دۆزیوەتەوە! دەهێڵی هەر هیچ نەبێ نیوسەعاتێ لێرەدا خۆم دەرمان و چارەسەر بکەم یانە نە؟ تەوەرەی پزیشکی گاڵتە ناناسێ ها! ئەم نەخۆشینانە ئەگەر بنج داکوتێ ئیتر ناکرێ هیچی بۆ بکرێ ها!

کچەکان دەستیان بە پێکەنین کرد و یەکیان وتی:

ـ تەندروستی لەپلەی یەکەمدایە!

کامیار ڕوی تێکرد و وتی: کێ ئەمەی وتوە؟

یەکێ لەکچەکانپێکەنی و وتی: نازانم.

کامیار ڕوی کردە من و وتی: بڕوانە! ئەم دێڕە ئەفلاتون وتویەتی! ئیتر هزری ئەفلاتون لەهی من و تۆ خۆ زیاترە! تۆیش وەرە دانیشە بتبەم چاویکیان پێت بکەوێ و وەرەقەیەکیش بۆ تۆ بنووسن بەشکم لەبەر ئەم کاتە بەڕێزە کێشەی ئەو چاوانتە چارەسەر ببێت!

یەکێ لەکچەکان وتی: چاوەکانیان کێشەی هەیە؟

کامیار دەی هەر چاوی ئەو هەتیوە ئەمە ماوەیەکە داماوی کردوین!

کچەکە ڕویکردە من و وتی: بە ڕێکەوت من دوکتۆرێکی چاو دەناسم کە بەڕاستی شتی سەیر دەکات!

ـ نە خانمی بەڕێز، زۆر سوپاس. چاوەکانی من کێشەیەکیان نیە.

کامیار بەخۆم بڵێ گیانەکەم! واز لەمە بێنە! بە ڕێکەوت چاوەکانی من ماوەیەکە تروسکایی کەم بۆتەوە! ئەم دوکتۆرەی کە دەڵێی، کەی دەتوانین بە یەکەوە بڕۆین بۆلای؟

کچەکە هەر کات کە بتەوێ!

کامیار ئەی بە ساقەی ئەم دوکتۆرەی بم کە ئەوەندە خێرا کات بۆ بنیادەم دادەنێ! خێرا دەفتەرەکەی دەرهێنا و وتی: دەی، ئەمە لەئازاری جمگە و سوانی ئێسک و فەقەرات و کەم تروسکایی چاوەکانم! ماوە بەس جەرگ و زراو و ئەم دوو گورچیلە!

بە ڕای ئێوە گورچیلەکانم بە کێ بسپێرم باشە؟ چی بە باش دەزانن؟

کچەکان دەستیان بە پێکەنین کرد کە هێواش پێم وت: نوسرەت هەر ئێستا دێت ها!

درۆ! دەتەوێ من لێرەدا هەڵسێنی!

ـ نە بە گیانی تۆ! بڕوا ناکەی لەمیترا بپرسە!

کامیار میترا خانم، بڕیارە کە کاک نوسرەت بۆ ئێرە بێن؟

میترا سەرێکی ڕاوەشاند کە کامیار بە کچەکانی وتی: زۆر باشە، من جارێ دەبێ بڕۆم. بەلام لەبیرتان نەچێ کە هێشتا لێکۆڵینەوی تەواو نەکراوم! من هێشتا پێویستم بە دوکتور و پزیشک هەیە. بەلام ئەوەلای با بێ بۆ دانیشتێکی ترا



Scanned with CamScanner

یەکێ لەکچەکان وتی: ئێ. . . ! جارێ زووە بۆ ڕۆیشتن!

کامیار بە مەرگی باوکم خۆشم هەر ئەم بڕوایەم هەیە بەلام چی بکەم کە خەریکە کەسێکی بێ مێشک دێ بۆلام! میترا پێکەنی کە کامیار هەستا و وتی:

- ئۆف لەم کولنجە!

کچەکان دیسان دەستیان بە پێکەنین کرد کە دەستیم گرت و ڕامکێشا کە وتم:

- بابە ڕاوەستا پارەی دانیشتنەکە بدەم!

جا گارسۆنی بانگکرد و حسابی مێزی کچەکانی کرد و منیش ڕۆیشتم لەمەرجان و ئەوان دەست خۆشانە و ماڵئاواییم کرد و لەگەڵ میترا و کامیاردا لەکافی شاپەکە ڕۆیشتینە دەرەوە و کامیار سێ جگەرەی داگیرساند و دووانیانی دا بە من و میترا وتی:

- لەبیرم بێ ئەم باوکەیشم ببەم بۆ لای ئەم دوکتۆرانە! داماوەیش گرفتی فەقەراتی دوابڕاوی هەیە!

بە مۆڕێکەوە سەیریم کرد کە میترا وتی: نووسینگەی ناسراوت هەیە؟

کامیار نووسینگە بۆ چی؟

باسەکەم خێرا بۆ وت کە وتی: ئا! ناسراوم هەیە. بیرێکی خراپ نیە! با کاک نوسرەت بێت، جا دەڕۆین بۆ شوێنێ و ڕێکی دەخەین.

دە دەقە چارەکێ ڕابوارد تا کاک نوسرەت هات و هاتە پێشەوە و سەلام هەواڵپرسی کرد و وتی: هیچ نەبو؟

میترا نە. وا نازانم لەم ناوەدا بکرێ بدۆزرێتەوە. لەوانەیە لە ماڵی یەکێ لەهاوڕێکانیەتی.

نوسرەت ئەگەر ئیشێ شتێکتان هەیە و بە من دەکرێ، دریغی نیە!

سوپاسم لێکرد کە کامیار وتی: با کاک نوسرەت، ئیشێ هەیە! یانی باسێ هەیە!

نوسرەت هەرچییەک ببێت بە دل و گیان جێبەجێی دەکەم!

کامیار دەستت نەڕزێ. دەمەوێ ئەگەر ڕێبدەی چەند جارێ حیکمەت خانم چاو پێبکەوێ! دەمەوێ بزانم ئاکاری ئەو چۆنە! لەگەڵ ئاکاری مندا دەگونجێ یان نە!

لام کردەوە و سەیری نوسرەتم کرد. هەروا سەیری چاوەکانی کامیاری دەکرد! لەوانەیە بۆ دەقەیەک، هەناسەم سوار بووبوو! نەمدەزانی جوابی نوسرەت چیە! بەم شێوەیەی کە کامیار قسەکەی دەست پێکرد، وامدەزانی کە ئێستا نوسرەت هەڵیت و پەلیتێکی پێدەلێ و هەستێ و بڕوات، بەلام دوای ئەوەی کە لەوانەیە دەقەیەک دەقەیەک و نیو سەیری چاوەکانی کامیاری دەکرد، زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:

کەی دەتەوێ بڕۆی بە دوایدا؟!

...تدا چاو باشقاڵی نابینرێ! دەبینم!

...ر ئیستا!

... پێکەنینێکی تری کرد و لەگیرفانیدا موبایلەکەی دەرهێنا و ژمارەیەکی

وەرگرت و نەختێ دوای ئەوە وتی: ئەلەو! حیکمەت گیان!

ـ سەلام گیانەکەم! باشی!

ـ نە، هیچ نەبووە! تەنیا دەمویست شتێکت لێ بپرسم!

ـ نە، وتم خۆ! هیچ نەبوە!

ـ ئەم کاک کامیارەی ئێمە، دەیەوێ لەگەڵت قسە بکات. دەیەوێ بت بینێ! بێت بە

دواتا؟

نەختێ بێدەنگی داسەپا و جا نوسرەت پێکەنی و وتی:

ـ جارێ بۆ وانە خوێندن کات هەیە! بەس زۆر ئاسایی بە کاکەت بڵێ، بێت بە دواتا

یان نە! قسەی دڵت بڵێ!

وادیار بو کە حیکمەت جوابی نەدایەوە کە نوسرەت پێکەنی و وتی:

ـ بێدەنگی نیشانەی ڕازی بونە! دەڵێم بێت بە دواتا! ئامادەبە نزیکی ئەوێن!

ـ باشە، قەیناکا. دڵت ڕەحەتی ڕەحەت بێت.

ـ بڕۆ لەسەر خێر! جا تەلەفونەکەی داخست و پێکەنینێکی بۆ کامیار کرد و وتی:

ـ خوشکەکەم بە تۆ سپارد. هەتاکوو قەسەکانتان بەیەکەوە بکەن تۆ بە برای خۆم

دەزانم! بڕۆن لەسەر خێر!

ئەمەی کە وت، من هەناسەیەکی ڕەحەتم هەڵکێشا کە نوسرەت دیسان پێمان پێکەنی

و دەستی هێنایە پێشەوە و تەوقەی لەگەڵ کردین و خواحافیزیمان لەگەڵ کرد. لەگەڵ

میتراشدا خواحافیزیمان کرد و ڕۆیشتین بۆ لای ماشینەکە.

کە گەیشتینە لای ماشینەکە، کامیار وتی: تۆیش وەرە بڕۆین.

ـ نە، هەردووکتان بە یەکەوە بڕۆن باشترە. تەنیا ئاگات لێبی کە خوشکەکەی بە

دەستی تۆ سپاردوە!

کامیار نەختێ حەیا لەچاوەکانماندا ماوە شازادە!

ـ دەزانم!

کامیار تۆ چی دەکەی؟

ـ دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە.





Scanned with CamScanner

کامیار دەی با بتگەیەنم.

- نە، خۆم دەڕۆم. تۆ بڕۆ با درەنگ نەبێ، تەنیا کام نووسینگەیە ناسراوتە؟

کامیار بڕۆ بۆ نووسینگەی. . . کە نزیکی ماڵەوەیە. بەڕێوەبەرەکەی ناسراومە. بڵێ کامیار منی ناردوە. هەر لەوێوە تەلەفونێکم بۆ بکە هەتاکوو خۆم تێبگەیەنم.

- دەی موبایلەکەت دامەخە!

کامیار نە، دایناخەم.

- زوویش حیکمەت بگەیەنەرەوە ماڵەوەی.

کامیار باشە، دەیگەیەنم.

- خۆیشت خێرا وەرەوە بۆ ماڵەوە.

کامیار باشە دێم.

- یانی دەڵێم بۆ هیچ کوێیەکی تر مەڕۆ!

کامیار نە، ناڕۆم!

- من چاوەڕوانم ها!

کامیار منیش چاوەڕوانم!

- چاوەڕوانی چی؟

کامیار چاوەڕوانم تۆ بڕۆی، منیشم بە لای نا بەخێرم بڕۆم بە دوای ئەم کچەدا!

- دەڵێم بە ڕاستی حەزت لەحیکمەت کردووە؟ یانی دڵنیای دڵنیای؟

کامیار بەو نان و نمەکەی کە بەیەکەوە خواردومانە سوێند دەخۆم کە حەزم لەهەموو کچێکی شۆخە! خۆ تەنیا حیکمەت خانم نیە!

- زەهری مار! مەبەستم ئەمەیە کە دەتەوێ ببیە هاوسەری؟

کامیار من لەشەش ساڵیەوە لەگەڵ ئەم بیرەدا ژیاوم تا ئێستا!

- ئاخر لەلام سەیرە! چۆنە تۆ کتوپڕ عاشق بوویت؟

کامیار بۆ خۆشم سەیرە! لەوانەیە حەزێک بێت کە خێرا تێپەڕێ! هەر دەتەوێ دوو سەعات بەیەکەوە دانیشین و لەسەری قسە بکەین؟

جا کتوپڕ هاواری کرد:

- بابە ئەگەر لێرەدا من بە قسە بگری، کچەکە هێشتا نەبووە بە هاوسەرم داوای تەلاق دەکات! بڕۆ لەدوای ئیشتدا ئیتر! چ مرۆڤێکی سمج و ناوەختێکە ها!

- ئاوا ڕۆیشتم! وتت نووسینگەکە لەکوێیە؟

کامیار بڕوانە، هەر ئەم کۆلانەی ماڵەوەمان دەگری و دەڕۆیتە خوارەوە. ئەوەندە دەڕۆی هەتاکو دەگەی بە سەر گۆڕی باوکت! هەر لەتەنیشتی گۆڕی باوکتەوەیە! بڕۆ ئیتر!

ـ دەی بخنکێی!

دو جنێویشی لەژێر لێوەوە پێدام و ڕۆیشت سەر ماشنەکەی کەوت کە لەدوا چرکەدا پێی وتم: بە هیوای سەرکەوتن! جا بەنزینی دایەی و ڕۆیشت!

ڕاوەستام و پێی پێکەنیم! کتوپڕ هەستم بە تەنیایی کرد! هەتا کاتێ لەلای کامیاردا بوم هەر کاتی بیرکردنەوە و زوویر بوون و خەفەت خواردنم بۆ نەدەڕەخسا بەڵام هەر کە بە تەنیا دەمام خەم و خەفەتی دنیا دەڕژایە ناو دڵم.

بە کورتی ڕۆیشت بۆ سەر شەقامەکە و نەختێ دوای ئەوە ماشینێ سەری خستم و ڕۆیشتم بۆ شوێنێ کە کامیار ئەدرەسی پێدابووم. نووسینگەیەکی کەشخە و گەورە بوو. ڕۆیشتمە ژوورەوە و هەواڵی بەڕێوەبەرەکەیم پرسی و هەر کە ڕۆیشتم بۆ لای و خۆم ناساند زۆر ڕێزی لێگرتم.

دیار بوو کە کامیار خۆی تەلەفونی بۆ کردبو و ئیشەکەی ڕێک خستبوو.

جا لەدوای ئەوە کە قاوەیان بۆ هێنام، باسەکەی لێ پرسیم و منیش ناو و نیشانی گەنمم پێدا. ئەویش بە کارمەندێکی وت کە سەیری کۆمپیوتەرەکەی بکات.

تازە قاوەیان بۆ هێنابووم کە کارمەندەکەی لیستێکی هێنایە پێشەوە و وتی کە ناوی گەنم لەلیستی یەکێ لەتۆڕەکانیاندایە کە بڕیارە سێ ڕۆژێتر بڕوات بۆ تورکیا! هەر بڕوام نەدەکرد! تەنیا بێدەنگ سەیری کارمەندەکەم دەکرد کە بەڕێوەبەری نووسینگەکەی وت:

– هەڵبەت ئێمە هەگیز ناوی کەس ناخەینە بەردەستی کەس، بەڵام ئیتر کاتێ کاک کامیار داوایان کردوە، بەگوێ نەکردنی هەر ناگونجێ!

ـ زۆر زۆر سوپاس، بەس دەمەوێ بزانم کە هەڵەیەک نەبووە؟

بەڕێوەبەری نووسینگەکە سەیرێکی کارمەندەکەی کرد و ئەویش وتی:

ـ نە! هەموو ناونیشانەکە ڕاستە!

ـ ببورن، ئەو پەساپۆرتی هەبووە؟

کارمەند بەڵێ! پەساپۆرتەکەی لێرەیە!

ـ دەکرێ ئەدرەس و ژمارە تەلەفونێ کە پێی داون بە منی بدەن؟

کارمەند سەیرێکی بەڕێوەبەری نووسینگەکەی کرد و ئەویش ئیشارەیەکی پێکرد

و کارمەندەکەیش ڕۆیشت بۆ لای میزەکەی و دەقەیەک دوای ئەوە بە وەرەقەیەکەوە هاتەوە و دای بە من. بە پەلە سەیرم کرد! ئەدرەسی شەقایەق، هاوڕێکەی بوو! بە تاوێ بیرم کردەوە کە نەکا هەروا ئەدەرسەکەی دابێ! بۆم زۆر سەیر بوو کە توانیبێتم شوێنی گەنم بدۆزمەوە! بۆیە بە کارمەندەکەم وت:

- ببورن، ئێوە دڵنیان کە ئەوان دانیشتوی ئەم ئەدرەسەن؟

کارمەند بە سەرسووڕماوییەوە وتی:

- بەڵێ! من خۆم دوێنی بە تەلەفون قسەم لەگەڵ کرد و بەر ڕێکەوت بڕیار بوو کە ئەمڕۆ بلیت و پەساپۆرتەکەیان بۆ بنێرمەوە!

- دەکرێ کە من بلیت و پەساپۆرتەکەی بۆ ببەمەوە؟

دیسان سەیرێکی بەڕێوەبەرەکەی کرد کە ئەویش وتی:

- قەیناکا بەس عەیب نەبێ. ئەوان چی ئێوەن؟

- کچی پورمە!

بەڕێوەبەری نووسینگەکە ئیشارەیەکی بۆ کارمەندەکەی کرد و ئەویش ڕۆیشت کە بلیت و پەساپۆرتەکە بهێنێ بۆم و هەر لەم ماوەیەدا بە بەڕێوەبەرەکەم وت:

- دەکرێ داواکارییەکم لێتان هەبێ؟

بەڕێوەبەرەکە تکا دەکەم! فەرموون!

- ئەگەر دەکرێ تەلەفونێکم بۆ ئەو ژمارەیە بۆ کەن. دەمەوێ منیش گوێ بگرم کە بزانم خۆی جواب دەداتەوە یان هەروا ئەدرەسی داوە!

نازانم بەڕێوەبەرەکە لەگەڵ کامیاردا چ سەر و سرێکی هەبوو کە داماوە نەی پێ نەدەوتم! خێرا تەلەفونەکەی هەڵگرت و ژمارەکەی وەرگرت و بە منی وت کە ئەو تەلەفونەکەی تر هەڵبگرم! منیش خێرا تەلەفونەکەم هەڵگرت کە دەنگی کچێ هات! بەڕێوەبەرکە چاک و چۆنی کرد و داوای کرد کە لەگەڵ گەنم قسە بکات! نەختێ دوای ئەوە گەنم هات و تەلەفونەکەی وەرگرت و هەر کە وتی ئەلۆ، ئیشارەم لەبەڕێوە بەرەکە کرد کە خۆیەتی! ئەویش لەدوای سەلام و هەواڵپرسی پێی وت: کە تا نیوە سەعاتی تر بلیت و پەساپۆرتەکەی دەنێرنە بەرماڵەوە! جا خواحافیزی کرد و تەلەفونەکەی داخست! ئەوندە خۆشحاڵ ببوم کە لەدوای سوپاسێکی زۆر، خواحافیزیم کرد و لەبیرم چوو کە بلیت و پەساپۆرتەکە هەڵگرم و کارمەندی داماو بەدوومادا ڕایکرد و هاتە سەرشەقامەکە و ئەوانەی پێدام!

بە پەلە هەر لەوێوە ماشێنێکم گرت و ڕۆیشتم بۆ لای ماڵی شەقایەق. بیست دەقیقەیەک دوای ئەوە گەیشتم و دابەزیم و حسابی تەکسییەکەم کرد و وتم بڕۆ. جگەرەیەکم دەرهێنا و دامگیرساند و نەختێ ڕاوەستام هەتاکوو نەختێ ئارام ببمەوە. جا زەنگی دەرگام لێدا. شەقایەق جوابی دایەوە و منیش وتم لەلایەن نووسینگەکەوە هاتوم و دەبێ بلیت و پەساپۆرتەکە بدەمە دەستی گەنم خۆی. ئەویش خێرا دەرگای کردەوە و وتی ئێستا خۆی دێت!

ئیتر چ حاڵێکم هەبوو با بمێنێ! تەنیا ئەم یەک دوو دەقەیە کە مابوی هەتاکوو گەنم دەرگاکە بکاتەوە، ئەتوت بۆم بۆتە دوساڵ! ئاخری دەرگا کرایەوە و گەنم هاتە دەرەوە! سەروسیمای ئەو سەیر بوو! هەر کە چاوی بە من کەوت تەنیا پاڵی بە دەرگاکەوە دایەوە کە نەکەوێ بە عەرزا!

دوو سێ دەقەیەک هەروا بەس یەکتریمان سەیر کرد کە پێم وت:

ـ من ئیشی خۆمم کرد! نەگەیشتمە درەنگیش!

گەنم وەرە ژوورەوە.

ـ نە! ئێرە باشە.

گەنم چۆنت توانی؟

ـ بڵێم تۆ تێناگەی! فەرقیش ناکات! تەنیا ئەو بزانە! ویستم و دۆزیتمەوە!

گەنم ئێستا دەتەوێ بە زۆر بمبەیتەوە بۆ ماڵەوە؟

ـ نە! بلیت و پەساپۆرتەکەم بۆ گرت و وتم:

ـ هیچ زۆر و پێداگرییەک لەئارادا نیە! بیگرە!

دەستی درێژ کردەوە و پاکەتەکی لێ وەرگرتم

ـ من ئیتر ئەڕۆم.

ویستم ڕێبکەوم کە بانگیکردم و بە سەر سوورماوییەوە وتی:

گەنم بۆ کوێ؟

بۆ ماڵەوە.

گەنم ئیتر بە دوامدا ناگەڕێیت؟

ـ کاتێ دۆزیتمەوە، ئیتر بە دوای چیدا بم؟

گەنم ئێستا دەتەوێ بڕۆی؟

ـ ئەم یارییە ئیتر تەواو بوە! وەکو یاری کاتی منالی، کاتێ بۆ نانی نیوەڕۆ یان ئێوارە

بانگیان دەکردین! یان وەکو کاتێ کە لەباخەکەدا قەرا قەرامان دەکرد و ئەوی کە چاوی دەنووقاند، هەموی دەدۆزییەوە!
منیش تۆم دۆزیوەتەوە. یاری ئیتر تەواو بوە!
گەنم من دۆڕاندم!
- نە! تۆ بردتەوە، چونکە منت بە دوای خۆتا هێنا!
گەنم یانی تۆ دۆڕاندت؟
- نە، منیش براوەم! چونکە تۆم دۆزییەوە! ئێستا ئیتر هەر ئیشێ کە حەز دەکەی بیکەی بیکە. خۆت دەزانی.
گەنم من ئیتر بۆ ئەو ماڵە نایەمەوە!
سەیرێکیم کرد و ڕوی تێکرد و وتم:
- حەقی خۆیەتی کە ئێستا زللەیەکت لێبدەم! لەبەر خۆم! لەبەر کامیار ئەو بەستەزمانە کە چەندە بە دواتا گەڕا! لەبەر ئەو باوەگەورە داماوە کە چەندە خەریکە خەفەت دەخوات! لەبەر ئەو باوک و دایکەت کە چاوێکیان فرمێسک و چاوێکیان خوێنە! بەلام شتی ئاوا ناکەم! چونکە. . . ئیتر ئەوەلای قسەکەم نەوت کە خێرا وتی:
- چونکە چی؟
- چونکە ڕقم لێتە! چونکە لاوازی!
ئەمەم وت و ڕێکەوتم. چەند هەنگاوێ ڕۆیشتم، کتوپڕ ڕایکرد بە دوامدا و دەستی گرتم و ڕایوەستاندم و وتی: یارمەتیم بدە سامان!
- من ناتوانم هیچت بۆ بکەم! تەنیا کەسێ کە دەتوانی یارمەتیت بدا، خۆتی!
ڕۆیشت و پاڵی بە دیوارەکەوە دایەوە و وتی: خۆم ناتوانم دەبێ چیبکەم!
بەسەریدا قیڕاندم و وتم: ڕاستییەکە قبول بکە!
گەنم ڕاستییەکەی ئەمەیە کە من بنەماڵەیەکم نیە!
- هەتە! هەر ئەو ژن و پیاوەی کە شەو و ڕۆژ خەریکن بۆت دەگرین!
گەنم ئەوان باوک و دایکی من نین!
- با هەن! باوک و دایکی تۆ، هەر ئەوانن!
گەنم ئەگەر بڕیارە یەکێ باوک و دایکی من بێ، بۆچی نەڕۆم بەدوای باوک و دایکی خۆمدا بگەڕێم؟
- تۆ نازانی باوک و دایکی ڕاستی تۆ کێ بوون؟ هەر دەزانی ئەگەر لەلای ئەوان

بمایتایەتەوە چ چارەنووسێکت دەبوو؟

گەنم هەرچییە کە بوون، هەر هیچ نەبێ ڕاستی بوون!

ـ ئا، ڕاست دەکەی! بەڵام بزانە، داماوی ڕاستییەکە! کوێرەوەری ڕاستییەکە! نەبوونی ڕاستییەکە! برسێتی ڕاستییەکە! ئەمانە هەموو ڕاستییەکن کە تەنانەت تۆ بۆ یەکێشیان خۆت پێ ڕاناگیرێ!

ـ ئەوان عەشق و خۆشەویستی باوک و دایکمیان لێ سەندم!

ئەمجارە ئیتر بەسەریدا قیڕاند و وتم:

ـ ئەگەر لەلای باوک و دایکی ڕاستیدا بوایەیت، هیچ عەشق و سۆزێکت نەدەدۆزییەوە! هەر سۆز و خۆشەویستی لەئارادا نەبووە! تەنیا داماوی و کوێرەوەی بووە! تەنیا تاسە! تاسە تەنانەت نانێکی خۆش! بەڵام کە ئێستا هەموو ئەمانەت هەیە با بوەستێ، زۆر لەڕادەبەدەر عەشق و سۆزیان بۆ تۆ هەیە! بەڵام تۆ تەنیا بە دوای خەیاڵێکدای! وەکو ئەم فلیمانە!

گەنم بۆچی تۆ دۆزیونەتەوە؟

ـ بە دوایاندا گەڕام و زانیم کە لەبەر نەبوونی تۆیان فرۆشتوە! تێدەگەی یانی چی؟ یانی تۆیان بە پورێ ئەوانە فرۆشتوە کە خەرجی ساڵێکیان دەربێنن!

تەنیا سەیری کردم! ڕۆیشتمە بەردەمی و قۆڵەکانیم گرت و بە هەر دێڕ کە قسەکەم، بە توندی لەشیم ڕاوەشاند و وتم:

ـ تێدەگەی؟ تۆیان فرۆشتوە! دەزانی کامیار چی ناو لێناون؟ پشیلە! پشیلەیەک کە کاتێ چەند بێچووی دەبێ، یەکیان دەخوا! تێدەگەی؟

ئیتر هەر بەدەستی خۆم نەبوو! ئەوەندە لێی تووڕە بووم کە نەمدەزانی خەریکم چیدەکەم! کاتێ بە خۆمدا هاتمەوە کە نزیک بو قۆڵی بشکێنم!

کتوپڕ سەیرم کرد شەقایەق بە شێوەی ڕاکردن لەماڵەوە هاتە دەر و هەر کە منی چاو پێکەوت، پەشۆکا و هەروا کە لەبەر دەرگا وشک بوو! گەنمیش دەستی بە گریان کرد و لەسەر عەرز دانیشت! بێزم لەخۆم هاتەوە کە بۆچی شتی ئاوام کرد! جگەرەیەکم لەگیرانم دەرهێنا و داگیرساند و ڕۆیشتمە پێشەوە و پاڵم بە درەختێکەوە دایەوە و پشتم لێکردن.

شەقایەق وردە وردە ڕۆیشت بۆ لای گەنم و لای دانیشت. بۆ چەند دەقیقەیەک هەرسێکمان بێدەنگ بووین. کاتێ جگەرەکەم تەواو بو ڕۆیشتم بۆ لای و پێم وت:



Scanned with CamScanner

- باوک و دایکی تۆ هەر ئەوانەن کە گەورەیان کردوی و عەشقیان پێشکەش کردوی! هەر ئەوانەن کە هێشتا قسە لەدەمت دەرنەهاتوە، هەرچیت ویستوە بۆیان ئامادە کردوی! هەر ئەوانەن کە تۆیان لەناو پەڕی قودا گەورە کردوە! لەبەر هیچیش ئامادە نین کە بتفرۆشن! ئێستا ئەگەر خوا نەیویستوە کە منداڵیان بێ، هۆی ئەوە نیە کە نەیانتوانیوە باوک و دایکی باش بوو بن! باوک و دایک بوون و باشیش بوون! ئەگەر تۆیان لەباوک و دایکی ڕاستی خۆت سەندوە، دڵنیا بە کە زۆر باشتر لەئەوان خۆشتیان ویستوی و ئاگایان لێت بووە! ڕاستی ئەمەیە!

ئەمانەم وت و ڕێکەوتم بۆ لای شەقامەکە! لەدڵمدا خواخوام دەکرد کە بە دوامدا بێت بەڵام نەهات! بۆ تاوێ لەبەر خۆمەوە وتم: کە بگەڕێمەوە بەڵام سەیرم کرد کە سوودی نیە! دەبێ خۆی بڕیار بدا!

سەرم داخست و درێژەم بە ڕێگەکەمدا. لەکۆتایی شەقامەکەدا بووم کە دەنگی ڕاکردنیم بیست بەڵام ئاوڕم نەدایەوە کە سەیری بکەم کە کتوپڕ لەدوورەوە دەنگیم بیست!

- سامان! سامان!

ڕاوەستام و ئاوڕم دایەوە. خەریک بوو ڕایدەکردا! هەر کە پێم گەیشت باوشی پیا کردم و وتی: یارمەتیم بە! من نازانم چیی باشە و چی خراپە! یارمەتیم بە!

هێدی دەستم بە قژیدا هێنا و بۆ لای ماڵی شەقایەق گەڕامەوە. شەقایەق هەر لەوێ ڕاوەستا بوو وسەیری دەکردین.

دەستیم گرت و لەگەڵ خۆم بردم و لەسەر شەقامەکە ڕێم لەماشینێ گرت و سەر کەوتین و ئەدەرسی ماڵەوەم پێدا.

بەشی حەوتەم

«نزیک بیست دەقیقەیەک دوای ئەوە گەشتینە بەر ماڵەوە و کرێی سەیارەکەمان دا و دەرگاکەم بە کلیل کردەوە و ڕۆشتینە ژوورەوە کە مەش سەفەر لەپەنجەرەی ماڵەکەیەوە ئێمەی بینی و ڕایکردە دەرەوە و هەر کە گەشت پێمان، دەستی بەگریان کردو دانیشت و خاکەکەی ماچ کرد و هەستایەوە! «

مەش سەفەر لەکوێی خانم گیان؟ بە خوا جەرگم لەت لەت بوو! ئاخر کچێکی عاقڵ وەکو ئێوە لەم ئیشانە دەکا؟

«گەنم سلاوی لێ کرد و زەردەخەنەیەکی بۆ کرد کە مەش سەفەر فرمێسکەکانی سڕی و هاتە پێشەوە و سەری گەنمی ماچ کرد و وتی»

- خوایە سەد هەزار جار سوپاس بۆتۆ! بە خوا خێرم کردبوو کە ئەگەر بتدۆزنەوە، لاکە گۆشتێ بکڕم و بیدەم بە فەقیر!

«کتوپڕ ژنەکەی مەش سەفەریش لەهەمان کاتدا کە نیوە و ناتەواو چارشێوەکەی بە سەریدا دابوو لەماڵەوە ڕایکردە دەرەوە و بە گریانەوە خۆی بە ئێمە گەیاند و هەر کە گەیشت خۆی فڕێدایە باوەشی گەنم! ئیتر ئەو بگری و گەنم بگری!

ئاماژەم لەمەش سەفەر کرد کە ژنەکەی بانگ بکات و جا دەستی گەنمم گرت و بردم بۆ ماڵی باوەگەوەرە و هەروا کە دەرۆشتین وتم:

- عەشق یانی ئەمە! سۆز یانی ئەمە! ئەمانە خۆ ئیتر تۆیان نەدزیوە؟ ئەی بۆچی ئەوەندە تۆیان خۆش دەوێ؟

کوتوپڕ ڕاوەستا و سەیرێکی ئەم لا و لای خۆی کرد و وتی:

- چەندە بێتاقەتی ئەم باخە بووم! چەندە بۆ ئەم باخە بێ تاقەت ببووم!

- بۆچی تۆ ئەم باخەت دروست کردوە کە خۆشت ئەوێ و دڵتەنگی دەبی؟ بۆچی ئەم درەختانە تۆ ناشتووتە کە ئەگەر چەند ڕۆژێ نەیانبینی دڵتەنگیان دەبی؟

«سەیرێکی کردم و هیچی نەوت و دیسان دەستم گرت و بردم بۆ ماڵەوە. کاتێ دەستی لەناو دەستمدا بوو، حاڵێکی سەیرم تیا بەدی هات و بێ ئاگا دەستیم بە توندی گوشی کە ڕوی تێکردم و سەیری چاوەکانی کردم و پێم پێکەنی!

بە کورتی هەر کە گەشتینە بەر دەرگای ماڵی باوەگەورە کە سەیرم کرد وا دیار بوو لەپشت شوشەکەوە ئێمەی بینیوە و هاتبوە دەردوە! خێرا دەستی گەنمم بەردا کە باوەگەورە لەقادرمەکان هاتە خوارەوە و گەنم ڕایکردە باوەشی! زانیم کە لەم ماوەیەدا زۆر دڵتەنگی باوەگەورە و ئەم باخە و بە کورتی هەموان بووە! لەوانەیە لەم ماوەیەدا دەیویست ئێمە بڕۆین بە دوایدا بگەڕێین و بیدۆزینەوە کە هەر هیچ نەبێ ئەم هەستەی بێ کە دەمانەوێ و خۆشمان دەوێ!

کاتێ چەند دەقەیەک هەردووکیان گریان، باوەگەورە سەیرێکی منی کرد و وتی:

- کوا کامیار؟

- ئەویش ڕۆشتوە شوێنێکی تر بگەڕێ!

باوەگەورە تەلەفونێکی بۆ بکە و بڵێ خێرا بێتەوە.



Scanned with CamScanner

- بەسەر چاو.

باوەگەورە: خۆیشت برۆ هەواڵ بدە بە پورت کە گەنم گەڕاوەتەوە، لەسەرخۆ پێی بڵێ! کتوپڕ نەیڵێی ها تێک دەچێ!

- بە سەر چاو.

«ئەمەی وت و دەستێکی بە قژی گەنمدا هێنا و لەگەڵ خۆیدا بردیە ژوورەوە. لەخولەکی کۆتاییدا گەنم لای کردەوە و سەیری کردم. ئیتر هەر حەزم نەدەکرد کە چرکەیەک لێی جیا بمەوە! بەڵام بە مەجبوری ڕۆشتم بۆ ماڵی خۆمان هەر کە گەشتم، دیسان دایکم و باوکم دەستیان بە شەڕکردن لەگەڵ مندا کرد! یەکێ ئەمەی دەوت، یەکێ ئەوەی دەوت! منیش بەس ڕاوەستا بووم و سەیرم دەکردن کە دایکم بە گژ باوکمدا چو و وتی:

- تۆ بۆ ئەوەندە بە سەریدا دەقیڕێنی؟

باوکم خۆیشت خەریکی بەسەریدا دەقیڕێنی!

دایکم من دایکیم!

باوکم دەی منیش باوکیم!

دایکم وازی لێ بێنە ئێستا هیلاکە!

باوکم ئاخر من نابێ بزانم ئەم هەتیوە لەکوێیە؟

ڕۆشتمە پێشەوە و ڕومەتی هەردوکیانم ماچ کردو باسەکەم بۆ گێڕانەوە و پێم وتن کە دایکم قیژەیەکی کرد و دەستی بە گریان کرد! باوکیشم لەپەسا خوا شوکری دەکرد کە پێم وتن دەڕۆم بە پورێ ئەوانە بڵێم.

ڕێکەوتم بۆ ماڵی پورێ ئەوان و هەرکەگەشتم، بیری ڕۆژێکم کەوتەوە کە بە دزییەوە سەیری گەنمم دەکردو بۆ یەکەمجار هەستم کردکە خۆشمدەوێ! ئەم ماوەیە ماڵەکەیان ئەتوت ماڵی مردوە! هەموو گڵۆپەکانی کوژاوەبوو و دەنگی لێوە دەرنەدەهات! داماوانە چیبان بەسەر هاتبوو! بەس لەترسی باوەگەورەکە بوو کە هەواڵیان بە پۆلیس نەدەدا و نەگینا تاکو ئێستا وێنەی ڕۆشتبووە ناو ڕۆژنامەکان! سەیرێکی ماڵەکەم کرد. وتم لەوانەیە نەبن! بە هێواشی چەن تەقەیەکم دا لەدەرگا و ڕاوەستام کە کتوپڕ ئاغای مەنوچیهری هاتە دەرەوە و هەر کە منی بینی دەستی بە گریان کرد و وتی:

- مامە دەنگ و باس؟ داماوە ڕوخساری وەها لاواز ببو کە ئەت وت شەش مانگە هیچی نەخواردووە!

ـ سەلام ئاغای مەنوچێهری، چۆنن؟ سەرێکی لەقاند و وتی:
ـ هەواڵێکت لێی نییە؟
ـ با، بێ هەواڵی بێ هەواڵ نیم. پەشۆکا و وتی:
ـ تەلەفونی کرد؟ زانیت لەکوێیە؟
ـ ئێستا پێتان دەڵێم! پوریێ لەکوێیە؟
ـ لەژوورەکەیدایە! حاڵی باش نییە! کەی تەلەفونی کرد؟
ـ ئەگەر ڕێم بدەن سەردانێکی پوریێ بکەم!
تازە زانی کە لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستاوە! خێرا لاچو و وتی:
ـ وەرە ژوورەوە عەزیزم! ببورن! ببورن! ڕێک وەک مانگام لێهاتوە!
ـ وامەڵێن! دوور لەئێوە!
هەردووکمان ڕۆشتینە ژوورەوە. هەموو گڵۆپەکان کوژابویەوە. ئەوەندە دڵم تەنگبوو
کە هەر باسی ناکرێ! ئاغای مەنوچێهری چراکانی هەڵکرد و وتی:
ـ پورت ناهێڵێ چرا لەماڵەوە هەڵکەم! حەقیشیەتی بەخوا! ئەڵێی بۆمبیان خستوتە ناو
ماڵ و ژیانمان! نازانم کام چاو پیسە، چاوی لێداوین!
ـ بە هیوای خوا هەموو شتێ چاک دەبێ! خۆتان زیز مەکەن!
لەدەنگی من، پوریێ لەژوورەکەی، لەقاتی سەرەوە هاتە دەر و هەر کە گەشتمە بەر
قادرمەکان، سەیرم کرد لەسەروی قادرمەکان ڕاوەستاوە و خەریکە سەیرم دەکات!
ڕەنگی بە ڕووەوە نەمابوو ڕەنگی وەکو گەچی دیواری لێهاتبوو. لەڕ، لاواز، بێهێز! گرم
تێ بەر بوو بۆی!
ـ سەلام پوریێ گیان! هەر دەنگی دەر نەدەهات! هێواش شتێ وەکو جوابی سلاوی
دامەوە کە خێرا ڕۆشتمە سەر و لەگەڵ خۆمدا وردە وردە هێنامە خوارەوە! داماوە
لەسەر پێ خۆی نەدەگرت!
بردم بەرەوە ژووری میوان و دامنیشاندە سەر موبلێک و کە سەیرێکی منی کرد و
هێواش وتی: هەواڵێکی لێ نەبوو پوریێ؟ لەدوای مردنی من دەتەوێ بیدۆزیتەوە؟
ئەمەی وت و دەستی بە گریان کرد، بەلام دەنگی گریانی وەکو دەنگی کۆکەی
لێهاتبوو!
ـ پوریێ گیان بێ هەواڵ نیم لێێ! هەر کە ئەمەم وت چاوەکانی کرانەوە.
ـ خەریکە دڵی نەرم دەبێ پوریێ گیان! لەوانەیە هەر لەم چەند ڕۆژەدا جێگەی

بدۆزینەوە! سوێند بەخوا بە چاوی خۆم بینیم کە ئەتوت گیانێکی نوێ کرا بە لەشی پورم و مێردەکەیدا!

پورم لەکوێیە پورێ؟ چی پێ وتی؟ کەی قسەت لەگەڵ کرد؟

ـ ئارام بە پورێ! نەختێ لەمەو بەر قسەم لەگەڵ کرد!

ـ چی وت پورێ؟ حاڵی چۆن بوو؟ لەگەڵ کێ بوو؟

ـ ئارام بە تو خوا! حاڵی باشی باشە!

پورم منوچێهری چراکان هەڵکە بزانم!

ئاغای مەنوچێهریش کە نەختێ گەشابویەوە، هەموو گڵۆپەکانی هەڵکرد کە وتم:

ـ ببورن ئەگەر ئەرک نییە پەرداخێ ئاو. . .

قسەکەم تەواو نەبوو بوو کە پورم وەکو ئیسپرینگ لەجێگەی خۆی ڕاپەڕی و ئاغای مەنوچێهری زووتر ڕایکرد بۆ چێشتخانەکە! مەبەستم ئەمە بوو کە وردە وردە پێیان بڵێم! چونکە بەو بار و دۆخەی کە ئەمانە بویان، ئەگەر کتوپڕ لەوێوە بموتایە گەنم گەڕاوەتەوە، هەردووکیان، هەر لەوێردا دڵیان دەوەستا! هەر کە ئاویان بۆ هێنام قومێکم خواردەوە و وتم: وادیار دەیەوێ بێتەوە! ئێمە قسەمان زۆر لەگەڵ کردووە!

پورم یاخوا بم بە ساقەت پورێ! یاخوا خێر لەخۆت ببینی! کەی دێتەوە پورێ گیان؟ کەی؟

ـ سبەی دوو سبەی وادیارە دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ ماڵ!

کتوپڕ ئاغای مەنوچێهری کە دڵی پڕ ببوو، دانەوی و سوژدەی برد و وتی:

ـ ئەی قاصی الحاجات شوکر بۆ تۆ! ئەی ڕەحمان الرحیم شوکر بۆ تۆ! ئەی. . . پورم کە تەنیا سەری خستە سەر شانی من کە لەپاڵیدا لەسەر موبلەکە دانیشتبوم و دەنگێک لەگەرویەوە دەهات کە نەختێ لەدەنگی گریان ئەچوو! خۆشم دڵم پڕ بوو بوو، بەلام دەمتوانی چیبکەم؟ دەبوا وردە وردە پێم بوتنایە! بیری ئیشەکانی کامیارم کەوتەوە کە لەم کاتانەدا چی دەکرد!

ـ ببورن، میوەیەک شتێکتان نیە لەماڵەوە؟

ئاغای مەنوچێهری ڕایکرد بۆ چێشتخانەکە و تاوێ دوای ئەوە گەڕایەوە و سێوێکی سیسی لەگەڵ خۆی هێنا و وتی:

ـ ببورە مامەگیان بەلام بەس ئەمەمان هەیە! ئاخر ئەم ماوەیە. . . نەمهێشت قسەکەی تەواو بێت و وتم:

ـ بەخوا من شەرمەزارم بەڵام من بە تایبەتی ئاوادەکەم کە ئێوە نەختێ هێمن ببنەوە و بتوانم قسەی خۆم بکەم!

دوای ئەوە دەستم کرد بە پێکەنین کە وردە وردە بزانن هەواڵێکی خۆشم هەیە بۆیان! هەردووکیان بەس سەیری دەمی منیان دەکرد کە وتم:

ـ هەواڵێکی خۆشترم بۆتان هەیە! پورم بەس دەستی گرتم و گوشی کە وتم:

ـ بەڵام دەبێ ئارام بن! باشە؟

پورم تو گیانی باوکت خێرا پێم بڵێ! تو گیانی دایکت خێرا پێمان بڵێ!

ـ دەبێ ئارام بن پورێ گیان! دڵە خورپێ بۆ ئێوە باش نییە!

پورم باشە! باشە! من هێمنی هێمنم! بەس بڵێ ئەو هەواڵە خۆشەت چییە؟

ـ گەنم ئێستا لێرەیە! لەماڵی باوەگەورەکە!

هەر کە ئەمەم وت پورم منی پاڵ پێوەنا بۆ لایەک و لەجێگەی خۆی هەستا و بە پێخاوس لەماڵەوە ڕایکردە دەرەوە و بە دوایدا ئاغای مەنوچێهریش ڕایکرد! منیش مامەوە بە تاک و تەنیا لەماڵەوە! ئەوەندە بە خێرا ڕایان کرد کە بڕوام نەدەکرد! پێکەنینم بە خۆم دەهات و هەستام و بەدوایاندا ڕامکرد! کە پێم لەماڵەوە نا دەرەوە بینیم پورم ئەوان هەر دیار نین!

ڕامکرد بەرەو ماڵی باوەگەورە و لەدوورەوە سەیرم کرد کە پورێ داماوم چوار دەست و پێ لەپلەکانەکانی ماڵی باوەگەوەرە خەریکە دەڕواتە سەرەوە! وەها ئەم هەواڵەگیانی گیانی بەبەرا کردبوو کە من بە توزەکەشیان نەگەشتم!

خێرا خۆم گەیاندە ماڵی باوەگەورە کە سەیرم کرد دایکم و باوکم لەوێن! پورم کەوتبو بە سەر گەنمدا و لەڕاستیدا خەریکبوو لەتەوقی سەر تا نوکی پێی ماچی دەکرد! ئاغای مەنوچێهری کە هەر لەو لاوە بورابوویەوە و باوکم خەریکبوو باوەشێنی دەکرد! دایکیشم خەریکبوو بە زۆر پورێی لەگەنم جیا دەکردەوە! گەنمیش ئالابوو بە پورێدا و وازی لێ نەدەهێنا! بەڕاستی دیمەنێکی سەیر و جوان بوو! دەنگی گریانی گەنم لەهەمووان بەرزتر بوو! دەگریا و دەیقیژاند! لام کردەوە سەیری باوەگەورەم کرد کە خەریکبوو دەگریا! ئەویش سەیرێکی منی کرد و پێکەنی! نیو سەعاتێ سێ چارەکێ ئەم بەرنامەیە بەردەوام بوو تاکو ئەو تاو و تەوژمی سەرەتایە نیشتەوە.

لەپلەکانەکانی ماڵی باوەگەورە هاتمە خوار و ڕۆشتم بەرەو دەرگای باخەکە و جگەرەیەکم داگیرساند و دەستم بە کێشانی کرد و پیاسەم کرد! حەزم دەکرد زووتر

کامیار بگەڕێتەوە و تاکو باسەکەی خۆمی بۆ بگێڕمەوە. موبایلەکەم دەرهێنا و تەلەفونێکم بۆکرد کە جوابی نەدامەوە. ڕۆشتم لەسەر کورسییەک دانیشتم. ئەوەندە ئەمڕۆ ئەمبەر و ئەوبەر ڕۆشتبوم کە هەردوو پێیەکانم ئەیەشان!

کە سەعاتی تێپەڕی دەنگی هۆڕینی ئۆتۆمبێلەکەی کامیارم بیست و رامکرد بەرەو دەرگای گاراژ و تا کو مەش سەفەر ویستی بێتە دەرەوە، دەرگاکەم کردەوە و کامیار بە ئۆتۆمبێل هاتە ژوورەوە و هەر کە دابەزی بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە! ئەویش زۆر خۆشحالبوو و هەردووکمان ڕامانکرد بۆ ماڵی باوەگەورە و لەقادرمەکان ڕۆشتینە سەرەوە! باوکی کامیار و دایکی و کاملیا و کەتایون و ئافەرین و دلئارام و پوری و عەباس ئاغایش کۆبیبونەوە لەوێ! مەش سەفەر هەموویانی ئاگادار کردبوو! هەموو بێدەنگ دانیشتبوون و تەنیا گەنم بوو کە دەگریا! هەر کە کامیار گەیشت و چاوی بە خزمان کەوت وتی:

- چاوتان ڕوون! چاوی هەموومان ڕوون! پیرۆز بێ! یاخوا هەموکات پێکەنین و شادی و خۆشی بێت! یاخوا. . . ئەمانەی دەوت و سەیری عەرزەکەی دەکرد! جا دانەوی و تاکە پێلاوێکی هەڵگرت و ڕۆشت بۆ گەنم و وتی:

- من ئەم باوک و ئەو باوکت دەسوتێنم باوک سەگی بێ شەرمی هار و هاجی ئاگر تێبەربوو! ژیانت بۆ من نەهێشت ئەم ماوەیە! باوکت دەرهێنام! ئەمانە خراپیان پێکردی. موبایلی و کارتی بانکی من چ تاوانێکیان کردبوو؟

ئەمانەی دەوت و بە لنگە پێڵاو دەڕۆشت بۆ گەنم کە گریانی گەنم زیاتر بوو!

کامیار باشە دەی! خۆت وەک قەرەج لێ مەکە! لەتاوانت بورام! بەسی کە ئیترا لێت نادەم! بەس خێرا ئەو موبایلەم بدەرێ کە لەخەفەتی دووری ئەو سێ کیلۆ توامەوە!

هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد و گەنم لەگیرفانیدا موبایل و کارتی عابر بانکەکەی کامیاری دەرهێنا و پێی دا و پێکەنی! کامیاریش هەردووکیانی لەدەست ڕفاند و وتی:

- ئەو دەستە گۆجەت بشکێ! ئێستا هەستە بۆ هەرکوێ دەتەوێ بڕۆی، بڕۆ! سەرچاو! دزی بێ ئابڕو! جا هەروا کە موبایل و کارتەکەی دەخستە گیرفانی ڕویکردە ئافەرین و دلئارام و بە پێکەنینەوە وتی:

- حاڵی ئێوە چۆنە کچان؟ ئەم ماوەیە فریا نەکەوتم دەستێ بە سەر و گوێ لاکی ئێوەدا بێنم! یانی هەواڵێکتان لێ بپرسم! هەموویان دەستیان بە پێکەنین کرد کە ئافەرین وتی:



Scanned with CamScanner

- تۆ دوو موبایلت بۆ چیە ئاخر؟

کامیار موبایلەکانی من ژنانە، پیاوانەیە! ژمارەی یەکیان دەدەم بە خوشکان، یەکیان دەدەم بە برایان کە نەکا خوانەخواستە هێڵەکان بکەوێتە سەر یەک و یەکێ لەم بەینەدا قسەی بێ ناموسی بکا!

دیسان هەموویان دەستیان بە پێکەنین کرد! لامکردەوە و سەیری گەنمم کرد کە سەیرم کرد ئەویش خەریکە سەیرم دەکات! کتوپڕ دیسان ئەو هەستەم تیا بە دیهات، کە ئەو ڕۆژی جومعەیە بووم! خەریکبووم سەیرم دەکرد و پێی پێکەنیم کە کامیار بە هێواشی سیخورمەیەکی لێدام و وتی:

- هەر کە تۆ سەیرم دەکەی، ئیشی من هەناسە هەڵکێشانە

ئەی فیدای چاوی تۆ بێ، ئەمە چ شێوە سەیر کردنە؟

ڕووم تێکرد کە بە چاوەکانی دڵئارامی نیشان دام! هەر کە چاوەم بە دڵئارام کەوت! گیانم لەرزی! وەها خەریکبوو سەیری من و گەنمی دەکرد کە ئەگەر دەسەڵاتی بوایەت، هەردووکمانی دەکوشت!

سەرم داخست و تاکو ئەوان بەیەکەوە خەریکی قسە بوون، لەماڵی باوەگەورە هاتمە دەرەوە و لەسەر قادرمەکاندا دانیشتم کە دەقەیەک دوای ئەوە کامیاریش هات و لەلام دانیشت و وتی: ئێستا دەتەوێ چی بکەی؟

- بۆ چ شتێ؟

کامیار بۆ گەنم ئیتر؟

- هیچ! هەر ئەو ئیشە کە پێشتر دەمکرد!

کامیار یانی دەتەوەێ بەس بە دزییەوە سەیری بکەی؟ قوڕ بەو سەرتە! ئەم هەموو هەوڵمان دا تاکو دۆزیمانەوە! ئێستا دەتەوێ بەس سەیری بکەی؟ بەخوا تۆ زۆر بە سەبری!

- دە بڕۆ تۆش کامیار! مەبەستم ئەمە نەبوو!

کامیار ئەی مەبەستت لەوەی کە وتت هەر ئەوە دەکەم کە پێشتر دەمکرد چی بوو؟ ئەها! چیرۆکی ئێمە لەشوێنێکدا تەواو بوو کە دەمانەویست لەسەر درەخت دڵ هەڵکۆڵین! یانی تۆ دەتەوێ بڕۆی لەوێوە درێژەی پێ بدەی؟

- ئێ. . . ! بێتام مەبە!

کامیار ئەی ئەتەوێ چ گوێەک بخۆی؟

- جارێ دەمەوێ بڕۆم بخەوم کە لەهیلاکیدا لەسەر پێ خۆم ڕاناگرم! تۆش هیلاکی،



Scanned with CamScanner

برۆ بخەوە!

کامیار ناتەوێ بزانی باسەکەی من و حیکمەت چی بەسەر هات؟

ـ سبەی بۆم باس بکە!

کامیار من تاقەتم نییە تا بەیانی خۆم ڕاگرم!

ـ ئاخر من ئیتر مێشکم جام بووە!

کامیار مێشکتم بۆ چییە؟ هەر ئەو دوو گوێتەم بۆ بگری، بەسە!

ـ دەی داینێ بۆ سبەی هەمویم بۆ باس بکە!

کامیار تا سبەی درەنگ دەبێ!

ـ بۆچی بڕیارە شتێکت بۆ بکەم کە درەنگ دەبێ؟

کامیار هەموو شتێ هەر ئەو کاتە کە گەرمە، خۆشە! لێی تێپەڕی ئیتر بێسودە!

ـ دەی بابە! بڵێ بزانم چیتان کرد؟

کامیار ببورە سامان گیان! خۆ نابێ کێشەی خێزانی بۆ هەر کەسێ باس بکرێ!

ـ زەهری مار! تۆ چ گیان و تاقەتێکت هەیە!

کامیار پێداگری مەکە کە ناتوانم بیڵێم!

ـ جا بۆ بیڵێی!

کامیار دەی ئێستا کە زۆر حەز دەکەی بزانی، پێت دەڵێم. بۆ نانی ئێوارە بردمە دەرەوە جەرگم پێدا خورادی.

ـ جەرگ؟ کچەکەت برد جەرگت پێدا خواردی؟

کامیار ئا، زۆریش حەزی کرد!

ـ درۆ دەکەی! تۆ لەم بنیادەمانە نیت!

کامیار دەڵێم بە گیانی تۆ!

ـ کچەکەت برد بۆ جگەری؟ لەوانەیە بردبێتت بۆ گۆڕەپانی ئینقیلاب!

کامیار نە کەرە! بردم بۆ ڕستورانی. . . . جەرگی کیسەڵم پێدا خواردی! دەزانی نەفەری بە چەنێکە؟

ـ دەی؟

کامیار کچێکی زۆر باش و خانمە! زۆرم حەز لەهەڵسوکەوتی کرد!

ـ دەی، لەسەر خێر بێ یاخوا، پیرۆز بێ!

کامیار بەڵام نەختێکیش بەیەکەوە ناکۆکی سەلیقەمان هەیە!





Scanned with CamScanner

ـ دەی لەو سەرەتای ژیانەوە ئاساییە! دواتر چاک دەبێ!
کامیار وا نازانم.
ـ بۆ؟
کامیار بڕوانە، یانی من حەز دەکەم کاتێ ژنم هێنا، ژنەکەم دانیشی لەماڵەوە و پەڕۆ گۆ بشوات، جل بشوات، گۆرەویەکانی من پینە بکات، چێشت لێبنێ، مناڵ پەروەردە بکات! ئەو دەیەوێ ببێتە دوکتۆر و نەخۆشەکان چارەسەر بکات! من هەشت مناڵم دەوێ ئەو یەکێ! من پیاوی ئام و شۆم و ئەو نییە! من هارم، ئەو بێدەنگ!
ـ بڕۆ تۆش کامیار تاقەتم نییە! ڕاستیەکەی بڵێ بزانم چی بووە!
کامیار هیچ، کاتێ خەریک بووین نانی ئێوارەمان دەخوارد و من نەختێ قسەم لەگەڵ کرد، پێی وتم، هەڵبەت بە شەرمێکی زۆرەوە قسەی لەگەڵدا دەکردم! یانی زۆر شەرمنە بەسەزمانە! وەکو ئەم گەنم ئەوانە گورگ نییە!
ـ دەی ئێستا بڵێ!
کامیار هیچ، پێی وتم «ببورە کاک کامیار، کەسێ لەنێو ژیانی ئێوەدا هەیە؟ »
ـ دەی تۆ چیت وت؟
کامیار وتم بەڵێ! باوکم هەیە، دایکم هەیە، خوشکم هەیە، مامم هەیە، مامۆژنم هەیە، ....
ـ ئێ. . . ! دەڕۆم ها!
کامیار پێکەنی و وتی»مەبەستم دەزگیران یان شتێکە»وتم بە هیچ شێوەیەک! تۆ یەکەم کەس و دوایین کەسی کە دێیتە ژیانی منەوە!
ـ بە ڕاستە؟
کامیار دەی ئا!
ـ ئەویش بڕوای کرد؟
کامیار نازانم!
ـ چۆنت توانی ئەو قسە بکەی؟
کامیار زۆر بە ئاسانی! وەکو تۆ بم باشە؟
ـ دەی بنیادەم دەبێ ڕاستیەکەی بڵێ ئیتر!
کامیار بەم کچانە تەنیا ئەوە بەسە وەکو ئەوەی پێی بڵێی پیرێژنێ بوو کاتێ من سێ ساڵان بووم منی ماچ ئەکرد! ئیتر کەر بێنە و باری لێ بارکە! ئیتر لەوە بەدوا ئەگەر

ئەنکە گیانیشت پەیوەندیت پێوە بکا، بەڵایە!

- دەی دوای ئەوە چی بوو؟

کامیار هیچ، وتی»چۆنە بیرت لەژن هێنان کردۆتەوە؟ «منیش وتم چونکە من لەهەموو تەمەنمدا کوڕێکی شەرمن و ڕێک و پێک بووم، باوکم بڕیاری دا کە ژنم بۆ بێنێ کە نەکا خوا نەکردە لەڕێ لادەم!

- ئەویش بڕوای کرد؟

کامیار نازانم بەڵام زۆر حەزی کرد!

- دەی دوای ئەوە چی بوو؟

کامیار ئێستا زانیت کە باسی نانخواردنەکەی ئێمە چەنە خۆش و هەست بزوێنە؟

- دەی بڵێ بزانم!

کامیار پێی وتم»ئێوە بۆ ژن هێنان چ پلانێکتان هەیە؟ «منیش وتم هەر ئەو پلانەی کە لەپێش ژن هێناندا بومە! چرا بووم لەپێکەنین دا.

- دەی!

کامیار وتی»ئێوە بە گشتی لەگەڵ چ جۆر کەسانێکدا هاوڕێیەتی دەکەن و دەگەڕێن؟ «منیش وتم من هەتا لەبیرم بێ، یان خەریکی خوێندن و خوێندنەوە بووم یا خەریکی ئیش و کار. تەنیا هاوڕێیەکیش کە بومە ئەم سامانە بوە! وتی»کاک سامان چۆن کەسێکە؟ «وتم گەنجێکی شایانی بیست زکماکی! وتی»بە چاوەکانیدا دیار بوو! «وتم حیکمەت خانم بڕوا بکەن ئەگەر ئەم سامانە بخەیتە ناو لەشکرێ کچەوە لەم سەر نەجیم دەڕوا و لەو سەر نەجیمتر دێتە دەرەوە!

«خەریکبوو لەپێکەنین دا فرمێسک لەچاوانم دەهاتە خوار! «

- بڕوای کرد؟

کامیار ئا ئیترا هەر کەس تۆ ببینێ بەم سەر و سیماوە بڕوا دەکات کە هیچت لێ ناوەشێتەوە!

- زەهری مار!

کامیار بڕوای بە نەجیمی تۆ کرد بەڵام وادیار بوو شکی لەپاکی من کرد!

- چۆن؟

کامیار هیچ، لەکۆتایی نان خواردنەکەدا بوو کە وتی»زۆر سەیرە کە کوڕێ بە تایبەتمەندیەکانی تووە هیچ ڕابواردنێکی نەبێ! «منیش وتم من ڕابواردنم هەبوو!



Scanned with CamScanner

دەڕۆشتم بۆ سینەما، ڕۆژنامەم ...
لۆناپارکیش ڕۆشتم!
- دەی چی وت؟
کامیار دەستی بە پێکەنین کرد! منیش بینیم کە ئیتر خەریکە سەرم هەڵدەماڵرێ قسەکەم هێنایە سەرباسی پزیشکی و زانکۆ و ئەم شتانە!
- دەی، کەوایە بە خێر ڕابوارد؟
کامیار نە بابە، چی بە خێر ڕابورد؟ خەریک بوو سەبارەت بە کاتی پەرستاری و ئەم شتانە قسەی دەکرد کە کتوپڕ باسەکە کاریگەری تێکردم و لەدەمم دەرچو و وتم یاخوا من بمرم بۆ ئەم کاتە شیرینە! لەمێژدا دەیانوت تەوبەی گورگ مەرگە ها! من بڕوام نەدەکرد!
- تەوبە بۆ گورگ مردنە! بەڵام بۆ تۆ وانازانم کە مەرگیش ببێتە هۆی تەوبە!
کامیار ئیتر وەهایش نییە کە تۆ دەڵێی!
- با، بۆ تۆ هەیە!
کامیار یانی دەڵێی من ئەگەر بمرم، هێشتا ئەم هەڵسوکەوتانەم هەیە؟
- بە دڵنیاییەوە هەتە!
کامیار یانی تۆ دەڵێی من دەتوانم بەو دنیا هیوام هەبێ؟
- هەستە بڕۆ بە دوای ئیشەکەتا! من ڕۆشتم بخەوم!
کامیار ناتەوی ئەوەڵای گوێ لێ بگری؟
- بۆچی ئەوەڵای تری هەیە؟
کامیار: بنچینە گرنگەکەی ماوە! بەس وەرە بڕۆین بۆ ناوەڕاستی درەختەکان جگەرەیەک بکێشین! ئێرە لەبەرچاوی باوەگەورەداین!
ڕێکەوتین هەردووکمان ڕۆشتینە ناوەڕاستی درەختەکان و لەسەر کورسییەکدا دانیشتین.
- خێرا بیلێ کە خەو دایگرتوم! دوو جگەرەی داگیرساند و یەکیانی بە من دا و وتی:
- هیچ ئیتر، هەر کە ئەمەم وت چاوی تێبڕیم! سەیرم کرد ئەی دلی غافل، چ هەلێت و پەلێتێکم وت! لەبەرئەمە بوو کە خێرا وتم ئێمە خزمێکمان بوو کە پەرستار بوو. هەموو شەوێ کە لەئیش دەهاتەوە بۆ ماڵ، ئەوەندە بەسەرهاتی خۆشی بۆ دەگێڕاینەوە! هەندێجار دەیوت نەخۆشی خەریک بووە بمرێ کە لەکاتی خۆیدا فریای کەوتوە و

ڕزگاری کردووە! یان نەخۆشێکی تر خەریک بووە بکەوێتە بارێکی خراپەوە کە ئەم گرتویە و ڕایکێشاوەتە دەرەوە! ئێمە ئەوەندە چێژمان دەبرد کە نەخۆشەکانی ڕزگار دەکرد!

ـ بڕوای کرد؟

کامیار: بەخوا نازانم! ئێستا من وتم، ئیشەڵا بڕوا دەکات! خراپە مەخە دڵی خۆت! ئاخری نان خواردمان کە تەواو بوو، پاش نانمان داوا کرد و تا بیهێنن، شتێکی وت کە بە تەواوی هیوابڕاوی کردم!

ـ بۆ چی وت؟

کامیار وتی»من هەموو کات حەزم کردوە کە پیاوێ بناسم کە سەربەرز و نەجیب و بێدەنگ و پیاوی ماڵ و منداڵ بێ! « ڕاستیەکەی هەرچەند گەڕام هیچکام لەم شتانەم لەخۆمدا بەدی نەکرد! ئێستا تۆ دەڵێی من چیبکەم؟

ـ دەی نەختێ هەڵسوکەوتت باش بکە!

کامیار تۆ دەڵێی یانی چیبکەم کە نەجیم بم؟ ئەسڵەن تۆ چۆن ڕێک و پێک و نەجیمی!

ـ بڕوانە، سەرەتا بڵێ ئەم حیکمەتەت خۆشدەوێ؟

کامیار وادیارە ئا!

ـ دەی دەبێ لەبەر ئەو خۆت چاک بکەی!

کامیار دەیکەم!

ـ باشە، ئافەرم. هەنگاوی یەکەم ئەمەیە کە ئەم دوو سیم کارتی موبایلەت بفرۆشی و یەکێ نوێ بکڕی!

کامیار نەجیمی چ پەیوەندی بە بەڕێوبەرایەتی تەلەفوناتەوە هەیە؟

ـ پەیوەندییەکەی ئەوەیە کە ئەگەر ئەم موبایلانەت نەبێ ژمارەی تۆ بە دەس کەسێکەوە نییە و تۆ نەختێ چاک دەبی!

بیرێکی کردەوە وتی: ئەو ژمارانەی کە لەمێشکمدایە و لەبەرمە چی لێبکەم؟

ـ ئەوانەش بە تێپەڕبوونی کات لەبیر بکەی؟

کامیار باشە، هەنگاوی دووهەم چییە؟

ـ هەنگاوی دووهەم ئەوەیە کە لەسبەی بەیانیەوە، وەکو بنیادەم هەستی و لەگەڵ باوکت بڕۆی بۆ کارخانە و بهێڵی منیش بڕۆم بۆ کارخانە. بەیانی بڕۆین و ئێوارە بێینەوە. ئاوا ئیتر بەیانی تا ئێوارە کاتت نابێ بڕۆی بە دوای ئیشەکانی تردا!

کامیار ئێوارە بە دواوە چیبکەم؟

ـ ئێوارە بە دواوەیش بەیەکەوەین ئیتر!

کامیار یانی ئەگەر بەیەکەوە بڕۆین، نەجیمیمان تێک ناچی؟

ـ نەخێر! مەبەستم ئەمەیە کە ئەگەر بەیەکەوەبین، بۆ شوێنە خراپەکان ناچین!

کامیار دەی ئەم هەموو شوێنە ڕۆشتی، من لەگەڵ کێدا ڕۆشتم؟ لەگەڵ تۆدا ڕۆشتم!

ـ ئێ. . . ! ئەوە هی پێشتر بوو! دەڵێم لەئێستا بەدواوە!

کامیار یانی لەئێستا بە دواوە ئیتر دادەنیشین خەریکی نەجیمی دەبین!

ـ ئافەرم!

کامیار حەقیشمان بە سەر کەسەوە نییە!

ـ ئافەرم!

کامیار یانی تۆزقاڵێ، بە قەدەر دەنکە هەرزنێ ئیشی خراپ ناکەین!

ـ ئا! ئافەرم!

کامیار بەلام ئاوا نەجیم بونیش قورسە ها!

ـ دەی بەڵێ! بنیادەمێ کە بیەوێ نەجیم بێ، دەبێ هەندێ شتیش قوبول بکا!

کامیار لەجیاتیدا بۆ هەرکوێ بڕۆی دەڵێن ئەمە نەجیمە!

ـ بەڵێ! بەڵێ!

کامیار شەهادەی نەجیمیش بە بنیادەمی دەدەن؟ یانی شتێ بە بنیادەم دەدەن کە بتوانێ لەهەموو شوێنێکدا نیشانی بدەی؟

ـ ڕائەبویری؟

کامیار نە بە گیانی تۆ! خەریکم دەپرسم!

ـ ئاخر نەجیمی کارتی هەیە؟

کامیار دەی ئەگەر ئەم هەموو سەختیەشمان قوبول کرد و کەس نەزانی چی؟

ـ هەر هەموو دەزانن! یانی خەڵک دەزانن کێ نەجیمە و کێ نییە ئیتر!

کامیار سەیرکە! ئەگەر بڕیار بێ بەم قسانە بێ من هەر ئێستاش بە نەجیم دەژمێردرێم! دەڵێی نە، بڕۆ لەهەرکام لەم بازاڕی و دوکاندارانە بپرسە!

ـ ئەوانە خۆ مەرج نین؟

کامیار ئەی کێ مەرجە؟

ـ مرۆڤەکانی تر!



Scanned with CamScanner

کامیار وەکو کام مرۆڤانە ئەگەر بڵێن یەکێ نەجیمە، قسەکەیان جێگەی بروایە؟

ـ بابە هەر ئەم خەڵکە ئیتر!

کامیار دەی هەر ئەم خەڵکە خەریکن دەڵێن کە من هەر ئێستاش نەجیمم ئیتر!

ـ وازبێنە بابە! هەر پێویستی نەکردوە کە تۆ نەجیم ببی! نەجیمی لەخوێنی تۆدا نییە!

کامیار بۆ جا لەخوێنی تۆدا هەیە؟

ـ ئا! نەختێ!

کامیار یانی تۆ نەختێ نەجیمی!

ـ ئا ئیتر!

نەختێ بیری کردەوە و وتی: کەمێک نەجیبی چۆنە؟ یانی یەکێ دەڕواتە پێشەوە. دەڕواتە پێشەوە و دەگاتە قەراغی خراپە و پیسی و هەر لەوێوە دەگەڕێتەوە! ئەو جارە پێی دەڵێن کە کەمێک نەجیمە؟

«ویستم کە شتێکی پێ بڵێم کە ئافەرین لەدوورەوە هات و لەبەینی دەرختەکانەوە هاتە پێشەوە و هەر کە گەشت پێمان وتی:

ـ دانیشتوون لێرە لەم تاریکیەدا چیدەکەن؟

کامیار خەریکین کەمێک نەجیبی دەکەین!

ئافەرین چی دەکەن؟

کامیار لەماڵی باوە گەوردوە هاتی؟

ئافەرین ئا.

کامیار گەنم خەریکبوو چی دەکرد؟

ئافەرین دانیشتبوو و لەگەڵ پوری و ئاغای مەنوچیهری و باوەگەورەدا، لەسەرخۆ قسەی دەکرد.

ـ حاڵی باش بوو؟

ئافەرین ئا، خراپ نەبوو. پاشان ڕویکردە کامیار وتی:

ـ ڕاستی ئیشم پێت بوو کامیار!

کامیار چی بووە؟

ئافەرین سبەی شەو داوەتی میوانییەکم. ئەگەر بێی، بە یەکەوە دەڕۆین.

کامیار میوانیەکە چییە؟

ئافەرین یەکێ لەهاوڕێکانم خەریکە دەڕوات بۆ هەندەران. هەموو منداڵەکانی داوەت

کردوە! کامیار ڕویکردە من و وتی:
ـ نەجیمی ئێمە لەکەیەوە تا کەیە؟
ـ چی؟
کامیار یانی لەچ سەعاتێکەوە تا چ سەعاتێکە؟ ٩ی شەو تەواو دەبێ ئیتر بڕۆین فریای ئیشەکەمان بکەوین؟
ئافەرین ئێوە خەریکن چی دەڵێن؟ نەجیمی کەی تا کەیە یانی چی؟
کامیار تۆ لەم شتانە تێ ناگەی، بە بێهۆیش پرسیار مەکە! ئەمانە پەیوەندی هەیە بە خاوێنی ڕۆح و عیرفان و فەلسەفە و ئەم شتانە!
ئافەرین ئەها! لەم کۆبونەوە عیرفانی و شتانەیە؟
کامیار ئا، بەڵام سەعاتەکەی نازانم لەکەیەوە تا کەیە!
ئافەرین ئاخریەکەی دێی یا نە؟
کامیار بڕوانە! ئێمە ئیتر ئەو بنیادەمەی پێشو نین! ئێمە چەن بڕیارێکمان بۆ خۆمان دەرکردووە! پلانێکە کە دەمانەوێ هەردووکمان بەڕێوەی بەرین!
ئافەرین چ پلانێک!
کامیار شتێ وەکو ڕێجیمی نان خواردنە! یانی لەسەعاتێکەوە تا سەعاتێکی تایبەت هیچ ئیشێ ناکەین! دەڕۆین بۆ کارخانە و دەگەڕێینەوە و دوای ئەوەش هەردووکمان بەیەکەوەین!
ئافەرین دەی هەردووکتان وەرن! هەموو هاوڕێکانیشم دێن بۆ ئەوێ!
کامیار سەیرێکی ئافەرینی کرد و وتی:
ـ شەیتان کەی هێشتی ئێمە بەندایەتی بکەین؟ ئەم میوانیەتان لەچ سەعاتێکەوە دەست پێدەکات؟
ئافەرین شەش حەوتی دواتیوەڕۆ!
کامیار نە! نە! ئێمە هەتاکو سەعاتی هەشت نۆی شەو لەڕێجیمداین! نۆ بە دواوە وییستت دێین!
پاشان ڕویکردە من و وتی: باشە ئیتر؟ لەبەیانی تا٩ی شەو نەجیمی، ٩بە دواوە پشوو! ئاوەها ئیتر نەختێ نەجیمین! هەر زۆری بە سەر چێ تا ١٢ ی شەو! سێ سەعات لە٢٤ سەعاتدا هەر لەبەر چاو نییە!
خەریکبووم بە مۆڕێکەوە سەیرم دەکرد کە موبایلەکەی زەنگی لێدا و خێرا لەگیرفانی



Scanned with CamScanner

دەریهێنا و سەیرێکی سەعاتەکەی کرد و وتی:

ـ ئێستا نزیک یازدەیە! سەعاتێک و چارەکێ لەپشوم ماوە!

ئەمەی وت و تەلەفونەکەی جواب دایەوە و هەر کە وتی ئەلۆ و هەستا و ڕۆیشتە ئەولاوە و دەستی بە قسە کردن کرد لەگەڵ تەلەفونەکەدا!

ئافەرین سەیرێکی کرد و وتی: هەر تێر بوونی نییە!

پاشان دانیشتە سەر کورسییەکە و وتی: زۆر عەزێتتان کێشا تاکو توانیتان بیدۆزنەوە؟

ـ ئەی، چەند کەسێ لەهاوڕێکانیش یارمەتیان دا.

ئافەرین بۆ کوێ ڕۆیشتبوو ئێستا؟

ـ ئاخری هەر لەشوێنێکدا بوو ئیتر. دڵئارام چۆنە؟ ئەم ماوەیە چاوم پێی نەکەوتووە.

ئافەرین ئێستا کە گەنم گەڕاوەتەوە، دەتەوێ زەماوەندی لەگەڵ بکەی؟

ـ نازانم. هیچمان لەم بارەوە نەوتوە. چەند دەقەیەک بێدەنگ بوو و پاشان وتی:

ـ بڕیاری خۆت چییە؟

ـ جارێ هیچ!

ئافەرین بەڕاستی؟

ـ بەڕاستی.

ئافەرین ئەی کامیار چی بە من وت؟

ـ ئەو لەخۆیەوە قسەی کردوە.

ئافەرین یانی تۆ عاشقی گەنم نیت؟ قسەکەی میترام هاتەوە بیر و وتم:

ـ عەشق خۆ بەم شل و شەوێڵیە نییە! نەختێ ڕاوەستا و پاشان وتی:

ـ تۆ ڕقت لەدڵئارامە؟

ـ نە! بۆچی؟

ئافەرین لەبەر ئەوەی کە کردویەتی.

ـ ئەوە هی ڕابوردوە. ڕابوردویش دەبێ لەبیر بکرێ!

پێکەنی و هەر کە ویستی قسەیەک بکا کە لەدورەوە کاملیا دەرکەوت و هەر ئێمەی بینی هات بۆ لامان کە من خێرا بە ئافەرینم وت: بڕوانە ئافەرین، دەمەوێ تکایەکت لێبکەم کە ئیتر باسی ژن هێنان و ئەم شتانە نەکەی! من جارێ خەیاڵێکی وام نییە!

دیسان پێکەنی وتی: باشە.

کاملیا هات و لەگەڵیدا سەلام و چاك و چۆنیمان کرد...
کامیاریش تەلەفونەکەی تەواو بوو و هات کە ئافەرین وتی:
- ئاخرییەکەی چی دەکەی؟ دێی یان نە؟
کامیار دێم بابە! یانی سبەی هەواڵت لێ دەگێڕمەوە.
ئافەرین کە وایە لەبیرت نەچێ!
ئەمەی وت و خواحافیزی کرد و ڕۆشت کە کاملیا وتی:
- کاکە چیت بۆ کردم؟
کامیار هەر خەمت نەبێ! بە باوەگەورەم وتوە. خۆی لەگەڵ باوکمدا قسە دەکات.

بێخەم بە.
کاملیا پێکەنی و هەستا و کامیاری ماچ کرد و ڕۆشت و هەردووکمان بەتەنیا ماینەوە
کە کامیار وتی: کەوچکی یەکەمی کە کردە دەمی وتی...
- کەوچکی چی؟
کامیار کەوچکی یەکەمی دوا نان؟ دسر؟ ؟ ؟

- چی؟
کامیار خەریکم ئەوەڵای باسەکەت بۆ دەگێڕمەوە! خەیاڵت لەکوێیە؟
- ئەها، بڵێ.
کامیار کەوچکی یەکەمی دسرەکەی کە کردە دەمی وتی «بەڕاستی بەلەزەتە»! وتم نۆشی گیان. کەوچکی دووهەمی کە خوارد وتی»بەڕاستی بێ وێنەیە»وتم ....... و کەوچکی سێهەمی کە هەڵگرت و بردی بۆ دەمی، نەختێ ڕاوەستا و جا کردیە دەمی و وتی»چەند بە تامە! «وتم بە بەزی ناو شانت بێ. کەوچکی چوارەمی کە...
- بێدەنگ بە تاقەتێکی باشت هەیە!
کامیار نە بە گیانی تۆ! هەر لەسەر ئەم کەوچکی چوارەمەدا بوو کە ئیتر نەیکردە دەمی و وتی»دەزانن کاك کامیار»وتم نەخێر، نازانم! ئەویش کەوچکی چوارەمی کردە دەمی!
- هەڵدەستم و دەڕۆم ها!
کامیار: ئێ گوێ بگرە ئیتر! دەستی ڕۆشت بۆ کەوچکی پێنجەم کە وتی»من لەبنەماڵەیەکی فەقیری.....ئیتر نەمهێشت قسەکەی تەواو بکات و وتم من هەموو ئەمانە دەزانم! ئەویش سەیرێکی منی کرد و ئیتر هیچی نەوت و هەردووکمان دەستمان کرد

به کەوچک کەوچک دسرەکەمان خوارد! ئەمەش لەم باسە! پێتم وتبێ کە دسرەکەیش بەڕاستی بەلەزەت بوو!

لەجێگەکەمدا هەستام و وتم: بە ڕاستی بێتامی کامیار!

کامیار بۆ کوێ؟

ـ دەڕۆم بخەوم! ئەگەریش ڕێم لێ بگری، هەر لێرەدا دەخەوم!

کامیار زۆر باشە برۆ بەلاّم دەڵێم خۆزگە پێش لەنووستن دەڕۆشتی و بۆ جارێ بە دزییەوە سەیری گەنمت دەکرد کە شەو بێ خەم بنوێ!

ـ بێتام مەبە! ئەوەندەش مەیخە دەمی ئەم و ئەو کە بڕیارە من و گەنم زەماوەند بکەین! شەو شاد!

ڕۆشتم بەرەو ماڵەوەمان و لەبەر ماڵی باوەگەورەوە تێپەڕیم. بە پێلاوەکانی بەر دەرگادا دیار بوو کە هەموان ڕۆشتونەتەوە بۆ ماڵەوەیان و تەنیا گەنم و پورێ و ئاغای مەنوچێهری لەوێن. ڕۆشتم بۆ ماڵەوەمان بەلاّم ئیتر وەکو شەوانی تر زیز نەبووم.

هەر کە گەیشتم سەیرم کرد کە دایکم نانی بۆ داناوم بەلاّم ئەوەندە هیلاک بووم کە لەتێ نانم هەڵگرت و ڕۆشتم بۆ ژوورەکەم و جلەکانم گۆڕی و ڕۆشتم بۆ ناو جێگەکەم و هەر لەوێ لەتە نانەکەم خوارد و خێرا نووستم.

هێشتا چاوەکانم گەرم نەببو کە سەیرم کرد شتێ لەسەر سکمدا جولەجول دەکات! بەتانییەکەم هەڵدایە لایەک و گڵۆپەکەم داگیرساند کە سەیرم کرد بۆقێکە!

پێیم گرت و فڕێمدا لەژوورەکە بۆ دەرەوە و لەپەنجەرەکە، سەرم خستە درەوە کە سەیرم کرد کامیار لەژێر پەنجەرەکمدا دانیشتوە!

ـ ناهێڵی سەعاتێ بنووین؟

کامیار ئاخر من ئەمشەو خەوم لێ ناکەوێ!

ـ دەی جا من چیبکەم؟

کامیار وەرە نەختێ بەیەکەوە قسە بکەین بەشکم خەو دامگرێ!

ـ دێم بەلاّم تەنیا نیو سەعات ها!

کامیار باشە، نیو سەعات.

بەتانیەکەم لەخۆم پێچا و لەپەنجەرەکە هاتمە دەرەوە و لەگەڵ کامیاردا ڕۆشتم بۆ ناوەڕاستی باخەکە و لەسەر کورسییەک دانیشتین کە دوو جگەرەی داگیرساند و وتی:



Scanned with CamScanner

- چ هەوایە؟ چ ئاسمانێ؟ چ درەختانێ؟ مرۆڤ هەروا هەست بە عەشق دەکات چ بگات بەوەی کە حەزی لەکچێک کردبێ!

- کەوایە زۆرت خۆش دەوێ؟

کامیار نازانم! یانی هەستێکی تایبەتم بۆی هەیە! لەوانەیشە بۆ ئەوەبێ کە دەزانم خوشکی گەنمە! یانی لەگەڵیدا هەست بە غەریبی ناکەم! ڕاستیەکەی دەمەوێ شتێ بۆ نوسرەت بکەم! دەمەوێ بیبەم بیخەوێنم لەخەستەخانە و دەستی پێ لێهەڵگرم و ئیشێکی ڕێک و پێکی بۆ ساز بکەم. بەڕای تۆ چۆنە؟

- زۆر باشە!

کامیار دێی سبەی بڕۆین بۆ لای؟

- چی لەکارخانەکە بکەین؟ ئەم ماوەیە ئەگەر هیچیان پێنەوتوین لەبەر گەنم بووە! ئێستا کە ئیتر دۆزیومانەتەوە بە بیانوی چیەوە خۆمان لەئیش بدزینەوە؟

کامیار دەی دیسان دەیبەین بۆ شوێنێ ونی دەکەین و جا دیسان دەگەڕێین بە دوایدا تاکو بیدۆزینەوە!

- ئێستا بۆ کوێ دەتەوێ بڕۆی کە لەگەڵیدا قسە بکەی؟ هەر لەو خانوەدا؟

کامیار سبەی تەلەفونێکی بۆ دەکەم! جا دیسان سەیری ئاسمانی کرد و وتی:

- چ دنیایەکی سەیرە ها! لەدوای ئەم هەموو ساڵە دیسان براکەیمان دۆزیوەتەوە!

پاشان سەیرێکی منی کرد وتی: کاتێ لەگەڵ حیکمەتدا خەریکبووم نانی ئێوارەم دەخوارد زۆر بێ تاقەتت بوو بووم!

- بە ڕاستتە؟

کامیار ئا بە گیانی تۆ! هەر کاتێ تۆ نیت ها، ئەڵێی شتێکم لێ ونبووە! ڕاستیەکەی هاتوم ئێستا ئەمەت پێ بڵێم!

سەیرم کرد و پێی پێکەنیم و وتم: دەتەوێ ئەمشەو بێی بۆ ماڵی ئێمە؟

کتوپڕ لەجێی خۆی هەستا و وتی: هەر کەس زوتر گەیشت تەختەکە هی ئەوەیە!

پاشان ڕایکرد بۆ ژوورەکەی من و منیش بەدواییدا ڕامکرد:

***

نزیک سەعاتی یازدەی بەیانی بوو کە گەشتینە بەر دەرگای ماڵی نوسرەت ئەوان. کامیار پێشتر تەلەفونی بۆ کردبوو، کاتی لەگەڵدا دانابوو. کاتێ ئۆتۆمبێلەکەمان لەبەر دەرگاکە ڕاگرت، بە کامیارم وت:



Scanned with CamScanner

که گەڕاینەوە خاوەنی ئۆتۆمبیلەکە نین ها!

کامیار دزگرەکەی خستە ئیش و وتی: وەرە بڕۆینە ژوورەوە. بە نوسرەت دەڵێین بە ئۆتۆمبیلەکە هاتووین. شتێکی لێدەکات. هەردووکمان دەرگاکەمان کردەوە و پەردەکەمان لادا و ڕۆشتینە ژوورەوە. ماڵەوە پڕ بوو لەمناڵی وەرد و درشت! سەیرێکی مناڵەکانم کرد و بەکامیارم وت:. بۆچی ئەمڕۆ پشووە یا شتێکە؟

کامیار بۆ مناڵەکان دەڵێی؟

ـ نا!

کامیار وابزانم ئەم منالانە هەر بۆ قوتابخانە ناڕۆن!

سەیرێکی تری حەوشەکەم کرد و وتم: بەڕاستی شوێنێکی ناڵەبارە ئێرە! خەریکم دەخنکێم!

کامیار: نوسرەت دەیویست لەشوێنێکی تردا کات دابنێ بەڵام من بە تایبەت پێم وت دێین بۆ ئێرە!

ـ بۆ؟ تۆ شێتی؟

کامیار نە، حەزم دەکرد دیسان ئێرەم چاو پێ بکەوێ. وەرە بڕۆینە ژوورەوە.

ـ ئەم بۆگەنە چییە دێت؟

کامیار وابزانم خەریکن سوتوەکانی تریاک دەکوڵێنن؟

ڕاستی دەوت! بەر هەر ژوورێکم سەیر دەکرد، چرا نەوتییەک یان غازێکی بچوک بوو و مەنجەڵێکی ڕەش و دوکەڵاوی لەسەریدا بوو! لەپاڵ هەندێکیاندا یا پیرەژنێ دانیشتبوو یان پیرە پیاوێ یان منداڵێ! بۆگەنی تریاکی سوتاو و زبڵ و سەرئاو خەریکبوو دەیخنکاندم! ڕێک لەپاڵ حەوزەکەدا بە بەرزی یەک مەتر زبڵ کۆ ببووەوە! هەردووکمان ڕێکەوتین بۆ ژوورەکەی نوسرەت کە لەناوەڕاستی حەوشەکەدا گەنجێک لەژوورەکەیەوە هاتە دەرو و بانگی کردین و وتی: بەڕێزان، دەقەیەک وەرنە ئێرە!

هەردووکمان ڕاوەستاین و خۆی پێڵاوەکانی کە خستبویە سەر پێی، کردیە پێی و جاکەتەکەی بە پەلە کرد بە سەر شانیدا و بە شێوەی ڕاکردن هات بۆ لامان و هەر کە گەیشت وتی: سلاوتان لێ بێ، زۆر بە خێر بێن، خۆشیتان هێنا. ئیشتان بە کاک نوسرەت هەیە؟ هەر خەریکبوو ڕەتی دەبرد! هەر لەسەر پێی خۆی نەدەگرت!

کامیار زۆر سوپاس. بەڵێ، ئیشمان بە کاک نوسرەتە.

ئەو پیاوە سەیرێکی ژوورەکەی نوسرەتی کرد و بە ئەسپایی وتی: کاکە ئەگەر



Scanned with CamScanner

ماددەنان دەوێ، بە هەڵە ڕۆشتون ها! کاک نوسرەت خەریکی شتێکی ترە! مادەی باش وپلەیەکتان دەوێ، من نۆکەرتانم!
کامیار نە کاکە گیان، بەدوای ئەمجۆرە مادانەدا نین!
ئەو کابرایە لەخۆوە چاوەکانی لێک ئەنران! هەر کە ویستمان بڕۆین قۆڵی کامیاری گرت و وتی: هەرچۆنێکتان بوێ هەیە! تێکەڵ و پێکەڵیشی نیە! خاوێنی خاوێنە! بەس تۆ بڵێ کە چیتان مەبەستە؟
کامیار بۆ شەرمتان لێ دەکەین؟ دەڵێین نامانەوێ ئیترا!
کابراکە ئێوەجارێک لەلای ئێمە دەوا ببەن پارەیشی مەدە! ئەگەر باش بوو دیسان وەرە بۆ لامان!
کامیار بابە گیان من خۆم فرۆشیارم! تەنیا وردە فرۆش نیم! ئێستا دڵت سرەوت؟
کابراکە- ئێ. . . ! چۆن دەفرۆشی؟ بە مەرج؟
هەر لەم کاتەدا نوسرەت لەژوورەکەی هاتە دەرەوە و هەر لەوێوە قیڕاندی و وتی:
- کاک جیهانگیر وازیان لێبێنە! ئەمانە لەم قوماشە نین!
کابراکە کە ناوی جیهانگیر بوو، ڕوویکردە نوسرەت و نەختێ بێدەنگ بوو و وتی:
- سەلام کاک نوسرەت. بەسەر چاو، بەسەر دووگلێنەی چاوەکانم! قسەتان لەسەر سەرا!

پاشان نوسرەت هات بۆلامان و بەیەکەوە سەلاممان کرد کە کامیار وتی:
- کاک نوسرەت بە ئۆتۆمبێلەکەوە هاتووین! لەبەر دەرگا ڕامان گرتوە.
نوسرەت ئێ. . . ! ئیترە باش نییە خۆ!
پاشان ڕۆشت بۆ لای دەرگاکە و هەر کە نەختێ لێمان دوور کەوتەوە، جیهانگیر کە زۆر حاڵی خراپ بوو، هاتە پێشەوە و کتوپڕ دانەوی و دەستی کامیاری ماچ کرد و وتی:
- تۆ گیانی دایکت پیاوەتی بکە و شتێکم پێبدە! زۆر وێرانم!
کامیار دەستی ڕاکێشایە دواوە و وتی:
- ئەگەر شتێکی ترت بویستایە، پارەم پێدەدای بەڵام بۆ ئەم دوابراوە نە!
جیهانگیر: بار و دۆخی من لەم قسانە تێپەڕیوە ئیترا تۆگیانی هەرکەس کە خۆشتدەوێ، تاکو کاک نوسرەت نەهاتۆتەوە ئێشەکەم ڕێکبخە! نۆکەرتانم! بچوکتانم! حاڵم زۆر خراپە! پێم نەکات دەمرم!
«سەیرێکیم کرد و وتم: ئەگەر پێیشت بکات دەمری؟ ئێستاش جیاوازیت لەگەڵ

مردودا نییە!

جەهانگیر ڕاست دەڵێن ئێوە! کەفارەی مردوەکانتانم پێبدەن! خێری مردوەکانتانم پێبدەن! مەولودیی بۆ خوشک و دایکتانم پێبدەن! سوێند بە عەلی لەدوێنێشەو تا کو ئێستا ئەڵێی دەمارەکانم ڕادەکێشن! بهێڵەپێت ماچ بکەم!

ئەمەی وت و خۆی خست بە سەر پێی کامیاردا! کامیار دانەوی کە بەرزی کاتەوە، بەلام بۆچی هەڵدەستا! هەروا خۆی لەخاک و خۆڵدا دەتلاندەوە و دەقەیەک پێی منی ماچ دەکرد و هەر کە لەدەستی دەرم دەهێنا، پێی کامیاری دەگرت! خەریکبوو خورە خوڕ دەگریا! دیسان تێکچووم! کامیار پێی وت:

- هەستە هەتیو! دارزە! ئاخر تۆ بە نا بەخێری پیاوی! هەستە دەڵێم!

سەری بەرز کردەوە و هەروا کە دەگریا وتی:

- بەو خوایەی کە دەیپەرستن، منیش ڕۆژێ وەکو ئێوە بووم! دایک و باوکم بوو! خوشک و برام بوو! ئۆتۆمبێل لەژێر پێمدا بوو ئەویش چ ئۆتۆمبێلێ! پارە لەگیرفانمدا بوو! بۆ خۆم پیاوێ بووم! بە گیانی دایکم لەئێوەش قوزتر بووم! کاتێ بە لای کچاندا تێدەپەڕیم، هەموویان ئاوڕیان دەدایـەوە و سەیریان دەکـردم! بەحەزرەتی عەلی درۆناکەم! ڕاوەستن! ڕاوەستن!

ئەمەی وت و هەستا و ڕۆشت بۆ ژوورەکەی و تاوێ دوای ئەوە بە جوتێ جزمەوە هاتە دەرو و هاتە بەردەممان و جزمەکانی نیشان داین و وتی:

- بڕوانە! درۆیەکم لەگەڵتان نییە! ڕۆژێ سەرو سیمام ئەمە بوو! ئەم جزمانەم لەپێدەکرد و دەڕۆشتم بۆ سەر شەقامەکان! بۆنێکم لەخۆم دەدا کە کەس لەخەویدا چاوی پێنەدەکەوت! پانتۆڵیان لەهەندەران بۆ دەناردم! کراسم لەدەرەوە بۆ دەهات! کە لەڕێ دەڕۆشتم دایکم بە ساقەم دەبوو! دەی سەیرکەن ئیترا بۆ چی ئەم جزمانە نابینن!

کوتوپڕ خۆی ڕاست کردەوە و کۆماوەیی پشتی نەما و وتی:

- سەیری بالام بکە! من ئەمە بووم! لەئێستام مەڕوانن! بە قورئان وەکو ئێوە بووم! زرێی ئالتون لەملمدا بوو، ئا ئەوەندە! بە دەستی، شتێکی خڕی نیشان دا!

- هەموو ڕۆژ جلم دەگۆڕی نەکا بۆنی عارەقم لێبێ! سەیری بۆگەنی ئێستام مەکەن! سەیری ئەم زبڵدانە مەکەن! شەو تا بەیانی دایک و باوکم سێ چوار جار سەریان لێدەدام نەکا بەتانیەکە لەسەرم لاچوبێ! سەیری ئێستام مەکەن! سەیری ئێستام مەکەن! وانەزانن درۆ و دەلەسەتان بۆ دەکەم! وەرە! سەیرکە!



Scanned with CamScanner

دانەوی و دەستیکرد بە لەپێکردنی تاکێ لەجزمەکانی! جزمەکانی چەرمی قاوەیی کەشخە! ڕێک بەقەدەر پێیشی بوو.

کاتێ هەستایەوە دیسان دەگریا! تاوێ سەیری تاکە جزمەکە کە لەپێیدا بوو کرد و پاشان دانەوی و ئەوی تریشی لەپێ کرد و دیسان خۆی ڕێک ڕاوەستان و وتی:

ـ لەئێوەش بالام بەرزترە! چەنەش لێم دێ ! وایە؟

من و کامیار سەیرێکی جزمەکانیمان کرد و کامیار وتی:

ـ بۆچی ئەمانە نافرۆشی و ئێشەکەتی پێ ڕێکناخەیت؟

سەیرێکی جزمەکانی کرد و سەیرێکی ئێمەی کرد و وتی:

ـ دڵم نایە بە خوا! ئەمە دایکم لەدەرەوە بۆی هێنام! تا ئێستا سەد جار ڕۆشتوم کە بیانکەم بە پارە بەلام دڵم نەهاتووە! جا هێدی وتی:

ـ ئەمەی لەڕۆژی دوایین جەژنی لەدایک بونمدا کە بۆیان گرتبووم پێی دام! ئەمەی بە قەمسەلەیەکی چەرمی لەخۆی! قەمسەلەکەیم فرۆشت، ئەمەم دڵ نەهات!

پاشان هێدی دەستی کردە گیرفانی و وێنەیەکی دەرهێنا و دەستی خستە سەر نیوەی کە دیار نەبێ و گرتیە بەر دەممان و وتی:

ـ ئەمەش منم! سەیر کەن!

من و کامیار سەیرمان کرد! سەیرێکی وێنەکە و سەیرێکی خۆی. ڕاستی دەوت! خۆی بوو! کوڕێکی قۆز و جوان! «

کامیار ئەوەی تر کێیە لەوێنەکەدا کە نیشانمانی نادەی؟

وێنەکەی کشاندە دواوە و بە دزییەوە سەیرێکی کرد و کردیە گیرفانی و وتی:

ـ خوشکمە! نامەوێ کەس چاوی پێی بکەوێ!

کامیار سەرێکی لەقاند و وتی:

ـ وێنەکەیت چاک خۆش دەوێ، خۆی چی؟ چەنێکە چاوت پێی نەکەوتووە؟ وێنەکەیت چاک پاراستوە، خۆی چۆن؟ سەیرێکی کامیاری کرد و پێڵوەکانی کەوتە سەر یەک و وتی:

ـ جزمەکان چاوی گرتوی؟ بە چەند دەتەوێ؟

کامیار ئەگەر وێنەکە چاوی گرتبێتم چی؟ ئەو بە چەند؟

هەر کە کامیار ئەمەی وت، پەلاماریدایە و یەخەی گرت کە کامیاریش مستەکۆڵێکی دا بە سەرسنگیدا و ئەویش بە توندی کەوت بە عەرزا! دەستی کامیارم گرت و ڕامکێشا بۆ لای ژوورەکەی نوسرەت کە جیهانگیر هەروا کەوتبو بە عەرزا، سەری بەرز کردەوە

و وتی:

ـ ئێوەش ماوەیەکی تر وەک منتان لێدێ! بە یەک دەگەینەوە قوربان! هەرکەس بۆ جارێ پێی بخاتە ئێرە ئیتر تەواوە! ئەو جارە کە هاتن خەواندونیان داماوانە! خۆتان ئاگاتان نییە! ماوەیەکی تر دەکەونە ناموس فرۆشتن! بڕۆن دایک. . .

هەر کە ئەمەی وت کامیار لایەکی کردەوە کە ئیتر ئەوەلای نەوت! خێرا قۆڵی کامیارم گرت کە لێی نەدا و وتم: کامیار! دەست لەمە بدەی مردوە ها!

جیهانگیر بهێڵە با دەست بدا! بهێڵە با لێم بدات! بهێڵە با بمکوژێ! بهێڵە با ساردم کاتەوە! خۆم کە غیرەتم نییە با هەر هیچ نەبێ ئەم ناپیاوە وا بکات!

کامیار سەیرێکی منی کرد و هێدی ڕۆیشت بۆ لای کە جیهانگیر دەستی گرتە بەر دەم و چاوی کە یانی کامیار لەقە نەماڵێ بە دەموچاویدا! دەستەکانی هەروا بەترسەوە بە دەموچاویەوە بوو کە کامیار دانیشتە کنی و هێدی دەستی بە قژیدا هێنا! دەمزانی دڵی تاقەت ناگرێ! سەیرم کرد و بینیم دوو دڵۆپ فرمێسک لەسەر گۆنای خلیسکا و هاتە خوار! کوتوپڕ جیهانگیر هێدی دەستی لەسەر ڕوخساری لابرد و سەیری کامیاری کرد و جا سەریکردە سەر پێی کامیار و دەستی بە گریان کرد! خۆشم، هەم تێکچوو بووم و هەم گریان گەروی گرتبوم! نەفرەتم لەخۆم کرد کە ئیتر ئەگەر جارێکی تر بێم بۆ ئێرە! حەزم دەکرد بەس بگریم! کە نەختێ ڕابورد، کامیار سەری جیهانگیری لەسەر پێی بەرز کردەوە و لەگیرفانیدا پاکەتی جگەرەی دەرهێنا و دەنکێکی داگیرساند و ودای پێی و لەگیرفانیدا، جزدانی پارەکەی دەرهێنا و پێنج هەزارتمەنی دەرهێنا و گرتی بۆ جیهانگیر و وتی: بیگرە بەڵام ئاخریەکەی چی؟ دەبێ خۆت هەنگاوێک هەڵگری!

ئەمەی وت و ویستی هەستێ کە جیهانگیر دەستی بە گریان کرد و دەستی کامیاری گرت و بە پاڕانەوە وتی:

ـ توخوا لێرە بڕۆن و ئیتر مەگەڕێنەوە! هەتا زووە هەر ئێستا لێرە بڕۆن! منیش ئەگەر پێم بە ئێرە نەکرایەتەوە ئێستا ئاوا نەبووم! ئێوە حەیفن! تۆ گیانی هەر کەسێ کە خۆشتان دەوێ لێرە بڕۆن! ئێرە بەڵایە! ئێرە قوڕبەسەرتان دەکات! لێرە بڕۆن!

کامیار دیسان دەستی بە قژیدا هێنا و وتی:

خەمت نەبێ. ئێمە بۆ ئیشێکی تر هاتووین بۆ ئێرە! پیاوی ئەم گروپانە نین!

پاشان هەستا کە نوسرەت لەپشت سەرمانەوە وتی:

ـ ئۆتۆمبێلەکەم دایە دەستی کەسێ!



Scanned with CamScanner

پاشان ڕۆشت بۆلای جیهانگیر و ژێر باڵی گرت و هەڵیساند و جلەکانی تەکاند و مێواش پێی وت: بڕۆ بۆ ژوورەکەت ئاغا جیهانگیر!

جیهانگیر بە نیگەرانیەوە لای کردەوە و سەیرێکی تری کامیاری کرد کە نوسرەت پێی وت: خەمت نەبێ! ئەمانە ئیشێکی تریان لێرەدا هەیە. بڕۆ بۆ ژوورەکەت.

جیهانگیر بە سەر قوڵەکانی، فرمێسکەکانی سڕی و ڕۆشت بۆ ژوورەکەی!

کە لەپشتەوە سەیرم کرد، دڵم لەرزی! گەنجێکی بالابەرز و قۆز کە هیرۆئین وێرانی کردبوو! جزمە چەرمە زۆر جوانەکانی هێشتا لەپێیدا بوو و وردە وردە، پێی بە عەرزدا رادەکێشا و دەڕۆشت بۆ ژوورەکەی! تا لەقادرمەکانی ژوورەکەی سەر دەکەوت، هەر سێکمان ڕاوەستا بووین و سەیرمان دەکرد! کاتێ ڕۆشتە ژوورەوە و پەردەکەی دادا، نوسرەت ڕویکردە من و کامیار و وتی:

ـ شەرمنی کوڕێک، نرخێکی هەیە کە دەبێ بۆی بدەین! پاکی کچێکیش نرخێکی هەیە کە دەبێ بۆی بدەین! پاک مانەوەی گەنجێکیش کە بڕیارە ئەم مەملەکەتە بگێڕێ، نرخێکی هەیە کە دەبێ بیدەین! جا ئەم نرخە کێ دەبێ بیدات؟

من و کامیار سەریمان کرد کە وتی:

ـ دەزانن کێ دەبێ بیدات؟ من دەبێ بیدەم! ئەوانەی وەکو منن دەبێ بیدەن! ئەوانەی کە وەکو مێتران دەبێ بیدەن! ئێمە دەبێ بیدەین تاکو هەندێ گەنجێتر پاک و شەرمن و نەجیم بمێننەوە!

ـ ئاغا نوسرەت ببورن ها، بەلام مرۆڤ دەبێ نەختێ ئیرادەی پتەو بێت!

کوتوپڕ قیراندی و وتی:

ـ بۆچی لەوڵاتی بەم گەورەئییەدا جێگە بۆ هەندێ مرۆڤی لاواز نیە؟ بۆچی ئەم هەموو بنیادەمە کە بڕیارمان بۆ دەدەن و پێمان دەڵێن کە چیبکەین و چی نەکەین ناتوانن ئاگایان لەمرۆڤە لاوازەکان بێت؟ بۆچی لێرەدا بڕیار نەبوو کە ئاگایان لەمرۆڤە لاوازەکان بێت؟ ئەی چی بوو؟ ئەی چی بابە ئێمە لاوازین من لاوازم! مێترا لاوازە! بەلام لەبەر ئەوەی کە لاوازین دەبێ ئەم بەلایەمان بەسەر بێت؟ بۆچی ئێرە دارستانە کە هەر کەس بەهێزترە، باوکی لاوازەکان دەربێنێ؟

کە دەنگی بەرز بویەوە، پەردەی چەن ژووری لادرا و لەهەرکامیان چەند کەللەسەر هاتە دەر کە نوسرەت دیسان قیراندی و وتی:

- برۆنە ژوورەوە داڵەکەر خۆرەکان! هێشتا هیچ نەقەوماوە! هێشتا کەس لێرەدا نەمردوە کە ڕاکەنە سەر لاشەکەی و ڕوتی بکەنەوە!

کە قیرەی کرد، کەڵلەسەرەکان دیسان ڕۆشتنە ژوورەوە! جا ڕایکرد بۆ لای من و خێرا ڕومەتی ماچکردم و وتی:

- سامان گیان بە خوا من نۆکەری تۆ و ئەم ئاغا کامیارەم ها! وانەزانی بە سەر تۆدا قیراندم ها! قیرەم بۆ داماویم بوو! قیرەم بۆ ڕۆژ ڕەشیم بوو! قیراندم بەشکم هەر هیچ نەبێ دەنگم بە گوێی خۆم بگات! کەسانێتر خۆ ئەم دەنگانە نابیستن!

پاشان ئاوڕی دایەوە و سەیریکی ژوورەکەی جیهانگیری کرد و وتی:

- هەندێ جار خوشکەکەی بە ئۆتۆمبێلێکی کەشخەوە، بە دزییەوە دێتە ئێرەو سەرێکی لێدەدا و پارەیەکی پێدەدا و دەڕوات! ئێستاش یەک دوو مانگی دەبێ کە دیاری نییە و کەوگیری ئەم داویە لەبنی مەنجەڵەکە!

پاشان ژێر باڵی من و کامیاری گرت و وتی:

- بڕۆینە ژوورەوە بابە! زەلکاو چەندە بە چیلکە بیشێوێنی، زیاتر بۆگەنی بەرز دەبێتەوە! ڕێکەوتین بۆ ژوورەکەی هەروا وتی:

- لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەندە! یانی ئەم هیرۆئینە دوابڕاوە، دەوڵەمەند و سواڵکەر ناناسێ! هەمووان بە ڕادەیەک داماو دەکات، بەڵام ئەوەی کە دەوڵەمەندە درەنگتر توشی داماوی دەبێ!

گەشتینە ژوورەکەی و پێڵاوەکانمان داکەند و ڕۆشتین لەپاڵ غازە بچوکەکەدا دانیشتین و دەستمان گرت بەسەریدا.

نوسرەت سەرماتانە؟

کامیار نە، بەڵام خۆشە! دەستی بە چا سازکردن کرد و وتی:

- دەترسم ئاغا کامیار!

کامیار لەچی؟

نوسرەت لەم بەرنامەیە!

کامیار کام بەرنامەیە؟

نوسرەت ئەمەی کە دەستت پێکردوە.

کامیار هیچی نەوت کە نوسرەت کترییەکەی خستە سەر غازەکە و گرەکەی کز کرد و ڕوویکردە ئیمە و وتی:

ـ دەترسم کە دوو هەوا بکەوێ حیکمەت!

کامیار بۆ چی؟

نوسرەت ئۆتۆمبێلی ئاخر مۆدێل و ڕێستۆ ڕانی دەرەجە یەک و خواردنی جەرگی کیسەڵ!

کامیار جەرگی مەڕ بوو لەجیاتی جەرگی کیسەڵ پێیان داین!

نوسرەت ئەگەر هەڵەم کردبێ دەبێ بۆ قەرەبووەکەی جەرگی خۆم بدەم ها!

کامیار نە، هەڵەت نەکردوە.

نوسرەت پاکەتە جگەرەکەی گرت بۆمان و یەکی یەکێکمان هەڵگرت و دامان گیرساند کە وتی: بەڵام زۆر خۆشحال بوو! تاکو ئێستا ئاوا چاوم پێی نەکەوتبوو!

کامیار هەمویی پێ وتوی؟

نوسرەت ئا، هەموو کات دەڵێ.

کامیار ئافەرم، بارەکە الله. سەیرێکی کامیاری کرد و وتی:

ـ تۆ ئیشت چییە؟

کامیار بەچکە دەوڵەمەند!

نوسرەت بەڵام زۆر ئاکار و ڕەوشتت لەوان ناچێ! جۆرێکی! هەر لە شەوی شانۆکەوە ناسیتم! زۆر پتەوی! ئێستا لەکوێ گەورە بوو، خوا ئەزانێ!

کامیار دوێ شەو دەیویست ڕابوردویم بۆ باس بکات. نەمهێشت وتم نوسرەت هەمووی بۆ باسکردوم.

نوسرەت: باشت کرد! پێی وتم! هەر کات باسی ڕابوردو دەکرێ، تا ماوەیەک نارەحەتە و ناتوانی بە باشی بخوێنی!

کامیار ڕاستییەکەی دەمویست زیاتر لێتان بزانم.

دیسان سەیرێکی کردین و پاشان بە کامیاری وت:

ـ لەخوت دڵنیای؟

کامیار وابزانم ئا!

نوسرەت ئەگەر شکت هەیە هەر لێرەدا بیبڕەوە! بڕۆیتە پێشەوە ئیتر ناکرێ ها!

کامیار شکم لەخۆم هەیە! تەنیا دەترسم ئەو نەتوانی من قبول بکات! ئەو کاتە هەموو کات هەست بە کەمی دەکات! نوسرەت سەرێکی لەقاند و وتی:

ـ باش تیدەگەی بەخوا!

کامیار ئیستا زیاترم بۆ باس بکە!
جگەرەکەی کوژاندەوە و دوو چای کە هێشتا باش ساز نە بوو بوو بۆ تێکردین و خستییە بەردەممان و وتی: تاکو ئێوە بیخۆنەوە، من بڕۆمە دەرەوە و بێمەوە.
هەر کە ویستی هەستی کە کامیار دەستیگرت و وتی:
ـ ئەگەر نەڕۆی چی دەبێ؟ دیسان دانیشت و بیرێکی کردەوە و وتی:
ـ ئێوە تاکو ئیستا موعتادێ کە دەوای پێنەگەیشتبێ چاو پێکەوتووە؟
کامیار تەنیا لەفلیمەکاندا.
نوسرەت دەی باشترە هەر ئەوە لەبەر چاوتاندا بێ کە تەنیا فیلمە! ئەگەر ئیستا تا نیوسەعات سەعاتێ تر دەوام پێنەگات، گاز لەم عەرزە دەگرم! سەعاتێ دوای ئەوە ئامادەم هەر شتی بکەم کە سانتێ دەوا بڕواتە دەمارم! هیچیش بۆم گرنگ نییە!
پاشان هەستا و لەژوورەکە ڕۆشتە دەرەوە. من و کامیار تەنیا سەیری یەکیتریمان دەکرد! دە دەقەی پێنەچوو کە هاتەوە و لەسەر جێگەکەیدا دانیشت و چایەکی بۆ خۆی تێکرد و هەروا کە سەیری پیاڵەکەی دەکرد وتی: ببورن هاورێیان!
کامیار تا ئەوەیت وت کە خوا لێخۆشبوو خوشکت وای لێهات!
نەختێ تر یاری بە پیاڵەکەی کرد و دیسان جگەرەیەکی داگیرساند و پاکەتەکەی خستە بەردەممان و ئەژنۆیەکی گرتە باوەش و دەستی بە جگەرە کێشان کرد! چاوەکانی نوقاندبوو و جگەرەی دەکێشا! کۆتایی جگەرەکەی بوو کە چاوی کردەوە و وتی:
ـ بنیادەم جاری وا هەیە ڕقی لەکەسێکە و دەیەوێ تۆڵەی لێ بسێنێ! دەڕوات و بەڵایەکی بە سەردا دێنێ. ئیستا هەرچۆنێ کە بێت! بەڵام بنیادەم جاری وا هەیە ڕقی لەهەموو خەڵک و وڵاتەکەی و هەمووشت هەیە! ئەو کاتە ئیتر پێیان ناوێرێ و ناتوانێ تۆڵەیان لێبسێنێ! ئەو کاتەیە کە دەڕوات و شتێ دەکات و دوایی تێدەگات کە چی کردووە! منیش هەر شتێکی وامکرد! بەم هێرۆئینە تۆڵەم لێ سەندنەوە!
کامیار تۆ تۆڵەت لەخۆت سەندەوە!
نوسرەت: نە! هەڵە دەکەی! من لەوڵاتم تۆڵەم سەند! وڵاتەکەم منی لەدەست دەرچوو! منی کە لەوانە بوو بم توانیایە زۆر شت بکەم! منی کە لەوانەیە بمتوانیایە زۆر شت بدۆزمەوە و یان دروست بکەم! بۆچی هەر ئەم بنیادەم و گەنجە خوێنەوارانە وەکو ئێمە نین کە دەڕۆن بۆ ئەورووپا و ئەمیرکا بۆ خۆیان دەبن بە پیاو؟ بۆچی هەر ئەم گەنجانەی وەکو ئێمە نین کە هەواڵی دەگات کە لەوێ فلان شت و فلان شتیان بەدیهێناوە؟

ئەوانەی کە هەڵدەستن ئێرە بەجێ بێڵن و دەڕۆن و بەهرە و زانست و زانیاری خۆیان هەڵدەگرن و لەگەڵ خۆیان دەیبەن، بۆچی تۆڵە لەم وڵات و خەڵکە ناسێنن؟ ئێستا ئەوان بە نەوعێ تۆڵە دەستێنن و ئێمەش کە موعتاد و ڕاهاتوو دەبین بە شێوەیەک! بەڵام ئاخرییەکەی شتێکە! ئەم خەڵک و وڵاتە کە بایەخی ئێمەی نەزانی، ئێمەی لەدەست دەرچووو! ئەگەریش هەروایش بۆ پێش بڕوات، کێ دەیەوێ ئەم چەرخ و فەلەکە بگێڕێ؟.

جگەرەکەی کوژاندەوە و وتی:

- برۆ سەیری ئەو جانتایە بکە و بڕوانە چەند پڕۆسە خۆڵی لێنیشتوە! شامپۆیەک کە هەر پارەکە یەکێ دۆزییەوە کە بووە هۆی ئەوەی کە بنیادەم قژی لەسەر دەربێتەوە! صابونێ کە بە هەموو پێستێ بکەوێ! تایتی جل شۆرینێ کە وادەکا و زۆر شتی تر! هەموویان لەوێ کۆمەڵ بوون و کەسێ کە بڕیار بوو ڕۆژێ ئەوانە تۆمار بکات و دروستیان بکات، لێرا لەبەردەمتاندا دانیشتووە و هەندێجار خومارە و هەندێجار نەشە! ئەم هەموو داماوییەم بەخۆمەوە بینی و لەزانکۆ دەرچووم کە ببم بە موعتادێک و بکەومە گەوادی! خەریکی ناموس فرۆشی بم!

دیسان دەستی بە قیرە کرد! ڕوی کردبووە پەنجەرەکە و دەیقیراند:

- هۆی مامۆستای پۆلی یەکەمم لەکوێی کە سەیر بکەی؟ بە داماوی قەڵەمت دایە دەستم و فێرت کردم لەجیاتی ئەوەی کە جگەرە بخەمە بەینی پەنجەکانم، قەڵەم بە دەستمەوە بگرم! ئێستا لەکوێی کە چاوت لێبێ قوتابیەکەت بووە بە چی؟ هۆی بەڕێوەبەرەکان کە دە تاقیکردنەوە و ئەزموونتان لێگرتم تاکو بهێڵن بێمە قوتابخانەکەتان بخوێنم! وەرن سەیرکەن یەکەمی قوتابخانەکەتان چ ئیشێکی هەیە! هۆی ئەو ڕۆژنامەیە کە وێنەی منت وەرگرت و لەژێریدا نوسیت کەسی. . . تاقیکرنەوەی ساڵی. . . . ! وەرە ئێستا وێنەکەم لەچاپ بدە و لەژێریدا بنوسە کەسی یەکەمی ناموس فرۆشی لەبواری. . . !

کتوپر ە جێگەکەیدا هەستا و ڕۆشتە بەر پەنجەرەکە و ڕاوەستا و قیراندی وتی:

- وەرن شانازییەکەتان سەیرکەن! لەکوێی مامۆستا کە هەرکات پانتۆڵە کۆنەو و دڕاوەکـەت لەپێما چاو پێ دەکـەوت، دەتماڵی بەسەر شانمدا و دەتوت تۆ بەس خوێندنەکەت بخوێنە قەرەبوی هەموو ئەمانەت بۆ دەکاتەوە؟ بۆچی هەموو دەرەجەکانم بیستم لێ وەرنەگرتی؟ ئەی کوا ئەو بەڵێنانەی کە پێت دام؟ ئەو بیست و نۆزدەکان قرانی بایەخی نەبوو! کوتوپڕ دەستیکرد بە ماڵینی سەری بە دیواردا! دیرێکی دەوت و

سەرێکی دەماڵی بە دیوارەکەدا!

ـ بیرکاری بیست! فیزیا بیست! کیمیا بیست! بیرکاری بیست! فیزیا بیست! کیمیا..

من و کامیار ڕامانکرد بۆ لای و لەپشتەوە گرتمان! دەگریا و دەیویست سەری بماڵێ بە دیواردا! کامیار باوەشی پیا کرد و وتی: نوسرەت گیان ئاخر بۆ وادەکەی؟

نوسرەت ئاخر تۆ نازانی من چیم لەدڵدایە! من بڕیار بوو ببم بە بەهرەمەندی کیمیا! هەموو پێیان دەوتم تۆ ئاخریەکەی دەبی بە شتێ! خۆشم دەمزانی ئاخری بۆ خۆم دەبم بە شتێ بەڵام نەمدەزانی دەبم بەمە! نەمدەزانی دەگەمە ئێرە! لەکوێی ئاغای نازم کە سەیرکەی قوتابییەکەت کچی خەڵک بۆ... دەنێرێتە دوبەی!

کامیار ئەگەر بتەوێ وا بکەی هەڵدەستین دەڕۆین ها! خەریکین بە یەکەوە قسە دەکەین ئیترا بۆچی خۆت لەناو دەبەی؟

هێدی بردمان و لەسەر جێگەکەی دامانیشاند و کامیار سێ جگەرەی داگیرساند و یەکیانی دا بە نوسرەت و یەکیانی دا بەمن و ئیتر هیچکاممان یەک وشەیش قسەمان نەکرد! کە جگەرەکە تەواو بوو، سەری بەرزکردەوە و وتی:

ـ خوشکەکەم مرد، پارەمان نەبوو کە لاشەکەی بەرز بکەینەوە! ئەمجارە ئیتر دراوسێکان ڕوویان تێنەکردین! یانی داماوانە دەستیان خاڵی بوو! من و باوکم و حیکمەت دانیشتبووین لەژوور سەری مەیتەکە و نەماندەزانی چیبکەین! نازانم لەم ناوەدا، کام شیرپاک خواردوویەک هەواڵی بە کابرا کە عارەقم لێدەسەند دا. کاتێ بینیم کە دەرگا کرایەوە و هاتە ژوورەوە و هەر کە چاوی بە ئێمە و جەنازەکە کەوت، دەستی بە گریان کرد و لەژوورەکە ڕۆشتە دەرەوە. هەستام و ڕۆشتم بۆلای کە سەرخۆشی کردم و دەستی کرد بە گیرفانیدا و هەندێ پارەی دەرهێنا و خستییە گیرفانم و وتی ئەگەر کەمە، پێم بڵێ! خوا چاکەی بداتەوە. دراوسێکان کە بینیان پارە هاتوتە گیرفانی من، یەکە یەکە هاتن و جەنازەکەمان جوڵاند! کاتێ گەیاندمانە مردوشۆرخانە، ڕۆشتم بۆ سوچێک دانیشتم! نە دەگریام و نە هیچ! بەس سەیریم دەکرد! دراوسێکان دەوروبەری باوکمیان گرتبوو و یانی خەریکبوون دڵخۆشیان دەدایەوە. کوتوپڕ سەیرم کرد ئەم حیکمەتە لەبەردەمی مردوشۆرەکاندا ڕاوەستاوە و دەگری و ئەلاولای سەیر دەکات! ڕامکرد بۆلای و گرتمە باوەشم کە سەیرم کرد بە هەنسکە هەنسک کەوتووە! ویستم ئارامی بکەمەوە بەڵام بۆچی دەکرا! هەناسە برکێی پێکەوتبوو و هەر دەیوت: کاکە بۆچی حیشمەت ئاوا دەشۆرن؟ زانیم ڕۆشتوەتە مردوشۆرخانەکە و لەپشت شوشەکە

ئەم شتانەی بینیوە! لێی تورە بووم کە بۆچی ڕۆشتی بۆ ئەوێ و جا لەباوەشم گرت و ئەوەندە نازم کێشا و لەگەڵیدا قسەم کرد تا نەختێ هێمن بویەوە.

هەروا کە خەریکبووم لەگەڵ حیکمەتدا قسەم دەکرد، خانمێ هاتە بەر دەرگای مردوشۆرخانەکە و بە دەنگی بەرز قیڕاندی و ناوی سیانی ئێمەی بانگکرد! ڕامکرد بۆلای کە وتی:»تۆ خزمی حیشمەتی. . . کە؟ «وتم ئا. وتی»کێی ئەوی؟ «وتم برایم. وتی «ناوت چییە؟ «وتم نوسرەت. سەیرێکی منی کرد و جا پاکەتێکی دایە دەستم و وتی ئەمە لەناو جلەکانیدا بوو. بیگرە! بۆ تۆی نوسیووە!

پاکەتەکەم لێ وەرگرت و ڕۆشتم بۆ سوچێ دانیشتم. حیکمەتیش هات بۆ لام دانیشت و سوچی بلوزەکەمی گرت بوو بە دەستییەوە! بەسەزمانە دەترسا!

پاکەتەکەم کردەوە کە بینیم لەناویدا نامەیەکە. دەرمهێنا و دەستمکرد بە خوێندنەوەی!

«هەستا و هێدی ڕۆشتە سەر سندوقێکی داری و لەناویدا جانتایەکی دەرهێنا و نەختێ لەناوەکەیدا گەڕا و بە پاکەتێکەوە هاتەوە و پاکەتەکەی بۆ کامیار گرت».

کامیار پاکەتەکەی کردەوە و لەناویدا نامەیەکی دەرهێنا. سەرم بردە پێشەوە و دەستم کرد بە خوێندنەوەی!»سەلام کاک نوسرەت. دەزانم ئێستا کە خەریکی ئەم نامەیە دەخوێنیتەوە، من ئیتر لەم دنیایەدا نیم. کاکە نوسرەت دەستت ماچ دەکەم. پێت ماچ دەکەم. یاخوا من بەساقەی تۆ کاکەی باش و میهرەبان و بە غیرەتەکەم بم کە دەزانم خەریکم دەمرم. زۆر ڕازیم. هەموکات لەخوا ئەوەم ویستوە کە ئەگەر بڕیارە تۆ شتێکت لێبێ، من لەجیاتی تۆ بم. کاکە نوسرەت من دەزانم تۆ چەندە زەحمەت دەکێشی. لەکاتێکەوە کە بچوک بوویت ئێشت کردووە تاکو ئێمە نەختێ باشتر بژین. بەڵام دەزانم کە تۆ خۆت هەر ئێستاش هێشتا منالێ. بەڵام هەر بەم تەمەنە کەمەتەوە، بە ڕادەی پیاوێکی گەورە ئێشت کردوە و زەحمەتت کێشاوە.

کاکە نوسرەت، من دەمێکەیە کە ئازارم هەیە، بەڵام نەموت لەبەر ئەوە کە دەمزانی کەس ناتوانێ هیچم بۆ بکات. هەرچی خوا بیەوێ هەر ئەوە دەبێ. بەس داواکارییەکم لێت هەیە. سەرەتا کاتێ من مردم هاوار و گریانم بۆ نەکەیت و خەفەت نەخۆی. مەهێڵە حیکمەت خەفەت بخوات. ئێستا ئیتر نە دایکم هەیە، نە من هەم. خەرجیمان کەم بۆتەوە ئیتر. تەنیا بهێڵە با حیکمەت هەرچەندە دەیەوێ بخوێنێ. خۆیشت واز لەخوێندن مەهێنە. ئەگەر منت خۆشدەوێ کە دەزانم دەتەوێ وا بکە کە هەردووکتان بڕۆن بۆ زانکۆ. ئاواتی من هەر ئەوەیە. دەزانم کە مرد و بەئاگایە و لە هەموشت تێدەگات. هەتا کاتێ

ئێوە بخوێنن منیش لەو دنیادا خۆشحاڵ دەبم، دایکیشم خۆشحاڵ دەبێ. تەنیا بەڵێنم پێیدە کە بخوێنن. سەد هەزار جار ڕومەتی تۆ و حیکمەت ماچ دەکەم و ماڵئاواییتان لێدەکەم. یاخوا یاخوا یاخوا سەد و بیست ساڵ بە خۆشی و شادی بمێنن. لەباوکیشم خواحافیزی بکە. لەبیرت نەچێ کە من بەڵێنم لێ وەرگرتوی.

کاکە گیان بۆ مردنی من خەمبار مەبە. من خەریکم زۆر ئازار دەچێژم. هەر ئێستاش کە خەریکم ئەم نامەیەت بۆ دەنوسم، ئەوەندە کەلەکەکانم ئێشێ کە دەمەوێ بقیڕێنم، بەڵام بەر بەخۆم دەگرم. لەدوای من خەفەت مەخۆ کە من ڕزگار دەبم. یاخوا بەساقەی تۆ کاکەی بەغیرەتم بم. یاخوا بەساقەی ئەو خوشکە جوانەم بم. نامەوێ داواکاری قورسم لێت بوێ، بەڵام کاتێ بە هیوای خوا لەزانکۆ دەرچوون و هەرکامتان بونە دوکتۆر و ئەندازیار، بڕۆن بەدوای عیزەتتدا بیدۆزنەوە. لەوانەیە لەبارێکی باشدا نەبێ.

کاکە نامەوێ لەم ئاخریەدا دڵت بسوتێنم، بەڵام هەموکات دەمویست شتێکت لێ بپرسم. ئەویش ئەمەیە کە بۆچی دەبێ باری ئێمە ئاوا بێ کە ئاواتی خواردنی مۆزێک بە سەر دڵمانەوە بمێنێ. ئاواتی ژەمێ تێر نان خواردن بە سەر دڵمانەوە بمێنێ؟.

کاکە نوسرەت، حیکمەت بە تۆ، تۆ بە خوا دەسپێرم. لەو دنیا لەگەڵ دایەدا لای خوا دۆعات بۆ دەکەین. لەبیرت نەچێ بەڵێنت پێداوم. بە خوام سپاردن. دەستت ماچ دەکەم. پێت ماچ دەکەم. زۆر زۆر زۆر زۆر خۆشم ئەوێن. خوا ئاگای لێتان بێ کاکە گیان. خوا ئاگای لێتان بێ کاکە گیان. «بە ساقەی تۆ حیشمەت»

کە نامەکە تەواو بوو، کامیار دەستی گرتە بەر چاوەکانی و هەروا دانیشت!

نامەکەم لەدەست سەند و دیسان خوێندمەوە! جاری یەکەم کە خوێندمەوە، گریان گەرووی گرتم! ئەم جارە عارەقی شەرم لەشی داگرتم!

نامەکەم بۆ نوسرەت گرت. شەرمم دەکرد سەیری چاوانی بکەم!

نامەکەی لێ وەرگرتم و ماچی کرد و کردیەوە زەرفەکەی و وتی:

- گۆڕت پڕ لەنور بێ خوشکە جوانەکەم! من بەڵێنەکەم بردە سەر. هەم خۆم خوێندنەکەم تەواوکرد و هێشتیشم حیکمەت خوێندنەکەی تەواو بکات و برواتە زانکۆ! ئیشەڵلا تا ماوەیەکی تر بە تەواوی دەبێتە دوکتۆر و لەوێ دەردەچێ، بەڵام حیشمەت گیان من خوێندنم پێوە نەهات! جگەرەیەکی تری داگیرساند و وتی:

- خالی سەرەکی، ناوەڕۆکی ژیانی کەسێک نییە! خالی سەرەکی، ئەو کاتانەیە کە گۆڕان بە سەر ژیانی کەسێکدا دێت! کاتێ کە دەبێتە هۆی ژێرە و ژوور بوونی ژیانی

کەسێک! بۆ منیش ئەم گۆرانە وابوو!

زەمانێ شەرەفم بوو بەڵام پارەم نەبوو خوشکەکەم ببەم بۆ دوکتۆر! زەمانێ شەرەفم بوو، بەڵام پارەم نەبوو کیلۆیەک پرتەقاڵی پێ بسێنم کە خوشکەکانم بیخۆن! زەمانێ شەرەفم بوو، بەڵام نەمدەتوانی چوار مسقاڵ گۆشت بکڕم بیبەمەوە بۆ ماڵێ لێینێم و بیدەم بە خوشکەکانم بیخۆن کە هێزیان تیا بێ! ئێستا شەرەفم نییە، بەڵام خوشکەکەم لەخانویەکی باشدا دەژی! ئێستا غیرەتم نییە، بەڵام جل و بەرگی خوشکەکەم باشە! ئێستا ئابڕوم نییە، بەڵام خوشکەکەم کتێب و دەفتەری هەیە! ئێستا ناموسم نییە، بەڵام پارەی زانکۆ و وانەی تایبەت و هات و چۆ و خواردنی خوشکەکەم لەکاتی خۆیدایە!

زەمانێ بۆ هەموو ئەمانە کە بووم، یەکێ ئامادە نەبوو کە قرانێ بکاتە مستم! بۆ ئەوەش کە بێ ناموسی و بێ شەرەفی و بێ غیرەتیم لەبیر بچێ، هیروئین دەکێشم!

- جا ئەو کاتە لەبیرت دەچێ؟

نوسرەت نە! بنیادەم کاتێ بێ ئابڕو بوو ئیتر هیچکات لەبیری ناچێتەوە!

دوو مژی تری لەجگەرەکەیدا و وتی:

- کاتێ کە تەمەنم بیست ساڵانە بوو، حەزم دەکرد کە لەگەڵ کچێکدا هاوڕێ بم، بەیەکەوە قسە بکەین، هاتوچۆ بکەین، دەردە دڵ بکەین! کشانێکی سەیرم بەرانبەر بە ڕەگەزی بەرانبەر بوو! ئەو کاتە نە پارەم بوو نە پێداویستییەکانی. ئێستا هەموو پێویستییەکانی بۆ ئامادەیە! ئەم هەموو کچە کە هەموویشیان خەریکی شتی وان، لەبەر دەست و پێمدا هەڵڕژاون بەڵام ئیتر ئەو مەیل و کشانەوەمە تیا کوژرا!

گەنجێ دنیایەکی بۆ خۆی هەیە! بەیانی دەست دەخاتە ئەم دنیایە و تا شەو وەکو بەهەشتی بۆ خۆی لێدەکات و تەنیا ئەوە بەسە کە کاتێ خەریکە لەگەڵ هاوپۆلەکەیدا لەشەقام پیاسە دەکا، بیگرن! هەموو ئەو دنیا بۆی دەبێتە زبڵ!

من شتێکی زۆرم لەژیانە نەدەویست کاک سامان! زگێ تێر بۆ خۆم و بنەماڵەکەم! چوار دیوارییەکی ئاسایی کە سەرمانی تێبکەین! خوێندن و قوتابخانەیەک بۆ هەموومان! ئەمانە شتێ زۆرە؟ نەبەخوا!

ئێستا ئیتر لەم ڕۆژ و ڕۆژگارەدا مافی خۆمانە کە نەختێ بە ئاسانتر و سەربەست تر بژین! خۆ ئێستا هەزار ساڵ لەمەوبەر نییە ئیتر! ئەم هەموو داهێنانە! ئەم هەموو تەکنەلۆژیایە! ئەم هەموو پێشکەوتنە! جاران ئەگەر بتویستایە هەواڵێ لەخزمانت لەشارێکی تر وەربگری، ساڵێکی پێدەچوو! ئێستا لەو سەری دنیاوە ، تۆ بە دەقەیەک

ئاگادار دەبی! دەی کاتێ لەم مەملەکەتەدا خەریکن لەم تەکنەلۆژیایە کەڵک وەردەگرن، هەندێ شتیشی لەکەناردا هەیە ئیتر! وەکو کەسێک کە سەر ئۆتۆمبێل دەکەوێ و دەیەوێ سەدکیلۆمەتر لەجیاتی چەند ڕۆژ، بە سەعاتێک ببڕێ دەبێ مەترسی ڕوداوی ئۆتۆمبێلیش قبول بکات!

هەندێجار وادەزانم کە پێشینیانی ئێمە چ ژیانێکی بێ کێشەیان هەبووە! باوەگەرەکانی یەک دوو پشت پێشی ئێمە! نە هەوای پیس! نە ئەم هەموەو باوک حیزبیە! ئیستا دەجولێنیتەوە کوتوپڕ بیرێک لەبەر پێتا دەم دەکاتەوە کە کوتوپڕ هەزار گەنج ڕادەکێشێتە خوارەوە!

کاتێ تامی شتێکت بە یەکێ ناساند و پێت نیشان دا ئیتر ناتوانی لێی دوور بخەیتەوە! پێشینیان زۆر شت لەمانە کە ئێمە بینیومانە، نەیانبینیوە! چەرەساتیان، گەنمە شامی و مێوژ! زۆر بیانویستایە خزمەتی مناڵەکەیان بکەن، بنێشتی کوردییان بۆ دەکڕین! ئیستا سەر دەکەی بە هەر کونێکدا، لەپشت شوشەکەیدا هەزار جۆر چکلێت و بنێشت و چیپس و چی و چی و چییان داناوە! دەبێ دە مستەکۆڵ بماڵی بە زکتا و پێی بڵێی کە لەم شتانەی نەوێ !

تەلەفیزۆن ئەڵقە ساز دەکات کە کچ و کوڕ عاشقی یەکتری دەبن و دەڕۆنە دەرەوە کە بەیەکەوە قسە بکەن و جا یان بەیەکەوە زەماوەند دەکەن یان نایکەن! ئەوکاتە هەرکە بتەوێ سڵاو لەکچێ بکەی، سەبیلەکەت بۆ ساز دەکەن! ئەوە چییە؟ ئەمە چییە؟

منیش ئەم دوابڕاوەم دەست پێکرد کەچی؟ کە کاتێ دەیخوم یان دەیکەمە دەمارم، وڵاتی بۆ خۆم ساز بکەم کە لەناویدا یەک کەس برسی نەبێ! مناڵەکەت لەبەر فەقیری لەخوێندن و قوتابخانە دوانەکەوێ! یان لەبەر ئەوەی کە قەڵەمەکەی خێرا خێرا دادەدا لێیان لەباوکی وەرنەگرێ!

ئێرانێک بۆ خۆم ساز بکەم کە هەموو لەوێدا خانو و ژیان و جل و بەرگیان هەبێ! بەڵام کاتێ ئەم دوابڕاوە بەکاردەهێنی، هەموو داماوییەکان دێتە پێش چاوت!

کترییەکەی هەڵگرت و پیاڵەکانی پڕ کرد و وتی:

ـ شیعری حافز و سەعدی و ئەوانیتر دەبێ جارێکی تر مانا بکرێتەوە و بە شێوەیەکی تر! دەبێ مانایەکی بۆ بدۆزرێتەوە کە لەگەڵ دۆخی ئیستای ئێمەدا ڕێک بکەوێ! هەر دەمەوێ بزانم ئەمانە ئەم شیعرانەیان بۆ کێ وتووە؟ بۆ لێرە پیرەژن و پیاوەکان؟ یان بۆ ئێمە گەنجەکان! یان هەر بۆ دڵی خۆیان؟ ئێوە دەڵێن ئەگەر حافز هەر ئیستا زیندو



Scanned with CamScanner

بوایەت و بڕیار بوایە کە دیسان شیعر بڵێتەوە، چۆن شیعرێکی دەوتەوە؟

کامیار سەری بەرز کردەوە و وتی:

ـ لەوانەیە ئیتر هەر شیعری نەوتایە و خەریکی دەلالی بوایە!

نوسرەت کامیار گیان بەڕای تۆ سوقرات ئیشێکی باشی کرد یان گالیلە؟ باشتر نەبوو کە ئەویش تەوبەی بکردایە و نەکوژرایە؟

کامیار بەڕای من ژیرتر لەهەموو ئەمانە بالول بوو کە خۆی کردبوو بە شێت کە هەر هیچ نەبێ لەبەر ئەو قسانەی کە دەیکرد نەیانکوشت!

نوسرەت ئەوانیش بە دوای ئازادیدا بوون و هەرکام ئازادییان بە شێوەیەک ناسی و دۆزییانەوە! ئێستا دەبێ بزانی کە ئازادی ئەسڵەن چییە و چۆنە؟

کامیار ئازادیش لە چوارچێوەیەکی دانراودایە کە خۆمان بۆ خۆمانمان سازی دەکەین و قبوڵیشمانە و هەرکەس پێی لەسنورەکانی بخاتە ئەملاوە بەندی دەکەین! کەواتە ئازادیش شتێکە کە گۆڕانکاری تیا بەدی بێ!

نوسرەت کە وایە هەموو ئەم مرۆڤانە بە دوای شتێکدان کە خۆیان ڕادەکەیان سازکردوە و کە چی هەر پێیان نەگەشتون؟

چاکەی هەڵگرت و دەستی بە خواردنەوە کرد! تاوێ دوای ئەوە وتی:

ـ حیشمەتمان ئەسپەردە کرد و هاتینەوە، دراوسێکان ڕۆشتن و ماینەوە من و حیکمەت و باوکم! ماڵەکە زۆر چۆڵ ببوو! سێ کەس لەبنەماڵەیەک ڕۆشتبون! ئیتر تاقەتی هیچ ئیشێکم نەبوو. بێدەنگ، سارد، چۆڵ!

بەڵام ڕۆژگار هەموو کات ئیشی خۆی کردوە و دەیکات! بۆ ئێمەش کردی! ڕۆژان و شەوان هاتن و چون و لەدایکم و عیزەت و حیشمەت تەنیا بیرەوەرییەکمان بۆ مایەوە! بەڵام وانەزانن کە بیرەوەرییەکی خۆش ها! نە! بیرەوەری ناخۆش! بیرەوەری لاوازی و بێهێزی! مۆرێکی سور لەکارتی ژیاندا!

سێ چوار ساڵێ تێپەڕی بوو. حیکمەت تەمەنی نزیک یازدە دوازدە ساڵان بوو و منیش ئامادەییم تەواو کردبوو. ڕۆژێ کە لەدەرەوە هاتمەوە بۆ ماڵ، سەیرم کرد حیکمەت نییە! لەباوکم پرسی کە حیکمەت لەکوێیە؟ وتی: وەر دانیشە ئیشم پێتە. وتم: جارێ تۆ بڵێ کە حیکمەت لەکوێیە، جا! وتی: لەماڵی دراوسێکانە. وتم بۆ چی؟ وتی: دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم ئیتر! وەرە دانیشە! ڕۆشتم لەکنی دانیشتم جا وتی: بروانە ڕۆڵەگیان، تۆ هێشتا خۆت منداڵی! ئیشێکی ڕێک و پێکیشت خۆ نییە! بیریش لەئیش کردن

خۆ ناکەیتەوە! منیش خۆ ئیتر گیان و توانای کرێکاریم نییە! ئەمڕۆ بکەومەماڵەوە یان سبەی! ئەم ماوەیە زۆرم بیر کردۆتەوە! ڕوانیم کە باشترین کار ئەوەیە بیرێک لەحیکمەت بکەمەوە! هەم خێرێکی گەورەمان کردوە و هەم قوڕێکمان بە سەر خۆماندا کردوە! وتم: چ بیرێ؟ وتی: ئەم وەستاحەمەی نانەوایە، حەزی لەحیکمەتە! ماوەیەکە ی هەواڵم لێ دەنێرێ! منیش یەک دوو جار لەگەڵ حیکمەتدا قسەم کردوە! خۆی ڕازییە! یانی دەزانێ کە ئاخری دەحەسێتەوە! چ سودێکی هەیە کە سۆمای چاوی لەناو ببات و بڕوات بۆ قوتابخانە و لەپەسا وەرەقە ڕەش بکاتەوە؟ ئاخرییەکەی چی؟ کچ دەبێ مێرد بکات یان نە؟ سەرتا خۆیشی تێنەدەگەشت بەلام نەختێ کە قسەم لەگەڵ کرد، تێگەشت! ئێستاش ڕۆشتوە بۆ ماڵی کاک حەمە ئەوان و دایکی کاک حەمە خەریکە قسەی لەگەڵ دەکات! تۆیش لەقسە تێبگە! ئاواش بۆ تۆ باشترە! بهێڵە با ئەو بەستەزمانە شتێ لەژیان تێبگات!

سەیرێکم کرد و وتم: ئاخر بابەگیان تۆ دەزانی خەریکی چی دەکەی؟ وتی: ئا! من دوو کراسم زیاتر لەتۆ دڕاندوە! ئاواش دەست و باڵی تۆش دەکرێتەوە و دەتوانی بیرێ لەژیانی خۆت بکەیتەوە! وتم: ئەگەر بە کراس دڕاندنە کە من لەڕۆژێکەوە کە خۆم ناسیوە کراسی دڕاوم لەبەردا بوە! مرۆڤ ئەگەر کراسەکەشی دەدڕێت، باش وایە کە نەختێ عەقڵ و تەجروبەش بە دەست بهێنێ! ئەم منداڵە هێشتا نەبووە بە دوانزە ساڵان! ئێوەش دەتانەوێ بەمێردی بدەن بە پیاوێکی چل و نەوەندە ساڵ! ئەمە عەقڵە؟

وتی: ئەگەر من باوکیم و پرس و ڕای بە منە من دەڵێم کە دەبێ ببێ بە ژنی کاک حەمە! وتم: ئێوە باکی ئەون بەلام پرس و ڕای بە دەستی تۆ نییە! وتی: خەریکی گوی زلتر لەدەمت دەخۆی ها! وتم: ئێوە وریای ڕێزی خۆتان بن! مەهێڵە ئەوانەی کە تەمەنێ لەدڵمدا بووە بە گرێ پێت بڵێم ها! وتی: بڵێ بزانم! وتم: پیاوی باش خوا چەند منداڵی پێدایت بەلام چۆن ئەمانەتداریت کرد؟ یەکێانت کە فرۆشت! ئەویتریانیشت کە لەفەقیریدا، ئازاری چەشت و دەنگی نەکرد هەتاکو مرد! ئێستا سەرەی ئەمەیە؟ هەر ئاگات لێیە کە منداڵەکانت چ مێشکێکیان بۆ خوێندن هەیە؟ خەڵک بەو ئاواتەوەن کە منداڵی ئاوایان هەبێ جا تۆش کاتێ خوا چەند منداڵی لەمانە پێداوی، یەکە یەکە خەریکی تەفروتونایان دەکەی؟ وتی: ئەگەر من گەورەی ئێوەم هەر عەقڵم بۆ ئەمشتانە بڕ دەکا! تۆ گەورەییم بۆ مەکە! وتم: ئێوە گەورەی ئێمەن بەلام بەس لەتەمەندا! ئەگەر بەس کوێرە خوێنەوارییەکت بوایەت دەتوانی دانیشی و بە ئەنگوستەکانت، حسابی داماویەکانمان بکەی!

ئەمەم وت و لەجێگەم هەستام کە ئەویش هەستا و وتی: بۆ کوێ؟ وتم: دەڕۆم حیکمەت بهێنمەوە. وتی: ئەگەر پێت لەم ژووورە خستە دەرەوە ئیتر من بخە لاوە! پێم وت: ئاخر من چیت پێ بڵێم؟ بۆچی کە ئێستا کە لەلاوە نیت چیمان بۆ دەکەی؟ ڕۆژی لەنێشی، سێ ڕۆژ لەماڵەوە! ئەگەر منیش نەبم ڕۆژی ناتوانی کرێی ئەم خانوە بدەی؟ وتی: خوا تۆ و ئەو پارەیەت ببڕێ کە سەعات بە سەعات نەیکوتی بە ناوچاوماندا! وتم: من خەریکم گیان دەدەم و ئیش دەکەم و دەخوێنم کە حیکمەت بۆ خۆی ببێ بە شتێ! ئەوجا تۆ خەریکی لەسەری خۆتی دەکەیتەوە؟ خەریکم پێت دەڵێم، ئەگەر حیکمەت لەم ماڵە بڕوات، منیش ڕۆشتوم! ئەوجا خۆت دەمێنی لەگەڵ هەفتەیەک ئیش و سێ هەفتە خانەنیشینیدا! ئەمەم وت و لەژوورەکە ڕۆشتمە دەر و ڕۆشتمە ئەو بەری حەوشەکە کە ژووری وەستا حەمەی نانەوا بوو و لەگەڵ دایکیدا دەژیا. لەپشت شوشەی دەرگاکەیانەوە سەیرم کرد و بینیم کە حیکمەت لەسووچێکی ژوورەکەدا دانیشتوە و خەریکە دەگری و دایکی کاک حەمە خەریکە قسەی لەگەڵ دەکات و کاک محەمەدیش نەختێ ئەولاتر دانیشتوە و قاپشێکی پانتۆڵی لەبەردەمدایە! ئیتر ئاگام لەخۆم نەما و پاڵێکم نا بە دەرگاکەوە و ڕۆشتمە ژوورەوە کە کاک حەمە لەجێگەی ڕاپەڕی و هەر کە منی چاو پێکەوت پێکەنی و وتی: بەخێر هاتی مامە. . . کە لیی نەوەستام و کوتام بە سەرسنگیدا جا نووسا بە دیوارەکەوە و ڕۆشتمە پێشەوە کە حیکمەت ڕایکردە باوەشم!

دەستیم گرت و ویستم لەگەڵ خۆم بیهێنمە دەرەوە کە بەرهەڵستم وەستا و وتی: بۆ کوێ؟ وتم: پیاوی دوور لەجەنابت ماقوڵ، داناڕزێی؟ ئەمە لەجێی منالی تۆیە! وتی: مەبەستی خراپم خۆ نییە! دەمەوێ ژن بهێنم! وتم: ئەمە شوو ناکات! وتی: خراپە دەمەوێ بەختەوەر بێت؟ وتم: بە قاپش!

هەر کە ویستی باسی قاپشەکە پێنە بکات کە لەژوورەکەی هاتینە دەرەوە و ڕۆشتین بۆ ژوورەکەمان و هەر کە گەشتین حیکمەت خوڕە خوڕ دەستی بە گریان کرد! نازیم کێشا و پێم وت هیچ نییە کاکە، تەواو بوو! ئیتریش هەتاکوو بە منت نەوتوە هیچ نەکەی! وتی: ئاخر باوکم وتویە کە من سەرباری تۆم! ڕوومکردە باوکم و وتم: بابە لەخۆڕا کە چیم پێ وتوی! حیکمەت دەبێ ببێ بە دوکتۆر! بە گۆڕی دایکم! بە گۆڕی حیشمەت، ئەگەر بتەوێ پلانێک بۆ حیکمەت داڕێژی ئیتر ڕێزی ئەو نەختە باوکایەتی و منالدارییە دەخەمە لاوە و هەرچی لەدەستم بێ دەیکەم! لەبیرت نەچێ!



Scanned with CamScanner

خەریکبووم ئەمانەم دەوت کە دایکی وەستا حەمەی نانەوا هاتە پشت دەرگای ژوورەکەمان و تەقەی لێدا و هاتە ژوورەوە و چاوێکی تانەی لێکردم و بە باوکمی وت: کاک حەمە وتویە یان ئەمانەتییەکەمان بداتەوە و یان پارەکەمان بگەڕێنەوە!

تازە تێگەشتم کە باسەکە چیبووە! ڕووم کردە باوکم و سەیرێکیم کرد کە ئەویش لەگیرفانی پاکەتێکی دەرهێنا و دای بە دایکی کاک حەمە و ئەویش وەریگرت و ڕۆشت! هەر کە پێی لەژوورەکە کردە دەرەوە بە باوکمم وت: ئەم یەکەت دەویست بە چەند بفرۆشی؟ هیچی نەوت و لەژوورەکە ڕۆشتە دەرەوە جا گریانی حیکمەت زۆرتر بوو! گرتمە باوەش و نازم کێشا جا وتی: من سەرباری تۆم کاکە؟ وتم: تۆ جێت لەسەر سەری منە! وتی: ئاخر بۆ تۆ سەختە! وتم: ئەگەر جارێکیتر لەم قسانە بکەی، ئیتر کاکەت نیم!

فرمێسکەکانیم سڕی و پێم وت: ئەگەر دەتەوێ هەموو کات خۆشم بوێی، سەرەتا خوێندنەکەت باش بخوێنە و جا هەموو کات هەرچی کە دەڤەومێ بە کاکەت بڵێ!

ئەو داماوە چ حەزێکی کرد! پێکەنی و ڕایکردە باوەشم و ماچیکردم! ئیتر ئەو لەکوێ، ئێستا لەکوێ؟ هەموو کات خوێندنەکەی بە باشترین شێوە خوێندوە و هەموو کاتیش هەموو شتی بە من وتوە!

جگەرەیەکی تری داگیرساند و دوو مژی لێدا و وتی:

ـ یەک، دوو سێ ساڵ ڕابورد. من لەزانکۆ بووم و حیکمەتیش ڕۆشتبووە ئامادەیی کە ڕۆژی هەواڵیان بۆ هێناین کە وەرن لاشەی باوکتان ڕێک و پێک بکەنەوە هەر بڕوامان نەدەکرد! لەگەڵ یەک دوو کەس لەدراوسێکانماندا ڕامانکرد و ڕۆشتین بۆ لای بینایەک کە خەریکبوو لەوێ ئیشی دەکرد کە سەیریمان کرد لەسوچێکدا، تەرمەکەیان ڕاکێشاوە و پارچە قوماشێکیشیان بە سەردا داوە و چەند پۆلیسێکیش لەوێن و خەریکن ڕاپۆرت دەنووسن! ڕۆشتمە پێشێ و لەکن تەرمەکە دانیشتم و ڕوویم لادا! خۆی بوو! ڕوخساری وێران و شێواو و هیلاک و پڕ ئازار! لەباوکم ڕازی نەبووم بەڵام هەرچییەک بوو باوکم بوو! مرۆڤێکی نەخوێنەوار کە بە هەڵە لەزیندوو بون و هەناسەکێشان تێگەشتبوو!

پرسیارم کرد چیبووە؟ وتیان لەسەر بیناکە کەوتوەتە خوارەوە! وتم: بۆچی؟ یەکێ لەکرێکارەکان وتی: بەیانی کەهات دوو دەنک حەبی خوارد و دەستیکرد بە ئیشکردن! لەو سەرەوە سەری گێژی خوارد و کەوتە خوارەوە!

زانیم کە چیبووە؟ ئەم دواییانە، هەم تریاکی دەخوارد و هەم حەب هەرکات تریاکی خراپی دەست دەکەوت، حەبیشی دەخوارد کە نەختێ مەستییەکەی قەرەبوو بکاتەوە!

بە کورتی بە پارەی خاوەن ئیشەکەی لاشەکەیمان برد و ئەسپەردەمان کرد و ئەو کابرا پارەی مانگێکیشی بە زیادەوە پێداین و فایلی گەورەی خانەدانی ئیمە داخرا! بەم ئاسانیە!

ـ حەقی بیمەیە، شتێ!

نوسرەت کام بیمە برا؟ باوکم ئەگەر لەهەفتەیەکدا بیتوانیایە دوو ڕۆژ ئیش بکات، کلاوەکەی فڕێ ئەدا بە ئاسمانا! لەخۆشیانا پلی دەتەقاند.

ـ ئاوا بە پەلە بردتان و ئەسپەردەتان کرد؟ شکاتێ، شتێ!

نوسرەت لای کێ شکات بکەین؟ دوای ئەوەش هەموو ئاگادار بوون کە باوکم ئالودەی تریاک و حەب بوو!

بە کورتی هەر من و حیکمەت ماینەوە! ئەو کاتە تەمەنم لەدەور و بەری بیست ساڵاندا بوو! لەبیست ساڵدا چوار کەس لەبنەماڵەکەم لەدەست چوو بوو! سێ جار تەرم بەسەر دەستمەوە مابویەوە! فایلێکی پڕ شانازییە ها!

ویستی ئەوەلای قسەکەی بکات کە دەنگە دەنگێ لەدەرەوە هات! یەکێ خەریکبوو هاواری دەکرد و دەپاڕایەوە! من و کامیار هەستاین و ڕۆشتینە پشت پەنجەرەکە سەیرمان کرد کە سێ پیاو، دەستی کوڕێکی یازدە دوازدە ساڵانیان گرتوە و خەریکن بە زۆر دەیبەن بۆ ژووری و کوڕەکەش هەر خۆی جیڕ دەکاتەوە و دەیەوێ کە ڕابکات!

ڕووم کردە نوسرەت و وتم: چی بوە؟ ئەمە کێیە؟

نوسرەت هیچ نییە! وەرنە ئەملاوە!

دیسان سەیرێکی حەوشەکەم کرد کە دەنگی کوڕەکە وەکو نوزەی پیرەژنەکانی لێهاتبوو! دیسان بە نوسرەتم وت:

ـ کاک نوسرەت ئەوە چیە؟

نوسرەت بڵێم دلگران دەبن!

ـ ئەم منداڵەیان بۆ چی بۆ ئێرە هێناوە؟

نوسرەت هێناویانە گەوادی بکەن ئێترا!

ئەمەی کە وت ڕوومکردە کامیار و سەیرێکیم کرد و هەردووکمان کتوپڕ ڕامان کرد و پێلاوەکانمان لەپێکرد و ڕامان کردە دەرەو بۆ ئەو ژوورەی کە کوڕەکەیان بۆ بردبوو!

بە مەلە ڕۆشتینە ژوورێکیتر و هاتینەوە دەرەوە و ڕۆشتینە ئەو ژوورە کە چیمان بینی!

دوو پیاو لەپیاوانە خەریک بوون بە زۆر جلەکانی کوڕەکەیان دادەکەند و یەکێتریشیان بەردەمی کوڕەکەی گرتبوو کە نەقیژێنی! کتوپڕ خوێن بەر چاوانی گرتم و ڕامکرد بەرەو ڕوویان و بە مستەکۆڵ کوتام بە دەموچاوی یەکیاندا و کامیاریش یەکانی گرت و فڕێیدایە لایەک و کوڕەکەی هەڵساند و خستیە پشت خۆی! پیاوەکان حەپەسابوون کە یەکیان لەگیرفانیدا چەقۆیەکی دەرهێنا و کامیاریش کورسییەکی دارینی هەڵگرت و بەرزی کردەوە و ئامادە بوو کە بیکوتێ بە سەریدا کە پەردەکە لاچوو و نوسرەت هاتە ژوورەوە و بە تەشەرەوە بەو کابرایە وت:

- ئەو نەقیزەیە بخە گیرفانت!

کابراکە سەرێکی ئێمەی کرد و هەروەها سەیرێکی نوسرەتی کرد و چەقۆکەی کردە گیرفانی و من و کامیاریش دەستی کوڕەکەمان گرت و هێنامانە دەرەوە و بردمانە بەر دەرگا و کە گەشتینە کۆڵان بە کوڕەکەم وت:

- ماڵتان لەکوێیە؟

هەروا کە دەگریا و لوتی شۆڕ بوو وتی: چەند کۆڵانی سەرتر!

کتوپڕ نوسرەت وەها کوتای بە بنا گوێیدا کە خوێن لەلوتی دەرپەڕی و کامیاریش زللەیەکیتری لەو لاوە لێدا و نوسرەت پێی وت:

- ئەگەر جارێکی تر لەم ناوا بتبینم، خۆم بناگوێ بۆ بناگوێ سەرت دەبڕم! بڕۆ ملت بشکێنە بۆ ماڵەوەتان!

کوڕەکە وەکو پزیسک ڕایکرد و هەڵات و پشت سەریشی سەیر نەکرد کە نوسرەت وتی:

- جارناجارێ کوڕێ دەخڵەتێنن و ڕایدەکێشن بۆ ئێرە و بەلا و مەلای بەسەردا دێنن و فێری ئەم کارانەی دەکەن!

کامیار بۆ تۆیش دەردی سەرمان ساز کرد!

نوسرەت نە، بەپێچەوانەوە! هەستمکرد کە هێشتا نەختێ مرۆڤایەتیم تیا ماوە!

- بەخوا ئێوە زۆر باشترن لەزۆرێ لەوانەی کە ماشەو هۆشەیان هەیە کاک نوسرەت!

سەیرێکی کردم و پێکەنی.

کامیار ئەم کابرانە چی لێدەکەی؟

نوسرەت ئەمانە داڵە کەرخورەکانی خۆمانن! تەنیا نەختێ ڕوویان کراوەتەوە!

کامیار دەتەوێ بە یەکەوە بگەڕێینەوە ژوورەوە؟

نوسرەت بۆچی؟

کامیار کە بە تەنیا نەبی؟

نوسرەت ئەمانە کلکیان لەمستمدایە! خەمتان نەبێ!

کامیار دەی کە وایە جارێ ئێمە دەڕۆین! ئیشی شتێکت نییە؟

نوسرەت نە، لەپەنای خوادا. تەلەفونم بۆ بکەن.

کامیار باشە.

نوسرەت ڕاستی ئەو خزمەتان چی لێهات؟

ـ دۆزیمانەوە!

نوسرەت دەی لەسەر خێر! لەکوێ بوو؟

ـ لەماڵ یەکێ لەهاوڕێکانیدا. میترا خانم بیری لێ کردەوەو و پێی وتین!

دیسان پێکەنی.

– سوپاسێکی گەورەی پێ قەرزارین!

نوسرەت هەر ئەوە کە دۆزیوتانەوە بۆ میترا وەکو سەد سوپاسە!

کامیار دەی جارێ خوات لەگەڵ.

هەردووکمان خواحافیزیمان لێکرد و ڕۆشتین بۆ لای ماشینەکە کە مێرد منداڵیک ئاگای لێبوو. نوسرەت پێکەنی و وتی: ئاگای لەماشینەکەتان بوە!

کامیاریش دەستێکی بە سەریدا هێنا و هەزارتمەنییەکی پێدا و کە چاوەکانی درەوشایەوە ڕایکرد و ڕۆشت!

هەردووکمان سەرکەوتین و دەستێکمان بۆ نوسرەت ڕاوەشاند و بە سەختی لەناو ئەو کۆڵانە تەسکانەوە هاتینە دەرەوە. هەروا کە خەریکبووین دەڕۆشتین کامیار وتی:

ـ ئەی لەحنەت لەدایک و باوکی حەقەتی و ناحەقەتی ئەم گەنمە بێ! بڕوانە ناچار بەا چی کردوین! چ شتانێک دەبێ بەم چاوانەمان ببینین!

ـ بەڵام چ قسەیەکی جوانی کرد نوسرەت! دەبێ شیعرەکانی حافز و سەعدی و ئەوانیتر سەر لەنوێ لێکبدرێنەوە!

کامیار لەوانەیشە کە دەبێ شیعری تازە بوترێ!

سەعاتێ دوای ئەوە گەیشتینە بەر دەرگا و ماشینەکەمان بردە ماڵەوە و دابەزین و



Scanned with CamScanner

لەیەکتری خواحافیزیمان کرد و ڕۆشتینە ماڵەوە. دایکم ئەوان خەوتبون، منیش پاشتە چیشتخانەکە و نانێ کە دایکم بۆی دانابووم لەسەر تەباخەکە هەڵگرت و نەختێکم خوارد و ڕۆشتم نووستم.

سەعاتی نزیکەی ٧ بوو کە لەخەو هەستام. دنیا خەریکبوو تاریک دەبوو، حەمامێکم کرد و جلەکانم گۆڕی و لەماڵەوە ڕۆشتمە دەر.

دایکم و پووری نەختێ لەولاتر خەریکبوون قسەیان دەکرد، هەر کە پوورم منی چاو پێکەوت، ڕایکردە پێشەوە و باوەشی پیا کردم و خێرا خێرا ماچی کردم! هەر منی ماچ دەکرد و دەگریا و سوپاسی دەکرد!

جا کە نەختێ هێور بوویەوە وتی: کە گەنم تا ڕادەیەک بارەکەی خۆی قبوڵ کردوە! زۆر خۆشحاڵ بووم. خواحافیزیم لێکردن و ڕۆشتم بە دوای کامیاردا. نزیک ماڵەوە کە گەشتم، بیستم کە دەنگی گیتارەکەی دێت! هەرکات کە زۆر خۆشحال بوو یان زۆر ناڕەحەت بوو گیتاری دەژەند. هەم جوان دەیژەند و هەم خۆش گۆرانی دەوت! دەنگێکی پڕ و خۆشی هەبوو!

هێواش ڕۆشتمە پاڵ پەنجەرەکەی و ڕاوەستام و بێدەنگ جگەرەیەکم داگیرساند و گویم گرت.

- دیوارێکە، دیوارێکە، دیوارێکە.

دیوارێکە کە ئەو دیوی هیچی تیا نییە

تا کاتێ دیوارەکەیان داپۆشیوە هەورە ڕەشەکان

ئیتر خۆر لێیان نایەتە دەرەوە

خەریکبوو گۆرانیەکی لەفەرامەرز ئەصلانی دەژەند ودەوتـەوە! دەتوانم بڵێم کە لەخۆیشی جوانتری دەوت!

- باڵدارێکە، باڵدارێکە، باڵدارێکە

باڵدارێکە کە لەفڕینی خۆی ماندوە

کوڵی باڵیان بەستوە بە دەستی دوێنێکانەوە

نایەتە بیری تەنانەت سبەیش

پاڵم بە دیوارەکەوە دایەوە جا وتی:

- دەزانی، ئەمڕۆ زۆر لەخۆم شەرمم کرد!

تیا مابووم کە لەگەڵ کێدا خەریکە قسە دەکات!

ـ ڕۆژێ خانویەک بوو کە هاوینان
لەسەر بانەکەی خۆر خۆی هەڵدەخست
درەختێ هەنجیری پیر کە لەباخدا بوو
هەموو ناڵیەکانی منی چاو لێبوو!
تاوێ لەو بەینەدا ژەندی و جا وتی:
ـ وادەزانی چەند لاو دەبێ لەناو بچن تاکوو چەند لاو وەکو من دەوڵەمەند بن و خۆشی ڕابوێرن؟
وامزانی کە هەر یەکێ لەژوورەکەیدایە!
ـ گۆرانیەکە، گۆرانیەکە، گۆرانیەکە
گۆرانیەکە کە لەسنگمدا کۆ بۆتەوە
فرمێسکی کە دەتکێتە، سەر گیتار
ئا ئەمانە ئاخری کێ ئەم شتانە بکری
زەلکاویکە، زەلکاویکە، زەلکاویکە
زەلکاویکە لەجل و بەرگی فەرامۆشیدا!
چرایەکە کە دەڕوا بەرەو خامۆشی
داناگیرسی بێهۆ هەوڵ دەدەی
نەختێ تر ژەندی و وتی:
ـ ئەمرۆ زۆرم خۆشەویستی کە ئەو لەو کابرایەتدا!
تازە زانیم کە لەگەڵ منیەتی! ڕۆشتمە بەر پەرنجەرەکە و وتم:
ـ لەکوێ زانیت کە من لیرەم؟
کامیار هەر هیچ نەبێ کەمتر ئەو بۆنە خۆشە لەخۆت بە کە بۆنەکەی لەهەموو شوێنێک بلاونەبێتەوە!
ـ نەختێ تر بیژەنە کامیار!
کامیار حەزت لەچییە کە بۆتی بژەنم؟
ـ هەرچیەک! بەس بیژەنە و بخوێنە.
رایکرد و دانیشتە سەر لیواری پەنجەرەکە و دەستی کرد بە ژەنین! مۆسیقای فەرهادی خوا لیخۆش بوی ژەند! بەشی یەکەمی بە ڕادەیەک جوان ژەند کە تەنیا سەیری پەنجەکانیم دەکرد و چێژم دەبرم!

ـ چۆلەکە بچکۆلەکە بە لیواری بانی ئیمەوە مەنیشەوە باران دەباری تەڕ دەبی بەفردەباری تۆپەڵە دەبی دەکەویتە ناو حەوزی وینە تەڕ دەبی تۆپەڵە دەبی دەکەویتە ناو حەوزی وینە.

ئەوەندە خۆش دەیخویند و جوان دەیژەند کە هەر ئاگام لێ نەبوو کە یەکی لەپشت سەرم ڕاوەستاوە!

ـ کی دەیگری، فەڕاشەکە کەی دەیکوژی، قەصابەکە کەی دەیکوڵینی، چیشتلینەرەکە کی دەیخوات، حاکم چۆلەکە بچکۆلەکە

گیتارەکەی لابرد و وتی:

ـ سەلام!

ئاوڕم دایەوە و سەیری دواوەم کرد کە بینیم گەنم و شەقایەق لەپشتمەوە ڕاوەستاون! کتوپڕ هەردووکیان دەستیانکرد بە چەپلە لیدان کە وتی:

ـ دەی شەقایەق خانم، یەکی قەرزاری!

شەقایەق دەبی ببورن بەخوا! چیبکەم؟ نەمدەتوانی پاشقول لەهاوڕیکەم بدەم! بەلام ئیوەش چاک دۆزیتانەوە!

ڕوومکردە گەنم و سەیرم کرد. خەریکبوو سەیری منی دەرکرد کە شەقایەق وتی:

ـ کاک کامیار سەرقوفلی سیمکارتەکەتان زۆر گرانە ها! هەر دەقەو زەنگی لیدەدا و کچی بە دەنگیکی خۆش قسە دەکات و ئیوەی دەوی!

کامیار ئۆی بلیم ئەو دایرەی تەلەفونە چی لی نەیە! ژمارەی داخلی کچان کەوتوەتە سەر من! دین ئەوی وەربگرن، ئیرە وەردەگرن!

شەقایەق ئەگەر وایە، بۆچی ناوی ئیوە دەڵین!

کامیار لەبەر ئەوە ئەوەندە من جواب دەدەمەوە و ژمارەی ڕاستم پیوتون کە ئیتر یەکتریمان ناسیووە! ئەمەیە کە هەندیجار تەلەفونیک دەکەن و هەواڵیکم دەپرسن!

شەقایەق و گەنم دەستیان بە پیکەنین کرد کە بە کامیارم وت:

ـ یەکی تر بژەنە.

شەقایەق و گەنمیش دەستیان کرد بە چەپلەلیدان کە گیتارەکەی هەڵگرت و دەستی پیکرد. مۆسیقایەکی ژەند کە من عاشقی بووم.

ـ بونی گەنم بۆمن هەرچیم هەیە بۆتۆ

بستی خاک بۆ من هەرچی دەنیژم بۆتۆ

خەلکی تاعونی ئەم عەشیرە رۆژهەلاتیەم
تۆی ئەو سەرکردە شوشوییەی شاری فەرەنگ
پیستم لەقوماشی تارماییە پستی تۆ لەقەیفەی سور
جلم لەزیبکە جلی تۆ لەپیستی پلنگ
بۆنی گەنم بۆمن هەرچیم هەیە بۆتۆ بستی خاک بۆ من هەرچی دەنیژم بۆتۆ
نابێ خاکی لاشەم بلاوێنم
ئاخر تۆ سەفەریت، خوینی دەمار لیرە منم
لاشەی من خاکی منە، ساقەتی گەنم لاشەی تۆ
لاشەی ئیمە تینوترین، تینوی دلۆپی ئاو

بەرادەیەک خۆشی خویند کە کاتێ تەواو بوو رۆشتمە پیشەوە و ماچمکرد کە گەنم وتی:

- ساقەتی گەنمیش، خاکی پیویستە!

لامکردەوە سەیرم کرد کە خەریکە سەیرم دەکات. هیواش پیم وت:

- تەنیا دۆزینەوەی راستی گرنگ نییە! توانایی بڕوای بە راستیش گرنکە!

کامیار لە لیواری پەنجەرەکە بازی دایە خوار و وتی:

- بڕۆینە ناو باخەکە. شەو و مۆسیقا و ئەم کچە جوانانە چی کەمە؟

شەقایەق کورە قوزەکان!

کامیار: نە، ئاگری، بە دار و کترییەک کە لەناویدا چا لیبنیێ!

هەرچوارمان پیکەنین و رۆشتین بۆ ناوەراستی باخەکە و لەشوێنێکدا ریک لەناوەراستی باخەکەدا کەپری بوو، کە باربیکویەکی هەبوو، ئاگرمان داگیرساند و کامیار رۆشت و لەلای مەش سەفەر کترییەک ئاوی هینا و خستیە سەر ئاگرەکە و هەر چوارمان دانیشتین.

شەقایەق ئەم چەند رۆژە کە گەنم لەلام بوو زۆر باسی ئیوەی کردوە!

کامیار خوا سیبەری وردە وردە لەسەر ئیمە لانەبا ئەم گەنم خانمە!

شەقایەق ئیوە لە چ بواریکدا خویندوتانە؟

کامیار خدمات و امور اجتماعی!

شەقایەق چی؟

کامیار ئیمە لەبەیانیەوە دەکەوینە رێ و تەنیا یارمەتی کچی جوان و خەلک و ئەوان

دەدەین!

شەقایەق داهاتیشی هەیە؟

کامیار وەلا کابرا مەڕدکەی دەدزی و سەری دەبڕی و گۆشتەکەی دەکر بە خێر

و دەیوت گوناحی دزییەکە بەم خێرە دەڕوا! لەم ناودا پێست و دوگەکەیشی بۆ ئێمە!

شەقایەق و گەنم دەستیان بە پێکەنین کرد.

شەقایەق پێست و دوگی ئێوە لەم ناوەدا چییە؟

کامیار زەردەخەنەیەکمان بۆ بکەن، حەقەکەمان وەرگرتوە! قەپالمان بچوکە بە خوا!

شەقایەق بە ڕێکەوت منیش هاوڕێ□یەکم هەیە کە ئاکاری وایە!

کامیار دەڕوا بۆ یارمەتی کوڕان؟

شەقایەق نە بابە! مەبەستم ئەوەیە کە یارمەتی خەلک دەدات!

کامیار دەی بلی بێت با بەیەکەوە ئیش بکەین!

دیسان دەستمان بە پێکەنین کرد.

شەقایەق ئێوە بە ڕاستی هەر بۆ ئیش دەڕۆن؟

کامیار دروشمی ئێمە لەژیاندا ئەمەیە: یەکەم ئیش، دووهەم ئیش، سیهەم ئیش!

گەنم ئێوە خۆ دایم لەماڵەوەن!

کامیار دەی لەماڵەوەین کە خەریکی ئیشی ئێوە بین ئیتر!

شەقایەق کاک کامیار ئێوە تەمەنتان چەندە؟

کامیار سالی لە سامان گەورەترم.

شەقایەق کاک سامان تەمەنیان چەندە؟

کامیار سالی دوای منە!

شەقایەق دەی هەردووکتان تەمەنتان چەنە؟

کامیار سالی بە یەکەوە جیاوازین!

شەقایەق و گەنم دەستیان بە پێکەنین کرد

شەقایەق پارچە مۆسیقایەکی تر بژەنن! زۆر خۆش دەژەنن و دەخوینن! بەڕاست بۆ

نەڕۆشتن بین بە گورانی بیژ؟

کامیار نەکرا! یانی نەیانهیشت!

شەقایەق بۆ چی؟

کامیار ڕاستییەکەی بڕیار بوو من و ئەم سامانە بەیەکەوە ئیش بکەین. یانی من

گیتار بژەنم و سامانیش زەرب هەڵگرێ بەڵام وتیان زەرب کێشەی نییە بەڵام گیتار قەدەغەیە!

شەقایەق دەی ئەم هەمووە دینە ناو ئەم کۆنسێرتانە و گیتار دەژەنن چییە؟

کامیار ئەوانە جیاوان! ئەوێ ئازادییە!

شەقایەق بۆچی ئێوە دەتانویست لەکوێ بیژەنن؟

کامیار لەشەقامەکاندا! بڕیار بوو هەرکام عەینەکێ ڕەش بکەینە چاومان و شەوانی جێژن بۆ خەڵک مۆسیقا بژەنین! پێیان وتین بەس ئۆکۆردیۆن و سورنا و ویالۆن ئازادە!

شەقایەق سەیری من بڕوام کرد!

کامیار ئاخر ئێوە ساویلکەن!

شەقایەق پێکەنی و وتی:

- من ئەوەندەش ساویلکەی ساویلکە نیم!

کامیار سەیرێکی شەقایەق کرد و وتی:

- وادیار مۆسیقایەک بژەنم باشترە!

گیتارەکەی هەڵگرت و دەستی پیکرد:

- لەناو ئەم هەموو کۆڵانەدا کە بەیەکەوە بەستراوە

کۆڵانی کۆنی ئیمە، کۆڵانیکی بن بەستە!

دیواری کاگلی باخەکە وشک

کە پڕە لەشیعرە یادگارییەکان

ماوە لەنیوانی ئیمەدا ئەو ڕووبارە گەورەیە

کە هەموو کات وەکو بووین، ڕەوانە!

نەختی خویندی و جا هەروا کە مۆسیقای دەژەند وتی:

- من کچی دەناسم کە لەدوایین ساتەکانی تەمەنیدا، حەزی دەکرد بزانێ کە تامی مۆز چۆنە! سەیر ئەمەیە کە تەنانەت برا گەورەکەیشی نەیتوانی پێی بڵێ!

شەقایەق و گەنم بە سەر سوڕماوییەوە سەیری یەکتریان دەکرد کە کامیار دیسان خویندی:

- لەم کۆڵانەدا لەدایک بووین

لەم کۆڵانەدا خەریکین پیدەگرین

ڕۆژێکیش وەکو باوەگەورە دەبێن



Scanned with CamScanner

لەم کۆلانە بن بەستەدا دەمرین

بەڵام ئیمە عاشقی ڕووبارین وانیە

ناتوانین لەپشت دیوارەکەوە بمینین

ئیمە تەمەنی تینو بووین وانیە

نابی ئاخ هەڵکیشین

دیسان هەروا کە مۆسیقای دەژەند وتی:

- بە دووری سەعاتی سەعات و نیوی لەم باخە، من جیگەیەک دەناسم کە مرۆڤەکان بۆ تیرکردنی سکیان ئامادەن بە فرۆشتنی لەشیان!

من دەمزانی کە لەسەعاتیکدا دەکری لەشاریک بۆ شاریکی دوورتر ڕۆشت بەڵام نەمدەزانی لەسەعاتیدا دەکرا لەم دنیایە بۆ دنیایەکی دورتر ڕۆشت!

شەقایەق و گەنم بەس سەیریان دەکرد بەڵام من دەمزانی کە خەریکە چی دەڵی! سەیریکی منی کرد و زەردەخەنەیەکی کرد و دیسان خویندی

- لەناو ئەم هەموو کۆلانەدا کە بەیەکەوە بەستراوە

کۆلانی کۆنی ئیمە، کۆلانیکی بن بەستە!

گۆرانیەکەی کە تەواو بوو، شەقایەق و گەنم دەستیان بۆ لیدا کە کتوپر مەش سەفەر هات و قوتویەک چا و کیسەیەک شەکر و چەند پیاڵەگەیشت و وتی:

- میوانتان ناوی؟

کامیار بۆ نامانەوی؟ لیی نی ئەو چا بزانم کە مەش سەفەر!

شەقەیەق و گەنم هورایەکیان کرد و مەش سەفەر دەرگای کترییەکەیان کە کولابوو لابرد و چای تیکرد و چا ڕۆشت لەسەر کورسییەک دانیشت کە کامیار پیی وت:

- مەش سەفەر، لەم تەمەنەدا کە تۆ کردوتە، وادەزانی کە چ ساتی بار و دۆخ باش بووە؟

مەش سەفەر کاتی کە دڵی خەڵکی خۆش بووە!

کامیار پیکەنی و وتی:

- مەش سەفەر شیعریک بخوینەوە، منیش گیتارت بۆ دەژەنم!

مەش سەفەر وازبینە کاک کامیار!

کامیار دەی بخونە ئیتر!

مەش سەفەر من شیعر نازانم بەڵام لەشیعریک کە هەمووکات دەیخوینی و دەیژەنی

زۆرم حەز لێیە!

کامیار کامە؟

ئەش سەفەر هەر ئەوەی کە تیایدا دەڵێ باخی هەڵوژە! من بیری کاتێ دەخاتەوە کە لەلادێکەماندا دەژیام و ئاغای خۆم بووم و نۆکەری خۆم! کاتێ کە بستێ خاکم هەبو و دەمناشت و دەمخوارد و مەجبور نەبووم کە بۆ نۆکەری بێم بۆ شار!

ئەمەی وت و ڕوویکردە ئاورەکە! کامیار سەیرێکی کرد و دەستی بە خوێندن و ژەندن کرد! ئەش سەفەر مۆسیقای فەرهادی خوالیخۆشبوی دەوت!

ـ شەوێکی مانگەشەو مانگم دیتە خەو من دەبات کۆڵان بە کۆڵان باخی تری باخی هەڵوژە دۆڵ بە دۆڵ، سارا بە سارا ئەوی کە شەوانە لەپشت مێرگەکان پەریەک دێت بەترس و لەرز پێ دەخاتە نا ئاوی کانی دایدەهێنی قژی پەریشانی شەوێکی مانگەشەو مانگم دیتە خەو من دەبات لەزیندانەوە وەکو شەوپەرە لەگەڵ خۆیان دەرەوە. . .

منیش چاوم ڕاکێشرا بۆ لای ئاگرەکە! نازانم کە بۆچی ڕێک لەناو گرەکان بەس نوسرەت و میترا و ئەو کچانەی کە خەریکبوون دەڕۆشتن بۆ دوبەی و ئەو کچانەی کە لەکافتریاکەدا بوونم دەبینی!

## بەشی هەشتەم

کە چاکەمان خوارد، شەقایەق خواحافیزی لێکردین و ڕۆیشت، گەنمیش ڕۆی هەتاکوو بەر دەرگا تا ڕەوانەی بکا. مەش سەفەریش پیاڵە و کترییەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت. جا کامیار پێی وتم: دەمەوێ بڕۆم.

- بۆکوێ؟

کامیار بۆلای حیکمەت؟

- ئێستا؟

کامیار زۆر بێتاقەتی بووم.

- ئاخر ئێستا درەنگە! باش نییە!

کامیار بە دەست خۆم نییە! شتێ هەر ڕامدەکێشی بۆ لای!

- عاشق بوی وایە؟

گیتارەکەی هەڵگرت و هەستا و وتی:

- دەڕۆم بزانم شووم پێدەکا یان نە.

- بەم شەوە؟

کامیار خۆشەویستی خۆ وەخت و بێ وەختی بۆ نییە!

- ئەویش تۆی خۆشدەوێ؟ یانی دەیەوێ ببێتە ژنت؟

کامیار ژنت چییە دیکتاتور! بلێ ئەویش دەیەوێ شوت پێبکات!

- دەی هەر ئەوەی کە تۆ وتت!

کامیار ئا، دەبێتە ژنم!

- زەهری مار.

کامیار: خوات لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویست! خوات لەگەڵ یاری میهرەبان! خوات لەگەڵ ئامۆزای خۆشەویست! من دەڕۆم بە دوای چارەنووسدا! لەئێستا بە دواوە کامیار

دەبێ بە پیاو و تۆش وەکو سەگێک بەتەنیا دەبی! لەئێستا بەدواوە دەبێ تاک و تەنیا و بێکەس، وەکو ئەم بنیادەمە دایک مردوانە، لەم باخەدا، وەک ڕۆحێکی سەرگەردان پیاسە بکەی!

ـ داماوە حیکمەت!

کامیار تۆش باشترە ئەم کچە قەرەچییە بهێنی!

ـ بێ ڕەوشت!

کامیار بای بای! بۆ زەماوەند بانگت دەکەم!

گیتارەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت! نەختێ کە ڕۆیشت بە دەنگی بەرز وتم:

ـ ئیشەڵا بەختەوەر بی!

لەو دوورەوە وتی: پەیوەندی بە تووە نییە!

پێکەنینم بە ئیشەکانی دەهات! ڕێکەوتم بۆماڵەوە کە گەنم هات و وتی: ئەی کوا کامیار؟

ـ لەشوێنێ ئیشی بوو ڕۆیشت.

گەنم دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم. ئیشێکت نییە؟

ـ نە، بڵێ.

هات و لەسەر کورسییەک دانیشت و وتی:

ـ ئەم ماوەیە زۆرم بیر کردوەتەوە. لەقسەکانی تۆ، لەقسەکانی کامیار!

ـ زۆریش گۆڕاوی!

گەنم ڕاستی تازە قبوڵم کردووە. یانی چارەیەکم نەبوو.

ـ بۆ نەتدەویست بڕۆی بۆ هەندەران؟

گەنم با بەڵام هەڵە بوو. شەقایەقیش قسەکانی ئێوەی پێ وتم! باوەگەورەیش قسەی زۆری لەگەڵ کردم. ڕاستییەکەی تێگەیشتم کە دایک و باوک ئەوە نین کە منداڵیان دەبێ. ئەوانەی کە بنیادەم گەورە دەکەن و خۆشیان دەوێ، باوک و دایکی ڕاسەقینەی مرۆڤن!

ـ لەهەر حاڵدا بڕیارێکی دروستت داوە! زۆر خۆشحاڵم! یانی هەمووان خۆشحاڵن!

گەنم تۆ لەم ماوەیەدا چیت کرد و بۆ کوێ ڕۆیشتی؟

ـ واز لەوە بێنە. هەرچییەک بوو تەواو بوو.

گەنم ئاخری توانیت لەسەر درەخت دڵ هەڵکۆڵی؟

پێی پێکەنیم و وتم: نەک زۆر بەتاڵ بووم!

گەنم دەستت چۆنە؟

- ئەی . . . ! باشە!

گەنم من بە ڕاستی شەرمەزارت بووم! ئەگەر تۆ نەدەبووی. . .

- وابڕیار بوو ئیتر قسەی لەسەر نەکەین!

ڕۆیشتم و لەلای دانیشتم جا وتی:

- تۆ هێشتا وڵامی پرسیارەکەی منت نەداوەتەوە ها!

- کام پرسیارە؟

گەنم ئەو پرسیارەی کە لێتم پرسی!

- کە بۆچی بە دزیەوە سەیرم دەکردی؟

پێم پێکەنی! سەرم داخست! ڕاستییەکی شەرمم دەکرد. دانەوی و سەری هێنایە پێشەوە و وتی: خەوتوی؟

پێکەنیم و وتم: نە!

گەنم وتی بۆت قورسە یا هەر. . . !

- نازانم.

گەنم ئەو شتانەی کە لەتەلەفونەکەدا پێت وتم درۆ بوو؟

- نە!

گەنم دەتەوێ قسەی لەسەر نەکەم؟

- نە! هەر مەبەستم ئەمە نەبوو!

گەنم دەزانی سامان، ئەم ماوەیە، شتێ کە منی ڕاگرتبوو، تۆ بوویت و خەیاڵت و . . .!

ئەوەلای نەوت.

گەنم چەند جارێ ویستوومە بڕۆمە سەر شەقام و خۆم بخەمە بەر ماشینێک، بەڵام خەیاڵی تۆ نەیدەهێشت!

تاوێ بێدەنگ بوو و جا وتی: جگەرەت پێیە؟

- فێری جگەرە بووی؟

گەنم بنیادەم لەو کاتەدا کە لەداوێنی بنەماڵەکەی دوور دەکەوێتەوە، هەزار شتی بەسەردا دێ!

بۆ تاوێک ترسام! سەیرێکم کرد و وتم: بە سەر تۆشدا هات؟



Scanned with CamScanner

گەنم نە، تەنیا فێری جگەرە بووم! یانی یەک دووانێک دەکێشم.

جگەرەیەکم پێدا و خۆشم یەکێکم هەڵگرت و دامگیرساند. مژێکی لەجگەرەکەی دا و وتی:

- هەر جار کە هەستم دەکرد تۆم هەیە، دڵم خۆش دەبوو! حەزم دەکرد کە یەکێ هەبێت کە خۆشی بوێم! لەبەر خۆم! نەک لەبەر ئەوەی کە خزمیم!

کاتێ بەدوامدا دەهاتی، لەدڵمدا هەستم بە شتێ دەکرد! شتێکی باش!

کاتێ لەو شیعرانەی کە دەمخوێندەوە، جێگەمت دەدۆزیمەوە، هەستێکی مەزنم تیا بەدی دەهات! بە ڕاست چۆنت دەزانی؟

پێی پێکەنیم وتی: چاک بە خزمەتی ئەو کچە گەشتم! حەیف بوو کە لەوێ نەبووی کە کاتێ بەو سپرایەوە لەسەر دیواری ژوورەکەیدا ئەو شتانەم دەنووسی، ڕووخساریت چاو لێبوایەت!

هێدی و لەژێر لێوەوە وتم: خۆشمدەوێی گەنم.

گەنم دیواری ژوورەکەی وەکو. . .

کتوپڕ بێدەنگ بوو و وتی: وتت چی؟

وتم: خۆشتم دەوێی!

گەنم لەگەڵ ئەوەدا کە دەزانی کچی پوورت نیم؟

- هەر لەسەرەتایشەوە بۆم فەرقی نەدەکرد!

گەنم دڵنیای؟

- زۆر!

سەیرێکی کردم و وتی: لەم هەموو ماوەیەدا، تەنیا عەشقی تۆ منی ڕاگرتبوو! ئەگەر بە ساغی و سلامەتی مامەوەو گەڕامەوە، تەنیا لەبەر تۆ بوو! هەستم دەکرد تەنیا تۆم هەیە! دەمویست بەس لەلای تۆ بم! حەزم نەدەکرد تۆم لەدەست دەرچێ! خوا خوام بوو کە دڵت لێم سارد نەبێتەوە و بە ڕاستی منت خۆشبووێ و بە دوامدا بێی! لەهەرکوێدا کە بە دوامدا دەڕۆیشتی و هەواڵیم پێدەگەشت، هەستێکی لەخۆبایی بونم تیا بەدی دەهات و قەرەبووی هەموو برینەکانم سارێژ دەبوو!

کتوپڕ دەستی گرتم و وتی:

- زۆرم خۆشدەوێی سامان! هەموو کات وام خەیاڵ دەکرد کە تۆ کوڕێکی بێتام و شل و شەوێلی بەلام هەڵەم دەکرد! یانی هەر لێت نەدەهات کە ئەوەندە بە سەبر بی!

ئەوەندە بێدەنگی، کە بنیادەم لەبارەی تۆوە تووشی هەڵە دەبێ!

- گەنم دەتەوێ هار بم؟

- نە! نە! هیچ کات! من هەروا تۆم خۆشدەوێ! بێدەنگ و خۆڕاگر!

دەستمی لەناو دەستەکانیدا گوشی و وتی: هەروا بمێنەوە!

جا هەڵگەڕایەوە و دەور و بەری سەیر کرد و وتی:

- ماوەیەک هیچ هەستێکم بۆ ئەم باخە نەبوو. بەڵام ئێستا بە ڕاستی خۆشمدەوێ!

پێی پێکەنیم دیسان وتی:

- ئیتر نابێ لەگەڵ کامیاردا بۆ هیچ کوێ بڕۆی!

- بۆ؟

پێکەنی و وتی: ئەم کامیارە لەڕێگە لات دەدا! تۆ ئیتر گفتت داوە!

- هەواڵێکت پێبدەم! بەڵام بە هیچ کەس مەڵێ! کامیاریش لەوانەیە لەم ماوەیەدا گفت بدا!

گەنم بە ڕاستتە؟

- ئا!

گەنم من بڕوا ناکەم! ئەم کامیارە ئەگەر دە ژنیشی بێ هێشتا ئەگەر کچێ لەلایەوە تێپەڕێ هەموو شتی لەبیر چوە!

- نە، وانییە! ئەگەر بزانی لەبەر تۆ بۆ کوێ ڕۆیشت و چیکرد!

گەنم بەڕاستتە!

- ئا، زۆر عەزیەتی کێشا!

گەنم ئێستا ئەوەی دڵی لێسەندوە کێیە؟

- کچێکە.

گەنم لەهاوڕێکانیەتی؟

- نە.

گەنم جوانە؟

- ئا. لەکەسێک دەچێ نازانم کێیە؟ بەڵام زۆر شێوەی دەکەم!

گەنم خوێنەوارە؟

- خەریکە دەبێ بە دوکتور.

گەنم ئافەرین! ئێستا کەی بە خۆشی. . .

خەریکبوو قسەی دەکرد مەش سەفەر لەدوورەوە دەنگی هات. خێرا دەستی لەناو دەستم دەرهێنا و هەستا جا مەش سەفەر گەیشت و وتی:

- ببوورن خاتو گەنم بەڵام خانم بچوک بە دواتانا دەگەڕێت.

گەنم سوپاس مەش سەفەر، ئێستا دەڕۆم.

نەختێ ڕاوەستا هەتاکوو مەش سەفەر ڕۆیشت و پێی وتم: جارێکیتریش پێم بڵێ!

پێکەنیم و وتم: ئیتر شەرم ناکەم! خۆشمدەوێی گەنم!

دانیشت بەردەمم و وتی: منیش زۆرم خۆشدەوێی سامان! ئێستا کە هەم، لەبەر تۆ هەم!

جا هەستا و ڕایکرد بۆ ماڵەوەیان و چەند هەنگاو ڕۆیشت ڕاوەستا و ئاوڕیدایەوە و بە دەنگی بەرز وتی: بە دایکم ئەوان بڵێم؟

- بڵێ!

پێکەنی و دەستی بە شێوازێکی جوان بۆ ڕاوەشاندم و ڕایکرد و ڕۆیشت!

***

دوو سەعاتێک دەبوو لەسەر تەختەکەم ڕاکشابووم و بیرم دەکردەوە. نەمدەزانی دەبێ چۆنی بۆ دایکم ئەوان باس بکەم. یانی شەرمم لێیان دەکرد. چاوەڕوان بووم ڕۆژ ببێتەوە و بۆ کامیاری باس بکەم و ئەویش بە دایکم ئەوان بڵێ.

هەر خەو نەدەهاتە چاوم! زۆر زۆر خۆشحاڵ بووم! حەزم دەکرد هەستم و برۆمە بەر پەنجەرەی گەنم و بانگی بکەم و قسەی لەگەڵدا بکەم! ڕاستییەکەی دەترسام کتوپڕ کەسێ لەخەو هەستێ و باروودۆخەکە بشێوێ!

سەعاتەکەم سەیر کرد. نزیک یەکی نیوە شەو بوو. لەجێگەکەمدا تلێکم خوارد و بەتانیەکەم دا بە سەر خۆمدا.

چۆنکە کامیار نەگەڕابوویەوە بۆ ماڵ! دەمێک بوو ڕۆیشتبووە دەرەوە!

خەریکبووم بیرم دەکردەوە، ئەگەر لەگەڵ گەنمدا زەماوەند بکەم، لەکوێ دەبێ بژین؟

لەم خەیاڵانەدا بووم یەکێ لەدەرەوە وتی:

ـ فست!

خێرا لەجێگەکەمدا ڕاپەڕیم و لەپەنجەرەکە سەرم کردە دەرەوە. کامیار بە گیتارەکەیەوە دانیشتبوو لەژێر پەنجەرەکەمدا!

ـ کەی هاتیتەوە؟



Scanned with CamScanner

کامیار هەر ئێستا!

- بۆماڵەوە نەڕۆیشتوی؟

کامیار نە.

- ئەی ئەم گیتارە چییە بە دەستەوە؟

کامیار دەی لەسەرەتای شەوەوە بە دەستمەوە بوو.

- بەمەوە ڕۆیشتی بۆ لای حیکمەت؟

کامیار ئا، بۆ چییە؟

- بە خوا تۆ شێتی کامیار!

گیتارەکەی گرتە باوەشی و دەستی کرد بە ژەندن و خوێندن!

«عاشقم من! عاشقێکی بێقەرارم! کەس نییەتی هەواڵ لەدڵی زارم! ئاواتێک جگە لەتۆم لەدڵدا نییە».

کتوپڕ پەنجەرەی قاتی سەرەوە کرایەوە و باوکم سەری هێنایە دەر و خەواڵوو سەیرێکی من و کامیاری کرد و وتی:

- بەیانی کە سەعاتی ٧ هاتی بۆ کارخانە بۆ ئیش، ئیتر شەوانە دەرۆی زۆر زوو دەخەوی!

کامیار مامە عاشق بووم!

باوکم پێکەنینێکی کرد و وتی: دەبێ ئەم سەعاتی یەکی دوای نیوە شەوە ئەم دەردەت توش بووبێ!

کامیار نە مامە گیان! دوو سێ ڕۆژ لەمەوبەر- بایەکەی لێیدام، ئیمشەو خۆی نیشاندا! یانی دوێنێ تاک و تەرا پژمە و کۆکەیەکم دەکرد!

باوکم دەستی بە پێکەنین کرد. دایکم هاتە بەر پەنجەرە و سەری کردە دەرەوە و وتی:

- ئێستا کێیە ئەم خاتونە بەختەوەرە؟

کامیار ناوی خاتو حیکمەتە نەک خاتو بەختەوەر ماموژن! سەلام!

باوکم ئێستا کەی دەتەوێ کەر ببی؟

کامیار سبەینێ بەیانی باشە مامەگیان؟

باوکم بۆ کەری هەموو کات زووە! ئێستا چۆنە؟ ناشیرین ماشیرین خۆ نییە!

کامیار ڕێک وەکو ماموژنمە!

باوکم خێرا خۆی کۆ کردەوە! چڕا بووم لەپێکەنیندا! دایکم هەڵگەڕایەوە و سەیرێکی باوکمی کرد کە باوکم خێرا وتی: دە، کەوایە جوانە!
کامیار مامە گیان ئێستا کەرێتی بۆم زووە یان نە؟
باوکم کۆکەیەکی کرد و وتی:
- دەی ئەگەر لەمامۆژنت بچی دەبێ زۆر خێرا قۆڵی لێ هەڵماڵی!
کامیار باشە مامەگیان. هەر سبەینێ دەیهێنمەماڵەوە!
باوکم چی چی؟ سبەینێ دەیهێنمە ماڵەوە؟
کامیار ئەی تۆ نەت وت زۆر خێرا دەبێ قۆڵی لێ هەڵماڵم؟
باوکم یانی هەر شتێ کاتی خۆی هەیە، داب و نەریتێکی هەیە! خۆ هەروا نابێ!
کامیار داب و نەریتێکی هەیە یانی چەندە مرۆڤ درەنگتر ژن بهێنێ باشترە!
باوکم دیسان شڵەژا و وتی: بۆچی قسەم دەخەیتە دەمم کوڕە! من کەی شتی وام وتوە؟
دایکم هەڵگەڕایەوە و بە خێسیکەوە سەیری باوکمی کرد کە کامیار وتی:
- مامە گیان ئێوە باشتر وایە بڕۆن بنون و بۆ خۆتان بەم کۆتایی شەوە ئاژاوە نەنێنەوە!
باوکم کۆکەیەکی کرد و وتی: ئێستا باوکی ئیشی چییە؟
کامیار لەوەستاکانی باش و کۆنی تارانە!
باوکم ئافەرین! باشە! وەستایی لەکوێ کردوە؟
کامیار ئەوەی ئیتر نازانم!
باوکم بنەماڵەکەی چۆنن؟
کامیار من تەنیا براکەیم بینیوە مامە.
باوکم براکەی ئیشی چییە؟
کامیار دەستی لەبازرگانیدایە، ناردنی شت بۆ دەرەوە!
باوکم دەی دەبێ بنەماڵەیەکی باش بن!
کامیار باش! بیوێنە! ئێستا ئێوە فەرمون بنون نزیکی بەیانیە!
لەگەڵ باوکم و دایکمدا خواحافیزی کرد و ئەوانیش ڕۆیشتن نووستن پێم وت:
- بۆچی لەخۆوە درۆ دەکەی؟ ئاخری چی؟ باوکی نوسرەت لەکوێ وەستایە؟
کامیار خۆ هەر کرێکار بووە دەی! کرێکار نەبێ، هیچ کەسێ دەتوانێ دیوارێک بنیات

بنێ؟ نوسرەتیش کە خۆمان بینیمان تیجارەتی کچ دەکا بۆ ئەو بەری ئاو! لە کوێدا درۆ کردوە؟

جا کتوپڕ دای بە ڕانی خۆیدا و بە گریانەوە وتی:

- خوا بە هاوارم بگا! من ئێستا چۆن کرێکار بخەمە جێگەی بیناساز و بە باوکم و ئەوانی بناسێنم!

- باوکی خۆ ئێستا زیندوو نییە!

کامیار براکەی خۆ زیندووە! ئەگەر ویستیان نوسینگەی کۆمپانیای بازرگانییەکەیان ببینن چی بکەم؟

- ئێستا من زۆر گرفتارم یان تۆ؟

کامیار دەی ئەم چارەڕەشیشمە لەژێر سەری تۆدایە ئیتر! ئێستا برۆ بنوو تاکوو سبەی خوا گەورەیە! ئاخری قوڕی دەکەم بە سەری خۆمدا!

- دەڵێم تۆیش وەکو گەنم بتۆرێ و بڕۆ! تۆ ڕۆیشتی، باوکت و ئەوان هەر ڕازی دەبن!

کامیار باوکم ئەوان لەخوایان دەوێ کە چەن ڕۆژێ بڕۆم و هەناسەیەک بدەن! ئەمە سوودی نییە.

- ئێستا ئەمشەو چیت کرد؟ دەبێ ئەمجارە بردبێتت و سەروپێت پێدا بێ خواردبێتی!

کامیار نە! ڕۆیشتمە بەر ماڵەوەیان! پەنجەرەکەیان ڕوو لەکۆڵان دەکرێتەوە. قاتی یەکەمە! هێدی ماڵیم بە شوشەی پەنجەرەکەدا و لەوێ لەژێر پەنجەرەکەیدا دانیشتم. پەنجەرەکەی کردەوە، دەستم پێکرد و وتم: دەزانم ئەو قسانەی کە بۆ تۆم کرد بڕوات پێنەکرد. ڕاستییەکەی من گەنج بووم و هەرزەییم کرد! بەڵام بڕوا بکە ئەمجارە لەگەڵ هەموو جارەکانی تردا جیاوازە! ئەمجارە هەست دەکەم کە بە ڕاستی عاشق بووم! مەبەستیشم بەس زەماوەندە! ئەگەر تۆ ڕازی بی، هیچ بەربەستێ لەنێوان ئێمەدا نییە! هەر لەجیاوازی چینایەتی کە لەنێوانماندایە بیر مەکەرەوە! گرنگ ئەوەیە دوو گەنج یەکترییان خۆشبوێ! ئەویتری چارە دەکرێ! لەو درۆ و دەلەسانەیش کردم بۆت داوای لێبوردن دەکەم! یانی تاوانێکیشم نییە ها! ئەم خووە خوابراوە دژوارە لەبیر ببرێتەوە! منیش ڕاهاتووم بە یەکێ دەگەم خێرا پێی دەڵێم تۆ یەکەم و دوایین کەسێکی خۆشمەدەوێی بەڵام بڕوا بکە ئەمجارە بە ڕاستمە! بە گیانی دایکم، بەگیانی باوکم ئەگەر درۆ بکەم!

تەنیا داوات لێدەکەم بە بێ بیرکردنەوە بڕیار مەدە و جواب مەدەرەوە! من دەوەستم تاکوو بیرەکانت دەکەیتەوە! ئێستا یان سبەی یان دوو سبەی! جارێ کاتت هەیە بەلام بزانە تاکوو تۆ جوابم لێ بگێڕیتەوە، هەموو چرکەیەک بۆم وەکو سالێکی پێدەچێ! بیر نەکەیتەوە ئێوە فەقیرن و ئێمە دەولەمەندین ها! هیچ! بە هیچ شێوەیەک! ئەم شتانە خۆ نابێ ببێتە هۆی قەدەغە کردنی بەختەوەری دوو گەنج!

بە گیانی باوکم، بە گیانی دایکم بەگیانی سامان، ئەو دوو کچە ئەو شەوە لەرێستورانتەکەدا دەستیان بۆ ڕاوەشاندم ناویشیان نازانم چییە! یانی لەبیرم نییە! ئیتر ئێستا خۆت دەزانی. یان دلی گەنجێ دەشکێنی و بۆ دوا ڕۆژی خۆت گوناه دەکڕی یان دلی ناشکێنی و پەساپۆرتی بۆ ئەو دنیات وەردەگری!

ئەمانەم پێوت هەلگەڕامەوە و سەرم بەرز کردەوە سەیری بکەم بزانم قسەکانم چەندە کاریگەری لەسەری بوە کە چاوت ڕۆژی خراپ نەبینێ! لەبێ ئاگایدا، پەنجەرەی ژوورەکەم لێ گۆڕابوو! وامدەزانی حیکمەت خەریکە گوێ بۆ قسەکانم دەگرێ! بەلام مەلێ ئەمە خانوی پیرەژنی خاوەن مالیەتی! هەر کە چاوم بە پیرەژنەکە کەوت وەخت بوو زیرە بکەم! چرکەیەک بیرم لەوە کردەوە کە ئەم پیرەژنە حیکمەتە کە ئارایشتی نەکردووە و هاتوتە بەر پەنجەرەکە! خێرا لێم پرسی بیوورە خاتون ناوی تۆ خۆ حیکمەت نییە؟ داماوە وتی: نە، ناوی من نەسرینە. پەنجەرەی مالی حیکمەت گیان ئەوەی ترە.

وتم: خانم گیان دەی لەسەرەتای قسەکانمەوە ئەمەت پێ بوتمایە! وتی: ئاخر ئەوەندە جوان قسەت دەکرد دلم نەهات قسەکانت پێ ببڕم! وتم: ئێستا ئەگەر ئەرک نییە دەرگای مالی ئەم حیکمەت خانمە لێبدەن و هەر چییەک من پێم وتووی پێی بلێ! وتی: ئۆی! ڕۆلە، من هەموویم لەبیر نییە خۆ! وتم: قەیناکا، هەرچییەکت لەبیرە پێی بلێن!

ئەمەم کە وت کتوپڕ دەنگی پێکەنینی حیکمەت و هاورێکەی لەو پەنجەرەکەی ترەوە هات! لام کردەوە بینیم هەردووکیان بە ئەسپایی پەنجەرەکەیان کردۆتەوە و قسەکانیان بیستووە! ڕۆیشتمە پێشەوە و وتم: حیکمەت خانم ئەو جارە کە هاتم بە دواتاندا ئێوە لەیەکێ لەو پەنجەرانەوە لەگەل منڎا قسەتان دەکرد! چۆنە ئێستا لەم پەنجەرەیەی تردان؟ وتی: ئەو شەوە ڕۆیشتبووم بۆ لای نەسرین خانم کە بە تەنیا نەبێ! وتم: ئەها! باوک حیزانە هەر پێدەکەنین! حیکمەت وتی: کامیار خان ئێستا مەجبوورن هەموو ئەو قسانەی کە بۆ نەسرین خانمت وت، دیسان بە خۆمی بلێی! منیش وتم: بۆچی بە

ئێوەی بڵێم! قسمەت قسمەتی نەسرین خانم بووە کە من خوازبێنی لێبکەم! قسمەتیش خۆ ناکرێ بگۆڕدرێ!

ئەمەم کە وت نەسرین خانم چرا لەپێکەنیندا و هەر لەپشتی پەنجەرەوە بە حیکمەتی وت: رۆڵە هەر بەم گەنجە جوابی ئەرێ بدەرەوە! زۆر جوان و راستگۆیانە قسەی دەکرد!

هەر کە ئەمەم وت ڕوم تێکرد و وتم: نەسرین خانم بەڕاستی بڕوات بە قسەکانم کرد؟ یانی قسەکانمت راستگۆیانە هاتە بەر گوێ؟

هەر کە ئەمەم وت بە دەستماڵی بە ڕومەتیدا کوتای و وتی: ئۆی! هەموویت بە درۆ وت؟ وتم: نە بە خوا! بەڵام ئەوەندە هەر لەبەیانی تا شەو درۆ دەکەم، وام نەدەزانی ئەگەر جارێکیش قسەی ڕاست بکەم کەسێ بڕوام پێ بکات! ئێستا کۆتایی چی؟ وڵامی ئەرێم دەدەنەوە یان بڕۆمە بەردەم ئەو پەنجەرەی ترە؟

نەسرین خانم دەستی بە پێکەنین کرد کە کتوپڕ دەرگا کرایەوە و حیکمەت خۆی هاتە دەرەوە. ئەمەش لەمە!

- دەی دوایی چی بوو؟

کامیار ئیتر ئەوەڵای پەیوەندی بە تووە نییە! برۆ بنوو.

- مردوو شۆرەکەت ببەن کامیار، دوو سەعاتە منت ڕاگرتووە هەتاکو باسی پیرەژنەکەم بۆ بکەی؟

کامیار ئاخر ئەم بەشانە گشتی بوو، ئەم بەشەی تر تایبەتییە! برۆ ئیتر بنوو کە بەیانی دەبێ بڕۆین بۆ کارخانە! شەو شاد!

ئەمەی وت و ڕێکەوت بۆ ماڵەوەیان! دوو جنێوم پێدا و نووستم.

بەیانی سەعاتی ٧ بوو، دایکم خەبەری کردمەوە و خێرا ئیشەکانم کرد و نانی بەیانیم خوارد و ڕۆیشتم کە ماشینەکەم بخەمە ئیش و برۆم بۆ کارخانە کە سەیرم کرد کامیار لەبەر دەرگای گاراژدا ڕاوەستاوە، هەر کە منی چاو پێکەوت وتی:

- چەندە درەنگ لەخەو هەڵدەستی!

- خەریکم دەڕۆم بۆ کارخانە!

کامیار منیش خەریکم دەڕۆم ئیترا خێراکە با بە یەکەوە بڕۆین.

هەردووکمان سەر ماشینەکە کەوتین و مەش سەفەر دەرگای گاراژەکەی کردەوە و هاتینە دەرەوە.

هەر وا دەڕۆیشت و قسەی دەکرد. نەختێ دوای ئەوە تێگەیشتم کە خەریکە لەڕێیەکی ترەوە دەڕوات!

ـ کامیار بۆ کوێ دەڕۆی؟

کامیار کارخانە.

ـ کارخانە خۆ لێرەوە نییە!

کامیار دەمەوێ بیخەمە شا ڕێ. ڕێگەکە نزیکتر دەبێ.

نەختێکیتر کە ڕۆیشت سەیرم کرد ئێ، ڕێگەی ماڵی نوسرەتە.

ـ خەریکی دەڕۆی بۆ لای نوسرەت؟

کامیار نە!

ـ گوت خوارد! خەریکی دەڕۆی بۆ ئەوێ!

کامیار بابە چ فەرقی هەیە؟ ئیش هەر ئیشە ئیتر! ئیستا یا کارخانە یا نوسرەت!

ـ باوکم بێ چارەم دەکا!

کامیار ئەگەر ئازاری دای پێم بڵێ، کەتنێکی لا باوەگەورە بۆ بکەم کە بگا بە خزمەتی!

ـ ئیستا بۆ چی دەڕۆی بۆ ئەوێ؟

کامیار دەڕۆم بۆ خوازبێنی ئیتر!

سێ چارەکی تر گەیشتینە بەر دەرگای ماڵی نوسرەت! هەر کاتێ دەهاتمە ئەم بەشە لەشار دڵم تەنگ دەبوو! بە مەجبووری دابەزیم کە هەر ئەو کوڕەی جاری پێشوو کە ئاگای لەماشینەکە بوو هاتە پێشەوە و سەلامی کرد و وتی:

ـ کاکە دیسان ئاگام لەماشینەکە بێت؟

کامیار ئا بە قوربان. ئاگات لێ بێ کەس نەیەت بەلایا.

دەرگای ماشینەکەی داخست و دزگیرەکەی لێدا و ڕۆیشتینە ژوورەوە. هەر کە پەردەکەمان لادا، لەجێدا وشک بووین! لەوانەیە نزیک بیست، بیست و شەش گەنجی کچ و کوڕ لە١٨ ساڵ هەتاکوو بیست و حەوت هەشت ساڵ کۆ ببونەوە ناو حەوشەکە!

کامیار سەیرێکی کردن کە لەسووچێکی حەوشەکە نوسرەت هات بۆ لامان و هەر کە گەیشت پێی وت: خۆپیشاندانە!

نوسرەت سەلام، کۆبونەوەی گەنجە موعتادەکانە!

هەر کە ئەمەی وت یەکێ لەو گەنجانە لای کردەوە و و سەیرێکی نوسرەتی کرد و وتی:

ـ قوربانی دەمت کاک نوسرەت! ئاوا؟
نوسرەت خەریکی ئیشی خۆتبە کوڕە!
ـ کاک نوسرەت ئەوە چییە؟
نوسرەت هاتون مادەی سرکەر بکڕن.
کامیار چ دەرمانخانەیەکی پڕ بازاڕە!
ـ ئەمان هەمووی هیرۆئینین؟
هەر کە ئەمەی وت، هەر ئەو کوڕە لەگەڵ کچێکدا سەریان هەڵگەڕاندەوە بۆ لای من و کوڕەکە لەژێر لێوەوە وتی:
ـ لاالەالاللە! لەمێشەکەرانەی ....
نوسرەت دەمت داخە ڕامین!
کوڕەکە سەیرێکی منی کرد و وتی:
ـ ئاخر ئەمانە قسەیەک دەکەن کاک نوسرەت!
کامیار: ببوورن کاک ڕامین! ئەم هاوڕێیەی من نەیدەزانی کە ئێوە خوێندکاری دەرمانسازین!
هەر کە ئەمەی وت، کوڕەکە هەنگاوێ هاتە پێشەوە و وتی:
لەپێشدا خۆت لێرەدا چیت دەوێ؟ پاشان چوار ڕۆژی تریش خۆیشت ئەبی بە یەکێ وەک ئێمە! ئاخریش کە من دەرمانسازیم نەخوێندوە! من ئەندازیاری پزیشکی بووم!
من و کامیار بێدەنگ بووین. نوسرەت پێی وت:
ـ ئەمانە بۆ لێکۆڵینەوە هاتون بۆ ئێرە.
ڕامین ئێ..... !
کچەکە کە لەپاڵیدا ڕاوەستا بوو سەیرێکی ئێمەی کرد و زۆر بە ڕاستی وتی:
ـ دەی کاتێ لێکۆڵینەوەتان تەواو بوو و وتارەکانتان نووسی، بیپێچنەوە و بیکەن بە هەرچی خراپتر لەوەی کە ئەمری پێکردون! وەها سوودی زیاترە!
هەر کە ئەمەی وت، نوسرەت قیراندی:
ـ جەماڵ! مەحجوب! ئەمە فڕێ بدەنە دەرەوە! بە سادق خانیش بڵێ ئیتر مادە نەدەن بەمە!
هەر کە کچەکە ئەمەی بیست خێرا دەستی بە گریان کرد کە دوو پیاوی زل هاتن بۆ لای، کچەکە خۆی خست بە سەر پێی نوسرەتدا و بە گریانەوە وتی:



Scanned with CamScanner

ـ گوم خوارد کاک نوسرەت گوم خوارد! ئا! ئا!

دەستیکرد بە لەپی دەستی دەیمالی بە دەمیدا! ئەوەندە تون پیا دەمالی کە وتم: هەر ئیستا دانەکانی دەشکێ! خێرا ڕامکردە پێشەوە و دەستەکانیم گرت و وتم:

ـ وامەکە! باشە دەی! دەڵێم جنست پێبدەن!

کچەکە لەنوسرەت گەڕا و نوسا بە پێی مندا و وتی:

ـ بە ساقەت بم! یاخوا دەرد و بەلات لەمن کەوێ! یاخوا. . . .

ـ بەسە ئیتر! بەسیە! دەڵێم جنست پێبدەن بەلام مەرجی هەیە!

کچەکە هەرچی ئێوە بیلێن! هەرچی ئێوە فەرمان بدەن! بە سەر چاو! بە سەر چاو!

ـ هەستە دەقەیەک وەرە بۆ ئەو ژوورە ئیشم پێتە.

هەر کە ئەمەم وت لەجێگەی خۆی ڕاپەڕی و وتی: بۆ کوێ برۆم ئاغا؟

ژووری نوسرەتم پێ نیشاندا کە سەیرێکی ئەو کوڕەی کرد کە ناوی ڕامین بوو و ڕێکەوت بۆ لای ژوورەکەی نوسرەت. کامیار بە ئەسپایی پێی وتم: ئیشت چییە پێی؟

ـ دەمەوێ بزانم بۆ وای لێهاتوە!

نوسرەت ناوی فەریبایە، ژنی ئەم کاک ڕامینەیە!

ـ ژن و مێردن؟

نوسرەت ئا.

سەیرێکی کوڕەکەم کرد و وتم: دەی ئێوەش وەرن کاک ڕامین.

ئەمەم وت و ڕێکەوتم بۆ لای ژوورەکە. ئەوەندە تێکچوو بووم کە حەزم دەکرد بگریم! هەروا کە لەناوەڕاستی حەوشەکەوە تێدەپەڕیم، هەموو ئەو کوڕ و کچانە سەیریان دەکردم! ڕقم لەخۆم بوو!

گەیشتمە بەر دەرگای ژوورەکەی نوسرەت و هەر کە ڕۆیشتمە ژوورەوە کە بینیم کچەکە کە ناوی فەریبایە، خەریکە جلەکانی دادەکەنێ! یانی بلوزەکەی داکەندبوو! خێرا پشتم تێکرد و قیژاندم و وتم: ئەوە چی دەکەی؟

فەریبا بۆچی تۆ نەت دەویست. . . .

ـ نەخێر! جلەکانت لەبەرکە!

ئەمەم کە وت خێرا ڕۆیشتمە دەرەوە کە نەهێڵم مێردەکەی بێتە ژوورەوە و ئەم شێوەیە ببینێ! هەر کە پێم خستە دەرەوە، کامیارو ئەوانیش گەیشتنە بەر دەرگا. بۆ ئەوەی کە نەختێ کات بە سەر بەرم بە نوسرەتم وت:



Scanned with CamScanner

- کاک نوسرەت قەیناکا کە دەقەیەک لەگەڵ ئەمانەدا قسە بکەم؟
نوسرەت نە بابە چ عەیبێکی هەیە!
- زۆر سوپاس. ئێوە کە هەموو کات گەورەمان بوون دەڵێم جگەرەیەک داگیرسێنین چۆنە؟
نوسرەت پێکەنی و کامیار هێواش بە گوێمدا چرپاندی:
- دەنگی قیرەیەک کە بە سەر کچەکەدا کردت، تا ئەو سەری حەوشەکە ڕۆیشت!
سەرم داخست کە نوسرەت بە پێکەنینەوە وتی: لەبەرت کرد فەریبا؟
فەریبا ئا، کاک نوسرەت، ئا!
حەزم دەکرد زەوی دەم بکاتەوە و قوتمبا! لەشەرمەزاریدا نەمدەتوانی سەیری ڕوخساری مێردەکەی بکەم!
نوسرەت و ڕامین و کامیار ڕۆیشتنە ژوورەوە و منیش بە دوایاندا ڕۆیشتم. کچەکە جلەکانی لەبەر کردبوو و هەر لەو ناوەڕاستەدا وەستابوو. سەر و سیمای پیس بوو بەڵام دیار بوو لەشی خراپ نییە!
ڕۆیشتین دانیشتین و نوسرەت کترییەکەی دا بە ڕامین و وتی:
- کاک ڕامین برۆ ئاوی تێبکە و بیهێنە.
ڕامین ڕۆیشت ئاو بێنێ کە کامیار بە گوێمدا چرپاندی:
- دەزانی کاتێ لەگەڵ ئەم کچەدا ڕۆیشتی ڕامین چی بە نوسرەت وت؟
- نە!
کامیار وتی: کاک نوسرەت لەپێش چاوی مندا نە!
تەنیا سەیرم کرد کە وتی: نوسرەتیش پێی وت ئەمانە پیاوی ئەمشتانە نین.
- خوا لەحنەتت بکا کامیار! سوێند بەخوا هەر جارێ کە دێم بۆ ئێرە ڕقم لەخۆم دەبێ!
فەریبا کاک نوسرەت، گەورەیی بکە و بڵێ هەتاکوو مادەکە تەواو نەبوە، بەشەکەی ئێمەمان پێ بدەن!
نوسرەت جنسی ئێوە لەجێی خۆیایە! بێخەم بە!
فەریبا ئاخر خراپم! دەبێ خۆم بسازێنم! ڕامینیش خراپە!
نوسرەت سەیرێکی کرد و لەگریفانیدا دوو پاکەتی دەرهێنا و دای بە فەریبا و لەدەستی ڕفاند و ڕایکرد و ڕۆیشتە دەرەوە



Scanned with CamScanner

نوسرەتیش سەیرێکی کرد و وتی: ڕامین قۆناغی دووهەم بوە و ئەم قۆناغی یەکەم.

ـ زانکۆ؟

نوسرەت سەری لەقاند. کامیار سێ جگەرەی داگیرساند و یەکی یەکێکی دا بە ئێمە و وتی: تا نەهاتوون پێت بڵێم نوسرەت گیان. من دوێنێشەو. . . . .

نوسرەت ئاگادارم! پیرۆزتان بێ!

هەستا و دەستی کردە ملی کامیار و ماچیکرد. بەڵام نوسرەت، هەروا کە دەستی کردبوە ملی کامیار، دەستی بە گریان کرد! دە پانزدە دەقەیەک تێپەڕی بەڵام لە کامیار نەدەبویەوە کە کامیار هەروا کە باوەشی پیا کردبوو وتی:

ـ ئێ. . . ! نوسرەت! ئەوە چیە؟ بۆ دەگریت؟ ئێستا خۆ کاتی گریان نییە! هەزار ئێشم پێتە!

نوسرەت دەستی لەملی کامیار کردەوە و ڕومەتی سڕی و وتی:

ـ خوشکەکەم بە دەستی تۆ سپارد! هەر ئەمە! ئیتر تۆ دەزانی و غیرەت و ویژدانت!

کامیار سەیرێکی کرد و وتی:

ـ من نازانم کە دەتوانم بەختەوەری بکەم یان نە، بەڵام بەڵێنت پێ دەدەم کە هەموو ئەو شتانەی کە ببێتە هۆی حەوانەوەی بۆی دابینی بکەم و بهێڵم خوێندنەکەی تەواو بکات. باشە؟ نوسرەت پێکەنی و وتی:

ـ ئا برا، باشە!

خەریکبووم هەردووکیانم سەیردەکرد و تیا دامابووم کە چارەنوس چ یارییەکە، پەردەکە لاچوو و فەریبا و ڕامین هاتنە ژوورەوە. ڕاستییەکەی ئیتر تاقەتم نەبوو کە قسەیان لەگەڵدا بکەم.

نوسرەت کتربییەکەی لەڕامین گرت کە وتم:

ـ کاک نوسرەت من ئیتر ئێشێکم نییە!

نوسرەت بۆچی نەدەویست قسەیان لەگەڵ بکەی؟

ـ با، بەڵام ئێستا ئیتر نەء !

نوسرەت ئێستا ئەگەر شتێکت دەتەوێ بپرسی، بیپرسە لێیان!

ـ دەمویست تەنیا بزانم چیبوو کە وایان لێهات بەڵام ئیتر بۆم گرنگ نییە.

نوسرەت هەرچۆنێ پێت خۆشە.

جا ئیشارەیەکی لەفەریبا و ڕامین کرد کە بڕۆن. ڕامین ویستی کە بڕوات بەڵام

فەریبا ڕاوەستابوو. چاوەکانی سوور سوور ببوو و هەل نەدەهات:
نوسرەت ئیشێکت هەیە؟
فەریبا سەیرێکی نوسرەتی کرد و جا ڕویکردە من و وتی:
- ڕۆژێ، هەر ئاوا کە دەچین بە دوای ئەم مادە دوا بڕاوەدا، من و ئەم رامینە دەڕۆیشتین بە دوای دوو ژووری کرێدا! ئەم مادە دوابڕاوەمان زۆر خێراتر لەدوو ژوورەکە دۆزییەوە! یانی ئەمە لەهەموو شوێنێکدا بوو بەڵام ئەوە نەبوو!
نوسرەت زۆر باشە، ئیتر بڕۆ!
فەریبا سەری داخستو ڕۆیشت. بە دوایدا مێردەکەیشی ڕۆیشت کە نوسرەت وتی:
- کاتێ کەم دەهێنێ، فەریبا دەباتە بازاڕ. مادەی هەردووکیان جۆر دەبێ!
ئیتر ئاگام لەخۆم نەما! تەنیا وتم:
- کاک نوسرەت دەکرێ بڕۆین بۆ شوێنێکی تر بەیەکەوە قسە بکەین؟
کامیار چیتە؟
- حاڵم هەر باش نییە!
نوسرەت پەرداخێ ئاوت پێبدەم بیخۆی؟
- نە! نە!
کامیار با بڕۆین ئاوێ بدە بە دەم و چاوتدا!
- نە! تەنیا لێرە بڕۆین!
کامیار سەیرێکی نوسرەتی کرد و ئەویش بتلە غازە بچوکەکەی کوژاندەوە و هەستاین. لەبەر دەرگا کامیار پارەیەکی بە کوڕەکە دا و سەرکەوتین و بە یەکەوە لەم کۆڵانە دوا بڕاوەدا هاتینە دەر و نوسرەت جادەیەکی بە کامیار نیشان دا و کامیار ڕۆیشتە ئەوێ و بیست دەقە نیو سەعاتێ کە ڕۆیشتین، گەیشتینە بەر پارکێ کە نوسرەت وتی:
- بڕۆینە نێو پارکەکە؟
- ئا، هەر هیچ نەبێ ئیتر لەم شتانە نابینین.
هەر سێکمان دابەزین و ڕۆیشتینە ناو پارکەکە و نەختێ پیاسەمان کرد کە کامیار پێی وتم: چۆنی؟
- باشترم!
نوسرەت دەی بڕۆینە ئەویا دانیشین.



Scanned with CamScanner

لەشوێنێکی چۆڵی پارکەکەدا دانیشتین و نوسرەت سێ جگەرەی دەرهێنا و دایگیرساند و یەکی یەکێکی پێداین و هەر کە لێمان وەرگرت وتی:

- دوا بڕاوە لەم جگەرە و پارک و کۆڵانەوە دەست پێدەکا!

- چی؟

نوسرەت هیرۆئین ئیتر! دەڵێن بزنێکی گەڕ ڕانێ گەڕ دەکات! تەنیا پێویستە کە هاوڕێیەکی خراپ بکەوێتە دوای خێڵی گەنج! یەکە یەکەیان وەکو گەڵای دار هەڵدەوەرێنی! هەموویشیان سەرەتا بە پرسیارێک دەس پێدەکا!

کامیار بە دڵنیاییەوە پرسیارێکیشە کە جارێ جوابی نییە!

نوسرەت بەساقەی دەمت! وەکوپرسیارێ کە مامۆستایەک لەقوتابیەکانی دەپرسێ! ئەگەر مناڵەکە بیزانێ کە جوابی بداتەوە کە خۆشحاڵ و دەم بە خەندە دەڕواتە سەر پرسیارێکی تر، بەڵام ئەگەر نەتوانێ، ئەو پرسیارە و پرسیاری دوایی و پرسیاری دوایتریش جواب بداتەوە، ئیتر بەدوای ئەوی تردا ناڕوا! تیانووس و پەرتوکەکەی دادەخا و فڕێی دەداتە سووچێ!

- پرسیار چییە؟

مژێکی لەجگەرەکەی دا و وتی: پرسیاری سەرەکی ئەم گەنجانەن! بە دەستی سەد مەتر ئەولاتری نیشاندا کە شوێن بە شوێن، کچ و کوڕ بە یەکەوە خەریک بوون پیاسەیان دەکرد!

نوسرەت ژیان وەکو ئەدرەسیکە کە بنیادەم دەیەوێ بە مەبەستی بگات بەڵام بەس ئەگەر بێتو یەک دوو کۆڵان بە غەڵەت بڕوات! یان دەکەوێتە کۆڵانێکی بن بەست و داخراو یان ون و بێ سەر و شوێن دەبێ!

پلانی دەوێ! پلانێکی ڕاست و ڕێنوێنێکی بەتاقەت و خۆشحاڵ و لێزان! شوکر بۆ خوا هیچکامیان کە لەبەردەستدا نین!

- دەی ئەم هەموو گەنجە کە دەگەنە مەبەست چییە؟

نوسرەت ڕێژەت بە دەستەوەیە؟ هەواڵت هەیە ڕاهاتن بە مادەی سڕکەر چی دەکات؟ بۆچی دەبێ هەر گەنجێک ڕابێت بە مادەی سڕکەر؟ ئەی بۆ ئەمانە سەرمایەی ئەم وڵاتە نین؟ بۆ دەبێ هیرۆئین وەکو نوقڵ و نەبات لەبەر دەست و پێیاندا بێت؟ ئێوە نازانن! کاتێ گەنجێ ڕاهات ئیتر حەقی بە سەر دەور و بەریەوە نییە! گرنگ ئەوەیە کە مادەکەی لەکاتی خۆیدا پێی بگات!

بڕوانە! گەنجەکانی کۆن، لەچل، چل و ئەوندە سالیدا بەدوای ئەوەن کە چۆن دەکرێ لەڕێگەی ڕاست و دروستەوە پارە بە دەست بهێنن بەلام گەنجەکانی ئێستا، هەتاکوو نەختێ گەورە دەبن، دەڕۆن بە دوای ئیشی غەلەتدا! ڕێگەیەک کە بکرێ سووک و ئاسان پارەی تیا پەیدا بکات! بۆ؟ بۆ لەکۆندا، کابرا تەمەنێ ئیشی دەکرد و لەتەمەنی پەنجا سالیدا باری ئابووری باش دەبوو. بۆ پارە پەیدا کردن چەرمەسەری زۆری کێشا بوو و دوای تەمەنێ ئیش، تازە سەیارەیەکی کەشخە لەژێر پێیدا دەبوو! بەلام ئێستا سەیر دەکەی و دەبینی کوڕەکە هێشتا پشتی لێوی سەوز نەبوە، ماشینێکی سی چل ملیۆنی سوارە و لەگیرفانیدا بەس چەکی بانکییە! وەکو زیخیش پارە خەرج دەکات!

ـ دەی هەر باوکی کە تەمەنێ ئیشی کردووە پێی داوە ئیتر!

نوسرەت دەی نە دەی! ئەگەر باوکی لەڕێگەی ڕاستەوە پارەی دەردەهێنا، ئاوا نەیدەڕشتە ناو دەست و بالی منالەکەی کە لەخەساری بدا! دیارە پارەی بێ زەحمەتی هەیە! چەند واسیتە و کەتن و بەتن لەگەل چەن سەر زلدا دەکا و ملیار ملیار پارە پەیدا دەکا! ئەو کاتە منالەکەی مارسیدس سوار دەبێ! زانتیا سوار دەبێ!

گەنجەکانی تریش دەبینن و دەلێن ئەم ڕێگەیە باشترە ئیتر! جا دەڕۆن بۆ لای باوکیان کە وادیارە کارمەندێکی بە شەرەف و زەحمەتکێشە! ئەم پارانەیان لەو دەوێ و کاتێ دەبینن کە نیانە، پێی دەلێن تۆ بێ غیرەتی!

ئەو کاتەیە کە کێشەکان دەگۆڕێ! دزی دەبێتە غیرەت! واسیتە و کەتن و بەتن دەبێتە پەیوەندی قول!

ئیتر کوڕەکە دەکەوێتە دوای پەیوەندی کە کاتێ دەزانی کەوتۆتە ناو ئیشی فرۆشتنی هیرۆئین و مادەی سڕکەر! بڕوانن، ژیان کاتێ بۆ بنیادەمێ کرینگ و بە بایەخە کە هەر هیچ نەبێ دوو ڕۆژ لەهەفتەدا خۆشی بەسەر ببات! ئەگەر بڕیار بێ حەوت هەشت ڕۆژی هەفتە، خەم و خەفەت و نەبوونی بێت، بنیادەم سەری بخاتە سەر ئەرز و بمرێ خۆ باشترە!

گەنجی ئێستا چی هەیە؟ گەنج ڕابواردنی دەوێ، هەست بزوێنی دەوێ، هێمنایەتی دەوێ، پەیوەندی لەگەل ڕەگەزی بەرانبەری خۆیدا دەوێ!

کامیار ئێستا واز لەڕابواردن و سەرقالی بێنە! ئاخرییەکەی بەرمەدە کە تیایدا هەست بزوێنی هەیە!

نوسرەت پێکەنی و وتی: هەست بزوێنی لەکوێیە؟

کامیار کاتێ پاترۆڵێ کەوتە دوات ئەو کاتە دەزانی هەیەجانی لەکوێیە!

نوسرەت بەڕاستی ئێستا ئەم گەنجانە چییان هەیە؟

ـ خۆیشت هێشتا گەنجی ها!

نوسرەت من موعتادم! ئیتر گەنج یان هەر بنیادەم نیم! کاتێ کەسێ کەوتە سەر ئەم ڕێگەیە ئیتر هەر زیندوو نییە!

مژێکی تری دا لەجگەرەکەی و فڕەیدا و وتی:

ـ گەنج دەبێ لەماڵەوە جەوێکی ببینێت! لەدەرەوە جەوێکیتر! باوکی لەماڵەوە نەوعێکە، لەدەرەوە نەوعێکی تر! لەماڵەوە شریت و ساز و گۆرانی! لەدەرەوە قورس و نەجیم و موسڵمان! هەموویشیان بە منالەکەیان دەڵێن لەقوتابخانەدا نەڵێی کە سەتەلایتمان هەیە ها!

وەکو کۆڵەکەیەکی مۆریانە لێدراومان لێهات! ڕواڵەتی باشە باڵام وەی لەدەروونی! بەرگرییان لەئارەق گرت، دەزانی لەچەند ماڵدا بەزمی ئارەق ساز دەستی پێکرد؟

بەرگری ڤیلمیان کرد، هەموو ماڵەکان بوو بە سینەما، ئەویش بە چ فیلمێکەوە!

بەرگری کچ و کوڕیان کرد، بارەکان هاتە ماڵەکان و بوو بە شتێکی پەنامەکی کە ناکرێ ئیتر بەری پێ بگیرێ! نەخۆشینیش کە بە ساقەی بم هاوار دەکا!

پێتانم وت کە باوکەکانمان و باوەگەورەکانمان هەر هیچ نەبێ ئەم کێشانەیان نەبوو! ئێستا میشوولەیەک پێوەت بدا یان ئایدز دەگری یان هیپاتیت! چاو بنوقێنی، یان براکەت موعتاد دەبێ و دەبێتە دز، یان خوشکەکەت خراپ! دەبا شتێکتان پێ بڵێم! لەکەیەوە ئەم هەموو دوکتۆری دەروونناسە زۆر بوە؟

کامیار لەکاتێکەوە شێتەکان زۆر بوون ئیتر!

نوسرەت هەر ئەمە! زۆربەی نەخۆشەکانیشیان گەنجن! هەموویان یان توشی نەخۆشی خەمۆکین یان توڕەیی! بۆ! دەزانی لەسەدا چەند لەژنە مێردارەکان توشی خەمۆکی بوون؟ بۆ؟ بابە ڕابواردن نییە! باری ئابووری باش نییە! مێرد لەماڵەوە نییە! دایکەکە دەبێ لەگەڵ منالەکانیدا . . . . . . . . . . . . . . ! مێردەکەشی کاتێ لەدوای دوو شفت سێ شفت ئیشکردن دێتەوە بۆ ماڵ کە ئیتر گیانی قسەکردنی تیا نییە! نە فریای پەیوەندی ژن و مێردایەتی دەکەوێ نە پەیوەندی لەگەڵ منالەکانیدا! بەس دەبێتە ماشینێ کە ئەرکی تەنیا پارە دەرهێنانە! تازە ئەگەر دەریبێنێ! ئاخریەکەیشی شەرمەزاری ژن و منالە! کاتێکیش چاوی دەکاتەوەکە کچەکەی بە لایەکا ڕۆیشتوە و کوڕەکەی بە لایەکی تردا!



Scanned with CamScanner

- هەموویشی خۆ وا نین!

نوسرەت ئا، ئەوانەی کە پەیوەندی قوڵیان هەیە و غیرەت و شارەزای ئابوورین!

کامیار دەستی بە پێکەنین کرد!

نوسرەت خەڵکیش کە بە قوربانی بم، هەموو لەبیری خۆیاندان! هەرچەند ئاخرییەکەی زەرەری بە خۆیان دەگاتەوە! یانی گۆشت گران دەبێ لەجیاتی ئەوەی کە ماوەیەک نەیکڕن هەتاکوو هەرزان بێ، زیاتر دەکڕن و دەیتەپێننە بەفرگرەکانیان! مریشک گران دەبێ، هەروا! شیر گران دەبێ، هەروا! ئاخریەکەی ئەمەیە دەبێ کە ئەمانەی وەکو ئێمە ناتوانن لەمانگێکدا بۆ جارێکیش تامی گۆشت بکەن!

- ئەو پرسیارە کە وتت چی بوو؟

نوسرەت سەیریکی منی کرد و پاکەتە جگەرەکەی دەرهێنا و خولکی کردین کە هەڵمانگرت. خۆی دەنگێکی داگیرساند و وتی:

- هەر ئەوە بەسە کاتێ گەنجێ لەگەڵ هاوڕێیەکی خراپیدا ببێت، لێی بپرسێ ئاخرەکەی چی؟ ئەم پرسیارە ئەگەر نەتوانێ وڵامی بۆ بدۆزێتەوە، هەموو ماندەرەکانی لەناو دەبات! کوڕەکە بیردەکاتەوە! دەبێ بە زەحمەت بخوێنێ ئەویش ئەم وانانە کە نیوەیان بێمانان! هیچ پێویستیش ناکا کە ئەمانە بخوێنێ! جا ئەگەر بتوانێ ئەگەر بتوانێ بچێتە زانکۆ، دەبێ چەند ساڵێکیش بخوێنێ! کاتێکیش دەرچوو، تازە تێدەگا کە ئیشی بۆ نییە! ئەگەریش هەی بێ معاشێکی پێدەدەن کە پارەی هاتوچۆیەتی!

کابرا لیسانسی میکانیکە، لەنوسینگەی خانوو ئیش دەکات! زەویناسی خوێندوە، شریت دەفرۆشێ! لیسانسی کیمیایە، لەکتێب فرۆشیدا شاگردە! بابە، بانگەوازێک دەکەن بۆ چای چێیەک، لیسانس بەشداری دەکا! دەی ئیتر بۆ گەنجیش ئامانجێ نامێنێ خۆ! سەیری من بکەن! چیم لێ ماوەتەوە؟ بابە من خوێنەواری ئەم وڵاتەم! کوا هیوام؟ کوا ئاواتەکانم؟ کوا ئەو شەفەقە ئاڵتونیە کە کاتێ خەریکی خوێندن بووم هەر لەپێش چاومدا بوو؟ بێن پێمان بڵێن ئێمەی گەنجیان چۆن دەوێ؟ تیاچوو؟ موعتاد؟ ئەگەر ئاوا دەیانەوێ بۆ دەبێ ئێمە ئەم هەمووە تووشی سەختی ببین و بخوێنین؟ دەی هەر لەسەرتاوە بڕۆین بە دوای گەرد و مادە و دەوادا ئیتر!

مژێکیتری لەجگەرەکی دا و وتی: بەخوا کاتێ بیری ئەو خوێندنانە و سەختی و داماویانەی خۆم دەکەمەوە، دڵم بۆ خۆم دەسوتێ! دڵم بۆ ئەم گەنجانە دەسوتێ!

- دەی بۆچی تۆیش کەوتویتەتە ناویان و خەریکی داماویان دەکەی؟

نوسرەت ئەگەر خوا نەکردە تۆیش موعتاد، وڵامی پرسیارەکەت دەدۆزیتەوە!

مژێکی تری دا لەجگەرەکەی و وتی:

ـ لەئیسپانیادا، لەڕێوڕەسمی یاری بە گا دا، سەرەتا گا وەحشیەکان بەرەڵا دەکەنە کۆلان و جادەکان! گاکانیش دەکەونە شوێن خەڵک و بە هەر کەس کە بگەن، شوقی لێ دەدەن! دواییش کە ڕێو ڕەسمەکە دەستی پێکرد، کەسێکی ماتادۆر دەڕوا بۆ شەڕی گاکە و ئاخریش یان ماتادۆرەکە دەکوژرێ یان گاکە! زۆربەی کات بە شمشێر گا داماوەکە دەکوژن! جا ئەو کاتە کابراکە دەبێتە قارەمان! وێنەکەی دەخەنە ڕۆژنامە و ڕێزی لێدەگرن و هەزار شتیتر! کاتێ ئەم ڕێو ڕەسمەش کە دێ خەڵک لەوڵاتانی ترەوە دێن بۆ ئیسپانیا بۆ سەیرکردن! ئێستا لەوێ کاتێ گایەک دەکوژن، دەبن بە قارەمان بەڵام کاتێ ئێمە لەپێش چاوی گەشتیاردا، مەڕێ سەر ببڕین، دەبین بە وەحشی! بۆ؟ ئەگەر توانیتان وڵامی ئەم پرسیارەم بدەنەوە!

کامیار دەی کاتێ بە کەتەر و چەقۆ دەدەمن لەکچەکان! کاتێ بە شەلاق دەکەونە گیانی گەنجەکان! لە وڵاتە بیانیەکاندا وەها دەنگ دەداتەوە کە ئەگەر مەڕێکیش سەر بڕین، دەبین بە وەحشی ئیتر!

نوسرەت: ئەگەر ئێمە بڕوامان بە پاکی کچێ یان کوڕێ هەیە دەبێ تاوانەکەیشی بدەین! منیش تاوانەکەیم دا و خوشکەکەمم پاک ڕاگرت! هەموو ئیشێکم کرد هەتاکوو بە ئاسودەیی دانیشێ و بخوێنێ!

جگەرەکەی فڕێدا و وتی: کاتێ ئیتر من و حیکمەت تەنیا بووین، بینیم ئیترە ئیتر جێگەی مانەوە نییە! ئەو خانوە شوێنێکی خراپ و پیس و نالەبار بوو!

نەختێ ئەم دەرگا و ئەو دەرگام کرد و ژوورێکم نەختێ سەرتر بەکرێ گرت و ڕۆیشتینە ناوی. ئیتر بە ئەزموون و بە کەماڵ خۆم دەمخوێند و خەرجی خوێندنی خۆم بوو! خەرجی خوێندنی حیکمەت بوو! خورد و خواردنیشمان بوو! کرێ خانویش بوو! ئیتر من چۆنم دەتوانی بە ئیشێکی نیوەکات پارەی ئەمانە بە دەست بهێنم! دەبوو بە پرسیاری سەد بۆشایی! کەوتمە ناو ئیشی خراپ! کڕین و فرۆشتنی حەشیشە! تریاک! ویسکی!

کامیار حیکمەت دەیزانی؟

نوسرەت نە! وایدەزانی پیاوێکی موسوڵمان، ئیشی پێداوم و پارەی باشم پێدەدا! ئالەم چیرۆکانە! هەرچۆنێ بوو ژیان ڕادەبورد. هەم خۆم باش دەمخوێند، هەم حیکمەت!

کانێکیش کە ئیشێکم نەبوو دەڕۆیشتمە ئەم پارک و ئەو پارک و ئەمشتانەم دەفرۆشت!

ڕۆژێ لەپارکدا خەریکبووم تریاکم بە کەسێ دەفرۆشت. کاتێ ئەو پارەکەی دامێ و ڕۆیشت و منیش خەریکبووم پارەکانم دەژمارد، کتوپڕ دەستێ کەوتە سەر شانم! تەزیم! وامزانی پۆلیس یا شتێکە! لام کردەوە کە سەیرم کرد یەکێ لەمامۆستاکانمە! خەریکبووم لەتەریقیدا دەبووم بە ئاو کە وتی: لێرەدا چی دەکەی؟ وتم: مامۆستا هاتووم هەوایەک هەڵمژم! سەیرێکی پارەکانی کە بە دەستمەوە بوو کرد و وتی: خوێندکاری پێش لەخوێندن دەبێ بنیادەم بێ! دەزانی خەریکی چی دەکەی؟ ویستم بڵێم کە پیاوی ماڵم کە نەیهێشت قسە بڵێم و وتی: ماستاو مەکە! هیچ هۆیەک ناکرێ بۆ ئەم ئیشانە بدۆزریتەوە! سەرم داخست کە وتی: توانای تۆ لەمێشکتدایە! کەڵکی لێوەرگرە! ئەمەی وت و ڕۆیشت!

بۆ سبەینێدا لەزانکۆ هاتە لام و ئەدرەسێکی پێدام و وتی: بڕۆ وانە بەم مناڵە بڵێ، پارەکەی کەمە بەڵام دیسان قوتابیت بۆ دەدۆزمەوە!

پیاوێ کە ئێوە بن، ئیشی تریاک و حەشیشم ماچ کرد و نامە لاوە و کەوتمە ئیشی وانە وتنەوە بە مناڵەکانی ناوەندی و ئامادەیی. وردە وردە سێ چوار قوتابیم وەرگرت و دوای ئەوەش بوونە حەوت هەشت کەس. ئیشێکیشم بۆ حیکمەت دۆزییەوە. لەگەڵ خەیاتیەکدا گرێبەستێکم بەست کە جلی بڕاوم وەردەگرت و دەمبردەوە بۆ ماڵ. بەسەزمانە حیکمەت، ئەم کتێب و دەفتەرەی دەخستە بەردەمی و دێڕێکی دەخوێند و ڕیزێکی مەکینە دەکرد! دەرهاتێکی زۆرمان نەبوو، بەڵام دەکرا بە تاسەوە ژیان بەرینە سەر!

سەرتان نەیەشێنم! ڕۆیشت و ڕۆیشت و ڕۆیشت هەتاکوو من لەزانکۆ دەرچووم و ویستم بەدوای ئیشدا بگەڕێم. بەڵام کوا ئیش؟

بینیم جارێ هەروا بە مناڵەکان وانە بڵێم باشترە. هەم وانەم دەوتەوە و هەم بە دوای ئیشدا دەگەڕام بەڵام بۆ هەر کوێ دەڕۆیشتم تەمایان تێدەکردم! هەر کە کابرا دەیبینی پێویستم بە ئیش و پارەیە، دەرهاتێکی پێ دەوتم کە تەنیا بەشی هاتوو چۆم بوو! ئێستا باری سەربار لەکوێدا بوو! لەوێدا کە عاشق بووم!

ئەو ساڵانەی کە تێم پەڕاند لەلایەک، ئەم یەک دوو ساڵە، لەلایەک! قوتابیەکم بوو کە باری ئابووریيان خراپ نەبوو. ناوی مریەم بوو. کچێکی جوان بوو. من دەڕۆیشتم لەگەڵیدا خەریکی بیرکاری و کیمیا دەبووم! پۆلی شەشەمی ئامادەیی بوو. ماوەیەک کە

ڕۆیشتم بۆ ماڵیان و هاتمەوە هەستمکرد کە خۆشمدەوێ. هەر چەندە بە خۆمم دەوت هەتیو، تۆ چیتە لەم غەڵەتانە! بەڵام بە دەست خۆم نەبوو! تەنیا شتێ کە نەختێ ئارامی دەکردمەوە، باری ئابووری ماڵی مریەم بوو! باوکی بەڕێوەبەری کۆمپانیایەک بوو. خانویەکی باشیان لەسەروی شارەوە بوو میلیاردەر نەبوون، بەڵام باری ئابووریان باش بوو.

هەر جار کە دەڕۆیشتم بۆ ماڵەوەیان نەختێ درێژەم پێدەدا و نەختێ هەرزانترم بۆ حساب دەکردن بۆ ئەوەی بتوانم زیاتر بیان بینم! دڵم بەمە خۆش بوو هەتاکوو ئەو ڕوداوە قەوما!

جارێکیان کە ڕۆیشتم بۆ ماڵیان، بینیم کە خۆی ڕۆیشت چای بۆ هێنام. هەرچی جارە دایکی دەیهێنا. پرسیم بۆچی دایکت و ئەوان لەماڵ نین؟ وتی: نە! ڕاستیەکەی دەیانویست وانەکە دوا بخەن، بەڵام ئێوە خۆ تەلەفونتان نەبوو هەواڵتان پێبدەم! وتم: دەی من دەڕۆم، جارێکیتر دێمەوە! وتی: نە! نە! چۆن دەبێ! هەر چۆنێ بوو دەستمان بە وانە خوێندن کرد، نەختێ کە تێپەڕی بە بیانوی ئەوەی کە باشتر چاوی لەکتێبەکە ببێت نەختێ کورسییەکەی هێنایە لای من بە شێوەیەک کە زۆر نزیکی یەکتری بووین. هەروا کە من پرسیارەکەم جواب دەدایەوە، دەستمان بەر یەک کەوت، جارێ ئەو دەستی لادەبرد و جارێ من! سێ چوار جار کە دەستمان کەوت بە یەکدا و ئەم بردیە دواوە من بردمە دواوە، جارێ ئاخر نە ئەو خستیە خۆی و نە من! دەستیشمان کە نووسا بە یەکدا کتێب و دەفتەر و کاغەز ڕۆیشتە لاوە! کاتێ ئاگام بە خۆمدا هاتەوە کە دەستی لەدەستمدایە! تەنیا پێم وت کە مریەم دەزانم ئیشێکی باش نییە بەڵام زۆرم خۆشدەوێ! ئەویش وتی: منیش خۆشمدەوێی! وتم: دەبێ چی بکەم؟ وتی: باوک و دایکم کەسانێکی ڕۆشنبیرن، وەرە خوازبێنیم!

ئەتوت دنیایان پێداوم! بۆ سبەینێدا ڕۆیشتمە خوازبێنی! ڕۆیشتن بۆ خوازبێنی و داخستنی وانە وتنەوە یەکێ بوو! ئاوی پاکیان ڕشت بە دەستمدا! داماوانە حەقیان بوو! کاتێ حاڵ و ئەحواڵی منیان زانی، نەیەکیان وت و بڕییانەوە! مایەوە لەم ناوەدا دڵی داماوی من و ئەو بەستەزمانە مریەم!

پەیوەندییە تەلەفونیەکان دەستی پێکرد! نوکەیەکم دەکرد و دام دەخست و ئەو دەیزانی کە منم! بە دوایدا کە تەلەفونم دەکرد خۆی جوابی دەدایەوە و خێرا ژوانم لەگەڵیا لەشوێنێک دادەنا و دام دەخست! سبەینێ لەجیاتی قوتابخانە دەڕۆیشتین بۆ

دەرەوە و بۆ خۆمان پلانمان دادەڕشت کە چییکەین! ئاخریەکەی گەیشتینە ئەو بڕیارەی کە ئیتر ئەو نەخوێنێ و منیش لەپەسا بڕۆم و لەگەڵ دایک و باوکیدا قسە بکەم! هیچی تر نەدەکرا بکرێ!

ئەو وازی لەخوێندن هێنا و منیش ................ ! باوکەکە دەڕۆیشت بۆ کومپانیا، منی لەبەر دەرگای کۆمپانیادا دەبینی! دەهاتەوە بۆ ماڵ منی لەبەر دەرگای ماڵەوەدا دەبینی! دایکەکە دەڕۆیشت بۆ ماڵی خوشکی، منی لەکۆڵانی ماڵی خوشکی دەبینی! ئاخری ئەوەندە ڕۆیشتم و ڕۆیشتم تا چوار مانگ تێپەڕی و باوک و دایکی ڕازی بوون! ئێستا کچەکە لەخوێندن دواکەوتبوو و مەرجی زەماوەندیشمان ئەمە بوو کە کچەکە دەرچێ!

دەستمکرد بە وانە وتنەوە پێی! ڕۆژێ سێ چوار سەعات ئیشم لەگەڵی دەکرد! ئەویش باش دەیخوێند! بەکورتی ئەوەندە هەوڵم دا هەتاکوو هات و بە دەرەجەیەکی زۆر باشەوە دەرچوو و ئیتر باوک و دایک قسەیەکیان پێ نەما! ڕۆژێ باوکی پێی وتم: بڕۆ بەدوای ئیشی زەماوەندەکەدا! دڵم خۆش بوو! ئیتر ئەت وت بە ئاسماندا هەڵدەفڕم! دەستم کرد بە ئەم لاو ئەو لا کردن بۆ پارە! بانک، قرض الحسنه، صندوقی فلان، ئاشنا و ڕۆشنا! بەڵام دریغ لەدە هەزار تمەن پارە! ڕووم لەهەر کەس و ناکەسێ کرد بەڵام چی؟ هەر کەسێ بیانویەکی دەهێنایەوە! هەرکەسێ بە جۆرێ لەسەر خۆیی لادەبرد!

ئاخری کاتێ چەقۆکە گەیشتە سەر ئێسکم، ڕۆژێ ڕۆیشتم بۆ ماڵی مریەم ئەوان. زەنگی دەرگام لێدا و خۆی ئێف ئێفی بەرز کردەوە و دەرگاکەی کردەوە و ڕۆیشتمە ژوورەوە. دایک و باوکی لەماڵ نەبوون. دانیشتم و هەموو شتێکم بۆ باس کرد. ئەویش زۆر دڵگران بوو! هات و وتی پێم باوکم باری ئابووری باشە. ئەگەر بیەوێ دەتوانێ یارمەتیمان بدا بەڵام نایەوێ!

وتم: لەوانەیە حەق بە باوکت بێ! وتی: نە! خۆی دەزانێ تۆ کوڕێکی زۆر باشی! چەند شەوێ لەمەوپێش خەریکبوو دەیوت کە تۆ بەو نەبوونی و باری ئابووریە خراپەوە، هەم خەرجی خوێندنی خۆت دەردەهێنی و هەم خوشکەکەت، دوای ئەوەش توانیوتە دەرچی بۆ زانکۆ هەمووی قبوڵ بکرێ و شەهادە وەربگری، دەبێ کوڕێکی باش و لێهاتوو بێ! وتم: دەی بۆچی یارمەتیمان نادا؟ وتی: نازانم بەڵام ئاگادارم چۆن لەگەڵ دایکما زەماوەندی کردووە! وتم: چۆن؟ وتی: خۆیشی کاتێ گەنج بووە، وەکو تۆ بووە! کاتێ ئیتر هەموو دەرگاکان بە ڕوویدا دادەخرێ، لەگەڵ دایکمدا بڕیار دەدەن و وادەکەن

که باوک و دایکی ئیتر ناتوانن هیچ بڵێن! وتم: یانی. . . ؟ وتی: ئا وتم: دەی باوکت ئیشێکی باشی نەکردوە!

پێکەنینێکی بۆ کردم و شریتێکی خستە سەر و هاتە کنم دانیشت. وتم: دایک و باوکت بۆ کوێ ڕۆیشتون؟ وتی: بۆ چیت دەوێ؟ وتم: دەمەوێ پیاوانە لەگەڵ باوکت قسە بکەم! وتی: بێ سوودە. وتم: بۆ؟ وتی: تۆ باوکم ناناسی. ئەو ئەگەر بڕیاری داوە بە ڕواڵەتە! چون دەزانێ تۆ ناتوانی تەنانەت خەرجی زەماوەندەکەیش دەس بخەی! وتم: دەی چی بکەم؟ وتی: هەر ئەو ئیشەی کە باوکم کردی! وتم: بەڕاستە؟ وتی: نە! بەلام دەبێ وای پیشان بدەین! جا ئەو کاتە ناتوانن هیچ بکەن!

بە کورتی بەڵێن و بڕیارەکانمان دا و من لەماڵەوەیان هاتمە دەر! ڕێک بۆ سبەی ڕۆژدا کە من تەلەفونم بۆ مریەم کرد، باوکی جوابی دایەوە! ویستم قسە نەکەم بەلام بانگی کردم. منیش وڵامم دایەوە و پێی وتم: کە بڕۆم بۆ ئەوێ. منیش لەڕێوە ڕێکەوتم و ڕۆیشتم بۆ ماڵیان.

چاوتان ڕۆژی خراپ نەبینێ! هەر کە پێم خستە ژوورەوە کە دوو سێ کەس ڕژان بە سەرمدا و تا تێر بووم لێیاندام! ئەوەندە لێیان دام کە خەریکبوو دەمردم! ئاخریەکی باوکی منی لەژێر دەست و پێیاندا دەرهێنا و تەلەفونی کرد بۆ ئاسایش و منیان بە تاوانی دزی، بە کەلەبچە کراوی لەماڵەوەیان بردە دەرەوە و خستمیانە بەندیخانە! بۆ بەیانیەکەیدا فایلێکیان خستە ژێر باڵمان و ناردیان بۆ دادگا. لەوێدایش کەتنێکیان بۆ سازکردم کە کاتێ بۆ خوێندن دەڕۆیشتم بۆ ماڵیان. لیرەیەکم کە لەسەر مێزەکە بووە دزیوە! منیش نەمتوانی هیچ بسەلمێنم. لەچانسی خراپم، هەر ئەو کاتەی کە لەدادگادا بووم، یەکێ لەوانەی کە زەمانێ بەیەکەوە لەپارکدا حەشیش و ویسکی و تریاکمان دەفرۆشت، گرتبوویان و هێنابوویانە ئەوێ! ئەو یاوەحیزەیش خۆی لێ ئاشکرا کردم! ئەم پاسەوانەیش چاوی لێبوو و بە یەکێ تری وت و ئەویش بە حاکمەکەی وت! دوو زلەیان کە لێدا، یەک دوو شتی درکاند و ڕێک منیان بردە بەندیخانە!

ئێوە نازانن بەندیخانە چۆن شوێنێکە! خوا تووشی کەسی نەکا! بنیادەم فڕێدەدەنە ناو کۆمەڵێ دز و چەقۆکەش و بکوژ و هیروئینی و بە کورتی ناو کۆمەڵی بنیادەمی نالەبار!

ئێستا سەیرکەن . . . . . ! خوشکەکەم لەدەرەوە بە تەنیا! خۆم لەبەندیخانەدا! کچێ کە خۆشم دەوێ نازانم لەکوێیە!

ئەوندە تێک شکاو و خراپ بووم کە ئەگەر چەقۆیەکم دەست بکەوتایە خۆم دەکوشت! ئەمەش لەدروست ژیان بە سەر بردن!

سەرتان نەیەشێنم! چوون جاری یەکەمم بوو بەلام ئەو هەتیوە هەندێ شتی وتبوو، شەش مانگیان بە سەردا بریم!

هەر لەو پانزدە ڕۆژەی یەکەمەدا، دەوایان دا بە دەستمەوە! منیش کە ئیتر لەدنیا برا بووم! خواردم! قنە جگەرەکەی فرێدا و بێدەنگ بوو. نەختێ دوای ئەوە وتی:

- تیا چوم!

- لەوانەیە ئەگەر نەختێ تر سەبرت بگرتایە باش دەبوو!

نوسرەت لەمندالیەوە بەرگەگرتنی چارەڕەشی و نەبوونی و فەقیری و برسیتی و لەدەست چوونی خوشک و دایک و زۆر شتی تر، ئیتر جێگەی بۆ نەهێشتبووم! ڕاستیەکەی ئەو ڕۆژەی کە بۆ یەکەمجار هێرۆئینم کێشا، پێشتری کەسێک هاتبوو بۆ لام! باوکی مریەم بوو! هاتبوو قسەم لەگەل بکات! پێی وتم: کە بە فێلەکەمانی زانیوە و مریەمی بردوە بۆ دوکتۆر و زانیویە کە درۆیە! وتی: کە هەتاکوو مانگێکی تر لێت خۆشدەبم و دەتهێنمە دەرەوە! وتی: کە مریەم و دایکی ناردوە بۆ تورکیا!

کاتێ ئەمەم بیست ئیتر هیچ لەلام فەرقی نەبوو! ئەمە بوو هەر کە خستیانە بەردەمم خواردم! دیسان بێدەنگ بوو و جا وتی:

- هەفتەیەک دوای ئەوە، باوکی لێم خۆش بوو و ڕزگاریان کردم! یانی وتبووی کە هەلەیان کردوە و لیرەکەیان لەمالەوە دۆزیوەتەوە! ئەوانیش ئازادیان کردم!

- دەی شکاتت لێ بکردایە!

نوسرەت نە! من چێوی شتی ترم خوارد!

جگەرەیەکی تری داگیرساند و وتی:

- کاتێ لەشوێنێکدا کەس خۆشی نەویستی! کەس تۆی نەویست! کەس بیری لێ نەکردیتەوە، بێ پەنا دەبێ! دەزانن؟ ئاسەوارێکی مێژوویی مافی هەموو خەلکە! پسپۆڕێکی گەورە مافی هەموو خەلکی دنیایە! هەروا کە ئەم زەویە خرە هی هەموو خەلکە! خوێندکارێکیش هی هەموو دنیایە! هەر هیچ نەبێ هی هەموو خەلکی ولاتەکەیەتی! ئەم هەموە خەرجی کەسێکی وەکو من دەکرێ! لەکوێوە دەکرێ! لەسەرمایەی ئەم ولاتەوە! ئاخریەکەی لێم دەگەڕێن بە هیوای خوا! لەوانەیە من بمتوانیایە زۆر شت بکەم بەلام کەس یارمەتی نەدام!

کامیار پاکەتە جگەرەکەی دەرهێنا و خوڵکی کردین و بۆمانی داگیرساند کە نوسرەت سەیری ئەو سووچەی پارکەی کرد و وتی: سەیرکەن!

ئاوڕمان دایەوە سەیرمان کرد کە سێ کچ لەسووچێکی پارکدا دانیشتون. نوسرەت پێکەنی و وتی: نیوەیان میتادونین و نیوەشیان ڕاهاتو! بە دەرزی خەریکن!

ـ لێرا؟

ـ نوسرەت ئا ئێترا!

ـ بۆچی هەر ئێشی وا دەکەن؟

نوسرەت بڕوانن، لاوێ، ئێستا کچ بێ یان کوڕ، پێویستی بە ڕابواردنە. لاو، پیرەژن یان پیرە پیاوی هەفتا هەشتا ساڵە نیە کە بتوانێ شەش حەوت سەعات لەسەر کورسی، لەستارەی ماڵەکەیدا دانیشێ و گوێ لەڕادیو بگرێ!

خوا لەمێشکی ئێمەدا، مادەیەکی داناوە کە دەبێتە هۆی شادی! کاتێ لاو هەر لەپێش خۆیدا دیوارێک دەبینێ! کاتێ هەر بڤە دەبینێ! کاتێ هەزار بەڵێنی بەدی نەهاتوو دەبینێ! کاتێ سبەی بەیانی ڕەشتر لەشەوی پێشووی دەبینێ، ئەو کاتەیە کە تووشی نەخۆشی دەرونی دەبێ! ئەم نەخۆشینیشە هەر زۆر دەبێ، زۆر دەبێ هەتاکوو ئێتر مێشک خۆی بە تەنیایی ناتوانێ چاری بکات! ئەو کاتەیە کە گەنج پەنا دەبا بە حەبە شادی هێنەرەکان! مادە سڕکەرەکان! حەشیش!

ئەگەر بۆ نەخۆشینە دەرونییەکەی بۆ دوکتوریکی دەروناسیشی ببەی، چی پێدەدا؟ زاناکس! کلۆنازپام! فلوکستین! ئەم دەرمانانە وادەزانی چین؟ بە شێوەیەک لەوانیتر دەچن! زۆربەیشیان ڕاهێنەرن! سەیری ئەم کچانە بکەن! بەڵێنتان پێدەدەم کە زۆربەیان لەپێشدا سەریکیان لەدوکتورێکی دەروونناس داوە! بە چوار جۆر حەب و شەربەت دەستیان پێکردوە و ئێستایش گەیشتون بە هیرۆئین و دەرزی و ئەم شتانە! هەواڵتان هەیە کە ڕاهێنەری و مادە سڕکەرەکان کەوتونەتە ناو قوتابخانەکان؟ تێدەگەن دەڵێم چی؟ ئاگادارن کچە لاوەکانمان لەدوبەی و ئەو ناوە خەریکن چیدەکەن؟ بەخوا ئەگەر درەنگ بکەوینە خۆ ئێتر هیچمان پێ ناکرێ!

ـ بۆچی چەنێکە هیرۆئینی بوون کە ئێستا کەوتونەتە دەرزی لێدان؟

نوسرەت ئێستا ئێتر وەکو کۆن نییە کە کابرا دە ساڵ هیرۆئین بکێشێ و جا بکەوێتە دەرزی لێدان و ئەم قسانە! ئێستا دوای شەش مانگ ساڵێ دەکەونە دەرزی لێدان!

ـ دەی بۆچی؟

نوسرەت: مادە سڕکەرەکان باش نین! جۆرێکیان ئەفغانیە کە بە دەست دروست دەکرێ، جۆرێکیان پاکستانیە کە لابراتواریە! ئێستا زیاتری ئەفغانیە! ئەم هەموو ئەفغانیە وادەزانی لێرە چی دەکەن؟

ـ باسەکەی چۆنە؟

نوسرەت: دوو سێ هەزار ئەستامینوفێن ورد دەکەن و نەختێ گەرمی دەکەن و ڕەنگەکەی وەکو هیرۆئینی لێدێ! جا دیازپام و ئەمشتانە ورد دەکەن و دەیخەنە پاڵێ!

ـ دەی ئەمە خۆ وا (....) نایەنێ!

نوسرەت نەختێ هیرۆئینیشی تێکەڵ دەکەن ئیتر! جاری یەکەمیش شتی باشت پێدەدەن! کە خوت پێوە گرت، خڵتەکەی دەبەستن بە کوڵی بنیادەمدا! دوای ئەوە ئەگەر دە پاکەتیش بکێشی، نەشئە نابی! دووکەڵەکەی بە تالان دەچێ! دەبێ هەر بە دەرزی لەخۆتی بدەی! ئێستا ئەگەر پێتان بڵێم لەکوێی دەدەن، دەبوورێنەوە!

ـ بۆچی لەدەماری نادەن؟

ـ یەکەم کە جێگەکەی دیار دەبێ! دوای ئەوەش چەند جار کە لێی بدەی، دەمارەکە وشک دەبێ! دەبێ بیدەی لەبن ڕان کە دەبێتە پاڵ. . . ! یان بیدەی لەژێر نینۆک!

ـ ژێر نینۆک؟ ئەوە خۆ زۆر ئێشی هەیە!

نوسرەت بنیادەم کە خومار بوو ئیتر لەقسە تێناگا! تازە ئەو بەولاوە! بە سورەنگێ، بیست کەس لێیدەدەن! ئێستا حسابی ئایدز و شتەکانی تری بکە!

مژێکی لەجگەرەکەی دا و پێکەنی و وتی:

ـ پیسییەکەی ئێستا لەشوێنێکی تردایە!

کامیار لەکوێ؟

نوسرەت کاتی کڕین! کابرای دەوا فرۆش، پاکەتە یەک سانتیەکان دەخاتە ناو قنی! کاتێ دەچی لێی بسێنی، پارەکە بە کەسێکی تر دەدەی و مادەکە لەکەسێ تر وەردەگری! باسەکەشی وایە! دەڕۆیتە بەردەم کابرا و ئەویش دەست دەبات و لەکونی. . . پاکەتێ دەردەهێنێ و پێت دەدا و دەڵێ بیخە دەمت! ئەویش دەبێ خێرا بیخاتە دەمی!

کتوپڕ دڵم خاو بۆیەوە!

کامیار ئیتر بۆچی دەیخاتە دەمی؟

نوسرەت کە ئەگەر پۆلیس گەیشت، قوتی بدات!

کامیار بەو پیس و چەپەڵی و بۆگەنەوە؟





Scanned with CamScanner

نوسرەت نا!

کامیار ئاخر چۆن دەتوانن؟

نوسرەت ئێوە بنیادەمێکی هیرۆئینیتان نەبینیوە کاتێ مادەی پێ نەکات! ...

بەدڵنیاییەوە تێدەگەن!

ـ ئاخرییەکەی کەچی؟

نوسرەت لەجۆگەلەی ئاودا مردن! لەکاتی دەرزی لێداندا دڵیان وەستا! خۆکوشتن!

بەندیخانە! ئاخریەکەی ئەمەیە ئیتر! بەم جگەرە دوا بڕاوەیەوە دەست پێدەکا ئیتر!

کوڕەکە یان کچەکە چواردەساڵیەتی بۆ فیز دەست دەکا بە جگەرە کێشان! جا دەبێتە حەشیش! تریاکیش کە گرانە و دەڕوا بە دوای هیرۆئیندا!

لەکۆندا شەرابیان دەخواردەوە! بیرە یان شتێکیان دەخواردەوە و ڕازی دەبون و کەمتر دەڕۆیشتن بە دوای مادەی سڕکەردا! ئێستا ئیتر نابێ! سەرەڕای ئەم ئارەقانە دەستکردە و تینێر و دیازپام و نەختێ ئەلکولی تیایە! لاوەکانیش کە پارەیان نییە ویسکی بکڕن یان کوێر دەبن یان هەزار نەخۆشینی تر دەگرن تازە دەمیشیان بۆنی ئەلکولی لێدێ و ئیتر ئەگەر بگیرێن باوکیان دەردێنن! ئەمەیە کە دەڕۆن بە دوای حەشیش و ئەویشی کە دیارە!

ئیتر بۆچی؟

نوسرەت هیوا بڕاوی! لەدەستدانی ئەنگیزە! نەبوونی ڕابواردن و هەزار شتیتر! یەکیان من!

ـ ئاخری کاتێ لەبەند هاتیتە دەرەوە چیت بەسەر هات؟

نوسرەت: ڕۆیشتم بۆ لای حیکمەت! ئیتر کەوتبوە نانی وشکی خواردن! هەر ئێسکەکەی مابوویەوە! باسەکەم بۆ گێڕایەوە. ئەوەندە گریا کە هەر باس ناکرێ!

کامیار تۆ چیت کرد؟

ـ یەک دوو جاری ڕۆیشتم بۆ بەر ماڵی مریم ئەوان. ماڵەکە چۆڵ بوو. بەتەواوی ڕۆیشتبوون. منیش ئیتر دەمتوانی چی بکەم؟ بنیادەمێکی ئاڵودە ئیتر لەم قسانەدا نییە! ئیتر عەشقم ببوو بە هیرۆئین! عەشق کە نە! ڕقم لێیەتی! هەر جار کە دەیکێشم لەحنەت لەخۆم و ئاباد و ئەژدادم دەکەم کە ئەگەر ئیتر بڕۆم بە دوایدا، بەڵام هەتاکوو نەختێ خومار دەبم تێی دەدەمەوە!

مژێکیتری لەجگەرەکەی دا و قنی جگەرەکەی فڕێدا و وتی:

- لاوێ هەتا کاتێ شوێنەکەی بۆی بێ مەترسیە و دڵنیایە کە لەدامێنی بنەماڵەکەیدا بێت! کاتێ کە بە هەر شێوەیەک لەبنەماڵەکەی دوور کەوتەوە، ئەم کێشانەی بە سەر دێت! کاتێ مریەمم لەدەست چوو، لەبەر حیکمەت دەژیام. ئێستایش بەس لەبەر ئەو زیندووم! هەر کات خوێندنی تەواو ببێت و بتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ، خۆم ڕزگار دەکەم!

کامیار ئەم قسانە مەکە! من ئێشم پێتە!

نوسرەت من ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لەناو دەچم! ئیتر هەر کەس دەمبینێ تێدەگا کە موعتادم! حیکمەتیش شکی بردوە! من هۆی سەرشۆڕی ئەوم! من نەبم ئەو ئاسودەترە!

کامیار جارێ واز لەم قسانە بێنە! ڕاستی دەمویست شتێکت لێ بپرسم!

نوسرەت سەیرێکی چاوەکانی کرد و وتی:

- حیکمەتم سپارد بە تۆ! گیانی تۆ و گیانی حیکمەت! لەجیاتی ئەو غیرەت و شەرەفت کە دەزانم زۆرت لێی هەیە، بە ئەمانەت و لەگرەودا هەڵگرتوە! ئیتر هەرچیەکت ویست بیکە!

کامیار سەرەتا کە گفتی پیاوانەم پێ داوێ! دوای ئەوەش کە دەمویست شتێکی ترت لێ بپرسم! دەمویست بڵێم کە ئەگەر ڕۆژێ بزانی خوشکەکەت لەکوێیە، چیدەکەی؟

نوسرەت چاوی دەرپەڕاند و سەیری کامیاری کرد و تاوێ دوای ئەوە وتی:

- حیکمەت؟

کامیار نە، عیزەت!

نوسرەت عیزەت کە خوشکم نەبوو! برام بوو!

من و کامیار سەیرێکی یەکتریمان کرد کە کامیار وتی:

- ئەی بۆ ناوی عیزەت نەبوو؟

نوسرەت با.

کامیار بۆچی عیزەت ناوی کچ نییە؟

نوسرەت هەم ناوی کچە و هەم ناوی کوڕە! وەکو نوسرەت، حیشمەت!

جا پێکەنی و وتی:

- ئێستا ئەگەریش بزانم لەکوێیە ئیتر هیچم پێناکرێ! ئیتر چاوەڕوانی هیچ لەبنیادەمێکی ئالودە ناکرێ؟ زۆر زۆر هەوڵمدا کە حیکمەت بکەینە ئەنجام ئەویش تازە لەچ ڕێگەیەکەوە! دەلالی، خۆشەویستیم کرد! هیرۆئینم فرۆشت!

کتوپڕ دەستێکی مالّی بە ناو چاوانیدا و وتی:

ـ کاتێ بیری لێ دەکەمەوە کە چ شتێکم کرد ڕقم لەخۆمە واللە!

ئەو دەیوت بەلاّم من و کامیار تەنیا سەیری یەکتریمان دەکرد کە کامیار وتی:

ـ کە وایە عیزەت کوڕ بووە؟

نوسرەت ئا! کوڕێکی قژ زەرد! ئەگەر ئەویش لەگەڵ ئێمەدا بوایە هەر هیچ نەبێ بارێکی لەکۆڵ دەکردمەوە! ئێستایش دیار نییە! لەوانەیە هەتاکوو ئێستا چەند جار بە لای یەکەتریدا تێپەڕی بین بەلاّم نە ئەو من دەناسێ و نە من ئەو! بەس نیشانێکم لێی هەیە کە ئەویش ناکرێ لەڕوخسارییەوە بیناسم!

کامیار چ نیشانێ؟

نوسرەت خاڵێ! خاڵێ بە قەدەر پێنج تمەنییەک لەبن باڵیدا بوو! کاتێ بچوک بوو هەموو کات حەزم دەکرد دەستی لێ بدەم و بزانم بۆ ژێر باڵی ڕەشە! بەسەزمانە هەر کە دەستم دەبردە بن باڵی، لەپێکەنیندا دەبورایەوە! دایکیشم هەر شەڕی لەگەڵ دەکردم و دەی وت کورە. . .

ئیتر نەمدەزانی نوسرەت خەریکە چی دەڵێ! تەنیا سەیری کامیارم دەکرد کە ئەویش چاوی بڕیبوە نوسرەت!

کامیار خاڵێکی بە قەدەر پێنج تمەنیەک لەبن باڵیدا هەبوو!

هەستم دەکرد کە ئیتر خوێن ناگاتە مێشکم! تەنانەت نەمدەتوانی سەرم بجوڵێنم! حەزم دەکرد بە شێوەیەک بمتوانیایە قسەکە بگۆڕم بەلاّم ئیتر درەنگ ببوو!

کامیار لای کردەوە و سەیری منی کرد و هەستا و بە نوسرەتی وت:

ـ نوسرەت گیان ئێمە ئیتر دەبێ بڕۆین!

نوسرەت بۆ کوێ؟

کامیار ئیشی زۆرم هەیە کە دەبێ بیکەم! دەتەوێ بتگەیەنم؟

نوسرەت نە، دەمەوێ نەختێ لەم ناوانەدا پیاسە بکەم و بیر بکەمەوە! ئێوە بڕۆن بەلاّم من بێ هەواڵ مەکەن!

لەگەڵیدا خواحافیزی کرد و هەر کە کامیار ویستی خواحافیزی بکات نوسرەت دەستی لەناو دەستیدا ڕاگرت و وتی:

ـ گیانی تۆ و گیانی حیکمەت! سپاردم سەرەتا بەخوا و جا بە تۆ!

کامیار سەرێکی ڕاوەشاند و پشتی کردە نوسرەت و ڕۆیشت! منیش بە دوایدا ڕۆیشتم!



Scanned with CamScanner

لەپاركەكە ڕۆیشتینە دەرەوە و سەر ماشینەكە كەوتین و ڕێكەوتین، نەختێ دوای ئەوە بە هێواشی وتم:

- كامیار لەوانەیە هەڵەیە بووبێ!

كامیار بڕوانە سامان، نە من منالْم كە دڵنەواییم بكەی و نە گەنمم كە ببوورێمەوە و لەسەرخۆ بچم! كەوایە ئیتر هیچ مەڵێ!

ئیتر هیچم نەوت! یانی هیچم نەبوو كە بیڵێم. سەعاتێ دوای ئەوە گەیشتینەوە بەر دەرگای باخەكە و كامیار ماشینەكەی هەر لەوێ ڕاگرت و ڕۆیشتینە ژوورەوە و ڕۆیشتین بۆ لایماڵی باوەگەورە و تەقەمان لێدا و ڕۆیشتینە ژوورەوە. هەر كە باوەگەورە ڕوخساری كامیاری چاو پێكەوت، ترسا و وتی:

- چیبووە؟

ڕووم كردە كامیار! دەم و چاوی وەكو چەوندەر سوور ببودوە!

كامیار باوەگەورە، من هەموو شتێكم زانی!

باوەگەورە چیت زانی؟

كامیار ئەو منالە سەرە ڕێیە، گەنم نەبوو! من بووم!

هەركە ئەمەی وت باوەگەورە كت و پڕ زیڕەی كرد! هەروا كە پیاوانە دانیشتبوو، شل بوو و پاڵی دایەوە بە پشتیەكەوە! تەنیا كامیاری سەیر كرد! كامیاریش بەس سەیری دەكرد! خێرا بە باوەگەورەم وت:

- باوەگەورە مەگەر ئەو منالە هەر ئەم گەنمە نەبووە؟ پێی بڵێن ئیترا

كامیار عیزەت، كوڕ بوو، بە خالی لەبن بالیدا! مەگەر نە باوەگەورە! گەنم لەخۆڕا ئەوەندە هێمن نەبوویەوە! ئێوە باسەكەتان پێ وت! زۆر سەیر بوو لەلام كە چۆن گەنم كتوپڕ ئاوا هەموو شتێكی قبوول كرد!

جا ڕۆیشتە بەردەمی باوەگەورە دانیشت و وتی: من هەمووكات ئێوەم خۆشویستوە و ڕێزم بۆ داناون! حەز دەكەم لەئێستا بە دواوەیش هەروا بێ! تەنیا خۆتان بۆم باس بكەن! من هەر ئەم منالەم؟

باوەگەورە دەستی گرتە بەر چاوی و گریا! كامیار هەستا و سەری باوەگەورەی ماچكرد و ڕێكەوت! باوەگەورە بە دەنگێ كە ئەتوت لەبنی بیرێكەوە دەهات وتی:

- مەڕۆ بابەگیان! مەڕۆ! چرای ئەم خانوە مەكوژێنەوە!

كامیار تاوێ بێدەنگ بوو و دیسان ڕێكەوت. منیش بە دوایدا! لەماڵی باوەگەورە

هاتینە دەرەوە و ڕۆیشتین بۆ لای ماڵی کامیار ئەوان کە کتوپڕ گەنم هاتە بەردەممان!
هەر کە کامیار چاوی پێکەوت وتی:
- ئێستا زانیت کە تۆ هەر ئەو گەنمیتە؟
گەنم تەنیا ئەیڕوانی.
کامیار عیزەت منم!
دیسان ڕێکەوت! هەڵگەڕامەوە سەیری گەنمم کە بێدەنگ سەیری ئێمەی دەکرد! حەزم دەکرد هەموو داخی دڵم بە سەر یەکێکدا خاڵی بکەمەوە! بەڵام ئەو بەستەزمانە بۆچی؟
خێرا ڕامکردە پشت سەری کامیار و نەختێ دوای ئەوە گەیشتینە بەر ماڵ یان. ڕاوەستا و بە منی وت:
- تۆ مەیە سامان.
سەرم ڕاوەشاند و هەر لەوێ ڕاوەستام. ڕێک دوو دەقەی نەبرد کە دەنگی قیژەی مامۆژن و کاملیا هەستا! ترسام! ویستم بڕۆمە ژوورەوە کە کامیار هاتە دەر و دایکی و کاملیایش بە دوایدا!
مامۆژنم وەها خۆی دەکوشت و قژی خۆی ڕادەکێشا کە وتم: هەر ئێستا تیا دەچێ! کاملیا دەگریا و لەپشتەوە بلوزەکەی کامیاری گرتبوو و جارێ بە کامیاری دەوت کاکە مەڕۆ! جارێکیش لەمن دەپاڕایەوە کە بەر بە کامیار بگرم تیا مابووم کە چی بکەم! کامیار لای کردەوە و سەیری کاملیای کرد و لەسەر خۆ وتی:
- تۆ کچێکی خوێنەواری! تێدەگەی کە من ئێستا چ حاڵێکم هەیە!
کاملیا هەر لەوێ دانیشتە سەر عەرز و زیڕە زیڕ گریا! دایکی بووڕابوویەوە سەر عەرز! کامیاریش ڕێکەوت بۆ لای باخ!
نەمدەزانی دەبێ خەریکی کێ بم! ڕامکرد بە دوای کامیاردا کە بینیم پوورەکانم و ئاغای مەنوچێهری و کاک عەباس و ئافەرین و دڵئارام و گەنم و دایکی لەلایەکەوە خەریکن دێن بۆ لای ئێمە!
کامیار ڕێگەی لار کردەوە و ڕۆیشت بۆ لای دەرگاکە کە مەش سەفەر و ژنەکەی هاتە پێشەوە و وتایان: چی بووە کاک کامیار؟
کامیاریش سەیرێکی کردن و وتی:
- وادیارە دز ماڵی ئێمەی بڕیوە! بڕۆ بۆ ئەوێ هەتاکوو من دێمەوە!

مەش سەفەر و ژنەکەی ڕایانکرد بۆ لای ماڵی ئێمە و ئێمەیش ڕۆیشتین بۆ لای دەرگا کە سەیرمان کرد باوەگەورە بە جلی ماڵەوە و بە بن گۆچان لەبەر دەرگادا ڕاوەستاوە و دەستی لەیەک بڵاو کردۆتەوە!

کامیار گەیشتە لای و ڕاوەستا و سەری داخست کە باوەگەورە هەروا کە دەگریا وتی:

ـ ناهێڵم بڕۆی! دەبێ لەسەر لاشەی من تێپەڕی! گەورەم کردوی! لەهەموویان زیاتر خۆشم ویستوی! ئێستایش تاڵە قژێکی ڕزیوت ناگۆڕمەوە بە هەزار لەمانە! ناهێڵم بڕۆی!

کامیار هەروا کە سەری داخستبوو وتی:

ـ با بڕۆم باوەگەورە!

باوەگەورە دەبێ لەم چوار چڵە ئێسکە بدەیت و فڕێی بدەیتە لایەکەوە هەتاکوو لەم دەرگا تێپەڕی! ئێستا وەرە لێم بدە!

کامیار سەری بەرز کردەوە و سەیرێکی باوەگەروەی کرد و ڕۆیشتە پێشەوە و دەستی باوەگەوەری گرت و ماچیکرد کە ئەویش باوەشی پیا کرد و هەروا کە دەگریا وتی:

ـ مەڕۆ بابەگیان! مەڕۆ بابەگیان! ڕوناکی ئەم ماڵە تۆی! تۆ بڕۆی من دەمرم! مەڕۆ بابەگیان!

کامیار نازی کێشا و وتی: بە ساقەی ئەو قژە سپیەت بم، ئێستا حاڵم باش نیە! بهێڵەبا ماوەیەک بە تەنیا بم. بهێڵە خۆم بدۆزمەوە!

جا بە ئارامی داینیشاندە سەر سەکۆیەک لەپاڵ دەرگاکەدا و هەتاکوو ئەوانیتر خەریک بوون نزیک دەبونەوە، دەرگاکەی کردەوە و ڕۆیشتە دەرەوە و منیش بە دوایدا ڕۆیشتم سەر ماشینەکە کەوتین و وەها بەنزینی پێدا کە دوای ماشینەکە سوڕا!

تاوێ دوای ئەوە نە لەباخ هەواڵێ بوو و نە لەئەو بنیادەمانەی کە بە دوای ماشینەکەدا ڕایان دەکرد! سەرم خستبووە سەر داشبۆڵی ماشینەکە کە کتوپڕ بینیم کامیار ڕاوەستا و سەری بەرز کردمەوە و وتی: چیتە؟

ـ هیچ!

کامیار بۆ وا هەناسە دەدەی؟

ـ چۆن؟

کت و پڕ بەر چاوم ڕەش بوو! بەس ڕۆیشتنی ماشینەکەم هەست پێدەکرد و دەنگی

هۆرپینەکەی کە وادیار بوو کامیار دەستی خستبووە سەری و هەروا لێیدەدا!

***

چەند سەعاتێ تێپەڕی و ئاگام لەهیچ نەبوو، بەس کاتێ چاوم کردەوە و بینیم کە کامیار لەژوور سەرم ڕاوەستاوە!

بە نیوە دانیشتوو لەجێگەمدا ڕاپەڕیم کە کامیار شانەکانی گرتم و دیسان ڕایکێشاندمەوە!

- چی بووە؟

کامیار هیچ نەبووە!

- لەکوێین؟

کامیار خەستەخانە.

- بۆچی؟

کامیار نەختێ هیلاک بووی! هیچ نییە!

- من باشم!

کامیار ئا، هیچ نییە.

ئیتر نەمتوانی خۆم ڕاگرم و دەستم بە گریان کرد! بە دەنگی بەرز دەگریام! کامیار دانویە سەر تەختەکە و باوەشی پیا کردم و ماچی کردم و وتی:

- تۆ چەند کەرێکی ساویلکەی! خۆشحاڵ بە! میرات خۆرێکتان لێ کەم بۆتەوە!

هەستام و پێم وت:

- میراتی منیش بۆ تۆ! هەر چییەک بڕیارە بە من بدرێ، بۆ تۆ!

دیسان نازی کێشام و وتی:- تۆ کە جارێ هیچت نییە!

- ماشینەکەم بۆ تۆ!

کامیار دەی ئەمە شتێکە! ئیتر چی؟

توند باوەشم پێدا کرد کە وتی:

- تۆ بەڕاستی ئەوەندە منت خۆشدەویست و من نەمدەزانی؟

هیچم پێ نەوت و بەس هەروا باوشم پێدا کردبوو و دەگریام! نەختێ کە ڕابوورد وتی:

- باشە باشە! ئێستا یەکێ دێتە ژوورەوە و هەردووکمان سەنگەسار دەبین!

ڕوویکردە ئەو لاوە و فرمێسکەکانی سڕی و هەروا کە دەڕۆیشت بۆ لای دەرگا

وتی:

ـ هەستە ئیتر حاڵت باش بووە! چیرۆکێکی سەیرە ها! من دەزانم کە سەرەڕێیم، ئەم دەبێ بگەیەنینە خەستەخانە!

ڕۆیشت حسابی نەخۆشخانەکەی کرد و هاتەوە. منیش لەتەختەکەم هاتمە خوار و کە بینیم موبایلەکەم نیە!

ـ موبایلەکەم نییە کامیار!

کامیار لای منە! دامخست. بڕۆین ئیتر.

ـ بۆ کوێ؟

کامیار بۆ بڕیار نەبوو کە پێش لەم ڕووداوانە بە یەکەوە بڕۆین بۆ باکور؟

پێی پێکەنیم ئەویش پێم پێکەنی و وتی: تەنیا لەپێشدا چەن ئیشیکمان هەیە.

ـ چی؟

کامیار دەبێ باسی حیکمەت و نوسرەت بکەوێ بە بارێکدا.

ـ بۆ نارۆی بۆیان باس بکەیت؟ دەزانی چەندە پێیان خۆشە؟

کامیار نوسرەت ئا بەڵام حیکمەت نە!

ـ بۆچی؟ ئەو لەخوای دەوێ ئێستا! ئەم عەشقەش، عەشقی خوشک و برایی بووە!

تەنیا سەیری کردم و هیچی نەوت.

ـ دەی بۆ نارۆی پێی بڵێی؟

کامیار تۆ دەزانی کوڕێ لەگەڵ دەزگیرانەکەیدا چی دەکات؟

ئەتوت خوێن لەلەشمدا بوو بە سەهۆل. خوێن لەدەمارەکانمدا مەیی.

***

مانگێ دوای ئەوە، کامیار و من لەئێران ڕۆیشتین.

پێشتر کامیار وای کرد کە مامم بە زەماوەندی کاملیا و سالم ڕازی بێ! نوسرەت هەر ئەو ڕۆژەی کە لەپارکدا لەگەڵ ئێمە قسەی کرد خۆی بە دەرزی هەوا کوشت و تەنیا لێی دوو نامە مایەوە! یەکیان بۆ ئێمە و یەکیان بۆ حیکمەت!

دوو مانگ دوای ئەوەش باوەگەورە مرد و دوای چلەکەی، بیستم کە درەختەکانی باخەکەیان بڕیوەتەوە کە لەجیاتی بوورجێ دروست بکەن!

من بە ناوی ئەوەی کە شەریکی نوسرەت بووم، دوو ئاپارتمانم بۆ حیکمەت کڕی و

پێم وت ئەمە ئەو پارەیە بوو کە نوسرەت هێنا بوویە کۆمپانیاکەوە!
تەنیا لەم بەینەدا حیکمەت نەیزانی بۆ کامیار وازی لێهێنا!
نامەیەک کە نوسرەت بۆ حیکمەتی نووسی بوو و تیایدا باسی ئەو شتانەی گێرابوویەوە کە کردبووی و ئاڵودەبییەکەی درکاندبوو بە حیکمەتمان نەدا و خۆ کوژی نوسرەتیشمان بە شێوەیەک شاردەوە کە حیکمەت وابزانی ڕوداوێک بووە!
ئاخری هەموو بە شێوەیەک لەگەڵ ژیاندا ساچاندیان! تەنیا دەزانم کە هێشتا گەنم چاوەڕوانە! یانی هەموو گەنمەکان چاوەڕوانن!
ئەم لاوانە، هەموو ئەو گەنمانەن کە چاوەڕوانن!
ئێستا چاوەڕوانن کە ئافات لێیان بدا یان یەکێ فریایان بکەوێ! ! !

کۆتایی

چەند جار ناوەکەیم لەدڵمدا دووپات کردەوە، هەرکات کە دەموتەوە جۆرێکم لێدەهات! ویستم هەر لەوێوە بگەڕێمەوە و بڕۆمەوە بۆ ماڵەوەمان، بەڵام شتێ نەیدەهێشت! وا دیار بوو کەسێ دەیەوێ من بە زۆر ببات بۆ ماڵی کەنم!

ئێمە منداڵە خزمەکان، لەماڵەوە ئەو ژوورانەمان بۆ خۆمان هەڵبژاردبوو کە هەموویان لەئاست باخەکەدا بوون و پەنجەرەیەکی گەورەیان هەبوو کە ڕوو لەباخەکە دەکرایەوە. یانی سەرەتا تەواوی کچە پورەکانیشم، ژووری قاتی سەرەوەیان بۆخۆیان دانابوو، بەڵام کامیار ئەوەندەی لەبارەی کەش و هەوای ژوورەکانی قاتی خوارەوە قسەی کرد و باسی لێوە کرد، هەموویان ژوورەکانیان گۆڕی! وادیار بوو کە زۆریش لەوە ڕازی بوون.

دینار

GOLDEN BOOK

چرا